شەریعەتی ئیسلام

بەپێی پەیڕەوی ئیمامی شافیعی
خوای لێ ڕازی بێ

دانراوی

مەلا عبدالکریمی مدرس

خزمەتگوزاری زانست و ئایین
لە بارەگای شێخ عبدالقادری گەیلانی
(قدّس الله سرّه)

بەرگی یەکەم

چاپی دوەهەم

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد - بەغدا
١٩٧٦

بسم‌الله الرحمن الرحيم

الحمد لله الذى هدانـا بفضله لدين الاسلام ، و ما كنا لنهتدي لولا ان هدانا باحسانه العـام ، والصلوة والسلام على الانبياء والمرسلين الكرام ، خصوصـا سيدنـا و مولانا محمد المبعوث برسـالة عامة شاملة لجميع الانـام و على جميع آله واصحابه الذين قضوا حيـاتهم في بث تعاليم الاسلام ، و على جميع اتباعهم باحسان الى يوم القيام •

لەپاش سوپاس و ستایشی پەروەردگاری میهرەبان و پێشکەش‌کردنی سەلام بە هەمو پێغەمبەران و بە ڕەهبەری گەورەی ئاخر زەمـان و بە ئال و یارانی فیداکاری ، عەرزم ئەمەیە :

لەبەرئەوە کە قیمەتی هەر شتێ ئەوەندەی قازانجیـەتی و ، باشـترین قازانجیش ئەوەیە پایەدار بێ و ، تەمێ و ئامۆژگاریێ لە ئادابی ئایینی ئیسلامی پیرۆزا شتێکی زۆر بەسودە ، ویستم نوسراوێ بە زمانی گەلەکەی خـۆم لە ئادابی ئایینی ئیسلاما بنوسم بە ئومێدی ئەوە کە ببێ بە بەشێکی گەورە لەو خزمەتانە کە بۆ گەل سودیان هەیە و ، ناوم نا (شەریعەتی ئیسلام) • هیوام‌وایە ببێ بە هـۆی ڕونـاکیێ بۆ دڵیـان و دۆزینـەوەی ڕێگـەی ڕزگـاریێ و فەرمانبەرداریێ خودای عالەم لە ماوەی ژیانا و ، بە ئەساسی سەعـادەت و بەختیارییان لە پاشەڕۆژا •

خودای تەعالا لە قورئانی پیرۆزا فەرمـویەتی : « انَّ الدّینَ عِنْدَ

اللهِ الأسْلامُ » واته : بەڕاستێ ئایین و ڕێگای ڕاست بە لای خواوە بریتییە لە فەرمانبەرداریێ خودا و پێغەمبەری خودا •

ئەو شتانە و ئەو ئادابانەی کە خوا قەراری داون بۆ هەمۆ خاوەن بیر و هۆشیێ لە ئادابی دینا و ، پێغەمبەری گەورە حەزرەتی (محمد) صلی الله علیه وسلم گەیاندۆنی بە ئێمە ، بریتین لە دۆ بەش :

یەکەم : شتێکی پەنامەکییە و لە دڵایە غەیری خوا و خاوەنەکەی کەس ئاگای لێ نیە • ئەم بەشە ئیمان و باوەڕە بە شەش شت وەکو حەزرەتی پێغەمبەر فەرمۆیەتی : « الایمانُ انْ تؤمِنَ باللهِ وَ مَلائِکَتِهِ وَ کُتُبهِ وَ رُسُلِهِ وَ بالیَوْمِ الآخِرِ وَ بالقَدَرِ خَیْرِهِ وَ شَرِّهِ » • واته : ئیمان ئەوەیە بە دڵ باوەڕت بیێ بە خودا و ، بە فریشتەی خودا و ، بەو کتێبانەی خودا ناردۆنی بۆ پێغەمبەران بۆ تەمێ‌کردن و ئامۆژگاریێ کردنی خەڵك و ، بە پێغەمبەران و ، بە ڕۆژی قیامەت و ، بە قەزا و قەدەر •

دۆهەم : شتێکی دیارییە خەڵکیش پێی‌ئەزانن • ئەمە بریتییە لە پێنج کردەوە وەکو پێغەمبەر فەرمۆیەتی : « الاسْلامُ انْ تَشْهَدَ انْ لا الـهَ الاّ اللهُ وَ انَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ و رَسولُهُ ، وَ تُقیمَ الصَّلاةَ و تُؤتيَ الزَّکاةَ وتَصومَ رَمَضانَ وتَحجَّ البَیْتَ انِ اسْتطعْتَ الیهِ سبیلاً» • واته : ئیسلامەتیێ بریتییە لەوە کە شایەتیێ بدەی کەوا هیچ کەسێ نیە بۆ ئەوە بشیێ عیبادەتی بۆ بکریێ مەگەر ئەو ذاتە کە ناوی (الله)یە و ، کەوا (مُحَمَّد) بەندە و پێغەمبەری خودایە و ، نوێژ بکەیت و ، زەکات بدەیت و ، ڕۆژۆی ڕەمەزان بگریت و ، ئەگەر توانیت حەج بکەیت •

جا بەشی یەکەم ئەصڵی دین و ئایینە ، لەبەرئەوە کە بریتییە لە باوەڕ و ، کەسێ باوەڕی بە شتێ بۆ لەسەری ئەڕوا •

بەشی دۆهەمیش فەرعی دین و ئایینە •وەك چۆن لە داری میوە بەر و

سەمەر وەرئەگیرێ ، هەروەها یەکێ ئیمان و باوەڕی بۆ ، ئەوە سەمەری فەرمانبەرداریێ خودای دەستئەکەوێ و ئەم پێنج ئادابە بەجێئەهێنێ •

بەڵام لەبەرئەوە کە ئیمان و باوەڕ دیار نیە و تا یەکێ بە دەم ئیقرار نەکا ، کەس پێی نازانێ ، لە دینی ئیسلاما بڕیار دراوە کەوا ئەم دوو کەلیمەی شەهادەتە بێ بە هۆی ئەوە ئینسان بڕواتە ڕیزی ئەوانەوە کە بە خاوەن ئایین ئەناسرێن • جا با لەبەر ڕوناکیێ ئەم دوو فەرموودە پیرۆزەدا قسە بکەین و ئادابی موسوڵمان کە یازدە بەشە ، شەشی ئەصڵ و ئەساسە و پێنجی فەرع و سەمەر و بارەیە ، بەیانیان بکەین •

ئیمان لای ئەهلی دین باوەڕە بە هەرچێ کە حەزرەتی پێغەمبەر (محمد) صلی الله علیه وسلم هێناویەتی لەلای خوداوە لە بەشی بیر و باوەڕ و لە ڕەفتار و کردەوە •

ئیمان بە خودای تەعالا ئەوەیە ئینسان بە دڵ باوەڕی بێ ئەم جیهانە ، بەرز و نزمی ، ڕوناك و تاریکی ، وشك و تەڕی ، دیار و پەنهانی ، پەروەردگارێکیوای هەیە هەرچێ صیفەتی چاکە هەیە هەیەتی و ، لە هەرچێ صیفەتی خراپە هەیە دوورە و ئەو پەروەردگارە بە عەرەبێ ناوی (الله)یە و بە کوردێ ناوی (خودا)یە •

خوای گەورە بۆیە چاوی داوە بە ئینسان ، ڕێگەی ڕاست لە چەوت جیا بکاتەوە • بۆیە عەقڵ و بیر و هۆشی داوەتێ ، شتی مومکین لە مەحاڵ ، حەق لە بەتاڵ ، ڕاست لە درۆ جیا بکاتەوە و نەکەوێتە دوای شتی بێسوود و خەیاڵی بێقیمەت •

دەی هەروەکو خاوەن بیر و ڕای بە هێز باوەڕ ناکا بەوە نەخشێ بە بێ نەخشگەر و خانوێ بێ بەننا دروستکرابێ ، باوەڕیش ناکا ئەم جیهانە خاوەن نەخشە جوانە و ئەم دەشت و کۆسارانە و ئەم سارای پڕ لە گیا و

گوڵ و دارانەو ئەم ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە پڕتەودارانە کە هەریەکی یاسایەکی تایبەتی هەیە و ڕێگەی هاتوچۆی خۆی گرتوە ، خاوەن و پەروەردگارێکی زیندوی زانای بەتوانای نەبێ دەستی بڕوا بەسەر هەمویا و ئاگای لە هەموی بێ و دەستور و یاسایان بە ڕاستی ڕابگرێ و ، هەرکەسێ بیری وانەبێ یا شێتە یا لەبەر مەبەستێ خۆی شێت کردوە •

لەسەر ئەم بیر و باوەڕەیە خوای تەعالا لە قورئانی پیرۆزا ئەم ئادەمیزادە شارەزا ئەکا بۆ تەماشای عالەم و بۆ بیرکردنەوە لە وەزعی شەو و ڕۆژ و ئەرز و ئاسمان و مانگ و ڕۆژ و ئەستێرەکان و کەژ و کێو و ڕوبار و دەریا و کەشتی و غەیری ئەمانە کە هەریەکی نەوعە دەلیلێکن لەسەر ئەوە کەوا ئەم چەرخ و فەلەکە خاوەنێکیوای هەیە ڕای بگرێ •

هەمو خاوەن هۆشێ ئەزانێ دار و بەرد ، خاك و خۆڵ ، ئەرز و ئاو ، ئەستێرە و هەوا ، شتێکی بێ گیان و بێشوعور و ناتەوانن و هیچیان پێ ناکرێ و لەناو هەمو دروستکراوەکاندا ئادەمیزاد کە بە عەقڵ و بیر و باوەڕ خاوەن پایەیە ، مایە و هێزی ئەوەی نیە گیانلەبەرێ دروست بکا و شتێ ماددەی نەبێ پەیدای بکا ، تەنانەت بەرابەر بە مردن و ژیانی خۆی و بەرابەر بە غەمباری و ڕزگاری خۆی دەسەڵاتی نیە و لەپاش صەد ساڵ عەقڵبازی و خوێندن و بەراوردی بەسەرهات و تەماشاکردنی کارەسات ، حەیران و سەرگەردانە •

کەواتە بەئاشکرا پێویستە ئینسان باوەڕی بێ و دانبەوەدا بنێ کە خاوەن هێزێکی بەرزی نەبەزیوا هەیە لە ڕستەی ئەم جیهانە بەدەرە و ئەو خاوەن هێزە پەروەردگاری هەمو عالەمە و ، موحتاج نیە بە کەس و هەمو عالەم موحتاجی ئەوە و لە هەرچی عەیب هەیە دورە و هەرچی صیفەتی گەورەیە هەیەتی • ئەو ذاتە (خودا)یە •

ئەم خاوەن هێزە قەدیمە هەر بوە و نەبوونی نەبوە و ئەبەدییە هەر ئەبێ و نەبوونی بەسەرا نایەت • ئەم ذاتە ماددەیێ نیە پێویستی بە جێگە بێ و ، ئەندامێ نیە لە ئەعزا و ئەجزا پەیدابوبێ و پێویستی بە غەیر ببێ و ، وێنە و ڕەنگێ نیە بە شتێکەوە بێ و ، پاکە لە تەرەف و لای ژوور و خوار و ڕاست و چەپ و ، صوورەت و شێوەی نیە و ، هەموو عالەم وا لە قەبزەی تەواناى ئەوا • خاوەنی عەرش و ئەرز و ئاسمانە و ئەتوانێ دەس‌بدا لە هەموو وەزعێکی ئەم عالەمە و بە هەر نەوعێ‌مەیلی ببێ ئیشی تیا بکا •

لەگەڵ ئەوەشدا کە صوورەت و شێوەی نیە ، لە ڕۆژی قیامەتا هەموو خاوەن ئیمانێ بە چاوی سەر ئەیبینێ وەك چۆن لەم دنیادا یەکێ مانگی چواردە ئەبینێ ، بەڵام وەزعی ئەو چاو پێکەوتنە وا لە عیلمی خودادا •

لەگەڵ ئەمەشدا دوور و نزیکی بۆ ناوترێ و ، تەرەف و ڕاست و چەپ و خوار و ژووری نیە • هەرکەسێ لە هەر شوێنێکا بێ خوا لەگەڵیایە و نزیك‌ترە بە ئینسان لە ڕەگی لاملی •

بەکورتێ ذاتی خوای تەعالا لە هیچ شتێ ناچێ و ، هیچ وێنەی نیە و ، لە هەرچێ نەقص و عەیبە دوورە و ، هەرچێ صیفەتی گەورە و کەماڵە هەر لە ئەزەلا بوویەتی وئیستەش هەیەتی و هەروا بەو کەماڵەوە ئەمێنێ هەتا ئەبەد •

ئەم زاتی خودایە زاتێکی تەنیایە ، بێ‌شەریکە • لەبەرئەوە کە خاوەنی هەموو کەماڵێکە و لە هەموو عەیبێ دوورە ، ئەتوانێ بە هەموو نەوعێ تەسەڕڕوف بکا لە عالەما ، ئیتر پێویست بە ئیعتیبارکردنی کەسێکی‌تر نیە و ، ئەگەر ڕەفیقێکی‌وای ببوایە کە لە دەس‌دان لە عالەما شەریکی بوایە ، شۆرش و نیزاع لەناوبەینا پەیدا ئەبوو و یاساکانی جیهان وەك هات‌وچووی ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە و وەزعی سەییارەکان و وەزعی زەوێ و هێرش و خۆکێشانەوەی دەریاکان و یاسای مەوسیمی وڵاتەکان لەسەر نیظامی خۆیان نەئەمان و عالەم بەفەنادا ئەچوو •

صیفاتی زاتی خودا

زاتی خوای تەعالا زیندوە و زیندوێتی بە لـەش و ئەعزا و ئەندام نیە ، زیندوێتی هەمو شتێ بەوە ، بەڵام زیندوێتی خودا بە خۆیەتی • لە ئەزەل هەتا ئەبەد زیندوە و قەت نامرێ •

ئەم زاتە (عالم) زانایە بە هەمو شتێ و ئەم زانستەی ئەزەلییە و ئەبەدییە• عالمە بە هەمو شتێ کە قابیلی ئەوەبێ خەیاڵی لێ بکرێ لە ئەرز و ئاسمانا ، لە گەورە و بچوك ، لە ئاشکرا و پەنهان ، تەنانەت ئەگەر مێرولەیێ لە بنی زەویا بڕوا بەڕێدا دەنگی پێی ئەو مێرولـە لەلای زانستی خـودا ئاشـکرایە • هەرکەسێ هەر خەیاڵێ بە دڵیا بێ بەر لە خەیاڵەکە ئەو لە ئەزەلا زانیویەتی و ئیستەیش ئەیزانێ و لەمەولایـش هەر ئەیـزانێ • (بلاتشبیـه) وەکو یەکێ ئاوینەیێ لە بەرابەری لاپەڕە کاغەزێکی نوسراوەوە بگرێ چۆن ئەو ئاوێنـە صورەتی ئەو لاپەڕە و ئەو دێڕ و حەرفانە بە ڕێز وەرئەگرێ ، وەها خـوای تەعالا هەر لە ئەزەلەوە هەتا ئەبەد هەر شتێ لە هەرشوێنێ و لە هەر وەختێکا بێ وا بە تەرتیبی خۆی لەبەر ئاوێنەی عیلمی ئەوا دیارە و هیچ کەم و زۆرێکی لێ ون نـابێ •

ئەم زاتە خاوەن (ارادە) خواهیش و خواستە ، هەرچی لەم عالەما بوە و ئیستە هەیە و لەمەولا ئەبێ ، هەموی لەسـەر ئیرادە و خواسـتی ئەوە و ، هەرشتێ خواستی ئەوی لەسەر بێ ئەبێ ببێ و هەرشتێ خواستی ئەوی لەسەر نەبێ قەت نابێ • هەرچی ئەسباب هەیە بۆ شتێ هەموی حازر بکرێ مـادام هەوێنی مەیلی ئەوی تیا نەبێ ناگیرسێ و نابێ و ئیرادەی ئەو لازمـە بۆ بونی هەمو شتێ • لەگەڵ ئەوەشدا هەرچی لەسـەر یاسای ئەمری ئەو بێ ، وەکو ئیرادەی کردوە پێیشی ڕازییە و ، هەرچی لەسەر یاسای ئەمری ئەو نەبێ ئەوە پێی ڕازی نیە •

(بلاتشبیه) یەکێ بیستی دۆستێکی لە شوێنێ نەخۆشە ، ئەوە لەبەر دۆستایەتێ ئەوکەسە ئەڕوا بۆ لای و چاوی پێ ئەکەوێ و لەم ڕۆیشتنەدا خاوەن ئیرادە و خواستە و کەس زۆری لێ نەکردوە ، لەگەڵ ئەوەیشا لەو ڕۆژەدا ئارەزوی ئەو سەفەرەی نیە و بە دڵ حەز ناکا بڕوا بۆ ئەو شوێنە و ئیشەکەی خۆی بەجێ بێڵێ •

زاتێکی (قادر)ە قودرەتی هەیە ، یانێ هەر لە ئەزەلا سیفەتی تەوانایێ و دەس ڕۆیشتنی هەیە بەسەر هەمو شتێکیوادا کە مومکین بێ ، ئەتوانێ بە ماوەیێکی کەم هەرچێ گیانلەبەرە گیانی بکێشێ و هەرچێ مردو هەیە زیندوی بکاتەوە • پاشایێکی جیهانگیر بکا بە لات و داماو و داماوێ بکا بە پاشای جیهان • وەکو (بلاتشبیە) ڕەئیسی دەستگای کارەبا بە ئانێ ئەتوانێ چرای ملیۆنێ شوێن دابگیرسێنێ یا بکوژێنێتەوە ، وەها دەستی بەسەر هەمو کردەوەیێکا هەیە و ئەتوانێ جێبەجێی بکا •

(سمیع)ە یانێ هەرچێ دەنگ هەیە ئاشکرا یا پەنامەکێ ئەیبیسێ • (بصیر)و بینایە هەرچێ شت هەیە لە بەرچاو بێ یا لە بەرچاوا نەبێ ئەیبینێ ، گەورە و بچوك ، ورد و درشت ، ئاشکرا و پەنهان لای خوای تەعالا وەکو یەك وایە • زەڕڕەیێ توز لە فەزادا لەلای خوا وەکو کێوێ دیارە • (بلاتشبیە) توسراوێکی زۆر ورد کە چاو دەرکی نەکا ئەگەر یەکێ زەڕەبینێ هەڵگرێ کە شت بکا بە ملیۆنێ قات چۆن ئەو حەرفە وردانە لەلایا گەورەن و دیارن ، ئەو شتەی کە لەلای ئێمە دیار نیە لەلای چاوی دەرکی خودا بە چەند هەزار قات گەورەیە و دیارە •

زاتی خودا (متکلم) خاوەن کەلامە ، حالێ بون لە صیفەتی کەلامی خوا بۆ ئێمە ئەوەندە قابیلە کە بە وێنە بڵێین (بلا تشبیە) ئینسانێ بە خۆیا ئەزانێ هێزێ هەیە لە وجودیا ئەساسە بۆ ئەوە کە بتوانێ مەقسەد و مەبەستی خۆی

بێنێته خەیاڵەوە ، ئەوسا بۆ ئەو خەیاڵاته لەفز و حەرف بڕیار بدا ، پاش ئەوە بە زمان دەریان‌بخا ، خوای تەعالایش هەر لە ئەزەلا صیفەتێکی وای هەیە ئەساسە بۆ ئەوە هەر شتێ مەیلی بێ دەری‌ببڕێ ، لەفزی بۆ دابنێ و ئەو لەفزانە بە هێزی پیرۆز بگەیەنێ بە فریشتەی قسە گەیاندن کە ناوی (جبرائیل)ە و ئەویش بە عەینی ئەو وتارە کە خوای عالەم پێی گەیاندوە بیگەیەنێ بە پێغەمبەران، ئیتر بە بێ‌ئەوە کە ئەو فریشتە دەخلی ببێ بەو وتار و قسانەوە ، ئەخرێتە دڵیەوە ، ئەویش لەسەر عەینی فەرمانی خودا تەبلیغی ئەکا و ئەیگەیێنێ بە پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێ •

چونیەتێ صیفاتی خودا

زاتی خوای تەعالا ، وەك چۆن حەقیقەتی لای عەقڵ و هۆشی ئێمە بەتەواوێ دەرناکەوێ ، صیفەتەکانیشی هەروەها بۆ ئێمە بەتەواوێ دەرناکەون • وەك چۆن ئەزانین زاتی خودا هەیە و زاتێکە (واجب الوجود)ە ئەبێ ببێ و موحتاج بە کەس نیە ، وەها ئەیشزانین ئەم صیفەتانە هەر لە ئەزەلا بوون و ئەبێ هەر ببن • ئێمە چاومان ناکەوێ بە هێزی (ئەلکتریك) بەڵام لەکاتێکا کەسێکی گرت و کوشتی بە بێ‌گومان ئەزانین هێزێکی زۆر تەوانا بۆ بە ئانێ ئەو ئینسانە زەلامەی گرت و کوشتی • یا هەرکاتێ چاومان‌کەوت بە قەصرێ کە بە یاسایەکی بەرزی هەندەسە بە پارچە بەردی نەخش کراو و بە قاڵبی داڕێژراو ، دروست‌کرابۆ ، بێ‌گومان ئەزانین ئەو وەستایە زیندۆ بوە چونکە مردۆ شتی پێ ناکرێ ، ئەزانین زۆر زانا بوە چونکە نەزان عەقڵی بە هەندەسە ناشکێ و ، ئەزانین عەمەلەکان زۆر تەوانا بوون ، چونکە بێ هێز بەرد و شێلمانی گەورە هەڵناگیرێ و ، ئەزانین چاو و گوێیان بوە ، لەبەرئەوە کە کرێکاری کەڕ قسە نابیسێ و لە فەرمانی وەستا باش حاڵێ‌نابێ و کرێکاری کوێر بەرد و خشتی مەقسۆد نابینێتەوە • لەسەر ئەم

ئەساسە ئەزانین پەروەردگاری ئەم جیهانە جوانە ڕەنگاوڕەنگە ، ئەبێ زیندوو و زانا و تەوانا و خاوەن خواست و بیسەر و بینا و خاوەن گوفتار بێ و ، بە بێ ئەم صیفەتانە ئەم دەسگایە دروست ناکرێ •

خیلافی ئەم صیفەتانە کە بریتییە لە مردوێ و ناچارێ و نەزانێ و ناتەوانێ و کەڕێ و کوێرێ و لاڵێ هەمو عەیب و نەقصن و بۆ زاتی پەروەردگار ناشێن ، هەتا ئەگەر ئینسانێکی عادەتێ ئەم عەیبانەی پێوە بچەسپێ زۆر عاری لێدێ و ناڕەزایە • کەوابێ بۆ زاتی خودا قابیل نین (تعالى الله عن ذلك) •

ئیمان بە (مەلائیکە) فریشتە

مەلائیکە (فریشتە) لای ئەهلی دین بریتین لە ئەجسامێکی لەطیف خوای تەعالا دروستی کردوون لە ئەصڵی نور و ماددەی ڕوناك ، نە نێرن و نە مێن • ئەتوانن بە هەمو وێنەیێ خۆیان دەربخەن و بە صورەتی عادەتێ بە چاو نابینرێن ، بەڵام پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێ ئەیانبینن •

ئیمان بە مەلائیکە ئەوەیە ئینسان باوەڕی ببێ کەوا ئەمانە وجودیان هەیە و مەعصومن لە گوناە و هەرچێ خوا ئەمریان پێ بکا ئەیکەن و هەرچێ مەنعی بکا لێیان نایکەن • کردەوەیان هەمو فەرمانداری خوایە و ژیانیان بە هەناسەدان و خواردن نیە ، بەڵکو بە زیکری خودایە •

ئیمان بە مەلائیکە ئەوەیە ئەوانەی خوا بە تەفصیل باسی کردوون ، ئێمەش بە تەفصیل باوەڕمان پێیان ببێ و ئەوەی بە ئیجمال و کورتێ باسی کردوون ، ئێمەش هەر بەو نەوعە باوەڕمان پێیان ببێ •

بینا لەسەر بەیانی قورئان ئەم مەلائیکەتانە زۆر زۆرن • « وَمَا يَعْلَمُ

جُنُودَ رَبِّكَ الاّ هُوَ » واتە : لە خوا بەولاوە کەس ژمارەی سوپای خودا بەتەواوێ نازانێ •

بەپێی نەصصی ئایەت و فەرمودەی حەزرەتی پێغەمبەر صلیالله علیه وسلم ئەم مەلائیکەتانە مەئموری خودان و گەلێ بەشن• هەر بەشی ئیشێکیان پێ سپێرراوە ، لە ئاسمان و ئەرزا ، لە بەڕ و بەحرا ، بەعزێکیان عەرشی خودا هەڵئەگرن • ئەمانە لە دنیادا چوارن و لە قیامەتا هەشتن • بەعزێکیان (مقربین) نزیکانی بارەگای خودان ، یانێ خاوەن پایەن • ئەمانە چواریان ناویان دیارییە ، یەکەم (جبرائیل) مەئموری هێنانی وەحیە لەلای خوداوە بۆ لای پێغەمبەران • دووەم (میکائیل) مەئموری ڕزقی گیان لەبەرە • سێهەم (عزرائیل) مەئموری گیان کێشانە • چوارەم (اسرافیل) مەئموری نەفخی صورە بۆ وێران کردنی دنیا و مراندنی گیان لەبەر و زیندو کردنەوەیان لە پاشەڕۆژا •

بەعزێکیان مەئموری نوسینی کردەوەن لە خێر و شەڕ • بەعزێکیان مەئموری با و هەور و بەفر و بارانن • بەعزێکیان مەئموری پرسیاری ئینسانن لە قەبرا ، ئەمانە مەشهورن بە (نکیر و منکر) • بەعزێکیان مەئموری عەزابی قەبرن • بەعزێکیان مەئموری عەزابی دۆزەخن • ئەمانە یا نۆزدە طایفەن یا نۆزدە کەسن، گەورەکەیان ناوی (مالك)ە • بەعزێکیان مەئموری بەهەشتن و گەورەی ئەمانە ناوی (رضوان)ە • بینا لەسەر فەرمودەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم شوێن نییە لە ئاسمانا مەلائیکەی تیا نەبێ •

بزانن هەروەکو مەلائیکە هەیە ، (جن)یش هەیە ، ئەمانە لەلای ئەهلی دین لە ماددەی ئاگرین دروست کراون • خوا لە قورئانا فەرمویەتی : « وَالجانَّ خَلَقناهُ مِنْ قَبْلُ مِنْ نارِ السَّمُومِ » یانێ : بەر لە ئادەمیزاد جنۆکەمان لە ئاگرێکی تیژ دروست کردوە •

(جن) بە کوردیی (پەری)یە ، نێر و مێیان هەیـە وەکو ئادەمیزاد و خودا تەکلیفی ئەحکامی شەرعی لێ کردوون و پێغەمبـەری ئێمە صلی الله علیه وسلم هەروەکو ڕەوانە کراوە بۆ پەروەردە کردن و تەمێ کردنی ئادەمیزاد ، ڕەوانە کراوە بو پەروەردە کردن و تەمێ کردنی ئەوانیش ، وەکو لە قورئانا لە سوورەتی (جن)دا باسی ئەکا .

لە گەلێ شوێنا لە قورئانا خودا باسی جنی کردووە . (شـیطان) کە دوژمنی ئادەمیزادە یەکێکە لەوان . خودا لـە قورئانا فەرمویەتی : « كَانَ مِنَ الْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِ » یانێ : شەیتان لە جنییەکان بوو ، لە فەرمانی خودا دەرچوو . هەر جنێك زۆر شەڕوور و نابار بێ بە شەیتان ناو ئەبرێ ، ئەمانە لە زمانی کوردییا ناویان (دێو)ە .

ئێمە لە دنیادا ئەمانە بە چاو نابینین ، تەنها پێغەمبەران ئەیانبینن . بەڵام لە قیامەتا ئەیانبینین . ئەمانە بە بێ ئەمری خودا و بە بێ تەقدیری ئەو ناتوانن زیان بە کەس بگەیێنن . بۆ پارێز لە شەڕی ئەمانە ئەبێ ئینسان پەنا بەرێتە بەر خوا و لەکاتی وەسوەسە و خەیاڵی خراپا « أَعُوذُ باللهِ مِنَ الشَّيْطانِ الرَّجِيمِ » بخوێنێ و لەکاتی خواردنی طەعاما « بِسْمِ اللهِ الرَّحمنِ الرحيم » بکا . هەروا لەکاتی دەس کردن بە هەر ئیشێکا کە پیرۆزییەکی تیا بێ بۆئەوە کە ئەو شتە بەبەرەکەت بێ و لە نزیکیی شەیاطینیەوە دوور بێ .

ئەگەرچیی لەپاش ئەوە کە ئایەتی قورئان باسی شـتێکی کرد پێویستە موسوڵمان باوەڕ بکا و تەسلیمی ببێ ، بەڵام هەر بە بیرو هۆش ئەبێ ئینسان بیر کردنەوەی ببێ ، نابێ هەر شتێ ماددەی لە بەر چاوا دیار نـەبێ ئینکاری بکا . ئێمە با و مەوجەی هەوا بە چاو نابینین ، لەگەڵ ئەوەشا داری گەورە لە بن هەڵئەکەنێ .

هێزی کارەبا لەپێش چاوا نییە ، کەچیی ئەم هەموو کارەساتە عەجایبانە

ئەکا لە دنیادا • بە ئانێ هەزاران گیان لەبەر ئەگرێ و ئەیسـوتێنێ • ڕۆحی خۆمان بەچاو نابینین ، لەگەڵ ئەوەشا ئەزانین ئێمە خاوەن ڕۆحین و بەشمان لە گیان هەیە • چاوی عەقڵ لە چاوی سـەر بەهێزترە ، خوای تەعالا قسە لەگەڵ خاوەن عەقڵ و بیر و باوەڕا ئەکا •

ئیمان بەو کتێبانە کە خوا ناردوونی بۆ پێغەمبەران

ئیمان بە کتێب بریتییە لەوە ئینسان باوەڕی بێ بەوە کە خودای گەورە بەهۆی مەلائیکەوە کە حەزرەتی جبرائیلە دەستور و یاسـای ناردوە بۆ لای پێغەمبەران بۆئەوە کە تەمێ و تەربییەی ئادەمیزادی پێبکەن • ئەم دەستورە کە هاتوە بۆیان وەحیە لە تەرەفی خـودا وە ، بەو نەوعـە خـودا ناردویەتی گەیشتوە بە پێغەمبەران و بەقەطعێ نە مەلائیکە نە جنێ نەیانتوانیوە دەستی بۆ ببەن و ، پێغەمبەرانیش بە عەینی وەزع بە بێ زیاد و کەم گەیاندویانە بەوانە کە لەلای خوداوە ئەمریان پێ کراوە •

لەسەر فەرمودەی پێغەمبەر صلی‌الله علیه وسلم دە کتێب بۆ حەزرەتی ئادەم و ، پەنجا بۆ حەزرەتی شیث و ، سێ بۆ حەزرەتی ئیدریس و ، دە کتێب بۆ حەزرەتی ئیبراهیم نازل بوە ، تەورات بـۆ حەزرەتی موسـا و زەبور بۆ حەزرەتی داوود و ئینجیل بۆ حەزرەتی عیسا و قورئان بۆ حەزرەتی (محمد المصطفی) علیهم الصلوة والسلام ڕەوانە کراوە •

حوکمی ئەم کتێبانە ئـەوەی کـە غـەیری حوکمی قورئان بێ نەسخ کراوەتەوە • قورئان تا قیـامەت فەرمان ڕەوایـە و بە قەراری قەطعێ ئایەتێ یا جوملەیێ یا لەفزێ لە قورئان زیاد و کەم نەکراوە و بەو تەرتیبە کە لەلای خودای تەعالاوە هاتوەتە خوارەوە ماوە و پارێزراوە • لە قورئانا هەر ئایەتێ یا هەر جوملەیەکی مەعناکەی ڕوون نەبێ بۆ ئێمە پێویستە لەسـەر یاسـای

ئایەتە دیاریە ڕۆنەکانی‌تر مەعنا و مەبەسـەکەی ئیعتیبار بکەین • هەروەها پێویستە بە دەست نوێژەوە نەبێ دەستی پێوە نەدەین و بەڕۆح و دڵ حورمەتی بۆ قەرار بدەین •

ئیمان بە پێغەمبەران

پێغەمبەر بە پیاوێ ئەڵێن لە ئادەمیزاد کە خوای تەعالا بەهۆی حەزرەتی جبرائیلەوە شەرع و دەستور و یاسایەکی بۆ ناردبێ بۆئـەوە بیکا بەڕێگەی ڕزگاریێ بۆ دنیا و بۆ قیامەت • جا ئەگەر ئەم دەستورە هـەر بۆ ئەو کەسە خۆی بێ ، یانێ ئەمری پێ نەکرابێ کە تەمێ و تەربییەتی خەڵکی پێ‌بکا ، ئەوە ئەو پێغەمبەرە ناموڕسەلە • ئەگەر ئەمریشی پێ کرابێ کە تەمێ و تەربییەتی خەڵکیشی پێ‌بکا ئەوە ئەو پێغەمبەرە پێغەمبەری موڕسەلە •

ژمارەی پێغەمبەران ئەگەرچێ وا مەشهوورە کە صـەد و بیست و چوار هەزار یا دوصەد و بیست و چوار هەزارە ، بەڵام باش‌وایە ئینسـان ژمارەی تایبەتیان بۆ دانەنێ • ژمارەی ئەمانە هەر وا لە عیلمی خودادا •

خودا لە قورئانا فەرمویەتی: «وَاِنْ مِنْ اُمَّةٍ اِلاّ خَلا فِيها نَذِير» یانێ : هیچ کۆمەڵێ لە ئادمیزاد نـەبوە ئیللا کەسێکمان بـۆ ناردون تەمێ و تەربییەتیان بکا ، پێغەمبەرێکی وا بیان‌ترسێنێ لە ئەنجامی نافەرمانێ خودا و موژدەیان پێ‌بدا لە پایەی فەرمان بەرداریێ خودا •

هەروەها فەرمویەتی : « مِنْهُمْ مَنْ قَصَصْنا عَلَيْكَ وَمِنْهُمْ مَنْ لَمْ نَقْصُص » یـانێ : بەعزێ لـەو پێغەمبەرانە باسـی ئەوانمان گێڕاوەتەوە بۆ تۆ و بەعزێکیانمان ناو نەبردوە بۆت و باسیانمان نەکردوە • کەوابێ حەق وایە ئێمە باسی ژمارەی ئەوانە نەکەین •

ئەوەندە هەیە پێویستە باوەڕمان وابێ ئـەوەی پێغەمبـەری مورسەلە گەورەترە لەوەی کە پێغەمبەری نامورسەلە ، لەبەرئەوە کە ئەرك و ئازاری مورسەلەکان زۆرتر بوە لەوانەی غەیرە مورسەل بوون •

ئەو پێغەمبەرە مورسەلانە لەسـەر فەرموودەی حـەزرەتی پێغەمبـەر صلی‌الله علیه وسلم سێ صەد و حەڤدە کەس بوون • لەم ژمارەیە لە قورئان و حەدیثا (٢٨)یان ناویان دیاریێ کراوە : « آدم ، شیث ، ادریس ، نوح ، هود ، صالح ، ابراهیم ، لوط ، اسماعیل ، اسـحاق ، یعقوب ، یوسـف ، شعیب ، موسی ، یوشع ، هارون ، الیـاس ، الیسـع ، ذو الکفل ، ایوب ، یونس ، اشمویل ، داود ، سلیمان ، زکریا ، یحیی ، عیسـی ، محمد المصـطفی علیهم الصلوة والسلام » • لەناو ئەمانەشا پێنج کەسیان بە پێغەمبەری (اولوالعزم) یانێ خاوەن زەحمەت و ئازار ناسراون : نوح ، ابراهیم ، موسـی ، عیسی ، محمد المصطفی سەلامی خوایان لێ بێ • لەناو هەموشیانا حەزرەتی (محمد) صلی‌الله‌علیه‌وسلم لەوانی‌تریان گەورەترە و دینی تا ڕۆژی قیامەت دەوام ئەکا و لەدوای ئەو هیچ پێغەمبەرێ نابێ • پێغـەمبەرایەتێ و یاساکەی و دینەکەی بۆ گشت ئادەمیزادی سەرزەوییە •

ئیمان و باوەڕ بە پێغەمبەران بریتییە لەوە ئینسان باوەڕی بێ کـە ئەم کۆمەڵەی پێغەمبەرانە هـەرکام لـە زەمـانی خۆیانا پوختـە و خولاصە و هەڵبژێرراوی ئادەمیزادی ئەو زەمانە بوون ، لە بیر و هوش و خوو و ڕەوشتی بەرزا• ئەمانە بە مەحزی فەضڵ خودای تەعالا بە جبرائیلا کتێب و شەریعەت و دەستوری بـۆ ناردوون • ئـەم پێغەمبـەرانە بێ قوسـور و درێغێ‌کردن وەریان گرتوە و ڕەفتاریان پێ‌کردوە و بە هەر نـەوعێ ئەمریان پێ‌کراوە بێ زیاد و کـەم گەیاندویانە بە خەڵك ، ئـەمانە مەعصومن لـە گوناە و ، لـە مەلائیکە و لە باقیێ مەخلوقی خودا گەورەترن و پایـەیان بەرزترە • لەنـاو خۆیشیانا مورسەل لە غەیرە مورسەل و لەناو مورسەلەکانا (اولوالعزم)ەکان

له غەیری ئەوان گەورەترن و لەناو ئەمانیشدا حەزرەتی محمد له باقییەکان گەورەتره • ئێمه له صیفەتی پێغەمبەرایەتییا فەرقیان ناکەین ، یانێ هەمۆیان به پێغەمبەری خوا ئەزانین با بەعزێکیشیان له بەعزێکیان گەورەتر بن •

دین پێویسته

دین و ئایین پێویسته بۆ ئادەمیزاد • ئینسان کەمێ بیر بکاتەوه ئەزانێ ئەم ئادەمیزاده به تەنیا ناژێ و پێویستی به یارمـەتێ خـەڵك هەیه • کەواته گردەوه بۆن لەگەڵ خەڵکدا پێویستی ناچارێ ژیانه و هەرکەسێ له هەر کۆمەڵەیێکا ، ئەگەرچێ عەقڵ و بیر و هۆشی هەیه کـه تا ئەندازەیەك چاك له خراپ جیا بکاتەوه و ، ویجدانیشی هەیه که بۆ ئازاری خەڵك دڵی ئازاری پێ بگا و به ئاسایشی ئەوان دڵی ئاسوده بێ ، بەڵام جێگەی ئینکاریش نیه کەوا هەرکەسێ سودی خۆی و ئاسایشی خـۆی لەپێش هەمۆ کەسێکیترا دڵخوازیەتی و لەسەر ئەم ئەساسه ئەغلەب هەرا و شۆڕش و کێشه پەیدا ئەبێ لەناویانا • کەوابێ پێویسته یاسا و دەسـتور و نیظامێکیوا بێ لەسەری بژین •

ئەم دەستور و یاسایه ئەگەر هەر ئادەمیزاد خۆی دایبنێ ، له زۆر ڕووەوه کەم و کوڕ دەرئەچێ ، چونکه عەقڵی ئادەمیزاد له هەر زەمانێکا تەنیا بەوەدا ئەگا که لەو زەمانەدا لەئارادایه و نـاگا به گەلێ شتی پاشەڕۆژا که بەپێی چەرخ و هەڵسوڕانی زەمان پەیدا ئەبن • ئەگەر ئەو دەستوره خۆیان دایبنێن پێویسته هەمۆ چەند ساڵێ جارێ دەستی بۆ ببەن بیگۆڕن • بەڵام دەستوری ئاسمانێ هێزی زۆرتره و بۆ هەمیشه لەسەر عیلمی خاوەنی جیهان که خودایه بەکاردێت •

ئەگەر فەرز بکەین دەستوری دەستکاری ئادەمیزاد بەکاردێت ، چونکه

ئەم دەستورە لەسەر ئەساسی هێزێکی ماددیِ بەڕێوە ئەڕوا ، هەرساتێ ئەو هێزە کەم و کوڕ بۆ خەڵك موبالاتی پێ نـاکەن • بەڵام ئەو پێغەمبەرانە کە دەستوری ئاسمانیِ دێنن هێزێکی ڕۆحیِ وایان هەیە دڵی ئادەمیزاد داگیر ئەکا و ئەیبزوێنێ و ئەوانەی کە بەڕاستیِ ئەو دەستورە وەرئەگرن حاڵیان وای لێ دێ و دڵیان وا بە خوداوە ئەبەسرێ ئەگەر هێزی ماددییش نەبێ هەر خۆیان لەبەر شەرم و حەیا لەو خاوەن دەستورە بە دڵ و ڕۆح فەرمانبەرداریِ ئەکەن و خودا بە حازر ئەزانن •

کەوابێ ئەگەر یاسا یاسای حوکومەت و فەرمانڕەوای دنیاییش بێ، هەر پێویستە هێزێکی ڕۆحیِ مەعنەویِ ببێ ئادەمیزاد پێیەوە ببەسرێ • ئینسانێکی خاوەن ئارەزو کاتێ دەستی ڕۆیشت بەسەر ئارەزوی خۆیـا ، لە شوێنێکی پەنامەکیدا غەیری هێزی ڕۆحیِ هیچ نیە مەنعی بکا لەو ئارەزوی نەفسە و ، ئینسانێ دوژمنێکی ببێ و دەستی بڕوا بەسەریا بە ناحـەق بیکـوژێ ، ئەوە غەیری هێزی مەعنەویِ و ترسی خودا هیچ شتێ نیە مەنعی بکا لەو گوناە و جەریمەیە • کەواتە شەریعەتی سـەماویِ و هێزی ڕۆحیِ پێویستی مانەوەی نیـظامی ژیان و ڕزگاریِ ئادەمیزادە •

پێغەمبەران پیاوی بەرزی جیهانن

ئینسان تۆزێ بڕوانێ بە عائیلە و بە کۆمەڵەی ناوشار و دێهاتا ، ئەزانێ ئەم ئادەمیزادە ئەگەرچیِ هەمو هەر ئادەمیزادن و هەمو قابیلی ئەوەن تەمێ و تەربیە بکرێن و بە ئامۆژگاریِ بەرز ببنەوە ، باوەڕیش ئەکا بەوە کە ئادەمیزاد لە پایەی قابیلەت و خوی تەبیعەتیِ و هێزی نەفسیدا فەرقیان گـەلێ زۆرە • گەلێ کەس بە بێ مامۆستا هەر بە بیری خۆی صەنعەتی نایاب دەرئەکا • زۆر کەسیش لەگەڵ ڕەنجی مامۆستاشدا فێری هیچ شتێکی بەقیمەت نابن • گەلێ

کەس لەپاش ئامۆژگاریێ زۆر هیچ تەمێ وەرناگرن • گەلێ کەسیش بە بێ ئامۆژگاریێ خۆیان ڕۆ ئەکەنە بیروباوەڕی پاك و ڕەوشـتی بەرز و ئاسایش خواهیێ و برایەتیێ لەگەڵ ئادەمیزادانا و ، شەرەف و ناموس و دڵسۆزیێ ئەمانە بۆ خاوەن ئینصاف دیـارە •

لەسەر ئەم ئەساسە خوای تەعالا لەو ڕۆژەوە ئادەمیزادی لەسەر زەویێ داناوە ، لە هەر زەمانێکا ، لە هەڵبژێرراوی بەشـەرا ، یەکێ یا چەند زاتێکی ئەخلاق بەرزی بەهۆی مەلائیکەوە تـەمێ و تەربیـە کردوە و ، ناردوونی بۆ ئامۆژگاریێ ئادەمیزاد • ئەمانە پێغەمبەرانی خودا بوون ، تا دەوری ئاخریێ کە خوا حەزرەتی (محمد)ی ناردوە بۆ تەربیەی هەموێ ئادەمیزادی جیهان •

ئەم زاتە ناوی محمدە کوڕی عبداللهی کوڕی عبدالمطلبی کوڕی هاشمی کوڕی عبدالمنافە • دایکی ئامینەی کچی وەهەبی کوڕی زەهرەیە • ئەم زاتـە لە نەتەوەی حەزرەتی اسماعیلی کوڕی حەزرەتی ابراهیمە •

ئەم زاتە چواردە قەرن پیش ئیمڕۆ لـە شـاری مەککە لەدایكبوە و ، لە عومری چلساڵیدا هەر لە شاری مەککە خەڵاتی پێغەمبەرایەتیێ وەرگرتوە• پاش ئەوە سیانزە ساڵ لە مەککە ماوەتەوە• جا بە فەرمانی خودا تەشریفیبردوە بۆ شاری مەدینەی مونەووەرە و دە سـاڵیش لە مەدینە ئیرشادی ئادەمیزادی کردوە بۆ ئەوە کە پەروەردگـاری جیهـان و شایانی بەندەگـیێ بۆ کردن و پەرستیاریێ و (واجب الوجود) یەك زاتە کە ناوی (الله)یە •

لە ماوەی بیست و سێ ساڵا وردە وردە قورئانی پیرۆزی بۆ هاتوە کـە بریتییە لە شەش هەزار و شەش صەد و شەصت و شەش ئایەت • ئەم قورئانە پیرۆزە تەمێیی ئادەمیزادی کردوە بۆ خودا بە یەك زانین و بۆ فەرمان بەرداریێ خودا لە ئەمر و نەهیا و بانگی کردوون بۆ هەموێ ئەخلاقێکی بەرز کە بۆ دین و دنیا سوودی بێ و ، لە عومری شـەصت و سێ ساڵیدا لە شـاری مەدینـەی مونەووەرە وەفاتی کردوە • مەرقەدی موبارەکی لە شاری مەدینەیە •

موعجیزەی پێغەمبەران

ئـەم پێغەمبەرانـە کە ئەمریـان وەرگرت لـەلای خوداوە بۆ تەمێ و تەربیەکردنی ئادەمیزاد و دەستیان کرد بە ئامۆژگاریێ ، بە تەبیعـەت بەعزێ کەس هەر بە تەماشا کردنی ئەخلاق و ڕەوشتی بەرزی ئەوان بـاوەڕ ئەکا و ئیمان دێنێ • بەڵام بەعزی کەسیش داوای ئەوەیان کردوە کە ئەو پێغەمبەرە کاری عەجایبی وایان بۆ بنوێنێ کە لەسەر خیلافی عادەت بێ تا ببێ بە هۆی باوەڕ کردنیان یا بەهۆی هێزی باوەڕیان •

جا لەسەر یاسای ئەو زەمانە هەر شتێ ڕەواجی بوبێ ، خوا لەو بابەتە موعجیزەی پێداون •

مەسەلا لە زەمانی حەزرەتی مۆسادا سیحر و جادو شـافەیێکی بەرزی بوە •خوا بەهێزی خۆی عاسای داری کردوە بە مارێکی گەورە بۆ مۆسا کە بوە بە هۆی داگیرکردنی هەمو جادوەکان • لە زەمانی حەزرەتی عیسایشـدا فەننی دوکتۆریێ زۆر باو بوە ، خوا ئەوەی کردوە بۆ حەزرەتی عیسا ، کـە مردو زیندو بکاتەوە ، کوێری سکوما بینا بکاتەوە ، بەڵەك چاك بکاتەوە • هەروا لە زەمانی حەزرەتی محمددا صلی اللە علیه وسلم فەصاحەت و بەلاغەت و خوطبە و وتاری بەرز باو بوە • بۆیە خودا قورئانی ناردوە بۆ پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم کە ئەوەندە پایەی بەرزە بە هەمـو جن و ئینـس بەرابەرییان پێناکرێ • خوا بانگی کردوە لە عالەم بێن یا قورئانێکی وەها ، یا دە سورەت، یاسورەتێك بڵێن و کەس نەیتوانیـوە و هەمو سـەریان بۆ شـۆڕ کردوە • هەندێکیان لە عەنادا لە وتار و قسە دەرچوون بۆ جەنگ و شەڕ و ئاژاوە •

ئەم قورئانە بەڕاستیێ (معجزە)یە لەبەر چەند دەلیل :

(یەکەم) ئەو نوکتەی وردە و ئەو ڕیعـایەتی مەقام و مەجلیسـە کە لـە قورئانا هەیە لە هیچ کتێبێکی ئاسمانیێ و ئەرزیدا دەست ناکەوێ و ، ناشتوانن

لەم مەقاما نزیکی بینەوە •• کەسیش ناتوانێ وێنەیان بڵێت •

(دووەم) باسی غەیبێ زەمانی ڕابوردۆ و گەلێ کارەساتی پاشەڕۆژی تیایە و گەلێ باسی ئاسمان و ئەرز و بەڕ و بەحر و باسی ئەستێرە و هەوا و باران و ئەوزاعیوای تیایە کە لە تاقەتی ئادەمیزادا نیە بە بێ خوێندن و فێربۆن بیانزانێ •

(سێهەم) ئەم قورئانە لەهەر بابەتێکەوە باس ئەکا هەمۆی بە وێنەیەکی ڕاست دەرئەخا و بەقەطعێ درۆ و موبالەغاتی ناڕەوا و قسەی بێئەساسی تیا نیە •

(چوارەم) ئەم قورئانە ڕەوشت و داڕشتن و تەرتیبی لە وتاری ئینسان ناچێ ، بەڵکو هەرکەسێ ورد بیبێتەوە ، ئەزانێ ئەم تەرتیبە شیرینە و ئەم دڵگرتن و ڕۆحڕاکێشانە و ئەم فەرمانڕەواییە بەسەر تەبیعەتدا بە وتارێکی غەیبێ قودسێ نەبێ قابیل نیە •

(پێنجەم) ئەوەی ئەسبابی سەعادەت و بەرزێ ئادەمیزاد بێ بۆ تەنیا و بۆ کۆمەڵ و بۆ دنیا و پاشەڕۆژ تیا هەیە • ئەمر ئەکا بەوە کە گەورەیەکیان بێ فەرمانی گەورەکە وەربگرن • ئەگەر نیزاع و شۆڕشێکیان لە ناوا پەیدابۆ ، لەبەر ڕۆناکێ قورئان و فەرمۆدەی پێغەمبەرا دەفعی بکەن و ، ئیشیان لەسەر ڕاوێژ بێ و ، عەدالەتی ئیجتیماعێ بەجێبێنن و ، فەرق لەبەینی کەسا نەخەن لە هەر عونصورێ بێ و هەر ڕەنگ و هەر زمانێکی هەبێ مەگەر بەهۆی ئەخلاقی بەرز و مەنفەعەت و سۆدی فەردێ و کۆمەڵایەتییەوە • ئەمر ئەکا بە مەشغوڵ بۆن بە عیلم ، بە صەنعەت ، بە دین ، بە ئەخلاق ، بە دڵسۆزێ ، بە ڕاستێ ، بە غیرەت ، بە نامۆس ، بە کۆمەکی داماو ، بە ئیرشاد و ئاموژگارێ نەزان ، بە یارمەتیدانی یەکتر لەسەر چاکە ، بە عیزەتی نەفس ، بە پەیوەندێ بە زاتی خوداوە • ئەمر ئەکا بەوە کە باوەڕیان بێ ڕۆژێ ئەبێ و دنیایەکی تازەیوەها دێت هەرکەسێ تۆڵەی ڕەفتاری خۆی وەربگرێ • جا

قورئانێ کە ئەمە دەستوری بێ ، دیارە لە هەمو چەرخێکا و بۆ هەمو چینێ و بۆ هەمو ڕۆژێ بەکارە و هەر لە دائیرەی قودسی ولە بارەگای بەرزی خوداوە دەرچوە و قسەی ئادەمیزاد نیە و کەس ناتوانێ بەرابەرکێی لەگەڵ بکا .

بێجگە لە قورئان ئەم پێغەمبەری ئێمەیە موعجیزەی زۆری تری بوە کە لە کتێبی عالمان و ئەهلی تەئریخا نوسراوە .

لە هەمو موعجیزەیەك گەورەتر موعجیزەی ئەخلاقە

ئەم زاتە عالی جەنابە ، بێ ئەوە لە مەکتەب و مەدرەسەیەکا خوێندبێتی و بێ ئەوە لەناو باوك و باپیرەیا پاشایی و دەستور و نیظامی ئیدارەی عالەم بوبێ ، هاتوە لەناو قەومێکی نەزانی خاوەن عەنادی ماددەپەرستا ئیعلانی پێغەمبەری خۆی کردوە و ئامۆژگاری کردون بە عیلم و حیکمەت و ، ئەوەندە ئەخلاقی بەرز بوە هەر بە ڕەفاقەت بێجگە لە بەیانی قسە ئەخلاقی ئەو قەومەی هەڵسوڕاندوە لە نەزانینەوە بۆ زانیاری و لە عەنادەوە بۆ ئارامی و ئیدارە و لە غەزەب گرتنەوە بۆ حیلم و حەوصەڵە و لە مادده پەرستییەوە بۆ خودا ناسین و غەیب پەرستی ، بەنەوعێ کە ئەو ڕەفیقانەی بە ماوەیەکی کەم بون بە پارچە ئاگرێکی ڕۆحی و بە چرایەکی خاوەن پڕتەو کە لە ئەرزا وەکو ڕۆژی چەرخی بەرز پڕتەویان بلاوئەکردەوە بەسەر پانایی جیهانا و ئادەمیزادیان لە پەستی مەشرەب و ئەخلاقەوە ئەگەیاند بە لوتکەی بەرزی ئەخلاق .

ئەم زاتە لە هەمو کاتێکا ، لە خۆشی و ناخۆشییا خۆگر و ڕاستبوە . پەیمان ڕاگر بوە . ئەوەندە ئیعتیمادی لەسەر خودای خۆی بوە لە هیچ کارەسات و پێش هاتێکا دڵی نەلەرزیوە و توانیویە ڕیسالەتی خۆی بباتەسەر .

ئەم خۆ و ڕەوشتــە دامەزراوە لای پیاوی هوشیــار لە هەمــوو موعجیزەیێ بەرزترە ، لەبەرئەوە کە موعجیزە بەس بە خەلقی خودایە و شەخس عەلاقەی پێوە نیە و هونەر لەوەدایە ئینسانی مەرد لە نەفســی خۆی و لە ئەخــلاق و کردەوەی خۆیا دامەزراو بێ •

کۆمەڵی ئوممەتی ئەم زاتە لە کۆمەڵی هەموو پێغەمبەرەکان گەورەترە و ، دینەکەی لە هــەموو دینێ میانــەترە و بــۆ ڕۆژ ڕێك‌وپێكترە و ، هەمیشــە موناسەبەی لە بەینی دین و دنیادا ڕاگرتوە •

لە ئوممەتی ئەم زاتە لەپاش وەفاتی خۆی پێنج کەس لە ماوەی سێ ساڵا جێگە نشینێ ئەویان بەڕاستێ کردوە : ابو بکری صدیق ، عمری فــاروق ، عثمانی ذی‌النورین ، علی کوڕی ابوطالب کە مەشهورە بە اسداللە ، حسنی کوڕی علی • عالمانی ئوممەتەکەی قورئــان و فەرموودەی ئــەویان بەڕاستێ ڕاگرتوە • عالمی زۆریان تیا هەڵکەوتوە • لەناو ئەمانــا لە ئادابی شــەریعەتا چواریان مەزهەبیان کۆکراوەتــەوە : امامی اعظم ابوحنیفە نعمانی کوڕی ثــابت ، امامی مالك ، امامی شافعی ، امــامی احمــد • لە ئیعتیقادیشدا دوو ئیمامی گەورە مەشهورن یەکەم ابو الحسنی اشعری ، دووهــەم ابو منصوری ماتریدی • ئێمە کە موسوڵمانی کورد زمانین لە شەرعا تابیعی ئیمامی شافعی و لە ئیعتیقادا تابیعی شیخ ابو الحسنی اشعریین • خوا لــەوان ڕازی بێ و لــە ئێمەیش بە پیرۆزێ کۆششی ئەوانەوە •

ئەو موسوڵمانانە کە پایەیان لە دنیادا بەرزە

وتمان لە دینی ئیسلاما ئەو کەسە زۆر گەورەیە کە تەقــوای زۆر بێ • تەقوا سێ پایەی هەیــە • یەکەم بریتییــە لە خۆپاراســتن لە کوفر • دووەم خۆپاراستنە لە هەر کردەوەیێ کە ئینسانی پێ فاسق ببێ ، بەم‌مەعنا ئینســان

بە دەستوری ئایینی ئیسلام عادل بێ • سێهەم خۆپاراستنە لە غەیری خودا ، یانێ : هەر وتار و ڕەفتار و تصورات و باوەڕێکی دەروونی هەیە هەمو پاك لەبەر ڕەزای خودا بێ و بەتەواوێ لە دۆستێ و فەرمانبەرداری خودادا بتوێتەوە •

لەسەر ئەم یاسایە گەلێ لەم ئوممەتە مشهور بوون بە ئەهلی تەقوا و لە عورفا بە (وەلێ) ناو ئەبرێن ، و بە کۆمەڵ پێیان ئەڵێن : (أولياء) •

لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەسیوا بوون ئەم پایە گەورەیانە نەبوە و بەهۆی وەزع و ڕۆژەوە و بە دەور گرتنی کۆمەڵێ لە نەزان و ئەهلی دنیاوە مەشهور بوون بە (وەلێ) • ئێمە حیسابی ئەمانە حەواڵە ئەکەین بە خـودا و بە ڕۆژی حیساب و کیتابی خۆیان و باوەڕمان وایە گەلێ لەم ئوممەتەیش هەن پایـەی بەرزیان هەیە و بەڕاستێ ئەهلی تەقـوان و فەرمانبەرداری خـوای تەعالا ئەکەن •

ئەمانە پێویستە چەند شەرتێ هەیە تیایاندا بێتەجێ • (یەکەم) زانا بن بە ئادابی دینی خۆیان و بە ئەحکامی شەریعەتی ئیسلام ، ئەوەی کە پێویـستە بەناچاری ڕەفتاری پێبکەن • (دووەم) بەڕاستێ لە ئیطاعە و فەرمانبەرداری شەریعەتدا بن • (سێهەم) ئەوەیە ئەو کەسە کە ڕەفیق و هاومەشرەبیانە لەسەر فەرمانبەرداری شەریعەت دەوام بکا • ئەم نەوعە ئینسانانە لە هەروەختێك و لە هەرشوێنێکا بن باوەڕمان هەیە لە ئەولیای خودان و خاوەن کەرامەتن •

زۆر پێویستە ئینسانی موسوڵمان بەرچاوی ڕوناك بێ و خاوەن بـیر و هۆشی ڕاست بێ • هەروەکو لازمە حورمەتی پیاوی خاوەن تەقوا بگرێ و لە ڕەفاقەت و پیرۆزێ خۆ و ڕەوشتی سود وەربگرێ • هەروا پێویستە ئاگای لە خۆی بێ ، لەخۆیەوە بە هەوا و ئارەزوی نەفس نەکەوێتە دوای پیاوێ کـە بـە غرور داوای پایەی بەرز بکـا و خۆی لە شـەڕی هاوڕێیـەتی ئەوانە

بپارێزێ و بەڕاستێ نیشانە و شەرتە پێشوەکان تەماشا بکا •

ئێمە کە موسوڵمان و ئەهلی سوننەتین عەقیدە و باوەڕمان وایە کە تەرتیبی جیگەدارێ پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لەسەر ئەو ڕیزەیە کە بەیانمان کرد • یەکەم ابوبکری صدیق ، دووەم عمری کوڕی خطاب ، سێهەم عثمانی کوڕی عفان • چوارەم علی کوڕی ابو طالب ، پێنجەم حسن ، خوایان لێ ڕازێ بێ •

عەقیدەشمان وایە ئەهلی هەمو قەرنێ لە زەمانی پێغەمبەرەوە تا ڕۆژی قیامەت لە ئەهلی قەرنیدوایێ باشترن و هەمو ئەصحابەکانی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لە چینی تابعین و ، چینی ئەمان لە چینی تابعی تابعین گەورەترن و هەروا بەم تەرتیبە •

هەروا عەقیدەمان وایە پێویستە ئەم ئوممەتی ئیسلامە ئیمام یانێ سەرۆك و فەرمانڕەوای ببێ بۆئەوە کە ئیدارەی واجباتی ئەم ئوممەتە بکا و مەصلەحەتیان جێبەجێ بکا و ئەبێ ئەم سەرۆکە لە طایفەی قورەیش بێ ، مادەم لە ئیطاعەی خودا و فەرمانی شەریعەتا بن • ئەگەر ئەمە ڕێ نەکەوت دروستە کەسێکیتر بێ بەوشەرتە بتوانێ ئیدارەی پێویستێ موسوڵمانان بکا و ، فەرمانبەرداریان واجبە بەوشەرتە لەسەر دەستوری قورئان ڕەفتار بکەن کە یەکێ لە ڕەفتارەکان ئەوەیە لە دەستوری حوکما دانبنێن بە مەجلیسی شوڕای ئیسلامیدا •

ئیمان بە ڕۆژی ئاخیرەت

ئیمان بە ڕۆژی ئاخیرەت ئەوەیە ئینسان بە دڵ باوەڕی ببێ ، وەك چۆن خودا ئەم دنیایەی لە نەبون خەلق کردوە ، ئەم ئادەمیزادەی دروست کردوە ، هەروەهاش ئەم دنیا تێكئەدا و ئەم گیانلەبەرانە ئەمرێنێ و لەپاش ماوەیەك

دۆباره ئەم مردوانه زیندوو ئەکاتەوه و لەپاش حیساب هەرکەس لەسەر وێنەی ڕەفتاری له دنیادا تۆڵەی خۆی دەست ئەکەوێ •

بەر له هاتنی ڕۆژی قیامەت ، وەزعی مردوو له قەبرا و نیعمەت و رەحمەتی قەبر هەیه • بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ، که کەسێ مرد ، ئەو کەسه لەپاش مردن ڕۆحەکەی عەلاقەی به لەشەکەیەوه هەیه و ، بەر لە هەموو شتێ مەلائیکەی پرسیاری قەبر حازر ئەبن لای و پرسیاری لێ ئەکەن ئاخۆ باوەڕی بەرامبەر به خودا و پێغەمبەر و قورئان و ئیسلامەتی چۆنه • ئەگەر بەباشی جوابیان بداتەوه ئەوه لەو رەحمەته ڕزگـار ئەبێ ، ئـەگەر وانەبێ گیرۆدەی ئازار و عەزاب ئەبێ له قەبرا •

باشترین نموونه بۆ خۆشی و ناخوشی مردوو له قەبرا ، وەزعی نوستنـی ئینسانه • تەماشا ئەکەین له وەختی نوستنا گەلێ وەخت وەزعی زۆر خۆش ئەبینین یا وەزعی نابار و دیشوارمان بەسەرا دێت به جۆرێ که نزیکه شێت ببین • لەگەڵ ئەوەیشا ئەو کەسانه که وان بەدەورمانا بەقەطعی له وەزعی ئێمه ئاگادار نین • کەواته نابێ ئینسان لەم مەسئەلەدا تەماشای ئەوه بکا که ئینسان وائەبێ ئەسووتێ یا ئەکەوێته دەریاوه یا پارچه پارچه ئەکرێ، یا لەقەبرا جووڵه و حەرەکەی نیه ، چونکه عەزابی قەبر یـا خۆشی قەبر ، بـەر له هەموو شتێ ، عائیدی ڕۆحه و شەرت نیه وەك عەزاب و خوشی ئینسانێکی زینـدوو بێ و هەموو لەشی بەشدار بێ لەو خوشی و ناخۆشییەدا و ئەبێ حەقیقەت و تەفصیلی ئەم وەزعه حەواڵه بکەین به عیلمی خودا •

پێویسته ئینسانی موسـوڵمان باوەڕی ببێ بـەوه کـه خودا ئەم دنیا ئەگۆڕێ و ئەم گیان لەبەرانه ئەمرێنێ ، جـا زیندوویان ئەکاتەوه ، یا لەسەر عەینی ئەجزا ڕزیوەکان له هەر شوێنێ ببن ، یاخود وێنەی ئەو ئەجزایانەیان بۆ خەلق ئەکاتەوه به جۆرێ که هەر شەخصـێ ئەزانێ خـۆی کێیه و ناوی

چیە و کوڕی کێیە و خەڵکی کام شوێنـــە و ، خوای تەعالا هەمویان گرد ئەکاتەوە و حسێبی کردەوەیان لەگەڵا ئەکا •

ئەبێ باوەڕی ببێ کە ئینسان هەر کردەوەیەکی ببێ لە چاکە و خراپە بە ترازو (میزان) مەعلوم ئەکرێ • پێویستە باوەڕی ببێ بەوە کە پردی (صراط) ڕاستە و ئەم عالەمە ئەبێ بەسەریا ڕابورن • جا ئەوکەسەی کە ئەهلی نەجاتە بە وەزعێکی زۆر ئاسان ڕائەبورێ ، بەعزێ وەکو بەرق ، بەعزێ وەکو با ، بەعزێ وەکو سوارێکی تیژ ، بەگوێرەی پایەی ڕەفتاریان • جا هـــەر کەسێ ڕزگار بو لەوە حەواڵەی بەهەشت ئـــەکرێ • ئەوکەســەش کە موستەحەقی عەزابە ئەکەوێتە دۆزەخەوە ئەگەر کافر بێ بە ئەبەدێ و ئەگەر موسوڵمانێکی گوناەبار بێ ئەوەندەی گوناهەکەی عەزاب ئەدرێ ، جا لەوێ دەرئەکرێ بۆ بەهەشت • خـــودا لـــە قورئانا فەرمویـــەتی : « فَاهْدُوهُمْ الی صِراطِ الجَحِيم ، وَقِفُوهُمْ اِنَّهُمْ مَسْؤولُونَ » یانێ : ئـــەو بەدڕەفتارانە ڕێنمونێ بکەن بۆ سەر ڕێگەی دۆزەخ و ڕایان‌بگرن لەبەرئەوە کە پرسیاریان لێ ئەکرێت •

پێویستە باوەڕی ببێ بەوە کە بەهەشت و دۆزەخ ئیستە هەن ، بەڵام بە وەزعێکی دیارێ مەعلوم نیە جێگەیان لە کوێیە و پێویـــستە حەواڵەی عیلمی خودا بکرێت •

پێویستە باوەڕی ببێ بـــەوە کە (شـــەفاعەت) تکـــا کردن لەلایەنی پێغەمبەرەوە صلی‌الله علیه وسلم هەیە لە چەند شوێنێکا ، (یەکەم) بۆ ئەوە کە زو حیسابی ئەعمال بکرێت و مەخلوقات ڕانەگیرێن • (دووەم) بۆ عەفوی گوناهی هەندێ گوناەکار • (سێهەم) بۆ بـــەرز کردنەوەی پایەی هەندێ کەس • (چوارەم) بۆ سوك کردنی عەزابی بەعزێ •

هەروا شەفاعەت بۆ سەرپاکی پێغەمبەران و بۆ صـــاڵحان و شەهیدان

هه‌یه • قوبوڵی شه‌فاعه‌ت له‌بابه‌تی فه‌ضڵی خودایه و ئایه‌تی قورئان له‌سه‌ر ئه‌مه هه‌یه و حه‌دیث ئه‌یفه‌رمویێت •

هه‌روا پێویسته باوه‌ڕی ببێ به‌وه که له‌پێش داخڵ بونی به‌هه‌شتا ، ئه‌وانه‌ی که له عه‌زاب ڕزگار بوون له‌سه‌ر (حوض المورود) کۆ ئه‌بنه‌وه • ئه‌م حه‌وزه مه‌شهوره به حه‌وزی پێغه‌مبه‌ر صلى‌الله عليه وسلم و ئه‌ندازه‌ی جامی ناو ئه‌م حه‌وزه له عیلمی خوادایه • هه‌ر که‌سێ له ئاوی ئه‌م حه‌وزه بخواته‌وه قه‌ت تینوی نابێ و هه‌رچیش له به‌هه‌شتا بخواته‌وه هه‌ر بۆ له‌زه‌ت و خۆشییه •

ئیمان به قه‌زا و قه‌ده‌ر

ئیمان به قه‌زا و قه‌ده‌ر بریتییه له‌وه که ئینسان باوه‌ڕی ببێ هه‌رچێ له عاله‌ما په‌یدا ئه‌بێ هه‌موی ئیشی خودایه و به خه‌لق و ئیراده و دروست کردنی ئه‌وه و زاتی خودا نه‌بێ که‌س خالق نیه •

ئه‌بێ باوه‌ڕی ببێ به‌وه ئه‌گه‌رچێ ئه‌وانه‌ی له عاله‌ما په‌یدا ئه‌بن مه‌خلوقی خودان، به‌ڵام هه‌رچێ له ده‌ستی عه‌بدا بێ که‌سبی عه‌بدیشی تیا هه‌یه •• یانێ : خوای ته‌عالا خه‌لقی عه‌بدی کردوه و خه‌لقی قودره‌ت و هێزی عه‌بدی کردوه و ئه‌و شته‌یش که عه‌بد ئه‌یکا هه‌ر خودا دروستی ئه‌کا ، به‌ڵام عه‌لاقه‌ی عه‌بدیشی پێوه‌یه • ئه‌و عه‌لاقه‌یه ناوی که‌سبه ، چونکه به‌ئاشکرا ئه‌زانین یه‌کێ له‌رز بیگرێت و به‌ناچارێ بجوڵێته‌وه فه‌رقی هه‌یه له‌گه‌ڵ یه‌کێ که خۆی خۆی بله‌رزێنێته‌وه • له‌به‌ر ئه‌وه که یه‌که‌م عه‌لاقه‌ی عه‌بدی تیا نیه و دووه‌م عه‌لاقه‌ی تیا هه‌یه •

قه‌راردانی ئه‌م عه‌لاقه‌یه پێویسته بۆ ڕاگرتنی نیظامی عاله‌م • ئه‌گه‌ر ئه‌م عه‌لاقه‌یه نه‌بێ ، ئه‌بێ هیچ که‌س له هیچ کرده‌وه‌یه‌کی باشا تاریف نه‌کرێ و

جەزای خەیری نەبێ و لـە هیچ کردەوەیەکی خراپا ذەمی نـەکرێ و تۆڵەی لێ نەسەنرێتەوە • ئەمەیش خیلافی نیظامی عەقڵ و هۆشی ئینسانە •

پێویستە باوەڕی ببێ بەوە کە هەرچێ کەسبی عەبدیشـــە هەروا لەژێر دائیرەی ئیرادەی خوادا • کەواتە بە بێ خواستی خـودا لـەم عالەمەدا هیچ ئیشێکی گەورە یا بچوك ناکرێ ، چ خێر و چ شەڕ ، چ قازانج و چ زەرەر • بەڵام ئەبێ بزانین کەوا ئیرادە و خواستی خودا تابیعی عیلمی خودایە و خودا عیلمی رابوردوە بەوە کە ئیمڕۆ ئێمە چ شتێ ئیختیار ئەکەین و چێ ئەکەین بە مەیلی خۆمان ، ئەویش لەسەر وەزعی ئەو عیلمە ئیرادەی شتەکەی کردوە • کەوابێ ئێمە مەسئوڵین لە ئیختیار و کەسبی خۆمانا و بە هەر نەوعێ ئیختیارمان هەڵسوڕێ خودا وەها خەلق ئیجاد ئەکا •

بزانن مەعنای قەزا و قەدەر ئەمە نیە ئینسان ڕاوەستێ و هیچ شتێ نەکا و بڵێت قەزا چۆن بوە هەروا ئەبێ ، چونکە ئێمە ئاگامان لە قەزای خودا نیە چۆنە ، بەڵام ئاگامان لەوە هەیە کە هەرشتێ ئەسبابێکی هەیە کە وا لە میزانی تەوانا و تاقەتی ئێمەدا و ئاگایشمان لەوە هەیە کە خودا فەرمانی داوە بەوە کە ئەسبابی چاکە جێبەجێ بکەین و خۆمان لە ئەسبابی خراپـە بپارێزین • بەڵێ لەپاش کۆشش کردن ئەگەر شتێ بە دڵخوازی ئینسان ڕێ نەکەوت ، ئینسان بۆ دڵخۆشی دانەوەی خـۆی ئەتوانێ بڵێ ئەمـە قـەزای خودایە پێویستە جێبەجێ ببێ •

پێویستە ئینسان باوەڕی وابێ هەرچێ خودا ئەیکا بە مەحزی ئیختیار و فەضڵی خۆیەتی و هیچشتێ لەسەر خودا واجب نیە • پێویـستە باوەڕی ببێ کە خوا ئەتوانێ هەمو تەکلیفێ بکا لە عەبدی خۆی ، بەڵام قەت نەبوە و نابێ تەکلیف بە شتێ بکا لە تاقەت و تەوانای عەبدا نەبێ •

پێویستە باوەڕی ببێ بەوە کـە خودا خاوەنی تەصـەڕوفی موطڵەقە •

ئەتوانێ ئینسانی باش عەزاب بدا و ئەشتوانێ پیاوی گوناەبار عەفو بکا ، ئەگەرچی لەسەر فەرمانی خۆی تۆڵەی چاکەی هیچ کەسێ نافەوتێنێ • پێویستە باوەڕی بێ بەوە ئەگەرچێ هەمۆ ئیشێکی خودا حیکمەتی تیایە و خالێ نیە لە حیکمەتێ کە خۆی ئەیزانێ ، بەڵام واجب نیە لەسەر خودا ئەوەی مەصڵەحەتە بۆ هەر کەسێ ئەوە بکا • ئەگینا هەرگیز کافرێکی نەخۆشی لاتی ناشیرینی بێعەقلی دروست نەئەکرد •

پێویستە باوەڕی بێ بەوە کە فەرمان لە عالەما هەر بۆ خودایە ، هەر ئەو ئەتوانێ شتێك واجب یا حەرام یا سوننەت یا مەکرۆە یا موباح بکا و ، تەصەڕوفی گشتێ حەواڵەی خودایە • پێویستە باوەڕی بێ بەوە کە هەمۆ ڕزقێ هەر لە خوداوەیە و ، ئەجەل یەکێکە کە خودا دایناوە « وَلِكُلِّ اُمَّةٍ اَجَلٌ " وَلِكُلِّ اَجَلٍ كِتَابٌ " » • عەقیدەی ئەهلی سوننەت ئەوە کە ئایینی ئیسلام بریتییە لە قورئان و حەدیث کە فەرمۆدەی پێغەمبەرە صلی‌الله علیه وسلم • ڕۆن کردنەوەی مەعنای قورئانیش حەواڵەی پێغەمبەرە صلی‌الله علیه وسلم • بەپێی بەیانی قورئان و حەدیث ئیجماعی عالمانی بەرزی ئیسلام یانێ (مجتهدین) جیگەی باوەڕە • هەروا ئەو قیاس و دەلیلانەش کە (مجتهد) بەکاریان بێنێ • کەواتە بناغەی ئەحکام لەسەر پێنج شتە : قورئان ، حەدیث ، ئیجماع ، قیاس ، ئیستیدلال •

لەهەر شوێنێکا خیلاف لە بەینی عالمە بەرزەکانا بێ ئەوە لەبەر ئەوەیە کە ئایەت و حەدیث لەو شوێنەدا نیە ، یاخود هەیە بەڵام چەند مەعنایێ هەڵئەگرێ و هەر عالمێ لەسەر مەعنایێ ئەڕوا • جا ئەوانەیان کە گەیشتن بە حەق دۆ ئەجریان هەیە • ئەوانەشیان بە حەق نەگەیشتن یەك ئەجریان هەیە کە بریتییە لە ئەجری زەحمەت کیشانەکەیان •

هەر موسوڵمانێ ئیشێکی وا هاتە ڕێگەی کە شوێنی ئیختیلافی

ئیمامەکان بێ ، پێویستە یا بڕوا بۆ لای قازێ شەرعێ کە حوکمی بۆ بدا ، یا خۆی تەقلیدی ئەو عالمە بکا کە ئەو شـتەی بەڕەوا زانیوە و قابیل نیە بە بێ یەکێ لەم دوو ڕێگەیە ئەو شتە بکا •

ئێمە عەقیدەمان وایە هەروەکو ئەووەڵی ئەم دنیا وا لە عیلمی خودادا ، هەروا ئاخرەکەیشی هەر لە عیلمی ئەوایە و کەس نازانێ کەی تەواو ئەبێ • عەقیدەشمان وایە هەر نیشانەیەکی ئـاخر زەمـان کـە حەزرەتی پێغەمبەر فەرمویێتی ، هەموی ڕاستە •

ئەمانەی کە بەیانم کردن بەکورتێ هەموو عەقیدەی موسوڵمانانی ئەهلی سوننەت و جەماعەتن کە لەسـەر ڕەوشتی حـەزرەتی پێغەمبەر و یارەکانی ئەڕۆن بەڕێدا • ئەمجار باسی پێنج بەندەی فەرعی دینە •

بەندی یەکەم : دوو کەلیمەی شەهادەت

بەندی یەکەم : دوو کەلیمەی شەهادەت (اشهد ان لا اله الا الله ، واشهد ان محمداً رسول الله) ، پێویستە هەموو موسوڵمانێ بەکورتێ مەعنای ئەم دوو کەلیمەیە بزانێ کە ئەمەیە : بە زمان ئەڵێم و بە دڵ باوەڕم هەیە کەوا هیچ زاتێ نیە بەڕاستێ بەندەیێ بۆ بکرێ مەگەر ئەو زاتە کە ناوی (الله)یە • بە زمان ئەڵێم و بە دڵ باوەڕم هەیە کەوا حەزرەتی محمدی عەرەبێ کـە دایکی ناوی ئامینەیە و باوکی ناوی عبداللهیە و باپیرەی ناوی عبدالمطلبە و باپیرە گەورەی ناوی هاشمە ، پێغەمبەری خودایە و ، خودا ڕەوانەی کردوە بۆ تەمێ و تەربیە کردنی جن و ئادەمیزاد و، لەپاش ئەو هیچ پێغەمبەرێ نابێ تا ڕۆژی قیامەت و هەرچێ ئەو فەرمویەتی و کردویەتی ڕاستە •

بەندی دووهەم : نوێژ

کە بریتییە لە پێنج فەرز لە هەموو شەو و ڕۆژێکا و ، لـە شاری مەککە

لەو شەوەدا کە حەزرەتی پێغەمبەر صلی‌الله علیه وسلم ڕۆیشت بۆ ئاسمان بۆ میعراج ، خوا فەرزی کردوون لەسەر حەزرەت و لەسەر هەموو فەردێ لە ئوممەتی ئەو کە عاقڵ و باڵغ و پاك بێ . لە بەعزێ شوێنیشا لەباتی نوێژی نیوەڕۆ نوێژی جومعە ئەکرێ کە دوو ڕکاتە لەگەڵ دوو خوطبەدا . جا لەبەر ئەوە کە شەرتی نوێژ پاکییە لە بێ دەس نوێژی و لەش‌پیسی و، پاکی ئەندام و جێگەی نوێژە ، بەر لە باسی نوێژ باسی (طهارت) ئەکەین .

مەبەس لە طەهارەت لابردنی بێ دەس نوێژییە کە پێی ئەڵێن (حدثی اصغر) و ، لابردنی لەش‌پیسییە کە پێی ئەڵێن (حدثی اکبر) و ، پاك کردنەوەی هەرشتێکە کە پیس بووبێ بەوجۆرەی کەشەرع بڕیاری‌داوە .

پێویستە بۆ لابردنی ئەم دوو حەدەثە و بۆ پاك کردنەوەی هەر شتێ پیس بووبێ ئاوێکی وەها کە بە ئاوی ڕووت ناو ببرێ ، یانێ بە بێ ناتۆرەیەکی پێویست پێی‌بڵێن ئاو . (مستعمل)یش نەبێ یانێ جارێکی‌تر بەکار نەهێنرابێ لە لابردنی حەدەث و پاك کردنەوەی شتی پیسا .

ئاوی ڕووت ڕەوایە بەکار بهێنرێ بۆ طەهارەت ، خوای ئاوی باران بێ یا تەرزە یا بەفر یا دەریا یا ڕووبار یا کارێز یا بیر . جا ئەم ئاوە یا ڕەوانە و لەبەری ئەڕوا یا ڕاوەستاوە .

یەکەم کە ئاوی ڕەوانە پاکە و پاکەوە کەرە مادام یەکێ لە صیفەتەکانی کە تام و ڕەنگ و بۆنە نەگۆڕابێ ، خوای زۆر بێ یا کەم و خوای پیسی تیابێ یا نە ، چونکە لە ئاوی ڕەوانا ئیعتیبار بە گۆڕانی یەکێ لە صیفەتەکانیەتی بینا لە سەر فەرموودەی قەدیمی ئیمامی شافیعی خوای لێ ڕازی بێ کە لە فەرموودە هەڵبژێرراوەکانە لەم شوێنەدا . خۆ ئەگەر بەهۆی شتێکی پیسەوە گۆڕابێ ، ئەوە ئەو ئاوە پیس ئەبێ و هیچ شتێك پاك ناکاتەوە و بۆ طەهارەت ناشێ . ئەگەر بەهۆی شتێکی پاکیشەوە گۆڕابێ ، مەسەلا ئاردی تێکەڵ بووبوو یا

زافەران یا شتێکی بۆندار ، ئەوە خۆی پاکە ، بەڵام بۆ طەھارەت بەکارنایێ •

بەشی دووەم کە ئاوی ڕاوەستاوە، یا گەیشتوە بە ئەندازەی (قوللەتەین) یا نەگەیشتوە • قوللەتەین بە (کێشانە) پێنج صەد ڕەتڵە بە ڕەتڵی بەغدا و بە پێوانە لە شوێنی چوار گۆشەدا زیراعێك و چارەکێکە لە درێژێ و پانێ و قوڵیدا بە زیراعی دەستی ئادەمێ کە ئەکاتە دوێ بست و نیو بە بستی ئینسانی عادەتێ چونکە زیراعەکەی نزیکەی دوێ بستە و چارەکەکەیش نیو بستە و ، لە شوێنی خڕدا یانێ لە شوێنی گردەواریدا بریتییە لە ئەندازەی دوێ زیراع بە زیراعی نەجاڕ لە باری قوڵیدا کە ئەکاتە پێنج بست بە بستی ئینسانی عادەتێ چونکە زیراعی نەجاڕ زیراع و چارەکێکە بە زیراعی ئادەمێ • لە باقێ بارەکانیتریشا بریتییە لە زیراعێ بە زیراعی ئادەمێ کە ئەکاتە دوێ بست وەکو (ابن حجر) فەرمویەتی • ئەگەر ڕێکەوت بە بارێ لەم بارانەدا لە ئەندازەی پێویست زۆرتر بو و لە بارەکانیترا کەمتر بو ، ئەوە لە باری زۆرییەکەی ئەخرێتە سەر بارە کەمەکە و بەو میزانە ئەندازەی پێویست تەواو ئەکرێ • جا ئاوی ڕاوەستاو ئەگەر لە قوللەتەین کەمتر بو و شتێکی پیسی تێکەوت ، ئەوە بە پیس دائەنرێ خوای بگۆڕێ یا نەگۆڕێ • ئەگەر شتێکی پاکیشی تێکەوت و گۆڕێ ، ئەوە خۆی پاکە بەڵام شت پاك ناکاتەوە و بۆ طەھارەت ناشێ • ئەگەر نەشیگۆڕێ ئەوە هیچ قەید ناکا •

ئەگەر گەیشتبێ بە قوللەتەین ئەوە پاکە و پاکەوەکەرە، با شتی پیسیشی تێکەوتبێ مادەم یەکێ لە سێ صیفەتەکەی نەگۆڕێ • بەڵام ئەگەر گۆڕا بەھۆی شتی پیسەوە ئەوە پیس ئەبێ • ئەگەر بەھۆی شتی پاکیشەوە گۆڕا ، ئەوە خۆی پاکە ، بەڵام شت پاك ناکاتەوە •

(بزانن) زەرەری نیە بۆ ئاو ئەو شتە پیسە کە چاو دەرکی ناکا ، یا ئەو مردارەوە بوەی کە خوێنێکی ڕەوانی نەبێ وەك مێش و زەردەواڵە • ئەمانە ئاوی کەمتر لە قوللەتەین پیس ناکەن • ھەروەھا زەرەری نیە گۆڕانێ بەھۆی

زۆر وەستانەوە ، یا بەهۆی شتێکەوە کــە پێویستی ئاوەکە بێ وەك گڵ و قەوزە ، یا بەهۆی شتێکەوە کە لە شوێنی وەستانی ئاوەکەدا یا لە گوزەرگایا بێ وەك گۆگرد و نەوت ، یا بەهۆی شتێکەوە کە نزیکی بێ وەك دارێکی بۆندار یا مردارەوەبوێەکی وا کە لەو دەوروبەرەدا بێ • هەروەها زەرەری نیە گەڵاداری کە وەربیێتە ناو ئاوەکە مــادەم بەتەواوی نەرزابێ و تێکەڵی نەبوبێ •

ئەگەر ئاوی گــۆڕاو گۆڕانەکەی هەر لەخۆیەوە نەما ، یــا بەهۆی ئاوێکیترەوە کــە بێتە سەری ، ئەوە لەم کاتەدا بە پاکەوەکــەر ئەناسرێ مادەم لە قوللەتەین کەمتر نەبێ • ئەگەر ئاوی پیس گردەوە بۆ تا گەیشت بە قوللەتەین و لەم کاتەدا گۆڕانی نەبو ، ئەوە بە پاك و پاکەوەکەر ئەناسرێ •

هەر ئاوێ (مستعمل) بوبێ یانێ بەکار هێنرابێ لە فەرزی دەسنوێژ و غوسڵا ، ئەگەر کەمتر بێ لە قوللەتەین ، ئــەوە جارێکیتر بۆ دەسنوێژ و خۆپێشۆردن ناشێ • ئەگەر ئەوەنــدەش زۆر بۆ گەیشت بە قوللەتەین و نەگۆڕابو ، ئەوە بۆ طەهارەت ئەشێ • هەروا ئەگەر ئاویتری بێتە سەر و بگا بە قوللەتەین •

کە ئاوی بەکارهێنراو ڕژایە ناو ئاوی دەسنوێژ و غوسڵ ، ئەوە ئەگەر ئەوەندە زۆر بۆ ئەگەر دایبنێی بە ئاوێکی موخالیف بۆ ئــاوی دەسنوێژ و غوسڵەکە ئەیگۆڕێ ، ئەوە پەکی ئەو ئاوە ئەخا و بۆ طەهارەت ناشێ • ئەگەر لەو ئەندازەش کەمتر بو ، زەرەری نیە مەسەلا ئەو ئاوە موستەعمەلە لە ڕەنگا بە ئاوی (عصیر) ترێی گوشراو و ، لە تاما بە هەنار و ، لە بۆنا بە گیای بۆژانە دابنرێ •

هەرکەسێ دەسنوێژی گرت بە ئاوێکی وەستاوی کەمتر لە قوللەتەین ، پێویستە لەپاش نییەت و شۆردنی دەم و چاو ، بەنیازی ئاو هەڵگۆزتن مشتێ

ئاوی لێدەربێنێ و دەستەکانی پێ بشۆرێ ، جا باقیِ دەس‌نوێژەکەی تەواو بکا • ئەگەر غوسڵیشی پێ‌کرد ئەبێ لەپێشا بەر لە نییەت هێنان مشتێ ئاو دەربێنێ جا لەگەڵ نییەتی ڕەفعی جەنابەت هەردوو دەستی بشۆرێ ، پاش ئەوە ئیتر زەرەری نیە دەس بکا بە ئاوەکەدا و ئاو دەربێنێ بۆ شۆردنی لەش • ئەگینا ئەگەر دەس‌نوێژگر پاش نییەت و شۆردنی دەم‌وچاو ، بە بێ نیازی ئاو هەڵگۆزتن دەس بکا بە ئاوێکی کەما ، یا ئەو کەسەی کە غوسڵ ئەکا لەپێشا نییەتی ڕەفعی جەنابەت بێنێ و دەس بکا بەو ئاوە کەمەدا ، ئەوە لەم دوو حاڵەدا ئاوەکە (مستعمل) ئەبێ و بۆ دەس‌نوێژ و غوسڵ کردن ناشێ •

ئەگەر یەکێ کەوتە (اشتباه) دوودڵییەوە لە ئاوێکی پاك و ئاوێ کە پیس بووبێ ، ئەوە ڕەوایە (اجتهاد) بکا و تێبکۆشێ بەهۆی بەڵگە و نیشانەوە پاکەکەیان بدۆزێتەوە و بەکاری بهێنێ • ئەگەر کەوتیشە ئیشتیباهەوە لە بەینی ئاوی ڕووت و گوڵاوا هەردووکیان بەکار بێنێ ، یانێ دوو جار دەس‌نوێژ بگرێ بەم دوو ئاوە • بەڵام ئەگەر کەوتە ئیشتیباهەوە لە بەینی ئاوێکی پاك و ئاوێکا کە خۆی پیس بێ وەکو میز ، ئەوە نابێ ئیجتیهاد بکا بەڵکو هەردووکیان تێکەڵ بکا بۆئەوەی کەڵکی طەهارەتیان پێوە نەمێنێ ، جا (تیمم) بکا •

ئەگەر یەکێکی قسە وەرگیراو خەبەری دا بە یەکێ کە ئەو ئاوە پیسە و هۆی پیسییەکەی بۆ دەرخست ، یاخود خەبەردەرەکە زانایەکی هاو مەزهەب بوو ، پێویستە باوەڕ بە قسەکەی بکا •

دروستە بەکارهێنان و ڕاگرتنی هەموو جۆرە قاپ و قاچاخێ کە پاك بێت مەگەر ئەوەی کە لە ئاڵتون و زیو دروست کرابێ ، یا پینەیەکی گەورەی زیو یا ئاڵتونی پێوەبێ لەبەر جوانیِ یا پینەی بچووکی ئاڵتون بۆ ناچاریِ • بەڵام زەرەری نیە پینەی گەورەی زیو بۆ ناچاریِ ، یا پینەی بچووکی زیو هەرچۆن بێ • هەروەها قاپێکیش کە بەمانە ڕووکەش کرابێ •

خشڵی ئاڵتون حەرامە بۆ پیاو با لە ئەسبابی جەنگیشا بێ وەکو شیر و تیر و ، هەڵقە و دانەی ئەنگوسیلە • بەڵام ڕەوایە هەر شوێنێ لە وردە ئەعزای کە نەمابێ ، شوێنی بگیرێ بە ئاڵتون وەك سەرپەنجە و لـوت و لێو و ددانێ کەوتبێ • هەروەها بەرگی ددان لە ئاڵتون کە بۆ پاراستنی ددانەکە بێ •

ڕەوایە بۆ پیاو بە بێ ئیسراف و زیادەڕەوێ ئەسبابی جەنگێ جوان بکا بە زیو ، وەك تفەنگ و دەمانچە و شـیر و نێزە و خەنجەر و قەسەتۆرە و غەیری ئەمانە ، جا خوا کابرا ئامادە بێ بۆ غەزا یا نە ، چونکە قابیلە لە ڕۆژێکا پیاو بکەوێتە جیهادەوە • ڕەوایە ئەنگوسیلەی زیو ، با لە یەکێ زیادتریش بێ ، بەڵام چەقۆی بەردەست و قەڵەمبڕ ، ئەمانە ڕەوا نیە بە زیو جوان بکرێن •

ڕەوایە بۆ ژن و منداڵ با نێرینەش بێ هەمو جۆرێ لە خشڵی ئاڵتون و زیو ، وەکو ئەنگوسیلە و بازن و خڕخاڵ و گەردنبەند و گوارە و قۆڵەوانە و گەردانە و غەیری ئەمانە بەپێی عادەت •

هەروا ڕەوایە جوان کردنی قورئان و بەرگی قورئان ، بۆ پیاو و ژن بە زیو و بۆ ژن بە ئاڵتون •

حەرامە بۆ پیاو بەکارهێنانی پارچەی هەورێشم بۆ پۆشاك و نوێن و فەرش (ڕایەخ) مەگەر لەبەر ناچارێ • هەروەها پارچەیەك کە تێکەڵ بێ لە هەورێشم و غەیـری هەورێشم ئەگەر هەورێشمەکەی زیاتـر بێ • بەڵام حەڵاڵە پینەکردنی جل بە هەورێشم لەبەر جوانێ و ، نەخشکردن بە خەیاتەی هەورێشم بـۆ پۆشاکی وەکو سەڵطە و کەوا و ، چمك زیاد کـردن لەسەر مێزەرە و بوغچە و دەستەسڕ و پەراوێز کردن ئەگەر لە چوار پەنجە بە باری پانیدا زیاتر نەبن • هەروەها ڕەوایە بەرگی قورئان و بەرگی سەعات و کیسەی پارە و بەندەخوێن لە هەورێشم بۆ پیاو و بەندی سەعات و بەندی کلیل و بەندی چەقۆ و بەندی تەزبێح و گوڵەنگەیشی لە هەورێشم بێ بەو شەرتە لە

ئەصڵی بەندی تەزبێحەکە بێ • جلێکیش کە بە زەعفەران ڕەنگ کرابێ ، ئەویش وەکو هەورێشم وایە و حەرامە لە غەیری شوێنە جیاکراوەکانا •

هەرکام لەم پارچانە کە بۆ پیاو حەرامن ، بەکارهێنانیان بۆ ژن حەڵاڵە • هەروەها بۆ منداڵی نێرینەی نابالغیش ، یانێ مەنعی باوك ناکرێ لەوەی جلێکی هەورێشم بۆ منداڵی نێرینەی نابالغی خۆی بکا •

باسی ئەسبابی بێدەسنوێژی

ئەوشتانەی ئەبن بەهۆی بێدەسنوێژی چوارن • (یەکەم) دەرچوونی شتێ لەپاش یا لەپێش غەیری (مەنی) واتە ئاوی ئینسان ، با ئەوشتە عادەتییش نەبێ وەك کرم یا خوێن یا ماددەیەکی وشك • هەروەها ئەگەر شوێنی عادەتی گیرابو و ئەو شتە لە خواری مەعیدەوە بێتە دەرەوە • بەڵام ئەگەر شوێنی عادەتی گیرابو و شتەکە لە ژووری مەعیدەوە هاتە دەرەوە ، یا شوێنی عادەتی کرابوەوە و شتەکە لە هەر شوێنێکی ترەوە لە ژوور یا لە خواری مەعیدەوە هاتەدەر ، ئەوە زەرەری نیە •

(بێداری) سوودی جیا کردنەوەی مەنی ئەوەیە ئەگەر کەسێکی خاوەن دەسنوێژ مەنی لێدەرچێ ئەوە لە پاش غوسڵی لەشپیسی پێویستی بە دەسنوێژ نیە ، بەپێی ئەو قسەیە کە وتراوە گوایە دەسنوێژ بە غوسڵ جێبەجێ نابێ •

(دووەم) نەمانی هۆشە بە نوستن یا بە شێتی یا بە سەرخۆشی ، مەگەر نوستنی کەسێ کە قنگی خۆی لەسەر جێگاکەیا دامەزراندبێ بەجۆرێ کە هیچی لێ دەرنەچێ •

(سێهەم) بەیەكگەیشتنی پێستی نێر و مێیەکی نامەحرەمە ، مەگەر منالێکی وا تەمەنی لە وادەی ئارەزوی ئادەمیزادی عادەتی کەمتر بێ ئەوە

دەس‌نوێژ ناشکێنێ • هەروەها دەس‌دان لە مۆی نامەحرەم و نینۆك و ددانی زەرەری نیە •

(چوارەم) گەیشتنی بەری دەستی یەکێکە بە پێستی پاش و پێشی خۆی یا کەسێکی‌تر • جا ئەگەر ئەمانە نێر و مێیەکی نامەحرەمن ئەوە دەس‌نوێژی هەردوکیان ئەشکێ ، ئەگینا هەر دەس‌نوێژی خاوەن دەستەکە ئەشکێ • هەروەها دەس‌نوێژ ئەشکێ بە دەس‌دان لە پاش و پێشی ئینسانی مردو و منالی بچوك و جێگەی بڕینی زەکەری منال و بە دەس‌دان لە زەکەری شلەپەتکە با بە دەستێ کە شەل بێ • بەلام زەرەری نیە دەس‌دان لە پاش و پێش بە سەری پەنجە یا بە ناوبەینی پەنجەکان یا دەس‌دان لە بەر و دوای حەیوانات و پەلەوەر •

حەرامە لەسەر بێ‌دەس‌نوێژ نوێژ کردن و تەوافی مالی کەعبە و هەلگرتنی یا دەس‌لێ‌دانی قورئانی پیرۆز یا قایشی بەرگەکەی یا کیف یا صندوقەکەی ، لەکاتێکا کە قورئانەکەی تیابێ • هەروەها ئەو پارچەیە کە بۆ دەرس خوێندنی منال نوسراوەتەوە وەکو تەتەلەی دار ، نەك ئەوەی بۆ دوعا نوسراوەتەوە • بەلام دروستە هەلگرتنی قورئان لە ناو ئەشیادا وەکو پارچە و پۆشاك و شت‌ومەکی عادەتی • هەروا دەس‌دان لەو قورئانە کە لە کتێبی تەفسیرا بە تێکەلی نوسراوەتەوە و هەلگێڕانەوەی پەڕەکانی بە دار • بەلام منالی بێ‌دەس‌نوێژ مەنع ناکرێ لە هەلگرتن و دەس‌دان لە قورئان •

ئەگەر کەسێ بەتەحقیق ئەیزانی لەمەوپێش دەس‌نوێژی بوە ، بەلام ئیستە گومانی هەبێ لەوەدا کە بێ‌دەس‌نوێژی بەسەرا هاتوە ، یاخود بەتەحقیق ئەیزانی لەمەوپێش بێ‌دەس‌نوێژ بوە و ئیستە گومانی هەبێ لەوەدا کە لەدواییدا دەس‌نوێژی گرتبێ ، ئەوکەسە یەقینە پێشوەکەی حسێبە • ئەگەر بەتەحقیق ئەیزانی لەمەوبەر دەس‌نوێژ و بێ‌دەس‌نوێژی بەسەرا هاتوە ،

بەڵام نەیئەزانێ کامیان لەپێشەوە بوە ، ئەوە ئەبێ تەماشای حاڵی پێش ئەم دوو حاڵەتە بکا : ئەگەر لەو کاتەدا بێدەسنوێژ بوە ئێستە بە خاوەن دەسنوێژ ئەناسرێ و ، ئەگەر دەسنوێژی بوە ئێستە بێدەسنوێژە ، بەو شەرتە عادەتی لەسەر تازە کردنەوەی دەسنوێژ بێ ، ئەگینا لەم صوورەتا ئێستە بەخاوەن دەسنوێژ ئەناسرێ •

ئوسووڵی چوونە سەر ئاو

سوننەتە ئینسان لەوکاتەدا کە ئەڕواتە ناو ئەدەبخانەوە بڵێت «بِسْمِ اللهِ اللّهُمَّ انّي اَعُوذُ بِكَ مِنَ الخُبْثِ والخَبائِثِ» • لەو کاتەشا کە دێتە دەرەوە بڵێت « اَلحَمْدُ للهِ الذي اَذْهَبَ عَنِّيَ الاذى وعافاني » • سوننەتیشە کە ئەچێتە ماڵەوە پێی چەپی بخاتە پێشەوە و کاتێ دێتە دەرەوە پێی ڕاستی بخاتە پێشەوە و لەکاتی دانیشتنا هێز بداتە لای چەپی •

کەراهەتی هەیە هەڵگرتنی شتێ کە ناوی خوای لێ نووسرابێ یا ناوی پێغەمبەرێ لە پێغەمبەران بەو شەرتە مەبەست ئەو زاتە گەورەیە بێ ، بەڵام هەڵگرتنی ئەوەی کە قورئانی لێنووسراوە بە قەصدی نووشتە ئەوە کەراهەتی نیە بەو شەرتە لە شتێ گیرابێ وەکو موشەمما(١) وەك ئیمامی نەوەوی لە کتێبی (المجموع)دا نووسیویەتی •

کەراهەتی هەیە قسە کردن لەسەر ئەدەبخانە بە ناوبردنی خوا و غەیری ئەوەش لەکاتی دەرچوونی پیسایی و لە غەیری ئەو کاتەیشدا(٢) • حەرامە ڕووکردن و پشتکردن لە قیبلە لەسەر قەزای حاجەت لە صەحرادا و ،

---

(١) ئەم مەسئەلە لە لاپەڕە (٧٦)ی (حاشیەی شێخ سلیمانی مەدەنی)دا لەسەر (شەرحی مقدمەی بافضل) باسکراوە .

(٢) ئەم مەسئەلە (اعانە) نەقڵی ئەکا لە (بجیرمی)یەوە لە لاپەڕە (١٠٩)دا .

کەراهەتیان هەیە لەناو بینادا بەو شەرتە ئەو شوێنی قەزای حاجەتە بەتایبەتی دروست نەکرابێ ، ئەگینا بە هەر وەزعێ دابنیشێ ئەوە دروستە و عەیبی نیە • سوننەتە ئەوەندە دوور بکەوێتەوە لە خەڵك کە دەنگ و بۆنی نەبیسن • سوننەتە خۆی داپۆشێ بە شتێ کە عەورەتی دابگرێ بەو شەرتە کەس نەبێ لەوێ بۆی بڕوانێ ئەگینا خۆداپۆشین واجبە • کەراهەتی هەیە میز کردن لەناو ئاوی ڕاوەستاوا ئەگەرقوللەتەین بێ و حەرامە ئەگەر کەمتر بێ لە قوللەتەین بەوشەرتە ئەو ئاوە موڵکی خۆی بێ یا موباح بێ • ئەگەر موڵکی یەکێکی‌تر بێ ئەوە میز تێ‌کردنی بە هەمو جۆرێ حەرامە •

هەروا کەراهەتی هەیە قەزای حاجەت لەسەر ڕێگایێ کە هاتوچۆی پیابکرێ و ، لەژێر داری خاوەن بەردا چ لەکاتی بەر و چ لە غەیری ئەو کاتەدا • هەروا لە شوێنی گردبونەوە و قسەکردنی خەڵکا بەوشەرتە موڵکی خۆی بێ یا موباح بێ • ئەگەر شوێنەکە موڵکی غەیر بێ ئەوە بە قەطعی حەرامە تیا دابنیشێ ، مەگەر باوەڕی وابێ ئەو خاوەن ئەرزە ڕازییە • کەراهەتی هەیە میز کردن بە کونی ئەرزا و لە بەرەوڕۆی بادا •

واجبە (استنجا) خۆ پاك کردنەوە لە پیسی بە ئاو یا بە بەرد و بە هەردوکیان باشترە • ئەگەر بە هەردوکیان بو لە پێشا بەرد بەکار بهێنێ ، دوای ئەوە بە ئاویش بەر و دوای بشۆرێت • وەك بەرد وایە بۆ (استنجا) هەرشتێ کە وشك و پاك بێ و پیسی هەڵبکەنێ و حورمەتی نەبێ ، نەك بەردی تەڕ و پشقل و تەپاڵە و قامیشی ساف و پێستێ کە دەباخی کرابێ •

شەرتی بەکارهێنانی بەرد ئەوەیە شوێنە پیسەکە وشك نەبوبێتەوە و پیسییەکە لە شوێنی عادەتی لای نەدابێ و شتێکی بێگانەی‌تری نەهاتبێتە سەر • ئەگەر پیسییەکە وشك بوبوەوە ، یاخود لە ئەندازەی جێگەی عادەتی لای‌دابو ، مەسەلا لای‌دابو لە تەختەی ئەم بەرەوبەری لاقنگی و

تەڕێ لە سەری زەکەری تەجاوەزی کردبو ، یاخود شتێکی بێگانەیان بەسەرا هاتبو ، ئەوە پێویستی بە ئاوە •

واجبە سێ جار بەرد بێنێ بەو شوێنەدا بە سێ بەرد یا بە سێ گۆشەی تاقە بەردێ • ئەگەر بەم سێ جارە پاك نەبوەوە واجبە پاکی بکاتەوە هەرچەندێکی بوێ • سوننەتە ژمارەی بەرد پیاهێنانەکان لەم کاتەدا تاق بێ • سوننەتە بە دەستی چەپ استنجا بکا • استنجا پێویست نیە بۆ کرم و بۆ ماددەیێ کە بە وشکێ بێتە دەرەوە • هەروا استنجا نیە لە دەرچوونی (با) ئەگەرچی شوێنی دەرچوونیشی تەڕ بێ •

باسی دەس‌نوێژ

ئەو شتانە کە پێویستن لە دەس‌نوێژا شەش شتن (یەکەم) قەصد و نیەت ، مەسەلا لە دڵیا بڵێ نیەتم هەیە بێ‌دەس‌نوێژێ لە خۆم لائەبەم یا نیەتم هەیە ئەوشتانە کە موحتاجی دەس‌نوێژن حەلاڵیان ئەکەم لە خۆم ، یا نیەتم هەیە فەرزی دەس‌نوێژ بەجێ‌بێنم • بەڵام یەکێ کە هەمیشە بێ‌دەس‌نوێژ بێ وەکو ژنی (مستحاضە) کە هەمیشە خوێنی لێ بێ ، نابێ نیەتی لابردنی بێ‌دەس‌نوێژێ بێنێ چونکە هەمیشە بێ‌دەس‌نوێژە • ئەگەر یەکێ لەگەڵ قەصدی لابردنی بێ‌دەس‌نوێژیدا نیەتی خۆ فێنك کردنەوەیشی ببێ عەیبی نیە • بەڵام ئەگەر نیەتی ئەو شتانەی هەبو کە دەس‌نوێژ گرتن سوننەتە بۆیان وەکو قورئان خوێندن ، ئەوە کافی نیە • پێویستە ئەم قەصد و نیەتەی ببێ لەگەڵ شۆردنی ئەووەڵ بەشی ڕوخساری ، بەم‌مەعنا نیەتەکە لەگەڵ شۆردنی هەرشوێنێکا هەبێ ، ئەوە بە ئەووەڵ شوێنی ڕوخساری دائەنرێ لەم دەس‌نوێژەدا • دروستە بڵاوکردنەوەی نیەت بەسەر یەکەیەکەی ئەعزای دەس‌نوێژا ، مەسەلا ئەووەڵ جار بڵێ نیەتم هەیە بێ‌دەس‌نوێژێ لە ڕوم لائەبەم ، هەروا تا مەسحی سەر و شۆردنی پێ •

(دووەم) شۆردنی ڕوخسارە کە بەدرێژێ ناوبەینی سەوزبونی مۆی سەرە بە ئەغلەب و ، بڕانەوەی هەردۆ شەویلەیەتی لە ئاخری چەناکەدا و بە پانییش ناوبەینی هەردۆ گوێیەتی • جا لەسەر ئەم قەرارە تەختی تەوێلی ئینسان لە دەم و چاوە نەك (نزعتان) واتە ئەو دۆ شوێنە بێموە کە بەلای پێشی سەرا بەرز ئەبنەوە و ، نەك (تحذیف) واتە ئەو دۆ گوڵە موە کە وان لە ڕاست و چەپی تەوێڵەوە و هەرزەکارەکان ئەیتاشن • پێویستە لەکاتی شۆردنی ڕوخسارا شۆردنی هەمۆ ئەجزای برۆ و برژانگ و گێسۆ کە بریتییە لە دۆ بەستەمۆ کە بە لای گوێچکەکاندا دێنە خوارەوە • کوڵم و سمێڵ و چاڵی چەناکە بە پێست و بە موەوە دەر و ناویان واجبە بشۆررێ ، بەڵام مۆی (عارض) واتە ڕۆ کە وا لە خواری گێسوەوە هەتا چەناکە و مۆی (لحیة) ڕێش کە بریتییە لە مۆی چەناکە ئەگەر تەنك بۆن واجبە دەر و ناویان بشۆررێ • ئەگەر پڕیش‌بۆن هەر ڕۆی دەرەوەیان واجبە بشۆررێ ، تەنانەت ئەوەیشی کە لە ئەندازەی ڕوخسار و چەناکە چوەتە دەرەوە •

(سێهەم) شۆردنی هەردۆ دەستە لەگەڵ هەردۆ ئەنیشکا ، جا ئەگەر بەعزێ لە دەستی کابرا بڕابۆ ، پێویستە ئەوەی کە ماوە بیشۆرێ • ئەگەر لە ئەنیشکابڕابۆ ، پێویستە سەری ئێسقانی قۆڵی بشۆرێ ، بەڵام ئەگەر لە ژۆرترەوە بڕابۆ ئەوە شۆردنی باقییەکەی فەرز نیە بەڵکو سوننەتە •

(چوارەم) مەسحی سەرە ، واتە بە دەستێ کە تەڕ کرابێ بە ئاوێکی تازە دەست بهێنێ بەسەریا چ بەسەر پێستەکەیا یا بەسەر موەکەیا بەوشەرتە کە ئەو موە لەسەر سنۆری سەر لای‌نەدابێ • ئەگەر لەباتێ مەسحی سەر سەری بشۆرێ ئەوە باشترە • کافییشە ئەگەر دەستێکی تەڕ دانێ لەسەر موەکان بێ‌ئەوەی دەستی بەملاولادا بجۆڵێنێتەوە •

(پێنجەم) شۆردنی هەردۆ پێیە لەگەڵ هەردۆ قاپەکانا • (بزانن)

پێویستە لەگەڵ شۆردنی ئەم ئەعزایانە کـە بەیانمان کردن بەقەد مۆیێ لە ئەعزا دراوسێکانیش بشۆررێن بۆئەوە کە شۆردنی ئەمانە بەشەرع جێبەجێ ببێ •

(شەشەم) تەرتیبە یانێ بەجێهێنانی ئەم ئادابە بەپێی ئەم ڕیزەی کە بەیانمان کرد • بەڵام ئەگەر کەسێکی بێدەس‌نوێژ بە نییەتی ڕەفعی حەدەث خۆی کرد بـە ئاوێکا و هەمۆ لەشی تەڕ بۆ و گورج هاتـەدەرەوە ، ئەوە لەباتێ دەس‌نوێـژ کافییە بۆی • ئەگەر یـەکێ لەم ئەعزایانەی لەبـیر چۆ پێویستە بگەڕێتـەوە بۆی بیشۆرێ و هەرچێ کەوتووەتـە دوای تەرك کراوەکە ئەبێ ئەوەش بشۆرێتەوە • ئەگەر لەناو دەس‌نوێژەکەیا شکی کەوت لە تەرك کـردنی فەرزێکا لە فەرزەکانی دەس‌نوێژ ، پێویستـە بیکاتەوە و هەرچێ وا لـە دوای ئەوەیشەوە ، ئەگەر کردۆیە بیکاتەوە • ئەگـەر ئەم گومانەی لەپاش تەواو کردنی دەس‌نوێژەکە بۆ ، ئەوە ئیعتیباری پێ ناکرێ مەگەر شك لە تەرکی نییەتا ، ئەوە گەرەکە بۆی بگەڕێتەوە و سەرلەنوێ دەس‌نوێژەکەی بگرێتەوە •

سوننەتە بـۆ دەس‌نوێژگر لە ئەووەڵەوە « بسم‌الله » بکا • ئەگەر لە ئەووەڵەوە تەرکی کرد لەنـاو دەس‌نوێژەکەدا بیکا • سوننەتە بەر و پشتی هەردۆ دەستی بشۆرێ بەر لە دەس‌نوێژ ، بەڵکو ئەگەر شکی بۆ لە پاکێ دەستیا کەراهەتی هەیە بیکا بە ناو ئاوی ڕاوەستاوی کەمتر لە قوللەتەیندا • سوننەتە سیواك بکا بە شتێکی زبر بەوشەرتە شتەکە پاك بێ ، هەر پەنجەی خۆی نەبێ • ئەبێ ئەم سیواکە بهێنێ بە باری پانێ دانەکانیا لە دەر و ناوەوە و بە باری درێژێ زمانیا • هەروا سیواك سوننەتە لەکاتی نوێژکردن و لەکاتی هەستان لە خەو و لەکاتی گۆڕانی تامی دەمدا مەگەر بۆ کەسێ بەڕۆژۆ بێ لەپاش نیوەڕۆ ، ئەوە کەراهەتی هەیە •

سوننەتە ئاو لە دەم و لوت ڕادا بە سێ لالەوێچ بە هەر لەوێچێکیان جارێ ئاو ڕادا لە دەمی و لەپاش ئەوە ئاو ڕادا لە لوتیشی • سوننەتە پەنجە بخاتە بەینی موی ڕیشیەوە ئەگەر پڕ بێ و دەست بخاتە بەینی پەنجەکانی دەست و پێی و لە هەمو غوسڵ و کردەوەیەکی دەسنوێژا لای ڕاست بخاتە پێشی لای چەپەوە و موبالەغە بکا لە ئـاو ڕادانی دەم و لوتیا ، مەگەر لە وەختی ڕۆژودا و درێژە بدا بە شۆردنی ناوچاوی و هەردو دەست و هەردو پێی • سوننەتە مەسحی هەمو سەری بـکا و هەردو گوێچکەیشی لەپاش سەر مەسح بکا • ئەگەر لابـردنی کڵاوەکەی گران بو مەسحەکە بەسەر کڵاوەکەیا تەواو بکا •

سوننەتە سێ جار کردنەوەی شۆردن و مەسحی ئەعزای دەسنوێژ • سوننەتە زۆر مولاحەزەی چرچ و لۆچی ڕوخسار و دەست و پێ و پاژنە و ئەنیشك و سەر و قنگی چاو و بەری لوتی بکا • ئەگەر لە ژمارەی غوسڵ و مەسحا کەوتە شکەوە باوەڕ بەو بارە بکا کە بەلایەوە ڕاستە • سوننەتە بە بێ‌بەهانەی شـەرعێ یارمەتێ لە کەس وەرنەگرێ لـە دەسنوێژ گرتنا • هەروەها سوننەتە ڕوی تیا بکاتە قیبلە و قسەی دنیایێ تیا نەکا • سوننەتە لە دەسنوێژا ئـاوی دەستی هەڵنەوەشێنێ و بە بێ‌بەهانە خـۆی وشك نەکاتەوە •

سوننەتە لەپاش دەسنوێژەکەی ڕو بـکاتە قیبلە و هەردو دەستی بەرزەوە بکا و بڵێت « اَشْهَدُ اَنْ لا اِلهَ اِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لاشَرِيكَ لَهُ ، وَانَّ سَيِّدَنا مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ • اللَّهُمَّ اجْعَلنِي مِنَ التَّوّابِينَ واجْعَلنِي مِـنَ المُتَطَهِّرِينَ ، سُبْحانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، اشهَدُ انْ لا اِلهَ اِلاّ انتَ استَغفِرُكَ واتوبُ اليكَ » و هەر لە حاڵی بـەرەو قیبلەدا سورەتی (اِنّا اَنزَلْنا) بخـوێنێ ، بەڵام دەستی بەرز نەکاتەوە •

باسی دەسهێنان بە تەڕیٖ بەسەر خوفدا لەباتیٖ شۆردنی پیٖ

دروستە مەسحی خوف لە دەسنوێژدا لەباتیٖ شۆردنی پیٖ لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا بۆ نیشتەجیٖ و ، بۆ ماوەی سیٖ شەو و سیٖ ڕۆژ بۆ سەفەریٖ (ڕێبوار) • ئەم ماوەیە حیساب ئەکریٖ لە ئاخری ئەو بیٖدەسنوێژییەوە کە لەپاش لە پیٖکردنی خوفەکانەوە بەسەریا دێت • ئەگەر بە نیشتەجێییٖ خوفی لە پیٖکرد ، جا بۆ بە ڕێبوار ، یا پێچەوانەی ئەمە ، ئەوە لەم دوٖ وەزعەدا نابیٖ ماوەی ڕێبوار تەواو بکا ، بەڵکو ئەو ماوەیە کە خوفەکەی تیا پۆشیوە : ئەگەر کەمترە لە شەو و ڕۆژیٖ ، ئەوە شەو و ڕۆژەکە تەواو بکا و ، ئەگەر ڕێکە ئەوە تەواوە و ، ئەگەر زیاترە ئیتر خوفەکە فڕیٖبدا و ئەو ماوە زیادەیەی بۆ قوبوٚڵ ئەکریٖ چونکە بە عەزمی ڕێبواریٖ لە پێیدا بوە ، وەکو لە (تحفە)دا بەیان کراوە •

شەرطی خوف ئەوەیە (یەکەم) پاک بیٖ • (دووەم) شایانی ئەوەبیٖ کە یەک لە شوێنی یەک هاتوچوٚی پیٖبکریٖ بۆ ئەو ئیشانە کە پێویستی ڕێبوارن وەکو بارخستن و دار چنینەوە لەو ماوەیەدا کە خوفەکانی وا لەپێدا • (سێهەم) داپۆشەر بیٖ بۆ هەر شوێنێکی پێی کە شۆردنی فەرز بیٖ • (چوارەم) ئەگەر ئاو بکەی بەسەریا دایٖنەدا بۆ پێی لە غەیری جێگە تەقەڵ و کونی قۆپچەوە • یانیٖ ئەگەر تەنراوە ئەبیٖ ئەوەندە سفت بیٖ ئاو دانەدا و ئەگەر نەتەنراوە ئەبیٖ قایم بیٖ وەکو قایش و لباد و موشەمماییٖ کرابیٖ بە خوف • ئەگەر پارچە قایش بپێچیٖ بە پێیەوە و بە بەن قایمی بکا ، ئەوە دروست نیە ، چونکە ئەوە لە عورفا ناوی خوف نیە • بەڵام دروستە مەسحی خوفیٖ کە پاژنەکەی لەت بوٚبیٖ و بە دەزوٚ یا بە قۆپچە قایم کرابێتەوە • (پێنجەم) لەپاش تەواوبوٚنی دەسنوێژەکە بکرێتە پیٖ • (شەشەم) لە ماوەی ناوبراو لانەدا • (حەوتەم) لە ناوەندی ماوەکەدا

دانەکەنرێ لە پێ • (هەشتەم) مانیعێکی وەکو لەش‌پیستێ بەسەرا نەبێ •

ئەگەر ئینسانێ دوو خوفی یەك لەسەر یەك کردە پێ ، ئەوە یا هەردوو خوفەکان زەعیفن یا هەردوو ئەستوورن یا سەروەکە زەعیفە و ژێروەکە ئەستوورە یا پێچەوانەی ئەمەیە • لە یەکەم حالاّ مەسحی هیچیان بەکار نایێ • لە دووەم و سێهەما پێویستە مەسحی ژێروەکەیان بکرێ •لە چوارەما مەسحی سەروەکەیان ڕەوایە و مەسحی ژێروەکەیان بەکار نایێ •

کافییە بۆ مەسحی خوف ئەوەندە کە ناوی مەسح بێ لەسەر ئەو شوێنە کە شۆردنی فەرزە ، مەگەر ژێرپێ و لاپێ و پاژنە ، ئەوە مەسحی ئەمانە بەکار نایێ و سوننەتە مەسحی پشت و بەری پێ بە چەند خەتێ •

باسی غوسڵ

ئەوشتانە کە ئەبن بەهۆی فەرزبوونی غوسڵ یانێ شۆردنی هەموو لەش ، شەش شتن : (یەکەم) مردنە • هەرکەسێ کە مرد گەرەکە بشۆررێ مەگەر شەهیدی ناو شەڕی کافران • (دووەم) ڕزگاربوونی ژنە لە خوێنی حەیض • (سێهەم) ڕزگار بوونیەتی لە خوێنی « نفاس » منداڵ بوون • (چوارەم) منداڵ لێ‌بوونە هەرچەند تەڕێ و خوێنی لەگەلاّ نەبێ• (پێنجەم) لەش‌پیسییە کە پەیدا ئەبێ بە تێچوونی سەری زەکەری ئینسانێ یا حەیوانێ ، ئەوەی کە لە خەتەنەدا پێستی پێوە نامێنێ یا ئەندازەی ئەوە لە باقێ زەکەری یەکێ کە سەری نەمابێ بۆ ناو پێش یا پاشی ئینسانێ یا حەیوانێ زیندوو بێ یا مردوو ، چ ئەو زەکەرە بە خاوەنەکەیەوە بێ یا بڕابێ • بەلاّم ئەگەر بڕابێ ئەوە غوسڵ لەسەر خاوەن زەکەرەکە نیە•جا ئەگەر هەردولا موکەللەف بن ئەوە غوسڵ بۆ هەردو پێویستە ، ئەگینا هەر لەسەر ئەویانەیە کە موکەللەفە • (شەشەم) دەرچوونی «مەنێ» تۆوی خۆیەتی لە ئەووەڵ جارا لە ڕێگەی عادەتێ و غەیرە عادەتییەوە بەو جۆرە کە باسی دێت • دەرچوونی مەنێ بە چوار جۆرە (یەکەم)

ڕێگەی عادەتی گوشاد بێ و مەنییەکە لەوێوە دەرچێ • ئەمە ئەبێ بەهۆی غوسڵ هەرچۆن بێ واتە ڕەنگی مەنییەکە عادەتی بێ یا سوور بێ وەکو خوێن ، لەبەر نەخۆشی دەرچێ یا لەگەڵ ساغی لەشدا ، بەو شەرتە یەکێ لە نیشانەکانی تیابێ • (دووەم) ڕێگەی عادەتی گوشاد بێ ، بەڵام مەنییەکە لە ڕێگایەکیترەوە دەرچێ • ئەمە ئیعتیباری نیە بە هیچ نەوعێ • (سێهەم) ڕێگەی عادەتی گیرابێ و مەنییەکە لە خوار پشتی پیاو و لەژێر ئێسقانی سنگی ژنەوە دەرچێ، ئەمە ئەبێ بەهۆی غوسڵ بەو شەرتە (مستحکم) بێ یانێ لەبەر نەخۆشی نەبێ و ڕەنگیشی عادەتی بێ • (چوارەم) ڕێگەی عادەتی گیرابێ و مەنییەکە لە غەیری ئەو دوو شوێنەوە وتمان بێتە دەرەوە یا لەبەر نەخۆشی بێ یا ڕەنگی عادەتی نەبێ ، ئەمەیش ئیعتیباری نیە •

وتمان (مەنی خۆی) لەبەرئەوە ئەگەر یەکێ بڕواتە لای ژنی خۆی و ژنەکە مناڵ بێ ، ئەوە لەدوای ئەوە کە ژنەکە غوسلی ئەو جیماعەی کرد ، مەنی مێردەکەی لە عەورەتی بێتە دەرەوە ، نابێ بە هۆی ئەوە کە جارێکیتر غوسڵ بکا • وتیشمان (لە جاری ئەووەڵا) لەبەرئەوە ئەگەر یەکێ لەپاش ئەوەی مەنی لێدەرچوو ئەو مەنییە بە ئەسبابێ بکاتەوە ناو زەکەری و جارێکیتر بێتە دەرەوە ، ئەوە نابێ بەهۆی غوسڵێکیتر •

پێویستە بزانین ئەگەر ئینسانێ مەنی هاتەدەرەوە و خۆی شۆری ، لەدوای ئەوە میزی کرد و بەهۆی میزەکەوە مەندەی ئەو مەنییە لە زەکەری بێتە دەرەوە ئەوە پێویستە غوسڵێکیتر بکا • جا لەبەر ئەوە سوننەتە ئینسان لەپاش دەرچوونی مەنی میز بکا بۆ ئەوە کە زەکەری لە مەنی پاك ببێتەوە ، وەکو لە (اعانە)دا بەیانی کردوە •

نیشانەی مەنی سێ شتە (یەکەم) ئەوەیە کە هەڵقوڵێ • (دووەم) ئەوەیە بە دەرچوونی مەنییەکە خاوەنەکەی لەزەتی پێبگا • (سێهەم) ئەوەیە لەکاتی تەڕیدا بۆنی هەویر و لەکاتی وشکیدا بۆنی سپێنەی هێلکە بدا • ئەگەر

هیچ‌کام لـەم صیفەتانەی تیا نەبێ ئەوە غوسڵ واجب نابێ • حـەرامە بە لەش‌پیسییەوە هەرچێ کە بە بێ‌دەس‌نوێژێ حەرام بێ • هەروەها ڕاوەستان و مانەوە لە مزگەوتا ، بەڵام ڕێبوارێ بەناو مزگەوتا ڕەوایە • هەروەها حەرامە قورئان خوێندن ، بەڵام ئەوەی کە (ذکر) بێ دروستە بە قەصدی ذکر نەك بە قەصدی قـورئان وەکو (سُبحانَ الَّذي سَخَّرَ لَنا هـذا) لەکاتێکا کە سواری وڵاخ ئەبێ •

غوسڵ لای کـەم و زۆری هەیە • لاکەمەکەی ئەوەیە لـە ئەووەڵەوە نییەتی لابردنی لەش‌پیسێ یا حەڵاڵ کردنی نوێژ یا بەجێ‌هێنانی فەرزی غوسڵ بێنێ ، هەمێ لەشی بە پێست و مووەوە بشۆرێ ، ئیتر واجب نیە ئاو لە دەم و لوتی ڕادا • لازۆرەکەشی ئەوەیە لەپێشا هەرچێ چڵك و چەپەڵییە لە لەشی خۆی لابدا ، پاشان دەس‌نوێژێکی تـەواو بگرێ ، جا دەس بخاتە چرچ و لۆچی لەشی ، جا ئاو بکا بەسەریا و دەس بخات لە سەری ، ئەوجا ئاو بکا بەلای ڕاستیا ، پاش ئەوە ئاو بکا بەلای چەپیا و باش دەس بخا لە ئەعزای لەشی و سێ جار ئەم بەکارهێنانی ئاوە بەجێ‌بێنێ •

ئەگەر ئەو کەسەی خۆی ئەشۆرێ ژنی خاوەن حەیض بو ، شتێکی بۆن خۆشی وەك میسك بپێچێ لە لۆکەوە و بیخاتە فەرجیەوە • تازەکردنەوەی غوسڵ سونەت نیە ، بەڵام تازەکردنەوەی دەس‌نوێژ سوننەتە •

پێویستە بێ غوسڵ بەینی هەرچی مێ وا لە ئەعزای ئینسانا وەکو برۆ و گیسێ و ڕیشی پڕ و مێی سەر و سنگ و مـێی بەر هەمێی بشۆرێ • پەلکەی ژن ئەگەر ناوەکەی تەڕ نەدەبێ بە بێ‌کردنەوە ، فەرزە بیکاتەوە بۆ ئەوەی ناوەکەی بشۆرێ • هەر مێیێ خـۆی لەخۆیەوە لوڵ بێ شۆردنی دەرەوەی بەسە• عەفو ئەدرێ لە شوێنی ڕشك یا چنگنەیێ لکابێ بە بێخـی موەکانەوە ئەگەر تاشینی ئەو موە عەیبی تیابێ وەکو ڕیشی پیاو و سەری ژن • ئەگینا فەرزە بتاشرێن بۆئەوە کە ئەو شوێنانە هەمێ تەڕ بین • واجبە

شۆردنی بنی نینۆك و هەرچێ بەدەرەوەیە لە کڕاکەی گوێ و ئەو شوێنانەی بەرودوا کە لەکاتی دانیشتنا دەرئەکەون و ، ژێری ئەو پێستەی وا بەسەری زەکەرەوە بۆ کەسێ کە خەتەنە نەکرابێ • بەڵام ناوی چاو و دەم و لوت و ئەوەی کە دیار نیە لە کڕاکەی گوێ شۆردنیان واجب نیە ، هەرچەند ئەگەر پیس بن نوێژیان پێ بەتاڵ ئەبێتەوە •

ئەگەر یەکێ لەوانەی غوسڵیان لەسەر فەرزە پیسێ بە لەشیەوە بێ و بە یەك‌جار ئاو بەلەشاکردن ئەو پیسییە لائەچێ ، ئەوە بەسە یەك‌جار ئاو بکا بەخۆیا بۆ لابردنی لەش‌پیسێ و لابردنی ئەو پیسییە • ئەگەر بە جارێکیش لانەئەچێ گەرەکە لەپێشا پیسییەکە لا ببا جا بە نییەتی لابردنی لەش‌پیسێ ئاو بکا بە خۆیا •

ئەگەر کەسێ غوسڵی کرد بە قەصدی لابردنی لەش‌پیسێ و بەجێ‌هێنانی سوننەتی غوسڵی جومعە ئەوە هەردوکیانی بۆ بەجێ‌دێت • ئەگەر تەنیا بە نییەتی یەکێکیان خۆی شۆرێ هەر ئەوەی بۆ بەجێ‌دێت •

ئەگەر یەکێ بێ‌دەس‌نوێژ بێ و جەنابەتیشی بەسەرا هات یا بەپێچەوانەوە ، ئەوە یەك غوسڵ بە نییەتی لابردنی جەنابەت بۆ هەردوکیان بەسە •

باسی ئەوشتانە کە پیسن

هەرشتێکی ئاوەکێ کە ئینسان سەرخۆش بکا ، لە شەرعدا بە پیس ئەناسرێ وەك هەمێ ئەنواعی شەراب• لە گیانلەبەری زیندێشدا سەگ و بەراز و بەچکەیان پیسن• هەروەها هەمێ مردوێك تەنها مردێی ئادەمێ و ماسێ و کولە نەبێ•هەرچێ لە پێش و پاشی گیانلەبەر دەرچێ وەکو شیاکە و پشقل و میز و مەزێ کە ئاوێکی تەڕاوی لینجە و لەکاتی هێرشی ئارەزێدا

پەیدا ئەبێ و ، وەزێ کە ئاوێکی خەستی سپییە لەکاتی وشکـێ میزاج و هەڵگرتنی شتی گرانا پەیدا ئەبێ پیسن • بـەڵام مەنێ هەمۆ گیانلەبەرێ پاکە تەنها مەنێ سەگ و بەراز و بەچکەیان نەبێ • شیری هەر گیاندارێ گۆشتی نەخورێ پیسە ، شیری ئینسان نەبێ •

هەروەها هەر پارچەیێ لە زیندۆ جیابێتەوە وەکو مردوەکەی وایە ، ئەگەر مردوەکەی پـاك بێ ئەو پارچەیشە پاکە ، وەکو پارچـەی کوللە و ماسێ و ئینسان • ئەگـەر مردوەکەی پیسە ، ئەو پارچەیشـە پیسە وەکو پارچەیێ لە دۆگی مەڕ کە بە زیندوێ لێی جیابێتەوە • کەوابێ عەرەقی هەمۆ وڵاغێ پیسە ، هەروا مۆی کەر و هێستر کە جیا بوەوە پیسە • بەڵام مۆی حەیوانێ گۆشتی بخورێ وەکو مەڕ و بـزن و وشتر و پەڕی پەلەوەرێ گۆشتی بخورێ وەکو کەو و قاز و مریشك ئەوە پاکە •

ماددەی منداڵ کە هێشتا پارچە خوێن یا پارچە گۆشت بێ ، ئەگەر لە سکی ژن داکەوێ بە پاك ئەناسرێ • هەروا تەڕایێ فەرجی ژن ئەوەی لەکاتی دانیشتنا دەرکەوێ پاکە •

هەرشتێ خۆی پیس بێ بەقەطعێ پاك نابێتەوە مەگەر دۆ شت (یەکەم) شەرابێ کە ببێ بە سـرکە بێ‌ئەوەی شتێکی تێ‌بخرێ • ئەگـەر ماددەیەکی بێگانەی تێ‌کەوت ئەوە سرکەکەی پیسە،هەرچەند نەشبێ بەهۆی پێ‌گەیشتنی سرکەکە • بەڵام زەرەری نیە بۆ پاکێ ئـەو شەرابە کە ئەبێ بە سرکە ، لقە وردە و گەڵای مێو و چڕۆی بۆڵە ترێ‌کان و ناوکی دەنکە ترێ و ناوکی خورما و مێوژ و ئاوێکیوا کە پێویست بێ بۆ گوشینی خورما و مێوژ یا بۆ زۆر گوشینی دەنکەترێ ، ئەمانە سرکە پیس ناکەن لەسەر ئیختیاری (امام الحرمین)[1] و (قاضی حسین) و (بغوی) و (بلقینی) و گەلێکی‌تر لە ئیمامانی

---

(١) ئەم حوکمە (شیروانێ) نەقڵی ئەکا .

شەرع لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا و ، تەقلیدی ئەم ئیمامانە و شوێن کەوتنیان دروستە • (دووەم) پێستی حەیوانی مردوو غەیری سەگ و بەراز • ئەمە دەر و ناوی پاك ئەبێتەوە بەهۆی دەباغەوە • بەڵام پێویستە دەباغەکەی بە دەرمانێکی وابێ هەموو گۆشتی زیادەی ئەو پێستە بڕزێنێ و لای ببا • کەوابێ دەباغ بە هەتاو و خۆڵەمێش و گڵ ئیعتیباری نیە و کاتێ کە پێست دەباغی وەرگرت ، وەکو جلێ کە پیس بووبێ پێویستە بشوورێ ، ئیتر بەتەواوی پاك ئەبێتەوە •

هەرشتێ پیس بووبێ بەهۆی لێکەوتنی سەگ و بەراز و بەچکەیانەوە بە تەڕی ، پێویستە حەوت جار بشۆرێ و جارێ لەمجارانە بە گلاو بێ و شەش جاریان بە ئاوی ڕووت • پێویستە گڵێکی پاکی وا بهێنرێ پێشان بەکار نەهێنرابێ لە تیممدا ، ئەوەندە کە ئاوەکە لێڵ بکا و بگەیێ بە هەموو ئەجزای شتە پیسەکەدا • ئاوێ کە خۆی لێڵ بێ وەکو لافاوی چەمەکان لەباتی گلاو بەسە •

کەوابێ گڵێ کە پیس بێ یا بەکار هێنرابێ لە تیممدا بەکار نایێ • هەروا گڵێ کە تێکەڵی شتێکی تەڕ بووبێ غەیری ئاوی ڕووت بێسوودە •

ئەگەر ماددەیەکی پیس بە شوێنەکەوە بوو ، ئەوە لابردنی ئەو ماددەیە بە هەر چەند جار بێ ، هەر بەجارێ ئەژمێررێ • ئەگەر ئەو ئاوە کە ئەکرێ بە شوێنە پیسەکەدا ، پاش لێکەوتنی پرژی پەڕێ و دای لە شوێنێ ، ئەوە ئەگەر لە جاری یەکەمایە پێویستە شەش جار بشۆررێ • ئەگەر لە جاری دووەمیشایە ، هەر بەم شێوەیە پێنج جاری ئەوێ • ئەگەر ئەم پرژە لەپاش جاری گلاوەکە بوو ئیتر بۆ ئەم شوێنە گلاو پێویست نیە ، ئەگینا گلاوی ئەوێ • هەرچێ پیس بووبێ بە میزی منداڵێکی نێرینەی کەمتر لە دوو ساڵ کە بۆ خواردەمەنی غەیری شیر هیچی نەخواردبێ ، ئەوەندە ئاوی لێ ئەپرژێنرێ کە

شوێنی میزەکە دابگرێ ، ئیتر جارێ بۆنی ئاو بەسەر شوێنەکەدا پێویست نیە ، ئەگینا پێویستە ئاو بەسەریا جارێ ببێ •

هەروا هەرشتێ پیس بۆبێ بە غەیری سەگ و بەراز و بە غەیری میزی ئەو مندالە نێرینە • جا ئەگەر ئـەو پیسییە عەینی هەیە پێویستە ئەو عەینە لابرێ و تامی نەمێنێ • بەڵام زیانی نیە مانەوەی ڕەنگێ یا بۆنێ کە لاچۆنیان گران بێ • بەڵێ ئەگەر تام و ڕەنگ بەیەکەوە بمێنن ئەوە زیانی هەیە و ئەو شوێنە هەر بە پیس ئەناسرێ •

هەر ئاوێ جیا ببێتەوە لەو ئاوە کە شتی پیسی پێ شۆراوە ، ئەگەر نەگۆڕابێ و شوێنە پیسەکە پاك بۆبێتـەوە ، ئەوە ئەو ئاوە پاکە ، ئەگینا پیسە •

ئەگەر شتێکی پیس کەوتە ناو ڕۆنێ یا ماستێکی توندەوە ، ئەوە هـەر ئەوە پێویستە کە شتە پیسەکە لابرێ و هـەر جوزئـێ لەوە کە لکـاوە بە پیسییەکەوە فڕێ بدرێ • ئەگەر ڕۆنەکە ئاوەکێ بێ ، ئەوە هەمۆی پیـس ئەبێ و قابیل نیە پاك بکرێتەوە • توند ئەوەیە ئەگەر بەعزێکی لێ لابرێ زۆ جێگەکەی پڕ نەبێتەوە •

باسی چاوپۆشێ شەرع لە هەندێ پیسێ

بە شەرعی پیرۆز هەرشتێ کە بە ظاهیر پیس بێ و لە ئەصلا پـاك بـێ وەکو بەرگی مەیچێ و زبڵچێ و کافری بـەرازخۆر ، ئەوە بە پـاك ئەناسرێ تا بەراستێ لە پیسێ ئەو شتە خەبەردار ئەبین • لەسەر ئەم ئەساسە ئەگەر یەکێ چـاوی کـەوت بـە سـەگێ دەمـی لـە کـاسەیەك هەڵبڕێ ، مادام دەمی تەڕ نەبێ ، نابێ ئەوکەسە ئەو کاسەیە بە پیـس بزانـێ • ئەگەر پشیلەیێ دەمی پیس بۆ و ماوەیێ لەپێش چاو ون بۆ کە مومکین بێ لەو ماوەیەدا

دەم بکا بە ئاوێکی زۆرا ، ئەوە کاتێ هاتەوە و دەمی خستە ئاوێکەوە ئەو ئاوە بە پیس ناناسرێ •

هەروا لە ئوسوڵی شەرعە کاتێ ئیش کەوتە تەنگانەوە ئەبێ چاوپۆشی بێتە مەیدانەوە • لەسەر ئەم ئەساسە هەندێ شتیوا هەیە کە پیسن لە لەش و بەرگی ئینسانا یا لە خواردەمەنیدا یا لە ئاو و مزگەوت و شوێنی عیبادەتا ، لەگەڵ ئەوەیشا شەرع صەرفی نەظر لەو پیسییانە ئەکا •

مەسەلا لە بەشی یەکەم ئەو خوێنەی بلکێ بە بەرگی ئینسانەوە بەهۆی جوانەزەوە و برین و دومەڵ و شوێنی خوێن گرتنو کەڵەشاخ گرتنەوە و ئەو ئاو و کێمەی لەم برینەدا پەیدا ئەبێ و ئاوی بلۆقێ کە بۆگەن بێو بێ کەم بێ یا زۆر بێ با بە دەس‌کاریێ خۆیشی بێ لەبەر ناچاریێ بۆ خوراندن و دەس تێخستن لەبەر توستن و هەڵسوڕان ، ئەوە سەرفی نەظەری لێ ئەکرێ و عەفوی لێ ئەدرێ •

هەروا عەفو ئەدرێ لەو خاڵانە کە لەسەر دەست و دەم و چاو کوتراون ، بەو شەرتە ئەگەر هەڵبکەنرێن یا بسوتێنرێن لەکەیەکی ناشیرین لە ڕوخسارا دەرکەوێ یا برینێکی نابار لە شوێنەکەیا پەیدا ببێ • عەفویش ئەدرێ لە ئێسقانی پیس کە دەستی شکاوی پێ بگیرێتەوە بەوشەرتە ئێسقانی پاك دەس نەکەوێ و دوکتۆرێکی باوەڕ پێ‌کراو بە مەصلەحەتی بزانێ •

هەروا خوێنی پوك بۆ ئەوکەسەی کە موبتەلا بێ عەفوە و مانیعی نوێژ نیە تەنانەت ئەگەر ڕۆژوەوان لەگەڵ تفا قوتیبدا ڕۆژوەکەی‌پێ ناشکێ • عەفو ئەدرێ لە تەڕێ پێ و گۆرەوێ کە بەهۆی ناوی کەوشەوە ئاوی پیس وەربگرێ لە زستانا مادام بە ئاسانێ چار نەکرێ • هەروا عەفو ئەدرێ لە ئاوی دەمی ئینسان کە لە مەعیدەوە بێتە دەرەوە و ، لە کەمێ خوێن کە لە فەرجی ژنی (مستحاضە)وە دەرچێ لەپاش ئاخنین و بەستنی و لە کەمێ لە میز

بۆ یەکێ موبتەلای میزە چرکێ بێ بەدەوام و لە ئاساری پیسی شوێنی (استنجاء) ئەگەر بەهۆی عارەقەوە بلاو بێتەوە •

عەفو ئەدرێ لە کەمێ بوخار یا دوکەڵی شتی پیس کە بدا لە لەش و بەرگی ئینسان بە تەڕی • هەروا لە خوێن و پیسی کێچ و ئەسپێ بە لەش و لیباسەوە با زۆریش بوبن بەهۆی عارەقەوە• عەفویش ئەدرێ لە عارەق و توکی ولاخ کە ئەلکێ بە لەش و لیباسی سوارەوە لەکاتی سواریدا و ، لە مەمکی دایك کە ئەیخاتە دەمی منداڵێکی شیرەخۆریوا کە بڕشێتەوە• هەروا لە سنگ و بەرۆکی ئەو ژنە کە منداڵە پیسەکەی دەمی لێئەکوتێ •

عەفو ئەدرێ لە قوڕ و چڵکاوی ڕێگەیێ کە بە مەعلومێ پیس بێ بەهۆی هاتوچۆی سەگەوە یا بەهۆی شیاکە و پشقل و میز و شتی پیسیترەوە • هەروەها لە پرژی ئاوی لاپاساری بان و پلوسکی لاکۆلان لە شار و دێهاتەکانا و لە شوێنی پێی سەگ و بەراز لە کەژ و کێوا لەو شوێنانەدا کە ئینسان بە ناچاری پێیان پیا ئەنێ لە هاتوچودا بۆ دار و بۆ ڕاو و ئیش و کاریتری ژیان •

بەڵام هەمو ئەمانە ئەگۆڕێن بەپێی وەخت و زەمان و بەگوێرەی شوێنی پیسییەکە لە لەش و بەرگی ئینسانا • مەسەلا ئەوەی عەفوی لێئەدرێ لەسەر داوێنی ئینسان عەفوی نیە لەسەر سەر و ، ئەوەی عەفوی لێئەدرێ لە زستان و بەهاری تەڕ و توشدا ، عەفوی لێنادرێ لە هاوین و کاتی خۆشیدا•

لە بەشی دووەما عەفو ئەدرێ لە کەمی خوێنێ مابێتەوە بەسەر گۆشتی حەیوانی سەربڕاوەوە و ڕەوایە بە بێشۆردن ئەو گۆشتە بخرێتە مەنجەڵەوە• عەفو ئەدرێ لە کرمێ کەوا لەناو سەوزە و میوەدا بێ وەکو کاڵەك و سێو و هەرمێ و میوەیتر ئەگەر لە میوەکە جیا نەبوبێتەوە • هەروا لەو هەنگوینە کە لەناو دوبەرەدا ئەلکێ بە تەپاڵەی پورەکەوە و ، لە میز و شیاکەی حەیوانی

گێره که ئەکەوێته ناو خەرمانەوە و ، له پشقلی بزن و مەڕ و مانگا که ئەکەوێته ناو کاسەی شیر لەکاتی حەیوان دۆشینا •

عەفو ئەدرێ لەو پیسییه کەوا به پێی ئەو مێشانەوە ئەنیشنەوە لەسەر خواردەمەنیِ تەڕ و ، لەو دەعبایانه که خوێنی ڕەوانیان نیه و ئەمرن لەناو خواردەمەنیدا وەك چایِ و دۆ و دۆشاو و چێشتی تەڕ ، وەکو مێش و مێشوولە و هەنگ و زەردەواڵه و پەپوولە ، نەك وەك مشك و مار و قرژانگ و بۆق ، ئەمانه عەفویان لێ نادرێ •

عەفو ئەدرێ لەو پیسییه کەوا به پێ و پاشی مشکەوە که بکەوێته ناو خواردەمەنییەکی تەڕ و بەزیندوێ لێی دەرچێ • عەفو ئەدرێ له دووکەڵی تەپاڵه و پشقل که له تەنوورا بەرز ئەبێتەوە و ئەدا لەو نانەی ئەدرێ به تەنوورەکەوە • لەو گۆشتەی بەو تەنوورە ئەبرژێت ئەگەر به شتێکی وشك ڕووی تەنوورەکە بماڵرێ • لەو گۆشتەی که به ئاوی پیس بکوڵێ و ئاوە پیسەکە هەڵمژێ بەوشەرتە لەپاش کوڵان ئاوێکی پاکی پیا بکرێت • عەفو ئەدرێ له هێلکەی هەموو پەلەوەر و گیانلەبەرێ که گۆشتی نەخورێ مەگەر هێلکەی ئەو شتانه که ژاریان هەیه وەکو مار • عەفو ئەدرێ لەو پەنیرە که به ژیلاوکی کارژەله ئەگیرسێ •

له بەشی سێهەما عەفو ئەدرێ له پیسیِ مشك و شەمشەمەکوێرە که ئەکەوێته ناو ئاوی ئاودەستخانه یا ئەکەوێته ناو بیرەوە • لەو ڕێقنه چۆلەکەیه که ئەکەوێته سەر بەردە نوێژ و بەرماڵ و فەرشی مزگەوت • لەو قوڕە که به ئاوی پیس ئەگیرێتەوە و دیواری خانووی عادەتیِ یا دیواری مزگەوتی پێ دروست ئەکرێ • عەفو ئەدرێ لەوە که ئینسان به تەڕیِ بکەوێ لەو دیوارانه •

ئەمانه نموونەیێ بوون لەو شتە پیسانە که عەفویان لێ دراوە • درێژەی ئەم

باسە لە کتێبە گەورەکانا نوسراوە • (مع العلم) ئایینی پیرۆزی ئیسلام گەلێ ئەمر و فەرمانی داوە بە تێکۆشان بۆ پاکێ لەش و بەرگ و خواردەمەنێ و فەرش و نوێن و ئەو قاپ و قاچاخانەی کە ئینسان ناچارە بۆ بەکارهێنانیان •

باسی (تیمم)

(تیمم) لە شەرعا ئەوەیە ئینسان لەباتێ ئاو دەستبدا لە تۆزێکی پاك و بیهێنێ بە دەم و چاو و هەردوو دەست و قۆڵیا لەگەڵ ئەنیشکەکانیا • ئینسانی لەشپیس و بێدەسنوێژ تیمم ئەکا لەکاتێکا کە ئاو نەبێ ، یا ئاو ببێ بەڵام لەبەر ناساغێ یا لەبەر برینێ کە بە لەشیەوە بێ نەتوانێ بەکاری بهێنێ ، یاخود ئاوەکەی پێویست بێ بۆ خواردنەوە •

لە بەشی ئەووەڵا کە کاتی نەبونی ئاوە ئەگەر کابرا بە یەقین ئەیزانێ ئاو لەو شوێنەدا نیە ئەوە پێویستە تیمم بکا بێئەوەی بگەڕێ بە شوێن ئاودا • بەڵام ئەگەر گومانی وابو ئاو لەو شوێنەدا هەیە ، ئەبێ لە بارو بنەی خۆی و لەناو هاوڕێکانیدا بگەڕێ بۆ ئاو و ئەوە بەس نیە کە بانگ بکا بڵێ کێ ئاوی هەیە بە خۆڕایێ یا بە پارە من ئەمەوێ •

جا ئەگەر دەستی نەکەوت و شوێنەکەش سارایەکی تەخت بێ ، ئەبێ بە هەر چوار دەوری خۆیا بڕوانێ • ئەگەر بەرز و نزمیش بێ پێویستە بگەڕێ بەو دەورەدا تا مەسافەیێ چاوی ئینسانی عادەتێ فەرق بە شت ئەکا کە بریتییە لە مەیدانی سێصەد گەز تا چوارصەد گەز و ناو ئەبرێ بە (حدالغوث) واتە ماوەی (بانگ و بەهاوارەوە هاتن) ، بەو شەرتە ئەو کابرا ئەمین بێ لە زەرەر و زیانی گیان و ماڵ و (اختصاصات) وەکو سەگی تەمێ کراوی ڕاوێ • هەروەها بەوشەرتە ئەمین بێ لەوە کە لە ڕەفیقەکانی بپچڕێ • جا ئەگەر ئاوی دەست نەکەوت تیمّم بکا • ئەگەر کابرا هەر لەو شوێنەدا مایەوە پێویستە بۆ

فەرزێکی‌تریش هەر بگەڕێ بۆ ئاو تا بەڕاستی حاڵی ئەبێ کەوا ئەو شوێنە ئاوی تیا نیە •

ئەگەر کابرا ئەیزانی بە یەقین ئاو هەیە لە مەسافەیەکا ڕێبوار و کاروانی تا ئەو مەسافەیە بەدەوری بار و مەنزڵی خۆیانا ئەگەڕێن بۆ پێویستی خۆیان ، کە ئەم مەسافەیە شەرع ناوی ئەبا بە (حد القرب) و بریتییە لە نیو فەرسەخ ، پێویستە بڕوا بۆ ئەو ئاوە بەوشەرتە ئەمین بێ لە زیانی گیـان و ماڵی کە لە قیمەتی ئاوی دەس‌نوێژ زیاتر بێ و ئەمین بێ لەوە کە لە ڕەفیقانی ببڕێ •

ئەگەر ئەیزانی ئاو لە مەسافەیەکی زۆرتر لەم مەسافەیەدا دەست ئەکەوێ کە لە شەرعا ناوی (حد البعد)ە ئەوە پێویست نیە بڕوا بۆی و ڕەوایە تیمم بکا • ئەگەر بە یەقین ئەیزانی لە دوادوایی وەختەکەدا ئاوی دەس ئەکەوێ ، ئەوە باشتر ئەوەیە چاوەڕێی ئاوەکە بکا • ئەگەر هەر بەگومـان بو لە دەس کەوتنی ئاو ، ئەوە زوتر تیمم بکا باشترە • ئەگەر ئاوی دەست کەوت ، بەڵام بەشی دەس‌نوێژی نەئەکرد ، پێویستە تا ئاوەکە تەواو ئەبێ بەکاری‌بێنێ ئەوجا تیمم بکـا •

ئەگەر ئاو بە فرۆشتن بە قیمەتی عادەتی دەست ئەکەوت پێویستە بیکڕێ مەگەر قەرزار بێ بە قەرزێکی‌وەها هەمو ماڵەکـەی دابگرێ ، یـاخود ئەو پارەیەی پێویست بێ بۆ خەرجی ئەو سەفەرە لە هەردو سـەرەوە بۆ خۆی و ئەوانەی کە مەسرەفیان لەسەر ئەوە • ئەگەر یەکێ ئاوی پێ بەخشی واجبـە وەری‌بگرێ ، بەڵام ئەگەر قیمەتی ئاوەکەی پێ بەخشی واجب نیە وەری‌بگرێ چونکە منەتی پارە بارێکی گرانە •

لە بەشی دوەهەمدا کە ئەوەیە کابرا ئاوی هەبێ ، بەڵام نەخۆش بێ یـا بریندار بێ بە جۆرێکی‌وا ئەگەر ئەو ئاوە بەکار بێنێ هێز و قازانجی پارچەیێ لە ئەندامەکانی لەشی بفەوتێ ، یاخود نەخۆشـییەکەی درەنگ چـاك‌بێتەوە ،

یاخود لەکەیەکی ناهەموار لە ئەندامێکــی بەدەرەوە بۆیا دەرکــەوێ ، ئەوە لەم‌کاتەدا فەرزە تیمم بکا و ، بەکارهێنانی ئاو گوناهێکی گەورەیە وەکو لە تــوحفەدا نوسراوە • ساردیّ ئاویش ئەگەر توند بێ و هەواش سارد بێ وەکو ناســاغیّ وایە و ، ئەبێ لەم کاتەیشدا هەر تیمم بکا مادام بە بەکارهێنانی ئاو لەوکاتی سەرمایەدا زیانێ لە زیانە پێشوەکــانی لەوانەبێ تــوش ببێ • بەڵام ئەگەر قابیل بۆ ئاوەکە گەرم بکا ، واجبە گەرمی بکا با وەختەکەشی لەدەس دەرچێ و نوێژەکەی بکەوێتە قەزا • ئەگــەر ئاوەکە ئەوەندە گەرمیش بۆ نەیئەتوانی بەکاری بهێنێ ، ئەبێ زۆ تیمم بکا چونکە سارد کردنەوەی ئەو ئاوە لە وڵاتی گەرم و هاوینی گەرما لە ئیختیاری ئێمەدا نیە •

لە بەشی سێهەمدا کە ئەوەیە ئاو ببێ، بەڵام پێویستی بێ بۆ خواردنەوەی گیاندارێکی بەحورمەت با بۆ لەمەولاش بێ ، چ خۆی چ ئەوکەسانە و ئــەو حەیوانانە کە مەسرەفیان لەسەریەتی ، ئەوە پێویستە لەسەری تیمم بکا و نابێ ئاوەکە بەکاربێنێ• بەڵکو ئەبێ هەڵیبگرێ بۆ پاراستنی گیانی گیاندارەکان•

(بزانن) هەمــۆ لەشی ئینســان بۆ غوسـڵی جەنــابەت بە یەك ئەندام ئەژمێرری،بەڵام ئەندامی دەس‌نوێژ چوارن (١) دەم و چاو (٢) هەردۆ دەست لەگەڵ ئەنیشکەکانا (٣) ســەر (٤) هەردو پێ لەگــەڵ قولاپەکانــا • ئەگەر بەکارهێنانی ئاو مەمنوع بۆ لە ئەندامی لەش‌پیسا ، ئەوە یەك تیمم پێویستە • بەڵام بۆ بێ‌دەس‌نوێژ ئەگەر لە یەکێ لەو ئەندامانەدا مەمنوع بۆ ، یەك تیمم و لەدوانیانا دۆ تیمم و لە سیانیانا سێ تیمم و لە چواریانا چوار تیمم پێویستە • تیمم بۆ برین یا ناساغیّ هەرکام لەم چوار ئەندامــە لەکاتی شــۆردنی ئــەو شوێنەدا ئەکرێ و نابێ بەر و دوای ببێ •

مەسەلا ئەگەر برین لە دەم و چاوا بۆ لەکاتی شۆردنی دەم و چاوا و ، ئەگەر لە دەستا بۆ لەکاتی شۆردنی دەســتا تیمم ئەکرێ • بەم جــۆرە هەر شوێنێ ســاغە لە دەستەکەی مەسەلا بیشۆرێ ، جا دەستی وشك بکاتەوە و

تیمم بکا ، لەپاش ئەوە مەسحی سەری بکا و پێکـانی بشۆرێ هـەروا بەو جـۆرە •

هەر ئەندامێ لە ئەندامەکانی دەس نوێژ کە ئاوی تیا بەکارنەهێنرێ ، یـا داپۆشەری بەسەرەوەیە وەکو موشەمما ، یا بەسەریەوە نیە• ئەگەر داپۆشەری بەسەرەوە نەبو ، واجبە ئەوەی ساغە بیشـۆرێ جا تیمـم بکا • ئەگـەر داپۆشەریشی بە سەرەوە بۆ و قابیلی لابردن نەبۆ ، پێویستە لەگەڵ شۆردنی سـاغەکەیا هەمۆ موشەمماکەیش بە دەستێکی تەڕ مەسح بکا جا تیمم بکا • ئەمە بۆ فـەرزێ ، هەروەها بۆ فەرزێـکی دواییش ، ئەگـەر لەم‌بەینەدا دەس نوێژی شکا • بەڵام ئەگەر دەس نوێژەکەی نەشکا ، ئەوە هەر ئەوەندە پێویستە بۆ فـەرزی دوایێ تیمم بکاتەوە ، ئیتر شۆردنی سـاغ و مەسحی داپۆشەری ناوێ •

تیمم بە چێ ئەکرێ ؟

تیمم ئەکرێ بە هەمۆ گڵێ کە پاك بێ و جارێکی‌تر تیممی پێ نەکرابێ ، با دەرمانیش بێ ، وەکو گڵەسەر و گلە ئەرمەنێ • هەروا بە لمێکیش تۆزی هەبێ • نەك بە قصڵ و گەچ و نورە و لەتە سواڵەتی هاڕاوە یا بە گڵێ کـە ئاردی تێکەڵ بێ یا بە گڵێ کە پیس بێ یا جارێکی‌تر بەکار هێنرابێ لە تیمم کردنا وەکو ئەو گڵە کە ماوەتەوە بە دەم و چـاو و دەسـتەوە یا ئەوەی کە لەمانە داوەریوە لەکاتی تیمم‌دا •

پێویستێ تیمم

شەش شت پێویستە بو تیمم • یەکەم قەصدی هێنـانی گـڵ • کەواتە ئەگەر با گڵێکی کوتا بە ناوچاویا و کابرایش نیەتی هێنا و بەو گڵە مەسحی

دەم و چاوی کرد ، ئەوە بەکارنایێ • دووەم نەقلی گڵەکەیە با بەسەر دەستیشیەوە بێ و بیهێنێ بۆ مەسحی دەم و چاو لەگەڵ نییەتدا ، یا گڵێکی پاکی بەکار نەهێنراو بەسەر دەم و چاویەوە پەیدا ببێ و کابرا بیهێنێ مەسحی دەستی پێ بکا ، ئەوە مەقبوڵ و دروستە •

سێهەم نییەتی حەڵاڵ کردنی نوێژە ، نەك لابردنی بێدەس نوێژێ ، چونکە تیمم تارەتی ناچارییە و بێدەس نوێژێ لانابا • کەواتە ئەگەر وتی نییەتم هەیە بێدەس نوێژێ لە خۆم لائەبەم یا فەرزی تیمم بەجێئەهێنم ، ئەوە بەتاڵ و بێسوودە •

چوارەم ئەوەیە نییەتەکەی لەگەڵ نەقڵ و هێنانی گڵەکەدا هەبێ و دەوام بکا تا شتێ لە ڕوخساری مەسح ئەکا •

پێنجەم مەسحی دەم و چاو و هەردو دەستە لەسەر پەنجەکانەوە تا لای ژوری هەردو ئەنیشك • فەرزە لەکاتی مەسحی دەستا ئەنگوسیلە لە پەنجەی داکەنێ بۆ ئەوەی تۆز بگا بە شوێنەکەی •

شەشەم ئەوەیە ژمارەی دەس بە زەویدا دان و تۆز وەرگرتنەکەی لە دوو جار کەمتر نەبێ ، هەرچەند مەسحی دەم و چاو و دەستەکانیشی بەجارێ مومکین بێ بەهۆی دەستەسڕێکەوە کە بیدا بە زەویدا و ، بە لایەکی دەم و چاوی و بە لایەکیتری دەستەکانی مەسح بکا •

ئینسان لەگەڵ تیمم کردنا ئەگەر نییەتی کردنی نوێژی فەرز یا فەرز و سوننەتی بۆ هەردو نوێژەکەی دروستە• ئەگەر نییەتی نوێژی ڕووت یا نوێژی سوننەتیشی بۆ ، ئەوە دروست نیە نوێژی فەرز بکا •

سوننەتە تۆزی مەسح و تیمم سووك بێ و لەلای ژوروی دەم و چاوەوە بیهێنێتە خوارەوە • پیویست نیە ئەم تۆزە بگەیەنێ بە هەموو بنی تەڵە مووێکا•

سوننەتە لە مەسحا لای ڕاست بخاتە پێش لای چەپەوە • هەروا سوننەتە مەسحی دەم و چاو و دەست بەینیان نەکەوێ و لە ئەووەڵی هەردۆ جارەکانەوە کە دەست ئەدا بە زەویدا پەنجەکانی بڵاو بکاتەوە بۆئەوەی تۆزی زۆر وەربگرێ •

ئەگەر یەکێ تیممی کرد لەبەر نەبوونی ئاو و پاش ئەوە ئاوی دەس کەوت ، ئەوە ئەگەر هێشتا دەستی نەکردوە بە نوێژ ، تیممەکەی بەتاڵ و بێسوودە مادەم ئاوەکەی پێویست نەبێ بۆ خواردنەوەی گیاندارێکی بەحورمەت • هەروا ئەگەر لەوکاتەدا لە نوێژدا بێ و نوێژەکەی بەو تیممە لەسەر لابچێ واتە نوێژەکە قەزای پێویست بێ • ئەگەر نوێژەکەشی لە کۆڵ ئەکەوت ئەوە تیممەکەی دائەمەزرێ و ئەو نوێژەی کە ئەیکا دروستە ، فەرز بێ یا سوننەت • بەڵام ئەگەر نوێژەکەی ببڕێ و دەسنوێژ بگرێ ئەوە باشترە • بەڵێ نوێژی سوننەت ئەگەر نییەتی عەدەدێکی هێناوە تەواویان بکا ، ئەگینا نابێ لە دۆ ڕکات سەرکەوێ • ئینسان بە تیممێ هەر فەرزێکی بۆ ئەکرێ با فەرزەکەیش بە نەزر بێ • بەڵام ئەتوانێ یەك نوێژی جەنازە یا زیاتر لە یەك نوێژ لەگەڵ ئەو فەرزەدا بکات • ئەگەر کەسێ یەکێ لەم پێنج فەرزەی لەسەربۆ و لە بیری نەمابۆ کام فەرزە ، ئەوە ئەتوانێ بە یەك تیمم هەمۆ پێنج فەرزەکە بکات•ئەگەر دۆ فەرزی جیاوازی لەسەربۆ و لە بیری نەمابۆ کامەن ، ئەتوانێ بە پێنج تیمم پێنج فەرزەکە بکا و ئەشتوانێ دۆ جار تیمم بکا ، بە جاری یەکەم چوار فەرز لەو پێنج فەرزە بکا و بە جاری دووەم چوار فەرز بکا یەك لەشوێنی یەك ، بەوشەرتە ئەووەڵ نوێژی جاری پێشوی تیا نەبێ • ئەگەر دۆ نوێژی هاوناوی لەسەر بۆ ، ئەوە دۆ جار تیمم بکا و بە هەر تیممێ جارێ هەمۆ پێنج فەرزەکان جێبەجێ بکا • ئەگەر کەسێ تیممی کرد بۆ حەدەثی ئەکبەر و پاشان دەسنوێژی شکا ، ئەوە تیممی تەنها بۆ حەدەثی ئەصغەر پێویستە • ئینسان نابێ بەر لە هاتنی وەختی فەرزەکە تیمم

بکا ، هەروا بەر لە هاتنی وەختی سوننەتێکیش کە خاوەن وەخت بێ وەکو سوننەتی پێش نیوەڕۆ ، مەسەلا ئەگەر کەسێ نە ئاو و نە گڵی دەس نەکەوت پێویستە بۆ حورمەتی وەخت ئەو فەرزە لەو کاتەدا بکا ، بەڵام لەوەدوا قەزای بکاتەوە •

ئەو نوێژانەی بەتیمم ئەکرێن کامەیان قەزای ئەوێ ؟

ئەوکەسەی تیممەکەی لەبەر نەبوونی ئاو کردبێ ، مادام نیشتەجێ بێ قەزای لەسەرە ، چونکە نەبوونی ئاو بۆ نیشتەجێ نایابە • هەروا موسافیرێکیش کە سەفەرەکەی گوناه بێ • لەسەر ئەساسی پێشوو ئەگەر کەسێ ئاوی لەناو باری خۆیا ونکرد ئەوە قەزای لەسەرە ، بەڵام ئەگەر باری لەناو باری ڕەفیقەکانیا ون کرد قەزای لەسەر نیە •

هەرکەسێ تیممەکەی لەبەر ساردیێ ئاو و هەوا بێ ئەوە قەزای لەسەرە ، چونکە ئاو گەرم کردن بەعادەت ئاسانە • بەڵام ئەگەر تیممەکەی لەبەر زۆریێ گەرمیێ ئاوەکە بێ ئەوە قەزای لەسەر نیە •

هەر کەسێ تیممەکەی لەبەر نەخۆشییەك بێ مەنعی بەکارهێنانی ئاوی لێ بکا لە هەموو لەشیا یا لە یەك ئەندامیا و ئەو ئەندامە داپۆشەری بەسەرەوە نەبێ ، ئەوە قەزای لەسەر نیە مەگەر برینەکەی خوێنێکی زۆری پێوەبێ • ئەگەر داپۆشەری بەسەرەوە بوو ئەوە ئەگەر لەسەر ئەندامی تیممە کە بریتییە لە دەست و دەم و چاو ، ئەوە هەمیشە قەزای لەسەرە چونکە نە شۆردنەکەی تەواوە ، نە تیممەکەی لە بەر داپۆشەرەکە تەواوە • ئەگەر داپۆشەرەکە لە غەیری ئەندامی تیممدا بێ ، ئەمجار ئەگەر ئەو داپۆشەرە لەسەر پاکیێ دانرابوو و غەیری ئەندازەی ڕاوەستانی لە شوێنی ساغیێ نەگرتبوو ، ئەوە قەزای

لەسەر نیە • ئەگەر لە شوێنە ساغەکە زیاد لە پێویستی داگرتبێ یا لەسەر بێ دەسنوێژێ دانرابێ ، واجبە داپۆشەرەکە لابرێ• ئەگەر قابیل نەبێ لابرێ ئەوە قەزای نوێژەکانی لەسەرە •

باسی حەیز

حەیز لەشەرعا بەو خوێنە ئەڵێن لە هەندێ کاتی تایبەتیدا ، بە بێ نەخۆشێ و مناڵ بوون لە ڕەگێکەوە دەرئەچێ کە وا لەلای ژۆرێ منداڵدانەوە • (نفاس)یش بریتییە لەو خوێنەی لەپاش منداڵبوون لە منداڵدانەوە دەرئەچێ و بەکوردێ پێی‌ئەڵێن خوێنی «زەیسانێ» • چونکە لەکاتێکا ژن سکی هەبێ سکەکەی نایەڵێ خوێن لە منداڵدانیەوە بێتە دەرەوە ، بەڵکو ئەمێنێتەوە تا مناڵەکەی ئەبێ • (استحاضە)یش بریتییە لە خوێنێ کە بە هۆی نەخۆشییەوە لە ژن دەرئەچێ •

لای خوارۆی ساڵی حەیز نۆ ساڵە ، یانێ مێینە تا نۆ ساڵ تەواو نەکا قابیل نیە حەیزی پیابێ • لای ئەغلەبیشی بیست ساڵە و لای ژۆرۆی شەصت‌ودۆ ساڵە •

لای خوارۆی ماوەی جارێ بوونی خوێنی حەیز بیست و چوار سەعاتە لەسەر یەك ، بەمەعنا ئەگەر لەو ماوەدا لۆکەیێ بخاتە فەرجیەوە بە خوێن تەڕ بێ• ئەگەر خوێنەکەی لەسەر یەك نەبو ، ئەوە پێویستە ماوەیەکی وەها ئەو خوێنە پچڕپچڕە دەوام بکا ئەگەر زەمانی هاتنی خوێنەکان بکەونە سەر یەك بگا بە بیست و چوار سەعاتەکە • ئەگینا ئەگەر لە ماوەی چوار ڕۆژا مەسەلا ناوبەناو هەر لەپاش چوار سەعات دۆ سێ دەقیقە خوێنی لێ‌ئەهات ئەوە بە حەیز ناناسرێ بەڵکو بە نەخۆشێ دائەنرێ •

لای ژۆرۆی حەیز پازدە شەو و پازدە ڕۆژ و لای ئەغلەبی شەش یا

حەوت ڕۆژە • کەمتر ماوەی پاکێ لە بەینی دوو حەیزا پانزە شــەو و ڕۆژە • ئیتر ئەندازە بۆ لای ژۆرۆی نیە چونکە قابیلە پاش ئەوە کە ژن لە حەیز پاك بێتەوە تا عومری ماوە خوێنی حەیز نەبینێ •

بەڵام ماوەی پاکێ لە بەینی حەیز و (نفاس) زەیسانیدا قابیلە کەمتر بێ لە پازدە ڕۆژ ، خوا حەیزەکەی لەپێش زەیسانیدا بێ یا لەپاشیا • تەنانــەت ئەگەر ژنێکی دوگیان (حامله) ماوەی شەو و ڕۆژێ لەپێش ژانی منداڵ بونا خوێنی بڕوا ، ئەوە بە حەیزدار ئەزانرێ •

هەرچێ بە لەشپیسییەوە حەرام بێ ، بە حەیزیشەوە حەرامە ، بێجگــە لەوانە هاتوچۆ بە مزگەوتیشا حەرامە ئەگەر ترسی پیس کردنی مزگەوتەکەی هەبێ • نوێژ کردن و ڕۆژو گرتن لەســەر حەیزدار حەرامە ، بەڵام قەزای ڕۆژوەکە فەرزە نەك قەزای نوێژەکان• حەرامە لەزەت وەرگرتن لە مابەینی ناوك و ئەژنۆی بە ڕوتێ خوا بە (جماع) بێ یا نە • حەرامە تەڵاق لە ماوەی حەیزا ، جا کاتێ خوێنەکەی نەما و خۆی شۆرد ، هەمو ئەم شتانە کە مەنــع کراون حەڵاڵ ئەبنەوە ، بەڵام بەر لە خۆشۆردن هەر ڕۆژو گرتن و تەلاقدان دروستە •

(استحاضه) کە خوێنێکە لەبەر نەخۆشێ جارێ ئەبێ ، حوکمی وەکو درێژەکێشانی میزەچڕکە وایە ، کەواتە مەنعــی نوێژ و ڕۆژو ناکــا • بەڵام پێویستە بۆ هەمو فەرزێ کە وەختی نوێژەکە هات فەرجی بشۆرێ و لۆکەی تێبخا و توند بیبەستێ ، جا گورج دەسنوێژەکەی بگرێ و نوێژەکەی بکا • ئەگەر هاتو نوێژەکەی دواخست بە بێ مەصڵەحەتی ئەو نوێژە ، ئەوە بەتاڵە چونکە ئەو پیس بونە زیادە بە بێ عــوزر زیانی هەیــە • ئەگــەر لەبــەر مەصڵەحەتی نوێژەکەش بو ، مەسەلا بۆ پەیداکردنی شتێ بۆ عەورەتی پــێ دابپۆشێ یا چاوەڕوانێ جەماعەتی ئەکرد ، ئەوە زەرەری نیە •

پێویسته بۆ هەمو فەرزێ فەرجی بشۆرێ و لۆکەی تازەی تێ بخا و ئەو شتەی پێی بەستوه تازەی بکاتەوه و دەس نوێژ بگرێ • جا ئەگەر پاش ئەوه کە دەس نوێژی گرت خوێنەکەی نەما و عادەتی وابو هەر کاتێ خوێنەکەی ئەبڕایەوه تا ماوەیەکی زۆر نەئەهاتەوه، یا ئەهاتەوه بەڵام پاش ماوەی ئەوه کە دەس نوێژ بگرێ و نوێژ بکا ، ئەوه لەم وەختەدا فەرزە سەرلەنوێ فەرجی بشوا و دەس نوێژ بگرێ و نوێژەکەی بە پاکێ لەشەوه و بە تارەتێ ڕاستیەوه بکات •

باسی بەش بەشێ وەزعی ژنی حەیزدار

ئەگەر ژنێ لە تەمەنی حەیزدا خوێنی دێ و ئەو خوێنە لە ئەندازەی لای خوارو کەمتر نەبو و لە ئەندازەی لای ژوروش زیاتر نەبو ، ئەوه ئەو ماوەیە هەموی بە ماوەی حەیز ئەناسرێ • خوێنی زەرد و لێڵیش وەکو خوێنی گەش و ئاڵ هەر حەیزە • ئەگەر هاتو لە ماوەی لای ژوروی حەیز لای دا ئەوه لەم وەختەدا چەند وەزع هەڵئەگرێ • چونکە ئەو ژنە یا (مبتدئە) نەوجارە و ئەمە یەکەم خوێن لێ هاتنیەتی یا (معتادە) فێرەکار و خوداره • مبتدئەی نەوجاریش یا (ممیزە)یە واتە خوێنەکەی بە چەند ڕەنگ ئەبینێ هەندێ جار ئاڵە و هەندێ جار کاڵە و ئاڵەکەی لە شەو و ڕۆژێ کەمتر نیە و لە پازدە شەو و پازدە ڕۆژ زیاتر نیە و ، کاڵەکەشی لە پازدە شەو و پازدە ڕۆژ کەمتر نیە ، یاخود (غەیرە ممیزە)یە واتە خوێنەکەی یەك ڕەنگە یا ڕەنگاو ڕەنگە ، بەڵام ئەو شەرتانەی تیا نیە • (معتادە) فێرەکاریش یا ممیزەیە یا غەیرە ممیزەیە • معتادەی غەیرە ممیزەیش یا عادەتەکەی جۆرجۆرە یا یەك جۆرە و نەگۆڕاوە • ئەو معتادەیەش کە عادەتەکەی ئەگۆڕێ یا دەورەی دوبارەی هەیە یا نیەتی • ئەوەش کە دەورەی دوبارەی هەیە یا دەورەی دوایێ لەسەر ڕێزی دەورەی پێشوە یا لەسەر ئەو ڕێزە نیە • ئەم معتادانەش یا وەزعی پێشویان لە بیرە یا

لەبیریان نیە • ئەو کەسەش کە وەزعی پێشوی لە بیر نیە یا بەتەواوی کات و ئەندازەی لەوەوپێشی فەرامۆش کردوە ، یا تەنیا کاتی لەبیرچوە ، یا تەنیا ئەندازەی لەبیرچوە • جا با بەکورتی بەڕیز باسی ئەم بەشانە بکەین ، بۆئەوەی بەڕۆشنی سود لەمباسە وەربگیرێ •

یەکەم (مبتدئەی ممیزە) یانێ ئەو ژنەی یەکەم جاریەتی و ئەو خوێنەی کە لای‌داوە لە ئەندازەی لای ژۆروی ، چوار ڕۆژ مەسەلا زۆر گەش و ئاڵە و بیست و شەش ڕۆژ مەسەلا زۆر کاڵە ، ئەمە هەمو خوێنە ئاڵەکەی حەیزە و هەمو خوێنە کاڵەکەی (استحاضە)یە و خوێنی نەخۆشییە • حوکمی مستحاضەیش لەمەوبەر بە تەفصیل بەیان کراوە •

دووەم (مبتدئەی غەیری ممیزە) نەوجارێ کە فەرق ناخا یانێ هەمو خوێنەکەی بە یەك ڕەنگ ئەبینێ ، یا ڕەنگاوییە ئاڵەکەی لە شەو و ڕۆژ کەمترە ، یا کاڵەکەی لە پانزە ڕۆژ زیاترە ، ئەمە لەم صورەتەدا لە هەمو مانگێکا شەو و ڕۆژێکی بۆ دائەنرێ بە حەیز و باقی ڕۆژەکانی بە (استحاضە) نەخۆشی دائەنرێ •

سێهەم (معتادەی ممیزە) فێرەکاری فەرق‌خەر مەسەلا لەمەوپێش لە هەمو مانگێکا چوار ڕۆژ لە ئەووەڵیەوە خوێنی بوە ئیتر پاك بوەتەوە ، بەڵام لەم مانگەدا دە ڕۆژ خوێنی گەشی دێ و بیست ڕۆژ خوێنی ئاڵ ، ئەوە دە ڕۆژە بەهێزەکەی بە حەیز دائەنرێ و بیست ڕۆژە بێ‌هێزەکەی (استحاضە) نەخۆشییە •

چوارەم (معتادەی غەیرە ممیزە) بەڵام عادەتەکەی نەگۆڕاوە ، مەسەلا لەمەوپێش هەمو مانگێ لە ئەووەڵیەوە چوار ڕۆژ حەیزی بوە و لەم مانگەدا چوار ڕۆژ خوێنی ئاڵێ بو و شەش ڕۆژ خوێنی کاڵ • هەروا دو ڕۆژی‌تر خوێنی ئاڵی بو و شەش ڕۆژی‌تر خوێنی کاڵ • ئەوە هەر لەسەر عادەتە

پێشوەکەی ئەڕۆین و چوار ڕۆژی ئەووەڵی بۆ قەرار ئەدەین بە حەیز و باقی ڕۆژەکان بە (استحاضە) نەخۆشی •

پێنجەم (معتادەی غەیرە ممیزە)کە عادەتەکەی وەختی خۆی گۆڕاوە بەڵام دەوری دوبارەی نەدیوە ، مەسەلا لەمەوپێش لە یەکەم مانگی ساڵا دو ڕۆژ و لە دووەم مانگا سێ ڕۆژ و لە سێهەم مانگا چوار ڕۆژ و ئیستە لەم مانگا کەوتە حەیزەوە و تا بیست ڕۆژ خوێنی دەوامی کرد ڕۆژێ ئاڵ و ڕۆژێ کاڵ تا دوایی ، لەم وەزعەدا ئەو ژنە ئەگەر نۆبەی دوایی لەبیرە وەکو چوار ڕۆژەکە کە لەم وێنەدا وتمان ، ئەوە ژمارەی ئەو نۆبەیە دائەنرێ بە حەیز و مەندەکەی بە (استحاضە) و ئەگەر ئاخر نۆبەشی لە بیر نەمابو ئەوە بیر بکاتەوە کام نۆبە لە هەموان کەمتر بوە ئیعتیباری بکا و ئیستە لەسەر ئەوە بڕوا و ئەو ژمارەیە بە حەیز دانێ• بەڵام بۆ ماوەی نۆبە زۆرەکەیان پارێزگاری بکا یانێ لە عیبادەتێکا پێویستی بە نییەت بێ خۆی بە پاك بزانێ و لە غەیری ئەوەدا خۆی بە خاوەن حەیز دابنێ • کەواتە گەرەکە نوێژ بکا و ڕەفتاری ژنی مستحاضە بەجێبێنێ ، بەڵام لە غەیری نوێژا قورئان نەخوێنێ و لە مزگەوتا ڕانەوەستێ و مەیدانی مێردەکەی نەدا بۆ (جماع) و ، تەڵاق دان و تەڵاق وەرگرتنیش لەم ماوەدا حەرامە بەپێی ئەو بەیانەی لەمەولا دێ •

شەشەم (معتادەی غەیرە ممیزە) کە لەکاتی خۆیا عادەتەکەی گۆڕاوە و دەوری دوبارەشی لەسەر ڕیزی پێشو هەیە ، مەسەلا لەمەوپێش لە یەکەم مانگی ئەووەڵی ساڵا شەو و ڕۆژێ حەیزی بوە و لە دوهەم مانگا دو ڕۆژ و لە سێهەم مانگا سێ ڕۆژ ، جا دەور گەڕایەوە ، لە چوارەم مانگا شەو و ڕۆژێ و لە پێنجەم مانگا دو شەو و ڕۆژ و لە شەشەم مانگا سێ شەو و ڕۆژ حەیزی بوە و لە مانگی حەوتەمەوە وەزعی لێتێکچو و کەوتە خوێنەوە ڕۆژێ ئاڵ و ڕۆژێ کاڵ ، تا ماوەی بیست ڕۆژ ، هەروا ئەم تێکچونە لە مانگە دواییەکانا دەوامی کرد ، ئەوە لەسەر ڕیزی وەزعی پێشو لە حەوتەم مانگا

شەو و ڕۆژێ و لە هەشتەم مانگا دۆ شەو و ڕۆژ و لە نۆهەم مانگا سێ شەو و ڕۆژی بۆ دائەنرێ بە حەیز و باقیـمەندەی ماوەی خوێنەکەی لە مانگەکانا بۆ دائەنرێ بە (استحاضە) واتە بـە خوێنی نەخۆشـێ و پێویسـتە ڕەفتـاری (مستحاضە) بەجێبێنێ •

ئەمەی کە وتمان لەم وێنەدا ئەگەر ژنەکە ڕیزی دەوری حەیزەکەی لەبیر مابێ • ئەگەر ڕیزەکەی فەرامۆش کردبو ئەوە کام نۆبە لە هەمۆیان کەمترە دایبنێ بە حەیز و بۆ نۆبە زیادەکان (احتیاط) پارێزگارێ بکا وەکو لە ماددەی پێنجەما بەیانمان کرد •

حەوتەم (معتادەی غەیرە ممیزە) کە وەختی خۆی عادەتەکەی گۆڕاوە و دەوری دۆبارەشی دیوە ، بەڵام ئەم دەوری دواییە لەسەر ڕیزی پێشۆی نیە • مەسەلا وەختی خۆی لە یەکەم مانگی ئەووەڵ ساڵا شـەو و ڕۆژێ حەیزی دیوە و لە دووەم مانگا دۆ ڕۆژ و لە سێهەم مانگا سێ ڕۆژ ، جا لـە چوارەم مانگا دۆ ڕۆژ و لە پێنجەم مانگا چوار ڕۆژ و لە شەشەم مانگا سـێ شەو و ڕۆژ و لەدوای ئەم شەش مانگە ئەگەر وەزعی خراپ بۆ و کەوتە خوێنەوە و خوێنەکەی ڕۆژێ ئاڵ و ڕۆژێ کاڵ گەیشت بە بیسـت ڕۆژ ، ئەوە ئەگەر نۆبەی دوایێ لە بیرە وەکو سێ ڕۆژەکە کە لەم وێنەدا وتمـان ، ئەوەی بـۆ دائەنرێ بە حەیز و باقیـمەندەکەی بە (استحاضە) نەخۆشێ دائەنرێ• ئەگەر نۆبەی دواییشی لە بیر نیە ئەوە نۆبەی کەمتری ئەم نۆبەتانە بە حەیز دابنێ و بۆ نۆبە زۆرەکان (احتیاط) یانێ پارێز بکا لەسەر ئەو نەزمەی لـە ماددەی پێنجەما بە درێژێ بەیانم کرد • ئەمە تا ئیستە قسە لەو معتادەیە بۆ کە کات و ئەندازەی حەیزی پێشۆی لەبیرماوە • ئەمجارە باسی ئەو معتادەیە ئەکەین کە کات و ئەندازە هەردوکیان یا یەکێکیانی لەبیرچوە •

هەشتەم (معتادەی غەیرە ممیزە) کە کات و ئەندازەی پێشۆی هەمۆ

فەرامۆش کردوە مەسەلا نازانێ لەمەوبەر ئەو حەیزەی چۆن بووە و لە چ وەختێکا دەستی پێ‌کردوە و کەی دوایێ هاتوە و ماوەی حەیزەکەی چەند بوە ، ئەمە ناوی (متحيرەی مطلقه) سەر گەردانی نەزانە • ئەم ژنە وەکو پاك وایە لە هەر عیبادەتێکا نییەتی بۆ لازم بێ یانێ بە (مستحاضه) ئەزانرێ و لە غەیری ئەوەدا بە خاوەن حەیز دائەنرێ ، کەوابێ پێویستە نوێژ و ڕۆژوی بە تەواوێ بەجێ‌بێنێ و ، حەرامە قورئان بخوێنێ لە غەیری نوێژدا و نابێ لە مزگەوتا بمێنێتەوە یا پیا ڕابورێ ئەگەر ترسی تەڕکردنی بێ • هەروا حەرامە تێکەڵی مێردەکەی ببێ بە (جماع) کردن • جا ئەگەر لە بیری مابێ ئەوسا لە چ وەختێکا خوێنی حەیزەکەی بڕاوەتەوە هەمێ ڕۆژێ لە فەرزی ئەوکاتەدا خۆی بشۆرێ و ڕەفتاری (مستحاضه) بەجێ بهێنێ• ئەگەر ئەویشی فەرامۆش کردبو ، ئەوە پێویستە بۆ هەمێ فەرزێ غوسڵ بکا چونکە هەڵئەگرێ ئەو کاتە کاتی تەواو بێونی خوێنی حەیزی بێبێ، مەگەر دوکتۆرێکی وا کە بەشەرع باوەڕی پێ‌بکرێ ئەو دەوامی خۆشۆردنە بە خەتەر بزانێ بۆ سەلامەتێ ژنەکە ئەوە لەوحاڵەدا لەباتێ غوسڵ بۆ هەمێ نوێژێ تیممێ بکا •

کە گەیشتە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز ئەبێ بەتەواوێ بەڕۆژو بێ چونکە ئیحتیمالی هەیە پاك بێ لە حەیز و ئەم خوێنە خوێنی (استحاضه) نەخۆشێ بێ و ئەبێ پاش ڕەمەزانیش مانگێکی‌تر بەڕۆژو بێ چونکە قابیلە مانگی ڕەمەزان لە حەیزا بێبێ• جا ئەگەر وەختی خۆی عادەتی وابو بە شەو خوێنەکەی ئەبڕا ، ئەوە ڕۆژوی بەسەرەوە نامێنێ چونکە لە مانگی ڕەمەزان پازدە ڕۆژ و لە مانگی دوایێ پازدە ڕۆژی بۆ ئەژمێررێ • ئەگەر عادەتیشی وابو بە ڕۆژ خوێنی حەیزەکەی ئەبڕایەوە یا لەگومانا بێ بۆ وەختی بڕانەوەی حەیزەکەی ، ئەوە پێویستە دێ ڕۆژی‌تر بەڕۆژو بێ چونکە قابیلە حەیزەکە لە ڕۆژی شازدەدا تەواو بێبێ ، کەواتە لە هەر مانگێ چواردە ڕۆژی بێ ئەمێنێتەوە • بۆ قەزای ئەم دێ ڕۆژە دێ ئوسوڵ هەیە •

(یەکەم) ئەو ژمارەیە وا بەسەریەوە دوقـاتی بکاتەوە و دو ڕۆژیشی لەسەر زیاد بکا لە بەینی ئەو ڕۆژانەدا • بۆ وێنە لەم شـوێنەدا کە دو ڕۆژی لەسەرە ، لە ئەووەڵی مانگی (ذی القعدة)وە دو ڕۆژ بەڕۆژو بێ و لە ڕۆژی حەڤدەهەمی ڕۆژی ئەووەڵەوە دو ڕۆژ بەڕۆژو بێ و، دو ڕۆژەکەیش کە زیادی ئەکا لە بەینی ڕۆژی دوهەم و ڕۆژی حەڤدەهەما بەڕۆژو بێ ، مەسەلا ئەیەوێ ڕۆژێکیان ببەستێ بە دو ڕۆژی ئەووەڵەوە و ڕۆژێکیان ببەستێ بـە ڕۆژی حەڤدەهەمەوە یانێ ڕۆژی شازدەهەم بەڕۆژو بێ• بەمتەرتیبـە لەو دو ڕۆژە ڕزگار ئەبێ ، چونکە ئەگەر حەیز لە ڕۆژی ئەووەڵی مانگـەوە دەس پێ بکا ئەوپەڕەکەی تا شازدەی مانگ ئەگـا و ڕۆژی حەڤدە و هەژدەی بەسـاغێ ئەمێنێتەوە • ئەگەر لە ڕۆژی دوهەمیشـەوە دەس پێ بکـا ڕۆژی ئەووەڵ و ڕۆژی هەژدەهەمی بۆ ئەمێنێتەوە• ئەگەر لە ڕۆژی سێهەمیشەوە دەس پێ بکا ڕۆژی ئەووەڵ و دووەم بەساغێ ئەمێنێتەوە • ئەگەر ڕۆژی ئەووەڵی مانگ ئاخری حەیزێکی زو بوبێ ، ئەوە ڕۆژی دوهەم و سـێهەمی بۆ ئەمێنێتەوە • ئەگەر ڕۆژی دوهەم ئاخری حەیز بوبێ ، ئەوە ئەو ڕۆژەی کـە زیاد کراوە لەپێش هەژدەهەمەوە ئەمێنێتەوە • ئەگەر ڕۆژی شازدەهەم دەستی پێ کردبێ ئەوە دوهەم و سێهەم لەسەرەوە ئەمێننەوە • ئەگەر لە ڕۆژی حەڤدەهەمیشا دەستی پێ کردوە ئەوە ڕۆژی سێهەم و شازدەهەم ئەمێنێتەوە و ئەگەر ڕۆژی هەژدەهەمیش دەستی پێ کردبێ ئەوە ڕۆژی شـازدە و حـەڤدە بەسـاغێ ئەمێنێتەوە• ئەم ئوسوڵە هەمو مانگێ لـە قەزای چواردە ڕۆژ و کەمتر لـە چواردەدا دەس ئەدا •

(دووەم) ئەوەیە ئەو ئەندازەی لەسەریەتی بە بلاوێ لە ماوەی پازدە ڕۆژا بەڕۆژو بێ و ڕۆژێکیتر بە جیا لەو ئەندازە زیاد بکـا ، ئـەم جارە لە ڕۆژی حەڤدەهەمی ڕۆژی ئەووەڵەوە ئەندازەی ئەصڵی ڕۆژوە پێشوەکە بە بێ زیادە بەڕۆژو بێ • بۆ وێنەی قەزای تاقە ڕۆژێ ، ڕۆژی ئەووەڵی مانگ و

ڕۆژی سێهەم و ڕۆژی حەڤدەهەمی ، ڕۆژی ئەووەڵ بەڕۆژو بێ کافییە چونکە ئەگەر حەیز لە ڕۆژی ئەووەڵا دەستی پێ کردبێ ڕۆژی حەڤدە ئەمێنێ . ئەگەر لە ڕۆژی سێهەمیشا دەستی پێ کردبێ ڕۆژی ئەووەڵ ئەمێنێ . ئەگەر ڕۆژی ئەووەڵ ئاخری حەیزێکی پێشو بوبێ ، ئەوە ڕۆژی سێهەم بە ساغی ماوەتەوە . ئەگەر ڕۆژی سێهەمیش ئاخری حەیز بێ ، ڕۆژی حەڤدەهەم ئەمێنێتەوە .

ئەم ئوسوڵی دوهەمە بۆ قەزای حەوت ڕۆژ و کەمتر لە حەوت بەکار دێت و ئەو تەرتیبەی ئیستا وتمان شەرت نیە ، بەڵکو ئەوەندە پێویستە بەینی ڕۆژی ئەووەڵیش و ڕۆژە زیادەکە چەندێکە بەینی ڕۆژی پانزەهەمی مانگ و ڕۆژی دواییش ئەوەندە بێ . مەسەلا ئەگەر ڕۆژوە دوهەمەکە لە ڕۆژی سێهەما بو ، ڕۆژوی ئاخر لە حەڤدەدا بێ . ئەگەر لە ڕۆژی چوارەمیشدا بو ، ڕۆژوی دوایی لە ڕۆژی هەژدەهەما بێ و هەروا لەسەر ئەم میزانە .

نۆهەم (معتادەی غەیرە ممیزە) کە تەنیا ژمارەی ماوەی حەیزی لە بیر مابێ ئیتر وەختەکەی بە ڕۆشنی نەزانێ ، وەکو ئەو ژنە وەزع گۆڕاوەی خوێن لە پازدە ڕۆژ لاداوە کە ئەڵێت وائەزانم لەمەوپێش لە هەمو مانگێکا حەیزم شەش ڕۆژ بوە لە دەی ئەووەڵی مانگەوە ، ئەمە بۆئەوەی کە یەقینە لە حەیز و پاکی ، حوکمی مەعلومە . بو ئەوەش کە هەڵئەگرێ حەیز بێ یا (استحاضە) بێ ، وەکو پاکوایە لە عیبادەتێکا کە نیەتی ناوێ و بەوێنەی خاوەن حەیزە لە غەیری ئەو عیبادەتانەدا . ئیستا لەم میسالەی خۆماندا ڕۆژی شەشەم حەیزە بەڕاستی و بیست ڕۆژی ئاخری مانگ پاکییە بەڕاستی و ، لە یەکی مانگەوە تا ئاخری ڕۆژی پێنجەم هەڵئەگرێ پاک بێ و هەڵیش ئەگرێ حەیزی بەسەرا هاتبێ و ، لە حەوتی مانگەوە تا ئاخری ڕۆژی دەهەم هەڵئەگرێ خاوەن حەیز بێ و هەڵیش ئەگری پاک بێ بەهۆی تەواو بونی حەیزەوە . کەواتە بۆ هەمو فەرزێ پێویستە خۆی بشۆرێ و ڕەفتاری (مستحاضە) ببینێ ئەگەر وەختی دوایی هاتنی حەیزی زەمانی زوی لە بیر نەبێ ، ئەگینا لەو کاتانەدا غوسلی

لەسەرە و بەس •

دەهەم (معتادەی غەیرە ممیزە) کە هەر وەختی لە بیرە و ئەندازە نازانێ، مەسەلا ئەڵێت ئەزانم کە مانگی جارێ حەیزم ئەبوَ ، لە ڕۆژی شەشەمی مانگا حەیزم بوە • ئەمە ڕۆژی شەشی مانگ حەیزە بە یەقین و دەی ئاخری مانـگ (استحاضە)یە بە یەقین و ، لە ڕۆژی ئەووەڵەوە تا ڕۆژی شەش هەڵئەگرێ پاك بێ و هەڵیش ئەگرێ حەیزی بەسەرا هاتبێ و ، لە حەوتەمەوە تـا بیست هەڵئەگرێ پاك بێ و هەڵیش ئەگرێ حەیزی بوبێ و بڕابێتەوە ، کەواتە پێویستە بۆ هەموَ فەرزێ لەماوەیەدا خۆی بشۆرێ ، ئەگەر وەختی بڕانەوەی حەیزی لەوەوبەری نەزانێ ، ئەگینا هەر لەو وەختانەدا پێویستە خۆی بشۆرێ•لازمە لێرەدا بزانین لەم دوَ مـاددەی نۆهــەم و دەهەمــەدا (متحیرەی مقیــدە) سەرگەردانی بەعزە شتێکە نەك هەموَ شتێك•هەروا پێویستە بزانین ئەم دوَ ماددە وەختێ داخلی (متحیرەی مقیــدە) ئەبن ، ئــەگەر ژنەکــە میقداری دەور و[1] ئەووەڵی دەورەکە بزانێ وەکو لەم دوَ وێنەدا باسمان کرد • ئەگەر ئەمانەی نەئەزانێ مەسەلا ئەوەی کە هەر ژمارەی حەیزی لە بیرە بڵێت ئەزانم حەیزم پێنج ڕۆژ بوە لەماوەیەکا و غەیری ئەمە هیچ نازانم ، یاخود ئەو ژنە کە هەر وەختی لە بیرە بڵێت ئەزانم حــەیزم شــەو و ڕۆژێ بوە لــە ماوەی مانگێکا و غەیری ئەوە هیچ نازانم ، ئەمانە هەر حوکمی (متحیرەی مطلقە) سەر گەردانی تەواوییان هەیە وەکو زوَ بەیانمان کرد •

زەیســانێ

زەیسانێ هاتنی خوێنە لە ژنەوە لەپاش منداڵ بوَن • ماوەی هاتنی ئەم

---

(١) مەبەس لــە (دەور) بۆ ئەو ژنەی عــادەتی نەگۆڕاوە ئەو مــاوەیەیە کە حەیزێك و پاکییــەکی تیایە . بۆ ژنێکیش عادەتی گــۆڕابێ کۆمەڵی ئەو مانــگانەیە کــە عادەتە جــیاجیاکانیان تیــایە . (لە حاشیــەی « علی شبراملسی » وەرگیراوە) .

خوێنه لای خوارۆی چاو ترۆکاندنێکه و لای ژۆرووەکەی شـەصت ڕۆژ و ئەغلەبەکەشی چل ڕۆژه • هەرچی بە حەیزەوە حەرام بێ بە زەیسانییشەوە حەرامە • لادانی ماوەی زەیسانێ لە شەصت ڕۆژ وەکو لادانی ماوەی حەیزە لە پازدە ڕۆژ• جا ئەو ژنەی کە خوێنەکەی لە شەصت ڕۆژ لائەدا، یا (مبتدئەی ممیزە)یە نۆ جاریەتی و خوێنەکەی بە ڕەنگامە ئەبینێ هەندێ ئاڵ و هەندێ کاڵ ، ئەمە ئەو خوێنەی ئاڵە زەیسانییە و ئەوەی کاڵــە خوێنی (استحاضە) نەخوشییە ، ئەگەر ئاڵەکەی لە شەصت ڕۆژ لانەدا•[1] ئەگەر لایش بدا، ئەوە لەم کاتەدا خوێنی زەیسانییەکەی بە (لەحظە) چاو ترۆکاندنێ دائەنرێ ، ئیتر مەندەی خوێنەکەی هەمۆ (استحاضە) نەخۆشییە و حوکمی لەمەوبەر ڕابوردە•

ئەگەر (مبتدئەی لاممیزە)شە یانێ ئەو خوێنەی کە لە شـەصت ڕۆژ لایداوە ، هەمۆی یەك ڕەنگە یاخود ڕەنگامەیە ، بەڵام ئاڵەکەی لە شەصت ڕۆژ سـەر کەوت ، ئەمــە زەیسانییەکەی یـەك (لەحظە) چاوترۆکـاندنە و باقیمەندەکەی هەمۆ (استحاضە)یە •

ئەگەر (معتادەی ممیزە)شە یانێ بەسەرهاتویوا کــە فەرق لە بەینی خوێنەکانا بخا ، ئەوە ڕەفتار بە فەرقەکەی ئـەکرێ چونکــە بەسەرهاتێکی ئیستەیە و عادەتەکەی شتێکی کۆنە• بۆ وێنە ئەم ژنە زۆتر خوێنی پاش منالی دە ڕۆژ بوە ، ئەم جارە بیســت ڕۆژ خوێنێکی ئاڵی چـاو پێ کەوت و پەنجا ڕۆژیش خوێنی کاڵ ، لێرەدا ڕەفتار بە عادەتە کۆنەکە ناکەین کــە دە ڕۆژە ، بەلکو ڕەفتار بە فەرقەکە ئەکەین و بیست ڕۆژە ئاڵەکەی بۆ دائەنێین بە خوێنی زەیسانێ ، پەنجا ڕۆژەکەیش بە (استحاضە) و نەخۆشێ •

---

(١) باقێ شەرتەکانی تەمیز لێرەدا ڕێناکەون چونکە خوێنی قەوێ لە لەحظە کەمتر نابێ تا بڵێین خوێنە قەوییەکە لەوە کەمتر نەبێ . پاکییش لە بەینی زەیسانێ و حەیزا ئوسوڵێکی نیە تا بڵێین خوێنە زەعیفەکەی لەو ئەندازە کەمتر نەبێ .

ئەگەر (معتادەی غەیرە ممیزە) بێ ، ئەوە مادام عادەتی پێشوی لە بیرە ئەبرێتەوە سەر عادەتەکەی • بۆ وێنە زۆتر خوێنی پاش منالێ دە ڕۆژ بوە و ئیستە ئەگاتە سێ مانگ بە یەك ڕەنگ • لێرەدا دە ڕۆژی بە (نفاس) دائەنرێ و باقیمەندەکەی (استحاضە)یە •

ئەگەر عادەتی پێشوی لە بیر نیە ، مەسەلا ئەڵێت لەمەوبەر لەپاش منال بون خوێنی بوە بەلام نازانێ ئەندازەی چەند بوە و ئیستەش سێ مانگە خوێنی پاش منالبونی هەیە ، ئەمە بە (متحیرە) سەرگەردان ئەناسرێ • کەواتە لەحظەیەکی خوێنی زەیسانییە بە یەقین و لەوەلا تا دو مانگ هەڵئەگرێت خوێنی زەیسانێ بێ و هەڵیش ئەگرێ ڕزگار بوبێ لە زەیسانێ و ئەم خوێنە (استحاضە) و نەخۆشی بێ ، کەواتە وەکو پاك وایە لە هەر عیبادەتێکا نیەتی پێویست بێ و وەکو زەیسانە لە غەیری ئەوانا و گەرەکە هەمو فەرزەکانی بەجێبێنێ و بۆ پاك کردنەوە و بەستنی فەرجی ڕەفتاری (مستحاضە) بکا و بۆ هەمو فەرزێکیش گەرەکە خۆی بشۆرێ ئەگەر کاتی پاك بونەوەی ئەوسای لە بیر نەبێ ، ئەگینا لەو کاتانەدا غوسل پێویستە تا شەصت ڕۆژ و لەوەپاش هەر (استحاضە)یە و بەس •

(بێدار کردنەوە) خوێنێ لەکاتی حەملی ژنا بێت بە خوێنی حەیز ئەناسرێ ئەگەر لەماوەی خۆی کەمتر نەبێ • ئەو پاکییانەی لەنێوانی خوێنی حەیزا هەن هەر بە حەیز ئەزانرێن • خوێنی زەرد و کاڵیش هەر خوێنی حەیزە • کاتێ ژن کەوتە خوێنەوە ئەبێ بۆ هەمو ڕەفتارێ خۆی بە خاوەن حەیزبزانێ ، جا ئەگەر بەر لە ماوەی حەیز ڕزگار بو ئەوە دەرئەکەوێ حەیز نەبوە و قەزای نوێژ و طاعەتەکەی ئەکاتەوە • هەر کاتێکیش خوێنەکەی نەما ئەبێ خۆی بە پاك بزانێ و بۆ مێردەکەی دروستە پاش خۆشوردن بڕواتە لای و ، ئەگەر لەوەلا خوێنەکەی هاتەوە ئەم کابرا بە گوناەبار ناناسرێ چونکە ڕەفتارەکەی لەسەر باوەڕی پاکبونەوەی ژنەکەی بوە •

باسی نوێژ

ئەو نوێژانەی فەرز کراون لە هەمۆ شـەو و ڕۆژێکـا پێنجن • یەکەم (ظهر) نوێژی نیوەڕۆ • ئەووەڵی وەختی ئـەم نوێژە ئەو کاتەیە کـە ڕۆژ بەدیمەن لە ناوەڕاستی ئاسمان لائەدا و ئاخرەکەشی ئەو کاتەیە کە سێبەری هەر شتێ ئەوەندەی خۆی لێ بێ بێجگە لە سێبەری وەختی (استـواء) ئەو کاتە کە ڕۆژ وا لە ناوەڕاستی ئاسمانا •

ئەو سێبەری وەختی ئیستیوایە لە وڵاتی ئێمەدا بۆ هەر ئینسانێ ، لـە یەکەم مانگی بەهارا شەش پێیە بە پێی ئەو ئینسانە • لـە دووەما چوار ، لـە سێهەما دۆ • لە سێ مانگەی هاوینا بەپێچەوانەی بەهارە ، لە یەکەم مانگی پایزا هەشت پێیە • لە دووەما یازدە • لە سێهەما دوازدە و لە سێ مانگەی زستانا بەپێچەوانەی پایزە •

دووەم (عصر) نوێژی عـەصر • ئەووەڵی وەختی ئـەم نوێژە ئاخری وەختی نیوەڕۆیە و تا قورصـی خـۆر ئـاوا ئەبـێ ئەمێنێتەوە • باش وایە لەو کاتە دوانەکەوێ کە سێبەری شت لە دۆقاتی خۆی لائەدا •

سێهەم (مغرب) نوێژی شێوان • ئـەم نـوێژە ئەمێنێتەوە تا سورایێ کەناری ئاسمان لای خۆرنشینەوە لە چاو ون ئەبێ •

چوارەم (عشاء) نوێژی خەوتنان • ئەووەڵی وەختی ئـەم نوێژە کاتی دوایێ هاتنی نوێژی شێوانە و ئەشمێنێتەوە تا (طلوعی فجر) دەرکەوتنی سپیدەی بەیانێ ، بەڵام باش وایە لە سێ یەکی شەو دوا نەکەوێ •

پێنجەم (صبح) نوێژی سبەینێ • ئەم نوێژە دایێ بـە (طلوعی فجری صادق) دەرکەوتنی سپیدەی بەیان کە بریتییە لەکاتی بڵاو بونەوەی ڕۆناکیێ بە پانایێ قەراغی ئاسمانا لای ڕۆژهەڵاتەوە و ئەمێنێتەوە تا هەندێ لە قورسی

ڕۆژ دەرئەکەوێ و هەتاو ئەدا لەسەر بەرزان ، بەڵام چاك وایە لەوکاتە دوانەخرێ کە عاستی ڕۆژهەڵات زەرد ئەبێ و ڕوناکی ئەوەندە هێرش دێنێ ئینسان هەمو شتێ لە نزیکەوە باش ئەناسێ و جیای ئەکاتەوە • ئەگەر یەکێ دەستی کرد بە نوێژی بەیانی و درێژەی پێ دا تا پاش هەتاو کەوتن ، ئەوە دروستە • هەروا نوێژی (مغرب) و باقی نوێژەکانی تریش •

کەراهەتی هەیە نوستن پێش نوێژی عیشا و قسەکردن لەپاش نوێژی عیشا مەگەر لە شتێکا کە خێر بێ وەکو عولومی شەرع و ئەو عیلمانە کە ئەسبابی زانینی ئەون ، یا قسە کردن لە هەر هونەرێ کە زانینی فەرزی عەین بێ وەکو عیلمی عەقیدە و باوەڕ ، یا فەرزی کیفایە بێ وەکو خەیاتی و ئاسنگەری و دارتاشی و باقی ئەو صەنعەتانە کە هۆی مانەوە و بەرزی ئوممەتی ئیسلامن ، یا قسەکردنی سوننەت بێ وەکو قسە لەگەڵ میوانا بەو شەرتە فاسق نەبێ ، یا ئەگەر فاسق بۆ قسە کردنەکە لەبەر فیسقەکەی نەبێ[(١)] بەڵکو لەبەر ئەوەبێ کە مامۆستای دەرزت بوە ، یا هاوڕێی سەفەرتە ، یا شەریکی بازرگانی و ئاڵوێرتە ، یاخود لە تەرك کردن و بەجێ هێشتنیا ترسی شتێ ببێ •

ئەم نوێژانە واجب ئەبن بە هاتنی ئەووەڵی وەختەکەیان بە واجب بۆ تێکی ماوەدار • دروستیش نیە دوابخرێن مەگەر بەشەرتی ئەوە کە عەزمت ببێ لە ماوەی وەختا بیانکەی • سوننەتە هەمو فەرزێ لە ئەووەڵی وەختەوە بەجێبێنی ، بەڵام پاش ئەوە کە وەختەکەیان بە یەقین دابێت • کەوابو ئەگەر یەکێ بڵێ نوێژ بوە و یەکێ بڵێ نەبوە و لە عەینی وەختا هەستنەوە بۆ نوێژ کردن ، ئەگەر ئەو کەسە کە باوەڕی وایە نوێژ نەبوە ، نوێژ بکا نوێژەکەی بەتاڵە •

---

(١) شیروانی : ب١ . ل٤٣٠ .

(بزانن) گەورەیێ ئەووەڵی وەخت نافەوتێ بەوە کە ئینسان لەپاش بانگ خەریکی دەس نوێژ بێ یا چاوەڕێی کۆمەڵێ بێ کە عادەتیان وایـە حازر ئەبن بۆ جەماعەت ، یا بەوە کە قسەیەکی کورت بکا لە بابەتێکی خێرا یا نان بخوات بۆ ئەوەی ئارەزوێ بشکێ • بەڵێ لە چەندشوێنێکدا پەلە نەکردن سوننەتە وەکو کاتێ کە حاجێ خەریکی ڕەجمی شەیتانە،یاخود لەسەفەرا نیازی جەمعی هەبێ و لەکاتی نوێژی یەکەما بەڕێوەبێ ، یا بەرگ نەبێ بیکاتەبەری و بزانێ لە ئاخری وەختا بەرگی دەست ئەکەوێ ، یا بەڕاستێ نەزانێ نوێژ بـوە ، یا لەبەر عوزرێ تەرکی نوێژی جومعەی کردبێ و ئومێدی وابێ لەپێش فەوتانی جومعەکەدا عوزرەکەی نەمێنێ ، یا لە ولاتێکی زۆر گەرما بێ و نوێژەکەی بە جەماعەت بێ لە مزگەوتێکی دوڕا ، یا لە ئەووەڵی وەختەوە مەشغوڵی ڕزگار کردنی یەکێ بێ لە ئاوا یا لە ئاگرا یا لە بەڵایەکیترا گیری خواردبێ ، بەڵکو لەم کاتانەدا واجبە نوێژەکەی دوابخا •

هەر کەسێ نوێژەکەی دواکەوت ، ئەگەر ڕکاتێ لـە نوێژەکەی کەوتە وختەوە ئەو نوێژە بە حازر دائەنرێ ئەگەر یەکێ بەڕاستێ وەختی نەئەزانێ ئەتوانێ (اجتهاد) بکا بۆ زانینی وەخت بەهـۆی ئیش و کـاری خۆیەوە ، مەسەلا یەکێ لەپاش نوێژی بەیـانێ دە جوزء قورئانی ئەخوێند ئەوجا مەلا بانگی نیوەڕۆی ئەدا ، یا خەیاتێ کەوایەکی ئەدورێ و بانگی نیوەڕۆ ئەدرا ، ئەتوانێ ئەو ئیشە بکا بە ئەندازە بۆ وەختی نیوەڕۆ • هەروا دروستە باوەڕ بکا بە کەڵەشێرێ یا بە پەلەوەرێ کە بەراوردی کردبن • جـا ئەگەر لەپاش نوێژەکە دەرکەوت غەڵەت بوە ، ئەوە واجبە لەسەری نوێژەکە بکاتەوە •

هەر کەسێ نوێژی فەوتا واجبە قەزای بکاتەوە•جا ئەگەر بە بێ عوزری شەرعێ فەوتابێ واجبە لەسەری بە پەلە بیگێڕێتەوە و بیخاتە پێش ئەو نوێژە حازرانەیشەوە کە ترسی فەوتانیانی نەبێ • هـەروا ئەبێ بیخاتـە پێش ئەو نوێژانەیش کە بە عوزری شەرعێ فەوتاون • ئەگەر بە عوزر فەوتابو سوننەتە

پەلە بکا بۆ قەزا کردنەوەی و بیخاتە پێش ئەو نوێژە حازرانەیش کـە ترسی فەوتانیانی نەبێ • ئەگەر هەمو نوێژە فەوتاوەکانی بـە بێعوزر فەوتابون یا هەمویان بە عوزر فەوتابون سوننەتە کە ئەیانگێرێتەوە چاودێری تەرتیب بکا لەنێوانیانا •

حەرامە لەسەر کەسێ قەزای نوێژی لەسەر بێ، مەشغوڵ ببێ بە عیبادەتی سوننەتەوە لەو کاتانەدا کە مەجاڵی قـەزای هەیە و پێویستە هەر کاتێکی ئەمێنێتەوە لە نوستن و کاسبی لازم بۆ ژیـان ، صەرفی بکـا لە قەزای نوێژەکانا • بەڵام شێخی ڕەمەلی ئەفەرموێت دروستە نوێژی سوننەتی ڕاتبەی هەر فەرزێکی فەوتاو لەگەڵ قەزای ئەو فەرزەدا بکات و (راتبە) قەبلییەکانیش بخاتە پێش قەزای فەرزەکانەوە • لەمەوە دەرئەکەوێ کەوا بونی قەزا لەسەر ئینسان مانیع نیە لە کردنی (رواتب) لەگەڵ نوێژە حازرەکانا •

بزانن نوێژ لە پێنج وەختا کەراهەتی هەیە و دانامەزرێ • یەکەم لەپاش ئەوە کە کابرا نوێژی سبەینێی کرد تا ڕۆژ ئەوەندەی ڕمێ بـەرز ئەبێتەوە • دووەم لەکاتی دەرچونی ڕۆژەوە تا دەردێ و ئەوەندەی ڕمێ بەرز ئەبێتەوە • سێهەم لە وەختی ئیستیواوە تا زەوال لە غەیری ڕۆژی جومعـەدا • چوارەم پاش ئەوەکە نوێژی عەصری کرد تا ڕۆژ ئاوا ئەبێ • پێنجەم لە کاتی زەردەی خۆراوابونەوە تا ڕۆژ ئاوا ئەبێ ، بەڵام ئەم کەراهەتە لە حەرەمی مەککەدا نیە و لە نوێژێکیشا نیە سەبەبی پێش کەوتبێ وەك نوێژی قەزا و سوننەتی دەستنوێژ و دیاری مزگەوت و جەنازە و ڕۆژ و مانگ گیران • کەواتە بۆ سوننەتی موطڵەقە و بۆ خاوەن سەبەبی دواکەوتوە وەك نوێژی (استخارە) و نوێژی (احـرام) ، بەڵام شەرتی دروستبونی نوێژی خـاوەن سەبەبی پێش کەوتو ئەوەیە کابرا بەتایبەتی ئەو کاتانەی هەڵنەبژاردبێ بۆ نوێژ لەبەر موخالەفەی شەرع ، ئەگینا حەرامن •

نوێژ لەسەر کێ واجبە و لەسەر کێ واجب نیە ؟

نوێژ واجب نیە لەسەر یەکێ نەبێ کە موسوڵمان و باڵغ و عاقڵ و پاك بێ • کەواتە واجب نیە لەسەر کافر،یانێ کافر تا کافر بێ شەرع داوای نوێژی لێ ناکا بەڵکو داوای لێ ئەکا موسوڵمان ببێ ئەوجا نوێژ بکا • هەر کافرێ موسوڵمان ببێ ، قەزای نوێژی زەمانی کافرێتی لەسەر نیە ، مەگەر (مرتد) یانێ ئەو کەسە کە لەدوای موسوڵمانەتی گەڕابێتەوە بۆ سەر کوفر ، ئەوە هەر کاتێ موسوڵمان بوەوە پێویستە هەر نوێژێکی لە وەختی (مرتد)یدا فەوتاوە قەزای بکاتەوە •

هەروەها نوێژ واجب نیە لەسەر منداڵ ، بەڵام واجبە لەسەر باوك و دایکی و بەرەوژوورتر لەوان لە تەمەنی حەوتساڵیدا ئەمری پێ بکەن بە نوێژ کردن و ، کە دە ساڵی پڕکردەوە تا باڵغ ئەبێ بە فامیدەیی ، لەسەر نوێژ لێی بدەن بە لێدانێکی نەرمی عادەتی ، بۆ ئەوەی خۆ بە نوێژ کردنەوە بگرێ و لەپاش بلوغ تەرکی نەکا • کە لە توانایشیا بۆ ڕۆژوو بگرێت، پێویستە ئەمری پێ بکەن ڕۆژوو بگرێ •

بەر لە هەموو شتێ پیویستە لەسەر باوك و دایك ، مناڵەکانیان فێر بکەن کە ئەم عالەمە پەروردگارێکی هەیە ناوی (الله)یە کە بە کوردی پێی ئەڵێن (خودا) • ئەم زاتە هەر بوە و هەر ئەبێ و لە هیچ شتێ ناچێ و هەرچی صیفەتی گەورەی لایق هەیە هەیەتی و هەرچی صیفەتی ناتەواوییە دوورە لێی• هەروەها فێری بکەن کە پێغەمبەری ئێمە ناوی (محمد)ە صلی الله علیه وسلم و باوکی ناوی عبداللهیە و باپیری ناوی عبدالمطلبە و دایکی ناوی ئامینەیە • لە شاری (مەککە) لە دایك بوە و هەر لە مەککەدا لە تەمەنی چل ساڵیدا خودا کردویە بە پێغەمبەر بۆ هەموو جن و ئینسان و لەپاش سێزدە ساڵ لەپێغەمبەری بە فەرمانی خودا ڕۆیشتوە بۆ شاری (مەدینە) و لەپاش دە ساڵ لە تەمەنی

شەصت و سێ ساڵیدا لە مەدینە وەفاتی کردوە و مەرقەدی لەوێیە و تا دنیا بمێنێ دینەکەی حوکمی هەیە و لەپاش ئەو پێغەمبەر نابێ • هەروا پێویستە هەر باوەڕ و عەقیدەیێ کە لە ئوسوڵی دینی ئیسلامە فێریان بکەن و ئەمریان پێبکەن بە بەجێهێنانی واجبات و بە تەرکی هەرشتێ کە حەرام بێ •

هەروا نوێژ واجب نیە لەسەر ژنێ کە لە حەیزا یا لە زەیسانیدا بێ • واجبیش نیە لەسەر شێت و بێهۆش و سەرخۆشێ کە دەستی خۆیانی تیا نەبێ • بەڵام ئەگەر بە وەزعێکی ناشەرعێ دەستی خۆیانی تیابوٚ ، ئەوە لەپاش ڕزگاربوٚن قەزای ئەو نوێژانەیان لەسەرە •

ئەگەر ئـەم مانیعانە لەکاتی یەکێ لە نوێژەکانا لاچـوٚن لەسەریان و ئەوەندە لەو وەختە مابوٚ لەگەڵ نییـەتا (الله اکبر) بڵێن ، ئەوە ئەو نوێژە واجبە لەسەریان • هەروا نوێژی نیوەڕۆ واجب ئەبێ بە واجب بوٚنی نوێژی عەصر • نوێژی مەغریبیش واجب ئەبێ بە واجب بوٚنی نوێژی عیشا •

ئەگەر منالێ نوێژی ئەکرد و لەناو نوێژەکەدا بە تەمەن بالغ بوٚ ، ئەوە پێویستە ئەو نوێـژە تەواو بکا و لەباتێ فەرزی وەختەکە بـۆی حیساب ئەکرێ • هەروا ئەگەر لەدوای تەواوکردنی نوێژەکەش باڵغ بوٚ ، کردنەوەی ئەو نوێژەی لەسەر نیە • ئەگەر یەکێ لە ئەووەڵی وەختەوە مانیعێکی بەسەرا هات ، ئەم شەخسە ئەگەر بە ساغێ ماوەی کردنی نوێژەکەی ڕابوٚردبێ ئەوە ئەو نوێژە فەرز ئەبێ لەسەری و پێویستە لەپاش ڕزگار بوٚن لەو مانیعە ئەو نوێژە بکا • ئەگەر ئەوەندەی بە ساغێ لەو وەختە ڕانەبواردبوٚ ئەوە نوێژی ئەو وەختەی لەسەر نیە •

باسی بانگ و قامەت

بانگدان و قامەتکردن سونەتن بۆ نوێژی فەرز و بەس • بۆ ئەو نوێژە سونەتانەیش کە بە جەماعەت ئەکرێن وەك نوێژی ڕۆژ و مانگگیران و

نوێژی تەراویح و وەترێ کە بە جەماعەت بکرێ ، ئەوە لەباتی بانگ و قامەت ئەوترێ (الصَّلاةُ جامِعَةٌ ، الصَّلاةُ جامِعَةٌ • هَلُمُّوا للصَّلاةِ الفُلانِيَّةِ يَرْحمْكُمُ اللهُ) • بانگدان بۆ ژن ڕەوا نیە ، بەلام قامەت سوننەتە بۆی • بانگ بۆ یەکێکیش کە بەتەنیا نوێژ بکا سوننەتە • سوننەتیشە ئەوەندەی تاقەت و توانای خۆی دەنگ بەرز بکاتەوە ، مەگەر لە مزگەوتێکا نوێژی جەماعەتی تیا کرابێ یا خەلکەکەی بە یەکەیەکە نوێژیان کردبێ و بلاوەیان لێ کردبێ • هەروا بۆ نوێژی فەوتاویش لەکاتی قەزا کردنەوەدا بانگدان و قامەت کردن سوننەتە ، بەلام ئەگەر لەشوێنێکا چەند نوێژێکی فەوتاو ئەگێڕرایەوە ، ئەوە تەنیا بۆ یەکەم نوێژیان بانگ ئەدرێ •

ئەو جوملانەی لە بانگا ئەوترێن دوو دوون ، مەگەر (الله اكبر) لە ئەووەلیەوە کە چوارە و (لا اله الاالله) لە ئاخریەوە کە یەکێکە • ئەو جوملانەش کە لە قامەتا ئەوترێن یەکە یەکەن مەگەر (الله اكبر) لە ئەووەل و ئاخریەوە و (قد قامت الصلوة) ، ئەوانە دوو دوون •

صەبر و ئارامی لە بانگدانا سوننەتە • پەلەکردنیش لە قامەتا سوننەتە • هەروا (ترجيع) لە هەموو بانگێکا و (تثويب) لە بانگی بەیانیدا سوننەتە • (ترجيع) ئەوەیە بانگدەر لەپێش ئەوەدا کە هەردوو کەلیمەی شەهادەت بە دەنگی بەرز ئەلێت ، بۆ خۆی بە پەنامەکی (شهادتين) وەکو بانگەکەی بلێت ، مەسەلا بلێ (اشهد ان لااله الاالله ، اشهد ان لااله الاالله ، اشهد ان محمداً رسول‌الله ، اشهد ان محمداً رسول‌الله) ئەوجار دەنگیان بۆ بەرز بکاتەوە • (تثويب)یش ئەوەیە لەپاش (حى على الفلاح) دوو جار بلێ (الصلوة خير من النوم) •

لەفظەکانی بانگ ئەمانەن (الله‌اكبر • الله‌اكبر • الله‌اكبر • الله‌اكبر • اشهد ان لااله الاالله • اشهد ان لااله الاالله • اشهد ان محمداً رسول‌الله •

اشهد ان محمداً رسول الله • حي على الصلوة • حي على الصلوة • حي على الفلاح • حي على الفلاح • الله اكبر • الله اكبر • لااله الاالله) • لەفظەکانی قامەتیش ئەمانەن (اللّٰهاکبر • اللّٰهاکبر • اشهد ان لااله الاالله • اشهد ان محمداً رسول الله • حی علی الصلوة • حی علی الفلاح • قد قامت الصلوة • قد قامت الصلوة • اللّٰهاکبر • اللّٰهاکبر • لااله الاالله) •

شەرتە ئەوکەسەی بانگ و قامەت ئەخوێنێ موسوڵمان بێ • بەتایبەتی بانگدەر ئەبێ نێرینە و باڵغ یا منداڵێکی خاوەن تەمیز بێ ، بانگ و قامەت ئەبێ کەلیمەکانیان یەك لەدوای یەك و بەتەرتیب بن • هەرکەسێ دەستی بە بانگ و قامەت کرد ، ئەبێ هەر ئەوکەسە تەواویان بکا • کەواتە بانگێ یا قامەتێ بە دوو کەس بەتاڵە • بۆ هەردوو کیشیان شەرتە وەخت داهاتبێ ، مەگەر بۆ نوێژی بەیانی ئەوە لە نیوەشەوەوە بانگدان دروستە تا ڕۆژ ئەبێتەوە • جا لەسەر ئەم ئەساسە سوننەتە بۆ نوێژی بەیانی دوو بانگدەر بێ یەکێکیان لەپێش فەجرا بانگ بدا ، بۆئەوەی ئەوکەسانەی پێویستە خۆیان بشۆن یا عوزرێکیان هەیە ، خۆیان ئامادە بکەن • بانگدەری دووەمیش لەپاش ڕۆژبونەوە بانگ بدا • ئەم دوو بانگدەرە ئەگەر هەردوکیان بە ئیزنی فەرمانداری ئیسلام دامەزراون ، ئەوە بۆ قامەتکردن ئەبێ یا لەناو خۆیانا ڕێك بکەون یا قورعە بخەن • ئەگەر یەکێکیشیان دامەزراوە و ئەویان وا نیە ئەوە پێویستە دامەزراوەکە قامەت بکا ، بەڵام بەفەرمانی ئیمام ، چونکە قامەت بەسراوە بە ئیزنی ئیمامەوە ، تەنانەت هەندێ لە عالمان فەرموویانە هەر قامەتێ کە بە بێ ئیزنی ئیمام بێ بەتاڵە •

سوننەتە بانگ و قامەت بە ڕاوەستانەوە بن • ئەگەر پێویستیش بوو بانگەکە لە شوێنێکی بەرزەوە بێ بۆئەوەی خەڵك زۆر ئاگادار ببنەوە • سوننەتە بانگدەر و قامەتکەر ڕوو بە قیبلە بن • هەروا سوننەتە بانگدەر هەردوو پەنجەی شەهادەتی بخاتە کڕاکەی هەردوو گوێچکەیەوە • سوننەتە

بانگ‌دەر لە جاری ئەووەڵی (حي على الصلوة)دا بەسەر لابکاتەوە بەلای ڕاستا و لە جاری دووەما بگەڕێتەوە بۆ سەر وەزعی خۆی • لە جاری یەکەمی (حي على الفلاح)یشدا بەسەر لابکاتەوە بۆ لای چەپ و لە جاری دووەمدا بگەڕێتەوە بۆ سەر وەزعی خۆی • سوننەتە بانگ‌دەر و قامەت‌کەر دەس‌نوێژیان بێ ، چونکە بانگ‌دان بۆ بێ‌دەس‌نوێژ کەراهەتی هەیە و بۆ لەش‌پیس کەراهەتەکەی توندترە • بێ‌دەس‌نوێژی و لەش‌پیسی بۆ قامەت‌کەر کەراهەتەکەی گەلێ گران‌ترە • سوننەتە بانگ‌دەر عادل و دەنگ‌خۆش و دەنگ‌بەرز بێ • ئەگەر چەند مزگەوتێکیش لە نزیکی یەکەوە بوون ، هێشتا هەر سوننەتە لە هەموو مزگەوتەکانا بانگ بدرێ ، چونکە مەبەس بڵاوکردنەوەی شیعارە نەک تەنیا بیستنی خەڵک • بانگ‌دان بەتەنیا لە ئیمامەت خەیری زۆرترە • ئەوکەسە کە بانگ ئەدا ئەگەر بۆی بلوێ سوننەتە هەر خۆی ئیمامەتەکەش بکا •

سوننەتە بۆ ئەوکەسەی گوێی لە بانگ و قامەتەوەیە ، ئەوەی ئەوان ئەیڵێن ، ئەمیش بیڵێ ، بێجگە لە هەردوو کەلیمەی (حي على الصلاة) و (حي على الفلاح)، ئەوە لەمانا بڵێت (لا حولَ ولاقوةَ الابالله) و ، بێجگە لە جوابی (الصَّلوة خيرٌ من النوم) ئـەوە لێرەدا بڵێت (صَدقتَ وبرِرتَ وبالحق نطقْتَ) و ،بێجگە لە جوابی (قد قامتِ الصلاةْ) ، ئەوە لێرەدا بڵێت (اقامها الله وادامها ، وجعلني من صالحي اهلها) • سوننەتە بۆ گوێ‌گر خوێندنی قورئانی پیرۆز ببڕێ ، تا جوابی بانگ بداتەوە • ئەگەر مەشغووڵی دوعای پاش دەس‌نوێژیش بوو، لەپاش تەواو کردنی ئەو دوعایە جوابی بانگەکە لەسەریەک بداتەوە • هەروا ئەگەر لە ئاخری بانگا پێی‌زانی •

سوننەتە بۆ بانگ‌دەر و قامەت‌کەر لەپاش بانگ و قامەتەکەوە صەڵەوات بدەن و دوعا مەشهوورەکە بخوێنن بڵێن (اللهمَّ صلِّ وسلِّم وبارِكْ على النَّبيِّ الكريمِ وآلِهِ • اللهمَّ ربَّ هذهِ الدعوة التامَّة والصَّلاة القائمة

آتِ سيدَنا محمداً الوسيلةَ والفضيلةَ والدرجةَ الرفيعةَ ، وابعثهُ مقاماً محموداً الذي وعدتَهُ انكَ لاتخلِفُ الميعاد) .

هەروا صەڵـەوات‌دان لەپێش قامەتیشا سـوننەتە[1] . سـوننەتە لەنێوانی بانگ و قامەتا هەمو کەسێ دوعای خێر بۆ دین و دنیای خۆی و موسوڵمانان بکا . ئەگەر مابەینی قامەت و نوێژ زۆر فەصڵـی کەوت ئەبـێ قامەتەکە دوبارە بکرێتەوە . سوننەتە ئیمام لەپاش تەواوبونی قامەت ڕاسـت ببێتەوە . هەروا سوننەتـە ئەمر بکا بەوانەی کە لە پشتیـەوەن ڕیزەکەیان ڕێك‌بخەن و بلکێن بە یەکەوە ، بەڵام بە جۆرێ کە لە نوێژەکەدا زەحمەتیـان پێ نەگـا .

سوننەتە بانگ‌دان بەسەر منالا کـە لەدایك ئەبێ و ، لەکاتی سوتانی شوێنێکا و لەکاتی تێك‌ڕژانی سوپای ئیسلام لەگەڵ سوپای کافرانا و،بەسەر ئینسانی فێرەڕۆدا لەو کاتەدا کە ڕقی هەڵئەسێ و ، بەسەر ئینسانی (فێ) لێ هاتو و بەسەر ئینسانی پەرێشان و خەفـەت‌بارا . سوننەتە بانگ و قامەت بەدوای کەسێکدا کە ئەڕوا بـۆ سەفەرێکی پـیرۆز وەك خوێندنی عیلم یا سەفەری حەج ، بەڵام جوابدانەوەی ئەم بانگانە سوننەت نیە . (بێداری) هەرکاتێ وەخت ئەوەندی نەمابێ بەشی بانگ و قامەت بکا لەگەڵ نوێژەکەدا، سوننەت نیە بانگ‌دان و قامەت‌کردن ، بەڵکو پێویستە تەرك بکرێن بۆ ئەوە کە نوێژەکە بە ئەدا جێ‌بەجێ بکرێ .

باسی شەرتی نوێژ

نوێژ پێنج شەرتی هەیە (یەکەم) زانینی داهـاتنی وەختـی نوێژەکەیە . (دوهەم) ڕوکردنە لە قیبلە . (سێهەم) داپۆشینی عەورەتە . عەورەتی پیاو لـە

---

(1) حاشیەی شێخ سلیمانی جمل لەسەر (فتح الوهاب) .

نوێژا[۱] مابەینی ناوك و ئەژنۆیەتی ، کەواتە نەفسی ناوك و ئەژنۆ عــەورەت نین ، بەڵام پێویستە لە هەردوکیان داپۆشرێ بۆئەوە کە داپۆشینی عەورەت بەڕاستی بێتەجێ • عەورەتی ژنیش هەمو لەشیەتی بێجگە لە دەموچاو و هەردو دەستی تا جمگەی موچ[۲] • شەرتی پۆشاکەکە ئەوەیە مەنعی بینینی ڕەنگی پێستی عەورەت بکا • ئەگەر بەرگی دەس نەکەوت پێویستە ئەو مابەینە بــە قوڕ یا بە ئاوێکی لێڵ داپۆشێ • ئەگەر ئەمەیش نـەبو واجبـە بـە ڕوتی نوێژەکەی بکا و قەزای نوێژەکەیـشی لەســەر نیە • ئەگــەر با لەکوتوپڕا عەورەتی دەرخست ئەمیش بە بێ‌قصور خۆی داپۆشێ ئەوە قەیدی نیــە ، ئەگینا نوێژەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە •

پێویستە وەزعی پۆشاکەکە وا بێ کــە لەلای ژورەوە لــە تەنیشتەوە عەورەتی نەبینرێ • کەواتە پێویستە ئینسانی نوێژکەر یا پشتێنێ ببەستێ یا خود بە قۆپچە ناوقەدی ببەستێ بۆ ئەوەی مەنعی بینینی عەورەت بکا •بەڵام بینینی عەورەتی نوێژکەر لەلای خوارەوە قەیدی نیە • ئەگەر ئەوەندە پۆشاکی دەس‌ئەکەوت هەر بەشی بەرودوای بکا ئەوە پێویستە هەر ئەو دوانەی پــێ داپۆشێ • (چوارەم) پاکییە لە بێ‌دەس‌نوێژێ و لەش‌پیسێ • (پێنجەم) پاکێ لەش و پۆشاك و جێگەی نوێژە • جا ئەگەر لەناو نوێژەکــەدا بێ‌دەس‌نوێژێ

---

(۱) هەروا عەورەتی لەگەڵ پیاو و لەگەڵ ژنی مەحرەما ، بەڵام لەگەڵ ژنی بێگانەدا ئەوە هەمو لەشیەتی بە پێست و موەوە . عەورەتی لە خەڵوەتا تەنیا بەر و دوایــەتی . ئەگەر مەبەسێکی شەرعێ ببێ ئــەوە دروستە تەماشایان بکا .

(۲) عەورەتی ژن لەگــەڵ پیاوی نامەحرەما هەمو لەشیەتی و لەگــەڵ ژنی موسوڵمان و پیــاوی مەحرەما بەینی ناوك و ئەژنۆیەتی . لەگــەڵ ژنی کافریشدا غەیــری ئەو جێگەیەی دەرئەکەوێ لە ئیش و کــارا هەموی عەورەتە .

بەسەراهات پێویستە دەس نوێژ بگرێ و سەرلەنوێ نوێژەکەی بکاتەوە • ئەگەر پۆشاکێ یا جێگەیەکی پاك و پیسی لێ گۆڕا، ئەبێ (اجتهاد) کۆشش بکا بۆ دۆزینەوەی پاکەکەیان بە نیشانە و بەڵگە • ئەگەر هەندێ لە لەش یا لە پۆشاکی پیس بێ و نەیئەزانێ کوێیەتی ، پێویستە هەمێ لەشی یا هەمێ ئەو پۆشاکەی بشۆرێ • ئەگەر جاێکی پیسی هەبێ و ئیستە نیوەی شۆرد و لەپاش ماوەیێ نیوەکەی تریشی شۆرد ،ئەوە پێویستە قەیتانێ لەو پاکەی کە دراوسێی ئەم نیوە پیسەیە دێبارە بیشۆرێتەوە • ئەگینا ئەو دراوسێیە هەر بە پیس ئەزانرێ •

ئەگەر ئینسان لەشی یا پۆشاکی بەری گەیشت بە شتێکی پیس ، ئەوە نوێژەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە با ئەو شتە پیسەش هەڵنەگرێ یاخود پیسێکی وشك بێ • کەواتە ئەگەر نوێژکەرێ لەنوێژا لکا بە دیوارێکی پیسەوە ، ئەوە نوێژەکەی بەتاڵە • ئەگەر بێیش بە هەڵگری شتێ پیس نوێژەکەی بەتاڵە • کەواتە ئەگەر ئینسان شتێکی پاکی هەڵگرت کە سەرێکی لەسەر شتێکی پیس بێ ، مەسەلا گوریسێکی هەڵگرت یا بەستی بەدەستیەوە کە ئەوسەری لەسەر شتێکی پیس بێ ، ئەوە نوێژەکەی بەتاڵە ، خوای ئەوسەرەی لەسەر پیسییەکەیە بەسرابێ بە پیسییەکەوە یا نە و خوای ئەو شتە پاکە سەرێکی لەسەر پیسییەکەیە بە جوڵانەوەی نوێژکەرەکە بجوڵێ یا نە • لە عەینی حاڵا ئەگەر ئەو گوریسە مەسەلا کە سەرێکی لەسەر پیسییە بیخاتە ژێری پێی ، ئەوە زیانی بۆ نوێژەکەی نیە •

ئەگەر نوێژکەرێ شتێکی پاکی گرت بەدەستەوە کە سەرێکی تری بەسرابێ بە شتێکی پاکەوە و ئەو شتە پاکە بەسرابێ بە شتێکی پیسەوە ، ئەگەر ئەم شتە پاکە دێهەمە کە لکاوە بە پیسەکەوە بەسرابێ بەو پیسەوە و ئەو پیسەیش بە جوڵانی نوێژکەرەکە بجوڵێ ، ئەوە نوێژەکە بەتاڵ ئەبێتەوە ، بەڵام ئەگەر هەر لەسەری دانرابێ و نەبەسرابێ پێیەوە ، یاخود بەسرابێ پێیەوە

بەڵام بە جوڵانی کابرا نەجوڵێ ، ئەوە نوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوە •

قسەی ڕاست لەمبابەتەوە ئەوەیە کە وتمان وەك لە (اعانە)دا نەقڵی ئەکا لە (کوردی)یەوە •

کەواتە ئەگەر نوێژکەرێ یا خوتبەخوێنێ تەلی میکرۆفۆنی بەدەستەوە بێ و ئەو تەلە توند کرابێ لە کۆڵەکەیەك و ئەو کۆڵەکە لە ئەرزێکی پیسدا داکوترابێ، ئەوە مادەم ئەو شوێنە تەلەکەی پێوە بەسراوە پاك بێ، نوێژەکەی و خوتبەکەی دروستە چونکە ئەو کۆڵەکە بە ڕاکێشانی ئینسان بەکێش ناکرێ •

هەروەها زیانی نیە دەستێکی شکاو کە بە ئێسکێکی پیس بگیرێتەوە ، مادەم غەیری ئەو ئێسکە پیسە دەست نەکەوێ بۆ گرتنەوەی ئەو دەستە شکاوە • هەروا زیانی نیە پیساییەك بەرابەر بە سنگی ئینسان لەسەر جێگەی نوێژ ، مادەم پێوە نەلکێ • زیانیشی نیە دانانی پێ لەسەر لەغاوێ یا هەوسارێ کە ئەو سەرەکەی بەسرابێ بە حەیوانێکی پیسەوە •

(بزانن) عەفو ئەدرێ لە قوڕی ڕێگا لەکاتێکا خۆپاراستن زەحمەت بێ • لە پرژی ئاوی پلۆسك کە لە بانی پیسەوە بێتە خوار یا لە ئەرزی پیس هەڵپرژێتەوە • لە جێ پێی سەگ و بەراز لە کەژ و کێوا ئەگەر ئەوەندە زۆر بێ خۆپاراستن لێی زەحمەت بێ ، هەروا لە شوێن پێی سەگ لە ئاوەدانیدا و لە کەمی خوێنی کێچ لە لەش و پۆشاکی ئینسانا و ، لە خوێنی برین و شوێنی کەڵەشاخ گرتن و ، لە کەمی خوێنی بێگانە کە بکەوێتە سەر لەش و بەرگی ئینسان و ، لە ڕشانەوەی منداڵی شیرەخۆرە لە باوەشی دایکیدا •

ئەگەر کەسێ پاش ئەوە کە لە نوێژ بوەوە ، زانی پیسییەکیوای پێوە بوە یا پێوەیەتی کە عەفوی لێ نادرێ ، ئەوە پێویستە نوێژەکەی بگێڕێتەوە • ئەگەر ژمارەی ئەو نوێژانەی نەئەزانێ کە بەو پیسییەوە کردونی ، ئەبێ بچێتەوە سەر ئەو ئەندازەیە بەڕاستی ئەیزانێ کردویەتی •

درێژەی باسی قیبلە

ڕوکردنە قیبلە شەرتی نوێژە مەگەر لەکاتی شیددەتی ترسدا (مطلقا) و لە نوێژی سوننەتی سەفەردا • دروستە ئینسان نوێژی سوننەت بکا بە سواری و بە پیادە با سەفەرەکەیشی کورت بێ ، بەڵام ئینسانی ڕێبوار ئەگەر لەناو کەژاوەدا بێ و بۆی بکرێ ڕوبکاتە قیبلە و (رکوع) و (سجود) تەواو بکا ، ئەوە پێویستە ڕوبکاتە قیبلە • ئەگەر ئەوەی بۆ ڕێ نەکەوت ، بەڵام بۆی ئەکرا بەئاسانی لەکاتی (الله اکبر)ی نوێژ دابەستنا ڕوبکاتە قیبلە ،ئەوە پێویستە لەوکاتەدا ڕوی تێبکا • ئەگینا لەسەر حاڵی ڕێبواری خۆی دەوام بکا نوێژە سوننەتەکەی تەواو بکا ، بەڵام ئەم ڕێبوارە نابێ لەعاستی سەفەرەکەی لابدا مەگەر بەرەو قیبلە •

ئینسانی سوار ئەبێ لە وەختی ڕکوعا کەمێ دابنەوێتەوە و لەکاتی سوجدەکەیا زیاتر لەو ئەندازە ، بەڵام بۆ پیادە پێویستە لەکاتی (تکبیری تحرم) و لەکاتی ڕکوع و سجوددا ڕو لە قیبلە بکا و ڕکوع و سجودەکەی تەواو بکا • دروست نیە بڕوا بە ڕێگەدا لە وەختی ڕاوەستانا نەبێ بۆ خوێندنی فاتیحە و سورەت و لەکاتی خوێندنی تەحیاتا • ئاشکرایە پێویستە کەوشی کابرا پاك بێ و ئەو خاکەی بەسەریا ئەڕوا پاك بێ ، ئەگینا نوێژەکەی دروست نابێ •

دروستە ئینسانی سوار نوێژی فەرز بەسواری بکا بەوشەرتە وڵاغەکەی ڕاوەستاو بێ و ڕوی لە قیبلە بێ و ڕکوع و سجودی تەواو بکا • ئەگەر وانەبێ نوێژی فەرز بەسەر وڵاغەکەوە دروست نیە • بەڵام نوێژی فەرز لە کەشتیدا و لەناو شەمەندەفەرا لە وەختی ڕۆیشتنا دروستە چونکە ئەم نەوعە شوێنانە وەکو خانوی ئینسان وان •

فێربونی دەلیلی ناسینی قیبلە بۆ نیشتەجێ و ڕێبوار فەرزی عەینە لە

شوێنێکا زانای سەمتی قیبلە کەم بێ و فــەرزی کیفایەشە ئــەگەر زانــا لەوشوێنەدا زۆر بو • لەسەر ئەم ئەساسە هەرکەسێ بڕوا بۆسەفەر و دەلیلیقیبلە نەزانێ و هاوڕێی زانایەکیش نەبێ،ئەو سەفەرەی گوناهە و لەو سەفەرا هەرچێ بۆ سەفەرێ ڕەوایە وەکو (تیمم) و (قصر و جمع)ی نوێژ و ڕۆژو نەگرتن بۆ ئەو کەسە دروست نیە • ئینسان لە کاتێکــا لە خانوی (کعبــة الله)دا بــێ و ڕوبکاتە دیواری کەعبە یا ڕوبکاتە دەرگاکەی و ئەو دەرگایە داخرابێ یاخود کرابێتەوە ، بەڵام داری ناو دەرگاکە ئەوەندەی دوســێیەکە گەز بەرز بێ ، ئەوە نوێژەکەی دروستە • هەروا ئەگەر لەسەر بانی کەعبە نوێژ بکا و ڕوبکاتە حەساری قەراغی بانەکە و ئەو حەسارەیش دوسێیەکە گەز بەرز بێ •

هەر کەسێ بۆی بکرێ خۆی بە یەقین قیبلە بزانێ وەکو یەکێ لە مەککەدا بێ و چاوی بکەوێ بە کەعبە ، ئەوە حەرامە بکەوێتە شوێن قســەی خەڵك و پێویستە خۆی کەعبە دیاردێ بکا • ئەگەر خۆی بە یەقین کەعبەی نەئەزانێ ، بەڵام یەکێکی باوەڕ پێکراویوا هەبێ بە یەقین ئاگای لە کەعبە بێ ، ئەوە واجبە بکەوێتە شوێن قسەی ئەو کەسە •

ئەگەر یەکێکی وای دەس نەکەوت بەڵام خۆی ئەیتوانێ (اجتهاد) بکا و بە نیشانە و بەڵگە قیبلە بدۆزێتەوە ، ئەوە واجبە لەســەری ئیجتیهــاد بکا و حەرامە تەقلیدی خاوەن ئیجتیهادێکیتر بکا ، چونکــە دروســت نیە خاوەن ئیجتیهاد تابیعی خاوەن ئیجتیهاد ببێ • دروستە لەمکاتی ئیجتیهادەدا باوەڕ بکا بە قیبلەنومای بەراورد کراو و بە میحرابی مزگەوتی قەرەباڵغی موسوڵمانان ، بەڵام ڕەوایە لەسەر ئیجتیهاد لابدا بۆ لای ڕاست یا چەپی ئەو میحرابە مەگەر لە میحرابی (مدینەی منورە)دا •

دەلیلی قیبلە زۆرن ، یەکێ لەو دەلیلانە زانینی درێژێ و پــانێ وڵاتە • ئینسان پاش ئەوە خەتی (نصف النهار)ی وڵاتی زانێ ، دۆزینەوەی قیبلە ئاسانە

ئەگەر دەرەجەی درێژیی و پانیی مەککە و ئەو شوێنی خۆیە بزانیی • مەسەلا بۆ دۆزینەوەی (نصف النهار)ی خۆت لە ئەرزی ڕێکا ، دائیرەیێ بکێشە و، لەسەر مەرکەزی ئەو دائیرەیە دارێ کە ئەوەندەی چواریەکی ماوەی ناو دائیرەکە درێژ بێ داچەقێنە و ، شوێنی دەرچوونی سێبەری ئەو دارە لە دائیرەکە لەکاتی بەیانیی و ئێوارەدا دیاریی بکە و ، ئەو قەوسە کەوا لەبەینی ئەو دوو نیشانگادا بیکە بە دوو بەشەوە،لەموەختەدا ئەو خەتەکە لەمەرکەزی دائیرەکەوە دەرئەچێ و ئەگاتە ئەو مابەینە ، ئەوە خەتی (نصف النهار)ی ئەو وڵاتەیە • جا کاتێ کە سێبەری دارەکە ئەکەوێتە عاستی ئەو خەتە ، ئەوە کاتی (نصف النهار)ی وڵاتەکەتە • جا لەبەرئەوە کە شارەزوور لەپانیدا چواردە دەرەجە و بیست دەقیقە و لە درێژیدا چواردە دەرەجە و بیست دەقیقە لە پانیی و درێژیی (مکەی مکرمە) زیاترە ، ئێمە ئەگەر سەمتی جەنوبی غەربی خەتی (نصف النهار)ی وڵاتی خۆمان بگرین و ڕووی تێ بکەین ، ئەوە ڕوومان لە قیبلەیە[1]•

یەکێکی تر لەو دەلیلانە ئەستێرەی قوطبی شیمالییە کە دوا ئەستێرەی حەوتەوانانی بچووکە • ئینسانێ لەم وڵاتی عێراقەدا هەروەختێ بەرەو جنوب بە نەوعێکی وا ڕاوەستا ئەگەر لەکاتێکا بەلای ڕاستا لای کردەوە ئەو ئەستێرەیەی بینی ، ئەوە ئەو کەسە ڕووی لە قیبلەیە • بەڵام تا ئینسان زۆرتر بکەوێتە خۆرنشینی عێراقەوە ، لاکردنەوەیەکی زۆرتری ئەوێ ، مەسەلا لە شاری موسڵدا لاکردنەوەی زۆرتر ئەوێ تا لە شاری کەرکوك و بەمجۆرە •

---

(١) درێژیی شاری مەککە لەسەر میقیاسی پێشوو حەفتا و حەوت دەرەجەیە و عەرزی بیست و یەك دەرەجە و چل دەقیقەی ئاسمانییە . درێژیی شارەزووریش هەشتا و یەك دەرەجە و بیست دەقیقەی ئاسمانیی و پانیی سیوشەش دەرەجەیە . بۆ هەر دەرەجەیەکی ئاسمانیی چوار دەقیقە بە سەعاتی زەمانیی دانراوە . بەم میزانە نیوەڕۆی مەککە هەژدە دەقیقە ئەکەوێتە دوای نیوەڕۆی شارەزوورەوە و مادام بەشی زەوالیشی بخەینە سەر ئەبێ بە نزیکەی نیو سەعات .

یەکێکی تر لەو دەلیلانە ئەوەیە ئینسان شوێن دەرچوونی ڕۆژ لە ئەووەلی زستانا و شوێن ئاوابوونی لە ئەووەڵ ڕۆژی هاوینا دیاری بکا • نوختەی ناوەڕاستی ئەو دوو شوێنە لە وڵاتی ئێمەدا سەمتی قیبلەیە •

یەکێکی تر لەو دەلیلانە دەرزی قوطب‌نومایە • ئینسان لەم وڵاتی ئێمەدا ئەگەر شانی ڕاستی ئەو دەرزی قوطب‌نومایە بگرێ ، ئەوە ڕوی لە قیبلەیە و ئەهلی شەرع ڕەوایان داوە ئینسان باوەڕی پێ بکا •

جا ئەوکەسەی کە قابیلیەتی ئیجتیهادی هەیە ئەگەر مەجالی ئیجتیهادی نەبو لەبەر تەنگی وەخت یا لەبەرئەوە کە بەهۆی هەور و غوبارەوە سەرگەردان بو ، ئەوە دروست نیە تەقلیدی خاوەن ئیجتیهادێکی تر بکا ، بەڵکو هەرچۆن بۆی ڕێکەوت نوێژ بکا و لەکاتی دەرکەوتنی قیبلەدا ئەو نوێژە بە قەزا بکاتەوە ئەگەر لە نوێژەکەیا ڕوی لە قیبلە نەبوبێ •

لەسەر ئینسانی خاوەن ئیجتیهاد پێویستە بۆ هەموو فەرزێ ئیجتیهادەکەی تازە بکاتەوە ، چونکە ئیجتیهاد قابیلی ئەوەیە بگۆڕێ •

ئەگەر یەکێ ئەهلی ئیجتیهاد نەبو بەڵام ئەیتوانی فێری دەلیلی قیبلە بێ پێویستە فێری بێ • ئەگەر نەشی‌توانی فێری بێ ، واجبە تەقلیدی کەسێکی وا بکا کە زانا بێ بە دەلیلی قیبلە •

هەرکەسێ ئیجتیهادی کرد بۆ دۆزینەوەی قیبلە و پاشان بەیەقین بۆی دەرکەوت کەوا بەغەڵەتا چوە لەو ئیجتیهادەدا ، ئەگەر ئەمە لەپێش کردنی نوێژەکەدایە پێویستە ڕوبکاتە ئەو تەرەفە کە بەیەقین قیبلەیە و ، ئەگەر لەناو نوێژا بو پێویستە بیبڕێ و سەرلەنوێ نوێژەکەی دابمەزرێنێتەوە بەرەو تەرەفە ڕاستەکە • هەروا ئەگەر لەپاش نوێژ کردن بو و وەختی ئەو نوێژەیش مابو • ئەگەر وەختیشی نەمابو ، قەزای بکاتەوە •

هەر کەسێ ئیجتیهادی گۆڕا بەڵام باوەڕیشـــی لەلا یەقین نەبـــو ، ئەمە ئەگەر لەپێش نوێژ کردنایە یا لەناو نوێژەکەدایە پێویستە ڕەفتار بەم ئیجتیهادە دواییە بکا ، تەنانەت دروستە بەهۆی چوار ئیجتیهادی جیـاوازەوە چـوار ڕکاتەی نیوەڕۆ بە چوار تەرەفا بکا و قەزای ئەو نوێژەیشی لەسەر نیە مادام بەیەقین نەزانێ بە هەڵەدا چوە • ئەگەر لەپاش کردنـــی نوێژەکە ئیجتیهـادی گۆڕا ، ئەوە هیچ ئیعتیبار و قیمەتی نیە و نابێ ڕەفتار بەم ئیجتیهادە دواییـــە بکا مادام بەیەقین نەزانێ ئەم ئیجتیهادە دواییە ڕاستە •

لەمبەیاناتەوە دەرکەوت کەوا ڕۆکردنە قیبلە بە پێنج جۆرە (یەکەم) عیلمی یەقین بە قیبلە • (دوەهەم) تابیع بون بە یەکێ کە عیلمی یەقینی بێ • (سێهەم) ئیجتیهادی ئینسان خۆی • (چوارەم) تەقلیـــدی موجتەهیـــد • (پێنجــەم) حیرەت و سەرگەردانی • (بزانن) دەرکەوتنی میحرابی مزگەوتی حــەزرەت صلی الله علیه وسلم لە (مدینەی منورە)دا لەشوێنی خەبەردانی کەسێکدایە کە (علم الیقین)ی ببێ • چاو کەوتنیش بە میحرابی مزگەوتی شارانیتری ئیسلام و بە قوطبنوما ، لە پایەی ئیجتیهاددا دایە • بەڵام ئینسان خـــاتر خۆیـــە لــە ڕەفتارکردنا بە ئیجتیهادی خۆی یا بەپێی قوطبنومـــا و میحـــرابی شـــارانی ئیســـلام •

باسی چۆنیەتی نوێژ

ئەرکانی نوێژ ، واتە ئەوشتانە کە نوێژ بەوانە پێکدێ سیانزەن •

یەکەم (نییەت) یانێ قەصدو مەبەستی دڵ • جا ئەگەر نوێژی فەرزی کرد پێویستە قەصدی کردنی نوێژەکەو دیـــاری کردنـــی نـــاو و مولاحــەزەی فەرزیەتی ببێ • ئەگەر نوێژێکی سونەتی وایشی کرد کە وەختی تایبەتی ببێ وەکو نوێژی چێشتەنگا ، یا سەبەبێکی تایبــەتی هەبـــو وەکو نوێـــژی ڕۆژ گیران ، ئەوە پێویستە هەر نییەتی کردن و دیـــاری کردنی ببـــێ ، ئیتر باسی

سونەت پێویست نیە • ئەگەر نوێژێکی سونەتی بێوەخت و سەبەبیش بۆ، ئەوە تەنیا قەصدی کردنی نوێژ پێویستە و پێویست نیە لە دڵا بەتایبەتی خەیاڵی ئەوە بکا کە ئەم نوێژە بۆ زاتی خودایە چونکە لەواقیعا نوێژ هەر بۆ خودا ئەکرێ ، بەڵام ئەم خەیاڵە سونەتە • هەروا فەرز نیە دیاری کردنی بەجێهێنانی نوێژی حازر یا گێڕانەوەی ڕابوردوو ، بەڵکو ئەم نییەتە سونەتە •

دروستە ئینسان نوێژێکی حازر بکا و نییەتی قەزا بێنێ یا نوێژێکی ڕابوردوو بکا و نییەتی ئەدای حازر بهێنێ ، ئەگەر عوزرێکی ببێ وەکو هەور و تۆز و نەزانێ وەخت ماوە یا نەماوە یا مەبەستی لەم ئەدا و قەزا هەر کردن و بەجێهێنان بێ •

نییەت لە دڵایە • وتنی بە زمان فەرز نیە ، بەڵام سونەتە بۆ ئەوە کە دڵ و زمان بکەونە یەك ، بەر لە وتنی (الله اکبر) ئەوانەی لە دڵا قەصدی کردوون بە زمان بیانڵێت •

دووهەم وتنی (الله اکبر)ە لەگەڵ ئەو نییەتەدا کە لە دڵیا بووە • فەرزە لەسەر کەسێ توانای وتنی ئەم لەفزەی ببێ یا بتوانێ فێری ببێ ئەم لەفزە بەتایبەتی بڵێت ، ئەگینا تەرجومەکەی بڵێ وەکو (خودا لە هەموو کەسێ گەورەترە) و عەیبی نیە زیادەیەکی وا کە مەنعی ناوی (تکبیر) نەکا وەکو (الله الاکبر) بە ئەلف لام یا (الله الجلیل اکبر) بە زیادەی (الجلیل) ، بەڵام بەرودوا کردن بەو لەفزە وەکو (اکبر الله) ئەوە دروست نیە •

سونەتە لەگەڵ ئەووەڵی (الله اکبر)ا هەردو دەستی بە ڕووتی و کراوەیی لەگەڵ کەمێ بڵاوی پەنجەکانیا بەرز کاتەوە تا سەری پەنجەکان ڕێکی لای ژوورووی گوێ و ، پەنجە گەورەکانی ڕێکی نەرمەی گوێی بن و، بەری دەستی ڕووی لە قیبلە بێ و ، کەمێ سەرپەنجەکانی بەرەو قیبلە لار بینەوە و ، ئاخری بەرز کردنەوەی دەستی لەگەڵ ئاخر هاتنی لەفزی (الله اکبر)دا یەك بکەون ،

جا پاش ئەوە دەستەکانی بێنێتە خوارەوە بۆ خواری سنگ و ژووری ناوکی ، بە مەیلی لای چەپ بە دەستی ڕاستی مۆچی دەستی چەپی بگرێ •

پێویستە ئەو نییەتەی باسمان کرد لەگەڵ هەمو حەرفێکی (الله اکبر)دا بکەوێتە یەك،بەڵام لەبەر ئەوە کە ئەم وەزعە گرانە و بۆ هەمو کەس دەس نادا کۆمەڵێ لە پێشەوا بەرزەکانی مەزهەبی شافیعی وەکو (امام الحرمین) و (امامی غزالی) ئیختیاری ئەوەیان کردوە کە کەوتنە یەکێکی عورفی لەبەینی نییەتی دڵ و وتنی (الله اکبر)دا کافییە ، یانێ بەجۆرێکیوا کابرا بە ئینسانێ بزانرێ کە خۆی حازر کردبێ بۆ نوێژ دابەستن و خۆی ئەوەندە ئاگادار بێ کە ئەو نوێژە دیارییە دائەبەستێ • جا با لەم مەسەلەیەدا ئینسان بکەوێتە شوێنی ئەم ئیمامانە و ، بە قسەکەیان ڕازی بێ •

سێهەم ڕاوەستانە بۆ خوێندنی فاتیحە لە نوێژی فەرزا بۆ یەکێ توانای بێ • شەرتی ڕاوەستان ئەوەیە زنجیرەی پشتی ڕێك بوەستێ • کەواتە ئەگەر یەکێوا ڕاوەستا بچەمێتەوە بە بەرا یا بە دوادا ، بەلای ڕاستا یا بەلای چەپا ، بەئەندازەیێ کە لە عورفا پێی نەڵێن ڕاوەستاو ، ئەوە نوێژەکەی دروست نیە• ئەگەر نوێژکەر نەیتوانێ ڕاوەستێ مەگەر وەکو ئینسانێ کە لە ڕکوعا بێ ، ئەوە دروستە وا ڕاوەستێ بۆ خوێندنی فاتیحە ، بەڵام بۆ ڕکوعەکەی زیاتر بچەمێتەوە • ئەگەر ئەیتوانێ ڕاوەستێ بۆ فاتیحە بەڵام نەیئەتوانێ ڕکوع و سجودەکەی تەواو بکا ، ئەوە با ڕاوەستێ بۆ فاتیحە و ، بۆ ڕکوع و سجودەکەی هەرچەند ئەتوانێ بەجێیبێنێ و هەرچیشی نەتوانێ قەیدناکا •

ئەگەر هەر تاقەتی ڕاوەستانی نەبو ، ئەوە هەرچۆن مەیلی هەیە دابنیشێ، بەڵام (افتراش)[1] واتە بەچۆکاهاتن و پێخستنە ژێر باشترە لە (تربع) واتە

---

(١) افتراش ئەوەیە بێ بەچۆکا و پاژنەی چەپی بنێتە ژێری و پەنجەی پێی ڕاستی هەڵنێ •

دانیشتنی چوار مەشقی • کەراهەتی هەیە (اقعاء)واتە بەقنگەوە دانیشتن و ئەژنۆ هەڵنان • جا کاتێ کە فاتیحەکەی بەدانیشتنەوە خوێند ، ئەوسا بۆ ڕکوعەکەی ئەوەندە دابنەوێتەوە تەوێڵی ڕێکی بەر ئەژنۆی بێ ، بەڵام ئەگەر ئەوەندە دابنەوێتەوە کە تەوێڵی ڕێکی سوجدەگاکەی بێ ئەوە باشترە •

ئەگەر کابرا نەیئەتوانێ دانیشێ ، بەلای ڕاستا بکەوێ • ئەگەر نەیتوانێ بەلای ڕاستا بکەوێ دروستە لەسەر لای چەپ بکەوێ • ئەگەر ئەمەشی نەتوانێ لەسەر پشت ڕاکشێ • بەڵام واجبە شتێ بخاتە ژێر سەری بۆ ئەوەی ڕوی لە قیبلە بێ • سونەتە پاژنەکانی ڕوبکەنە قیبلە ، جا بۆ ڕکوع و سجود زۆر و کەم ئیشارە بکا •

ئەم باسەی کردمان بۆ نوێژی فەرز بو ، چونکە لە نوێژی سونەتدا ، کابرا هەرچەند توانای ڕاوەستانیشی بێ ، ئەتوانێ بە دانیشتنەوە نوێژەکەی بکا •

چوارەم خوێندنی فاتیحەیە لە هەمو ڕکاتێکا بە ڕاوەستانەوە بۆ یەکێ کە توانای بێ مەگەر لە ڕکاتی نوێژکەرێکدا کە (مسبوق) بێ یانێ ئیمامی لێ پێشکەوتبێ ، ئەوە لەپاش (اللهاکبر)ی (تحرم) هەرچەند بۆی ڕێکەوت فاتیحە بخوێنێ • ئەگەر مەیدانیشی نەبو بیخوێنێ قەید ناکا و ڕکاتەکەیشی بۆ حیساب ئەکرێ بەوشەرتە بگا بە ئیمام لە ڕکوعا •

(بسم الله الرحمن الرحیم)یش ئایەتێکە لە ئایەتەکانی فاتیحە ، ئەگەر نوێژکەری (غیر مسبوق)تەرکی بکا نوێژەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە • هەروا هەمو (شدە)گیراوەکان کە چواردەن ، داخڵی فاتیحەن • ئەگەر یەکێ بە بێ عوزر یەکێ لەو گیراوانەی بەردا ، ئەوە خوێندنی ئەو لەفزە بەتاڵە • پێویستە هەمو حەرفێ لەو حەرفانەی وان لە فاتیحەدا هەریەکێ لە شوێنی تایبەتی خۆیەوە دەربکا • کەواتە دروست نیە (صاد) بکا بە (سین) و (ضاد) بکا بە (ظێ) و

(ذال) بکا بە (زێ) • هەروا هەمو حەرفەکانی تریش • تەرتیبی ئایەتەکان پێویستە و ئەبێ لەسەر ڕیزی دیاریێ خۆیان بخوێنرێنەوە• ئەگەر لە نیوەی دواییەوە دەستی پێ کرد و لەپاش نیوەی دوایێ نیوەی ئەووەڵی خوێند،ئەوە لێرەدا هیچ ئیعتیبار نیە بەو نیوە دواییە کە زوو دەستی پێ کردوە • جا ئەگەر ئەمەی بە سەهو کردوە و کاتێکی زۆری بەسەرا نەڕۆیوە ، ئیعتیبار بەم نیوەی ئەووەڵی فاتیحەیە ئەکرێ کە ئەم لەدوادا خوێندویەتێ و پێویستە فاتیحەکەی لەسەر ئەمەوە تەواو بکا • ئەگەر بە قەصدیش بوە یا زۆری پێ چوە ، لازمە لە ئەووەڵی فاتیحەوە دەس پێ بکاتەوە و جارێکی تر بە ڕێکێ بیخوێنێتەوە •

ئەگەر نوێژکەر تەرکی حەرفێکی کرد لە کەلیمەیەك (بەقەصد) ، ئەوە ئەگەر مەعنای نەئەگۆڕێ ، پێویستە گورج ئەو حەرفە بە ساغێ بخوێنێتەوە و هەرچێ کە لەدوای ئەویشەوە خوێندویەتێ دوبارەی بکاتەوە • ئەگەر مەعنایشی ئەگۆڕێ وەکو تەخفیفی گیراوی (اِیَّاكَ) ، ئەوە ئەبێ سەرلەنوێ نوێژەکەی دابەستێتەوە و بیکاتەوە ، چونکە تەرکی حەرفیوا بە عەمدێ کە بەهۆی ئەو تەرکەوە مەعنا بگۆڕێ ، موبالات نەکردنە بە نوێژەکە • کەواتە نوێژی پێ بەتاڵ ئەبێتەوە• ئەگەر بە سەهویش تەرکی کرد ، ئەبێ هەرکە پێی زانێ بیخوێنێتەوە لەگەڵ ئەوەی لەدواوە خوێندویەتێ • کەواتە ئەگەر زۆری پێ نەچوبێ ، ئەوە خوێندنەوەی تەنیا ئەو حەرفە لەگەڵ دواییەکەیدا لازمە و ، خوێندنەوەی حەرفی پێش ئەو حەرفە پێویست نیە •

واجبە هەمو کەلیمەکان بەساغێ یەك لە شوێنی یەك بخوێنێ و ، زیاد لە ڕاوەستان بۆ هەناسەدان یا حەسانەوەی ماندویەتێ بەینیان نەخا • ئەگەر زیکرێکی خستە مابەینیانەوە ئەوە ئەگەر زیکرەکە عەلاقەی بە نوێژەکەوە نەبو، واجبە لە ئەووەڵەوە نوێژەکەی بکاتەوە • ئەگەر عەلاقەشی پێیەوە هەبو وەکو وتنی (سبحان الله) بۆ خەبەردار کردنی ئیمام لە سەهو یا وەکو خوێندنەوەی ئایەتێ کە ئیمام لێی تێك چوبێ ، ئەوە قەید ناکا •

(بزانن) ئایەتەکانی سورەتی فاتیحە ، هەروا کەلیماتی تەحیاتی دوایی و صەڵاوات لەسەر حەزرەت صلی الله علیه وسلم لە ئاخریاو سەلام دانـەوەی یەکەم ، واجبن و ئەبێ نوێژکەر وایان بخوێنێتەوە کە خـۆی گوێی لێ بێ و بزانێ چێ ئەڵێ .

واجبە غەڵەتێکیوا نەکا کە مەعنا بگۆڕێ بەهۆی بەردانی حەرفی گیراو، یا بەهۆی گۆڕینی حەرفێکەوە بە حەرفێکیتر . ئەگینا مادام بەعەمدێ بێ نوێژەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە و ئەبێ سەرلەنوێ دایبەستێتەوە . بەڵام ئەگەر بە سەهو بێ ئەوە کە زانێ گورج ئەبێ ئەو غەڵەتە ڕاستبکاتەوە و ئەو گۆڕینە بیاتەوە سەر ئەساس . بەڵام غەڵەتێ کە مەعنا نەگۆڕێ وەکو سەردان بە نونی (دین) و دالی (نعبد) ، ئەوە ئەگەر عەمدێ بێ حەرامە، هەرچەند نوێژەکەی پێ بەتـاڵ نابێتەوە . ئەگەر سەهویش بێ نە حەرامە و نە نوێژەکەشی پێ بەتاڵ ئەبێتەوە . هەروا قەیدی نیە پەیدابونی حەرفی (مد) کە ئەلف و واو و یێـیە بەهۆی درێژ کردنەوەی سەر و بۆر و ژێری ئاخری کەلیمەکانەوە بە درێـژ کردنەوەیەکی عادەتێ .

ئەگەر یەکێ نەیئەتوانێ فێری فاتیحـە ببێ واجبـە حـەوت ئایەتیتر بخوێنێتەوە خوای بەیەکەوە بن یا لە یەك جیا بن . ئەگەر ئەمەیش فێر نەبۆ ، ئەبێ زیکر بخوێنێ . بەڵام پێویستە ئەوەی لەباتێ فاتیحە ئەخوێنرێ لە فاتیحە کەمتر نەبێ . ئەگەر زیکریش فێر نەئەبۆ ، ئەوەندەی خوێندنی فاتیحـە بـە بێدەنگێ ڕاوەستێ .

سوننەتە بۆ هەمۆ نوێژکەرێ لەپاش تەکبیری (تحرم) دوعـای ئیفتیتاح بخوێنێ کە بریتییە لەمـە (وَجَّهتُ وجْهِيَ لِلَّذي فَطَرَ السَّمٰواتِ والأرضَ حَنيفاً مُسلِماً وما انا مِنَ المشركين ، انَّ صَلواتي وَنُسُكـي وَمَحْيايَ وَمَماتي للهِ ربِّ العالَمينَ . لاشريكَ له وبذلكَ امِرْتُ وانا

منَ المسلمينَ) • سوننەتیشە لەپاش ئیفتیتاح بڵێ : (اعوذ بالله من الشیطان الرجیم) ، بەڵام ئەمە لە دوو ڕکاتی ئەووەڵ و دووەمدا سوننەتێکی گەورەترە •

سوننەتە هەرکەسێ فاتیحەی تەواو کرد بڵێت (آمین) • هەروا سوننەتە مەئموم لەگەڵ ئامینی ئیماما بە دەنگی بەرز ئامین بکا• سوننەتیشە وەستانێکی کەم لە بەینی ئاخری فاتیحە و (تلفظ) بە ئامیندا ببێ • هەروا سوننەتە لەپاش لەفزی ئامین (رب العالمین) زیاد بکا و لەپێش ئامین کردنا بڵێت : (رَبِّ اغفر لي ولِوالديَّ) •

سوننەتە بۆ نوێژکەری تەنیا و بۆ ئیمام خوێندنی سورەتێ لە قورئان لەپاش خوێندنی فاتیحە • بۆ مەئمومیش سوننەتە خۆی بێدەنگ بێ و گوێ بگرێ لە ئیمام ، مەگەر مەئمومێ کە دەنگی ئیمام نەبیسێ لەبەر دووریێ یا لەبەرئەوە کە بە پەنامەکێ بیخوێنێ ، ئەوە لەمکاتەدا سوننەتە بۆ مەئمومیش خۆی سورەت بخوێنێ • ئەم سورەتە کە ئیمام ئەیخوێنێ ئەبێ لەپاش ماوەیێ بێ تا لەو ماوەیەدا مەئمومەکان فاتیحە تەواو بکەن•لەو ماوەیەدا ئیمام بۆخۆی دوعا ئەخوێنێ[1] • ئەگەر یەکێ هات لە ڕکاتی سێهەما تابیعی ئیمام بو ، ئەوە ئەگەر مەیدانی بو ، لە ڕکاتی سێهەم و چوارەمی ئیماما سورەت بخوێنێ • ئەگەر مەجاڵیشی نەبو ، پاش ئەوە کە لەم جیا بوەوە بۆ خۆی لە ڕکاتی سێهەم و چوارەمی خۆیا لەباتێ ڕکاتی یەکەم و دووهەم سورەت بخوێنێ •

سوننەتە ئەو سورەتانەی لە نوێژی بەیانێ و نیوەڕۆدا ئەخوێنرێن ، لە سورەتە درێژەکان بن ئەوانەیان کە ئایەتەکانیان کورتن کە بریتین لە سورەتی (حجرات)ەوە تا سورەتی (عم) •لە نوێژی عەصرو عیشایشدا لە سورەتە میانەکان بن لەو سورەتە ئایەت کورتانە کە لە سورەتی (عم)وەن تا سورەتی

---

(١) دوعاکە ئەمەیە (اللهم باعد بینی وبین خطایای کما باعدت بین المشرق والمغرب ، ونَقِّ قلبی من الخطایا کما یُنقَّى الثوب الابیض من الدنس) .

(ضحی)• لەنوێژی مەغریبیشدا لە سوڕەتە کورتەکان بن لەو سوڕەتە ئایەت کورتانە کە لە سوڕەتی (ضحی)وەن تا ئاخری سوڕەتە وردەکان • بۆ بەیانی جومعەیش سوڕەتی (سجدە) و (هل اتی) بن •

بەڵام ئەم تەرتیبە لە کاتێکا سوننەتە نوێژکەرەکە پیاوێکی تەنیا بێ و کرێکاری کەس نەبێ و ژنی خاوەنشو نەبێ ، یاخود ئیمامی کۆمەڵێکی تایبەتی ژمارە دیاری بێ و لە مزگەوتێکیوادا بن کەسیان بەسەرا نەیێ و ئەو کۆمەڵەیش ژنی خاوەن مێرد و پیاوی کرێکاریان تیا نەبێ ، ئەگینا سوننەتە هەر لە سوڕەتە کورتەکان بخوێنن ، مەگەر مێردی ژنەکە یا خاوەنکارەکە ئیزنیان لەسەر درێژەدان بە نوێژەکە ببێ •

پێنجەم لە ئەرکانی نوێژ (ڕکوع)ە • لای کەمی ڕکوع ئەوەیە ئەوەندە دابنەوێتەوە هەردوو بەری دەستی بگەن بە هەردوو ئەژنۆکانی بەشەرتی ئەوە کە لەشی ئەوەندە لە جوڵە بکەوێ بەرزەوەبونی جیا بکرێتەوە لە دانەوینی و مەبەستیشی لەو دانەوینە شتیتر نەبێ • کەواتە ئەگەر یەکێ بەقەصدی سوجدەی تیلاوەت دانەوێ و لەپاشا سوجدەکەی نەبرد و ئەم دانەوینەی کرد بە ڕکوع ئەوە دروست نیە • لای زۆریشی ئەوەیە پشت و ملی لە دانەوینا ڕێك بین و هەردوو ساقی پێکانی ڕێك ڕاوەستێنێ و هەردوو ئەژنۆی بە دەستەکانی بگرێت و پەنجەکانی بەرەو قیبلە بڵاو بکاتەوە و لە ئەووەڵی دانەوینەکەیەوە (الله اکبر) بکا و هەردوو دەستیشی بەرز بکاتەوە وەکو لەکاتی (الله اکبر)ی نوێژ دابەستندا ، جا سێ جار بڵێت : (سبحان ربی العظیمِ وبحمدهِ) • ئیمام لەم ئەندازەیە زیاد نەڕوا ، بەڵام ئینسانی تەنیا ئەمەیش بڵێت : (اللهم لكَ رکعتُ ، وبكَ آمنتُ ، ولكَ اسلمتُ ، خشعَ لك سمعی وبصری ومُخّی وَعظْمی وعَصَبی وما استَقَلَّتْ به قَدَمی) •

شەشەم ڕاست بونەوە (اعتدال) و ڕاوەستانە بەنەوعێ کە لەشی لە

جوڵە بکەوێ و مەبەستی لەم بەرز بوونەوە شتی‌تر نەبێ • ئەگەر سەری لـە ترسی شتێ بەرز کردەوە ئەوە کافی نیە •

سوننەتە لەگەڵ سەر بەرز کردنەوەیا هەردودەستی بەرز کاتەوە و بڵێت: (سمع الله لمن حمده) و ، کە ڕاوەستا بڵێت : (رَبَّنـا لكَ الحمـدُ مِـلْءَ السموات ِ ومِلءَ الارض ِ وملْءَ ماشئتَ من شيیءٍ بعدُ) •

ئینسانی تەنیا ئەمەیش بڵێت :(اهلَ الثناءِ والمجدِ ، احقُّ ما قالَ العبدُ وكُلنا لك عبد" ، لامانعَ لما اعطيتَ ، ولا مُعطیَ لما منعـتَ ، ولارادَّ لمـا قضیْتَ ، ولا ینفعُ ذا الجدِّ منكَ الجدُّ) •

سوننەتە (قنوت) لە ئیعتیدالی ڕکاتی دوهەمی بەیانیدا کە بریتییە لەمـە (اللهم اهدِنی فیمن هدیت ، وعافِنی فیمن عافیتَ ، وتوَلَّنی فیمن تولَّیتَ ، وبارِكْ لی فیما اعطیتَ ، وقِنی شرَّ ما قضیتَ ، فانك تقضي ولا یُقْضـى علیكَ ، وانَّه لایذلُّ من والیْتَ ، ولا یَعِزُّ من عادَیْتَ ، تبـارکتَ ربَّنا وتعالَیْتَ ، فلكَ الحمدُ علی ما قضیْتَ ، استغفرِكَ واتوبُ الیك) •

بۆ ئیمام سوننەتە قونوتەکەی بە لەفزی جەمع بخوێنێ ، یانێ ئەو کەلیمانە کە بۆ تەنیا کەسێ ئەبن وایان لێ‌بکا بۆ کۆمەڵێ دەس‌بدەن[1] هەروا سوننەتە ئیمام ئەم قونوتە بە دەنگی بەرز بخوێنێتەوە و سوننەتە مەئموم ئامین بکا لـە جوابی هەمو ئەو جوملانەوە کە دوعان واتە تا (فـانك تقضي) و باقییەکـەی لەگەڵ ئیماما بخوێنێ و هەردوکیان دەست بەرز بکەنەوە تا ئاخری قونوت • سوننەتە صەڵاوات لە ئاخری قونوتەوە و مەئموم بۆ ئەم صەڵاواتەیش هـەر ئامین بکـا •

ئەم قونوتە لە ئیعتیدالی ئاخری هەمو فەرزێکا لەکاتی هێرشـی بەڵا و

(١) بڵێ : اهدنا ، عافنا ، تولنا ، بارك لنا ، قنا ، ربنـا ، نستغفرك و نتوب .

مەینەتا سوننەتە ، خوای مەینەتی گشتی بێ وەکو شەڕ و شۆڕی جیهانی ، یا ئەقلیمی ، یا طاعوون ، یا بێبارانی و گرانی ، یا تایبەتی بێ وەکو گیرۆدە بوونی پیاوێکیوا قازانجی بۆ موسوڵمانان زۆر بێ • سوننەتە پاش تەواو کردنی قونوتی مەشهوور داوای لاچوونی ئەو بەڵا بکا • (بزانن) لە هەر قونوتێکا کە مەبەس لێی دەفعی بەڵاو مەینەت بێ ، سوننەتە نوێژکەر هەر لە ئەووەڵەوە تا ئاخری پشتی دەستەکانی بکاتە ئاسمان[١] • ئەگەر مەبەستیشی داوا کردنی خێرێ بێ ئەوە بەری دەستەکانی بکاتە ئاسمان • بەعزێ عولەما فەرمویانە ئەگەر مەبەستی دەفعی بەڵا بێ ئەوە کە گەیشتە (وقِني شرَّ ما قضيْتَ) پشتی دەستەکانی بکاتە ئاسمان[٢] •

حەوتەم سوجدەی یەکەمە کە لای کەمەکەی ئەوەیە بەعزێ لە تەوێڵی بە ڕووتی لەسەر جێگە نوێژەکەی دانێ • ئەگەر هاتو سوجدەی لەسەر پۆشاکێ برد کە لکابێ بەخۆیەوە ، ئەبێ ئەو پۆشاکە وابێ بە جووڵانەوەی ئەوکەسە نەجووڵێتەوە ، وەکو سەری پشتێنێکی درێژ ، ئەگینا سوجدەکەی بەتاڵە • واجبە هەردو بەری دەستی و ئەژنۆی و هەردو پێی یانێ جوزئێ لە سکی بەعزی لە پەنجەکانیان بنێتە زەوی • پێویستە لەم سوجدەدا ئارام بێتەوە بەنەوعێ لەشی لە جووڵە بکەوێ و قورسی سەری بگا بە سوجدەگاکەی و پشت قنگی بەسەر سەر و ملیا بەرز بێتەوە • دانەوینەکەیشی هەر بۆ سوجدە بردن بێ •

کەوابێ ئەگەر لە ئیعتیدالا گێژ بێ و بەڕوودا کەوت ، گەرەکە بگەڕێتەوە بۆ ئیعتیدال جا دانەوێتەوە سوجدە ببا • لای زۆرەکەی سوجدە ئەوەیە (الله اکبر) بکا بۆ دانەوینەکەی بە بێ دەست بەرزەوە کردن و لەپێشا هەردو

---

(١) ئەم حوکمە لە لاپەڕە (٤٧)ی (بغية)دا هەیە .

(٢) ئەم حوکمە لە لاپەڕە (٧٦)ی بەرگی (٢)ی (شیروانی)دا هەیە .

ئەژنۆی بنێتە زەوێ ، جا هەردو دەستی و تەوێڵی و لوتـی دانێ و بڵێـت :
(سبحان ربی الاعلی وبحمده) تا سێ جار و ئەگەر تەنیا خۆی بۆ یا ئیمام بـۆ لەگەڵ شەرتە پێشوەکانا ئەمەیش زیاد بکا (اللهم لكَ سجدتُ ، وبكَ آمنتُ ، ولكَ اسلمتُ ، سجدَ وجهی للذی خَلَقَهُ وصَوَّرَهُ وشقَّ سمعَهُ وبصرَهُ ، تبارك اللهُ احسنُ الخالقین) • سوننەتە هەردودەستی بەرابـەری شانی بن و پەنجەکانی دەستی بە ڕۆتی و بە کراوەیی و بە یەکەوە لکاوی بەرەو قیبلە لەسەر جێی نوێژەکەی دانێ و ئەژنۆکانی لەیەك جیا بکاتەوە و سکی لە هەردو ڕانی جیا بکاتەوە • هەروا هـەردو ئەنیشکیشـی لە تەنیشـتی دوور بخاتەوە • ئەم وەزعە لە ڕکوعیشا سوننەتە ، بەڵێ ژن ئەبـێ ئەم شـوێنانە بلکێنێ بەیەکەوە •

هەشتەم دانیشتنە لەپاش سوجدەی یەکەم بەنەوعێ لەشی لە جموجوڵ بکەوێ • واجبـە مەقصەدی بە بەرزبونەوەکەی هـەر دانیشتنی بەینی سوجدەکان بێ و پێویستە درێژە بەم دانیشتنە نەدا و هەروا بە ئیعتیدالیش • لای زۆری ئەم دانیشتنە ئەوەیە (الله اكبر) بکا بۆ بەرزەوەبون لە سوجدە و بە وەزعی (افتراش) یانێ لەسەر پێی چەپی دانیشـێ و پێـی ڕاسـتی بـە پەنجەکانەوە لەژێری خۆیا هەڵنێ و هەردو دەستی بە کراوەیی لەسەر ڕانی لە نزیکی ئەژنۆکانیەوە دابنێ و بڵێت : (رَبِّ اغفِرِ لی وارحمْنی واجْبُرْنـی وارفَعنی واهدِنی وعافِنی) •

نۆهەم سوجدەی دوهەمە وەکو سوجدەی یەکەم • سوننەتە دانیشتنێکی سوك پاش سوجدەیدوهەم لە هەر ڕکاتێکا کە لێی هەڵبسێتـەوە بۆ تەواو کردنی نوێژەکەی ، ئەگینا تەحیاتی یەکەم بخوێنێ •

دەهەم خوێندنی تەحیاتە •

یازدەهەم دانیشتنە لەکاتی خوێندنی تەحیاتەکەدا •

دوانزەهەم صەلاواتدانە لەسەر حەزرەت صلى الله عليه وسلم • ئەمانە لەکاتێکا فەرزن کە سەلام دانەوەیان لەپاشەوە بێ ، ئەگینا سوننەتن • نوێژکەر لەم تەحیات و صەلاواتا هەرچۆن دابنیشێ باشە • بەلام بۆ تەحیاتی یەکەم (افتراش) وەکو وتمان و ، بۆ تەحیاتی دوایی (تورك) سوننەتە • (تورك)یش هەر وەکو (افتراش)ە ، بەلام لێرەدا پێی چەپی لەژێریەوە دەرئەکا بۆ لای ڕاستی و نەرمەی لاقنگی ئەلکێنێ بە زەوییەکەوە و دەستی چەپی لەسەر ئەژنۆی چەپیدائەنێ و پەنجەکانی دەستی ڕاستی ئەنوقێنێ ، تەنها پەنجەی شەهادەتی نەبێ کە بەری ئەداتەوە و کاتێ گەیشتە (الا الله) بەرزی ئەکاتەوە ئیتر نایجوڵێنێ و پەنجەی گەورەی ئەلکێنێ بە پەنجەی شەهادەتەوە• صەلاوات لەسەر ئالی حەزرەت سوننەتە لە تەحیاتی دواییدا ، بەلام لە تەحیاتی یەکەمدا سوننەت نیە • لای کەمی تەحیات ئەمەیە (التحيات لله سلام عليكَ ايها النبيُّ ورحمةُ الله وبركاتهُ ، سلامٌ علينا وعلى عباد الله الصالحين، اشهد ان الا اله الا الله ، واشهد ان محمداً رسول الله) • لای کەمی صەلاواتیش لەسەر حەزرەت صلى الله عليه وسلم ئەمەیە (اللهم صل على محمد) و لای زۆری تەحیات و صەلاوات ئەوەیە بڵێت :(التحياتُ المباركاتُ الصلواتُ الطيباتُ لله ، السلام عليكَ ايها النبيُّ ورحمةُ اللهِ وبركاتهُ ، السلامُ علينا وعلى عبادِ الله الصالحينَ ، اشهدُ ان لا اله الا الله واشهد ان محمداً رسول الله ، اللهم صلِّ على محمدٍ عبدِكَ ورسولِكَ النبيِّ الاميِّ ، وعلى آل محمد وازواجه وذريته كما صليت على ابراهيم وعلى آل ابراهيم في العالمين انك حميد مجيد ، وبارك على محمد وآل محمد وازواجه وذريته كما باركت على ابراهيم وعلى آل ابراهيم في العالمين انك حميد مجيد)•

خوێندنی دوعا لەپاش صەلاواتەکە سوننەتە ، بەلام ئەو دوعایانە کە بیسراون لە حەزرەتەوە صلى الله عليه وسلم گەورەترن و خێریان زۆرترە وەکو (اللهم اغفِر لی ماقدمتُ وما اخَّرتُ وما اسررتُ وما اعلنتُ وما

اسرفتُ وما انتَ اعلمُ به منی • انتَ المقدّم وانت المؤخّر لا اله الا انت)• یا وەکو (اللهمّ انی اعوذُبكَ من عذابِ القبر ، ومن عذابِ النارِ ، ومن فتنتهِ المحَيْا والمماتِ ، ومن فتنةِ المسيح الدّجالِ) یا وەکو (ربِّ انی ظلمتُ نفسي ظلماً کثیراً کبیراً ، ولا یغفرُ الذنوبَ الا انتَ ، فاغفرِ لی انكَ انتَ الغفورُ الرحیمْ) •

سونەتە بۆ ئیمام لەم دوعادا زیاد نەڕوا لە ئەندازەی تەحیات و صەڵاوات لەسەر حەزرەت صلی الله علیه وسلم ، مەگەر ئیمامێ کە شەرتە پێشوەکانی تیا بێتەجێ • بەڵام ئینسانێ کە بەتەنیا نوێژ بکا ، ئەتوانێ هەرچەند ئارەزوی هەیە دوعا بخوێنێ مادام ترسی ئەوەی نەبێ بکەوێتە سەهوەوە • هەروا مەئموومیش پاش سەلام دانەوەی ئیمامەکەی ئەتوانێ دوعای زیاد بخوێنێ • کەسێ نەتوانێ تەحیات و صەڵاوات بخوێنێ ، تەرجومەیان بخوێنێتەوە• هەروا ئەتوانێ تەرجومەی دوعا و زیکری سونەت بکا بەشەرتێ نەتوانێ بەعەرەبی بەجێیان بێنێ •

سیازدەهەم سەلامدانەوەیە کە لای کەمی ئەوەیە یەك جار بڵێت (السلام علیکم) و لای زۆری ئەوەیە دوو جار بڵێت (السلام علیکم ورحمة الله) جارێ بەلای ڕاستا و جارێ بەلای چەپا • ئەوەندەش لابکاتەوە تا کوڵمی ڕاست و چەپی ئەبینرێ و مەبەستی سەلام کردن بێ لەوانەی کە لە لای ڕاست و چەپیەوەن لە مەلائیکە و ئینس و جن • ئیمامیش نیيەتی سەلام کردن بێنێ لە مەئموومەکان ، ئەمانیش نیيەتی جوابی سەلامی ئەو بێنن • واجبە هەرکەسێ لە ئیمام و مەئموم و ئەوەی بەتەنها نوێژ ئەکا،ئەو سەلامە وا بخوێنێتەوە کە خۆی ببیسێ و بەشوێنی (سلام)دا گورج (علیکم) بڵێ و بەینیان نەخا • سونەتە بۆ ئیمام ئەوەندە دەنگ بەرز بکاتەوە ئەو کەسانەی نزیکن لەپشتیەوە ببیسن • سونەتە مەئموم پاش هەردو سەلامەکەی ئیمام سەلام بداتەوە • ئەگەر سەلامی لەگەڵ سەلامی ئیمامدا یەك بگرێتەوە نوێژەکەی بەتاڵ

نابێتەوە ، ئەوەندە هەیە ئەم وەزعە مەکروهە • بەڵام پێشکەوتن لە سەلامی ئیمام نوێژ بەتاڵ ئەکاتەوە •

چواردەهەم تەرتیبە یانێ ڕێزدانی ئەم ئەرکانانە وەکو باسمان کردن • جا ئەگەر هاتو بە عەمدێ تەرکی کرد ، مەسەلا بەر لە ڕکوع سوجدەی برد ، ئەوە نوێژەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە • ئەگەر بە سەهویش بو ، ئەوە هەرچێ بکا لەپاش تەرك کراوەکە ، هەمو بێسودە • جا ئەگەر ئەو تەركکراوەی کەوتەوە یاد بەر لەوەی بگا بە وێنەی لە ڕکاتێکیترا ، ئەوە بیکا و لەسەر ڕێز بڕوا • ئەگەر بیریشی نەکەوتەوە تا گەیشت بە هاووێنەی ، مەسەلا تەرکی ڕکوعی ڕکاتی ئەووەڵی کرد و نەکەوتەوە بیری تا گەیشت بە ڕکوعی ڕکاتی دوهەم ، ئەم ڕکوعە بکا بە ڕکوعی ڕکاتی ئەووەڵ و نوێژەکە تەواو بکا • کەواتە ئەگەر لە ئاخری نوێژەکەیەوە کەوتەوە بیری کەوا تەرکی سوجدەیەکی کردوە لە ڕکاتی ئاخری نوێژەکەیا ، ئەوە ئەو سوجدەیا ببا و تەحیاتەکەی بخوێنێتەوە و نوێژەکەی تەواو بکا • یا ئەگەر کەوتەوە بیری کە ئەو سوجدەیە لە ڕکاتێکیترا بوە یا شکی بو کە لە ڕکاتی ئاخرایە یا نە ، پێویستە ڕکاتێ نوێژ بەتەواوێ بکات ، چونکە ئەو ڕکاتە کە سوجدەیەکی ناتەواو بوە ، بە سوجدەیێ لە ڕکاتی دوایێ تەواو ئەبێ و باقێ ماندەکەی بێسود ئەمێنێتەوە و بەساغێ ڕکاتێکی ئەکەوێتەسەر •

ئەگەر لە ڕاوەستانی ڕکاتی دوهەمدا بەوەی زانێ کەوا لە ڕکاتی یەکەمدا سوجدەیەك تەركکراوە ، ئەبێ بیربکاتەوە بزانێ ئەگەر لەپاش ئەو سوجدەیە کە بردویەتی ، دانیشتوە ، ئیستە گورج دانەوێ سوجدەیێ ببا بۆئەوە کە ڕکاتی یەکەمی پێ تەواو بکا ، جا دەس بکا بە ڕکاتی دوهەم • ئەگەر دایش نەنیشتبو ، ئیستە دابنیشێ • جا پاش دانیشتنەکە سوجدەیێ ببا بۆ تەواوکردنی ڕکاتی یەکەم ، جا دەس بکا بە ڕکاتی دوهەم •

ئەگەر لە ئاخری نوێژێکی چوار ڕکاتیدا بەوەی زانێ کە تەرکی دوو سوجدە یا سێ سوجدەی کردوە ، بەڵام نەیئەزانێ لە چ ڕکاتێکا بوون ، واجبە ئیستە[1] دوو ڕکات نوێژ بەتەواوێ بکا .

ئەگەر بەوەی زانێ کە چوار سوجدەی تەرك کردوە ، بەڵام نەیزانێ جێگەکەیان لەکوێیە ، ئەوە واجبە سوجدەیێ ببا و دوو ڕکات نوێژ بکا ، چونکە هەڵئەگرێ سوجدەیەکی لە ڕکاتی یەکەمدا و دوو سوجدەی لە ڕکاتی سێهەمدا و یەك سوجدەی لە ڕکاتی چوارەمدا تەرك کردبێ . جا لەم وەزعەدا ڕکاتی یەکەم بە سوجدەیێ لە ڕکاتی دووهەم تەواو ئەبێ . ئەمجار دیاریبە کە سوجدەیەکی ڕکاتی چوارەمی لەگەڵ ڕکاتی دووهەم و ڕکاتی سێهەم لەسەر ماوە کە بە بەجێهێنانیان نوێژەکەی تەواو ئەبێ .

ئەگەر بەوەی زانێ کە پێنج یا شەش سوجدەی تەرك کردوە و شوێنەکەیانی نەزانێ ، ئەوە واجبە سێ ڕکات نوێژ بکا . چونکە هەڵئەگرێ سوجدەیەکی لە ڕکاتی یەکەمدا و دوو سوجدەی ڕکاتی دووهەم و دوو سوجدەی ڕکاتی سێهەمی تەركکردبێ . ئەو سوجدەی شەشەمەش لە ڕکاتی چوارەمدا تەركکرابێ . کەواتە ڕکاتی یەکەم تەواو ئەبێ بە سوجدەیەکی ڕکاتی چوارەم و سێ ڕکاتی ساغی لەسەر ئەمێنێ بەو جۆرە کە وتمان جێبەجێ ئەبێ .

ئەگەر بەوەی زانێ کەوا لە نوێژەکەیدا حەوت سوجدەی تەرك کردوە ،

---

(١) چونکە صوورەتی یەکەم حەمل ئەکرێ لەسەر تەرکی سوجدەیەك لە ڕکاتی یەکەم و سوجدەیەك لە ڕکاتی سێهەم . جا ڕکاتی ئەووەڵ تەواو ئەکرێ بە سوجدەیەکی ڕکاتی دووهەم و ڕکاتی سێهەمیش بە سوجدەیەکی ڕکاتی چوارەم و باقییەکەیان بەتاڵ ئەبێتەوە . صوورەتی دووهەمیش هەر ئەوەیە لەگەڵ تەرکی سوجدەیەکیش لە ڕکاتی دووهەمدا .

واجبە سوجدە بیا بۆ تەواوکردنی ڕکاتی یەکەم و پاش ئەوە سێ ڕکات نوێژ بکا. ئەگەر بە تەرکی هەشت سوجدەی زانێ، ئەوە پێویستە دوو سوجدە بیا و پاش ئەوە سێ ڕکات نوێژ بکا. صورەتی تەرکی ئەم سوجدانە وەهایە کە کابرا لە سوجدەکانا لەشی لە جموجۆڵ نەکەوتبێ، یاخود پێی باش دانەنابێ یا سوجدەکەی لەسەر پۆشاکێکی خۆی بووبێ کە بە جوڵەی ئەو جوڵابێتەوە.

(بزانن) لە هەموو ئەو صورەتانەدا سوننەتە کابرا سوجدەی سەهو بیا ئەوجار سەلام بداتەوە. سوننەتە نوێژکەر لە هەموو نوێژەکەیدا هەر بۆ سوجدەگای خۆی بڕوانێ، بەڵام لە تەحیاتی ئاخرا لەپاش بەرز کردنەوەی پەنجەی شەهادەتی لەگەڵ (الاالله)دا سوننەتە هەر بۆ ئەو پەنجەیە بڕوانێ تا سەلام ئەداتەوە.

کەراهەتی نیە چاویشی بنێ بەیەکا ئەگەر ترسی بەسەرهاتی زیانێکی نەبێ. ئەگەر ترسی ڕوانینێکی حەرامی بوو ئەوە واجبە چاو بنێ بەیەکا. سوننەتە نوێژکەر لە نوێژەکەیدا (خشوع) کزێ دڵی بێ بەم‌تەرزە کە هەر بیری نوێژەکەی لە دڵا بێ و تێبکۆشێ بۆئەوە خەیاڵی بێگانە بەدڵیا نەیەت. ئەوەیش کە ئەبێ بەهۆی خشوع ئەوەیە خەیاڵی ئەوە بکا کە لە حضوری زاتی خودادا ڕاوەستاوە و خودا بە هەموو خەیاڵێکی ئەزانێ و، وا بزانێ خودای گەورە ئەیبینێ، ئەگەر ئەم خودا نایبینێ خودا ئەم ئەیبینێ.

سوننەتە بیر بکاتەوە لە مەعنای ئەو ئایەت و زیکرەی ئەیخوێنێ. ئەگەر نەخوێندەوار بوو ئەوەندە بزانێ کەوا ئەم ئایەت و زیکرە بۆ پاڕانەوە و سکاڵای خۆیەتی لە حضوری زاتی خودادا.

سوننەتە قورئان بە (ترتیل) ئارام و صەبر و مۆڵەت بخوێنێتەوە، چونکە نیوە سورەتێ بە صەبر خێری لە سورەتێ بە پەلە زۆرترە، مەگەر خوێندنی هەموو سورەتەکە سوننەت بێ وەکو (ألم‌سجدە) ئەوە بۆ تەواو

کردنی ئەگەر کەمێ پەلە بکا قەیدی نیە •

سوننەتە سورەتی تەواو بخوێنێ • سورەتی تەواو با کەمیش بێ خێری لە چەند ئایەتێ لـە سورەتێ زۆرترە • سوننەتە هەمو نەوعـە سورەتێ لە سورەتی ڕەحمەت و سورەتی عەزاب بخوێنێتەوە • سوننەتە کاتێ گەیشت بە ئایەتی ڕەحمـەت داوای ڕەحمەت بکا لە خودا و ، کاتێ گەیشت بـە ئایەتی عەزاب (استعاذه) بـکا بە خودا لە عەزاب و ، کاتێ گەیشت بـە ئایەتی (تسبیح) ، (سبحان‌الله) بکا و ، کاتێ گەیشت بە ئایەتی (ضرب المثل) باش لەو مەسـەلە تێفکرێ و کاتێ گەیشت بە ئایـەتی (الَیْسَ اللّهُ باحکَمِ الحاکِمینَ) بلێت (بلی وانا علی ذلِكَ مِنَ الشّاهِدینَ) و ، کاتێ گەیشت بە ئایەتی (فَبأیِّ حَدیثٍ بعدهُ یؤمِنونَ) بلێت (آمنت باللہ) و ، کاتێ گەیشت بە ئایەتی (فَمَنْ یأتیکُمْ بِماءٍ مَعِینٍ) بلێت (الله ربُّ العالمینَ) •

سوننەتە ئینسان بە جل‌وبەرگێکی پاك و جوانەوە و بە حاڵەتی خۆشی و نیشاطەوە نوێژ بکا و ، کە سوجدە ئەبا لەسوجدەکەیدا دوعا بخوێنێ وەکو (اللهمَّ اغفـرْلی ذنبی کُلَّه ، دُقَّهُ وجُلَّه ، اوَّلهُ وآخـرَهُ ، سِرَّهُ وعَلانیَتَـهُ) و کە لە سوجدە یا لە تەحیات ڕاست ئەبێتەوە هێز بداتە سەر بەری هـەردو دەستی بۆ ئەوەی سـوك هەڵبسێتەوە و سینەی لـە قیبلە هەڵنەسوڕێ • سوننەتە سورەتی ڕکاتی یەکـەم لە سورەتی ڕکاتی دوهەم درێژتر بێ • سوننەتە تەماشای ڕیزی سورەتەکان بکا ، مەسەلا سورەتی (فلق) بەر لە سورەتی (ناس) بخوێنێ •

سوننەتە بـۆ ئینسانێ کە بە تەنها نوێژ بکا ، یا بۆ مەئمـوم لەپاش جیابونەوە لە ئیمام و بۆ نەفسی ئیمامیش پاش تەواو کردنی نوێژەکە خەریك بن بە خوێندنی ئەو زیکرانەوە کە حەزرەت صلی‌الله علیه وسلم خوێندونی ، مەسەلا سێ جـار بلێن (استغفرالله العظیم) و بلێن (اللهمّ انتَ السـلامُ ،

ومنكَ السلامُ ، تبارَكتَ يا ذا الجلالِ والاكرامِ) جا (آيـة الكرسى) بخوێنن و سێ‌وسێ جار (سبحان‌الله) و سێ‌وسێ جار (الحمدلله) و سێ‌وسێ جار (الله‌اكبر) و پاش ئه‌مانه (لا اله الاالله) بخوێنن • هه‌روا له خودا بپاڕێنه‌وه بۆ چاکه‌ی دنیا و قیامه‌ت و ده‌فعی خراپـه‌ی دنیا و قیامه‌ت • له ئه‌ووه‌ڵ و ئاخری ئه‌م پاڕانه‌وه‌دا صه‌ڵاوات بده‌ن له حه‌زره‌تی پێغه‌مبه‌ر صلی‌الله علیه وسلم • سوننه‌ته نوێژکه‌ر پاش نوێژی به‌یانی و نوێژی مه‌غریب ده جار بڵێت (لا اله الا الله وَحدَهُ لاشريكَ له ، لهُ الملكُ وله الحمدُ ، يُحيي ويُميتُ ، بِيَدِهِ الخيرُ ، وهو على كل شيىءٍ قدير) و پـاش هه‌مۆ نوێژێ ده جار بڵێت (لا اله الا الله) • سوننه‌ته ئه‌م زیکرانه به په‌نامه‌کی بخوێنرێن مه‌گه‌ر بۆ ئیمامێ بیه‌وێ نوێژکه‌ره‌کانی پشـته‌وه‌ی فێربکا ئه‌وه تا فێر ئه‌بن ئه‌بێ به ئاشکرا بیخوێنێ • کاتێکیش که فێر بۆن به په‌نامه‌کی بیخوێنن • به‌ڵام ئیمامی (اذرعی) وای‌پێ‌باشه ئه‌گه‌ر نوێژکه‌ره‌کان کۆمه‌ڵ بۆن بۆ خوێندنی ذیکر ده‌نگ به‌رزکه‌نه‌وه • (بزانن) ئه‌م فه‌رمۆده‌یه خاریجه له مه‌ذهه‌بی ئیمامی شافیعی و ، له‌سه‌ر ته‌قدیری ڕه‌فتـار پێ کردنیشی ئه‌بێ نه‌گاته ئه‌ندازه‌یه‌ك سه‌ر له‌وکه‌سانه تێك‌بدا که له‌وکاته‌دا خه‌ریکی نوێژن •

سوننه‌ته بۆ ئیمام له‌کاتی خوێندنی ذیکری پاش نوێژدا شانی ڕاستی بکاته لای مه‌ئمـۆمه‌کانه‌وه و شانی چه‌پی بکاته لای میحرابـه‌وه • به‌ڵام (جمالی رملی) وای به‌باش زانیوه له مزگه‌وتی پێغه‌مبه‌ردا صلی‌الله علیه وسلم شانی چه‌پی بکاته لای مه‌ئمۆمه‌کانه‌وه و شانی ڕاستی بکاته لای میحرابه‌وه ، بۆئه‌وه‌ی پشت نه‌کاته مه‌رقه‌دی پێغه‌مبه‌ر صلی‌الله علیه وسلم •

سوننه‌ته له هه‌ر ذیکرێکا که دوعا و پاڕانه‌وه‌ی تیابێ هه‌ردۆ ده‌ستی به‌رز بکاته‌وه به‌وشه‌رته‌ی له عاستی شانه‌کانی تێنه‌په‌ڕن • له‌پاش دوعاکه‌یش ده‌ست بێنێ بـه ده‌م‌وچاویا • سوننه‌تیشـه ئه‌و دوعایانه بخوێنێ کـه له پێغه‌مبه‌ره‌وه بیسـراون و له ئه‌ووه‌ڵ و ئاخری دوعاکانا صه‌ڵه‌وات بـدا له

پێغەمبەر صلی‌الله علیه وسلم •

سوننەتە مەئموم لە شوێنی خۆیا بمێنێتەوە تا ئیمام شوێنی خۆی بەجێ ئەهێڵێ ئەگەر عوزرێکی نەبێ لە زوو دەرچوونا • کە ڕۆیشتیشە دەرەوە زوو بکاتە ئەو شوێنەی ئیشی تیا هەیە • ئەگەر ئیشی نەبێ بەلای ڕاستا بڕوا •

سوننەتە نوێژکەر بەین بخا لە بەینی نوێژی فەرز و سوننەتا ، یا بە قسەیەك ، یا بە گوێزانەوەی جێگە • ئەگەر لەپاش نوێژی سبەینێ دانیشت بۆ ذیکر خوێندن ، سوننەتە تا خۆر ئەکەوێ شوێنەکەی بەجێ نەهێڵێ ، چونکە مانەوەکەی لەو شوێنەدا خێری حەج و عەمرەیەکی سوننەتی هەیە •

بۆ هەر سوننەتێ جەماعەتی تیا نەبێ وەکو سوننەتی پێش و پاش نوێژ ، سوننەتە لە ماڵی خۆیا بیکا لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ، بەڵام شێخی (ابن حجر) لە (تحفه)دا ئەفەرموێت ئەمە بۆ کاتێکە کە کابرا (معتكف) نەبێ لە مزگەوتا ، یاخود ترسی ئەوەی نەبێ کە ئەگەر نوێژەکەی دواخست بۆ ماڵەوە بفەوتێ یا وەختەکەی بەسەر بچێ • لەسەر ئەم فەرموودەیە بۆ ئەوانەی ماڵیان لە مزگەوتەوە دوورە ، یا ئیش و کاری پێویستی بازاڕیان هەیە ، یا لەماڵەوە شوێنی تایبەتییان نیە بۆ نوێژ ، چاکتر ئەوەیە ئەم سوننەتانە لە مزگەوتا بکەن •

ئەو شتانەی نوێژ بەتاڵ ئەکەنەوە

نوێژ بەتاڵ ئەبێتەوە بەوە کە نوێژکەر قسەیەکی‌وا بەدەمیا بێ بەشێك نەبێ لە نوێژەکەی ، لە دوو حەرفەوە تا زیاتر • هەروا بە وتنی تاقە حەرفێك کە مەعنای هەبێ و کەسێکی پێ تێ‌بگەیەنێ • هەروا بە تاقە حەرفێك کە مەددەیەکی بەدوادا بێت وەکو (ها •• هو ••) • بەڵام چاوپۆشی ئەکرێ لە قسەی کەم ئەگەر زمانی هەڵکەوت یا لە بیری نەبوو کە خەریکی نوێژە ، یا

نەیزانێ قسەکردن حەرامە ، بەوشەرتە نەوموسوڵمان بێ یا لە زانایانی دین دوور بێ •

هەروەها کۆکە و پێکەنین و گریان و ناڵەناڵ و فوکردن مادەم حەرفیان لێ پەیدا ببێ نوێژ بەتاڵ ئەکەنەوە • بەڵام ئەگەر کۆکە و پژمە لەخۆیانەوە زۆریان هێنا بۆ ئینسان ، ئەوە با دوو حەرفیشیان لێ پەیدا ببێ زیانیان نیە ، یان ئەگەر نوێژکەر نەیتوانێ بە بێ کۆکە نوێژ و دوعاکانی نوێژ بخوێنێ ، ئەوە قەید ناکا بکۆکێ • بەڵێ ئیمامی (اسنوی) فەرمویەتی ئەگەر ئیمام نەیتوانی بە بێ کۆکە ذیکرەکانی گواستنەوەی بەینی ڕوکنەکانی نوێژ بە دەنگی بەرز بخوێنێ ، ئەتوانێ بکۆکێ بۆئەوەی نوێژکەرەکان گوێیان لە دەنگی بێ • ئەگەر ئینسان زۆری لێ بکرێ کەوا لە نوێژا قسە بکا ، ئەوە نوێژەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە ، چونکە شتیوا کەم ڕوو ئەدا • ئەگەر نوێژکەر قورئانی لە نوێژەکەیا خوێند هەر بۆ ئەوە کە یەکێك تێبگەیەنێ ، ئەوە نوێژەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە ، بەڵام ئەگەر تەنها بەنیازی قورئان خوێندن خوێندی ، یا لەگەڵ ئەو مەبەستەدا مەبەستیشی بوو یەکێك تێبگەیەنێ ئەوە نوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوە • هەروەها نوێژ بەتاڵ نابێتەوە بە ذیکری خوا و بە پاڕانەوە لە خوا و بە دوعاکردن بۆ خۆی یا بۆ کەسێکیتر بە زمانی عەرەبێ ئەگەر خیطابی تیا نەبێ ، ئەگینا بەتاڵ ئەبێتەوە وەك ئەوە کە لە بەرابەری یەکێکدا کە بپژمێ بڵێ (يرحمك الله) • سوننەتە بۆ کەسێ لە نوێژا شتێکی لێ ڕوو بدا وەکو ئەوە ئیمامەکەی سەهو بکا یا کوێرێکی چاو پێ بکەوێ لە گوێ بیرێکا یا لە نزیکی ئاگرا ، بڵێت (سبحان الله) ئەگەر نێرینە بوو • ئەگەر مێینەش بوو ، بە بەری دەستی ڕاستی لەسەر پشتی دەستی چەپی چەپڵە لێبدا •

ئەگەر کەسێك لە نوێژا کردەوەیەکی وای کرد کە داخڵی نوێژەکە نەبوو ، ئەمە ئەگەر ئەو ئیشە لە جینسی ئادابی نوێژ بێ وەك ڕکوع و سوجدەی زیادە ، ئەوە نوێژەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە مەگەر بە سەهو بیکا یا لەبیری نەبێ •

ئەگەر لە جینسی ئادابی نوێژیش نەبۆ ، ئەوە ئەگەر زۆر بۆ وەك سێ هەنگاو لەسەریەك نوێژی پێ بەتاڵ ئەبێتەوە • ئەگــەر کەمیش بۆ وەك جارێك یا دۆجار پێ گواستنەوەی لەسەر یەك ، یان سێ جاری جیاجیا ئەوە نوێژی پێ بەتاڵ نابێتەوە •

نوێژ بەتاڵ نابێتەوە بە وردە جۆلاندنــەوەی دەست وەك خوراندنی لەش ، ئەگەر هەر پەنجەکانی بجۆلێنێتەوە و بەری دەستی لەشوێنێکا جێ گیر بێ • کــردەوەی سەهویش وەك عەمدێ وایە ئەگەر زۆر بێ نوێــژ بەتاڵ ئەکاتەوە • ئەگەر کەمیش بێ زیانی نیە • هەروەها نوێژ بەتاڵ ئەبێتەوە بە خواردن و خواردنــەوەی زۆر و کەم • بەلام ئەگەر لەبیری نەبــۆ کە لە نوێژایە ، یا نەوموسوڵمان بۆ ، یا دۆر بۆ لە زانایانی دین ، ئەوە بە خواردن و خواردنەوەی کــەم نوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوە • کەوابۆ ئەگــەر شەکرێکی تواوەی لە دەمدا بۆ و پاش نییەت هێنانی بۆ نوێژەکە ئەو تواوەی قوتدا ، ئەوە نوێژەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە •

سوننەتە بۆ نوێژکەر ڕۆ بکاتە شتێ کە مەسافەی بەینی ئەو و ئەو شتە سێ گەز یا کەمتر بێ ، وەك دیوارێ یا کۆڵەکەیێ یا عاسایەکی داچەقاو یا بەرماڵێکی داخراو • ئەگەر ئەمانە نەبۆن خەتێك لە عاستی جێ سوجدەکەیا بکێشێ • ئەمانە هەمۆ بۆ ئەوەیە کەس بە بەردەمیا ڕانەبورێ • لەم کاتەدا هاتوچۆ بە بێ عوذری شەرعێ بە بەردەمیا حەرامە و سوننەتە بۆ نوێژکەرەکە دەفعی ئەوکەسە بکا کە بەبەردەمیا ڕائەبورێ •

کەراهەتی هەیە لاکردنەوە لە نوێژا بەلای ڕاست یا چەپدا • هەروەها کەراهەتی هەیە چاو هەڵبڕین بۆ ئاســمان و گرد کردنەوەی مۆی سەری و بەرگی بــەری ، مەگەر عوزرێکی هەبێ وەکو سەرماو ناســاغێ • هەروا کەراهەتی هەیە دانانی دەستی لەسەر دەمی و ، ڕاوەستان لەسەر یەك پێ و ،

نوێژکردن لەکاتێکا پێویستی بە چوونە سەر ئاو بێ • هەروا لەکاتی حازر بوونی خواردەمەنییەکدا کە حەزی لێ بێ و ، دانانی دەستی لەسەر کەلەکەی و ، موبالەغە کردن لە دانەواندنی سەردا لەکاتی ڕکوعدا • هەروەها کەراهەتی هەیە نوێژکردن لە حەمام و لەناو ڕێگە و لە شوێنی زبڵ و خەوش‌وخاك و لەناو کلیسای گاور و جولەکە و لە شوێنی مۆڵەڕان و لە سەرقەبران و لە هەر شوێنێکا کە تاقە قەبرێکی تیابێ چ لەسەر قەبرەکە و چ لەهەرلایەکیەوە بەو شەرتە بەپێی عورف نزیکی بێ • خۆ ئەگەر مەبەستی لە نوێژ کردنەکەی لەو شوێنەدا تەعظیمی خاوەن قەبرەکە بێ ، ئەوە حەرامە و بە قەطعی مەمنوعە •

سوجدەی سەهو

سوجدەی سەهو دوو سوجدەیـە وەك سوجدەی نوێژ لە واجبات و مەندووباتا • کاتی ئەم دوو سوجدەیە پاش تەواو بوونی تەحیاتی دوایی و پێش سەلامدانەوەی نوێژە • کەواتە ئەگەر بە قەصدی تەرکی سوجدەکانی کرد و سەلامی دایەوە ئیتر ئەفەوتێ ، بەڵام ئەگەر بە سەهو تەرکیان بکا و سەلام بداتەوە ، ئـەوە ئەگەر زۆری بەسەرا تێنەپەڕیبو ئەتوانێ بـگەڕێتەوە بۆ سوجدەکان ، ئەوجا سەلام بداتەوە •

سوجدەی سـەهو سوننەتە لەبەر لەبیرچوونی شتێکی‌وا کـە ئەمری پێ‌کرابێ ، یا لەبەر کردنی شتێکی‌وا کە نەهیی لێ‌کرابێ • شتێ ئەمر پێ‌کراو لەکاتێکا سوجدە بۆ نەکردنی ئەبرێ کە ڕوکن بێ لەنوێژا وەکو خوێندنی (فاتحە) و ڕکوع و سوجدە ، یا لە سوننەتە موهیممەکان بێ کە پێیان ئەوترێ (ابعاض) وەکـو قونوتی نوێژی بەیانێ و تەحیاتی یەکەم و صـەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەپاش ئەو تەحیاتەوە • جا ئەگەر ئەمر پێ‌کراوەکە ڕوکن بو ، پێویستە لەسەر ئەوەی کە تەرکی کردوە بگەڕێتەوە

بۆی • ئەگەر بەهۆی گەڕانەوەکەیەوە کردەوەی زیادە لە نوێژەکەیدا پەیدا نەبوو ، ئەوا هەر ئەو واجبە بەجێدێنێ و ئیتر سوجدە پێویست ناکا ، وەك ئەوە کە لە ئەووەڵی نوێژەوە نییەت هێنانی لەبیر چوبێ ، ئەوە هەر کە بەخۆی زانێ کــە نییەتی لەبیر چوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەووەڵی نوێــژەکەی ، یەعنی نییەتەکە دێنێ و خەریکی نوێژەکەی ئــەبێ • یان وەك ئەوە کە لە ئاخری نوێژا بێ سەلامدانەوە بیەوێ هەستێ بڕوا ، جا بکەوێتەوە بیری کە سەلامی نەداوەتەوە ، ئەوە گورج سەلام بداتەوە و هەستێ بڕوا •

ئەگەر بەهــۆی گەڕانەوەیەوە بــۆ سەر ئەو ڕوکنە ، زیــادەیێ لە نوێژەکەیدا ڕوی ئەدا ، ئەوە سوجدەی سەهوی ئەوێ • مەسەلا یەکێك لەکاتی ڕکوعا کەوتە بیری کە خوێندنی فاتیحەی تەرك کردوە ، ئەوە واجبە بگەڕێتەوە بۆ فاتیحەکەی و پاش ئەوە ڕکوع ببا و لەسەر نوێژەکەی بڕوا تا تەواوی ئەکا و لەپاش تەحیاتی ئاخر و پێش سەلام دانەوە سوجدەی سەهو ببا • هەروەها ئەگەر لە سوجدەدا کەوتەوە بیری کە ڕکوعی تەرك کردوە ، ئەبێ بگەڕێتــەوە بۆ ڕکوعەکەی و ڕکوع ببا و لەسەر نوێــژەکەی بڕوا و تەواوی بکا و لەپێش سەلام دانەوەدا سوجدەی سەهو ببا • هەروەها ئەگەر لەپاش تەحیاتی یەکەم یا دوەهەم کەوتەوە بیری کە سوجدەی یەکەم یا دوەهەمی تەركکردوە ، پێویستە بگەڕێتەوە بۆ سوجدەکەی و لەوێوە نوێژەکەی تەواو بکا و لە ئاخرا سوجدەی سەهو ببا • بەڵێ ئەگەر فاتیحەی لە ڕکاتی یەکەمــا تەركکرد و نەکەوتەوە بیری تا هەستایەوە بۆ ڕکاتی دوەهەم ، ئەوە پێویستــە ڕکاتی دوەهەم دابنێ بە ڕکاتی یەکەم و ئەوەی لەوەپێش کردویەتی بە بێسودی دابنێ و لەم ڕکاتەوە نوێژەکەی تەواو بکا و لەئاخرا سوجدەی سەهو ببا •

هەروەها ئەگەر ڕکوعی ڕکاتی یەکەمی تەرك کرد و نەکەوتەوە بیری تــا گەیشتە ڕکوعی ڕکاتی دوەهەم ، ئەوە ئەو ڕکوعی ڕکاتی دوەهەمــە دابنێ بــە ڕکوعی ڕکاتی یەکەم و لەسەر ئەم ڕکوعەوە نوێژەکەی تەواو بکا •• هەروەها

ئەگەر یەکێ لە سوجدەکانی ڕکاتی یەکەمی تەرك کرد و نەکەوتەوە بیری تا گەیشتە سوجدەی ڕکاتی دوەهەم ، ئەوە ئەو سوجدەیە دابنێ بە سوجدەی ڕکاتی یەکەم و لەسەر ئەو سوجدەوە نوێژەکەی تەواو بکا .

ئەگەر کەوتە شکەوە کە سێ ڕکات نوێژی کردوە یا چوار ڕکات ، ئەوە پێویستە ڕکاتێ نوێژ بکا و لە ئاخرا سوجدەی سەهو ببا ، هەرچەند لەپێش سەلام دانەوەشدا ئەو شکەی لە دڵا نەمێنێ . هەروەها ئەگەر ڕوکنێ لە ڕوکنەکانی نوێژی بە شکەوە ئەکرد ، یەعنی باش بۆی ڕۆن نەبۆ کە ئەو ڕوکنە ئەیکا پێویستە یاخود بە زیادە ئەیکا ، واجبە ئەو ڕوکنە بەجێبێنێ و لە ئاخریشا سوجدەی سەهو ببا ..

بەڵێ ئەگەر لە ڕکاتی سێهەما کەوتە شکەوە کەوا ئاخۆ ئەو ڕکاتە چوارەمە یا سێهەمە و ، خەریکی بەجێهێنانی ئەو ڕکاتە بۆ و ، پێش تەواوکردنی ڕکاتەکە کەوتەوە بیری کە ئەو ڕکاتە ڕکاتی سێهەمە ، ئەوە لەئاخرا سوجدەی سەهوی ناوێ ، چونکە ئەو ڕکاتە کە کردۆیەتی بە هەمۆ جۆرێ پێویست بوە ، یەعنی چ ڕکاتی سێهەم بێ و چ چوارەم بێ هەر لە ئەرکانی نوێژەکەیەتی و ئەمە وەکو ئەوە نیە کە لە ڕکاتی چوارەمی نیوەڕۆدا مەسەلا بکەوێتە شکەوە کە سێهەمە یا چوارەمە و ، ڕکاتێ بکا و لەپێش تەواو بۆنیا بکەوێتەوە بیری کە ڕکاتی چوارەمە . بۆ ئەمە پێویستە لە ئاخرا سوجدەی سەهو ببا ، چونکە لەو کاتا کە بە شکەوە مەشغوڵی ڕکاتەکە بوە ، ئیحتیمالی ئەوە بوە کە ئەو ڕکاتە زیادە بێ و داخڵی نوێژەکەی نەبێ .

ئەگەر ئەمر پێکراوە کە سوننەت و لە ئەبعاضی نوێژ بۆ ، ئەویش تەرکی کرد ، ئەوە سوجدەی سەهوی ئەوێ ، بەمپێیە کە بەیانی ئەکەین : مەسەلا ئەگەر تەرکی قونۆتی نوێژی سبەینێی کرد و لەپێش سوجدەدا کەوتەوە بیری ، ئەوە سوننەتە بگەڕێتەوە بۆ ئیعتیدال و قونۆتەکەی بخوێنێ و دانەوێ بۆ

سوجده و له ئاخریشا سوجده ببا ئه‌گه‌ر گه‌ڕانه‌وه‌که‌ی له حه‌ددی ڕکوعدا بوبێ • به‌ڵام ئه‌گه‌ر له‌پاش ئه‌وه که ئه‌عضای سوجده‌ی له‌سه‌ر ئه‌رز دانا که‌وته‌وه بیری ، ئه‌وه نابێ بگه‌ڕێته‌وه بۆ ئه‌و قونوته • هه‌روه‌هایشه حوکمی قونوتی نوێژی (وه‌تر) له نیوه‌ی دوایێ مانگی ڕه‌مه‌زانی پیرۆزدا • به‌ڵام قونوتی (نازله) وه‌کو ئه‌م قونوتانه نیه و سوجده‌ی سه‌هوی له‌سه‌ر سوننه‌ت نیه ، چونکه له ئه‌بعاضی نوێژ حیساب ناکرێ •

ئه‌گه‌ر ته‌حیاتی یه‌که‌می ته‌رك کرد و له‌پێش ئه‌وه‌دا بگاته ڕاوه‌ستان که‌وته‌وه بیری ، سوننه‌ته بگه‌ڕێته‌وه و ته‌حیاته‌که‌ی بخوێنێ ، جا ئه‌گه‌ر ئه‌م گه‌ڕانه‌وه‌یه له حاڵێکا بوبێ که له ڕاوه‌ستانه‌وه نزیکتر بوبێ ، سوجده‌ی سه‌هوی ئه‌وێ • ئه‌گه‌ر له حاڵێکیشا بوبێ که له دانیشتنه‌وه نزیکتر بوبێ ، سوجده‌ی سه‌هوی ناوێ •

به‌ڵێ ئه‌گه‌ر به‌عه‌مدێ ته‌رکی ته‌حیاتی یه‌که‌می کرد و گه‌ڕایه‌وه سه‌ری ، ئه‌وه ئه‌گه‌ر له ڕاوه‌ستانه‌وه نزیکتر بو ، نوێژه‌که‌ی به‌تاڵ ئه‌بێته‌وه • هه‌روه‌ها ئه‌گه‌ر به‌سه‌هو ته‌رکی ئه‌و ته‌حیاته‌ی کردبێ و له‌پاش ڕاوه‌ستان بگه‌ڕێته‌وه و بزانێ ئه‌م گه‌ڕانه‌وه‌یه حه‌رامه ، نوێژه‌که‌ی هه‌ر به‌تاڵ ئه‌بێته‌وه • به‌ڵام ئه‌گه‌ر به نه‌زانینه‌وه گه‌ڕایه‌وه ، یاخود زانا بو به‌ڵام به سه‌هو گه‌ڕایه‌وه ، ئه‌وه نوێژه‌که‌ی به‌تاڵ نابێته‌وه ، ئه‌وه‌نده هه‌یه له‌ئاخرا سوجده‌ی سه‌هو ئه‌با • ئه‌گه‌ر مه‌ئموم به سه‌هو ڕاست بوه‌وه له ته‌حیاتی یه‌که‌م و ئیمامه‌که‌ی دانیشت بۆ ته‌حیات ، ئه‌وه واجبه له‌سه‌ر مه‌ئموم یا نیه‌تی جیایێ له ئیمام بێنێ ، یاخود بگه‌ڕێته‌وه بۆ لای ئیمام و دانیشێت بۆ ته‌حیات ، ئه‌گینا نوێژه‌که‌ی به‌تاڵ ئه‌بێته‌وه •

سوجده‌ی سه‌هو له‌به‌ر کردنی کرده‌وه‌ی نه‌هی‌لێ‌کراو ، به‌پێی ئه‌م به‌یانه‌یه: ئه‌گه‌ر ئه‌و نه‌هی لێ‌کراوه له‌وانه نه‌بو کردنی به‌عه‌مدێ نوێژ به‌تاڵ بکاته‌وه وه‌کو لاکردنه‌وه به ڕو له نوێژدا ، یا وه‌کو دانانی هه‌نگاوێ یا دو هه‌نگاو ئه‌وه

سوجدەی سەهوی ناوێ • ئەگەر لەوانەش بێ بە عەمد و سەهو نوێژ بەتـاڵ بکاتەوە ، وەکو قسە کردنی زۆر و ، سێ چوار هەنگاو بەیەکەوە ، ئەوەیش دیسان نوێژ بەتاڵ ئەکاتەوە و بە سوجدەی سەهو چار ناکرێت • ئەگەر تەنیـا بەعەمدی نوێژ بەتاڵ ئەبوەوە نەك بە سەهوی ، وەکو درێژەدان بە ڕوکنـی کورت ، ئەوە سوجدەی سەهوی بۆ ئەبرێ • ڕوکنی کورت وەکو ئیعتیدال و دانیشتنی ناوبەینی سوجدەکان • بەڵام درێژ کردنەوەی ئیعتیدال بە ذیکـر وەکو قونوت و گەلێ دوعای مەئثـور زیانی نیە و نابێ بەهـۆی پێویستێ سوجدەی سـەهو • ئەوە ئەبێ بەهـۆی پێویستێ سوجدەی سـەهو کە ئیعتیدالەکە درێژ بکـاتەوە بە خوێنـدنی شـتێکیوا کـە جێـی خـۆی نەبێ وەکو فـاتیحە یا تەحیات کە لەوشوێنەدا مەشرۆع نـین • ئەم ماددەیە جیا کراوەتەوە لەو قاعیدەیە کە وتراوە هەرچێ عەمدی نوێژ بەتاڵ نەکاتەوە ، سوجدەی سەهو بۆ سەهوی نیە • ئەمانـە هەرچەند عەمدیان نوێژ بەتاڵ ناکاتەوە ، سوجدەی سەهو بۆ سەهویان ئەبرێ •

ئەگەر کەسێ لە تەرکی قونوت یا تەحیاتی یەکەم یا وێنەی ئەمـانە لـە سونەتە موهیمەکانی نوێژدا کەوتە شکەوە ، ئەوە ئەبێ سوجدەی سەهوی بۆ ببا • بەڵام ئەگەر لە کردنی ئیشێکی نەهی لێکراودا کەوتە شکەوە لەوانەی کە باسمان کردن ، ئەوە سوجدەی سەهوی ناوێ • ئەگەر سەهوێکی کرد و لەپێش سەلام دانەوەدا کەوتە شکەوە ئایا سوجدەی سەهوی بۆ بردوە یا نە ، ئەوە سوجدەی سەهو ببا • هەر سەهوێ ئینسان لەکاتی ئیقتیدادا بە ئیمـام بیکا ، ئیمامەکەی هەڵیئەگرێ و سوجدەی مەئمومی پێویست نیە • کەواتە ئەگەر لە تەحیاتا کەوتەوە بیری کەوا تەرکی ڕوکنێکی کردوە غەیری نییەتی نوێژ و (الله اکبر) کردن ، ئەوە لەپاش سەلام دانـەوەی ئیمـام هەسـتێ بۆ کردنەوەی ئەو ڕکاتەی کە بەهوێ فەوتانی ئەو ڕوکنەوە فەوتاوە کە بە بـیری خۆی ئەزانێ فەوتاوە • بەڵام ئیتـر سوجـدەی سەهـوی نـاوێ ، چونکە

تەرکەکەی لەکاتی ئیقتیدادا بوە بە ئیمـام • بەڵام بۆ بیرکردنەوەی فەوتانی نییەتی نوێژ یا (اللّٰه‌اکبر) پێویستە ئەو نوێژە بەتەواوی بکاتەوە ، چونکە بۆی دەرکەوتوە کەوا لەوکاتەدا کە لە پشتی ئیمامەوە بوە ، یاخۆی بەتەنیا خەریکی نوێژ بوە ، لە نوێژا نەبوە •

هەر سەهوێ ئیمام بیکا چ لەکاتی ئیقتیدای مەئمومـدا و چ لەپێـش ئەوەدا ، ئیعتیبار ئەکرێ بە سەهو بۆ مەئمومیش • جا ئەگەر ئیمام سوجدەی سەهوی برد پێویستە ئەویش لەگەڵیا سوجدە ببا • ئەگەر مەسبوقیـش بو ، یەعنی لە ڕکاتی یەکەمەوە لەگـەڵ ئیمـامدا نـەبوبو ، ئەوە ئەبێ لەئـاخری نوێژەکەی خۆیشیا دیسانەوە سوجدەی سەهو ببا • ئەگەر ئیمام سوجـدەی سەهوی نەبرد ، پێویستە مەئموم لەپاش جیـابونەوە لە ئیمـام لە ئـاخری نوێژەکەیدا سوجدەی سەهو ببا •

ئەگەر ئیمام بە سەهو هەستایەوە بۆ ڕکاتی زیادە ، ئەوە دروست نیە مەئموم بکەوێتە شوێنی ، بەڵکو ئەبێ بە (سبحان اللّٰه) ئیمامەکەی ئاگادار بکاتەوە • ئەگەر ئیمام هەر هەستایەوە پێویستە مەئموم نییەتی جیایی لە ئیمام بێنێ و بۆ خۆی نوێژەکەی تەواو بکا • ئەگەر لەپاش سەلام دانەوەی نوێـژ کەوتە شکەوە لە تەرکی فەرزێ لە نوێژەکەیدا ، ئەوە تەئثیری نیە و موبالات بەو شکە نەکا • ئەگەر ئەو کەسە کە سـەهوی کردوە ، بە عەمـدی تەرکی سوجدەی سەهوی کرد و سـەلامی دایەوە ، ئەوە ئیتر سـوجدەی سەهوی ئەفەوتێ • بەڵام ئەگەر بە سەهو تەرکی سوجدەی سەهوی کرد ، ئەوە مادەم زۆری پێ نەچوبو ، بگەڕێتەوە بۆ سوجدەی سەهوەکەی و لەپاش سوجدەکان سەلام بداتەوە • ئەگەر زۆریشی پێچوبو ، ئەوە سوجدەکەی ئەفەوتێ •

ئەگەر ئیمامی جومعە سەهوی کرد و لەئاخری نوێژەکەدا سوجدەی برد ، جا دەرکەوت کەوا کاتی نیوەڕۆ نەماوە ، واجبە لەسەر ئەوەوە کە کردویانـە نوێژی نیوەڕۆ تەواو بکەن و لەئاخریشا سوجدەی سەهو ببەنەوە •

سوجدەی تیلاوەت

سوجدە بردن سوننەتە لەسەر خوێندنەوەی ئایەتی سوجدە لە قورئانی پیرۆزدا یا لەسەر بیستنی • ئایەتی سوجدە لە چواردە شوێندا هەیە ، دوانیان لە سورەتی (الحج)دا و ئەو دوازدەکەیان لەم سورەتانەدا (الاعراف ، الرعد ، النحل ، الاسراء ، مريم ، الفرقان ، النمل ، الم السجدة ، حم السجدة ، النجم ، الانشقاق ، العلق) • سوجدەکەی سورەتی (ص) سوجدەی تیلاوەت نیـە ، بەڵکو سوجدەی شوکرە ، لەغەیری نوێژدا سوجدە لەسەر بردنی سوننەتە و لەنوێژدا حەرامە و ئەگەر بەعەمدێ بێ نوێژ بەتاڵ ئەکاتەوە • ئەگەر بە سەهو بێ بەتاڵی ناکاتەوە ، بەڵام سوجدەی سەهوی پێویستە •

سوجدەی تیلاوەت وەکو بۆ قورئـان خوێنـەکە سوننـەتە ، بۆ ئەو کەسەیش سوننەتە کە گوێی لێڕائەگرێ ، یا گوێی لێ ئەبێ • سوننەتیەتێ ئەم سوجدەیە زۆر زیاترە بۆ کەسێك کە گوێی لێبێ یا گوێی لێڕاگرتبێ ئەگەر قورئان خوێنەکە خۆی سوجدە ببا • بەڵام ئەگەر ئیمام لەسەر خوێندنی ئایەتی سوجدە سوجدەی برد و مەئموم سوجـدەی نەبـرد ، یاخـود مەئموم بۆ خوێندنی کەسێکیتر سوجدەی برد ، ئـەوە نوێژەکەی بەتـاڵ ئەبێتـەوە • هەروەها ئەگەر لەبەر خوێندنی ئیمامەکەی سوجدە ببا لەکاتێکا ئیمام خـۆی سوجدە نەبا ، لەمحاڵەشدا نوێژەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە •

جا ئەگەر ئەو کەسەی سوجدەی تیلاوەت ئەبـا لەنوێژدا نەبـو ، ئەوە پێویستە نیەتی سوجـدەی تیلاوەت بێـنێ و (الله اکبر) بکـا لەگەڵ بـەرز کردنەوەی هەردو دەستیا وەکو لە نوێـژدا • هەروەهـا جـارێکیتریش بۆ دانەوینەوە (الله اکبر) بکا بە بێ دەست بەرز کردنەوە و سوجدەیێ ببا وەکـو سوجدەی نوێژ و سەر بەرز بکـاتەوە لەگەڵ وتنـی (الله اکبر)دا و سـەلام بداتەوە • ئەگەر لە نوێژیشدا بو ، ئەوە تەنها (الله اکبر) بکا بۆ دانەوین بۆ

سوجده و بۆ بەرز بوونەوە • ئیتر لەم صوورەتەدا نییەتی ناوێ ، چونکە ئـەم سوجدەیە بە تابیعی نوێژەکە دائەنرێ • هەروەها دەسـت بەرز کردنـەوە و سەلام دانەوەشی ناوێ •

بۆ دامەزرانی سوجدەی تیلاوەت ، ئەوەی لە سوجدەی نوێژدا فەرزە ، لەمیشدا فەرزە • سوننەتە لەم سوجدەیەدا چ لە نوێژدا بێ و چ لە غەیری نوێژدا بڵێت : « سَـجَدَ وَجْهِي لِلَّذي خَلَقَهُ وَصَـوَّرَهُ وَشَـقَّ سَمْعَهُ وبَصَرَهُ بِحَولِهِ وقوَّتِهِ ، فتبارَكَ اللهُ احسنُ الخالِقِينَ » • ئەگەر هیچیش نەخوێنێ یا دوعایەکی‌تـری غەیری ئەم ذیکرە بخوێنێ هەر دروستە •

ئەگەر کەسێ ئایەتی سـوجدەی تیـلاوەتی لە مەجلیسێکـا دوجـار خوێندەوە ، ئەوە ئەگەر بەینیان کەم بـوو ، یەك‌جار سوجدە ئەبا • ئەگەر بەینیشیان زۆر بوو دووجار سوجدە ئەبا ، وەك چۆن یەك ئایەت لە دوو مەجلیسدا بخوێنێتەوە • ئەگەر ئەوکەسەی کە پێویستە سوجدە ببا سوجدەی نەبرد بێ عـوذر یا لەبەر عوذر ، ئەوە پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر وەختی سوجدە بردنەکەی بەسەرئەچێ •

سوجدەی شوکر

سوجدەی شوکر لە نوێژدا نـابرێت ، بەڵـکو لە دەرەوەی نوێـژدا ، بەهۆی ئەوەوە کە نیعمەتێکی خوا بە سەر کەسێکا بڕژێت ، یا خوا بەڵایـەك لەسەر کەسێك لابەرێ ، یاخود ئەگەر ئینسـان چـاوی بە یەکێك کـەوت گیرۆدەی دەردێکی خراپ بوو ، یا خەریکی ئیش و کاری بێ‌دینی بوو • مەبەست لە سوجدەی شوکر لەم‌حاڵەتەی دواییدا سوپـاس کردنی خوایـە کە ئەمی نەخستوەتە سەر ئەو ڕێگا چەوتە کە کابرای بێ‌دین گرتوویەتیەبەر •

باسی نوێژی جەماعەت

ڕاسترین قسە ئەوەیە جەماعەت فەرزی کیفایەیە لە نوێژە فەرزەکانـدا، بێجگە لە نوێژی جومعە ، چونکە لە نوێژی جومعـەدا فەرزی عەینـە لەسەر ئەوانەی کە جومعەیان لەسەر فەرزە • پێویستە نوێژی جەماعەت بەجۆرێـك بکرێ کە شیعاری دینی پێ دەرکـەوێ و بە پەنـامەکی و لەناومـاڵا نەبێ بەجۆرێك کە کەس پێی نەزانێ • جەماعەت بۆ ژنان فەرز نیە ، بەڵکو سونەتە بەو شەرتە کە نەبێ بەهۆی فیتنەی دینی و تاوانباری ، ئەگینا دروست نیە بڕۆن بۆ جەماعەت بۆ دەرەوەی ماڵی خۆیان •

نوێژی جەماعەت لە مزگەوتدا خێری زۆرترە تا لە دەرەوەی مزگەوت • تا قـەرە باڵغیشی زۆرتر بێ خێری زیادترە ، مەگەر لەحاڵێکا کـە ئیمامی جەماعەتی قەرەبـاڵغتر فاسـق بێ یـا لە ئەهلـی بیدعـەت بێ ، یا ڕۆیشتنی نوێژکەرەکە بۆ مزگەوتە قەرەباڵغەکە پەکی نوێژی مزگەوتی جەماعەت ـــ کەم بخا • لـەم جـۆرە حاڵەتانـەدا نوێژ کردنـی جەمـاعەتەکە لە مزگەوتـە بێ قەرەباڵغەکەدا باشترە •

پیرۆزترین نوێژی جەماعەت ئەوەیە نوێژکەرەکە بگا بە (الله اكبر)ی نوێژ دابەستن (تکبیری تحرم)دا لەگەڵ ئیمـام • ئەم خێرە دەسگـیر ئەبێ بە خۆ ئامادەکردنی نوێژکەرەکە بۆ (الله اكبر) کردنەکە هەرچـەند کەمێکیـش دوا بکەوێ • قسەی ڕاستتر ئەوەیە نوێژکەر خێری نوێژی جەماعەتی دەسگـیر ئەبێ مادەم بەرلەوەی ئیمام سەلام بداتەوە پیا بگات ، بەڵام خێـری زۆرتـر لەوەدایە زووتر پیا بگات •

سونەتە ئیمام لە کورتی نوێژ ببڕێتەوە ، واتە ئەوەندەی درێژە نەداتـێ نوێژکەرەکان هەراسان بکا ، چونکە نەخـۆش و خـاوەن ئیش و پـیر و لێکەوتویان تیایە ، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشا ئەبێ سونەتە موهیمەکانی نوێژ

تەواو بکـا • ئەبێ لەشوێنێکـا کە بتوانێ بە خوێنـدنی سـورەتی کورت ببڕێتەوە ، سورەتی درێژ نەخوێنێ و ، تەسبیحاتەکان زیاد نەکا و هەنـدێ دوعای زیادە هەن نەیانخوێنێ ، مەگەر نوێژکەرەکانی چەند کەسێکی تایبەتی بن ڕازی بن بەو درێژە پێدانە •

ئەگەر ئیمام لەکاتی ڕکوع یا تەحیاتی ئاخردا زانی کەوا یەکێك ئەیەوێ بێتە نوێژەکەیەوە ، سونەتە چاوەڕوانی بکا بەوشەرتە زۆری پێ نەچێ • ئەبێ لەم چاوەڕوانییەشدا جیاوازی نەخا لەنێوانی خەڵکا •

سونەتە بۆ کەسێك بەتەنیا یا بە جەمـاعەت نوێـژی فـەرزی کردبێ ، تاقەجارێك ئەو نوێژە ، لەگەڵ یەکێك یا جەماعەتێکیتردا بکاتەوە ، هەرچەند وەختی ئەم نوێژکردنەوەیەی ڕێکەوتی ئەو وەختانە بکـا کە نوێژیـان تیا مەکرۆهە ، یان پایەی ئیمامی جەماعەتی دوایی لە ئیمـامی جەماعەتی پێشـو کەمتر بێ • بەڵام نوێژ کردنەوە بەتەنیا سونەت نیە مەگەر بۆ کەسێـك کـە عـوذرێکی هەبـێ ، وەکو ئەوە یەکێـك داخلی نوێـژی فەرز ببـێ و لە نوێژەکەیدا بکەوێتەوە بیری کەوا قەرزاری فەرزێکـە ، ئەوە ئـەم نوێژەی دەستی پێ کردوە تەواوی بکا ، جا نوێژە قەرزەکەی بگێڕێتەوە و ، پاش ئەوە سونەتە نوێـژە حازرەکەی بکاتەوە ، چونکە بە بەعضێ مەذهـەب نوێژە پێشوەکەی بەتاڵە لەبەرئەوە کە قەرزاری نوێژ بوە • تەنها نوێژی جومعە لەم حوکمە بەدەرە ، چونکە ئەو وەکو نوێژی سونەت وایە پێویستی بە دوبارە کردنەوە نیە • ئەبێ نوێژکەر لەو نوێژەدا کە ئەیکاتەوە نییەتی فەرز بێنێ ، هەرچەند فەرزەکەی نوێژە پێشوەکەی بوە •

(بزانن) تەرکی جەماعەت دروست نیە مەگەر لەبەر عوذرێکی تێکڕایـی وەك باران و ڕەشەبای شەو و قوڕی زۆر ، یا لەبەر عوذرێکی تایبـەتی وەك نەخۆشی و برسیەتییەکی زیاد لەئەندازە و وەك ئەوە کە پێویستی بە چونە

سەرئاو بێ ، یا لە ستەمکارێك بترسێ بۆ خۆی یا بۆ ماڵی ، یا ترسی ئەوەی هەبێ خاوەن قەرز بکەوێتە دوای و ئەمیش نەیبێ بیداتەوە ، یا ڕۆت بێ یا خۆی ئامادە بکا بۆ سەفەر و ترسی ببێ لە هاوڕێکانی دوابکەوێ ، یا شتێکی بۆن ناخۆشی خواردبێ ، یا کەسێکی نەخۆش بێ و لەم زیاتر کەسی بەلاوە نەبێ ، یا زیاتر ئولفەتی بەمەوە گرتبێ •

باسی صیفەتەکانی ئیمام (پێش نوێژ)

نوێژکردن دروستنیە لەپشت ئیمامێکیوا وە بە باوەڕی نوێژکەرەکە نوێژەکەی بەتاڵ بێ ، وەك ئیقتیدای شافیعی مەذهەب بە حەنەفی مەذهەبێکیوا دەستی دابێ لە عەورەتی خۆی ، یا (بسم الله) نەخوێنێ لە نوێژا • هەروەها دروست نیە ئیقتیدای حەنەفی مەذهەب بە شافیعییەکی وا خوێنی لوتی بەربوبێ و بە بێدەس نوێژ گرتنەوەی دوبارە ئیمامەت بکات • فەرقی نیە ئاخۆ باوەڕی نوێژکەرەکە بە دانەمەزرانی نوێژی ئیمامەکە یەقینی بێ یا هەر گومان بێ، وەك ئەوە کە دوکەس ئیختیلافیان ببێ لە قیبلەدا و هەرکەس بە بیری خۆی لایەك بکا بە قیبلە • بەلام ئەگەر ئیختیلافیان بو لە چەند گۆزە ئاوێکا و هەرکامیان یەکێکیانی بە پاك زانی ، ئەوە ئیقتیدای هەرکامیان بەویان دروستە مادەم تەنها گۆزەی ئیمام نەمێنێتەوە بۆئەوە کە بە پیس دابنرێ • کەوابو ئەگەر پێنج کەس سەریان لێ تێکچو لە پێنج گۆزە ئاودا کە کامیان پیسە و هەرکامیان دەس نوێژی بە گۆزەیەکیان گرت و هەریەك لەوان بو بە ئیمام بۆ باقییەکان لە نوێژێ لە پێنج فەرزەدا ، ئەوە هەمویان پێویستە نوێژی عیشا بە قەزا بگێڕنەوە ، مەگەر ئیمامی عیشا ، ئەوە ئەو پێویستە قەزای نوێژی مەغریب بکاتەوە •

دروستنیە ئیقتیدا بە کەسێك کە خۆی لە حاڵی ئیقتیدادا بێ بە ئیمامێك، بەلام پاش جیابونەوەی لە ئیمامەکەی دروستە ئیقتیدای پێ بکرێت • هەروەها

دروست نیە ئیقتیدا بە کەسێك کە پێویست بێ نوێژەکەی بکاتەوە ، وەك ئەوە کە تیممی کردبێ لەبەر نەبونی ئاو لە شوێنێکا کە بەعادەت ئاوی تیا دەس بکەوێ ، یا بە کەسێ کە نە دەس نوێژی گرتبێ و نە تیممی کردبێ و تەنیا لەبەر حورمەتی وەخت نوێژ بکا ، یا بە کەسێ کە گیانی یا پۆشاکی پیسییەکی وای پێوەبێ کە عەفوی لێ نەدرابێ •

هەروەها دروست نیە ئیقتیدای خوێندەوار بە نەخوێندەوار • مەبەس لە (خوێندەوار) ئەوەیە واجباتی نوێژەکەی بەجۆرێك بخوێنێتەوە زیان بە حەرفێ لە حەرفەکان یا بە هەیئەتیان نەگەیەنێ • (نەخوێندەوار)یش کەسێکە زیان بگەیەنێ بە حەرفەکان یا بە صیفەتیان وەك (شدّە) • کەواتە ئەوەی لەشوێنێکا کە پێویست نەبێ (ادغام) بکا واتە حەرف بگرێ ، یا حەرفێ بگۆڕێ بە حەرفێکی‌تر لە غەیری شوێنی گۆڕیندا بە نەخوێندەوار دائەنرێ • بۆیە ، ئەوەی (ث) و (ص) بکا بە (س) یا (ط) بکا بە (ت) بە نەخوێندەوار دائەنرێ • بەڵێ دروستە ئیقتیدای نەخوێندەوار بە نەخوێندەوار ئەگەر لەو حەرفانەدا کە بەباشی بۆیان ناوترێ وەك یەك وابن •

کەراهەتی هەیە ئیقتیدا بەوکەسەی حەرفی (ت) یا (ف) دوبارە بکاتەوە، یا بەوکەسەی لەفظ بگۆڕێ بەجۆرێ کە مەعنا تێك نەدا وەك ئەوە کە بۆر بدا بە هێی (الله) لە (بسم الله) و (الحمد لله)دا • بەڵام ئەگەر مەعنای ئەگۆڕێ وەك بۆر دان بە تێی (انعمتُ) ، ئەوە نوێژی ئیمامەکە بەتاڵە ئەگەر ئەیتوانێ فێر ببێ بەڕاست بیخوێنێتەوە • هەروا نوێژی مەئمومەکەشی بەتاڵە ، ئەگینا هەر نوێژی ئیمامەکە بەتاڵە بەوشەرتە ئەم گۆڕینە لە لەفظێکا بێ خوێندنەوەی واجب بێ •

دروست نیە پیاو ئیقتیدا بکا بە ژن و بە نێرەمۆك (مخنث) • هەروا دروست نیە ئیقتیدای نێرەمۆك بە نێرەمۆك ، چونکە ڕێی تێ‌ئەچێ ئیمامەکە

ژن و مەئموومەکە پیاو بێ • بەڵام ئیقتیدای نێرەموکێك کە مەعلوم بێ ژنە بە نێرەموکێك کە مەعلوم بێ پیاوە ، ئەوە دروستە • دروستە ئیقتیدای ژن بە پیاو و بە ژن و بە نێرەموك • دروستە ئیقتیدای باڵغ بە ناباڵغ بەوشەرتە خاوەن تەمیز بێ • ئەگەر ئیقتیداکەرەکە باڵغی نێرینە بوو ، ئەبێ ئیمامەکەش نێرینە بێ •

دروستە ئیقتیدای خاوەن دەس نوێژ بەوەی تیممی کردبێ و گێڕانەوەی نوێژی لەسەر نەبێ ، یا بەکەسێ کە مەسحی خوفی کردبێ • ئیقتیدای ڕاوەستاویش دروستە بەوەی بە دانیشتنەوە نوێژ بکا • هەروا دروستە ئیقتیدای چاو ساغ بە کوێر و ، ئیقتیدای ئافرەتی پاك لە خوێن بەوەی کە گیرۆدەی خوێنی عیللەت بێ، بەوشەرتە لەماوەی پاکیدا بێ یەعنی سەرگەردان (متحیرە) نەبێ • ئەگەر یەکێ ئیقتیدای کرد بە کەسێك و لەپاشا دەرکەوت ژنە یا کافرە ، واجبە نوێژەکەی بگێڕێتەوە ، نەك ئەگەر دەرکەوێ لەشی پیسە یا پیسییەکی پەنامەکی پێوەیە یا بێدەس نوێژە ، ئەوە نوێژی مەئموومەکە بەتاڵ نابێتەوە • قسەی ڕاستتر ئەوەیە کەسێ لە ئەحکامی نوێژ شارەزا بێ باشترە بۆ ئیمامەت لە کەسێ قورئان باشتر بخوێنێ ، یا وەرع و پارێزی زیاتر بێ • یەکێکیش کە ئەحکامی نوێژ بزانێ یا خوێندنی باش بێ چاکترە بۆ ئیمامەت لەوەی عومری زۆرتر بێ ، یا بە ئوسوڵی کەفائەت نەسەبی بەرزتر بێ• کەوابوو مەلا بۆ ئیمامەت چاکترە لە سید و شێخزادەیێ کە شارەزای ئەحکامی شەرع نەبن • کەسێکیش عومری زۆرتر بێ چاکترە لەوەی نەسەبی بەرزتر بێ • ئەگەر دوو کەس لەم صیفەتانەی ئیمامەتدا وەك یەك بوون ئەوە هەرکامیان گیان و پۆشاکی پاکتر یا دەنگی خۆشتر ، یا صەنعەت و پیشەی خاوێنتر بێ ئەوە پێش ئەکەوێ • ئەوەی موستەحەقی قازانجی شوێن نوێژەکە بێ بەهۆی موڵکیەت یا وەقف یا ئیجارەوە ، ئەو کەسە چاکترە بۆ ئیمامەت لەو شوێنەدا لە کەسێکی تر مادەم ئوسوڵی ئیمامەت بزانێ • جا ئەگەر خاوەن موڵك بوو

ئەتوانێ کەسێکی تر پێش بخا • قسەی ڕاستتر ئەوەیە ئەوکەسەی شوێنێکی بە کرێ گرتبێ لە خاوەنی ئەو شوێنە پێش ئەکەوێ و ئەوەی بە خواستەمەنـێ ئەو شوێنەی دابێ بە یەکێك پێش ئەکەوێ لەوەی کە خواستۆیەتی ، چونکە خاوەن موڵك خاوەنی قازانجی شوێنەکەیە • هەروەها ڕاستتر ئەوەیە کـەوا حوکمداری وڵاتێك چاکترە بۆ ئیمامەت لەو وڵاتەدا لە کەسێك کە ئاگادارتر بێ لە ئەحکامی شەرع ، هەروا لە خاوەنی شوێن نوێژەکە •

شەرتەکانی ئیقتیدا

ئیقتیدا بە ئیمام گەلێك شەرتی هەیە • یەکـەم ئەوەیە مەئمـوم پێش نەکەوێ لە ئیمام لە جێگە نوێژدا • کەواتە ئەگەر لەکاتی (الله اکبر)ی (تحرم)دا لێی پێش کەوت نوێژەکەی دانامەزرێ • ئەگەر لەناو نوێژەکەدا بە عەمدێ لێی پێش کەوت نوێژەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە • بەڵام ئەگەر بەخۆی نەزانێ پێش کەوت، ئەوە واجبە لەسـەری هەر کە بەخـۆی زانێ بگەڕێـتە دواوە • بـۆ زانینی ئەوە کە کێ لەپێشەوەیە و کێ لەدواوەیە تەماشای پاژنـەی پێ ئەکرێ بـۆ ڕاوەستاو و تەماشای بێخی ڕان ئەکرێ بۆ دانیشتو • ئەگەر ئیمام و مەئموم لە شانی یەکدا وەستـابوبن ئەوە زیانی نیـە ، بەڵام سونـەتە مەئموم پاش بکەوێ لە ئیمـام •

ئەگەر نوێژکەرەکان لە (مسجد الحرام)دا بون ئەتوانن دەور بدەن بە دەوری (کعبة الله)دا • لەم صورەتەدا ئەگەر مەئموم لە غەیری لای ئیمامەوە نزیکتر کەوتەوە لە کەعبە ئەوە زیانی نیە ، بەڵام لەلای ئیمامەوە دروست نیە لە ئیمام پێش بکەوێ و نزیکتر بکەوێتەوە لە کەعبە •

ئەگەر یەك پیاو حازر بۆ لەگەڵ ئیمامدا ، لەلای ڕاستیەوە ڕاوەستێ • جا ئەگەر پیاوێکیتریش هات ئەویش لەلای چەپیەوە ڕاوەستێ • پاش ئەمە

یا ئیمام کەمێ بڕواتە پێشەوە ، یا مەئمومەکان کەمێ بێنە دواوە تا ببن بە ڕیز • هەروەها ئەگەر منالێکی نێرینەی خاوەن تەمیز لەپاش ئیقتیدای تاقە پیاوەکە پەیدا بو • ئەگەر پیاوێك و منداڵێکی خاوەن تەمیز بەیەکەوە هاتن ئەوە لە پشتی ئیمامەوە ڕیز ببەستن • ئەگەر پیاوێك و ژنێك حازر بون پیاوەکە لەلای ڕاستی ئیمامەوە ڕاوەستێ و ژنەکە لە پشتی پیاوەکەوە ڕاوەستێ • ئەگەر چەند پیاو و چەند ژن و چەند منداڵی نێرینە حازر بون ئەوە پیاوەکە لەپشتی ئیمامەوە لە ڕیزی یەکەمدا و منداڵە نێرینەکان لە ڕیزی دوهەمدا و ژنەکان لە ڕیزی سێهەمدا ڕاوەستن • بەڵام ئەگەر منداڵە نێرینەکان زو لە پشتی ئیمامەوە ڕیزیان بەست ، ئەوە پیاوەکان لەپاشەوە ڕیز ببەستن و منداڵەکان نەگوێزنەوە • ئەگەر پیاوان و منداڵان بەیەکەوە حازر بون و ڕیزەکە هەموی یانی ئەگرت ، ئەوە ڕیزی پیاوەکان بە منداڵەکان تەواو ئەکرێ • (دارمی) فەرموێە ئەگەر پیاوەکان فاسق بون ئەوە منداڵەکان لەپێشەوە ڕیز ئەبەستن •

ئەگەر ژنان ئیقتیدایان کرد بە ژنێك ، ئەوە ئیمامەکەیان لە ناوەڕاستیانا بوەستێ و کەمێك لێیان پێش بکەوێ ، وەکو لە حاشیەی (سلیمان الکردی)دا بەیان کراوە •

کەراهەتی هەیە مەئموم بەتەنها ڕاوەستێ ، بەڵکو ئەگەر لە ڕیزا شوێنی دەس کەوت بڕواتە ڕیزەوە • ئەگینا لەپاشەوە نیەتی ئیقتیدا بێنێ و یەکێ لە مەئمومەکان ڕاکێشێ بۆلای خۆی • سونەتە ئەوکەسەش یارمەتی بدا و بێتە پاشەوە و پێکەوە ڕیزێك دروست کەن •

سونەتە بۆ مەئمومەکان تا بتوانن لە ڕیزی یەکەمدا ڕاوەستن و ئەو ڕیزە تەواو بکەن ئەوجا دەس بکەن بە دانانی ڕیزێکی تر • سونەتیشە ڕیزەکەیان ڕێك بێ و لە ئەندازەی عادەت زیاتر کەسەکان بەینیان نەبێ ، ئەگینا فەضڵ و پایەی جەماعەتەکەیان ئەفەوتێ • زانایانی شەرع لەم شوێنەدا

دوَ قسەیان هەیە : یەکەم ئەوەیە بەتەنها یەك کەراهەت فەضیلەتی جەماعەتەکە هەموَ ئەڕوا • دوَهەم ئەوەیە تەنها ئــەو فەضیلەتەی جەماعەتەکە ئەڕوا کە بەهوَی نەکردنی ئــەو مەکروَهەوە پەیدا ئەبوَ • ئەگینا فەضـیلەتی باقیَ ئادابەکان ئەمێنێتەوە • ئەم قسەیان موناسبی ڕەحمەتی فراوانی ذاتی خوایە ، چونکە لە لوطفی خوداوە دوَرە بە تاقەکەراهەتێك نوێژ بیست و حەوت پایە بێتە خوارەوە (واللە غفور رحیم) •

دوَهەم لــە شەرتەکانی ئیقتیدا ئەوەیە مەئموَم ئاگای لــە هەڵسان و دانیشتنی ئیمــام بێ ، واتە یا چاوی لــە ئیمام خوَی بێ یا لە هەنــدێ لە نوێژکەرەکان کە ڕیزیان بەستوە ، یا گوێی لە دەنگی ئیمامەوە بێ یا لە دەنگی ڕاگەیێنەوە (مبلّغ) ، خوا ئەو ڕاگەیێنە لەگەڵ ئیمامەکەدا بێ یا نە ، هەر بەو شەرتە کە باوەڕ پێکراو بێ •

سێهەم لە شەرتەکانی ئیقتیدا ئەوەیە ئیمام و مەئمــوَم بەپێی عورف پێکەوەبن لەسەر ئەم تەرتیبە : بەمیسال ئەگەر ئیمام و مەئموَم هەردوکیان لە مزگەوتا بن ئەوە ئیقتیدا دائەمەزرێ ، هەرچەند مەسافەی بەینیان زوَر بێ و هەرچەند هوَدە و بینا کەوتبێتە بەینیان ، بەوشەرتە دەرگایان تیابێ بوَ ناو یەکتر و قابیــل بێ هاتوچــوَی عادەتیَ لــە هەرکامیانەوە بوَ نــاو باقیَ هوَدەکان و بوَ حەرەمی مزگەوت ، هەرچەند ئەو هاتوچوَیەش بە نەوعێك بێ کە ئینسان پشت یا شان بکاتە قیبلە ، یا هوَدەیەکیان لەسەر بانی حەرەمی مزگەوت بێ و دەرگای تیابێ بوَ خــوارەوە ، با دەرگاکانیش پێوەدرابن یا داخرابن ، بەوشــەرتە بە بزمار قایم نەکرابن • هەروەهایە حــوکمی چەند مزگەوتێ کــە نزیکی یەك بن ، ئەمانەیش وەکو یەك مزگــەوت دائەنرێن بەوشەرتە جوَگایەك یا ڕێگەیەکی کوَن لە نێوانیانا نەبێ ، ئەگینا بە مزگەوتی جیاجیا و دوَر لە یەك دائەنرێن •

لە حوکمی مزگەوت خوَیدایەتی (رحبە)ی مزگەوت وەك بەرهەیوان و

سەکۆی حەوشی مزگەوت کە هاوینان نوێژی لەسەر ئەکەن با دوریش بن لە حەرەمی مزگەوت • کەواتە ئەگەر ئیمام لەسەر ئەو سەکۆیە بۆ و لەپێشەوە بۆ ، یا مەئموم لەسەری بۆ و لەدوایەوە بۆ ، ئەوە حوکمی لەگەڵ نەفسی مزگەوتا یەکێکە • بەڵام (حریم)ی مزگەوت کە شوێنی خەوشوخاڵ و پێویستییەکانی مزگەوتە ، ئەوە بە دەرەوەی مزگەوت دائەنرێ و حوکمی جیایە ، وەك لەمەولا بەیانی ئەکەین ، خوا یار بێ •

ئەگەر ئیمام و مەئموم هەردوکیان لە دەشتا بۆن ، ئەوە شەرتی ئیقتیدا ئەوەیە مەسافەی بەینیان زیاتر نەبێ لە سێصەد ذیراع بە ذیراعی ئادەمێ کە بریتییە لە دو بست • لەم صورەتەدا مانیعی ئیقتیدا نیە ڕێگایەك لە بەینیانا بێ ، یا چەمێك بە مەلە لێی بپەڕنەوە • هەروایە حوکمی هەمو دو ڕیزێ لەپشتی ئیمامەوە • ئەگەر لە دو بینایشدا بۆن ، ئەوە زانایانی شافیعی مەذهەب دو قسەیان هەیە ، ڕاستتریان ئەوەیە کە هەر نزیکێ شەرتە وەك باسمانکرد ، بەوشەرتە کە (حائیل) ڕێگر لەبەینا نەبێ ، یا هەبێ و مەنعی هاتوچۆ نەکا • ئەگینا بەقەطعی ئیقتیدا دروست نیە ، هەرچەند ئەو حائیلە مەنعی دیتنی ئیمام نەکا وەکو پەنجەرەیەك کە لەبەینا بێ • هەروەها ئەگەر یەکێکیان لە خانو و یەکێکیان لە دەشتا بێ •

(بزانن) کەراهەتی هەیە ئیمام لە شوێنی بەرز و مەئموم لە شوێنی نەویدا بێ ، یـا بەپێچەوانەی ئەمە ، مەگەر لەبەر مەبەستێ وەکو وەزعی شوێنەکە ، یاخود فێرکردنی ئادابی نوێژ بە مەئمومەکان ، یا وەك پێویستێ بە مەئمومێ کە دەنگی ئیمام بگەیەنێ بە مەئمومەکانیتر •

سوننەتە ئیمام و مەئموم هەڵنەسنەوە بۆ نوێژ تا قامەتخوێن لە قامەت ئەبێتەوە ، ئەوسا ئیمام هەڵسێتەوە و مەئمومەکانیش بەدوایا • سوننەتە ئەوکەسەی ئەیەوێ نوێژی فەرز بکا دەست نەکا بە نوێژی سوننەت پاش

ئەوەی کە قامەت خوێن دەستی کرد بە قامەت ، یەعنی ئەم کردەوەیە کەراهەتی هەیە • ئەگەر کابرا لەناو نوێژی سونەتا بوٚ و قامەت خوێن دەستی کرد بە قامەت ، ئەوە ئەگەر ترسی فەوتانی نوێژی جەماعەتەکەی نەبوٚ ، سونەتەکەی تەواو بکا • ئەگـەر ترسیشی هەبوٚ ، ئەوە ئەگەر جەماعەتەکە بـوٚ نوێژی جومعە بـوٚ واجبە کابرا نوێژەکەی خوٚی بەتاڵ بکاتەوە • ئەگـەر غەیری نوێژی جومعەش بوٚ ، ئەوە سونەتە نوێـژەکەی خوٚی ببڕێ و بڕواتە ناو جەماعەتەکەوە •

ئەگەر کەسێ لە نوێژی فەرزا بوٚ و قامەت کرا بوٚ نوێژی جەماعەت ، ئەوە ئەگەر نوێژی کابرا نوێژی سبەینێ بوٚ ، نوێژەکەی تەواو بکا و پاش ئەوە بڕواتە ناو جەماعەتەکەوە • هەروەها ئەگەر نوێژی سێ ڕکاتێ یا چوار ڕکاتێ بوٚ و ڕاست بوٚبوەوە بوٚ ڕکاتی سێهەم • بەڵام ئەگەر لە ڕکاتی یەکەما یا دوٚهەما بوٚ ، ئەوە دوٚ ڕکات تەواو بکات و سەلام بداتەوە ، بەنیازی ئەوە کە ئەو نوێژە بکا بە سونەت و پاشان هەستێ بڕواتە ناو جەماعەتەکەوە • بەڵێ ، ئەگەر ئەو نوێژە فەرزە کە پێیەوە مەشغوٚڵە ، قەزای فەرز بێ ، ئەوە نەیبڕێ و نەیکا بە سونەت ، بەڵکو تەواوی بکا • جا ئەگەر مەجاڵ هەبوٚ داخڵی ئەو جەماعەتەیش ببێ ، ئەگینا با ئەو جەماعەتەی بفەوتێ ••

شەرتەکانی ئیقتیدا بە ئیمام

ئیقتیدای مەئموٚم بە ئیمام چەند شەرتێکی هەیە • یەکـەم : ئەوەیە مەئموٚم لەگەڵ (تکبیری تحرم)دا نییەتی ئیقتیدای ببێ • مەسەلا بڵێت نییەتم هەیە فەرزی ئەم وەختە ئەکەم بە جەماعەت ، اللہ اکبر • لەکاتی (تکبیر)ەکەشیدا ئەو قەصدەی ببێ • نوێژی جومعەیش وەکو غەیری جومعە وایە • کەوابوٚ ئەگەر قەصدی ئیقتیدای نەبوٚ و لە ڕکوٚع و سجوٚددا تابیعی ئیمام بوٚ ئەوە نوێژەکەی بەتاڵە •

واجب نیە نوێژکەر لە ئیقتیدادا ئیمام دیاریێ بکا • ئەگەر دیاریێ کرد و کەچێ ئیمامەکە کەسێکی‌تر بێ ئەوە نوێژەکەی بەتاڵە • نییەتی ئیمامەت‌کردن واجب نیە لەسەر ئیمام ، بەڵکو سوننەتە بۆئەوە کە خێری لە ئیمامەتەکەی دەس‌کەوێ • کەوابێ ئەگەر ئیمام مەئموومی دیاریێ‌کرد و بەهەڵەدا چێ ، نوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوە •

دروستە ئیقتیدای کەسێ کە نوێژی حازر بکا بە کەسێ کە نوێژ بگێڕێتەوە و ئیقتیدای یەکێ کە نوێژی فەرز بکا بە کەسێ کە نوێژی سوننەت بکا و لە نوێژە فەرزەکانا شەرت نیە ئیمام و مەئموم یەك نوێژ بکەن • کەواتە دروستە بۆئەوەی کە فەرزی سبەینێی لەسەرە ئیقتیدا بکا بە کەسێك کە نوێژی نیوەڕۆ ئەکا • هەروەها دروستە بۆ کەسێ کە نوێژی عیشای لەسەرە ئیقتیدا بکا بە ئیمامێ کە نوێژی سبەینێ ئەکا • زیانی نیە قوتوتەکەشی لەگەڵدا بخوێنێ ، یا لە دانیشتنی دوایێ نوێژی مەغریبا لەگەڵیا بێ ، هەرچەند شوێنی دانیشتنی مەئمومەکەیش نیە ، چونکە لەبەر شوێن کەوتنی ئیمام دانیشتوە •

ئەگەر یەکێك نوێژی بەیانێ ئەکرد و ئیقتیدای کرد بە ئیمامی نوێژی نیوەڕۆ ، ئەوە پاش خوێندنی تەحیاتی یەکەم و هەستانەوەی ئیمام بۆ ڕکاتی سێهەم ، یا نییەتی جیابونەوە لە ئیمام بێنێ و سەلام بداتەوە ، یا هەر بە دانیشتویێ بمێنێتەوە تا ئیمام دوو ڕکاتەکەی تەواو ئەکاو پێی ئەگاتەوە ، ئەنجا لەپاش سەلامدانەوەی ئیمام سەلام بداتەوە و ئەم بارەیان خێری زۆرترە •

ئەگەر لە گێڕانەوەی نوێژی سبەینێدا ئیقتیدای کرد بە ئیمامی نوێژی نیوەڕۆ ، ئەوە ئەگەر پیاگەیشت لە ڕکاتی دوهەما قوتوت بخوێنێ و بگاتەوە بە ئیمامدا ، ئەوە باشە • ئەگینا واز لە قوتوتەکەی بهێنێ یاخود نییەتی جیابونەوە لە ئیمام بهێنێ و بۆ خۆی قوتوت بخوێنێ و نوێژەکەی تەواوبکا •

دروست نیە ئیقتیدا بە ئیمامێ کە هەیئەت و ئادابی نوێژەکەی لەگەڵ نوێژەکەی ئەودا یەك نەکەوێ ، وەك لە نوێژی مانگ و ڕۆژ گیران یا نوێژی جەنازەدا •

هەندێ لە واجباتی مەئموم لە ئیقتیدادا

واجبە لەسەر مەئموم تابیعی ئیمام بێ لە فیعلەکانی نوێژدا ، بەم ڕەنگە کە سەرەتای فیعلی مەئموم بکەوێتە پاش سەرەتای فیعلی ئیمامەوە و لەپێش تەواو کردنی ئیمامیشا دەس پێ بکا • ئەگەر هاوکات بو لەگەڵ کردەوەی ئیماما زیانی نیە ، تەنها لە تکبیری تحرمدا نەبێ ، ئەوە لەویادا واجبە تکبیری مەئموم بکەوێتە پاش تکبیری ئیمامەوە •

ئەگەر مەئموم بە عەمد و عیلمەوە و بە بێ عوزر ، بە ڕوکنێ لە ڕوکنە فیعلییەکان ، وەك ڕکوع ، کەوتە پاش ئیمامەوە ، ئەوە نوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوە ، چونکە ئەمە بە موخالەفەیەکی کەم دائەنرێ • ئەگەر بە دو ڕوکن لە ئیمام پاش کەوت وەکو ئەوە کە ئیمام لە دانەوینەوەدا بێ بو سوجدە و مەئموم هێشتا لە ڕاوەستانی پێش ڕکوعا بێ ، ئەوە ئەگەر عوزرێکی ڕەوای نەبێ مەسەلا لەبەر خوێندنی سورەت پاش کەوتبێ ، لەم صورەتەدا نوێژەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە ، خواه ئەو دو ڕوکنە کورت و درێژ بن وەکو وتمان یا دو ڕوکنی درێژ بن وەکو ئەوە کە ئیمام بگات بە ئیعتیدالی ڕکاتی دوهەم و هێشتا مەئموم لە سوجدەی دوهەمی ڕکاتی یەکەمدا بێت • ئەگەر عوزریشی بێ وەکو ئەوە کە ئیمام زور بە پەلە بخوێنێ یاخود مەئمومەکە بە طەبیعەت لە خوێندنەوەدا سست بێ ، ئەوە ڕاست ئەوەیە مەئموم هەر لەسەر ڕێزی خوی بڕوا بەشوێنێ ئیمامدا مادەم ئیمام بە زیاتر لە سێ ڕوکنی درێژ پێش نەکەوێ و ، چاوپوشی ئەکرێ لەو پاشکەوتنەی • ئەگەر بە زیاتریش لە سێ ڕوکن پاش کەوت وەکو ئەوە مەئموم لە خوێندنی فاتیحە نەبوبێتەوە تا ئیمام

لە سوجدەی دوهەم هەستایەوە ، لەمصورەتەدا واجبە مەئموم ببێ بە هاوڕێی ئیمام لەوەدا کەوا پێیەوە مەشغوڵە ، تا ئەو سەلام ئەداتەوە ، جا پاش ئەوە مەئمومەکە ئەوەی کە فەوتاندویەتی جێبەجێی بکاتەوە ، ئەوجا سەلام بداتەوە • لە جوملەی عوذری پاش کەوتنە بۆ مەئموم ، ئەوە کە مەشغوڵ بوبێ بە خوێندنی دوعای ئیفتیتاحەوە •

تائیستا قسەمان لەوەبو کە مەئموم لەگەڵ ئیمامدا ڕێك بوبێ ، بەمنەوعە ئەوەندە لەگەڵی بوبێ کە مەجالی خوێندنی فاتیحەی هەبێ • بەڵام مەئمومێکی وا کە ئیمام لێی پێش کەوتبێ و ئیمامەکەی ڕکوع بیا کەچی ئەو هێشتا لە وەستانی خوێندنی فاتیحەدا بێ ، ئەوە ڕاستتر ئەوەیە ئەگەر خەریك نەبوبێ بە خوێندنی دوعای ئیفتیتاح و (اعوذ باللە)یەوە ، گورج واز لە فاتیحە خوێندنەکەی بهێنێ و لەگەڵ ئیماما ڕکوع بەرێ و لەمحاڵەدا وا دائەنرێ کە بە ڕکاتەکەدا گەیشتوە • ئەگەر خەریکیش بوبێ بە خوێندنی دوعای ئیفتیتاح یا (اعوذباللە)یەوە ، واجبە لەسەری بە ئەندازەی ئەوە کە خوێندویەتی لەو سونەتە لە ئایاتی فاتیحە بخوێنێ و بکەوێتە شوێن ئیمام • جا ئەگەر ئیمام پێش نەکەوت بە زیاتر لە سێ ڕوکنی درێژ ، ئەوە لەسەر ڕێزی خۆی نوێژەکە تەواو بکا • ئەگەر ئیمام بە زیاتر لە سێ ڕوکن پێش کەوت ، ئەوە ببێ بە هاوڕێی ئیمام لەوەدا کە پێیەوە مەشغوڵە و لەپاش سەلام دانەوەی ئیمامیش ئەوەی کە فەوتاندویەتی بەجێی بێنێ • کەواتە بۆ مەئمومی لێ پێش کەوتو سونەتە لەپاش نییەت هێنان و (اللە اکبر) کردن خەریکی خوێندنی فاتیحە بێ و دوعای ئیفتیتاح نەخوێنێ ، مەگەر بەئاشکرا بزانێ کە پیا ئەگا و لە ڕکوعیشا لەگەڵ ئیمام ئەبێت •

ئەگەر مەئموم لەکاتی ڕکوعا ئاگادار بو لەوە کەوا فاتیحەی نەخوێندوە ، یا شکی لەوەدا پەیدا کرد ، ئەوە نابێ بگەڕێتەوە بۆی ، بەڵکو ڕاست لەسەر نوێژەکەی بڕوا و لەپاش سەلام دانەوەی ئیمام ئەو سەلام نەداتەوە ، بەڵکو

هەڵسێ ڕکاتێك نوێژ بکات ، ئەوجا تەحیات بخوێنێ و سەلام بداتەوە • ئەگەر لەپاش ڕکوعی ئیمام و پێش ڕکوعی خۆی ئاگادار بوو یا شکی پەیدا کرد لە خوێندنی فاتیحەدا ، ئەوە پێویستە فاتیحەکەی لەسەرەوە بخوێنێ و پاش ئیمام بکەوێ ، لەم حاڵەتەشدا بە مەعذور دائەنرێ • ئەگەر مەئموم لە (تکبیری تحرم)دا پێش ئیمام کەوت ئەوە نوێژەکەی دانامەزرێت • ئەگەر لە خوێندنی فاتیحە یا تەحیاتا لێی پێش کەوت ئەوە نوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوە ، بەڵام پێشکەوتنەکەی خیلافی شەرعە • ئەگەر مەئموم لە فیعلا پێش ئیمام کەوت وەك لە ڕکوع یا لە سوجدەدا ، ئەوە ئەگەر بە دوو ڕوکن بێ نوێژەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە و ئەگەر بە کەمتریش بێ بەتاڵ نابێتەوە •

باسی بڕینی ئیقتیدا بە ئیمام

که ئیمام سەلامی دایەوە لە نوێژ ، ئیتر ئیقتیدای مەئمومیش بەو ئیمامە دوایی دێ • لەمکاتەدا ئەگەر سەهوێکی کرد سوجدەی سەهوی ئەکەوێتە سەر • ئەگەر ویستیشی ئیقتیدا بکا بە ئیمامێکیتر ، ئەتوانێ • ئەگەر کەسێکیش ویستی ئیقتیدای پێ بکا دروستە • ئەگەر ئیمام لەنوێژا مابووەوە و مەئموم نییەتی جیابوونەوەی هێنابوو لە دڵا ، ئەتوانێ • ئیتر ئەتوانێ سەربەخۆ چۆن ئارەزووی هەیە نوێژەکەی خۆی تەواو بکا • بەڵام هەندێ لە زانایانی شەرع فەرموویانە بە بێ عوذرێکی وا کە ببێ بە سەبەب بۆ تەرکی جەماعەت ، دروست نیە مەئموم لە ئیمامەکەی جیا ببێتەوە • لەو عوذرانەیە درێژەدانی ئیمام بە نوێژەکەی بەنیسبەت مەئمومی نەخۆش و لاواز و خاوەنی ئیش و کاری پەلە و ناچارییەوە • هەروەها لەو عوذرانەیە ئەمە کە ئیمام تەرکی هەندێ سوننەتی مەقصوودە بکا وەکو تەحیاتی یەکەم و قونوتی نوێژی سبەینێ • لەمحاڵەدا مەئموم ئەتوانێ جیا ببێتەوە لە ئیمام بۆئەوەی خۆی ئەو سوننەتانە بکا •

ئەگەر یەکێ نوێژی دابەست بەتەنیا ، جا یەکێکیتر هات و دەستی کرد بە نوێژ ، ئەوە ئەم شەخصە ئەتوانێ نییەتی ئیقتیدا بهێنێ بەم تازە هاتوە • هەروەها ئینسان ئەتوانێ ئیقتیدا بکا بە ئینسانێ کە لەپێش ئەودا مەشغوڵی نوێژ بوبێ و لەمکاتەوە لە کردار و ئادابی نوێژدا شوێنی ئەو ئەکەوێ و وەك مەسبوق ئەبێ ، واتە ئەبێ لەپاش تەواو بونی نوێژی ئیمامەکەی هەڵسێتەوە نوێژەکەی خۆی تەواو بکا • ئەگەر مەئموم زوتر نوێژەکەی تەواو ئەکرد ، ئەتوانێ لە تەحیاتا نییەتی جیابونەوە بێنێ لە ئیمامەکەی و بۆ خۆی سەلام بداتەوە • ئەیشتوانێ هەر لە تەحیاتا بمێنێتەوە و مەشغوڵی خوێندنی دوعا بێ تا ئیمامەکەی سەلام ئەداتەوە ، جا ئەمیش سەلام بداتەوە •

ئەگەر (مەسبوق) لە ڕکوعا گەیشت بە ئیمام ، ئەوە ئەو ڕکاتەی بۆ حسێب ئەکرێ ، بەوشەرتە لەپێش ئەوەدا کە ئیمام بەرز ببێتەوە بۆ ئیعتیدال ، ئەمشەخصە لە ڕکوعا لەشی دامەزرێت • ئەگەر کەوتە شکەوە لەمەدا ، ئەو ڕکاتەی بۆ ناژمێررێ • ئەوەی کە نییەتی ئیقتیدا بهێنێ لەکاتێکا کە ئیمام لە ڕکوعا بێ ، واجبە (الله اکبر)ی دابەستنی نوێژەکەی بکا ، جا سونەتە (الله اکبر) بۆ ڕکوعەکەشی بکا ئەگەر ماوەی هەبێ • ئەگەر بە (الله اکبر)ی یەکەم نیازی هەردوکیانی هەبێ نوێژەکەی دانامەزرێ • ئەگەر لە ئیعتیدال یا لەبەینی ئیعتیدال و سوجدەی یەکەما گەیشت بە ئیمام ، ئەوە پاش (الله اکبر)ی نوێژ دابەستن دوبارە (الله اکبر) بکا و دوای ئیمام بکەوێ و لە سوجدە و تەحیات و تەسبیحاتا لەگەڵ ئیمام بێ • بەڵام ئەگەر لە سوجدەی یەکەم یا دواتردا گەیشت بە ئیمام ، ئەوە بەس (الله اکبر) بکا بۆ دابەستنی نوێژ ، ئیتر (الله اکبر) نەکا بۆ داپەڕین بۆلای ئیمام •

کە ئیمامی نوێژکەری مەسبوق سەلامی دایەوە و مەئموم ویستی هەستێ بۆ تەواوکردنی نوێژەکەی خۆی ، تەماشا بکا ئەگەر ئەو شوێنە شوێنی

دانیشتنی خۆی بۆ بۆ تەحیات ، (الله اكبر) بکا • ئەگینا بێدەنگ بەرز بێتەوە بۆ تەواوکردنی نوێژەکەی •

باسی کورتکردنەوەی نوێژ

کورتکردنەوەی نوێژی فەرز ، ڕوخسەتێکە لەلایەن خودای گەورەوە بۆ موسوڵمانان ، چونکە سەفەرکردن گرانە و ئینسان ناتوانێ بەئاسانیی وەکو لەماڵەوە بێ ، عیبادەتی تیا بکا •

ئەو نوێژەی کە کورت ئەکرێتەوە نوێژی فەرزی چوار ڕکاتییە کە بە حازر بکرێ لە سەفەری درێژی دوو مەنزڵیدا • کەواتە نوێژی حازر هەڵناگیرێ بۆ سەفەر بۆ ئەوەی کورت بکرێتەوە تیایا • هەروەها نوێژی فەوتاو بە کورتکراوەیی قەزا ناکرێتەوە لە سەفەردا ، بەڵام نوێژی فەوتاوی سەفەر لە سەفەردا بەکورتیی قەزا ئەکرێتەوە ، وەکو باسی ئەکەین •

سەرەتای سەفەر لە لادانی ڕێبوارەوە دەست پێ ئەکا لە ئاوەدانیی ئەو شوێنەی کە سەفەری لێوە ئەکا • کەواتە لادان لە کاول و وێرانەی دەوری شار یا دێیەکە پێویست نیە • هەروەها لادان لە باخات و جێگە کشت و کاڵی ئەو شوێنە پێویست نیە ، چونکە ئەمانە بە نەفسی ئاوەدانییەکە ناژمێررێن • ئەگەر خەڵکی وڵاتی ڕێبوارەکە دەوارنشین بوون ، پێویستە لابدا لە خێوەتەکان و لە شوێن دانیشتنیان کە تیا دائەنیشن بۆ کۆبوونەوە و ڕابواردن • کە لە سەفەرەکەی گەڕایەوە، سەفەرەکەی ئەبڕێتەوە بە گەیشتنی بەو شوێنەی کە لەکاتی ڕۆیشتنیا بە سەرەتای سەفەری دانرابوو •

کە ڕێبوار بە نییەتی سەفەر لە ئاوەدانییەکان دەرچوو ، ئەوە بە سەفەریی ئەناسرێ و کورتکردنەوەی نوێژی بۆ دروستە ، هەرچەند لە سەرەتای سەفەرەکەوە نییەتی ئەوەی نەبێ نوێژ کورت بکاتەوە ، چونکە سەبەبی

کورت‌کردنه‌وه‌ی نوێژ بۆنی سه‌فه‌ره‌که‌یه و نوێژکه‌ر ئه‌توانێ له سه‌فه‌ره‌که‌یا هه‌ندێ نوێژ کورت بکاته‌وه و هه‌ندێکیشیان وه‌ك خۆیان به‌جێ بێنێ •

ئه‌گه‌ر که‌سێك له شوێنێکه‌وه که نشینگه‌ی خۆی نه‌بۆ چۆ بۆ سه‌فه‌ر و له‌وسه‌ره‌وه گه‌ڕایه‌وه ئه‌و شوێنه، به‌ڵام نیازی نه‌بۆ له‌وێ دابنیشێ و ئه‌یویست له‌وێوه بڕواته‌وه بۆ وڵاتی ئه‌صڵی خۆی ، ئه‌وه سه‌فه‌ره‌که‌ی نابڕێته‌وه تا ئه‌گاته ئه‌و وڵاته •

ئه‌گه‌ر یه‌کێك له ماوه‌ی سه‌فه‌ریا گه‌یشته شارێك و نییه‌تی مانه‌وه‌ی چوار ڕۆژ یا زیاتری هێنا له‌و شوێنه‌دا ، ئه‌وه سه‌فه‌ره‌که‌ی ئه‌بڕێته‌وه به گه‌یشتنی به‌و شوێنه • به‌ڵام ڕۆژی گه‌یشتن و گه‌ڕانه‌وه‌ی هه‌ر به ڕۆژی سه‌فه‌ر بۆ دائه‌نرێت • ئه‌گه‌ر نیازی مانه‌وه‌ی ماوه‌یه‌کی تایبه‌تییشی نه‌بۆ و ئه‌یویست هه‌ر کاتێك ئیشه‌که‌ی جێبه‌جێ بۆ بڕوا ، ئه‌وه بێجگه له ڕۆژی گه‌یشتن و گه‌ڕانه‌وه‌ی تا هه‌ژده ڕۆژ حه‌قی کورت‌کردنه‌وه‌ی نوێژی هه‌یه •

ئه‌گه‌ر ئه‌یزانێ ماوه‌یه‌کی زۆر ئه‌مێنێته‌وه له‌و شوێنه‌دا که بۆی ئه‌چێ ، وه‌ك (طالب العلم) و بازرگانی به‌نده‌رگر ، ئه‌وه که گه‌یشته ئه‌و شوێنه ، حه‌قی کورت‌کردنه‌وه‌ی نوێژی نامێنێ •

شه‌رته‌کانی کورت‌کردنه‌وه‌ی نوێژ

شه‌رته‌کانی کورت‌کردنه‌وه‌ی نوێژ هه‌شتن • یه‌کەم : ئه‌وه‌یه سه‌فه‌ره‌که‌ی درێژ بێ • سه‌فه‌ری درێژ لای ئیمامی شافیعی خوای لێ ڕازی بێ بریتییه له چل و هه‌شت میل به میلی (هاشمی) که وه‌ختی خۆی ئه‌ندازه بوه و به حسێبی کاروانی بریتییه له‌دۆ قۆناغی ته‌واو •

ئه‌گه‌ر ئینسان له‌ده‌ریادا به که‌شتی و له وشکانیدا به ئۆتۆمۆبیل و ئه‌م جۆره شتانه ماوه‌ی قۆناغێك یا زیاتری له وه‌ختێکی که‌ما بڕێ ، حه‌قی نوێژ

کورت‌کردنەوەی لەو سەفەرەدا نافەوتێ ، چونکە شەرع لەسەر ئاسان کاریێ ئەڕوا بەرامبەر بە موسوڵمانان •

ئەگەر یەکێ نیازی سەفەرێکی درێژی کرد و لە ڕێگەدا نوێژی کورت کردەوە و لەپاش بڕینی ماوەی قۆناغێك پەشیمان بوەوە ، ئەوە ئەو نوێژانەی لەوەوپێش کردوونی بەکورتیێ دروست بوون و قەزایان ناوێ ، بەڵام لەوەپاش حەقی کورت‌کردنەوەی نیە •

شەرتی دوهەم ئەوەیە سەفەرەکەی حەڵاڵ بێ • کەواتە دز وجەردە و ئەوانەی بۆ ئیشی حەرام ئەچن بۆ سەفەر حەقی کورت‌کردنەوەی نوێژیان نیە، بەڵکو ئەگەر یەکێ بەنیازی حەڵاڵ سەفەری کرد و پاشان نیازی گۆڕا بە حەرام ، ئەوە لەکاتی نیاز گۆڕانەکەیەوە بۆی نیە نوێژ کورت بکاتەوە •

شەرتی سێهەم ئەوەیە بۆ شوێنێ بچێ بزانێ لە دوو قۆناغ کەمتر دوور نیە یا بەتایبەتیێ شوێنەکەیش نەزانێ • کەواتە نوێژ کورت‌کردنەوە نیە بۆ ئەوانەی سەری خۆیان هەڵئەگرن و بە بێ نیازی شوێنێکی دیاریێ ئەسوڕێنەوە بەملا و بەولادا • بەڵێ ئەگەر بۆ ئەوە بگەڕێ بەڵکو توشی زانایەکیوا ببێ دەرسی عیلم و خوو و ڕەوشتی لێ وەربگرێ ، ئەوە کورت‌کردنەوەی بۆ دروستە هەرچەند شوێنێکی تایبەتیشی مەبەست نەبێ • هەروا کورت‌کردنەوە نیە بۆ کەسێك بەدوای قەرزارێکا یا کەسێکیا بگەڕێ کە نەزانێ لە کوێیە و لە هەرلایەك بیدۆزێتەوە بگەڕێتەوە •

ئەگەر ژن لەگەڵ مێردەکەیا ، یا کرێکار لەگەڵ خاوەن ئیشا ، یا دیل لەگەڵ زۆردارا ، یا سوپاییێ لەگەڵ سەرلەشکرا چوون بۆ سەفەر ، ئەوە ئەگەر هەر لە سەرەتاوە ئەیانزانیێ ئەو سەفەرە دوو قوناغ ئەبێ ، یا چاویان بە گەورەکەیان کەوت نوێژی بە کورت‌کراوەییێ ئەکرد ، ئەوە ئەوانیش نوێژ کورت‌کردنەوەیان بۆ دروستە ، ئەگینا حەقی ئەوەیان نیە تا دوو قۆناغ ئەبڕن •

که دوو قۆناغیان بڕێ ئەمجار حەقی کورتکردنەوەیان ئەبێ بۆ ئەو نوێژانەی لەوەلا ئەیکەن ، هەروەها بۆ بەقەزا گێڕانەوەی ئەو نوێژانەیان که لەماوەی دوو قۆناغە پێشوەکەدا فەوتاون • بەڵێ ئەو سوپاییانەی به ئارەزووی خۆیان ئەڕۆن بۆ غەزا ، تابیعی سەرۆك نین و ئەگەر بزانن دوو قۆناغ یا زیاتر ئەبڕن ، حەقی کورتکردنەوەیان هەیە •

شەرتی چوارەم ئەوەیە ئەگەر ویستی نوێژ بە جەماعەت بکا ، ئیقتیدا بە ئیمامێ بکا که نوێژ کورت بکاتەوە • کەواتە ئەگەر بۆ یەك هەناسە ئیقتیدای بە ئیمامی نیشتەجێ کرد ، ئەبێ نوێژەکەی تەواو بکا لەگەڵیا • هەروا ئەگەر ئیمامەکە مانیعێکی لێپەیدا ببێ و نەتوانێ نوێژەکەی تەواو بکا وەك ئەوە که خوێنی لووتی بەربێ و ، یەکێکی نیشتەجێ لەجیاتێ ئەو بچێتە پێشەوە ، لەم حاڵەشدا ئەبێ مەئمومی نوێژ کورتکەرەوەیش نوێژەکـەی بەتەواوێ بکا ، هەرچەند پاشان ئیمامی پێشوو بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی ••

بەڵێ ئەگەر لەو کاتەدا که ئیمامی تازە هاتە پێشەوە ، ئەم زانێ کەوا ئەم ئیمامە نوێژی تەواو ئەکا و نییەتی جوێبوونەوەی هێنا ، ئـەتوانێ نوێژەکەی بە کورتکراوەیێ بکا •

تێکڕا لە هەر شوێنێکا که تەواوکردنی نوێژ واجب بێ لەسەر نوێژکەر وەك ئەوە که نییەتی نوێژی تەواوی هێنابێ و لەپاشا مانیعی لێ پەیدا ببێ و پێی تەواو نەکرابێ ، مەسەلا بێدەسنوێژێ بەسەرا هاتبێ ، یا دەرکەوتبێ که ئیمام لەشی پیسە ، یا پیسییەکی پەنامەکێ پێوەیە و لەبەرئەوە نوێژەکەی بڕێ و ئەمجار ویستی بیکاتەوە ، ئەوە ئەبێ بەتەواوێ بیکاتەوە و ، بەقەطعێ مەجالی کورتکردنەوەی نیە ، چونکە وەختی خۆی بەحاڵەتی تەواوکردنەوە فەرز بوە لەسەری • بەڵێ ئەگەر دەرکەوت نوێژەکە لە ئەساسا دانەمەزراوە و بەتاڵ بوە ، ئەوە ئێستە بە کورتکراوەیێ بیکا دروستە •

ئەگەر یەکێ ئیقتیدای کرد بە ئیمامێ کە بە موسافیری ئەزانێ ، کەچێ دەرکەوت نیشتەجێیە ، یا بە ئیمامێ کە نەیئەزانێ سەفەرییە ، ئەوە پێویستە نوێژەکەی بەتەواوێ بکا •

بەلاّم ئەگەر ئەیزانێ ئیمامەکە سەفەرییە و دلّنیا نەبۆ لەوە کە نییەتی کورتکردنەوەی هێناوە ، ئەوە ئەتوانێ نوێژەکەی کورتبکاتەوە • هەروەها ئەگەر لە نییەتەکەیا وتبوّی ئەگەر ئیمام کورتی کردەوە منیش کورتی ئەکەمەوە ، ئەگینا بەتەواوێ ئەیکەم ، ئەوە لەم حالّەشدا ئەتوانێ لەگەلّ کورتکردنەوەی ئیماما ئەمیش کورتی کاتەوە •

شەرتی پێنجەم ئەوەیە ئەو کەسەی نوێژ کورت ئەکاتەوە لە (تکبیری تحرم)دا نییەتی کورتکردنەوە بهێنێ •

شەرتی شەشەم ئەوەیە لە هەمۆ پارچەیەکی نوێژەکەیا خۆی بپارێزێ لە هەرشتێ لەگەلّ نییەتی کورتکردنەوەدا رێك نەکەوێ • کەواتە نابێ لە نوێژەکەیا دۆ دلّ بێ بۆ تەواو کردنی ، چجای ئەوە کە عەزمی لەسەر تەواو کردنی هەبێ • ئەگەر نییەتی کورتکردنەوەی هێنا و لەپاشا دۆ دلّ بو لەوەدا کەوا بە کورتێ بیکا یا بەتەواوێ ، یا کەوتە شکەوە لە خۆیا ئاخۆ نییەتی کورتکردنەوەی بوە یا نە ، یا ئیمامەکەی هەستایەوە بۆ رکاتی سێهەم و ئەمیش کەوتە شکەوە ئاخۆ ئیمام نوێژەکەی بەتەواوێ ئەکا یا بە کورتێ ، یا ئەم هەستانەوەیە بە عەمدە یا بە سەهوە ، پێویستە لە هەمۆ ئەم صورەتانەدا نوێژەکەی بەتەواوێ بکا •

ئەگەر ئینسانێکی نوێژ کورتکەرەوە ، بەعەمدێ هەستایەوە بۆ رکاتی سێهەم بە بێئەوە کە شتێ ببێ بەهۆی تەواو کردنی نوێژەکەی ، ئەوە نوێژەکەی بەتالّ ئەبێتەوە • بەلاّم ئەگەر بە سەهو هەستایەوە ، ئەوە ئەبێ دانیشێتەوە و سەلاّم بداتەوە •

ئەگەر پاش هەستانەوە ، ویستی نوێـژەکەی تەواو بکا ، ئەوە ئەبێ دانیشێتەوە ، ئەو جار هەڵسێتەوە و نوێژەکەی تەواو بکا •

شەرتی حەوتەم ئەوەیە لە هەمـوو ئەجزای نوێژەکەیا سـەفەری بێ • کەوابوو ئەگەر لەناو نوێژەکەیا نییەتی ئیقامەتی هێنا ، یا شکی پەیدا کرد لە نییەتی ئیقامەتا ، یا گەیشتەوە شوێنی خـۆی ، یا گومانی پەیـدا کرد کەوا گەیشتوەتەوە ، ئەبێ نوێژەکەی تەواو بکا •

شەرتی هەشتەم ئەوەیە کابرا ئاگادار بێ لە چۆنیەتی کورتکردنەوەی نوێژ • کەوابوو ئینسانی نەزان ئەگەر لەخۆیەوە نییـەتی کورت کردنەوەی نوێژی هێنا ، ئەوە نوێژەکەی دانامەزرێ •

(بزانن) ئـەگەر سـەفەر گەیشـتە سـێ قۆنـاغ یا زیـاتر ، ئەوە کورتکردنەوەی نوێژ خێرترە لە کورتنەکردنەوەی • ئەگینـا تەواوکردن خێرترە • بەڵێ بۆ کەسێك لە دڵی خۆیـا شکی ببێ لە کورتکردنەوەدا ، یا ئارەزوی لێ نەبێ ، یا لـەو پیاوانە بێ کە خـەڵك چـاوی لێ بکەن ، ئەوە کورتکردنەوە خێـری زۆرترە ، بـەڵکو تەواوکردنی نـوێژ لەمحاڵەتانەدا کەراهەتی هەیە •

باسی کۆکردنەوەی دوو نوێژ لەکاتی یەکێکیانا

دروستە کۆکردنەوەی نوێـژی نیوەڕۆ و عەصر و ، مەغریب و عیشا • بەمجۆرە کە هەردوو نوێژەکە لە کاتی یەکەمیانا ، یا لە کاتی دووهەمیانا بکا ، بەوشەرتە ئەوکەسە لە سەفەرێکی درێژا بێ ، (مع العلم) ئەگەر هەر نوێژێکیان لەکاتی خۆیا بکا ئەوە خێری زۆرترە بۆ کەسێك نەبێ کە گومانی هەبێ لەوەدا کە کۆکردنەوەی دوو نوێژ دروستە ، هەروا بۆ کەسێك کـە خەڵك چاوی لێ بکەن ، یا ئەگەر پێکـەوە بییـانکا نوێژەکـانی بێعـەیبتر بن ، یا لەکاتی

بەجێهێنانی ئادابی حەجدا لە خاكی (عرفه) و (مزدلفه)دا • لەم صورەتانەدا كۆكردنەوەی دوو نوێژ بە پێش‌خستنیان یـا پاش‌خستنیان خێـری زۆرترە و سوننەتە لە دینا •

ئەگەر ڕێبوار لەكاتی نوێژی یەكەما بە ڕێگەدا ئەڕۆیشت ، ئەوە پاش خستنی نوێژەكان باشترە بۆی ، ئەگینا پێش‌خستنیان چاكترە •

ئەگەر ئەو دوو نوێژەی پێش خست ئەوە سێ شت پێویسـتە • یەكەم : لەپێشا دەس بە نوێژی یەكەمیان بكا • كەواتە ئەگەر هەردوو نوێژەكەی كرد و لەپاشا دەركەوت كە نوێژی یەكەمیان بەتاڵ بوە ، ئەوە دووهەمیشیان بەتاڵ ئەبێتەوە ، چونكە نوێژی دووهەم تابیعی نوێژی یەكەمە • دووهەم : ئەبێ نییەتی كۆكردنەوەی هەردوو نوێژەكەی بێ لە سەرەتای نوێژی یەكەمەوە یا لەپێش تەواو بوونیا • سێهەم : ئەو دوو نوێژە یەك لەدوای یەك بكا و بەینیان زۆر نەخا، هەتاوە كو تەركی سوننەتی (رواتب) بكا لەبەینیانا • كەوابوو تەرتیب ئەوەیە لەپێش نوێژی نیوەڕۆدا سوننەتی پیش نوێژی نیوەڕۆ بكا ، جا نوێژی نیوەڕۆ بكا ، پاش ئەوە نوێژی عەصر بكا ، جا سوننەتی پاش نیوەڕۆ بكا و لەدوای ئەوە سوننەتی عەصر بكا • هەروەها بۆ مەغریب و عیشایش• ئەگەر هـات بەینیان زۆر بوو با عوذریشی بێ ، ئەوە واجبە نوێژە دواییەكەی هەڵبگرێ بۆ وەختی خۆی • بەڵام ئەگەر بە عورف بەینیان كەم بوو ، ئەوە قەیدی نیە • بەینی كەمیان داناوە بە ماوەی دوو ڕكات نوێژی سووك • كەوابوو قەیدی نیە بەینیان بخرێ بە تازە كردنەوەی دەس‌نوێژ و بـە بانگدان ، هـەر چەند لەو بەینەدا سوننەت نیە ، هەروا بە قامەت كردن • بەڵكو ئەگەر ئەمانە هەمووشیان بەشێوەیەكی درێژە پێ نەدراو جێ‌بەجێ بكرێن قەیدی نیە •

كۆكردنەوەی نوێژ دروستە بۆ ئەوانەیش كە (تیمم) ئەكەن • قەیدی نیە ئەگەر كابرا لەبەینی نوێژەكانا بگەڕێ بۆ ئاو، بەڵام گەڕانەكەی كەم بێ •

جا ئەگەر دوو نوێژی کۆکردەوە، پاشان زانی ڕوکنێکی لە نوێژی یەکەما تەرك کردوە، ئەوە هەردوو نوێژەکەی بەتاڵ ئەبنەوە و، ئەتوانێ هەردوکیان بەیەکەوە بکاتەوە • هەروەها ئەگەر هەر دووهەمیان بەتاڵ بوو و جیاییان لە یەك درێژەی نەکێشا • ئەگینا پێویستە هەڵیبگرێ بۆ وەختی خۆی • ئەگـەر نەشیزانی ئەو ڕوکنە لەکامیان تەرك کراوە، ئەوە هەردوو نوێژەکە بکاتەوە هەر کام لە وەختی خۆیا •

ئەگەر (جمع التاخیر)ی کرد یـەعنی نوێژەکانی دواخسـت بۆ کاتی نوێژی دووهەمیان، ئەوە نە تەرتیب لەبەینی نوێژەکانا واجبـە و، نە نییەتی کۆکردنەوە و، نە یەك لە شوێنی یەك • بەڵام واجبە لە وەختی نوێژی یەکەما نیازی دواخستنی هەبێ، ئەگینا گوناهبار ئەبێ و نوێژی یەکەمیان ئەبێ بـە قەزا • ئەگەر کابرا (جمع التقدیم)ی کرد و لەبەینی نوێژەکانا بوو بە نیشتەجێ، ئەوە دروست نیە نوێژی دووهەم کۆبکاتەوە لەگەڵ یەکەمدا • بـەڵام ئەگەر لەکاتی کردنی نوێژی دووهەما بوو بە نیشتەجێ، ئەوە زیانی نیە • ئەگەر دواشی خستن و لەپاش هەردوو نوێژەکە ئیقامەتی کرد ئەوە قەیدناکا • ئەگەر لەپێش تەواو کردنی هەردوکیشیان بوو بە نیشتەجێ ئەوە نوێژی یەکەم ئەکا بە قەزا •

(بزانن) هـەروەکو کورتکردنەوەی نوێژ بەتـەنها دروسـتە بە بێ کۆکردنەوە و، کۆکردنـەوە بەتەنها دروستە بە بێ کورتکردنـەوە، کورتکردنەوە و کۆکردنەوەش پێکەوە دروسـتن • بەڵکو لـە هەندێ کاتا واجبن • بەمیسال ئەگەر ئەو کەسە نییەتی کۆکردنەوە و دواخسـتنی هێنا و وا ڕێـکەوت تا ئەگەیشتە جێ وەختی بۆ نەئەما بەتەواوێ بیـانکا، ئەوە پێویستە دەس بەجێ نوێژی یەکەم و دوابەدوای ئـەو نوێژی دووهەم، بـە کورتکراوەیێ بکا، تا هەردو نوێژەکە لە وەختی شـەرعێ خۆیانا کرابن •

کۆکردنەوەی دوو نوێژ لەبەر بارشت و لەبەر نەخۆشی

دروستە بۆ کەسێك کە نوێژی جەماعەت بکا لـە مزگەوتێکی دوورا ، نوێژی نیـوەڕۆ و عەصر و ، نوێژی مەغریب و عشا پێکەوە بـکا لەکاتی نوێژی یەکەمیانا کەپێی ئـەڵێن (جمع التقدیم) • ئەمـەش بەهۆی هێرشی بارانەوە بەوشەرتە لە سەرەتای هەردوو نوێژەکە و لەکاتی سـەلام دانەوەی یەکەمیشدا باران بباری • هەروەها ئەم کۆکردنەوەیە دروستە ئەگەر بەفر یا تەرزە ئەباری و بووبوو بە ئاو ، بەوشەرتە کە ئەو نوێژانە بە جەماعەت بکا و ، ئەگەر دووجار بۆیان بڕوا بۆ مزگەوت تووشی ئازار و سەرما ببێ • لە حاڵیوادا دروست نیە نوێژەکان دوابخا بۆ کاتی نوێژی دووهەمیان کە پێی ئەڵێن (جمع التأخیر) •

(بزانن) گەلێك لە زانایانی مەذهەبی شافیعی فەرموویانە دروستە بۆ ئینسانی نەخۆش دوو نوێژ یەك بخا و لەکاتی هەر کامیانا ئارەزوویەتی بیانکا • گێڕراویشەتەوە کە ئەمە فەرمودەیەکی ئیمامی شافیعییە خوای لێ ڕازی بێ • نوێژکەر ئەتوانێ تەقلیدی ئەم فەرمودەیە بکا•(بناء علیه) تەماشای مەسڵەحەتی نەخۆشەکە ئەکرێ : ئەگەر لەسەر عادەتی خۆی وای هەسـت ئەکرد لەکاتی نوێژی یەکەمدا ئازار زۆری پێ ئەهێنێ ، دوایانبخا و ئەگەر بەپێچەوانەوەشە بۆ پێشیانبخا • ئەگەر لە کاتی نوێژی یەکەمیانا کردنی ، ئەبێ نوێژی پێشوویان پێش بخا و دوابەدوای یەك بیانکا و لە نوێژی یەکەما نیازی ئەوەی لەدڵا بـێ کە دووهەمی لەگەڵ کۆبکاتەوە • هەروەها ئەبێ لەکـاتی دابەسـتنی هەردوو نوێژەکە و سەلام دانەوەی نوێژی یەکەمیانا نەخۆشییەکەی هەبێ • ئەگەر دوایشی خستن هەر ئەوەندە پێویستە کە نەخۆشییەکەی تا ئاخری هەردوو نوێژەکە دەوام بکا ، ئەگینا نوێژی یەکەم ئەبێ بە قەزا •

لە فەرمودەی (تحفە)ی (ابن حجر)ەوە وا دەرئەکەوێ کە نەخۆشی

بەوشەرتە ئەبێ بەهۆی دروست بـوونی کۆکردنەوەی دوو نوێژ ، نوێژکەرەکە بۆی زەحمەت بێ هەر کامیان لە کاتی خۆیا بکـا و پێویستیش ناکا ئەوەندە ناڕەحەت بێ ناچار بێ بە دانیشتنەوە نوێژ بکا •

(بێداری) زانایانی شافیعی بەئاشکرا نەیانفەرموە شەرتی کۆکردنەوەی نوێژ بۆ نەخۆش ئەوەیە بە جەماعەت بکرێ • وادیارە ئەمە شـەرت نەبێ • چونکـە زۆر زەحمەتـە وا هەڵکـەوێ لـە گـەڵ نەخۆشـێکا کۆمـەڵە نەخۆشێکیتریش هەبن ، یا ئیمامێکی نەخۆشی لەگەڵ بێ ، تا پێکەوە نوێژ بە جەماعەت بکەن • ئەم مەسئەلەیە تەنها بۆ بارسووکی نەخۆشەکەیە ، ئیتر جەماعەت ببێ یا نەبێ •

باسی نوێژی جومعە

نوێژی جومعە دوو ڕکاتە • ئەم دوو ڕکاتە لەگەڵ دوو خوطبە کـە لەپێش نوێژەکەدا ئەخوێنرێنەوە جێنشینی نوێژی نیوەڕۆیە • نوێژی جومعە فەرزی عەینە لەسەر هەموو موسوڵمانێکی نێرینەی باڵغی عاقڵی نیشتەجێ بۆ هەموو کاتێ یا بەنیازی چوار ڕۆژ غەیری ڕۆژی ڕۆیشتن و دەرچوون ، لەشـوێنێکا چل پیاوی موسوڵمانی عاقڵی خەڵکی ئەو شوێنەی تیابێ ، یا ئەوەندەی تیا نەبێ ، بەڵام نزیکی شارێ یا دێیەکیوا بن جومعـەیان تیا بکـرێ و دەنگی بانگی جومعەیان لەکاتی ئارامی دنیادا پێبگا • ئەوەندە هەیە ئەم کەسانە ئەگەرچی واجبە لەسەریان بڕۆن بۆ ئەو شوێنە کە جومعەکەی تیا ئەکرێ و جومعەکەیان دروستە ، بەڵام لەو شوێنەدا جومعەیان پێ تەواو نابێ •

جومعە فەرزە لەسەر پیاوی پیر و شـلەپەتکە ، بـەو شـەرتە وڵاغی سوارییان دەسبکەوێ • هەروەها لەسەر کوێرێ کە کەسێکی هەبێ دەسی ڕابکێشێ • بەڵام واجب نیە لەسەر ڕێبوار و ژن ونێرەموك ودیل و زیندانی •

ئەوەی جومعەی لەسەر نەبێ ، ئەگەر گەیشتە مزگەوتیش ئەتوانێ بێتە دەرەوە و جومعە نەکا ، مەگەر نەخۆش و کوێرێ کە کەسێکی لەگەڵ بێ دەسی ڕاکێشێ • ئەمانە ئەگەر گەیشتنە مزگەوت ، نابێ بێنە دەرەوە تا جومعەکەیان ئەکەن ، مەگەر نەخۆشەکە بە مانەوەی لە مزگەوتا ئازاری زۆرتر ببێ ئەوە ئەتوانێ بچێتە دەرەوە •

بەشێوەیەکی گشتێ هەر کەس لەوانەی کە دروستە تەرکی نوێژی جومعە بکەن ، ئەگەر بۆیان ڕێکەوت نوێژی جومعە بکەن ، ئەوە جومعەکەیان دروستە و لەباتێ نوێژی نیوەڕۆ بۆیان ئەژمێررێ • ئەوانەی کە جومعەیان لەسەرە ، دروستە بەر لە بەیانێ ڕۆژی جومعە لە شوێنی جومعەکە دەرچن بۆ ئیش و کار یا بۆ سەفەر با لە ڕێگایشا تۆشی جومعە نەبن ، چونکە لەو کاتەدا کە ئەوان چۆنەتە دەرەوە شەرع مەنعی دەرچۆنی لێنەکردۆن • بەڵێ ئەگەر ڕۆیشتن بۆ شوێنێ کە لەو شوێنەوە گوێیان لە بانگی جومعەی خۆیانەوە بۆ ، فەرزە لەوێوە بێنەوە بۆ نوێژی جومعە • بەلام ئەگەر دەنگی بانگی ولاتێکی تریان ئەبیست پێویست نیە بڕۆن بۆ نوێژی جومعە بۆ ئەو شوێنە •

دروست نیە ئینسان پاش سبەینێی ڕۆژی جومعە لە ولاتی خۆی دەرچێ چ پێش لادانی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان (زوال) و چ پاش لادانی ، مەگەر بەو شەرتە کە لە ڕێگادا نوێژی جومعەی بۆ بکرێ • بەڵێ ئەگەر بەهانەیەکی شەرعێ هەبۆ وەکو ناچارێ پەیدا کردنی گوزەرانی ڕۆژانەی خۆی و منداڵی ، یا ترسی دواکەوتن لە کاروان ، یا لە هاوڕێیەکی سەفەر کە زۆر پێویستی پێی بێ ، یا وەك خەریك بۆن بە کاروباری کشتو کاڵەوە ، ئەوە لەوحاڵەدا بۆی دروستە لە دێ دەرچێ و بڕوا بۆسەر ئەو ئیشانە ، هەر چەند بیشبێ بەهوێ کەم بۆنەوەی ئەو ژمارەیە کە پێویستە بۆ نوێژی جومعە • بەلام ئەگەر دەنگی دێکەی ئەبیست ، ئەوە فەرزە لەسەری بێتەوە بۆ دێ و جومعەکە بکا ، مەگەر ناچارییەکیوا بێتە پێشەوە کە مەجاڵی نەمێنێ وەك هێرشی ئافەت بۆ سەر

کشتوکاڵ ، بەجۆرێ کە لەوانەبێ کشتوکاڵەکەی بفەوتێ ، ئـەوە لەوکاتا دروستە ، بەڵکو فەرزە ، نەیەتەوە ، چونکە فەرزی نوێژ بەقەزا ئەکرێتەوە ، بەڵام ئەو زیانانە تۆڵەیان زۆر زەحمەتە •

ئەو کەسانەی لەئەساسا نوێژی جومعەیان لەسەر نیە وەکو ژن، سوننەتە هەر لە ئەووەڵی وەختەوە نوێژی نیوەڕۆ بە جەماعەت بکەن• ئەگەر لەئەساسا جومعەیان لەسەربۆ ، بەڵام ئیستە عوزری شەرعییان هەبـۆ ، ئەوانە ئەگەر ئومێدی لاچۆنی عوزرەکەیان هـەبۆ ، ئەوە سـوننەتە نوێژی نیوەڕۆکەیان دوابخەن تا لە جومعەکە بێ ئومێد ئەبن ، ئەوسا نوێژی نیوەڕۆ بکەن • ئەگەر ئومێدی لاچۆنی عوزرەکەیان نەبۆ هەر لە ئەووەڵی وەختەوە نوێژەکەیان بە جەماعەت بکەن • بەڵام ئەگەر بەهانەکەیان نهێنێ بۆ ، نوێژەکە بە پەنامەکێ بکەن • ئەگەر ئاشکراش بۆ ، نوێژی جەماعەتەکەشیان بەئاشکرا بکەن •

بێجگە لەو شەرتانەی بۆ نوێژەکانیتر پێویستن ، نوێژی جومعە چەند شەرتێکی تایبەتێتریشی هەیە • یەکەم ئەوەیە لە وەختـی نوێژی نیوەڕۆدا بکرێت • ئەگەر لەو وەختەدا نەکرا بە صیفەتی جومعەیێ قـەزا ناکرێتەوە ، بەڵکو بەنوێژی نیوەڕۆ ئەگێڕرێتەوە • ئەگەر ئەوەندەش وەخت نەمابۆ بەشی دۆ خوطبە و دۆ ڕکات نوێژی سوك بکا ، ئەوە پێویستە نییەتی نوێژی نیوەڕۆ بێنن ، چونکە نوێژی نیوەڕۆ بەوە دائەمەزرێ کە هیچ نەبێ تاقە ڕکاتێکی لە وەختی خۆیدا بکرێ ، بەڵام نوێژی جومعە پێویستە هەمۆی لە کاتی خۆیدا بکرێ • ئەگەر کۆمەڵێك لە نوێژی جومعەدا بۆن و لەپێش سەلامی یەکەمی نوێژەکەدا وەختی نیوەڕۆ نەما ، ئەوە پێویستە لەسەر ئـەو دۆ ڕکاتەوە کە کردۆیانە دۆ ڕکاتیتر بکەن و ئەو نوێژە بکـەن بەنوێژی نیـوەڕۆ • ئەگەر مەئمۆمێکی لێپێش کەوتۆ لەگەڵ ئیمامی جومعەدا ڕکاتێك نوێژی کرد و پاش سەلامی ئیمامەکە تێگەیشت کەوا وەخت بەشی ڕکاتێکیتری نەماوە ، ئەوە واجبە لەسەری نوێژەکەی بکا بە نوێژی نیوەڕۆ •

دۆهەم ئەوەیە ئەو نوێژی جومعەیە لە (خطه)ی خانو و مەسکەنی ئەهلی جومعەکەدا بکرێت • مەبەس لە (خطه) شوێنێکە لەناو شورەی دەوری شارا بێ،یا لەمدیوی ئەو شوێنەوە بێ کە بە سەرەتای مەسافەی نوێژ کورتکردنەوە دائەنرێ بۆ ڕێبوار ، خوا ئەو شوێنە دەشت بێ یا سابات یا مزگەوت یا هەر خانویەکیتر • شەرتی سێهەم ئەوەیـە جومعەیەکیتر لەپێش یـا لەگەڵ ئەم جومعەدا نەکرابێ ، چونکە مەذهەبی ئیمامی شـافیعی (خوای لێ ڕازیبێ) ئەوەیە نابێ لە یەك شوێنا لە یـەك جومعە زیاتر بکرێ ، مـەگەر ئەو شوێنە شارێکی گەورەی وا بێ ئەو کەسانەی ئەغلەب حازری جومعە ئەبن مومکین نەبێ لە یەك شوێنا تیا گردبینەوە • لەموەختەدا دروستە لە یەك جومعە زیاتر بکرێ لەو شوێنەدا،بەڵام بۆئەم جومعە زیادەیە پێویستە ئیمام یەعنی سەرۆك و فەرمانداری ئوممەتی ئیسلام ڕێگای دابێ •

جا ئەگەر بە بێ ناچاری لە جومعەیەك زیاتر کرا لە شوێنێکا ، ئەوە تەنها جومعە پێش کەوتوەکەیان دائەمەزرێ• بو زانینی ئەوەش کە کامیان لەپێشەوە بوە سرنجی ئەوە ئەدرێ کە (الله اکبر)ی دەس پێکردنی کامیان لەپێشەوە بوە • ئەگەر جومعە پێشوەکەیان لەبیر چوبوەوە ، واجبە لەسەریان و فەرزی عەینە نوێژی نیوەڕۆ بکەن ، فەرزی کیفایەشە کە بە جەماعەت بیکەن • ئیتر لەم وەختەدا قابیل نیە نوێژی جومعـە دوبـارە بکرێتەوە ، لەبـەر ئەوە کە جومعەیەکی ڕاسـت کراوە ، ئـەوەندە هەیە ئیستـە لەبیرمان نەمـاوە کام جومعەیانە • ئەگەر هەردو جومعەکە بەیەکەوە بون ، یا گومانمان هەبو کەوا بەیەکەوە بوون ، یا بەرودوا بـون ، ئـەوە هەردوکیان بەتاڵـن و پێویستە سەرلەنوێ جومعەیێکیتر بکرێت • ئەگەر کردنەوەی نوێژی جومعـە ڕێك نەئەکەوت ، ئەوە فەرزی عەینە نوێژەکەی نیوەڕۆ بکەنەوە و فەرزی کیفایەیە بەجەماعەتیش بیکەن • لەم صورەتەدا سوننەتی پێش جومعـە ئەکرێت لەبەر ئەوە کە لەئەساسا کردنی جومعەکە دروست بوە ، بەڵام سوننەتی پاش جومعە

ناکرێت ، چونکه شەرتی ئەو سوننەتە ئەوەیە لـەپاش جومعەیەکی بێعەیب بکرێ .

ئەگەر کەسێ بڵێت چۆن قابیلە لەکاتێکا دوو فەرز بکرێت ، ئەڵێین مەعلوم نیە جومعەکان هیچیان دروست بوبێ ، کەواتە لە صورەتی ئەوەدایە جومعە هەر نەکرابێ و تەنیا نوێژی نیوەڕۆ کرابێ .

ئەگەر کەسێ بڵێ لەشارێکا کە جومعەی زیاد لە پێویستی تیا بکرێ ، ئینسان شکی هەیە لەوەدا کە ئاخۆ جومعەکەی خۆی لەپێشەوە بوە یا ئەویان، کەواتە لەگەڵ ئەم شکەدا چۆن نییەتی جومعەمان بۆ دێت ؟ لە وەڵاما ئەڵێین ئەم شکە کە ئێمە هەمانە لـە پێش‌کەوتنی جومعەکانا ، مانیعی نییەت نیە ، لەبەر ئەوە کە ئیحتیمالی هەیە جومعەکەی ئێمە پێش‌کەوتو بوبێ و لەبەر ئەم ئیحتیمالە دروستە ئیقدام بکەین لەسەر نوێژی جومعە و نییەت بهێنین[1] .

ئەگەر هەردوو جومعـەکە لـەبەر ناچـاری کرابون ، ئەوە هەردوکیان دروستن ، بەڵام سوننەتە لەپاش جومعە نوێژی نیوەڕۆ بکرێتەوە بۆئەوەی لە خیلافی ئەو ئیمامانە ڕزگـار ببین کە بە هیچ جۆرێ ڕازی نـابن بە زۆری جومعە . سوننەتیشە ئەم نیوەڕۆیە بە جەماعەت بکرێ .

(بزانن) تێکڕا لە هەر لایەکا کردنەوەی نوێژی نیـوەڕۆ واجب بێ ، جەماعەتەکەیشی فەرزی کیفایەیە . لە هەرلایەکیشا کردنەوەی سوننەت بێ ، وەکو ئەمە کە ئیستا لەبەر ناچاری لە یەك ئاوەدانیدا لە گـەلێ لادا نوێژی جومعە ئەکرێ ، یاخود وەکو ئەوە کە ژمارەی خەڵکەکە لە چل کەس کەمتر بێ و بە تەقلید نوێژی جومعە بکەن ، ئەوە جەماعەتەکەیشی سوننەتە .

شەرتی چوارەم ئەوەیە بە جەماعەت بکرێ و ئیمام و مەئموم هەردوکیان نییەتی جەماعەت بێنن . شەرتی ئەم جەماعەتە ئەوەیە بە چل کەس بێ ، هەر

---

(١) ئەم‌باسە لە (تحفە)دا وتراوە .

چەند ئیمامەکەش یەکێك بێ لەم چل کەسە ، یاخود یەکێکیان نەخۆشێك بێ لە ماڵی خۆیا نوێژی نیوەڕۆی کردبێ و بە نیازی جومعە خۆی گەیاندبێتە مزگەوت ، یاخود پیاوێك بێ لە دێیەکی‌ترا نوێژی جومعەی کردبێ و گورج هاتبێتەوە بۆ دێکەی خۆی و لەوێیش نوێژی جومعە بکا • پێویستە ئەو چل کەسە خەڵکی ئەو شوێنە بن و ، لەبەر ناچاریێ نەبێ نە بە زستان و نە بە هاوین کۆچ نەکەن •

ئەگەر کۆمەڵە خەڵکێك هەمیشە کۆچەریێ بن ئەوە بە هیچ جۆرێ نوێژی جومعەیان لەسەر نیە ، بەڵام ئەگەر بۆیان بلوێ بیکەن ،ئەوە دروستە و لەباتێ نوێژی نیوەڕۆ دائەنیشێ • ئەگەر لە دەوار و خێوەتیشا بن و نەجوڵێن، بەڵام ئامادە بن بۆ جوڵان ، ئەمانەیش جومعەیان لەسەر نیە ، مەگەر کاتێ دەوارەکانیان لە ناوبەینی خانوی خانونشینا بێ و ، خانونشینەکانیش جومعە بکەن ، یاخود دەنگی بانگی جومعە ببیسن لە شوێنێکی نزیکەوە ، وەکو باسمان کرد •

ئەگەر کەسێك لە دو شوێنا خانوی هەبو ، جارێ لەمیان و جارێ لەویانا دائەنیشت ، ئەوە ئەوەیانی بۆ دائەنرێ بە شوێنی ڕاستەقینە کە زیاتر تیا دائەنیشێ • ئەگەر لە هەردوکیانا وەك یەك دائەنیشت ، ئەوە ئیعتیبار بەویانەیە کە ژن ومنداڵەکەیی تیایە • ئەگەر لە هەردوکیانا ژن و منداڵی هەبو ، ئەوە لە هەردوکیانا بە هاووڵات دائەنرێ و لە هەرکامیانا نوێژی جومعە کرا جومعەی تیا واجب ئەبێ لەسەری • ئەمە حوکمی کەسێکە کە نیشتەجێ بێ و لە شوێنی خۆی نەجوڵێ •

ئەگەر کۆمەڵێك هەبون لە پایز و زستان و ماوەیەکی بەهارا لە شوێنی خۆیانا نیشتەجێ بون و لەو بەشەکەی بەهار و لە هاوینا ئەچون بۆ هەوارگەی کوێستان ، ئەوە ئەگەر هەوارگەیەکی تایبەتییان هەبێ بۆ هەمو

ساڵێك ، لەوێیشدا بە هاووڵات دائەنرێن ، جا ئەگەر شەرتەکانی جومعەیان تیا هاتەدیٓ جومعەیان لەسەر واجب ئەبێ تیایا • ئەگەر هەوارگەی تایبەتییشیان نەبوٓ و هەر ساڵێ لە شوێنێك ئەبوٓن ، یا لە تاقە ساڵێکا ئەیان گواستەوە بۆ چەند شوێن ، ئەوە لەو هەوارانەدا جومعەیان لەسەر نیە تا ئەگەڕێنەوە بۆ شوێنی زستانیان •

ئەگەر خەڵکی دێیەك بە بەهار و هاوین ئەچوٓن بۆ ناوباخ و بێستان ، وەك خەڵکی خۆشناوەتیٓ و هەورامان و چەند مانگێك لەوێ ڕایان ئەبوارد ، ئەوە ئەو باخ و بێستانەش هەر بە ناودێ دائەنرێ بۆیان • جا ئەگەر لە ناوباخەوە دەنگی بانگی ناودێیان ئەبیست ، ئەوە فەرزە لەسەریان هەموٓ جومعەیێ بێنەوە بۆ ناودێ و نوێژی جومعە بکەن • ئەگەر ئەوەندەش دوٓر بوٓن دەنگی بانگیان نەئەبیست ، ئەوە واجب نیە بگەڕێنەوە بۆ نوێژی جومعە بۆ ناودێ • جا لەم کاتەدا ئەگەر ئەهلی باخەکان ئەوەندە زۆر بوٓن جومعەیان پێ تەواو ئەبوٓ ، ئەوە واجبە لەوێ جومعە بکەن ، ئەگینا جومعەیان لەسەر نیە •

شەرتی پێنجەم ئەوەیە دوٓ خوطبە لەپێش نوێژەکەوە بخوێنرێتەوە • ئەرکانی ئەم دوٓ خوطبەیە پێنجن • سیانیان موشتەرەکە لەبەینی هەردوٓ خوطبەکەدا ، وەك حەمد و ثەنای خوا و ، صەڵەوات دان لەسەر حەزرەتی پێغەمبەر (ص) بە ناوی خۆی و ، پەند و ئامۆژگاریٓ خەڵکەکە کە لە خوا بترسن • ئەبێ خوتبەخوێن لەفظی (حەمد) و (صەلاة) بەکاربێنێ • ڕوکنی چوارەمی دوٓ خوطبەکە ئەوەیە ئایەتێکی قورئان لە یەکێکیانا بخوێنێ و دوعاکە لە خوطبەی دوٓهەمدا بکا • قسەی ڕاستتر ئەوەیە تەرتیب لەنێوانی ئەم ئەرکانانەدا شەرت نیە • کەواتە ئەگەر لە ئاخرەوە صەڵاوات بدا لەدیداری پێغەمبەر ، قەیدناکا • شەرتە لەم دوٓ خوطبەیەدا ئەرکانەکانیان بە عەرەبیٓ بێ و بەینیان زۆر نەبێ نە بە قسەی بێگانە و نە بە بێدەنگیٓ •

ئەبێ خوطبەکانیش یەك لەدوای یەك بن و دانیشتنێکی کەم لەبەینیانا ببێ ، ئەوەندەی ئەوە کە جێگەی خوێندنی سورەتی (قل هو الله)ی تیا ببێتەوە • خوێندنی ئەم سورەتە خۆی لەبەینی دوو خوطبەکەدا سونەتە • هەروەها شەرتە ماوەی بەینی دوو خوطبەکە و نوێژەکە لە ئەندازەی دوو ڕکات نوێژی سونەتی سوك زیاتر نەبێ • هەروا شەرتە خوطبەکان لەپێش نوێژەکەدا بن و لە وەختی نیوەڕۆدا و لەناو (خطه)ی ئەو شوێنەدا کە جومعەکەی تیا ئەکرێ • ئەبێ ئەوەندەش ئاشکرا بن قابیل بێ ئەو چل کەسەی کە حازرن بیانبیسن • هەروەها شەرتە ئەو چل کەسە ئەرکانی خوطبەکە ببیسن و ئەگەر هەندێکیان لە کاتی خوێندنی ئەرکانی خوطبەکانا دیار نەبوون ، پێویستە پاش هاتنیان خوطبەکان دووبارە بخوێنرێنەوە ، مەگەر دیار نەبوونەکەیان بۆ ماوەیەکی ئێجگار کەم بێ • لەوحاڵەدا پێویست نیە دیسان خوطبەکە بخوێنرێتەوە • قەیدیشی نیە خەطیب لەسەر خوطبە خوێندنەوەی خۆی بڕوا •

شەرتی خەطیب ئەوەیە پاك بێ لە بێدەس نوێژی و لەش پیسی و لە هەر پیسییەك عەفوی لێ نەدرابێ • ئەشبێ نێرینە بێ و عەورەتی داپۆشیبێ • هەروا ئەبێ دروست بێ ئیقتیدای پێ بکرێ • ئەگەر توانای ڕاوەستانی هەبێ نابێ دابنیشێ بۆ خوطبە خوێندنەوە ، ئەگینا قەید ناکا • ئەگەر دایشنیشت ، ئەبێ لە بەینی خوطبەکانا کەمێك بێدەنگ ببێت • بەڵام ئەوانەی کە گوێیان لە خوطبەکان گرتوە شەرت نیە لەوکاتەدا دەس نوێژیان هەبێ و عەورەتیان داپۆشیبێ • هەروەها شەرت نیە ئەوەی خوطبە ئەخوێنێتەوە هەر خۆیشی ببێ بە ئیمامی نوێژەکە • کەواتە ئەگەر یەکێك خوطبەی خوێندەوە و یەکێکیتر ئیمامەتی نوێژەکەی کرد ، زەرەری نیە •

دروستە جومعە لەپشتی مناڵی خاوەن تەمیز و لەپشتی ئیمامی سەفەرییەوە ئەگەر ئەمانە زیاد بن لە ژمارەی چل کەسەکە • لەمکاتەدا کە ئیمام لە چل کەسەکە زیادە ، ئەگەر دەرکەوت پیساییەکی پەنامەکی پێوە بوە ،

نوێژی مەئموومەکان بەتاڵ نابێتەوە •

سوننەتە (خطیب) لەپاش کۆبوونەوەی خەڵك و داهاتنی وەختی نوێژ بێت بۆ ناو (جامعە) و پاش سوننەتی نوێژی جومعە بچێتە سەر مینبەر • ئەگەر مینبەر نەبوو بڕواتە سەر شوێنێکی بەرز ، جا ڕوو بکاتە خەڵکەکە و سەلام بکا لەوانەی لە نزیکی میحرابەکەوەن و پاش ئەوە دابنیشێ • ئەنجا بانگدەر هەڵسێتەوە بانگ بدات • لەپاش تەواو بوونی بانگەکەش خەطیب هەڵسێتە سەر پێ ، دوو خوطبەی کورتی پڕ مەعنای موناسب بۆ وەزعی موسوڵمانان بخوێنێتەوە ، لە کاتی خوێندنەوەی خوطبەکانا بەدەستی چەپی هێز بداتە سەر شیرێك یا عاسایەك و دەستی ڕاستی لەلای مینبەرەکە توند بکا • سوننەتە خەڵکەکە هەموو گوێ بگرن و بێدەنگ بن • لەپاش خوطبەی دواییش ئیمام گورج بێتە خوارەوە بۆ میحراب و تا ئەو ئەگاتە میحراب (مؤذن) قامەت تەواو بکا • جا ئیمام نوێژ دابەستێ و دوو ڕکات نوێژ بکا • لە ڕکاتی یەکەما سوورەتی (الجمعة) یا (الاعلی) و لە ڕکاتی دووهەما سوورەتی (المنافقون) یا (الغاشیة) بخوێنێ •

باسی هەندێ سوننەتی جومعە لەگەڵ ئەو غوسڵانە کە سوننەتن

سوننەتە بۆ کەسێك بیەوێ بڕوا بۆ نوێژی جومعە ، خۆی بشوا • وەختی ئەم سوننەتە دەس پێ ئەکا لە بەرەبەیانی ڕۆژی جومعەوە ، بەڵام ئەگەر نزیکی بخاتەوە لە ڕۆیشتنی بۆ نوێژەکە ، خێری زۆرترە • ئەگەر ئاو نەبوو بۆ خۆشۆردن ، یاخود نەیتوانی بەکاری بێنێ ، سوننەتە (تیمم) بکا • هەروەها سوننەتە غوسڵ لەپێش نوێژی جەژنەکان و ، نوێژی ڕۆژگیران و مانگگیران و نوێژە بارانە • بۆ ئەو کەسەیش کە مردووی شۆردبێ و بۆ

شێت و لەهۆشیخۆچو هەرکاتێ کە ڕزگار بون لە نەخۆشییەکەیان • بۆ کافریش پاش موسوڵمان بونی • هەروەها غوسڵەکانی ناو ئادابی حەج سوننەتن • سوننەتە غوسڵ بۆ ئەو کەسەی بیەوێ (اعتکاف) بکا لە مزگەوتا و بۆ داخڵبونی ئەرزی حەرەمی شاری (مدینەی منورە) و (مکەی مکرمە) با لە ئیحرامیشا نەبێ • سوننەتیشە لە هەمو شەوێکی ڕەمەزانا و، بۆ ئەوکەسەی بە ساڵ باڵغ ببێ و، پاش کەڵەشاخ و خوێن‌گرتن و پاش تاشینی مۆی بەر و بن‌باڵ و، بۆ چونە ناو هەر قەرەباڵغێکەوە کە بۆ چاکە کۆبوبنەوە •

گەورەترینی ئەم غوسلانە غوسڵی جومعەیە، ئەمجار غوسڵی کەسێ کە مردوی شۆردبێ •

سوننەتە بۆ ئەوکەسەی ئەڕوا بۆ نوێژی جومعە، زو بڕوا • وەختی ئەم ڕۆیشتنە دایەت لە بەرەبەیانەوە • سوننەتیشە بە پیادە و بە ئارام و ئەدەب بڕوا بەڕێدا • هەروا سوننەتە لەوکاتەوە کە ئەڕوا بۆ نوێژ تا خەطیب ئەچێتە سەر مینبەر خەریکی خوێندنی قورئان و ذیکر کردن بێ • گەورەترین ذیکر لەم‌شوێنەدا صەلاوات‌دانە لەسەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم •

سوننەتە لەکاتی جێگا دۆزینەوەدا بۆ خۆی، هەنگاو بەسەر کەسدا نەنێ، مەگەر لەکاتێکا لە ڕیزی پێشەوە جێگایەکی خاڵی هەبێ و بیەوێ بچێتە ئەو جێگایە • بۆ ئیمامیش ئەگەر درەنگ هاتبێتە مزگەوتەوە، قەیدی نیە هەنگاو بەسەر خەڵکەکەدا بنێ و بڕواتە جێگەکەی خۆی • سوننەتە بۆ نوێژی جومعە کام جل و بەرگی جوان و پاکی هەیە، ئەوە بکاتە بەری و، نینۆکی بکا و، بۆنی ناخۆش لە خۆی دور بخاتەوە و بۆنی خۆش بدا لە خۆی • سوننەتە لە شەو و ڕۆژی جومعەدا سورەتی (الکهف) بخوێنێ و، دوعای خێر زۆر بکا بۆ موسوڵمانان، بەڵکو ڕێکەوتی ئەو کاتە بکا کە

دوعای تیا گیرایه • زانایانی دین ئەڵێن هیوامان ئەوەیە ئەوکاتە لەبەینی دانیشتنی خەطیب لەسەر مینبەر و تەواوبونی نوێژی جومعەدا بێ • سونەتە لە شەو و ڕۆژی جومعەدا صەڵاوات زۆر بدا لە پێغەمبەر صلی‌الله علیه وسلم •

کەراهەتی هەیە ئینسان پاش زەوالی ڕۆژی جومعە و پێش بانگ خەریکی مامەڵە و کڕین و فرۆشتن بێ • پاش ئەوەش کە بانگدەر بانگی بەردەمی خەطیبی دا ، تا نوێژ تەواو ئەبێ حەرامە • بەڵام هەر مامەڵەیەك لەماوەیەدا بکرێ دائەمەزرێ •

باسی گەیشتن بە نوێژی جومعەدا

هەرکەس بە ڕکوعی ڕکاتی دوەهەما گەیشت ، ئەوە بە نوێژی جومعەدا گەیشتوە و پاش سەلامدانەوەی ئیمام ڕکاتێکیتر نوێژ ئەکا و سەلام ئەداتەوە • ئەگەر پاش ڕکوعی ڕکاتی دوەهەم گەیشت بە ئیمام ، ئەوە جومعەکەی لەدەس دەرچوە و پێویستە پاش سەلامی ئیمام چوار ڕکات نوێژی نیوەڕۆ تەواو بکا • فەرمودەی ڕاستتر ئەوەیە ئەگەر پاش ڕکوعی دوەهەمیش گەیشت بە ئیمام ، ئەبێ هەر نییەتی نوێژی جومعە بێنێ • ئەمەیە ئەوە کە (مەتەڵە) ئەهێننەوە ئەڵێن : نییەتم هێنا و نوێژم نەکرد •• نوێژم کرد و نییەتم نەهێنا •

هەرکاتێ کە ئیمام بەهۆی پەیدابونی بێدەس‌نوێژێ یا هەر هۆیەکیترەوە نوێژی جومعەکەی بەجێهێشت ، دروستە یەکێك بنێتە جێی خۆی بۆئەوەی نوێژەکە بە مەئمومەکان تەواو بکا • پێویستە ئەم جێنشینە یەکێك بێ لە مەئمومەکانی خۆی ، بەڵام لە غەیری نوێژی جومعەدا دروستە مەئمومی خۆیشی نەبێ • جا ئەگەر ئەم جێنشینە بە ڕکاتی یەکەمدا گەیشتبێ ، ئەوە نوێژەکەیان بەیەکەوە تەواو ئەبێ • ئەگینا جومعەی مەئمومەکان بەر لە

هێ ئەو تەواو ئـەبێ و پێویستە ئەم جێنشینـە لەسەر ئوسـوڵی نوێژی ئیمامەکەی پێش خۆی بڕوا و کاتێ کە گەیشتە نزیکی سەلامدانەوە ئیشارەت بۆ خەڵکەکە بـکا کە یا لێی جیا ببنەوە ، یاخـود چاوەڕوانێ بـکەن تا ئەم هەڵئەسێتەوە نوێـژەکەی خۆی تەواو ئەکا و ئەگاتەوە بەوانـدا و سەلام ئەداتەوە تا ئەوانیش پاش ئەو سەلام بدەنەوە •

ئەگەر مەئمومێکی نوێژی جومعە لەبەر زۆرێ قەرەباڵغ مەجاڵی نەبو لە ڕکاتی یەکەما لە شوێنی خۆیا سوجدە ببا ، ئەوە ئەگـەر ڕێکەوت لەسەر لەشـی یەکێـك سـوجدە ببـا ، باشـە • ئەگینـا چـاوەڕوانی فرسەت بێ • جا ئەگـەر پێش ڕکوع بـردنی ئیمام لە ڕکـاتی دوهەما بۆی ڕێکەوت سوجدە ببا ، ئەوە ببیا و پاش ئەوە کە سەری بەرز کردەوە بکەوێتەوە شوێنی ئیمام چ بەپێوە بێ و چ لە ڕکوعی دوهەما بێ و ، بە وێنەی مەسبوق ڕکاتی دوهەمیشی بۆ ئەژمێررێ و لەگەڵ ئیماما سەلام بداتەوە •

ئەگەر لەپاش ئەوە کە سەری لە سوجدە بەرز کردەوە ئیمام لە ڕکوعی دوهەم دەرچوبو ، بەڵام هێشتا سەلامی نەدابوەوە ، ئەوە پێویسـتە لە هەر شوێنێکی نوێژەکەیدا بێ ، شوێنی ئیمام بکەوێ ، پاش ئەوە کە ئیمام سەلامی دایەوە هەسـتێ ڕکاتێك نوێژ بکا و سەلام بداتەوە و ، لـەم صورەتەیشا جومعەی بۆ کراوە • ئەگەر تا ئەم سەری لە دو سوجدەکەی هەڵبڕێ ئیمام سەلامی دابوەوە ، ئەوە جومعەکەی فەوتاوە و ئەبێ نوێژەکەی بە صورەتی نوێژی نیوەڕۆ بۆخۆی تەواو بکا •

ئەگەر هەر بۆی ڕێ نەکەوت سوجدە ببا تا ئیمام گەیشتە ڕکوعی ڕکاتی دوهەم ، ئەوە پێویستە چاوەڕوانی فرسەتی سوجدە نەبێ ، بەڵکو شوێنی ئیمام بکەوێ لەم ڕکوعەدا و نوێژەکەی لەگەڵ بکا • بەمجۆرە ڕکاتێکی بۆ ئەژمێررێ کە تێکەڵە لە ڕکوعی ڕکاتی یەکەم و سوجدەی ڕکاتی دوهەم و ،

ڕکوعی ڕکاتی دوهەم بەزیادە دەرئەچێ و ، ئـەبێ لەپاش سـەلام دانەوەی ئیمام هەستێ ڕکاتێکی‌تر بکا و تەحیات بخوێنێ و سەلام بداتەوە • ئەگەر لەم‌حاڵەدا شوێن ئیمام نەکەوت و لەسەر تەرتیبی خۆی ڕۆیی تا سوجدەی‌برد و ئەوجا کەوتەوە شوێن ئیمام و ئەیشی‌زانی کە ئەبێ شوێنی ئیمام بکەوێ ، ئەوە نوێژەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە • بەڵام ئەگەر نەیئەزانی واجبە شوێنی ئیمام بکەوێ ، یاخود لەبیری چووبوەوە ، ئەوە سوجدەی ڕکاتی یەکەمی بۆ حیساب ناکرێ • جا ئەگەر بەر لە سەلام دانەوەی ئیمام بە سوجدەی ڕکاتی دوهەما گەیشت ، ئەوە لەم صورەتەشدا ڕکاتێکی لە ڕکوعی ڕکاتی یەکەم و سوجدەی ڕکاتی دوهەم بۆ ئەژمێررێ و ، پاش سەلام‌دانەوەی ئیمام هەستێ ڕکاتێکی‌تر بکا و تەحیات بخوێنێ و سەلام بداتەوە •

ئەگەر ئـاگای لە خۆی نەبوو ڕکوعی ڕکاتی یەکەمی نەبـرد تا ئیمام گەیشتە ڕکوعی ڕکاتی دوهەم ، ئەوە پێویستە لەگەڵ ئیماما ڕکوع ببا و لەگەڵیا بێ تا سەلام ئەداتەوە • بەم‌جۆرە ڕکاتێکی دەس‌ئەکەوێ • جا پاش سەلام دانەوەی ئیمام هەڵسێتەوە ڕکاتەکەی‌تری بکا •

(بزانن) موسوڵمانان بە نیسبەت نوێژی جومعەوە شەش بەشن • یەکەم : نە جومعەیان لەسەرە و ، نە پێیان تەواو ئەبێ و ، نە بۆیان دروستە • ئەمانە بریتین لە شـێت و لە هۆشی‌خۆ چوو و سەرخۆش • دوهـەم : جومعەیان لەسەرە و ، پێیان تەواو ئەبێ و ، بۆیشیان دروستە • ئەمانە بریتین لە پیاوانی عاقڵی باڵغی خەڵکی شوێنەکە لەوانە کە عوزرێکی شەرعییان نیە بۆ نەکردنی نوێژی جومعە • سێهەم : جومعەیان لەسەر نیە ، بەڵام پێیان تەواو ئەبێ و ، بۆیان دروستە • ئەمانە ئەوانەن کـە عوزرێکیان هەیە بـۆ نەکردنی نوێژی جومعە غەیری سەفەر وەك ئینسانی نەخۆش • چوارەم جومعەیان لەسەرە و بۆیان دروستە ، بەڵام پێیان تەواو نابێ • ئەمانە بریتین لەوکەسانە کە خەڵکی شوێنەکە نین ، بەڵام نیشتەجێی وڵاتەکەن و بۆ چوار ڕۆژ یا زیاتر هاتون و

ئەگەڕێنەوە و ئەوانەن کە لە دەرەوەی شوێنی نوێژی جومعەکەدان ، بەڵام گوێیان لە بانگی جومعەوەیە • پێنجەم : جومعەیان لەسەر نیە و پێیان تەواو نابێ ، بەڵام ئەگەر کردیان بۆیان دائەمەزرێ • ئەمانە بریتین لە ڕێبوار و ، لەوکەسانە کە لەدەرەوەی جێگای جومعەکەدان و دەنگی بانگی جومعەش نابیسن ، بەڵام هاتون بۆ جومعە • شەشەم جومعەیان لەسەرە ، بەڵام بۆیان دروست نیە • ئەمانە ئەو کۆنە موسوڵمانانەن کە لە دین وەرگەڕاونەتەوە • ئەمانە تا موسوڵمان نەبنەوە نوێژی جومعەیان بۆ دروست نیە بەڵام لەسەر نەکردنی گوناهبار ئەبن •

بیــداری

هەرچەند فەرمودەی بەهێزی ئیمامی شافیعی خوای لێ ڕازی بێ ئەوەیە کە نوێژی جومعە چل کەسی پێویستە ، بەڵام چەند فەرمودەیەکی تریش هەیە کەوا جومعە بە کەمتر لەو ژمارەیەش دائەمەزرێ • فەرمودەیەکیان ئەوەیە بە دوو کەس ، ئیمامێك و مەئمومێك ، وەکو باقی نوێژە جەماعەتەکانی تر[1] • فەرمودەیەکی تریان ئەوەیە بە چوار کەس ، ئیمام و سێ کەس[2] • سێهەم ئەوەیە بە دوازدە کەس بێجگە لە ئیمام[3] • دروستە بۆ ئێمە تەقلیدی هەر کام لەم فەرمودانە بکەین و ڕەفتاری پێ بکەین و نوێژی جومعەی پێ بکەین • بەڵام چونکە ئەم فەرمودانە ئیختیلافن و ئەصلی مەذهەب نین ، سوننەتە بۆ دەرچون لە خیلاف لەپاش نوێژی جومعەکە نوێژی نیوەڕۆ بەجەماعەت بکەینەوە • لەبەرئەوە لە هەرلایەکا گێڕانەوەی نوێژی نیوەڕۆ واجب بێ ، جەماعەتەکەیشی فەرزی کیفایەیە و ، هەرکاتێك کردنەوەی نوێژی نیوەڕۆ سوننەت بێ ، وەکو لەم شوێنەدا ، جەماعەتەکەیشی سوننەتە ، بەڵام لەشوێنێکا

---

(١) ئەمە لە حاشیەی (جمل)دا لەسەر شەرحی (منهج) نوسراوە .
(٢) ئەمە فەرمودەی ئیمامی (مزنی)یە کە قوتابی ئیمامی شافیعی بوە .
(٣) ئەم فەرمودەیەش لە (هامش)ی (اعانه)دا نەقل کراوە .

که ژماره‌ی جومعه ته‌واو بێ و نوێژه‌که‌یان به هه‌مۆ فه‌رمۆده‌یه‌ك دروست بێ و خیلافی تیا نه‌بێ ، ئه‌وه به هیچ‌جۆرێ کردنه‌وه‌ی نوێژی نیوه‌ڕۆ سوننه‌ت نیه نه به‌ته‌نها و نه به‌جه‌ماعه‌ت • هه‌روه‌ها ئه‌وه‌ش ته‌ئثیری نیه که یه‌کێك به خه‌یاڵی خۆی بڵێ نوێژ که‌ره‌کان نوێژیان ڕه‌وان نیه و له‌به‌ر ئه‌وه جومعه‌که‌یان دانامه‌زرێ • به‌ڵام ئه‌گه‌ر که‌سێك دڵنیا بۆ که وا نوێژکه‌ره‌کان نوێژیان ناڕه‌وانه و ناڕه‌وانییه‌که‌شیان له‌به‌ر که‌مته‌رخه‌می خۆیانه نه‌ك له‌به‌ر نه‌گونجانی زمانیان ، ئه‌وه له‌و حاڵه‌دا جومعه‌که‌یان له‌ئه‌ساسا دانامه‌زرێ •

تا له‌توانادا هه‌بێ زۆر مه‌تڵه‌به نوێژی جومعه له یه‌ك شوێنا بکرێ ، چونکه له زه‌مانی حه‌زره‌تی پێغه‌مبه‌ر (صلی الله علیه وسلم) و له زه‌مانی هه‌ر چوار خه‌لیفه‌که‌یدا و تا زه‌مانی خه‌لیفه مه‌هدیِ عه‌بباسییش له شارانی ئیسلاما هه‌ر یه‌ك جومعه کراوه • مه‌به‌س له خوطبه و نوێژی جومعه ده‌رسێکی حه‌فته‌ییه بۆ هه‌مۆ موسوڵمانان که به‌ئه‌همیه‌ت‌تر بێ له نوێژه جه‌ماعه‌ته‌کانی‌تر که ڕۆژی پێنج جار له چه‌ندلادا ئه‌کرێن •

باسی نوێژی ترس

نوێژی کاتی ترس به شازده جۆر له حه‌دیث و ئایه‌ت وه‌رئه‌گیرێ ، به‌ڵام ئیمامی شافیعیِ خوای لێ ڕازیِ بێ چوار جۆریانی هه‌ڵبژاردوه • یه‌که‌م ئه‌وه‌یه که دوژمن له‌لای قیبله‌وه بێ • له‌م‌صوره‌ته‌دا ئیمام خه‌ڵکه‌که بکا به دۆ ڕیز و نوێژ دابه‌ستێ له‌گه‌ڵ هه‌مۆیان • کاتێ که گه‌یشتن به سوجده‌ی ڕکاتی یه‌که‌م ڕیزێکیان له‌گه‌ڵ ئیمام سوجده به‌رن و ڕیزه‌که‌ی‌تریان پاسی ئه‌مان بکه‌ن • که ئیمام و ڕیزه‌که‌ی له‌گه‌ڵیان سوجده‌یان برد و ، ڕاست بۆنه‌وه بۆ ڕکاتی دۆهه‌م ، ڕیزی پاسه‌وان سوجده بیه‌ن و ڕاست بینه‌وه و بگه‌نه‌وه به ئیمام و ڕکاتی دۆهه‌م بخوێنن • کاتێ گه‌یشتن به سوجده‌ی ڕکاتی دۆهه‌م ، ڕیزی پاسه‌وانی پێشۆ له‌گه‌ڵ ئیماما سوجده بیه‌ن و ڕیزه‌که‌ی‌تر پاسه‌وانیِ

بکەن تا ئەمان لە سوجدە سەر بەرز ئەکەنەوە • جا ئەوانیش سوجدە بەن و لەگەڵ ئیمام و ڕیزەکەیا تەحیات بخوێنن و ئیمام سەلامی نوێژیان پێبداتەوە• ئەمە وێنەی نوێـژی حەزرەتی پێغەمبـەرە صلی‌الله علیه وسلم لـە غەزای (عسفان)دا •

ئەگەر لەم نەوعە نوێژەدا تاقە ڕیزێکیان یا تاقمێك لە ڕیزێك پاسەوانی بکەن ، ئەوەش دروستە •

جۆری دوەهەم ئەوەیە کە دوژمن لە غەیری تەرەفی قیبلەوە بێ و ئیمام خەڵکەکە بکا بە دو بەشەوە و لەگەڵ هەر بەشێکیانا جارێك نوێژەکە بکا و لەوکاتەدا کە لەگەڵ بەشێکیانا نوێژ ئەکا ، بەشەکەی‌تر پاسەوانی ئەوان بکا • ئەمەیش وێنەی نوێژی حەزرەتی پێغەمبەرە صلی‌الله علیه وسـلم لـە غەزای (بطن النخله)دا •

جۆری سێهەم ئەوەیە کە دوژمن هەر لە غەیری تـەرەفی قیبلەوە بێ • بەڵام ئیمام خەڵکەکە بکا بە دو بەشەوە ، لەگەڵ بەشێکیانا نوێژ دابەستێ و ڕکاتێك نوێژ بکا • جا ئەم بەشە نیەتی جیایی لـە ئیمام بێنن و بـۆ خۆیان نوێژەکەیان تەواو بکەن و بڕۆن بۆ پاسی ئیمام و باقی خەڵکەکە • جا بەشی دوەهەم بێن لەپشتی ئیمامەوە نوێژ دابەستن و ئیمام ڕکاتی دوەهەم لەگەڵ ئەمانە بخوێنێ • کاتێ کە ئیمام دانیشـت بۆ تەحیـات ئەمانیش ڕاسـت ببنەوە نوێژەکەیان تەواو بکەن و ئیمام هەر لە نوێژا بمێنێتـەوە چاوەڕوانی ئەمانە بکا ، تا پێی ئەگەنەوە و سـەلامی نوێژەکەیان لەگـەڵا ئەداتەوە • ئەمەیش وێنەی نوێژی حەزرەتی پێغەمبـەرە صلی‌الله علیه وسـلم لـە غەزای (ذات الرقاع)دا • فەرموەدەی ڕاستتر ئەوەیە ئەمجۆرە نوێژە ثەوابی زۆرترە لـە جۆرەکەی پێشـو • ئەگـەر نوێژەکـە نوێژی مەغریب بـو ، ئەوە لەگەڵ بەشێکیانا دو ڕکات نوێژ و لەگەڵ ئـەو بەشەکەیانا ڕکاتێك بکـا ، یاخود بەپێچەوانەوە • بەڵام یەکەمیان خێری زۆرترە • ئەگەر نوێژی چوار ڕکاتییان

کرد ، لەگەڵ هەر بەشێکیانا دوو ڕکات بکات ، یا بیانکا بە چوار بەشەوە و لەگەڵ هەر بەشێکیانا ڕکاتێك بکات ، ئەوسا هەر بەشێك لە عاستی خۆیا هەڵسێتەوە نییەتی جیایی بهێنێ و نوێژەکەی خۆی بەتەنها تەواو بکات ، تا بەشی دوایی ، ئەوان کە هەستانەوە بۆ تەواو کردنی نوێژەکەیان ، ئیمام لە تەحیاتی ئاخرا چاوەڕوانیان بێ تا پێی ئەگەنەوە ، ئەوجا سەلامیان لەگەڵا بداتەوە •

لەکاتێکا کە ئیمام خەڵکەکە بکا بە دوو بەشەوە ، هەر سەهوێ لە ڕکاتی یەکەمی هەر بەشێکیانا پەیدا ببێ، ئیمام بۆیان هەڵئەگرێ• هەروەها سەهوی ڕکاتی دووهەمی بەشی دووهەمیش ، لەبەرئەوە کە لەئاخرا لەگەڵ ئیمام سەلام ئەدەنەوە • بەڵام سەهوی ڕکاتی دووهەمی بەشی یەکەم ئیمام هەڵیناگرێ چونکە لێی جیا بونەتەوە • ئیمامیش هەر سەهوێکی بەسەرا بێت لە ڕکاتی یەکەمدا کار ئەکاتە سەر هەردوو بەشەکە • چونکە لەو کاتەدا یا وان لەگەڵیا ، یاخود لە ڕکاتی دووهەما ئەکەونە تەکی • بەڵام سەهوێ کە لە ڕکاتی دووهەما بەسەریا بێ ، ئەوە هەر بەسەر بەشی دووهەما دێت و ناگەڕێتەوە بۆ بەشی یەکەم • لە هەموو ئەم سێ جۆرەدا چەكهەڵگرتن بۆ نوێژکەرەکان سوننەتە و بە فەرموودەیەکی ئیمامی شافیعی واجبە •

جۆری چوارەم ئەوەیە شەڕ گەرم بێ و ترس زۆر بێ و ، دۆست و دوژمن بڕژێنە ناو یەکەوە • لەمحاڵەدا بە هەر جۆرێك بۆیان ڕێكبکەوێ نوێژ بکەن دروستە • بە سواری بێ یا بە پیادە ، با ڕوویشیان لە قیبلە نەبێ ، چونکە عوذریان هەیە • هەروەها بۆشیان دروستە بێن و بچن و ڕابکەن و باز بەرن لەناو نوێژدا • بەڵام نابێ لەخۆڕایی دەس بکەن بە هاوار کردن و نابێ قسەی زیادە بکەن • کە چەکی دەستیشیان خوێناوی بوو ئەبێ فڕێی بدەن و چەکێکی خاوێن هەڵبگرن • ئەو نوێژەی بەو جۆرە ئەیکەن قەزا کردنەوەی ناوێ •

ئەگەر نەیانتوانیٚ ڕوکوع و سوجدە بیەن ، ئەوە بۆ ڕوکوع کەمێك لار بینەوە و بۆ سوجدە کەمێك زیاتر • ئەم جۆرە نوێژە دروستە لە کاتی هەمو شۆڕش و هەرا و هەڵاتن و لیٚقەوماتێکا کە بەهۆی کردەوەی گوناهەوە پەیدا نەبوبیٚ • هەروەها لە کاتی ڕاکردنا لەبەر ئاگر و لافاو و دڕوندە و زۆرداریٚ ستەمکار و خاون قەرز ئەگەر قەرزارە کە لات بیٚ و بترسیٚ ئەگەر بیگرن بیخەنە بەندیخانەوە • ئەگەر لەدورەوە تاپۆیەك دەرکەوت و وایانزانیٚ دوژمنە و ، نوێژی ترسیان کرد ، کەچیٚ بۆیان دەرکەوت دوژمن نەبوە ، واجبە قەزای ئەو نوێژە بکەنەوە •

باسی نوێژنەکەر

ئەگەر کەسێك نوێژی نەئەکرد چونکە باوەڕی بەوە نەبو کە نوێژ واجبە ، ئەوە بە کافر ئەناسریٚ و بەم بیٚباوەڕییەی حوکمی (مرتد) لە دین هەڵگەڕاوی هەیە • پێویستە ئیمام داوای تۆبە و پەشیمانیٚ لەم شەخسە بکا • جا ئەگەر هەر بەردەوام بو لەسەر دەرخستنی بیٚباوەڕییەکەی ، حوکمی کوشتنی ئەدا • ئەگەر لەبەر تەمەڵییش تەرکی نوێژی ئەکرد ئەوە لیٚی ڕائەوەستین تا لە وەختی ناچاریٚ لائەدا کە وەختی نوێژی عەصرە بەنیسبەت نوێژی نیوەڕۆوە و وەختی نوێژی عیشایە بەنیسبەت نوێژی مەغریبەوە • ئەگەر هەر نەیکرد ئەو کاتە ئیمام داوای پەشیمان بونەوەی لیٚئەکا • جا ئەگەر گوێی نەدایە واجبە ئیمام بدا لە گەردنی ، بەڵام ئەم کوشتنەی بە (حد)ی شەرعیٚ دائەنریٚ نەك لەبەر کافر بونی ، چونکە مادەم باوەڕی وا بوە کە نوێژ واجبە ، بە نەکردنەکەی کافر نابیٚ • لەبەرئەوە پاش کوشتنەکەی ئەشۆرریٚ و نوێژی لەسەر ئەکریٚ و لە گۆڕستانی موسوڵمانانا ئەنێژریٚ و نیشانەی قەبرەکەشی کوێر ناکرێتەوە •

باسی نوێژی سوننەت

زانایانی ئایین فەرمویانە گەورەترین شتێ لە دڵا بێ ئیمان و باوەڕە بە خوا و پێغەمبەران و مەلائیکە و ئەو کتێبانەی کە خـوا بەهۆی جیبرەئیلەوە بۆ پێغەمبەرانی ناردوون و ، بە ڕۆژی قیامەت و بە قەزا و قەدەر • گەورەترین کردەوەیەکیش کە بە لەش بکرێ (شهادتین)ە ، ئەنجا نوێژە • نوێژی فەرزی عەین لە هەمو فەرزێکی‌تر گەورەترە • نوێژی سوننەتیش لە هەمو سوننەتێکی‌تر گەورەترە • ئەمجار ڕۆژو ، جا حەج و زەکات• مەبەس لەم‌باسە ئەمەیە کە ئینسان زۆر خەریك بێ بە یەکێ لەمانەوە و باقی ئادابەکانی ئیسلامیش بەجێ‌بێنێ • ئەگینا گومان لەوەدا نیە کە ڕۆژوی ڕۆژێك گەورەترە لە دو ڕکات نوێژ • لەناو فەرزی کیفایەشدا گەورەترین شت خوێندنە فەرزی ، لە باقی فەرزەکان و سوننەتی لە باقی سوننەتەکان گەورەترە[1] بەڵام لەسەر فەرمودەی ئیمامی غەزالی و گەلێ لە زانایان لەپاش ئیمان هێنان و وتنی (شهادتین) ، هەرچەند هەمو فەرزێکی عەین یا کیفایە واجبە بکرێ ، بەڵام فەضڵ و گەورەیی کردەوە بەگوێرەی مەسلەحەتێکە لەو کردەوەوە پەیدا ببێ • بەمیسال ئینسانێکی ڕژد درەمێ بدا بە داماوێ ئەوە خێری زۆرترە لەوە کە ڕۆژێك بەڕۆژو بێ و شەوێك نوێژ بکا •

نوێژی سوننەت دو جۆرە • جۆرێکیان جەماعەت سوننەت نیە تیایا و جۆرێکیان جەماعەتی تیا سوننەتە • لە جۆری یەکەمە (رواتب) واتە سوننەتە دامەزراوەکانی بەرودوای نوێژەکان • ئەوەی کە (مؤکدە)یە و خێری زۆرترە لەناو (رواتب)ە کانا ، دو ڕکاتە لەپێش نوێژی بەیانی و دو ڕکات لەپێش نیوەڕۆ و دو ڕکات لەپاش نیوەڕۆ و دو ڕکات لەپاش مـەغریب و دو ڕکات لەپاش عیشا • ئەوەشی کە (غیرە مؤکدە)یە دو ڕکاتی‌ترە لەپێش نیوەڕۆدا و

---

(١) تحفە ، بەرگی دوهەم ، لاپەڕە ٢٢٠

دوو ڕکات لەپاشــیەوە و چوار ڕکات لەپێـش عەصردا و دوو ڕکــات لەپێش مەغریبدا و دوو ڕکات لەپێش عیشادا • نوێژی جومعەیش وەك نیــوەڕۆ وایە لەم ڕووەوە •

سوننەتە ئینسان لەپاش سوننــەتی پێش بەیانێ لەســەر شانی ڕاست ڕاکشێ ڕوو بە قیبلە دەستی ڕاستی بخاتە ژێر ســەری بــۆ بەینخستنی ئەو نوێژە و نوێژی بەیانییەکەی و بۆ بیرکردنەوە لە وەزعی قەبر و مردن• سوننەتە سوننەتی پێش بەیانێ و مەغریب و عیشــا کورت بن • لــە ڕکــاتی یەکەمی سوننەتی پێش بەیانیدا سورەتی (الكافرون) و لە ڕکاتی دووهەمیا سورەتی (الاخلاص) بخوێنێ ، هەروەها ئەم دوو سورەتە سوننەتن لە هەر نوێژێکی سوننەتا کە خوێندنی سورەتی تایبــەتێ بۆ دانــەنرابێ • هەروەها سوننەتە خوێندنی سورەتی (الانشراح) لە ڕکاتی یەکەم و سورەتی (الفيل) لە ڕکاتی دووهەمی سوننەتی بەیانیدا •

وەختی سوننەتە (قبليه) پێشینەکان دەس پێ ئەکات بــە هاتنی وەختی نوێژە فەرزەکــان ، وەختی (بعديه) پاشــینەکانیش دادێــت بە لێبوونەوە لە نوێژە فەرزەکە • ئەمانە ئەگەر فەوتان بەقەزا گێڕانەوەیان سوننەتە • هەروا هەر سوننەتێ کە خاوەن وەخت بێ ئەگەر فەوتا سوننەتە قــەزا بکرێتەوە • فەوتانی ئەم (رواتب)انە بە نەمانی وەختی فەرزەکانە •

لای کەمی نوێژی سوننەتی (وتر) ڕکاتێك و لای زۆرەوی یازدە ڕکاتە • لای خواری کەماڵیشی سێ ڕکاتە • سوننەتە بۆ هەر کەسێ کە لە ڕکاتێ زیاتر بکا ، لە ئاخری هەموو دوو ڕکاتێکا تەحیات بخوێنێ و سەلام بداتەوە • لە تاقە ڕکاتە دواییەکەشیا تەحیات بخوێنێ و سەلام بداتەوە • ئەم وەزعە پێی ئەڵێن (فەصڵ) و خێری زۆرترە لە (وەصل) کە لە دوو ڕکاتەکانا سەلام نەداتەوە هەتا ڕکاتی ئاخریشیان لەگەڵا ئەخوێنێ ، ئەوجار سەلام بداتەوە • دروستە

لەم کاتی وەصڵەدا لە ئاخری دوو ڕکاتی دواییدا یەکی تەحیاتێك بخوێنێ و یا هەر لە ئاخری یەك ڕکاتەکەدا تەحیات بخوێنێ و سـەلام بداتەوە بۆئەوە کە شێوەی نەچێتە سەر شێوەی نوێژی مەغریب • سونەتە لە سێ ڕکاتی ئاخری وەترا ، لە یەکەمیانا سورەتی (الاعلی) و لە دووهەمیانا سورەتی (الکافرون) و لە سێهەمیانا سورەتی (الاخلاص) و (الفلق) و (الناس) بخوێنێ • لەپاش نوێژەکەش سێ جار بڵێ (سبحان الملك القدوس) ئەمجار بڵێت (اللهم اِنّی اعوذُ برِضاكَ من سـخطِكَ ، وبمعافاتِكَ من عقوبتِكَ ، وبكَ منكَ ، لا اُحصی ثناءً علیكَ • انتَ كما اثنیتَ علی نفسِكَ • فلكَ الحمدُ حتی ترضی ، ولكَ الشكرُ اذا رَضِیتَ) •

وەختی سونەتی وەتر وا لەبەینی نوێژی عیشا و طلوعی فەجرا • سونەتە بۆ یەکێ لای وابێ شەو خەبەری ئەبێتـەوە و بیەوێ شـەو نوێژ بکـا ، ئەو نوێژی وەترە بخاتە پاش شەو نوێژەوە • ئەگەر هاتو نوێژی وەتری لە پێشا کرد ، جا شەو نوێژی کرد ، نابێ نوێژی وەتر دووبارە بکاتەوە چونکە دوو وەتر لە تاقەشەوێکا دروست نیە • جەماعەت سونەتە لـە وەتری ڕەمەزانا خوای بکەوێتە پاش جەماعەتی تەراویحەوە یا نە • خوێنـدنی قونوت سونەتە لە ئیعتیدالی ڕکاتی ئاخری وەترا لە نیوەی دوایێ مانگـی ڕەمەزانا و ، لەدوای قونوتەکەیش سونەتە دوعای (اللهم انا نسـتعینك) تا ئاخری بخوێنێ خوا بە تەنیا بێ یا لەگەڵ جەماعەتا بێ •

لە بەشی یەکەمە دوو ڕکات سـونەتی (اشـراق) هەتـاو کەوتن ، کە وەختەکەی لەپاش بەرزەوەبونی ڕۆژە ئەوەندەی ڕمێ • ڕاستتر ئەوەیە ئەم نوێژە غەیری سونەتی چێشتەنگایە • هەروا سونەتی (ضحی) چێشتەنگا • وەختی ئەم نوێژە پاش ئیشراقە تا (استواء) واتە گەیشتنی خۆر بە ناوەڕاستی ئاسمان و باشوایە لە چواریەکی ڕۆژا بکرێ • لای کـەمی دوو ڕکاتە و لای ژۆری هەشت ڕکاتە • لە ڕکاتی یەکەما سـورەتی (الشمس) و لە دووهەما

سوڕەتی (الضحی) بخوێنێ • ئەگەر لە دوو ڕکات زیادی کرد ، لە هەموو دوو ڕکاتێکا سوڕەتی (الکافرون) و (الاخلاص) بخوێنێ • هەروەها لەم بەشەیە سونئەتی (بعد الزوال) کە بریتییە لە چوار ڕکات و دوو دوو ئـەکرێن بەر لە (رواتب)ی نیوەڕۆ • هەر لەم بەشەیە سونئەتی (اوابین) لە بەینی نوێژی مەغریب و عیشادا • لای خوارووی ئەم سـونئەتە دوو ڕکـات و ، لای کەمی کەماڵی چوار ڕکات ، میانەی شەش ڕکات و ، لای ژۆروەکەی بیست ڕکاتە • هەروا سونئەتی (صلاة التسبيح) کە بریتییە لە چوار ڕکات و وەختی تایبەتی نیە و لە شەو و لە ڕۆژا ئەکرێ • جا یا لە شەو و ڕۆژێکا جارێ ، یا حەفتەی جارێ ،یا مانگی جارێ ، یا لە ساڵێکا جارێ ، یا لە عومرا جـارێ • ئەگەر لەشەوا بکرێ دوو ڕکات سەلام ئەدرێتەوە و ، ئەگەر لە ڕۆژا بکرێ بەسەر یەکەوە ئەکرێ وەکو نوێژی نیوەڕۆ • لە هەموو ڕکاتێکا حەفتا و پێنج جار ئەوترێ (سبحان الله والحمد لله ولا اله الا الله والله اكبر) • بۆ خوێندنی ئەمانە دوو شێوە هەیە • یەکەم ئەوەیە لەپاش خوێندنی فاتیحە پازدە جار و ، لە ڕوکوعا دە جار و لە ئیعتیدالا دە جار و لە هـەر سوجدەیەکا دە جار و لە دانیشتنی بەینیانا دە جار و لە دانیشتنی ئیستیراحەتی پاش سوجدەکانا ئەگەر کاتی هەستانەوە بێ ، یا لەپێش تەحیاتا ئەگەر کاتی تەحیات بێ ــ دە جار • شێوەی دووهەمیش ئەوەیە ئەو پازدە جاری پاش فاتیحەیە لـەپێش فاتیحەدا بخوێنرێ و دە جارەکەی دانیشتنی پـاش سوجدەکانیش لـەپاش فاتیحە و باقییەکانیش لە شوێنی خۆیانا بخوێنرێن • ئەگەر کەسێك لەم نوێژەدا هەموو تەسبیحاتەکەی تەرك کرد ، نوێژەکەی ئەبێ بە سـونئەتی ڕووت و لەم نوێژە دەرئەچێ • بەڵام ئەگەر هەندێکیانی تەرك کرد ئەوە هەر (صلاة التسبيح)ە ، ئەوەندە هەیە خێری کەمترە لەوە کە هەمووی بخوێنێ • • لـە ڕکاتی یەکەمی ئەم نوێژەدا سونئەتە سوڕەتی (الکافرون) و لە ڕکاتی دووهـەمیا سوڕەتی (الاخلاص) بخوێنێ ••

هەر لە بەشی یەکەمە نوێژی (تهجد) شەونوێژ لەپاش نوستن و بێدار بونەوە • لای کەمی ئەم نوێژە دوو ڕکاتە و لای زۆرەی ئەندازەیەکی دیاری نیە • بەڵام کەراهەتی هەیە (قیام)ی هەمو شـەو و بەتایبەتی قیامی شەوی جومعە • هەروەکو کەراهەتی هەیـە تەرکی تهجـد بۆ کەسـێك کە عادەتی پێوەگرتبێ • سوننەتە بۆ ئەو کەسەی شەونوێژ ئەکات ، بە ڕۆژا چاشتەخەو بکات و ، لە ئەووەڵی شەویشەوە ماوەیەك بنوێ تـا بتوانێ بە ئیستیراحەت هەڵسێتەوە و نوێژەکەی بکا • ئەگەر کەسێك ڕێبوار بو و نەیئەتوانی شەو هەڵسێتەوە بۆ نوێژی تهجد ، ئەتوانێ پاش نوێژی عیشا و (راتبـە) و وەتر دوو ڕکاتی‌تر بکا لەجیاتی شەونوێژ • سوننەتە کـە بە شـەو خەبەری بوەوە دەست بە ڕویا بێنێ و ڕوبکاتە ئاسـمان و ئایەتی (اِنَّ في خلقِ السَّمواتِ والارضِ واختلافِ اللّيلِ والنهارِ لآياتٍ لأولي الالبـابِ) بخوێنێ و ، شەونوێژەکەی بە دوو ڕکات نوێژ دەس‌پێ‌بکا و دوعا و ئیستیغفار بکا و لـە خوا بپاڕێتەوە •

هەروا لە بەشی یەکەمە (تحية المسجد) واتە نوێژی دیاری مزگەوت • یەعنی هەرکاتێ کە ئینسان ڕۆیشتە مزگەوتەوە دانەنیشێ تـا دوو ڕکات نوێژ ئەکا • ئەم نوێژە تەکرار ئەبێتەوە بە تەکرار بونەوەی چونە مزگەوت و بە هەر نوێژێکی‌تریش پێك‌دێ فەرز بێ یا سوننەت ، حازر بێ یا قـەزا • بەم مەعنا (تحية المسجد) دێتەجێ ، بەڵام بە بێ نییەتی تایبەتی ئەو خێرەی نیـە • ئەم نوێژە ئەفەوتێ بە دانیشتن لە مزگەوتا بەوشەرتە کە بزانێ و نیازی نەکردنی ئەو نوێژەی هەبێ ، هەروا بە نەزانین و لەبیرچونەوە ئەگەر زۆری پێ‌بچێ • بەڵام نافەوتێ بە ڕاوەستان لـە مزگەوتا هەرچەنـد ماوەکەیشی زۆر بێ • سوننەتە بۆ یەکێ کە ئەم نوێژە نەکا ، کە ڕۆیشتە مزگەوتەوە بڵێ (سبحانَ اللهِ والحمد للهِ ولا الهَ الا اللهُ واللهُ اكبرُ ، ولا حولَ ولا قوةَ الا باللهِ العليِ العظيمِ) •

هەروا لە بەشی یەکەمە سوننەتی دەس نوێژ • بەمەعنا هەر کاتێ کەسێك دەس نوێژی گرت ، بەدوای ئەو دەس نوێژەدا دوو ڕکات نوێژ بکات • هەر لەم بەشەیە سوننەتی ئیحرام ، بەم جۆرە لەپێش ئەوەدا کە نییەتی ئیحرام و چوونە ناو حەج یا عەمرە بهێنێ ، دوو ڕکات نوێژ بکا • هەروا سوننەتی طەواف یەعنی بەر لە دەس کردن بە گەڕان بەدەوری ماڵی کەعبەی پیرۆزدا دوو ڕکات نوێژی سوننەت بکا و ، سوننەتی (صلاة الحاجة) واتە هەر کاتێ کە ئینسان پێویستییەکی بوو ، دوو ڕکات نوێژ بکات و لەخوا بپاڕێتەوە بۆئەوە کە ئەو ئیشەی بۆ جێبەجێ ببێ • (صلاة الاستخارة)یش کە واتە هەر کاتێ ئیشێکی لەپێشا بوو و نەیئەزانێ چاکە یا خراپە ، دوو ڕکات نوێژی ئیستیخارە بکا و لەئاخری نوێژەکەدا لەخوا بپاڕێتەوە بۆئەوەی لەبابەت ئەو ئیشەوە دڵی ڕۆشن ببێتەوە • جا ئەگەر بەجارێ هیچی دەس نەکەوت ، دووبارەی بکاتەوە تا شتێکی بۆ ڕۆشن ئەبێتەوە •

هەروەها لەمبەشەیە (صلاة السفر) یەعنی کاتێك کە ویستی بچێ بۆ سەفەر ، دوو ڕکات نوێژ سوننەتە بۆی • لە ڕکاتی یەکەما سوورەتی (الکافرون) و لە ڕکاتی دووهەما سوورەتی (الاخلاص) بخوێنێ • هەروا (صلاة القدوم) واتە سوننەتی هاتنەوە لە سەفەر • بەم ڕەنگە کە لە سەفەر گەڕایەوە ، لەپێش ئەوەدا کە بڕواتە ماڵەوە ، بچێ بۆ مزگەوت دوو ڕکات نوێژی سوننەتی هاتنەوە بکات • هەروا سوننەتی بانگ یەعنێ کە بانگدەر بانگیدا پاش جوابدانەوەی بانگەکەی دوو ڕکات نوێژ بکا بەر لە کردنی (رواتب) • سوننەتی (زفاف)یش یەعنێ لەپاش عەقدی نیکاح و بەرلەوەی بچێتە لای بووك دوو ڕکات نوێژ بکا • (صلاة المسافر)یش بەمڕەنگە ئینسان کە گەیشتە هەر مەنزڵێك دوو ڕکات نوێژ بکات • سوننەتی (توبە)یش یەعنێ هەر کاتێ کە ویستی تەوبە بکا لە گوناهێ ، لەپێش تەوبەکەدا دوو ڕکات نوێژ بکا • سوننەتی دەرچوون لە حەمامیش بەمڕەنگە کە لە حەمام هاتە

دەرەوە ، ئەگەر شوێنەکە بۆئەوە دەس‌بدا نوێژی تیا بکرێ ، دوو ڕکات نوێژ بکا •

هەر لە بەشی یەکەمە سوننەتی (مطلق) یەعنی نوێژێ کە نەبەسرابێ بە وەختێك و سەبەبێکی تایبەتییەوە • نوێژی‌وا ژمارە و ئەندازەی نیە • حەزرەت صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی نوێژ خێرێکە دانراوە بۆ موسوڵمان زۆری لێ‌بکە یا کەم • کەوابو نوێژی سوننەتی موطڵەق هەمیشە دروستە هەرچەند نییەتی ژمارەیەکی لێ‌نەهێنێ ، یاخود تەنها ڕکاتێك بکا و تەحیات بخوێنێ و سەلام بداتەوە ، ئەمە کەراهەتی نیە • ئەگەر نییەتی هێنا بۆ زیاتر لە ڕکاتێ ، ئەوە سوننەتە لە هەموو دوو ڕکاتێکا تەحیات بخوێنێ و سەلام بداتەوە • ئەگەر نییەتی هێنا بۆ ژمارەیەکی تایبەتی ، ئەتوانێ هەر لە نوێژەکەدا لەو ژمارەیە زیاد بکا ، بەوشەرتە پێش‌ئەوە کە بگا بەوەختی زیادەکە نیازی کردنی ئەو زیادەیە بکا • هەروەها ئەتوانێ لەوژمارەیشە کەم بکاتەوە بەو شەرتە لەپێش ئەوەدا کە بگاتە ئەوەی ئەیەوێ لای ببا ، نیازی لابردنی بکا • ئەگەر نییەتی دوو ڕکاتی هێنا ، کەچی لەپاش ئەو دوو ڕکاتە هەستایەوە بۆ ڕکاتێکی‌تر ، ئەمە ئەگەر بەزانست و دەستی قەصد بوو نوێژەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە و ، ئەگەر نەیئەزانی یا بە سەهو هەڵسایەوە پێویستە دەس‌بەجێ بگەڕێتەوە بۆ دانیشتنە پێشوەکەی • جا ئەگەر مەیلی لە زیادە بوو ، نییەتی زیادە بهێنێ و هەستێ بیکا ، ئەگینا سەلام بداتەوە •

سوننەتی (مطلق) بەشەوا خێری زۆرترە لە ڕۆژ • بۆ سوننەتی شەویش ئەگەر شەوی کرد بە سێ بەشەوە ، بەشی ناوەڕاستیان خێری زۆرترە و ئەگەر کردی بە دوو بەشەوە بەشی ئاخریان خێری زۆرترە لە بەشی یەکەم •

(بێدار بن) ئەو بەشە سوننەتە کە جەماعەتی تیا سوننەت نیە ، ئەگەر بە جەماعەتیش بکرێ کەراهەتی نیە ، چونکە کەراهەت پێویستی بە مەنع و

ڕێ لێ گرتنی تایبەتییە و ئەمەش نیە • هەرچەند ئەگەر بەتەنها بکرێ خێری زۆرترە • بەڵام شێخ سولەیمانی کوردیٓ لە (فتاوی) کەیا نەقڵ ئەکا لە ئیمامی نەوەوییەوە کەوا ئەگەر ترسمان هەبۆ لەوە کە خەڵك ئەو جەماعەتە بکەن بە عادەت و بە شتێکی مەشروعی بزانن ، ئەوە دروستە بەڵکو پێویستە کاربەدەستی وەخت مەنعی ئەو جەماعەتەیان لێ بکا چونکە فەسادی دینی لێوە پەیدا ئەبێ و پێویستە موسوڵمانان لەسەر شارێگەی سوننەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بڕۆن بە ڕێدا •

ئەو بەشە نوێژی سوننەتانە کە سوننەتە بە جەماعەت بکرێن ، بریتین لە نوێژی تەراویح و ، هەردو جەژن و ، نوێژی مانگ و ڕۆژگیران و ، نوێژە بارانە و ، نوێژی وەتری پاش تەراویحی مانگی ڕەمەزان •

نوێژی تەراویح

ئەم نوێژە لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی دوی هیجرەتدا دامەزراوە • حەزرەت صلی‌الله علیه وسلم لە شەوی بیست و سێ و بیست و پێنج و بیست و حەوتی ئەم مانگەدا هەشت ڕکات تەراویحی بە دو ڕکات دو ڕکات لەگەڵ ئەصحابەکانا کردوە • هەرچەند حەزرەت ئەم چەند ڕکاتەی بەشێوەی ئیمامەت نەئەکرد ، بەڵام ئەصحابەکان ئیقتیدایان پێ ئەکرد و ئەویش ڕێی لێ نەئەگرتن• لەمەوە جەماعەت لە تەراویحا بوە بە سوننەت • حەزرەت بێجگە لەم سێ شەوە تەشریفی نەئەهات بۆ مزگەوت بۆ ئەم نوێژە • کە پرسیاریان لێ کرد لە سەبەبی نەهاتنی ، فەرموی ترسام فەرز بکرێ لەسەرتان • (مع العلم) لە ڕیوایەتێکا هەیە کە حەزرەت لە ماڵی خۆیا بیست ڕکات نوێژی تەراویحی تەواو کردوە • ئیتر لەسەر ئەم وەزعە ، حەزرەت صلی‌الله علیه وسلم و ئەصحابەکانی لە زەمانی خۆیا و ، ئەصحابەکان لە زەمانی حەزرەتی

(ابو بكر) و تا ساڵێکیش لە خەلافـەتی حەزرەتی (عمر) هەشـت ڕکات تەراویحی ئەو سێ شەوەیان لە مزگەوت و باقییەکەیان لەماڵەوە ئەکرد • ئەنجا حەزرەتی (عمر) لە ساڵی دوهەمی خەلافەتی خۆیا فەرموی تازە ئێمە ترسی واجبونی نوێژی تەراویحمان نیە ، کەواتە با هەموی بە جەماعەت بکەین لە مزگەوتا وەك ئەو چەند شەوەی زەمـانی حەزرەت ، ئـەوە باشترە چونکە موسوڵمانان بەمجۆرە ئەم عیبادەتەیان جوانتر بۆ ئەکرێ و ئارەزوی زیندو کردنەوەی شەوانی ڕەمەزانیان زیادتر ئەبێ • لەبەرئەوە فەرمانیدا بە (ابیّ) کوڕی (کعب) کە قورئان خوێنێکی باش بو بێ بـە پێش نوێژ بۆ پیاوان و فەرمانیدا بە (سلیمان) کوری (حثمة) بێ بە پێش نوێژ بۆ ژنان • بەمجۆرە نوێژی تەراویح هەموی کرا بە جەماعەت لـە مەدینـەی (منوره)دا و ، لە شارانیتری ئیسلامیشا دەنگی دایەوە و هەمو ئەصحابەکان قایل بون بەوە کە تەراویح بە جەماعەت بکرێ و بو بە ئیجماع • هەتاوەکو حەزرەتی (عثمان) دوعای خێری کرد بۆ حەزرەتی (عمر) و فەرموی خوا دڵی نورانی بکا وەك مزگەوتەکانمانی بەم نوێژە نورانی کرد • کەواتە ئەصـڵی نوێژی تەراویح و جەماعەت کردن لە هەشت ڕکاتیا سوننەتی پێغەمبەرە و لەو دوازدە ڕکاتەکەیا ئیجماعی بێدەنگی ئەصحابە و باقی موسوڵمانانی لەسەر دامەزراوە[1] •

وەختی نوێژی تەراویح دەس پێئەکا لە پاش کردنی نوێژی عیشاوە تا بەرەبەیان • واجبە لەسەر ئەو کەسـەی ئەم نوێـژە ئـەکا نییەتی دو ڕکات سوننەتی تەراویح یا (قیام)ی ڕەمەزان بهێنێ و ئەبێ پاش هەر دو ڕکاتێك تەحیات بخوێنێ و سەلام بداتەوە • ئەگەر چوار ڕکاتی خستەیەك و سەلامی دایەوە نوێژەکەی دانامەزرێ • ئەگەر کەسێکیش تەنها هەشت ڕکات یا چوار ڕکات یا دو ڕکات تەراویح بکا ، ئەوە لەسەر ظاهیری (ابن حجر) و فەرمودەی

---

(١) ئەمە لە (فتح الباری) شەرحی (بخاری) و لە (تحفه) و (شیروانی) و حاشیەی (جمل)دا نوسراوە .

زانا گەورەکانی پاش ئەو ، ئەصڵی سونەتی تەراویحی بـۆ دێتەدێ ، بەڵام ئاشکرایە خێری بیست ڕکاتەکەی دەس ناکەوێ •

باسی نوێژی جەژنەکان

ئەم نوێژانە سونەتن و جەماعەتیشیان تیا سونەتە • هەروەها سونەتن بۆ تەنیا و بۆ ڕێبوار و ژن • وەختی ئەم نوێژانە لـەبەینی خـۆر کەوتن و لادانیایەتی لە ناوەڕاستی ئاسمان • بەڵام سونەتە نەکرێن تا خۆر ئەوەندەی ڕمێك بەرز ئەبێتەوە • نوێژی جەژن دوو ڕکاتە • نـوێژ کـەر ئـەبێ نییەتی سونەتی جەژنی ڕەمەزان یا قوربـان بێنێ و (الله اکبر) بکا ، جـا دوعای ئیفتیتاح بخوێنێ و لەپاش ئیفتیتاح لە ڕکـاتی یەکەما حـەوت (الله اکبر) بکا[1] و ، لەبـەینی تەکبیرەکانا ئـەوەندەی مـاوەی خوێندنی ئایەتێکی مامناوەندێ (معتدل) ڕاوەستێ (تهلیل) و (تمجیـد) و (تکبیر) بکا • جوان وایـە بڵێ (سبحان الله والحمد لله ولا اله الا الله والله اکبر) ئەنجا (اعوذ بالله) تا دوایی بخوێنێ و فاتیحە بخوێنێ • لە ڕکاتی دووهەمیشا پاش (الله اکبر)ی هەڵسـانەوە پێنج جـار (الله اکبر) بکـا و ویردە پێشوەکە بخوێنێ و لە هەموو ئەم (تکبیر)انەدا دەس بەرز بکاتـەوە و ذیکری پێشوو بەپەنامەکی بخوێنێ • ئەم (تکبیر)انە فەرز نین ، هەروا لە (ابعاض)یش نین• ئەگەر یەکێك تەرکی کردن و دەستی کرد بە خوێندنی سوورەتی فاتیحە ، نابێ بگەڕێتەوە سەریان و سوجدەی سەهویشی ناوێ • لەپاش فاتیحە لە ڕکاتی یەکەما سوورەتی (ق) یا (سـبح اسم) و لـە ڕکاتی دووهـەما (اقتربت) یا (هل اتاك) بەئاشکرا بخـوێنێ • سـونەتە لـەپاش نوێژەکە دوو خوطبە

---

(۱) هەر مەئمـومێك قەزای لەسـەر بێ ، قەزای دوو ڕکـات نوێژی بەیـانی بکاتەوە و ، نە (الله اکبر)ەکان و نە ذیکرەکان بخوێنێ و نە دەستیش بەرز بکاتەوە .

بخوێنرێتەوە وەك خوتبەی جومعە ، بەڵام خەطیب لە جەژنی ڕەمەزانا ئادابی زەکاتی فیطر و لە جەژنی قوربانا ئادابی قوربانیـ کردن و گەورەییـ قوربانیـدان باس بکا بۆ گوێ گرتوەکان • سوننەتە لە سەرەتای خوتبەی یەکەمدا نـۆ جار و لە سەرەتای خوتبەی دوەەما حەوت جار (الله اکبر) بکا یەك لەدوای یەك •

سوننەتە خۆشۆردن بۆ ئەم جەژنانە • وەختەکەشی لە نیوەشەوەوەیە • هەروەها سوننەتە خۆ بۆنخۆش کردن و خۆ جوان کردن لەم جەژنانەدا وەك بۆ نوێژی جومعە • سوننەتیشە ئەم نوێژانە لە مزگـەوتا بکرێن • سوننەتە ئیحیا کردنەوەی شەوەکانیان بـە عیبادەت و طاعەت • لـە جەژنی ڕەمەزانا سوننەتە بنیادەم بەر لە نوێژ شتیـ بخوا ، بەڵام لە جەژنی قوربانا هیچ نەخوا تا لە نوێژ ئەبێتەوە • سوننەتە هەمو کەسیـ بەیانیـ زو بڕوا بۆ مزگەوت ، ئیمام نەبێ ، ئەو ئەبێ لەکاتی نوێژا بڕواتە مزگەوت • سوننەتە نوێژکەر بەئەدەب و ئارام بڕوا بەڕێدا • بۆ ئیمام نەبێ نوێژی سـونەت کەراهەتی نیـە لەپێش نوێژی جەژندا •

باسی هەندێ لە ئادابی جەژن

سوننەتە (الله اکبر)کردن لە خۆر ئاوابونی ڕۆژی پێش هەردو جەژنەوە، لە مەنزڵ و ڕێگەوبان و مزگەوت و ناوبازاڕا بەدەنگی بـەرز • لـە جەژنی ڕەمەزانا ئەم سوننەتیەتیـ (الله اکبر) کردنە دوایی دێ بەوە کە ئیمام نوێژی جەژن دابەستیـ • (الله اکبر)ی شەوی جەژنی ڕەمـەزان (مطلق)ە چونکە نەبەسراوە بەتەنها وەختی پاش نوێژەوە • فەرموەدەی ڕاستتر ئەوەیە لەپاش نوێژی مەغریب و عیشای شەوی جەژن و بەیانیـ ڕۆژی جەژندا (الله اکبر) سونەت نیە ، بەڵام ئیمامی نەوەویـ لە (الاذکار)دا ئەوەی بەڕاستتر زانیوە کە لەپاش ئەم نوێژانەش سوننەتە •

(الله اکبر) کردن لە جەژنی قوربانا سوننەتە ، لە بەیانیی ڕۆژی عەرەفەوە، لەپاش هەمو نوێژێکی فەرز و سوننەتدا ، حازر بێ یا قەرز ، تا عەصری دوازڕۆژی (ایام التشریق) کە ڕۆژی سێهەمی پاش جەژنی قوربانە • ئەم (الله اکبر)انە ناو ئەبرێن بە (تکبیری مقید) لەبەرئەوە کە بەسراون بەدوای نوێژەکانەوە • ڕاستتر ئەوەیە ئەم تەکبیرە موقەییەدانە لە تەکبیری موطڵەق گەورەترن ، بەڵام تەکبیری موطڵەقی شەوی جەژنی ڕەمەزان لە تەکبیری موطڵەقی شەوی جەژنی قوربان گەورەترە •

ئەموەزعەی کە وتمان بۆ غەیری حاجییەکانە • چونکە حاجی نابێ لە شەوی جەژنی قوربانا (الله اکبر) بکا ، بەڵکو ئەبێ خەریك بێ بە وتنی (لبیك لبیك)ەوە • سوننەت نیە بۆ حاجی لە بەیانیی عەرەفەوە دەس بکا بە (الله اکبر) کردن، بەڵکو لە نیوەڕۆی ڕۆژی جەژنی قوربانەوە دەس پێ بکا تا بەیانیی ئاخر ڕۆژی (ایام التشریق) • ئەو صیغەیە کە جوانە بۆ تەکبیر لە جەژنەکانا ئەمەیە (الله اکبر ، الله اکبر ، الله اکبر ، لا اله الاالله ، والله اکبر ، الله اکبر ، ولله الحمد) • سوننەتە (کبیرا ، والحمد لله کثیرا ، وسبحان الله بکرة واصیلا)یش زیاد بکا لەسەرئەم ذیکرە •

ئەگەر لە ڕۆژی سیهەمی مانگی ڕەمەزانا ، لەپێش زەوالا، شەهادەتیاندا بە چاو پێکەوتنی مانگ لە شەوی پێشودا ، ئەوە واجبە ڕۆژو بشکێنن و نوێژی جەژنیش بکەن • ئەگەر لەپاش زەوالیش تا غوروب ئەو شەهادەتەیان دا ، ڕۆژوەکە ئەشکێنن و نوێژەکەیان فەوتاوە و هەروەختێ قەزا بکرێتەوە باشە • ئەگەر لەپاش مەغریبی ڕۆژی سێهەمیش شەهادەتیاندا بەوە کە دوێنێ شەو مانگیان بینیوە ، ئەوە ئەو شەهادەتە قوبوڵ ناکرێ و سبەینێ بە جەژن دائەنرێ •

(بزانن) موصافەحە و جەژنە پیرۆزە لە هەردو جەژنەکانا سوننەتە •

سونه‌ته دوعای خێر بۆ یه‌کتر بکه‌ن • هه‌روه‌ها سونه‌ته پیرۆزبایی به‌بۆنه‌ی داهاتنی ساڵی تازه و مانگی تازه‌وه •

باسی نوێژی ڕۆژ و مانگ گیران

ئه‌م نوێژه سونه‌ته • سونه‌تیشه به جه‌ماعه‌ت بکرێ • بۆ کردنی ئه‌م نوێژه سێ شێوه هه‌یه • یه‌که‌م ئه‌وه‌یه نییه‌تی نوێژی سونه‌تی ڕۆژگیران یا مانگ گیران بهێنێ وه‌ك سونه‌تی به‌یانی که بریتییه له دوو ڕکات و له هه‌ردوو ڕکاته‌که‌دا له‌پاش خوێندنی فاتیحه سوره‌ت بخوێنێ و یه‌ك ڕکوع و دوو سوجده ببا و هه‌ردوو ڕکاته‌که به‌وجۆره بکا، جا ته‌حیات بخوێنێ و سه‌لام بداته‌وه • دووهه‌م ئه‌وه‌یه له هه‌موو ڕکاتێکا فاتیحه بخوێنێ، جا سوره‌تێ بخوێنێ له سوره‌ته ورده‌کان و ڕکوعێکی عاده‌تی ببا و کاتێ که سه‌ری به‌رز کرده‌وه بۆ ئیعتیدال دووباره فاتیحه بخوێنێ و سوره‌تێك له‌و سوره‌تانه بخوێنێ و ڕکوع بباته‌وه و له ڕکوع به‌رز بێته‌وه بۆ ئیعتیدال، جا دانه‌وێ هه‌ردوو سوجده و دانیشتنی مابه‌ینیان، وه‌ك له باقی نوێژه‌کانا به‌جێ‌یێنێ • ئه‌مه ڕکاتێك • هه‌روه‌ها ڕکاتی دووهه‌میش ته‌واو بکا، جا ته‌حیات بخوێنێ و سه‌لام بداته‌وه • شێوه‌ی سێهه‌میش که شێوه‌یه‌کی زۆر کامڵه ئه‌وه‌یه له هه‌موو ڕکاتێکا دووجار فاتیحه بخوێنێ و دووجار ڕکوع به‌رێ وه‌ك وتمان، به‌ڵام له‌پاش جاری یه‌که‌می فاتیحه‌که‌ی یا سوره‌تی (البقرة) یا به‌ئه‌ندازه‌ی ئه‌و سوره‌ته له ئایه‌تی‌تر بخوێنێ و له‌پاش جاری دووهه‌می فاتیحه‌که‌ی به ئه‌ندازه‌ی دوو صه‌د ئایه‌ت له (البقرة) و له‌پاش فاتیحه‌ی جاری سێهه‌م به‌ئه‌ندازه‌ی صه‌د و په‌نجا ئایه‌ت و له‌پاش جاری چواره‌م ئه‌وه‌نده‌ی صه‌د ئایه‌ت له (البقرة) بخوێنێ • له ڕکوعی یه‌که‌میشا ئه‌وه‌ندی صه‌د ئایه‌تی ئه‌و سوره‌ته (سبحان ربّیَ العظیم وبحمده) بخوێنێ و له ڕکوعی دووهه‌ما ئه‌وه‌نده‌ی هه‌شتا ئایه‌ت و له سێهه‌ما ئه‌وه‌نده‌ی حه‌فتا ئایه‌ت و له چواره‌ما ئه‌وه‌نده‌ی په‌نجا ئایه‌ت له‌و

تەسبیحە بخوێنێ • لە هەر سوجدەیەکیشدا لە سوجدەکان ئەوەندەی ڕکوعەکەی پێشەوەی (سبحان رَبِّیَ الاعلی وبحمدِهِ) بخوێنێ ، پاش ئەمانە تەحیات بخوێنێ و سەلام بداتەوە •

نوێژی مانگ گیران بەئاشکرا و نوێژی ڕۆژ گیران بەنهێنی ئەخوێنرێ • ئەم شێوەیە زۆر تەواوە و ڕکوعی تری لێ زیاد ناکرێ بۆ چاوەڕێیی کردنی بەربونی ڕۆژ یا مانگ • هەروەها ئەگەر لەکاتی نوێژەکەشا بەربون ڕکوعیان لێ کەم ناکرێتەوە • نوێژی ڕۆژ گیران ئەفەوتێ بە ڕوناك بونەوەی ڕۆژ و بە ئاوابونی بەتاریکی • نوێژی مانگ گیرانیش ئەفەوتێ بە ڕوناك بونەوەی و بە هەتاو کەوتن ، بەڵام بە ڕۆژبونەوە و بە ئاوابونی بە تاریکی ، تەواو نابێ •

سونەتە ئیمام لەپاش نوێژەکە دو خوطبە بخوێنێ ، وەك خوطبەکانی جومعە و تەرغیبی خەڵك بکا لەسەر تەوبە کردن و پەشیمان بونەوە لەگوناە و لەسەر دانەوەی حەقی هەرکەس کە لەسەریان بێ و لەسەر خێر و حەسەنات کردن بۆ داماوان و هەژاران •••

هەرکەسێکی لێ پێش کەوتو (مسبوق) گەیشت بە ڕکوعی ڕکاتی یەکەما ، ئەوە نوێژەکەی بەتەواوی بە جەماعەت بۆ ئەژمێررێ • بەڵام ئەگەر لە ڕاوەستانی دوهەم یا لە ڕکوعەکەیا گەیشت بە ئیمام ، ئەوە هەر ڕکاتی دوایی بۆ ئەژمێررێ و پێویستە لەپاش سەلامی ئیمام هەستێتەوە و ڕکاتێکی تر بەشێوەی ڕکاتی یەکەم بکا ، ئەوجا سەلام بداتەوە • هەروەها ئەگەر لە ڕاوەستانی یەکەم یا لە ڕکوعی ڕکاتی دوهەما گەیشت بە ئیمام • بەڵام ئەگەر لە ڕاوەستانی دوهەم یا لە ڕکوعی دوهەمی ڕکاتی دوهەما پیا گەیشت ، ئەوە ڕکاتی بۆ حیساب ناکرێ ، بەڵکو ئەگا بە جەماعەتدا و پێویستە لەپاش سەلامی ئیمام هەڵسێتەوە دو ڕکات نوێژ بەشێوەی پێشو بخوێنێ ، جا تەحیات بخوێنێ و سەلام بداتەوە •

ئەگەر نوێژی ڕۆژگیران ڕێکەوتی وەختی نوێژی جومعەی کرد ، ئەمە ئەگەر ترسی فەوتانی جومعەکەیان نەبوو ، لەپێشا نوێژی ڕۆژگیران ، ئەوجار نوێژی جومعە بکەن و خەطیب لە خوطبەی جومعەکەدا باسی ڕۆژگیرانەکە و ، داوای تەوبە و پەشیمانی لە خەڵکەکە بکا • ئەگەر ترسی فەوتانی جومعەکەیان هەبوو ، پێویستە جومعەکە پێشبخەن • ئەگەر نوێژەکە ڕێکەوتی حازربوونی جەنازەیەکی کرد ، ئەوە نوێژی جەنازەکە ئەخرێتە پێشەوە نەوەك لاشەی مردووەکە بەهۆی مانەوەیەوە بۆن بکا • هەروەها ئەگەر نوێژی جەژنیش ڕێکەوتی حازربوونی جەنازەیەکی کرد • بەڵام ئەگەر ترسی گۆڕانی لاشەکەیان نەبوو و ئومێدی ئەوەش ئەکرا پاش نوێژی جەژن یا جومعە یا هەر فەرزێکیتر قەرەباڵغێکی زۆرتر کۆببێتەوە بۆ نوێژی جەماعەت لەسەر ئەو جەنازەیە ، لەوحاڵەدا نوێژی جەنازەکە دوابخرێ باشترە تا خەڵکێکی زۆر کۆببنەوە بۆ نوێژکردن لەسەر مردووەکە •

باسی نوێژی داواکردنی بارانبارین (نوێژە بارانە)

ئەم نوێژە بۆ هەموو کەس سوننەتە لەکاتی پێویستی بارانا • چەندجاریش دووبارە ئەکرێتەوە تا باران ئەبارێ • داواکردنی باران سێ جۆرە• یەکەم دوعا و داواکردنی بارانە بەتەنها یا لەگەڵ کۆمەڵدا • دووهەم دوعا کردنە لەپاش نوێژەکان بەتەنها یا لەگەڵ کۆمەڵدا و پاڕانەوە لە خوطبەی جومعەدا • سێهەم ئەوەیە کە ئیمام و فەرمانداری موسوڵمانان ئەمریان پێ بکا لەپێشا سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بن و تەوبە بکەن و لەگوناە پەشیمان ببنەوە و حەقی هەر کەسیان لەسەرە یا بیدەنەوە یا بڕیار بدەن کە بیدەنەوە ، یاخود گەردنی خۆیانی پێ ئازاد بکەن • جا لە ڕۆژی چوارەما هەموو بە زمانی بەڕۆژووەوە و ، بە جل و بەرگێکی سووکەوە لە ئاوایی دەرچن و زۆر بەئەدەب و کزییەوە بڕۆن و منداڵ و پیریشیان لەگەڵ خۆیان بەرن و ڕان و ئاژەڵ و گاگەل و حەیواناتیتریان بدەنە

پێش خۆیان • بەڵکو ئەگەر ئەو شوێنە کافری (اهلی ذمە)شی تیابوٚ ڕێیان لێ ناگیرێ بچنە دەرەوە بەوشەرتە تێکەڵی موسوڵمانان نەبن ، جا بە جەماعەت نوێژی داوای باران‌بارین بکەن • ئەم نوێژە دوٚ ڕکاتە وەك نوێژی جەژن، یەعنی لە ڕکاتی یەکەمیا لەپاش دوعای ئیفتیتاح حەوت جار (الله اکبر) و لە ڕکاتی دوٚهەمیا لەپێش خوێندنی فاتیحە پێنج جار (الله اکبر) ئەکەن • ئەوەندە هەیە لە ڕکاتی دوٚهەمی ئەما سوٚرەتی (نوح) ئەخوێنرێ و وەختی نوێژەکە هەر کاتێك بێ قەیدی نیە • لەپاش نوێژەکە ئیمام دوٚ خوطبە بخوێنێتەوە وەك خوطبەی جەژن ، بەڵام لەجیاتی تەکبیر (استغفار) بکا ، یەعنی لە ئەووەڵی خوطبەی ئەووەڵەوە نوٚ جار و لە ئەووەڵی خوطبەی دوٚهەمەوە حەوت جار (استغفر الله) بکا • لە خوطبەی یەکەمیشدا ئەم دوعا بخوێنێ (اللهم اسقِنا غَيْثاً مغيثاً َمريئاً َغدَقا مُجَلَّلا َسحّاً طَبَقا دائما • اللهم اسقِنا الغيثَ ولاتجعلْنا من القانِطينَ • اللهم انا نستغْفِرُكَ انكَ كنتَ غفاراً ، فأرسِلِ السماءَ علينا ِمدْرارا) • خەطیب لەپاش ئەووەڵی خوطبەی دوٚهەمەوە ڕوٚبکاتە قبیلە و زوٚر موبالەغە بکا لە پاڕانەوە و دوعا خوێندندا بەئاشکرا و بەپەنامەکی • لەوکاتەدا کە ڕوٚئەکاتە قیبلە ، ئەو جلە کە ڕاست و چەپ کردوٚیەتە ناوشانی هەڵیبسوٚڕێنێ ، لای ڕاستی بخاتە لای چەپ و لای چەپی بخاتە لای ڕاست و لای خواروٚی بکاتە سەرەوە و لای سەروٚی بکاتە خوارەوە •• مەئموٚمەکانیش هەروەها بکەن لە بەرماڵی سەرشانی خۆیان و بەمجۆرە بیهێڵنەوە بەشانیانەوە تا ئەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە و لای ئەبەن • ئەگەر ئیمام تەرکی ئەم نوێژە بارانەیەی کرد ، یا شوێنەکە هەر ئیمامی نەبوٚ ، خەڵکی وڵاتەکە خۆیان بیکەن • ئەگەر خوطبەکان لەپێش نوێژەکەوە خوێنرانەوە ، یا هەر یەك خوطبە خوێنرایەوە ئەوەش دروستە •

سوننەتە ئینسان خۆی دەربخا بۆ بارانی سەرپەڵە و بێجگە لە عەورەتی هەموٚ گیانی ڕوٚت بکاتەوە بۆ ئەوەی باران لێی‌بدا • هەروەها سوننەتە خۆی

بشوا یا دەس نوێژ بگرێ بە لافاوێك کە لەو بارانە هەڵسابێ • سوننەتە لەکاتی هەورە گرمە و هەورە بروسکەدا بڵێت (سبحانَ من یسبّحُ الرَّعدُ بحمدِهِ والملائکةُ من خیفتِهِ) و بەدوای هەورە بروسکەدا نەڕوانێ و ، لەکاتی باران بارینا بڵێت (اللهم صیّباً نافعاً) و هەر دوعایەکی حەڵاڵی ئارەزو لێ بێ بیکات و لەپاش بارانەکە بڵێت (مُطِرْنا بفضلِ اللهِ ورحمتِهِ) واتە لەسایەی خواوە بارانمان بۆ بارێ • کەراهەتی هەیە بڵێت (مُطِرْنا بنوءٍ کذا) واتە لە فلانە برجا بارانمان بۆ بارێ • کەراهەتی هەیە جنێو بدا بە (با) • ئەگەر بەهۆی زۆرێ بارانەوە زیانیان پێ گەیشت سوننەتە لەخوا بپاڕێنەوە کە خۆش بکاتەوە و بڵێن (اللهُمَّ حَوالینا ولا عَلینا) واتە خوایە بە دەور و پشتمانا بباری نەك بەسەرمانا ، بەڵام نوێژ کردن بەم مەبەستە سوننەت نیە • ئەگەر هەورە گرمە و بومەلەرزە و بای توند پەیدا بو ، سوننەتە هەرکەس بۆ خۆی بەتەنها نوێژ بکا و لەخوا بپاڕێتەوە کە لایانبدا •نوێژی ئەم مەبەستە دو ڕکاتە •

(بزانن) ئەو نوێژە سوننەتانەی سوننەتە بەجەماعەت بکرێن ، گەورەترن لەو سوننەتانەی جەماعەتیان تیا سوننەت نیە • بەڵام ڕاستتر ئەوەیە کە (راتبە)ی بەرودوای نوێژەکان لە تەراویح گەورەترن •

تەرتیبی گەورەیی لەبەینی ئەم سوننەتانەدا بەمجۆرەیە : نوێژی جەژنەکان لە نوێژەکانی تر گەورەترن • نوێژی جەژنی قوربان لە نوێژی جەژنی ڕەمەزان گەورەترە ، ئەمجار نوێژی ڕۆژ گیران ، جا مانگ گیران ، جا نوێژی داوای باران بارین ، جا دو ڕکاتی سوننەتی پێش نوێژی سبەینان ، جا (راتبە مؤکدە)کانی تر • (راتبە مؤکدە)کانیش لەناو خۆیانا وەك یەکن • ئەمجا نوێژی تەرویح ، جا نوێژی چێشتەنگا ، جا دوڕکات سوننەتی طەواف بەدەوری کەعبەدا ، جا (تحیة المسجد) ، جا سوننەتی ئیحرام ، جا سوننەتی دەس نوێژ ، جا ئەو سوننەتەی کە سەبەبەکەی لە نوێژکەرەکەوە نەبێ وەك

سونەتی زەوال ، پاش ئەمانە سونەتی موطڵەق • لەناو سونەتی موطڵەقیشدا سونەتی موطڵەقی شەو گەورەترە لە سونەتی موطڵەقی ڕۆژ •

باسی وەزعی نەخۆش و شۆردنی مردوو

سونەتە ئینسان هەمیشە ئەوەندەی پێیبکرێ بیر لە مردنی خۆی و وەزعی پاشەڕۆژی بکاتەوە بۆئەوە کە خۆی لە ئیشی ناڕەوا و خوورەوشتی ناپەسەند بپارێزێ • سونەتە خۆی ئامادە بکا بۆ سەرفەرازی ئەوڕۆژەی ، بەهۆی تەوبە کردن و پەشیمان بوونەوەوە لە گوناه و دانەوەی حەقی خەڵك کە لەسەریەتی • ئەم وەزعانە بۆ ئینسانی نەخۆش پێویستترن • پێویستە بۆ نەخۆش وەصیەت بکا بۆ ئەوکەسانەی کە لە نزیکیەوەن و باوەڕیان پێئەکرێ، لەبارەی قەرزێکەوە کە لەسەری بێ یا ئەمانەتێك کە لای بێ ، یا خێر و حەسەناتێ کە بیەوێ بۆی بکرێ • پێویستە داوای گەردن ئازادێ بکا لەو کەسانە کە عەلاقە و تێکەڵییان لەگەڵیا بوە • سونەتە ئینسان لە کاتی نەخۆشیدا خۆی ڕابگرێ و کەم شکات لە دەردی خۆی بکا ، مەگەر لای دوکتۆرێکی ئەمین و باوەڕ پێکراو • هەروا سونەتە خۆی خەریك بکا بە ذیکر و تەسبیحات و خوێندنی ئەو ئایەتانەوە کە لەبەرینی بەتایبەتێ سورەتی (الاخلاص) • سونەتە هیوای زۆر بێ بە لوطفی خوای تەعالا و بەتەمای عەفو و لێ خۆش بوونی خوا بێ •

هەروەها سونەتە بۆ ئینسان سەر لە نەخۆش بدا هەتاوەکو لە یەکەم ڕۆژی نەخۆشییەکەشیا ، هەرچەند نەخۆشییەکەی دەردێکی وەك چاو ئێشەیش بێ ، بیناسێ یا نە ، دۆستی بێ یا دوژمنی بێ ، موسوڵمان بێ یا کافری (أهلی ذمّە) بێ ، بەوشەرتە دراوسێی بێ یا عەلاقەیەکی شەرعێ لەگەڵا هەبێ • بەڵێ ئەم سەرلێدانە بۆ خزم و برای موسوڵمان و ئەوانەی کە دۆست و برادەرن زۆر بەئەهمیەتترە • بەڵام سونەتە کەم دانیشێ و نەبێ

به مایەی ئازاری دڵی نەخۆشەکە ، مـەگەر ئەو خـۆی داوای لێ بکا زۆر دابنیشێ • سونـنەتە بۆ نەخۆش تەداوێ بکا و لە هەندێ کاتیشدا واجبـە • سونـنەتە لەو کاتەدا کە نەخۆش ئەکەوێتە گیاندان بەجێی نـەهێڵن و بەسەر لای ڕاستا ڕۆ بە قیبلە ڕایکێشن • ئەگەر بەلای ڕاستا نەیتوانێ بەسەر لای چەپا ڕایکێشن • ئەگەر ئەمەش ڕێ نەکەوت لەسـەر پشت ڕایکێشن ، بەڵام ڕۆی بکەنە قیبلە • هەروەها هەردوو پاژنەی پێیشی • سونـنەتە لەو کاتەدا هەر کەس بەلای نەخۆشەکەوە بوو (لا اله الا الله) بکا بۆ ئـەوە ئەویش بیڵێ و دوایێ ژیانی بەو وشەیە بێت • هەروەها سـونـنەتە سوورەتی یاسینی بەلاوە بخوێنرێ • کە گیانیشی دەرچوو زوو بەزوو تا لەشی گەرمە چـاوەکانی بنرێن بەیەکا و جمگەکانی لەشی نەرم بکرێن بەو جۆرە کە باسکی ببرێتەوە بۆلای قۆڵی و ساقی ببرێتەوە بۆلای ڕانی ، جا ڕاست ڕابکێشرێن و بە دەسەسرێك ژێر چەناکەی ببەسرێ بەسەریەوە و هەموو جلەکانی لەبەر دابکەنرێ و لەسەر کورسییەك یا شوێنێکی بەرز ڕۆ بەقیبلە ڕابکێشرێ و شتێکی قورس لەسەر سکی دابنرێ • ئەو کەسەی ئەم ئیشانە ئەکا ئەبێ مەحرەمێك بێ لـە هەموو مەحرەمەکانی میهرەبانتر بێ • واجبە پاش ئەوە کە دڵنیا بوون لـە مردنی زوو دەست بکرێ بە شۆردنی ، مەگەر شەهیدی شەڕی کافران کە دروست نیـە بشۆررێ •

لای کەمی شۆردنی مردوو ئەوەیە لەپاش لابردنی هـەر پیسـییەك کە بەلەشیەوە بێ ، هەموو گیانی بە ئاوێکی پاك و پاکەوەکەر بشۆرن و ئەو ئاوە بگا بە هەموو شوێنێکی کـە شۆردنی پێویست بێ بۆ لابردنی لـەشپیسێ ، تەنانەت ژێری پێستی سەری ذەکەری نێرینەیەك کە خەتەنە نەکرابێ • ئەگەر مردوەکە قابیلی شۆردن نەبوو ، پێویستە تیممی بـۆ بکرێ • هەروەها ئەگەر شوێنێکی قابیلی شۆردن نەبێ• واجب نیە لەسەر ئەو کەسە کە مردوو ئەشۆرێ نییەتی غوسڵی مردوو بهێنێ ، بەڵام سونـنەتە بڵێ نییەتمە غوسڵی ئـەم مردوە

بەجێ ئەهێنم • هەروا بۆ تیممەکەشی واجب نیە بەڵکو سوننەتە • ئەوەندە هەیە واجبە تیممی مردوو لەپاش لابردنی هەر پیسییەك کە بەلەشیەوە بێ • جا ئەگەر لەپاش شۆردن یا پاش تیمم شتێکی پیس لە گیانیەوە هاتەدەرەوە ، تەنها واجبە ئەو پیسییە لاببرێ و دووبارە کردنەوەی شۆردن و تیممی ناوێ • حەرامە لەسەر مردووشۆر تەماشای عەورەتی مردووەکە بکا • کەراهەتی هەیە تەماشای غەیری عەورەتی بکا مەگەر ئەوەندە کە پێویست بێ بۆ شۆردنەکەی • لای ژوورووی شۆردنی مردوو ئەوەیە لەشوێنێکی خەڵوەت و سەرداپۆشراوا بێ و مردووشۆرەکە لەسەر تەختەیەك دابنێ و لەناو کراسێکا کە لەشی داپۆشێ بەئاوێکی سارد بیشۆرێ و، وەزعی شۆردنەکە وابێ مردووەکە لەسەر تەختەیەك دابنیشێنرێ بە نەوعێ کە مەیل بکا بۆلای پشتەوە و مردووشۆرەکە دەستی ڕاستی لەسەرشانی ڕاستی مردووەکە دابنێ و پەنجەی گەورەی دەستی لە قوڵاییی پشتی ملی توند بکا و پشتی بدا بە ئەژنۆی ڕاستی خۆیەوە ، جادەستی چەپی بەهێز بهێنێ بەسەر سکیا بۆئەوەی ئەگەر شتێکی تیابێ دەربچێ • ئەمجار بەسەرپشتا ڕای بکێشێ و بەدەستی چەپی بە لەفافەیەکەوە عەورەتی بەرودوا بشۆرێ • پاش ئەمە لەفافەیەکی‌تر بکاتە دەستی ، پەنجە بکا بەدەمیا و بیهێنێ بەسەر دانەکانیا و هەرچی لە کونەلووتەکانیا هەبوو پاکی بکاتەوە ، جا وەك دەس‌نوێژی زیندوو دەس‌نوێژێکی باشی بۆ بگرێ • واجبە لەسەر مردووشۆرەکە نییەت بۆ ئەم دەس‌نوێژە بهێنێ بەڵام نییەتی دەس‌نوێژی سوننەت بهێنێ • پاش ئەمە سەر و ڕیشی بشۆرێ بە ئاوێکی وا کە بە شتێکی وەك مۆرد بۆنخۆش کرابێ و بە شانەیەکی دان‌شاش بە نەرمێ و ئارامێ بۆی دابهێنێ • ئەگەر مووییەکیان لێ کەوتە خوارەوە بیخاتەوە ناوموەکانی • پاش ئەمە لای ڕاستی بشۆرێ ، جا لای چەپی • ئەوجا هەڵی‌سوڕێنێ بۆ لای چەپ بۆئەوە کە لای ڕاستی لەپشتەوە تا پێ بشۆرێ • جا هەڵی‌بسوڕێنێتەوە بۆ لای ڕاستی بۆئەوە کە لای چەپی باش بشۆرێ لە سەر و پشتیەوە تا پێی •

له هەمو̆ ئەم شۆرینەشدا شتێکی بۆنخۆشی وەك مۆرد تێکەڵی ئاوەکە بکا • ئەمە هەمو̆ی کە وتمان بە تاقە غوسڵێك دائەنرێ • سونەتە بۆ جاری دو̆هەمیش وەك جاری یەکەم بیشواتەوە ، بەڵام بۆ جاری سێهەم بەئاوێکی ڕو̆ت هەمو̆لەشی وەك جارەکانی‌تر بشوا • ئەمە سێ جار • لەم سێ جارا هەر جاری سێهەمی بەکاردێت ، چونکە جارە پێشوەکان بەهۆی ئەو شتە بۆنخۆشانەوە کە تیایانا بوە ئاوەکەی پاکەوەکەر نەبوە ، بەڵام ئاوی جاری سێهەم ئاوێکی صافە • ڕادەی زۆر تەواوی شۆردنی مردو̆ ئەوەیە هەر کام لەم سێ شۆردنە دو̆ جاری‌تریش تەکرار بکرێتەوە کە هەمو̆ی ئەکاتە نۆ غوسڵ • باشتر ئەوەیە پیاو پیاو بشۆرێ و ژن ژن • بەڵام دروستیشە پیاو ژنی خۆی و ژن مێردی خۆی بشۆرێ ، ئەوەندە هەیە لەموەختەدا سونەتە مردو̆شۆرەکە دەس‌پێچێکی بەدەستەوە بێ بۆ ئەوەی دەستی نەکەوێ لە پێستی مردوەکە • تەرتیب لە شۆردنی مردو̆دا بەمجۆرەیە : یەکەم ئەو پیاوانە کە موستەحەقن بۆ نوێژ لەسەر کردنی وەك باوك و باپیرە و کوڕ و کوڕەزا ، جا برای باوك و دایکی ، جا برای باوکی • دو̆هەم پیاوێ کە مەحرەمی بێ وەك خاڵ و باوە پیارە • سێهەم پیاوێ کە خزمایەتی لەگەڵیا هەبێ وەك خاڵۆزا • چوارەم پیاوی بێگانە ، پێنجەم ژنی خۆی • لە شۆردنی ژنیشا تەرتیب بەمجۆرەیە : یەکەم ژنێ کە مەحرەمی بێ ، بەڵام پو̆ری خوشکی باوك لەپێش پو̆ری خوشکی دایکەوەیە • دو̆هەم ژنێ کە خزمی بێ وەك پو̆رزا و ئامۆزا و خاڵۆزا • سێهەم مەحرەمی شیر وەك خوشك و خوشکەزای شیری • چوارەم مەحرەمی ژن و ژنخوازی وەك خەسو̆ و بو̆ك و کچی مێرد • پێنجەم ژنی بێگانە • شەشەم مێردی ئەو ژنە مردوە • ئەگەر مردوەکە ژنی زەیسان یا خاوەن حەیز بو̆ تەنیا ئەم شۆردنەی بەسە •

ئەگەر بۆ شۆردنی ژن هەر پیاوێکی نامەحرەم هەبو̆ و ، بۆ شۆردنی پیاو هەر ژنێکی نامەحرەم هەبو̆ ، ئەوە دروست نیە ئەو مردوەکە بشۆرێ ،

بەڵکو ئەبێ تیممی بۆ بکات • بەڵام ئەگەر وا هەڵکەوت ئەو پیاوە نامەحرەمە یا ئەو ژنە نامەحرەمە مردوەکەی شۆرد ، ئەوە کافییــە و فەرزەکەمان لەسەر لائەچێ •• دروستە ژنی مردوشۆر لە حەیزا بێ • منداڵێکیش کە نەگەیشتبێتە قۆناغی ئارەزو کردن ، کوڕ بێ یا کچ ، دروستە بۆ پیاو و بۆ ژن بیشۆرن • بەڵام ئەگەر گەیشتبوە ئــەو قۆناغە ، حوکمی پیاو و ژن پەیدا ئەکا ••

منداڵی لەبارچو ئەگەر سەر و صورەتی ئادەمیــزادی تیا دەرنەکەوتبو شۆردن و نوێژی ناوێ • بەڵام سوننەتە جلێکی پێوە بپێچرێ و دفن بکرێ • ئەگەر سەر و صورەتی ئادەمیزادی تیابو ، بەڵام نیشانەی ژیانی نەبو وەکو جوڵە و دەنگ ، ئەوە پێویستە بشوررێ و دفن بکرێ هەرچەند نوێژی لەسەر ناکرێ • ئەگەر سەر و صورەتی هەبو و نیشانەی ژیانیشی پێوە دیارێ دابو کە دەنگ و ئاوازە و جوڵەجوڵە ، ئەوە وەکو ئینسانی گەورە وایە شۆردن و کفن و نوێژ لەسەر کردن و دفن کردنی واجبە •

ئەگەر پارچەی ئینسانێك لەشوێنێکا کەوتبو ، ئەوەیش حوکمی وەك مردویەکی تەواو وایە شـۆردن و کفن و نوێژ لەســەر کردن و دفن کردنی پێویستە •

کەراهەتی هەیە بڕینی نینۆکی مردو و تاشین و قرتاندنی مــوی سەر و ڕیش و شوێنی‌تری • هەتاوەکو ئەگەر ڕشك و چنگنە بەسەر و ڕیشی پیاو و قژی‌ژنەوە مەنعی تەڕبونی موەکان بکەن،ئەوە عەفویان لێ‌ئەدرێ و ناتاشرێن و پێویستیش نیە بە تیمم • بەڵێ ئەگــەر موی ســەر و ڕیش لەخۆیەوە لولی خواردبو ، یا بەهۆی دەرمانێکی وەك جەوییەوە نوسابو بەیەکەوە و ئاوی پێ نەئەگەیشت ، ئەوە لەم کاتەدا واجبە ئەو موانە بتاشرێن • بەڵام (شیروانی) ئەڵێ بەهیچ جۆرێك مــوی مردو ناتاشرێ و عەفو ئەدرێ لــە تەڕ نەبونی • کەسێك بە جل‌وبەرگی ئیحرامەوە لە حــەج و عەمرەدا بمرێ ، واجبــە هیچ

وەزعێکی نەگۆڕێ ، بەم مەعنایە نابێ لە وەختی شۆردنا ئاوی غوسڵەکەی بۆن خوش بکرێ • هەروا کفنەکەشی دەرمانی بۆنخۆشێ پێوە ناکرێ ، تا شێوەی ئیحرامەکەی بمێنێتەوە • پێویستە مردوشۆر کەسێکی ئەمین بێ ، ئەگەر نیشانەیەکی چاکەی بە مردوەکەوە دێ باسی بکا و ئەگەر نیشانەی خراپەی پێوەدێ بێدەنگ بێ مەگەر لەبەر مەصڵەحەت •

باسی کفن‌کردنی مردو

مردو کفن ئەکرێ بە هەر پۆشاکێك لەژیانیا دروست بوبێ لەبەری بکا • کفنی زۆر باش ئەوەیە ڕەنگی سپی بێ • لای کەمی کفن جلێکە هەمو لەشی داپۆشێ ، بێجگە لە سەری پیاوێك و ڕوی ژنێك کە لە ئیحراما بن • ئەم ئەندازەیە حەقی خوایە ، هەرچۆن بوە ئەبێ جێبەجێ بکرێ • ئەوەی کە حەقی مردو خۆیەتی سێ کفنی سەر تا پێیە • کەس ناتوانێ مەنعی ئەم سێ کفنە بکا لە مردو مەگەر خاوەن قەرزێکی وا قەرزەکەی هەمو ماڵی مردوەکە بگرێتەوە • میراتگر ناتوانن مەنعی کفنی دوهەم و سێهەم بکەن لە مردو هەرچەند مناڵی ناباڵغیشیان تیابێ ، چونکە ئەم سێ کفنە حەقی مردوەکە خۆیەتی • بەڵام ئەگەر خۆی وەصیەتی کردبو بۆی نەکەن، ئەوە بۆی ناکەن• ئەوەش کە حەقی میراتگر خۆیەتی ، کفنی چوارەم و پێنجەمە • کەواتە ئەگەر لەناو میراتگرەکانا مناڵی ناباڵغ هەبو ، بەقەطعی ئەم دو کفنە زیادە دروست نییە • هەروەها ئەگەر میراتگری باڵغ ئارەزوی نەبو ئەو دو کفنە بکا ، ئەتوانێ نەیەڵێ بۆی بکرێ •

جا ئەگەر هیچ مانیعێك نەبو لە زیاد کردنی ئەم دو کفنەیش ، ئەوە بۆ ژن واباشە پێنج کفنەکەی دوانیان باڵاپێچ (لفافە) بن و سیانەکەیان جلێك بن بۆ بەینی ناوك و ئەژنۆ کە پێی‌ئەڵێن (ازار) و کراسێکی قۆڵدار کە لە ناوشانیەوە تا قولاپەی پێی بگرێتەوە کە پێی‌ئەڵێن (قمیص) و ، سەرپۆشێك

که بەدەوری سەریا بپێچرێ که پێی‌ئەڵێن (خمار) • بەڵام بۆ پیاو هەرچەند مانیعیش نەبێ له زیادکردنی کفن ، هەر سێ کفن باشترە ، چونکه داپۆشینی ژن له داپۆشینی پیاو مەطلەب‌ترە• بەڵام دروستە دوانە زیادەکەشی بۆ بکرێ• زیادە ڕەوێ له کفن کردنا کەراهەتی هەیە هەرچەند مانیعیش نەبێ • کفنی شۆراویش له نەشۆراو چاکترە • منداڵیش وەکو باڵغ وایە له ئادابی کفن و ، له فەرقی نێوانی ژن و پیاوا • ئەگەر کەس‌وکاری پیاوی مردوو هەر ئارەزویان هەبو پێنج کفنی بۆ بکەن ، ئەوە واباشە سیانیان باڵاپێچ و دوانیان کراس و مێزەرە بن • ئەگەر هەر سێ کفن کرا بۆ مردوو ئەوە واجبە سێ باڵاپێچی وا بن هەمو لەشی مردوەکە داپۆشن• باشتریش ئەوەیە هەر سیانیان وەك یەك وابن، واتە هیچیان پان و درێژتر نەبێ ، هەر چەند ئەگەر یەکێکیان هەمو گیانی داپۆشێ ، دروستە ئەو دوانەکەیان پانتر یا درێژتر بن • جا ئەگەر سێ کفنەکە باڵاپێچ بون و گەورە و بچوکیان تیابو ، کامیان گەورەترە ، ئەوەیان لەپێشا ڕاخەن ، ئەمجا دوهەمەکەیان و پاشان سێهەمەکەیان ڕاخەن و دەرمانی بۆنخوش بە هەرسێکیانەوە بکەن • ئەگەر زیاتریش بون هەر بەم پێیە ڕایانخەن ، جا مردوەکە وشك‌کەنەوە و بەئارام ڕایکێشن بەسەر کفنەکانا و لۆکەی پاکی شێ‌کراوە لەسەر هەمو کونەکانی گیانی دانێن و هەردو ڕانی بە شتێك ببەستن بەیەکەوە ، جا یەکەیەکە کفنەکانی پێوە بپێچن و بە شتێك قایمیان بکەن • که خستیشیانە قەبرەوە ئەو شتانەی لێ‌بکەنەوە •

(بزانن) کفنی مردو له ماڵی خۆی ئەکرێ • ئەگەر خۆی هیچی نەبو لەسەر ئەو کەسەیە که نەفەقەی لەسەریەتی وەك باب و باپیر و کوڕ و کوڕەزا و مێرد •• تاد • ئەگەر ئەمانە نەبون ، لەسەر ماڵێکە وەقف کرابێ بۆ کفن کردنی مردو • ئەگەر ماڵی وەقفی وایش نەبو لەسەر خەزێنەی موسوڵمانانە • ئەگەر ئەوەش نەبو ، لەسەر هەر موسوڵمانێکی دەسەڵاتدارە که لەوشوێنەدا بێ • کەراهەتی هەیە هەڵگرتنی کفن مەگەر کفنێك که زۆر دور لە شوبهە بێ ،

بەڵام هەڵکەندنی قەبر پێش وەخت دروستە ، بەتایبـەتی لەجێگەیەکدا کـە سەخت بێ و قەبری بەناڕەحەت تیا هەڵبکەنرێ •

نوێژی مردوو

ئەر کانی نوێژی مردوو ، یەکـەم نییەتی فـەرزی نوێژی مردوە لەگەڵ (تکبیری تحرم)دا • پێویست نیە نوێژکەر لە نوێژەکەیا ئیشارەت بـۆ ئەوە بکا کە نوێژەکەی فەرزی کیفایەیە • هەروەها پێویست نیە مردوەکە بناسێ ، ئەگەر زۆریش بون پێویست نیە ناو و ژمارەیان بزانێ ، یاخود بزانێ مردوەکە ژنە یا پیـاوە • بەڵکو ئەگەر نییەتی نوێـژی مردوو بهێنێ بـۆ هەموو ئەو موسوڵمانانەی لەو ڕۆژەدا مردوون ، دروستە • ئەگەر چەند مردوویەك حازر بوون ئەتوانێ نییەتی نوێژی هەموویان بێنێ و بەتەنیا یەك نوێژ لەسەر هەموویان بکا • بەوشەرتە خاوەنەکانیان ڕازیٚ بن • بـۆ مەئموومیش دروستە نییەتی نوێژی مردوو بهێنێ لەسـەر ئەو کەسانە کە ئیمام نوێژیان لەسەر ئەکا • بەڵێ ئەگەر هاتو مردوەکەی دیاریٚ کرد و دەرکەوت ئەو کەسـە نیە ، نوێژەکەی بەتاڵە •

ڕوکنی دووهەم چوار (الله اکبر)ە بەوەی نوێژ دابەستنیشەوە • ئەگەر پێنج (الله اکبر)ی کرد و لای وابو دروستە ، زیانی نیە • بەڵام ئەگەر باوەڕی وابو بەتاڵە و لەگەڵ ئەوەشدا کردیٚ ، ئەوە نوێژەکەی بەتاڵ ئەکاتەوە • ئەگەر ئیمام پێنج (الله اکبر)ی کرد ، مەئموم شـوێنی نەکەوێ ، بەڵکـو نییەتی جیابوونەوە بهێنێ و سەلام بداتەوە ، یا چاوەڕوانیٚ بکا تا ئیمامەکەی سەلام ئەداتەوە ، ئەوجا سەلام بداتەوە ••

ڕوکنی سێهەم خوێندنی فاتیحەیە لەپاش (الله اکبر)ی یەکەم • سوننەتە لەپێش فاتیحەکەدا (تعویذ)یش بخوێنێ ، بەڵام دوعای (افتتاح) و خوێندنی

سوڕەت لەپاش فاتیحە سوننەت نین •

ڕوکنی چوارەم صەڵاواتدانە لەسەر پێغەمبەر صلی‌الله علیه وسلم لەپاش (الله اکبر)ی دوهەم • صەڵاواتدان لەسەر ئال لێرەدا واجب نیە بەڵکو سوننەتە • لای کەمی صەڵاواتەکە (اللهم صلی علی محمد)ە و ، صیغەی صەڵەواتی تەحیات لەمشوێنەدا لە صیغەکانی‌تر گەورەترە •

ڕوکنی پێنجەم دوعایە بۆ مردوەکە لەپاش (الله اکبر)ی سێهەم • لای کەمی ئەم دوعایە ئەوەیە بڵێت (اللهمَّ ارحَمْه) یا (اللهمَّ اغفِرْ لَه) • دوعای مەشهوریش ئەمەیە (اللهم اغفِر لِحَیِّنا ومیِّتِنا وشاهِدِنا وغائِبنا وذَکَرِنا واُنثانا • اللهمَّ من احیَیْتَهُ منا فاَحْیِهِ علی الاسلام ، ومن توفَّیْته مِنا فتَوَفَّهُ علی الایمانِ) بۆ نوێژ لەسەر منداڵی مردو ئەمەش بڵێ (اللهمَّ اجعله فَرْطاً لأبَوَیْه ، وسلَفاً وَذُخرا وعِظَةً واعتِبارا وشفیعاً ، وثقِّل به موازینهما وأفرِغِ الصَّبْرَ علی قلوبهما)• لەپاش تەکبیری چوارەم و پێش سەلام دانەوە سوننەتە بڵێت (اللهمَّ لاتَحرِمْنا اجرَهُ ولاتفتِنّا بعدَهُ) • لە هەمو دوعاکانی ناونوێژی مردودا ئەبێ (ضمیر)ەکان بەپێی مردوەکە بگۆڕێن ، یەعنی ئەگەر مردو نێر بێ یا مێ ، یەکێك بێ یا زیاتر ، ضەمیرەکە بەوپێیە بگۆڕێ •

ئەگەر کەسێك ئیقتیدای کرد بە ئیمام و بەبێ عوزر ڕاوەستا تا ئیمام فاتیحەی خوێند و (الله اکبر)ی دوهەمی کرد ، ئەوە نوێژەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە • ئینسانی مەسبوقیش حەقی وایە کە چوە نوێژەکەوە و (الله اکبر)ی کرد ، دەس‌بکا بە خوێندنی فاتیحە ، با ئیمام لە شوێنێکی‌تریشا بێ • جا ئەگەر ئیمام (الله اکبر)ێکی‌تری کرد لەپێش ئەوەدا کە ئەم دەس بکا بە فاتیحە ، ئەوە لەگەڵ ئیماما (الله اکبر) بکا و فاتیحەی لەسەر لائەچێ • ئەگەر لەوکاتەدا کە ئیمام (الله اکبر)ی دوایی کرد مەسبوقەکە لەفاتیحەدا بو ، تەرکی

فاتیحە بکا و شوێنی ئیمام بکەوێ و لەپاش سەلامی ئیمام هەرچێ لەسەر ماوە لە خوێندنی فاتیحەی پاش (الله اکبر)ی یەکـەم و تەکبیرەکانی‌تر بەخۆیان و ذیکرەکانیانەوە ، هەمۆیان بخوێنێ • بـەڵام فەرمۆدەیەکی ئیمامی شافیعێ هەیە کە تەنها ئەو تەکبیرانەی لەسەری ماون یەك لەسەر یـەك بیانڵێ و ذیکر نەخوێنێ و سەلام بداتەوە •

(بزانن) هەرچێ شەرتی نوێژەکانی‌ترە بۆ نوێژی مردۆیش شەرتە ، زیاد لەوانە بەشەرتیش گیراوە ئـەو کەسەی نوێژی مردۆ ئـەکا پیاو بێ • کەواتە ئەم نوێژە بە ژن پێك‌نایەت مادەم لەو شوێنەدا پیاو یا منداڵی نێرینەی خاوەن تەمیز ببێ• ئەگەر پیاو یا منداڵی نێرینەی خاوەن تەمیز نەبۆ، پێویستە ژن نوێژەکە بکا و فەرزەکە بەوە دێتەدێ و سوننەتە بە جەماعەتیش نوێژەکە بکەن • ئەگەر پاش ئەوان پیاو پەیدابۆ ، پێویـسـت ناکا نوێژەکە دۆبارە بکەنەوە • ئەگەر لەپـاش نوێژی پیاوان لەسەر مردۆ خەڵـکی‌تر هاتن ، سوننەتە ئەوانیش نوێـژی لەسەر بکەن • شەرتە نوێـژی مردۆ لەپاش تەواوبۆنی شۆردنی مردوەکە بێ[1] • هەروەها شەرتە هیچ پیساییەك بە لەش و کفنی مردوەکەوە نەبێ ، هەتاوەکو ئەو تابۆتەی مردوەکەی پێوە بەسراوە ئەبێ پاك بێ و ئەو بەرگەش کە پێچراوە بە مردوەکەوە هەر ئەبێ پاك بێ • بەڵێ خوێنی ئینسانی کوژراو کـە بەردەوام لـە لەشیەوە بێت ، عەفوە و مانیعی نوێژ لەسەرکردنی نیە • هەروەها ئەو تابۆتە کە مردوەکەی تیایە ئەگەر پێیەوە نەبەسرابێ و کفنەکەی پیس نەکا ، مانیع نیە لە دامەزرانی نوێژکردن لەسەر مردوەکە • شەرتە لەکاتێکا کە نوێژکەر نوێژی مردۆی حازر بکا ، جەنازەکە لەپێشیەوە بێ ، ئیتر شەرت نیە مردوەکە لەعاستی سوجدەگای نوێژکەرەکەدا بێ • هـەروەها پێویست نیـە مردوەکە ڕۆەو

---

(١) بەڵام کەراهەتی هەیە نوێژکردن لەسەر مردۆ بەرلەوەی کفنی بکەن .

قیبله دانــرابێ • ئەگەر لەسەر قەبرەکەی نوێژی لەسەر کــرا ، شەرتە قەبرەکەی لەپێشەوە بێ •

دروستە نوێــژ لەسەر مــردوی (غائب) نادیار ، هەرچــەند شوێنی مردوەکە نەکەوێتــە لای قیبلەوە ، یا نوێژکەرەکە لێــی پێش کەوتبێ • مەبەست لەمردوی نادیار ئەوەیە لەشوێنێکا بێ نیسبەت نەدرێ لــە شوێنی نوێژکەرەکە • کەواتە هەر مردویەك لەناو شورای شاری نوێژکەرەکەدا بێ بە حازر ئەناسرێ و لەو شارەدا نوێژی نادیاری بۆ ناکــرێ و پێویستە نوێژکەرەکە بڕواتە سەر جەنازەکەی • هەروەها چەند دێهاتیوا کە تێکەڵی یەك بن بە یەك جێگە ئەناسرێن و نوێژی نادیار بۆ ئەهلی یەکێ لەو دێیانە لەسەر مردوی دێکەیتر ناکرێ •

فەرزی نوێژی جەنازە بە تاقە پیاوێك پێكدێت و جەماعەت شەرت نیە بۆی ، بەڵکو سوننەتە • سوننەتە نوێژکەرەکــان بە ســێ ڕیز بوەســتن و هەمویان دوعای خێر بۆ مردوەکە بکەن • واجبە ئەم نوێژە پێش دفن کردن بێ • ئەگەر وا ڕێکەوت بەر لە نوێژ لەســەر کردن دفن‌کرا ، دروستە پاش دفنیشن نوێژەکەی بکرێ بەوشەرتە ئەوکەسە کە نوێژەکە ئەکا لەکاتی مردنی مردوەکەدا ئەهلی فەرزی ئەو نوێژە بوبێ ، یەعنی باڵغ و عاقڵ و پاك بوبێ •

(بزانن) شەهید ناشۆررێ و نوێژیشی لەسەر ناکرێ•شەهید بە کەسێك ئەڵێن لە شەڕی کافرانا بەهۆی شــەڕەوە کوژرابێ • ئەگــەر بە دەردێکی تایبەتی مرد ، یا لە شەڕەکەدا موسوڵمانێك کوشتی ، یاخود کافرەکــان لــە شەڕەکەدا برینداریان کرد و لەپاش شەڕەکە وەفاتی کرد ،ئەوە بە شــەهید ناناسرێ و پێویستە بشۆررێ و نوێژیشی لەسەر بکرێ • هەروەها کەســێ لە شەڕی ئەوانەدا بکوژرێ کە لە گەورەی موسوڵمانان یاخی بوون •

ئەگەر ئینســانێکی لەش‌پیس شــەهید کرا ، ئەوە فەرمودەی ڕاست

ئەوەیە ناشۆرریٚ • بەڵام هەر پیسییەکی غەیری خوێن و زامی کاتی شەڕ بە لەشی شەهیدەوە بێ پاك ئەکرێتەوە• شەهید ئەبێ بە بەرگە خوێناوییەکەی خۆیەوە دفن بکرێ • جا ئەگەر هەمو لەشی دانەپۆشێ ، ئەبێ ئەو شوێنەی کە بەدەرەوەیە بە پارچەیەکیتر داپۆشرێ •

(بێداریٚ) کەسێك کە خۆی کوشتبێ ئەشۆرریٚ و نوێژیشی لەسەر ئەکرێ وەکو هەر موسوڵمانێکیتر • بۆ ئیمامەتی نوێژی مردو خزم و کەس‌وکاری مردو باشترن لە فەرمانداری شەرعێ • لەناوئەوانیشا ئەم تەرتیبە ڕاگیر ئەکرێ : باوك ، باپیر ، باپیرە گەورە ، کوڕ ، کوڕەزا ، برای باوکێ و دایکێ ، برای باوکێ ، برازای کوڕی برای باوکێ و دایکێ تا ئەڕوا لەسەر شێوەی میراتگرتن • ئەمجار خزمانی غەیری نەسەب • ئەگەر دوکەس لە پایەیەکا بون ، ئەوە کامیان پیرتر یا لەخواترس‌تر بو ئەوەیان ئەبێ بە ئیمام •

سوننەتە ئەوکەسەی نوێژی مردوئەکا،لەعاستی سەری پیاو و سێ‌بەندەی ژنا ڕاوەستێ • سوننەتە هەڵگرتنی جەنازە بە سێ کەس بێ یەکێك لەپێشەوە و دوکەس لەپاشەوە • ئەوکەسە کە وا لەپێشەوە هەردو داری تابوتەکە بخاتە سەر هەردو شانی و ئەو دو کەسەیش کە لەدواوەن یەکی دارێ لەو دارانە بخەنە سەرشانیان • ئەم شێوەیە ثەوابی زۆرترە لەوە کە دو کەس لەپێشەوە و دوکەس لەدواوە بن •

سوننەتە سەری مردوەکە لەتابوتا لەپێشەوە بێ و ، کە گەیشتنە سەرقەبران تابوتەکە وادابنرێت سەری مردوەکە بکەوێتە لای پێی قەبرەکەوە، بۆئەوەی لەو کاتەدا کە ئەخرێتە قەبرەوە ، لەلای سەریەوە بەئارامێ ڕای بکێشن بۆ ناو قەبرەکەی •

سوننەتە (تشییع) بەڕێ‌کردنی جەنازە • ڕۆیشتن بە پیادە لەپێشی جەنازەوە باشترە لە ڕۆیشتن بەسوارێ ، یا بەپیادە لەپاشیەوە •سوننەتە مردو

به پەلە ببرێ ئەگەر ترسی گۆڕانی مردوەکە نەبێ بەهۆی پەلەکردنەوە • سوننەتە ئەوکەسانە کە جەنازەکە هەڵئەگرن هەمو پیاو بن هەرچەند جەنازەکە جەنازەی ژن بێ • حەرامە جەنازە بەشێوەیەکیوا هەڵبگیرێ کە عەیب و شورەیی بێ ، یا ترسی داکەوتنی لێبکرێ • سوننەتە شتێکیوا بدرێ بەسەر جەنازەی ژنا کە داپۆشێ ، یا جەنازەکە بخرێتە ناوشتێکەوە نەهێڵێ بەدەرەوە بێ وەك تابوت • کەراهەتی هەیە دەنگ بەرزەوە کردن و ڕاکردن لەگەڵ جەنازەدا لەوکاتەدا کە ئەبرێ بۆ سەرقەبران ، هەرچەند ئەو دەنگ بەرزکردنەوەیشە بە خوێندنی قورئان و ذیکر و صەلاواتدان بێ • هەروەها دەنگ بەرز کردنەوە کەراهەتی هەیە لەکاتی شۆردن و کفنکردن و خستنە ناو تابوت و دانانی مردو لەلای قەبرا تا دائەپۆشرێ • بەڵێ ئەگەر لەپاش شۆردن و نوێژ لەسەر کردنی ، لە شوێنێکی پاکا دانرا تا قەبرەکەی تەواو ئەبێ ، یا تا ڕۆژ ئەبێتەوە و ئەبرێ بۆ سەرقەبران ، ئەوە خێرە قورئانی بەدەورا بخوێنرێ بەوشەرتە کە ئەو قورئان خوێندنە نەبێ بەهۆی سەرلێشێوانی ئەهلی مزگەوت لە نوێژ و ئادابی نوێژیانا ، بەتایبەتی ئەگەر ببێ بەمایەی مەنعی خەڵك لە قسەی دنیایی بەدەوری جەنازەکەدا وەکو لە (فتاوی ابن زیاد الیمانی) وەرئەگیرێ •

کەراهەتی هەیە ئاگر هەڵگرتن بەشوێنی جەنازەدا ، مەگەر وا ڕێکەوێ بە شەو دفن بکرێ و ئاگر و چرا پێویست بێ بۆ دەفعی سەرما ، یا بۆئەوەی خەڵکەکە بتوانن مردوەکە باش دفنکەن ، چونکە دفنکردنی مردو بە شەو دروستە و کەراهەتی نیە •

حەرامە گواستنەوەی مردو لەشوێنی مردنەکەیەوە بۆ قەبرستانی جێگەیەکیتر ، مەگەر بەوشەرتە کە ترسی گۆڕانی مردوەکەمان نەبێ و ، ئەو شوێنەش کە بۆیئەبرێ (مکە) یا (مدینە) یا (بیت المقدس) یا

گۆڕستانێکیوا بێ صاڵحان و پیاوچاکانی تیا دفن کرابێ ، لەوحاڵەدا قەید ناکا •

باسی قەبر و ئادابی دفن

لای کەمی قەبر چاڵێکیوایە نەهێڵێ بۆنـی مردوەکە بێتـەدەر و مەنعی دڕوندەبکا لەوە کە مردوەکە دەرکێشـنە دەرەوە • سـونەتە قەبر ئەوەندە گوشاد بێ بەئاسانێ جێگـەی مردوەکەی تیـابێتەوە و ئەوەندە قوڵ بـێ ئینسانێکی نە کورت و نە درێژ لەناویا ڕاوەستێ و هەردو دەستی هەڵبڕێ ئەوجا بگاتە لێوارەکەی • ئەگەر ئەو زەوییەی قەبرەکەی تیا هەڵئەکەنرێ زەوییەکی ڕەق بو ، وا چاکە قەبرەکە بە (ئەلحـەد) واتە (لادڕ) هەڵکـەنن • ئەگینا هەر لەناو چاڵەکەدا گۆڕێچەی بۆ دروست کەن • ئەوجا مردوەکە کـە لەپێینی قەبرەکەوە دانراوە ، بەنەرمێ لای سەریەوە ئەهێنرێ بۆ ناو قەبرەکە • سونەتیشە ئەوکەسانەی کە باشتر وایە ئەوان نوێژی لەسـەر بکەن ، هـەر ئەوانە دای بهێڵنە خوارەوە بۆ ناو قەبرەکە • هەروا سونەتیشە ئەوکەسانە تاق بن و لەوکـاتەدا جلێـك بدەن بەسـەر قەبرەکەدا تـا باش مردوەکـەی تیا دائەمەزرێنن • بەڵێ بۆ ژنێ کە شوی هەبێ، مێردەکەی لە هەمو کەس چاکترە بۆ داهێشتنی بۆ ناوقـەبر • جا ئەگەر قەبرەکە لادڕ بـو لەسەر لای ڕاست ڕای بکێشن و پاڵی بدەن بەوپەڕی ئەلحەدەکەوە و پشتەکەی بە خشت یا بـە بەرد قایم بکەن ، ئەوجار چاڵەکەی لاپشتی پڕبکەنەوە • ئەگەر گۆڕێچەش بۆ سەری جەنازەکە بە تەختە بەرد یا بە خشت یا بە دار بگرن ، جا قەبرەکە بەسەر ئەوەدا پڕبکەنەوە • سونەتیشە خشتێ بخەنە ژێر سەری و لەعـاستی سەریا کفنەکەی لادەن • سونەتە بۆ ئەوکەسەی لە قەراغی قەبرەکەدا بێ سێ مشت خۆڵ لە خـۆڵی قەبرەکە هـەڵبگرێ و بەسـەر یەکێکیـانا (منهـا خَلَقْناكُمْ) و بەسەر دوەهەمیانا (وفیها نُعیدُكم) و بەسەر سێهەمیانا (ومنها

نُخرِجُكُمْ تارةً اخرى) بخوێنێ و پاشان ئەو مشتە خۆڵانە بکاتە خوارەوە بۆلای سەری مردوەکە • هەروەها سوننەتە یەکێك مشتێ خـاك هەڵبگرێ و حەوت جار (اِنا انزلناهُ في ليلةِ القدرِ)ی تا ئاخر بەسەرا بخوێنێ و بیکـا بەسەر کفنەکەیا • جا پـاش ئەمە خۆڵ بکرێتـە قەبرەکەوە تا پڕئەبێتـەوە • سوننەتە قەبر ئەوەندەی بستێك بەرز بکرێتەوە ، بەڵام بەرزییەکە تەختبـێ باشترە لەوە لەبنەوە پان و لەسەرەوە باریك بێ ••

سوننەتە یەکێك لەوانە کە مردوەکە ئەخەنە ناو قەبرەوە بڵێت (بسم اللهِ ومن اللهِ وعلى ملّةِ رسولِ الله)• هەروەها سـوننەتە هیـچ لەژێر مردوَدا ڕانەخەن • کەراهەتی هەیە مردوَ لە صندوَقا بخەنە قەبرەوە مەگەر خاکەکـە نمدار و ڕوَخەك بـێ • سـوننەتە سـەری قەبرەکـە ئاوڕشـێن بکرێ و دابکوترێتەوە و حەوت بەردی بچوَك بەڕێز لەسـەر قەبرەکە دابنرێ و ، لای سەریەوە کێلێکی بۆ داکوتن • ئەگەر بەردێکیش لای پێیەوە و بەردێکیش لە ناوەڕاستی قەبری پیاودا هەبێ بۆ لێك جوێ کردنەوەی قەبری پیـاو و ژن ، ئەوە قەیدی نیە • هەندێ لە ئەهلی شەرع ئەڵێن ئەمەیش بە قیـاس لەسـەر دانانی بەرد لای سەریەوە سوننەتە •

سوننەتە لەپاش تەواوبوَنی قەبرەکـە تەڵقینی مـردوَ بکری و تەڵقـین خوێنەکە لای سەری قەبرەکەوە دانیشێ و پشت بکـاتە قیبلـە و ڕوَبکـاتە مردوەکە و بڵێت (يا عبدَاللهِ ابنَ امةِ اللهِ • اُذكُرِ العهدَ الذي خَرَجتَ عليه منَ الدنيا شهادةَ ان لاالهَ الا اللهُ وحـدهُ لاشريكَ له ، وان محمـداً رسولُ الله ، وان الجنةَ حقٌ وان النـارَ حـقٌ ، وان البعثَ حـقٌ ، وان الساعةَ آتيةٌ لاريبَ فيها ، وان الله يبعثُ من في القبور • وانكَ رضيـتَ باللهِ رباً وبالاسلامِ ديناً وبمحمدٍ صلى الله عليه وسلم نبياً وبالقرآنِ اماماً وبالكعبةِ قبلةً وبالمؤمنينَ اخواناً • ربّيَ الله لااله الا هو عليه توكلتُ وهو ربُّ العرشِ العظيمِ) • سوننەتیشـە ئەمە تا سێجار تەکرار بکرێتـەوە •

سونەتە لەکاتی تەڵقینا خەڵکەکە ڕاوەستن و تەڵقین خوێنەکە دانیشێ • جا پاش ئەمە سونەتە هەمویان دوعای خوڕاگرتن (تثبیت)ی بۆ بکەن و بڵێن (اللهم ثبّت لسانَهُ علی جوابِ المَلَکَیْن) • سونەتیشە ئەم کۆمەڵە کە دوعاکە ئەخوێنن چەند دەقیقەیەك بەسەر قەبرەکەوە ڕاوەستن و پاشان بەجێی بێڵن •

هەندێ لە ئادابی قەبر

سونەتە قەبرستانی هەر خێزانێك پێکەوە بێ • دروست نیە قەبر هەڵدرێتەوە مەگەر لەبەر ئەوە کە شتێکی زۆر بەقیمەتی تێکەوتبێ • هەروا دروست نیە هەڵیبدەنەوە و مردوەکە بگوێزنەوە مەگەر لەبەر ناچاریێ وەك ئەوە کە ئەو ئەرزەی تیا نێژراوە ئەرزی یەکێکیتر بێ و ڕازێ نەبێ ئەو مردوەی تیا بنێژرێ• یا مردوەکە وەختی خۆی نەشۆرابێ و هێشتا نە گۆڕابێ، یا ڕوو بە قیبلە نەنێژرابێ • دروست نیە مردوو بخرێتە ناو قەبری کۆنەوە مەگەر مردوە پێشوەکە بەتەواوێ ڕزیبێ و نیشانەی نەمابێ و ناودارێکی گەورەی ئیسلام نەبووبێ • دروست نیە دووکەس لە یەك قەبرا بنێژرێن مەگەر لەبەر ناچاریێ ، ئەوسا کامیان گەورەترە ئەوەیان ئەخرێتە پێشەوە • ناشتنی مردوو لە قەبرستانی عوموومیدا باشترە تا لە خانوودا مەگەر لەبەر مەسەڵەحەتێکی شەرعیێ • دروست نیە بینای قەبر چ لەناویەوە و چ بەسەریەوە مادەم لە قەبرستانی عوموومیدا بێ ، چونکە ئەوە ئەبێ بەهۆی داگرتنی خاکی وەقف کراو • بەڵام بینای قەبر لە موڵکی خاوەنەکەیا چ لەناو قەبرەکەوە و چ بەسەریەوە دروستە لەبەر ناچاریێ وەك نەرمیێ خاکی قەبرەکە و لە ترسی هەڵدانەوەی لەلایەن دڕونده و دوژمنەوە ، یا لەترسی لافاو • لەمحاڵانەدا نەك هەر دروستە بەڵکو واجبیشە • ئەگەر سەبەبێکیوا نەبوو مەکرووهە • بەڵێ هەندێ لە زانایان وتویانە دروستە بیناکردنی ناوی قەبر لە خاکی وەقفکراوا و

هەڵبەستن و قایمکردنی چوار دەورەکەی ئەوەندەی پێویست بێ لەترسی لافاو و دڕندە ، بۆئەوە کە خەڵك دەست لە قەبرەکە نەدەن و هەڵی نەدەنەوە ، بەوشەرتە ئەوەندەی ناچارییەکە بێ ٠

حەرامە دانیشتن لەسەر قەبر و هەنگاودانان لەسەری ٠ هەروەها حەرامە مەجاڵ بدرێ گاگەل و ئاژەڵ بەسەریا بڕۆن ٠ بەڵام ئەگەر ناچاربوون هاتوچۆی بەسەرا بکەن بۆ هەڵکەندنی قەبر بۆ مردوویەك ، یا بۆ زیارەتی قەبری کەسوکار ، ئەوە دروستە ٠

دروستە بۆ کەسوکاری مردوو و بۆ دۆست و برادەری، ڕووی ماچبکەن٠ دروستە ئاگادارکردن لە مردنی کەسێك بۆئەوەی خەڵك بێن بۆسەر جەنازەکەی ٠ بەڵام بانگەواز هەڵدان و لاواندنەوەی بەشێوەی زەمانی جاهیلیەت و باسکردنی گەورەیی و شان و شکۆی مردوەکە ، حەرامە٠ گریان بەسەر مردوودا دروستە چ بەر لەوەی گیانی دەرچێ و چ پاش گیان دەرچوونی، بەوشەرتە لەگەڵ هاوارکردن و لەسنگدان و باسکردنی ڕەوشتە بەرزەکانی نەبێ ٠ یەخەدادڕین و مووبڕین و بەرگی ڕەش لەبەرکردن و گۆڕینی جل و بەرگی عادەتییش حەرامە ٠ هەروەها درێژەدان بە ماتەم لە سێ ڕۆژ زیاتر و ، تازە کردنەوەی ماتەم لە نۆجەژنی پاش مردنی مردوەکەدا و قوڕدان بەسەر یا بە شانا ٠ پێویستە لەسەر موسوڵمان هەوڵبدا بۆ لابردنی ئەم گوناهانە ٠

باسی تەعزیە

سوننەتە بۆ دراوسێی ئەو ماڵە کە مردوویان لێ مردوە خواردنیان بۆ دروست بکەن لەو شەو و ڕۆژەدا و هەوڵیان لەگەڵ بدەن بۆ خواردن ٠ بەڵام حەرامە دروستکردنی خواردەمەنی بۆ ئەو ژنانە کە هاتوون بۆ گریان و هەڵدانی چاکەی مردوەکە ٠ سوننەتە تەعزیە لە موسوڵمان لە مصیبەتی مردنی خزمیا موسوڵمان بێ یا کافر ٠ هەروەها دروستە تەعزیە لە ئینسانی کافر لە

مردنی خزمی موسوڵمانی یا خزمی کافری (اهلی ذمه)یدا • سوننەتە ڕۆیشتن لەگەڵ جەنازەی گاور و جولەکەدا بەوشەرتە خاوەن جەنازەکە موسوڵمان بێ یا کافرێکی دراوسێ بێ ، یا دۆستایەتی و مامەڵەی لەگەڵیا هەبێ •

حەرامە ئەهلی مردوەکە خواردن دروستبکەن بۆ خەڵك مەگەر کابرای مردو وەصیەتی کردبێ کە خواردن ئامادە بکەن بۆ ئەوانەی دێن بۆ تەعزیە ، بەوشەرتە نەیوتبێ بۆ ئەو کەسانە کە ئەگرین و بە سەریا هەڵئەخوێنن • ڕێگایەکیتر هەیە بۆ دروستی خواردن دروستکردن بۆ خەڵك ، ئەوەش ئەوەتە کەسێکی باڵغی عاقڵ لە میراتگرەکانی مردوەکە لە ماڵی خۆی خواردنیان بۆ بکا ، بەوشەرتە کە شەرم و حەیا ناچاری نەکردبێ بۆ ئەو مەسرەف کردنە و نەشبێ بەهۆی زیان گەیشتن بە میراتگری ناباڵغ لە ڕێگای بەکارهێنانی خانو و قاپ و قاچاخ و فەرش و نوێنی بەشی ئەو میراتگرە ناباڵغەوە •

ڕێگایەکیتریش هەیە ئەوەیە ئەهلی ئەو شوێنە کە مردوەکەی تیا مردوە، بە دەسەوام لەبەینی خۆیانا بڕیار بدەن لە هەرماڵێکا یەکێ مرد ، ئەوانیتریان مەسرەفی میوانی ئەوماڵە بدەن • ئیتر ئەمە وەك قەرزی لێ دێ و واجب ئەبێ• ئەم ڕێگەیەش هەر خەتەرە لەبەرئەوە کە لەوانەیە هەندێك لە خەڵکی ئەو شوێنە تازە هاتبن بۆ ئەوێ ، یاخود پاش ماوەیەك کۆچبکەن ، یا لەبەر عەیب نەبێ ئەو مەسرەفە نەگرنە ئەستۆی خۆیان • کەواتە مەسڵەحەتی شەرعی ئەوەیە یا بەجارێ نان خواردنی کاتی تەعزیە هەڵگیرێ لە ناوا ، یاخود هەرکەس یا هەر کۆمەڵێ کە ئەڕۆن بۆ تەعزیە بۆ شوێنێك پێش ڕۆیشتنی خۆیان ئەوەندە ڕزق بنێرن بۆ ئەوشوێنە بەشی خواردنی خۆیان بەتەواوی بکا • ئەم شێوەیە لە هەر شێوەیەکیتر ئاسانتر و بەجێترە • (مع العلم) دانیشتنی کەسوکاری مردوەکە بۆ تەعزیە سوننەت نیە ، بەڵام ئیستە بەجۆرێك بوە

بەعادەت کە ئەگەر دانەنیشن تووشی هەزار عەیب و شوورەیی ئەبن • کەواتە چارە ئەوەیە کە بەیانمان کرد •

زیارەتی قەبر

لە سەرەتای ئیسلامەتیدا حەزرەت صلی الله علیه وسلم مەنعی زیارەتی قەبری کرد ، بەڵام پاش ماوەیەك ڕێگای داو فەرمووی (كنتُ نهَيتُكمْ عن زيارةِ القبورِ ، الا فزوروها فانها تذَكّرُ الآخِرَةَ) یەعنی لەمەوپێش من مەنعی ئێوەم کردبوو لە زیارەتی قەبر ، بەڵام ئیستە قەیدی نیە ، زیارەتی بکەن چونکە ڕۆژی قیامەتتان ئەخاتەوە بیر •

زیارەتی قەبر چەند نەوعی هەیە • یەکەم بۆ بیرکردنەوەیە لە پاشەڕۆژ • ئەمە تێکڕاییە بۆ هەموو موسوڵمانان لە ناسراو و نەناسراو • دووهەم بۆ صیلەی ڕەحمە • ئەمە تایبەتییە بۆ خزم و کەس وکار ، بەتایبەتی بۆ باوك و دایك • لە حەدیثا هەیە هەرکەس هەموو جومعەیەك زیارەتی قەبری باوك و دایکی یا یەکێکیان بکا ، ئەوە وەك حەجێکی کردبێ وایە • سێهەم بۆ بەجێهێنانی حەقی دۆستایەتی خزمەت و برایەتییە • ئەمەیش بریتییە لە زیارەتی قەبری مامۆستا و برادەران و ئەوکەسانە کە حوقوقیان لەبەینا هەیە • لە حەدیثا هەیە کەوا ئەگەر دۆستێك زیارەتی قەبری دۆستێکی بکات ، ئەو زیارەتە لای ئەو دۆستە مردوە خۆشەویستترە لە دنیا و هەرچی لەدنیادا هەیە • چوارەم بۆ بەرەکەت و پیرۆزییە ، ئەمە بریتییە لە زیارەتی قەبری پێغەمبەران بەتایبەتی حەزرەتی فەخری عالەم صلی الله علیه وسلم کە فەرموویەتی هەرکەسێ زیارەتم بکا ئەوە موستەحەقی شەفاعەتم ئەبێ •

سوننەت وایە زیارەت بە دەس نوێژەوە بێ و کە زیارەتکەرەکە گەیشتە ئەو شوێنە سەلام بکا و بڵێت (السلام عليكم دار قومٍ مؤمنينَ ، وانّا ان شاء الله بكم لاحقون) و ڕوو بەقیبلە ڕاوەستێ دوعای خێر و داوای پایەی بەرز بکا

بۆیان و لەخوایش بپارێتەوە بۆ دین و دنیای خۆی ، چونکە مەقامی ذاتی گەورە جێگای خرۆشی ڕەحمەتی خوایە و دوعا لەوشوێنانەدا نزیکە بە قوبوڵ • هەروا زیارەتی ئەولیا و عالم و باقی صالحان بەمتەرتیبە سونەتە • سونەتە زیارەتکەر چەندی بۆ ڕێبکەوێ بەنیازی خێری مردوەکان قورئان بخوێنێ و لەپاش تەواوکردنی خوێندنەکە دوعایان بۆ بکا و ثەوابی قورئانەکەیان بۆ بنێرێ بڵێ خوایە میثلی ثەوابی ئەم قورئانە کە خوێندم بێگەیەنە بە ڕۆحی فلانی کوڕی فلان ، بەتایبەتی بۆ ئەوکەسانە کە گومانی ئەوە ببرێ لە وەختی خۆیا گوناهیان بوبێ • لە حەدیثی شەریفا هەیە مردو زۆر چاوەڕوانی ئەوەن لەلایەن خزم و دۆست و باقی موسوڵمانانەوە خێریان بۆ بڕوا • لە ئایەتیشدا مەدحی ئەوانە کراوە کە دوعای لێبوردن ئەکەن بۆ برایانی مردوی خۆیان و بۆ باوك و دایکیان و بۆ باقی موسوڵمانان • سونەتە قورئان خوێندنی سەر مردو بەدانیشتنەوە و ڕو لە قیبلە بێ •

شەرتی زیارەتکردن ئەوەیە بەشێوەی حەرام و خیلاف شەرع نەبێ • بەتایبەتی بۆ ژن زۆر پێویستە زیارەتەکەی یا لەگەڵ مەحرەما بێ ، یا لەگەڵ چەند ژنێکی شەرم لێکراوا ، بەجۆرێ کە نە خۆی توشی ڕوانینی حەرام بێ و نە کەسیش بۆی بڕوانێ • ئەگینا ئەو زیارەتە حەرامە • زیارەتی مردو بۆ ژن پێویستە بە ئیزنی مێردەکەی بێ •

باسی زەکات

زەکات یەکێکە لە پێنج ڕوکنەی ئیسلام و لە ساڵی دوهەمی هیجرەتدا فەرزکراوە لەپاش فەرزکردنی زەکاتی فیطر • زەکات واجبە لەهەشت جۆر ماڵدا: نەختینە (ئاڵتون و زیو) ، وشتر ، ڕەشەوڵاخ ، مەڕ ، بزن ، خورما ، ترێ ، هەمو جۆرە قوتێك • زەکات ئەدرێ بە هەشت تاقم لە موسوڵمانان وەك بەیانئەکرین •

زەکاتی نەقد (ئاڵتوون و زیو)

ئەو ئەندازە کە دانراوە بۆ واجب بوونی زەکات لەم دوو نەقدەدا ، لە زیوا دوو صەد درهەمە کە ئەکاتە صەد و چل مثقاڵ . لە ئاڵتوونیشا بیست مثقاڵە . کە ئاڵتوون و زیو گەیشتن بەم ئەندازە (ربع العشر) چل یەکیان لێ ئەکەوێ . هەر نەقدێکی ئاڵتوون یا زیو کە مەغشوش بێ ، یەعنی مەعدەنێکی تری تێکەڵ بێ ، ئەگەر نەقدە سافەکەی گەیشتە ئەندازەی پێشوو ، ئەوە زەکاتی ئەکەوێ ، ئەگینا زەکاتی ناکەوێ . ئەگەر شووشێك یا قاپێك دارێژابوو لەم دوو نەقدە ، ئەوە ئەگەر ئەمانزانی کەم و زۆرییان چۆنە، ئەوە دیارە . ئەگەر نەمانئەزانی، ئەوە لە هەردولایانا ئیعتیباری لای زۆر ئەکەین و بەو حیسابە زەکاتی ئەدەین، یاخود ئەی توێنینەوە بۆ ئەوە کە لەیەك جیا بکرێنەوە و ئەندازەیان دەربکەوێ . هەر خشڵێکی ئاڵتوون و زیو کە حەلاڵ بێ بۆ خاوەنەکەی بەکاری بهێنێ ، زەکاتی نیە ، وەکو هەموو خشڵی ژنانە بۆ ژن . ئەگەر حەرامیش بوو بەکاری بهێنێ زەکاتی لەسەرە وەك قاپ و قاچاخی ئاڵتوون و زیو بۆ بەکارهێنانی پیاو بێ یا ژن ، یا وەکو بازن و پشتێن و پاوانە بۆ پیاو ، یا وەك ڕەختی ئەسپ و دانلەغاوی ولاخ بۆ هەر کەس بێ . ڕاستتر ئەوەیە زیادەڕەوی کردن لە خشڵا بۆ ژن حەرامە وەکو بازنێك کە سەنگەکەی دوو صەد مثقاڵ بێ . ئەگەر گەیشتە ئەو ڕادەیە زەکات لەهەموویا واجب ئەبێ .

شەرتی واجب بوونی زەکات لە ئاڵتوون و زیوی بەڕادەی زەکات گەیشتوودا ئەوەیە لە موڵکی خاوەنەکەیا ساڵی بەسەرا بێتەوە. کەواتە ئەگەر ئەو ئەندازە ئاڵتوون و زیوە تا شەش مانگ هەڵگیرا و پاشان درا بە قەرز ، ئەوە لەپاش تەواوبوونی شەش مانگیتر واجبە خاوەنەکەی زەکاتی لێبدا بەوشەرتە قەرزەکەی دەسبکەوێتەوە ، یاخود خاوەن پارەکە خۆی دەوڵەمەند بێ . ئەگینا پێویستە ئەو قەرزەی دەسگیر ببێتەوە ، ئەوسا زەکاتی لێدەرئەکرێ .

(بزانن) جەواهیراتی وەك دوڕ و یاقوت و ئەڵماس و پیرۆزە و شتیوا زەکاتی لێ ناکەوێ •

زەکاتی کان (معدن)

هەر کەس لە موڵکی تایبەتی خۆیا ، یا لە وێرانەیەکا ، کانێکی ئاڵتون یا زیوی دۆزییەوە و ئاڵتون و زیوی لێ دەرکرد ، واجبە لەسەری چلیەکی بدا لە زەکاتا • لە فەرمودەیەکی ئیمامی شافیعیدا ئەڵێت ئەبێ پێنجیەکی بدا • لە فەرمودەیەکیتریشیا ئەڵێت ئەگەر بەزەحمەت بۆیدەرکرا ، چلیەکی ئەدا • ئەگەر بەئاسانیش بۆی دەرکرا پێنجیەکی ئەدا •

شەرتی واجب بونی زەکات لەو ئاڵتون و زیوەدا کە لە کان دەرئەکرێ ئەوەیە بگاتە ڕادەی زەکات وەك بەیانمان کرد ، ئیتر واجب نیە ساڵی بەسەرا بێتەوە • ئەو ئاڵتون و زیوەی لە کان دەرئەکرێ ، هەموی ئەخرێتە پاڵیەك و زەکاتی هەموی دەرئەکرێ ، مادەم ئیش کردن لەو کانەدا بەیەکەوە و یەك لەشوێنی یەك بێ ، هەرچەند ئەو نەقدەی لەو کانە دەرئەهێنرێ ، پوختەکەی یەکسەر دەس نەکەوێ ، وەك ئەوە کە صەد طەن خاکی لەسەر یەك دەرکردبێ ، بەڵام ئیستە دە طەن و ماوەیەکیتر دە طەنیتر و پاشان دە طەنیتر پاك بکاتەوە و هەر بەم تەرتیبە • ئەمە هەموی وەك ئەوەیە نەقدە پوختەکەی بەجارێ وەرگرتبێ • هەروەهایە حوکمی ئەوەش کە ئیشەکەی پچڕپچڕ بوبێ لەبەر عوزرێك وەك ناساغی یا نەبونی کەرەستەی ئیش یا دەس نەکەوتنی کرێکار • بەڵام ئەگەر بە بێعوزر ئیشەکەی ببڕێ ، ئەوە بەشی یەکەمی نادرێتە دەم بەشی دوهەمی لە پێویستبونی زەکات لێدانا • بەڵام بەشی دوهەم ئەدرێتە دەم یەکەم • بەمیسال ئەگەر لە مانگی شەشەڵان (شوال)دا پێنج مثقاڵ ئاڵتونی دەرکرد ، ئەوجا ئیشی وەستاند و لە مانگی قوربانا کەوتەوە ئیش و پازدە مثقاڵیتری دەرکرد ، ئەوە پێنج مثقاڵەکەی مانگی

شەشەڵان زەکاتی لێ دەرناکرێ ، بەڵام پازدە مثقاڵەکەی مانگی قوربان ئەخرێتە سەر پێنج مثقاڵەکەی مانگی شەشەڵان بۆ گەیشتنە ڕادەی زەکات واجببوون و زەکات لە بەشی تەنها ئەو پازدە مثقاڵە دەرئەکرێت •

زەکاتی ئاڵتون و زیوی شاراوەی کۆن

هەر گەنجینەیەکی کۆن دۆزرایەوە ئەگەر ئەو گەنجینەیە ئیسلامی بۆ یەعنی ناوی پادشایەکی ئیسلامی لەسەر بۆ ، ئەوە ئەگەر ئەزانرا خاوەنەکەی کێیە ، ئەیدرێتەوە • ئەگەر نەشئەزانرا کێیە ، حوکمی (لقطە) مالی دۆزراوەی هەیە و لەبارەی بانگەواز و ناوونیشان هەڵدان و شتیواوە حوکمی ئەوی بەسەرا ئەدرێ • هەروایە حوکمی گەنجینەیەکیش کە نەزانرێ هی زەمانی ئیسلامە یا هی پێش ئیسلامە • ئەگەر گەنجینەکە هی سەردەمی پێش ئیسلام بۆ ، ئەوە ئەبێ بەهی ئەو کەسە کە دۆزیویەتەوە ، ئەگەر لە وێرانەی بێخاوەن یا لە موڵکێکی وەهادا دۆزیبێتیەوە کە خۆی ئاوەدانی کردبێتەوە • ئەگەر لە خاکی مزگەوت یا لەشەقامی گشتیدا دۆزییەوە ئەوە بەماڵی دۆزراوە دائەنرێ• ئەگەر لە موڵکی کەسێکیشا دۆزییەوە ئەوە هی ئەو کەسەیە مادام داوای بکا و بڵێ هی منە • ئەگەر داواشی نەکرد ئەوە هی ئەو کەسەیە کە موڵکەکەی لێ وەرگیراوە ، هەروەها تا ئەگاتە سەر ئەو کەسەی ئەو شوێنەی لە ئەساسا ئاوەدان کردوەتەوە • ئەگەر خانوکڕ و خانوفرۆش ، یا خانو بەکرێدەر و خانو بەکرێگر لەسەر ئەو گەنجینەیە بۆ بەهەرایان ، ئەوە باوەڕ بەو کەسە ئەکرێ کە خانوەکەی بەدەستەوەیە • ئەم گەنجینە دۆزراوەیە بۆ هەر کەس ساغ بوەوە پێنجیەکی جیا ئەکرێتەوە و ئەدرێ بەزەکاتا بەو شەرتە کە بگاتە ڕادەی زەکات واجببون و نەقدیش بێ• ئیتر ساڵ بەسەرا هاتنەوەی پێویست نیە •

زەکاتی ماڵی بازرگانی

شەرتی زەکات لە ماڵی بازرگانیدا چەندشتە • یەکەم ئەوەیە ئەو ماڵە بە (معاوضە) ئاڵوویڵ یا لە تۆڵــەی شتێکا وەرگیرابێ[1] ، نەك بەشێوەی بەخشین یا بە میراث یا وەصیەت دەستی کەسێك کەوتبێ • کەواتە ئەو ماڵی بازرگانییەی کە بە میراث هاتوەتەوە بۆ کەسێك ساڵەکەی ئەپچڕێ و ، لەوکاتەوە ساڵی تازەی دەس پێ ئەکا کــە میراثگرەکە بــەنیازی بازرگانی پێوەکردن دەستی تێ‌ئەخا • دۆهەم ڕاگرتنی ئەو ماڵەیە بەنیازی بازرگانی • کەواتە زەکات نیە لە ماڵێکا ئینسان بۆ پێویستی خــۆی و خێزان و ماڵی ڕاگرتبێ • سێهەم ئەوەیە دوانزە مانگی لەسەر یەکی بەسەرا تێپەڕ بوبێ لەو کاتەوە کە نیازی بازرگانی پێوەکردنی کراوە • بەڵێ ئەگەر هەمۆ ئــەو ماڵی بازرگانییە لە ناوقەدی ساڵا گۆڕراوە بە ماڵی‌تری بازرگانی ، یاخود هەندێکی گۆڕراوە بە نەخت ، ئەوە ساڵی بازرگانییەکەی دەوام ئەکا • هەروەها ئەگەر هەمۆی گۆڕراوە بە نەخت و ئــەو نەختــەش گەیشــتە ڕادەی زەکات لێ واجب‌بۆن ، ئەوە هەر لەسەر ساڵی ماڵی بازرگانییەکەوە ساڵی بۆ ئەژمێررێ • بەڵام ئەگەر هەمۆی گۆڕراوە بەنەخت و نــەختەکەیش نەئەگەیشتە ڕادەی زەکات لێ واجب‌بۆن ، ئەوە ساڵی ماڵی بازرگانییەکە ئەبڕێتەوە • جا ئەگەر نەختی‌تری هەبۆ کە بگاتە ڕادەی زەکــات ، ئەوە ئــەم نەختەیشی لەگەڵدا ئەژمێررێ و ساڵەکەی ئەوی بۆ دائەنرێ • ئەگــەر بەم نەختــە کە لەڕادەی زەکات کەمترە ماڵی بازرگانی تازەی کڕێ ، ئەوە لەو کاتی موعامەلەوە ساڵی بۆ دائەنرێ • چوارەم ئەوەیە کە لە ئاخری ساڵا ئەو ماڵە بگاتە ڕادەی زەکات بەحیسابی ئەو پارەیەی کە پێی کڕراوە • ئەگەر قیمەتەکەی کەمتر بو ، ئەو ساڵەی بەتاڵ ئەبێتەوە و سەرلەنوێ ساڵی تازە دائەنرێ بۆ بازرگانییەکەی •

---

(١) وەك پارەی مارەیی ژن و حەقی خولع و پارەی لەجیاتی خوێن وەرگیراو .

بەڵێ ئەگەر پارەی نەختی‌تری هەبوو گەیشتبوە ڕادەی زەکات ، ئەوە قیمەتی ماڵی بازرگانییەکەی ئەدرێتە پاڵ ئەو پارەیە و زەکاتی هەمووی دەرئەکرێ •

(بزانن) ساڵی ماڵی بازرگانی ، بەوشەرتە لـە کاتی کڕینی ئەو ماڵەوە حیساب ئەکرێ ، کە ئەو پارەیەی پێی کڕراوە کـەمتر بێ لەڕادەی زەکات ، یاخود بە پارەی نەخت نەکڕرابێ • ئەگەر بەپارەیەکی نەختی‌وا کڕیبێتی کە گەیشتبێتە ڕادەی زەکات ، ئەوە ساڵی لەو کاتەوە بۆ ئەژمێررێ کـە بوە بە خاوەنی ئەو پارە نەختە •

هەر قازانجێ لە ماڵی بازرگانی پەیدا ببێ ، بـە هـەر هۆیەکەوە بێ ، لەگەڵ ماڵی بازرگانییەکەدا زەکاتی ئەدرێ • بەڵام ئەگەر قازانجەکەی نەخت بوو لەو نەختەی کە ماڵی بازرگانییەکەی پێ‌کڕیوە و بەو نەختە ماڵی بازرگانی کڕی ، یاخود هەر بە نەختی هەڵی‌گرت ، ئەوە ساڵی تازەیان بـۆ دائەنرێ •

فەرموودەی ڕاست‌تر ئەوەیە کە بەچکەی حەیوانی ماڵی بازرگانی و بەری باخێك کە بۆ بازرگانی کڕرابێ ، هەر بە ماڵی بازرگانی دائەنرێ و ساڵەکەیشی ساڵی ئەصڵەکەیەتی • هەر کەس بازرگانی بە خانووەوە بکات ، ئەو خانوانەی بە ماڵی بازرگانی دائەنرێن• بەڵام ئەگەر خانوو بۆ ئەوە بکڕێ کە بیدا بە کرێ، ئەوە پارەی کرێ خانووەکان زەکاتی ئەکەوێ بەپێی شەرتەکانی زەکاتی پارە •

واجبی‌زەکاتی ماڵی بازرگانی چل‌یەکە•جا ئەگەر ئەو ماڵە بەنەخت کڕرابێ، ئەوە لەئاخری ساڵیا قیمەتی دائەنرێ بەونەختە کە پێی کڕراوە و بەوحیسابە زەکاتی لێ‌ئەدرێ• ئەگەر بە جینسیش کڕرابوو، ئەوە قیمەتی دائەنرێ بەو نەختە کە لەو وڵاتەدا زۆر بەکاردێت • ئەگەر لەو وڵاتەدا دوو نەخت وەك یەك خەرج ئەکران ، ورد ئەبینەوە ئەگەر ئەم ماڵی بازرگانییە لە هەردوو نەختەکە ئەگەیشتە ڕادەی زەکات ، ئەوە بەویانە قیمەتی دائەنرێ کە قازانجی زۆرتر بێ بۆ فەقیر و هەژار و بەوپێیە زەکاتی لێ‌ئەدرێ • ئەگەر هەر بە یەکێکیان ئەگەیشتە ڕادەی

زەکات ، ئەوە تەنها بە حیسابی ئەویانە قیمەتی دائەنرێ • ئەگەر نیوەیماڵی بازرگانییەکە بە نەخت و نیوەکەی‌تری بە کەل‌وپەل کڕرابوو ، نیوەی یەکەمی بە عەینی ئەو نەختـــە و نیوەی دووهەمی بە نەختی غـالبی ئەو وڵاتە قیمەتی دائەنرێ •

ئەگەر ماڵی بازرگانی حەیوانی زەکات بوو ، لەم‌صوورەتەدا ئەگەر بەپێی ژمارەی حەیوان ئەگەیشتە ڕادەی زەکات ، بەڵام بەقیمەت نەئەگەیشت ، یا بەپێچەوانەوە ، ئەوە بەوبارەیانـا زەکاتی لێ‌ئەدرێ کە پێی ئەگـاتە ڕادەی زەکات • ئەگەر بە هەردوو بارەکەیانا ئەگەیشتە ڕادەی زەکات ، مەسەلا بە ژمارە حەیوانەکان چل سەر یا زیاتر بن و قیمەتیشیان دوو صەد درهەم بوو ، ئەوە بەپێی سەری حەیوانەکان زەکاتی لێ‌دەرئەکرێ • بینا لەسەر ئەمە ئەگەر ساڵی بازرگانی پێش کەوت ، مەسەلا شەش مانگ ماڵی بازرگانی بەدەستەوە بوو ، ئەوسا گۆڕییەوە بە چل سەر مەڕ ، ئەوە لەم‌صوورەتەدا بۆ یەکەم‌ساڵ سـاڵی بازرگانی تەماشا ئەکرێ و لەپـاش شـەش مانگی‌تر زەکاتیـان بەپێی ماڵی بازرگانی لێ دەرئەکرێ ، پاش ئەوە ساڵی تازە دائەمەزرێ بۆ حەیوانەکان و بەوجۆرە ئەڕوا •

لە ماڵی قازانج بەشەراکەتا ، لەبەرئەوە کە ڕاست‌تر ئەوەیە کابرای کاسب هەر بە دەرکەوتنی قازانجی پارەکە ئەبێ بە خاوەنی بەشـە قازانجی خۆی ، واجبە لەسەر خاوەن پارەکە زەکاتی سەرمایە و بەشە قـازانجی خۆی بدا و کابرای کاسبیش زەکاتی بەشە قازانجی خۆی دەرکا •

ئەمە چەند مەسئەلەیەکە • (یەکەم) ئەوکەسانە کە پیشەیان صەڕڕافییـە یەعنی ئاڵوگۆڕی پارە ئەکەن بە پارەی‌تر ، زەکاتیان لەسەر نیە بەرامبەر بەو ئەندازە پارە کە ئاڵوگۆڕی پێ‌ئەکەن ، چونکە ئەگەر تەماشای عەین بکەین ئەو عەینەیان لا نامێنێ تا ساڵی بەسەرا بێتەوە • ئەگـەر تەماشـای وەزعی بازرگانییش بکەین بازرگانی لە نەختی ئاڵتون و زیوا نایابە وەك لە (تحفە)دا

بەیان کراوە• بەڵێ ئەو ئەندازە پارەیە کە لە ماڵەوە داینداوە و زیادە لە ئەندازەی پارەی ئاڵوگۆڕ ، ئەوە زەکاتی لێ ئەدرێ •

(دوهەم) سەنگی مثقاڵ حەفتا و دوو دەنکە جۆیە کە لە هەر دوو سەرەوە ئەوەی باریك و درێژە ، قرتابێ ، بەڵام توێکڵی لێ نەکرابێتەوە • سەنگی مثقاڵ نە پێش ئیسلام و نە پاش ئیسلام نەگۆڕاوە • بەڵام سەنگی درهەم گەلێ‌جار گۆڕاوە و ئیستا بڕیار لەسەر ئەوەیە کە سەنگەکەی پەنجاودوو دەنکە جۆ و دوو پێنجیەکی دەنکێکە • کەواتە دە درهەم ئەکاتە حەوت مثقاڵ •

(سێهەم) هەرچەند قسەی باوەڕ پێ‌کراوتر ئەوەیە ئەبێ لە زەکاتی ئاڵتونا ئاڵتون و لە زەکاتی زیوا زیو بدرێ ، بەڵام گەلێ زانای گەورە فتوایان داوە دروستە زیو لە زەکاتی ئاڵتونا و ئاڵتون لە زەکاتی زیوا بدرێ • بەڵکو ئیمامی (بلقینی) فەرمویەتی دروستە فلسی سوور لە زەکاتی ئاڵتون و زیوا بدرێ • لەسەر ئەم ئەساسە دروستە دیناری کاغەز لە زەکاتی ئاڵتون و زیوا بدرێ • زانایانی ئیسلام ئەمڕۆ بڕیاریان لەسەر ئەوەیە کە زەکات واجبە لە کاغەزی دینار و تمەنا کە بە ڕەواجی ئاڵتون و زیو خەرج ئەکرێن • جا هەندێ لەم‌زانایانە دایان‌ناوە ئەم کاغەزە ماڵی بازرگانییە • هەندێکی‌تریشیان دایان‌ناوە لەبریتی ئەو پارە نەختینەیەیە کە لە سندوقی حوکومەتا دانراوە • کۆمەڵێکی‌تریشیان ئەفەرمون مادەم پارەی کاغەزیش وەك ئاڵتون و زیو دەفعی ئیحتیاجی ئادەمیزاد ئەکا و کاری پێ ئاسان ئەبێ لە حوکمی ئەواندایە و وەك ئەوان زەکاتی تێدا فەرزە • ئەمە قسەیەکی موافیقی ئوسوڵی شەریعەت و ڕۆحی ئایینی ئیسلامە • کەسێ بڵێت ئەم عالمانە کە ئەم فتوایەیان داوە (مجتهد) نین و حەقی فتوای‌وایان نیە ، ئێمە لە وەڵامیانا ئەڵێین هەرچەند ئەوان لە هەموو مەسئەلەیەکدا (مجتهد) نەبن ، بەڵام لەم‌مەسئەلەیەدا پایەی ئیجتیهادیان هەیە ، چونکە شتەکە ئەوەندە ڕۆشنە پێویستی بە لێکوڵینەوە نیە و وەك ئەوە وایە ئەمڕۆ جۆرە شەرابێکی سەرخۆش‌کەری تازە دروست بکرێ کە لەمەوپێش

ناوی نەبوبێ و ئێمە بڵێین حەرامە چونکە ئینسان سەرخۆش ئەکا •

زەکات واجبە لە ماڵی منداڵ و شێتدا و واجبە لەسەر چاودێرێ کەریان زەکاتەکەی لێ دەرکا • هەروەها واجبە لەماڵێکا کە ون بوبێ ، یا بە زۆر داگیرکرابێ • بەڵام واجب نیە لەسەر خاوەنەکەی زەکاتەکەی لێ دەربکا تا ماڵەکەی دەس ئەکەوێتەوە • جا کە دەستی کەوتەوە زەکاتی هەمو ساڵەکانی لێدەرئەکا ، تا ئەگاتە ڕادەیەك کە کەمتر ببێتەوە لەوە کە زەکاتی تیا واجب بێ •

ئەگەر کەسێك قەرزی لەسەر یەکێك بو ، ئەوە ئەگەر ئەو قەرزە حەیوانێك بو زەکاتی لێ بکەوێ ، ئەوە زەکاتی لێنادرێ چونکە شەرتی زەکاتی حەیوان ئەوەیە لە ئیدارەی خاوەنەکەیا بلەوەڕێ • ئەگەر ماڵی بازرگانییش بێ ، یا پارەی نەخت بێ ، ئەوە ئەگەر قەرزەکەی وادەی هاتبێ و مومکین بێ وەری بگرێتەوە ، بەڵام بەئارەزو وەری نەگرێتەوە ، ئەوە واجبە لە هەمو ساڵێکا دەس بەجێ زەکاتی دەربکا • ئەگەر مومکینیش نەئەبو لە قەرزارەکەی وەربگرێتەوە لەبەرئەوە کە لات بو یا وادەی قەرزەکە نەهاتبو ، ئەوە ئەو قەرزە وەك ماڵی داگیرکراو وایە هەروەختێ دەستی کەوتەوە زەکاتی دەرئەکا بۆ هەمو ساڵەکان مادەم بە دەرکردنی زەکاتی ساڵێ یا زیاتر لە ئەندازەی زەکات نەیەتە خوارەوە ، ئەگینا تەنها زەکاتی ئەوساڵە یا ئەوساڵانەی لێدەرئەکا کە لەڕادەی زەکات کەمی نەکردوە • (بۆ وێنە) ئەگەر ژنێك بیست مثقاڵ ئاڵتونی مارەیێ لەسەر مێردەکەی بو و تا دە ساڵ نەیدایەوە ، هەرکاتێك کە پێی دایەوە تەنها نیو مثقاڵی ئەدا بە زەکاتی ساڵێکا ، ئیتر زەکاتی ساڵەکانی تری لەسەر نابێ ، چونکە بەو نیو مثقاڵە کە بۆ یەکەم ساڵ داویە بەزەکاتا لەڕادەی زەکات لێکەوتن کەمتر بوەتەوە • ئەمە بەوشەرتە کە ژنەکە پارەی دانراوی تری نەبێ ، ئەگینا لەگەڵ ئەو پارەیەدا بۆی حیساب ئەکرێ و تا تێکڕای ماڵەکەی لەڕادەی زەکات کەم ئەبێتەوە هەر زەکاتی لێ دەرئەکرێ •

ئەگەر کەسێك ئەوەندە پارەی نەخت یا ماڵی بازرگانیَ هەبوَ ئەگەیشتە ڕادەی زەکات ، بەڵام لە هەمان کاتا قەرزاریش بوَ ، ئەگەر کابرا ماڵی تری هەبوَ قەرزەکەی لیَ بداتەوە ، ئەوە واجبە لە هەموَ ساڵێکا زەکاتی ئەم پارە نەختە یا ئەم ماڵی بازرگانییە بدا کە وابەدەستیەوە • ئەگەر لە غەیری ئەوە کە وابەدەستیەوە ماڵی تری نەبوَ ، ئەمجار ئەگەر قەرزەکەی نیوەی ماڵەکەی ئەگرتەوە ، ئەوە واجبە زەکاتی ئەوماڵەی دەربکا کە قەرز لە بەرامبەریەوە نیە • بەڵام بوَ ئەو نیوەکەی کە قەرز ئەیگرێتەوە ، یا بوَ ئەو صوَرەتە کە قەرز هەموَ ماڵەکەی بگرێتەوە ، بەوڕەنگە کە ئەم ماڵی بازرگانییەی کە وابەدەستیەوە هەموَی لەسەر باوەڕ و متمانە پێی درابیَ تا کاسبیَ پێوە بکا و خوَی پیَ بژێنیَ و وردە وردە پارەی خاوەن پارەکەش بداتەوە ، ئەوە ئیمامی شافیعیَ سیَ فەرموَدەی بوَ ئەمحاڵەتانە هەیە : یەکەم کە فەرموَدەی زوَر بەهێزیەتی ئەڵیَ واجبە لەسەری زەکاتەکەی لیَ دەربکا ، چونکە پارەیەکی بەدەستەوەیە و قازانجی لیَ دەسگیر ئەبیَ • دوَهەم ئەوەیە زەکاتی لەسەر نیە چونکە پارەی خوَی نیە و هەر کاتێك خاوەن قەرزەکە بیەویَ لێی ئەسێنێتەوە • سێهەم ئەوەیە ئەگەر ئەو ماڵەی بەدەستیەوەیە و قەرز ئەیگرێتەوە ، ماڵێکی دیاریَ بیَ وەك حەیوان ، ئەوە ئەبیَ زەکاتی لیَ بدا تا ڕسوای بەرچاوی عالەم نەبیَ و نەڵێن زەکات نادا • ئەگەر ماڵێکی نادیاریش بوَ وەك کەلوپەلی بازرگانیَ ، ئەوە واجب نیە زەکاتی لیَ بدا ، چونکە قەرز بە ڕاسەریەوەیە و ماڵەکەیش لای خوَیەتی هەموَکەس پێی نازانیَ • کەواتە ئەوەی بیەویَ دوَر بیَ لە هەموَ گومانێك با بە فەرموَدەی یەکەم زەکاتی هەموَ ماڵەکەی دەربکا • ئەگەر لەبەر بیَدەسەڵاتیَ یا لەبەر هوَیەکی تر پێی نەکرا زەکاتی بدا ، ئەوە با تەقلیدی فەرموَدەی دوَهەم بکا تا کردەوەکەی شەرعیَ بیَ •

باسی زەکاتی حەیوان

زەکات لە حەیوانا نیە لە وشتر و گا و مەڕ و بزنا نەبیَ • لای کەمی

ژمارەی وشتر کە زەکاتی تیا واجب بێ پێنج سەرە • کە گەیشتە پێنج سەر کاوڕێك ئەدرێ لە زەکاتیانا • کە گەیشتیشە دە سەر دوّ کاوڕ ئەدرێ • لە پانزە سەریشا سێ کاوڕ و ، لە بیست سەرا چوار کاوڕ و ، لە بیست و پێنج سەرا ، وشترێکی مێی یەك ساڵە ئەدرێ • لە سیوشەش سەرا وشترێکی مێی دوّ ساڵە و ، لە چلوشەش سەرا وشترێکی مێی سێ ساڵە ئەدرێ • کە گەیشتیشە شەصتویەك سەر وشترێکی مێی چوار ساڵە و ، کە گەیشتە حەفتاوشەش سەر دوّ وشتری مێی یەك ساڵە ئەدرێ • لە نەوەدویەك سەرا دوّ وشتری مێی سێ ساڵە و ، لە صەد و بیست و یەك سەرا سێ وشتری مێی یەك ساڵە ئەدرێ • کە لەم‌ئەندازەیە تێپەڕێ یا چل چل حیساب ئەکرێ و لە هەر چل سەرێکا وشترێکی مێی یەك ساڵە ئەدرێ ، یا پەنجا پەنجا حیساب ئەکرێ و لە هەر پەنجا سەرێکا وشترێکی مێی سێ ساڵە ئەدرێ •

(بزانن) ئەم کاوڕە کە باسمان‌کرد ئەبێ ساڵێکی تەواو کردبێ • خاوەن ماڵ بە ئارەزوّی خوّیەتی یا ئەو کاوڕە یەك ساڵانە بدا ، یا چێیر بزنێکی دوّ ساڵانەی نێر یا مێ بدا • دروستیشە لەباتی ئەم کاوڕ یا چێیرە وشترێکی یەك ساڵانە یا گەورەتر بدا • ئەگەر خاوەن وشترەکە وشتری مێی یەك ساڵانەی نەبوّ بیدا لە زەکاتی بیست و پێنج سەرەکەدا ، ئەتوانێ لەجیاتی ئەوە وشترێکی نێری دوّ ساڵانە بدا و داوای یەك ساڵەی مێچکەی زوّر باشی لێ ناکرێ • بەڵام ئەگەر یەك ساڵەیەکی نایابی هەبوّ نابێ لەوە لادا و لەباتی ئەوە وشترێکی نێری دوّ ساڵانە بدا • دروستە نێری سێ ساڵانە بدرێ لەباتی وشتری مێچکەی یەك ساڵانە ، بەڵام لەباتی مێچکەی دوّ ساڵانە نادرێ • ئەگەر لە وشتری خاوەن ماڵێکا دوّ فەرز ڕێکەوت ، مەسەلا کابرا دوّصەد وشتری هەبوّ کە ئەتوانێ یا پێنج وشتری مێچکەی یەك ساڵانە بدا بە زەکاتیانا ، یا چوار وشتری مێچکەی سێ ساڵانە ، ئەوە ئەگەر هەردوکیان لای خاوەن ماڵەکە دەس‌ئەکەوتن ، پێویستە کامیان قازانجی زوّرترە بوّ

موستەحەقی زەکات ئەوەیان بدات • ئەگەر هەر یەکێکیانی هەبوو ، بیدا بە خاوەن حەق • ئەگەر هیچ‌کامیانی نەبوو ئەوە ئارەزووی خۆیەتی هەرکامیان پەیدا بکا و بیدا بە زەکاتا • لەوصورەتەدا کە واجب بێ چی باشتر بێ بۆ خاوەن حەق ، ئەوە بدا ، ئەگەر هاتوو شتێکی دا لە زەکاتا کە باشتر نەبوو ، ورد ئەبینەوە ئەگەر ئەمە بە بێ کەمتەرخەمی (ساعی) و بە بێ فرۆفێڵی خاوەن‌ماڵ بوو ، ئەوە زەکات دانەکەی دائەمەزرێ • ئەگینا دانامەزرێ و پێویستە چی باشترە ئەوە بدا • لە صورەتێکیشا کە خاوەن‌ماڵ ناباشەکەی دا بە زەکاتا و بڕیارمان‌دا زەکات دانەکەی دامەزراوە ، ئەوە پێویستە ئەندازەی فەرقی بەینی باشەکە و ناباشەکە بکا بە پارە و بیدا بە کابرای موستەحەق کە زەکاتەکەی وەرگرتوە •

ئەگەر یەکێك واجبی ئەوەبوو وشترێکی مێچکەی یەك ساڵانە بدا و نەیبوو، بەڵام وشتری مێچکەی دوو ساڵانەی هەبوو ، ئەوە ئەو دوو ساڵانەیە بدا و دوو کاوڕ یا بیست درهەم لەکابرای زەکات وەرگر وەرگرێ بۆ خۆی • ئەگەر واجبیشی ئەوەبوو وشترێکی مێچکەی دوو ساڵانە بدا ، بەڵام نەیبوو ، ئەوە وشترێکی مێچکەی یەك ساڵانە بدا لەگەڵ دوو کاوڕ یا بیست درهەما ، یاخود وشترێکی مێچکەی سێ ساڵان بدا و دوو کاوڕ یا بیست درهەم وەربگرێ • مەسەلەی دانی دوو کاوڕەکە یا بیست درەمەکە بە ئارەزووی ئەوکەسە خۆیەتی کە ئەیدا ، بەڵام مەسەلەی سەرکەوتن بەسەر دەرەجەی ئەوەدا کە واجبە بدرێ ، یا داپەڕین لێیەوە بۆ دەرجەیەکی نزم‌تر بەدەست خاوەن ماڵەکەوەیە • ئەوەندە هەیە ئەگەر وشترەکانی عەیب‌دار بن ، مەسەلەکە ئەکەوێتە دەستی ئەوکەسە کە زەکاتەکە وەرئەگرێ • ئەگەر بە یەك دەرەجە سەرکەوتن یا داپەڕین مومکین نەئەبوو ، دروستە خاوەن‌ماڵ دوو دەرەجە سەرکەوێ و دوو تۆڵە وەربگرێ ، یا دوو دەرەجە داپەڕێ و دوو تۆڵە بدا بە موستەحەقی زەکات • دروست نیە بۆ سەرکەوتنی یەك دەرەجە کاوڕێك و دە درهەم وەربگرێ ، یا

له داپەڕینی یەك دەرەجەدا کاوڕێك و دە درهەم بدا • بەڵام ئەگەر دوو دەرەجە سەرکەوت یا داپەڕێ ئەوە دروستە دوو کاوڕ و بیست درهەم بدا یا وەربگرێ، چونکە لێرەدا قـابیلە دوو کاوڕەکە دابنێـین بۆ تۆڵەی دەرەجەیەك و بیست درهەمەکەش بۆ تۆڵەی دەرەجەیەکی تر •

زەکاتی ڕەشەوڵاخ

زەکات لە ڕەشەوڵاخدا نیە تا ئەگاتە سێ سەر • کە گەیشتە سێ سەر ئەبێ گوێرەکە نێرێکی یەك ساڵە بدا بە زەکاتا • کە لەم ڕادەیەش تێپەڕێ ، بۆ هەرسێ سەرێك گوێرەکە نێرێکی یەك ساڵە ، یا بۆ هەر چل سەرێك نێـون مانگایەکی دوو ساڵە بدا •

زەکاتی مەڕ و بزن

مەڕ و بزن زەکاتیان تیا نیە تا ئەگەنە چل سەر ، ئەوسا کاوڕێکی یـەك ساڵە یا چێیر بزنێکی دوو ساڵە بدا • کە گەیشتیشە صەد و بیست و یەك سەر دوو سەر بدا • کە گەیشتیشـە دووصەد و یەك سـەر سێ سـەر واجبە • کە گەیشتیشە چوارصەد سەر چوار سەر واجبە • کە لەم ئەندازەیەش سەرکەوت لە هەر صەد سەرێکا سەرێك واجبە • جا ئەگەر ئەو حەیوانانە یەك نەوع بوون ئەوە زەکاتیان لە خۆیان وەرئەگیرێ • ئەگەر دوو نەوعیش بوون ، ئەوە ئەگـەر زۆر و کەم بوون زەکات لە زۆرەکەیان وەرئەگیرێ • ئەگەر ئەوەندەی یەکیش بوون ، ئەوە زەکات لەویـانە وەرئەگیرێ کە قازانجی زۆرترە بۆ هـەژاران • بەڵام فەرموودەی دیاریێ تر ئەوەیە دروستە هەرکام لەم دوو نەوعە بدرێ هـەر بەو شەرتە ڕیعایەتی قیمەت کرابێ• کەواتە ئەگەر کەسێك دە بزن و سێ مەڕی بوو ، ئەوە دروستە بزنێك بدا لە زەکـاتا کە قیمەتی بکاتە چـارەکە بزنێك و سێ چارەکە مەڕ • هەروەها دروستە لەجیاتێ زەکاتی مەڕ بزن بدا بەوشەرتـە کە ئەو بزنە قیمەتی مەڕێکی هەبێ •

دروست نیە حەیوانی نەخۆش و عەیب‌دار وەربگیرێ لە زەکاتا مەگەر لەزەکاتی حەیوانی نەخۆش و عەیب‌دارا • دروستیش نیە حەیوانی نێر وەربگیرێ مەگەر ئەو حەیوانانە کە زەکاتیان ئەدرێ نێرینە بن ، وەك گوێرەکە نێر لە زەکاتی گادا ، یا لەبەر ناچارێ وەك وشترێکی نێری دوو ساڵە لەجیاتی وشترێکی مێچکەی یەك ساڵە کە لە موڵکی خاوەن ماڵەکەدا نەبێ • دروستە لەجیاتی زەکاتی حەیوانی بچکۆلە حەیوانێکی بچکۆلە وەربگیرێ وەك باسی ئەکەین لە باسی زەکاتی بەچکەدا کە تابیعی ڕادەی زەکاتی دایکی بێ •

دروست‌نیە ئەوەی زەکات ئەچنێتەوە بۆ خەزێنەی موسوڵمانان داوای حەیوانی ئاوس یا تازەزاو یا دابەستە بکا ، مەگەر بەئارەزوی خاوەن حەیوانەکە • هەروەها دروست نیە داوای حەیوانی زۆر بەقیمەت و نایاب بکا مەگەر ئارەزوی خاوەنەکەی وابێ •

شەرتی واجب‌بونی زەکات لە حەیوانا ئەوەیە لە موڵکی خاوەنەکەیا ساڵێکی بەسەرا ڕابوردبێ و، بە دەمی خۆی بلەوەڕێ بە بێ‌ئەوەی خاوەنەکەی ئالفی بداتێ ، بەڵام شوانیان ببێ • ئەو بەچکانە کە لە حەیوانێ پەیدا ئەبن کە گەیشتبن بە ڕادەی زەکات، لەسەر حیسابی ساڵی دایکیان، زەکاتیان ئەدرێ • مەسەلا کابرایەك چل سەر مەڕی بو ، لەپاش چەند مانگێ زان و لە هەمان ساڵا بیست مەڕیان لێ مرد ئەوە بەچکەکان لەجێگەیانا دائەنرێن و زەکاتیان لێ‌ئەدرێ • یاخود کەسێك چل سەر مەڕی هەبو و پاش ئەوە کە زان هەمویان مردن و بەرخەکانیان مانەوە ، ئەوە لەجیاتی دایکەکانیان دائەنرێن و زەکاتیان لێ‌ئەدرێ • یاخود کەسێك شەصت و یەك سەر مەڕی هەبو و لەپاش شەش مانگ زان ، ئەوە چونکە بەهەمویانەوە بوون بە صەدوبیست‌ویەك سەر ، لە ئاخری ساڵی دایکیانا زەکاتیان لێ‌ئەدرێ و دو سەریان ئەدرێ بە زەکاتا لەگەڵ ڕیعایەتی قیمەتدا ، هەرچەند کە بەچکەکان ساڵیان تەواو نەکردوە • ئەگەر بەچکەکان لە بەشی زۆری ساڵا ئالفیان پێ‌ئەدرا ، یاخود لە ماوەیەکی‌وادا

ئاڵفیان پێ‌ئەدرا کە بێ ئاڵف نەژین لەو ماوەیەدا ، ئەوە زەکاتیان لێ نادرێ •
بەڵام ئەگەر ماوەی ئاڵف پێدانەکە کەم بێ وەك شەو و ڕۆژێك ، ئەوە ڕێگا لە واجب‌بوونی زەکات تیایانا ناگرێ • ئەگەر ئەو حەیوانانە بۆ خۆیان بە بێ‌شوان ئەلەوەڕان ، زەکاتیان لێ‌نادرێ • هەروەها هەر حەیوانێکی بە دەمی خۆی لەوەڕیو کە ببێ بە ئاڵف‌خۆر و حەیوانێ کە ئیشی پێ بکرێ وەك گای جوت و گێرە کردن و هەڵگوزتن ، ئەوانەیش زەکاتیان لێ‌نادرێ •

هەر حەیوانێ کە بە کڕین یا بەخشین و شتی‌وا دەستی خاوەن حەیوان بکەوێ ، ساڵی تایبەتی بۆ دائەنرێ و لەگەڵ حەیوانەکانی‌تری ناژمێررێ لە ساڵا • هەروەها هەر کار و بەرخ و گوێرەکەیەك کە لەپاش تەواوبوونی ساڵی دایکەکانیان پەیدا بوبن ، ساڵی تازەیان بۆ دائەنرێ • کەواتە ئەگەر خاوەن حەیوان وتی ئەم بەچکانە زەکاتیان تیا نیە چونکە لەپاش تەواوبوونی ساڵی دایکەکانیان پەیدابوون ، باوەڕی پێ‌ئەکرێ ئەگەر بە درۆزن مەشهور نەبێ • ئەگینا سوێند ئەدرێ • ئەگەر لەنێوان مانگانی ساڵا هەندێك لەم حەیوانانەی فرۆشت و پاشان کڕینیەوە ، ئەوە سەر لەنوێ ساڵیان بۆ دائەنرێ •

(بێداری) خاوەن ماڵ لەبارەی ژمارەی سەری حەیوانەکانیەوە باوەڕی پێ‌ئەکرێ، ئەگەر پیاوێکی چاك بێ • ئەگینا حەیوانەکانی لە تەنگەبەرییەکا خڕ ئەکرێنەوە و ئەژمێررێن •

زەکاتی دەغڵ و دان و میوە

دەغڵ‌ودان و میوە زەکاتیان تیا نیە مەگەر ئەوانەیان کە ڕۆژی (قوت) بن و ئادەمیزاد بتوانێ بەئارەزوو پێیان بژی • ئەمەش لە دەغڵ‌ودانا بریتییە لە برنج و گەنم و جۆ و پەڕشە و نیسك و نۆك و ماش و فاسۆلیا و پاقلە و گەنمە شامی و ذەڕاتە عەرەبیلە و هەرزن و ڕەمەدانە و دێمیلە و هەر دەغڵ‌ودانێکی‌تر کە ئینسان بە بێ ناچاری پێی‌بژی • لە میوەشدا بریتییە لە خورما و مێوژ •

ڕادەی زەکاتی دەغڵودان و میوە پێنج (وسق)ە کە بە پێوانە ئەکاتە سێصەد (صاع) و بە پێوانەی کوردەواریِ ئەکاتە نزیکەی چل و پێنج تەنەکە • بە کێشانەش ئەکاتە هەزار و شەش‌صەد (رطـل)ی بەغدایی و بە کێشانەی کوردەواریِ ئەکاتە دوِ صەد و بیست و پێنج تەورێزیِ •

(بزانن) بوِ هەر ڕوطابێ بە خورمایی بخوریِ و بوِ هەر ترێیەك بکریِ بە مێوژ ، حیسابی پێنج ویسقەکە بەخورمایی و مێوژیِ ئـەکریِ • ئەگینا بە تەڕیِ حیساب ئەکرێن و لێك‌ئەدرێتەوە چەند خورمای تەڕ و چەند تریِ پێنج ویسق خورمای وشك و مێوژی تیـا ئەبیِ و بەوجوِرە لەسـەر خاوەنەکەی تەخمین و حیساب ئەکریِ تا زەکاتەکەیان بێتە ئەستوِی و بتوانیِ تەصەڕوف بکا لەمیوەکەیا • ئەگەر تەخمین نەکرا لەسەری و لەخوِیەوە تەصەڕوفی تیا کرد ، زەکاتە کە قەرز ئەبیِ لەسەری و قیمەتەکەی ئەدا بەوانەی موستەحەقن •

هەر قوِتیِ لە توێکڵا هەڵنەگیریِ وەك گەنم ، ئەوە ئەبیِ بە پاك کراویِ بگاتە ڕادەی زەکات • هەرچییش بەتوێکڵەوە هەڵگیریِ وەك برنج و پەڕشە، دروستە پاك بکرێتەوە و ڕادەی زەکاتی بە پێنج ویسـق دابنریِ ، یـا پاك نەکرێتەوە و ڕادەی زەکاتی بە دە ویسق دابنریِ •

بوِ گەیشتنە ڕادەی زەکات جینسێك ناخرێتە پاڵ جینسێکی‌تر • بەڵام جوِرێکی جینسێك ئەخرێتە پاڵ جوِرێکی‌تری ئەو جینسە• کەواتە گەنم ناخرێتە پاڵ جوِ ، بەڵام گەنمە قەندەهاریِ ئەخرێتە پاڵ گەنمە زەردکە و ، جوِرەشە ئەخرێتە پاڵ جوِسپیِ • میوەی ئەمساڵ ناخرێتە پاڵ میوەی ساڵێکی‌تر ، بەڵام دوِ میوەی ساڵێك ئەخرێنە پاڵ یەك هەر چەند لە یەك کاتیشـا پیِ‌نەگەن • بوِ هاوساڵیِ میوە و دەغڵودان تەماشای ئەوە ناکریِ ناشتن و چاندنیان لە یەك ساڵا بوِبیِ ، بەڵکو تەماشای ئەوە ئەکریِ لە یەك سـاڵا بچنرێنەوە یا درەو بکرێن • لە وڵاتی ئێمەدا ساڵی پێگەیشتنی کشـتوکاڵ لەپاش ناوەڕاستی

بەهارەوە دەس‌پێ‌ئەکات تا نزیکی ئاخری پایز و کشت‌وکاڵی هاوینەمان لەم‌ماوەدا ئەکرێ و پێیش ئەگا •

ئەو ئەندازەی واجبە بدرێ لە زەکاتی میوە و دەغڵ‌ودانا دەیەکە بۆ ئەوەی دەیم بێ و بە باران پێ‌بگا ، یا بە ئاوی کارێز یا بەهۆی نزیکی ڕیشەکەی لەئاوەوە ، یا بە ئاوی چەم یا جۆگای هەڵگیراو ئاو بدرێ ، هەرچەند هەڵکەندنی ئەو جۆگایە و ئاو لێ‌هەڵگرتنی مەسرەفی ببێ • بۆ ئەوەش کە بە ئاو هەڵگۆستن یا بە دۆلاب یا بە کڕینی ئاو ئاو بدرێ بیست‌یەکە • بۆ ئەوەش کە بەم دوجۆرە هەردوکیان وەکو یەك ئاو بدرێ سێ چارەکە دەیەکە ، یەعنێ دەیەکێکی ئەکرێ بە چوار بەشەوە ، سێ بەشی ئەدرێ بە زەکاتا و بەشێکی ئەدرێتەوە بە خاوەن ماڵ • ئەگەر بەجۆرێکیان زیاتر ئاو درا لەو جۆرەکەیان ، ئەوە ئەندازەی زەکاتەکەی بەش ئەکرێ بەسەر باری پێگەیشتنەکەیا •

زەکات واجب ئەبێ لە خورما و ترێدا لەوکاتەوە کە سەرەتای پێگەیشتنیان دیارێ ئەدا • جا هەر لەم کاتەوە دەس بۆ بردنیان حەرامە چونکە حەقی فەقیریان پێوەیە ، مەگەر کابرای خاوەن ماڵ پیاوێکی عادڵ بهێنێ و لەسەر بنچینەی تەماشا کردنی هەمو باخ و ڕەزەکان تەخمینی بکا ، ئەوجا حەقی زەکات ئەکەوێتە ئەستۆی و دروست ئەبێ هەمو جۆرە تەصەڕوفێکیان تیا بکا ، بەڵام ئەبێ ڕازێ بێ بەوەی کە تەخمین‌کەرەکە دایئەنێ •

(ابن حجر) فەرموێەتی بۆ دەرچون لەم گێژداوە عەیبی نیە خاوەن ماڵ تەقلیدی مەذهەبی ئیمام ئەحمەد بکا کە لای‌وایە دروستە ئینسان بەر لە تەخمین ، خۆی و خێزانی بەپێی عادەت لەو خورما و ترێیە بخۆن و دیارێ لێ بنێرن بۆ دۆستانیان و لەسەریشیان حیساب ناکرێ •

زەکاتی دەغڵ‌ودانیش لەوکاتەوە واجب ئەبێ کە دەنکەکەی ڕەق ببێ و

خۆی بگرێ • جا چونکە لە دەغڵودانا مەجالی تەخمین نیە لەبەرئەوە کە دەنکەکانی دیار نین ، دروست نیە خاوەن ماڵ تەصەڕوفی تیا بکا تا زەکاتی لێ دەرئەکا ، مەگەر لەبەر ناعیلاجی ، چونکە حەقی زەکات بە هەمو بەشێکی ئەو ماڵەوەیە •

لای هەندێ لە عالمانی شافیعی مەذهەب وایە زەکاتی ماڵ لە ئەستۆی خاوەن ماڵەکەدایە • ئیمامی شافیعی خۆیشی فەرمودەیەکی وای هەیە • کەواتە عەیبی نیە خاوەنی میوە و دەغڵودان تەقلیدی ئەم قەولە بکا و ، ئەوجا بۆی دروست ئەبێ گەنم بکا بە گوڵەپڕوزە بۆ چێشت و ، بەرکوت بکا بۆ نان و چەڵتوك کڕە بکا و ، گوناهی پێ ناگا • ئەوەندە هەیە ئەبێ حیسابی ئەو ئەندازەیە ڕابگرێ کە ئەیخوا تا لەپاشا لەگەڵ میوە و دەغڵودانەکەی تریا زەکاتی دەرکا •

(بزانن) هەرچی مەسرەفێکی کشتوکاڵ و باخە لەسەر خاوەن ماڵەکەیە، وەك درەو و گێرە و کێشە و شەن کردنی خەرمان و چنین و وشك کردنەوەی میوە • بەلام هەندێ کەس دێن ئەم مەسرەفانە حیساب ئەکەن ، ئەوجا زەکاتی باقییەکەی ئەدەن • ئەمە ناشەرعییە • ئەبێ زەکات بۆ تێکڕای میوە و کشتوکاڵ بدرێ و ، هەمو مەسرەفێك لە گیرفانی خاوەن ماڵ خۆی دەربچێ•

ئەمێنێتەوە باسی موڵکانە کە خاوەن زەوی ئەندازەیەکی واریدات لەسەر خەرمان هەڵئەگرێ بۆ خۆی لەجیاتی کرێی زەوییەکەی• ئەم صورەتە لەشەرعا بە ئیجارەی بەتاڵ دائەنرێ ، چونکە لە وەختی بەئیجارەدانی زەوییەکەدا دیار نیە ئەو ئەندازەیە ئەکاتە چەند و بەپێی شەرع خاوەن زەوی کرێی زەوییەکەی ئەکەوێ نەك ئەو ئەندازەی واریداتە کە بڕیاریانداوە • جا ئەگەر خاوەن زەوی بێ ڕەزای خاوەن تۆو ئەو ئەندازە واریداتەی برد ، ئەوە بەشە زەکاتی ئەو ئەندازە براوە وەك زەکاتی ماڵی زەوت کراو وایە ، تا دەستی خاوەنەکەی

نەکەوێتەوە لەسەری نیە • ئەگەر خاوەن تۆوەکە بەئارەزۆی خۆی ئەو ئەندازە واریداتەی دا بە خاوەن زەوێ ، ئەوە واجبە لەسەری زەکاتی هەمۆ واریداتەکەی بدا ، چونکە موڵکانە لە بەشی فەقیر و هەژار بار ناکرێ •

زەکاتی ماڵی موشتەرەك

شەریکێ تەئثیری هەیە بۆ واجبۆنی زەکات لە هەمۆ جۆرە ماڵێکا چ حەیوان و چ میوە و چ ماڵی بازرگانێ و چ پارەی نەخت • ئەم شەریکییە دۆ جۆرە • یەکەم ئەوەیە کە بەشەکان دیارێ نەبن وەك ئەوە کە دۆ کەس چل سەر حەیوانیان بەمیراث بۆ هاتبێتەوە ، یا باخێك ، یا دۆ صەد درهەم ، یا بایێ دۆ صەد درهەم ماڵی بازرگانێ • دۆهەم ئەوەیە کە بەشەکان دیارێ بن وەك ئەوە یەکێك بیست سەر حەیوانی ببێ و تێکەڵی چل سەر حەیوانی یەکێکیتری بکا • جۆری یەکەم پێی ئەڵێن (شەراکەتی عەین) و دۆهەم پێی ئەڵێن (شەراکەتی جیوار) • شەریکێ بە هەر کام لەم دۆ جۆرە بێ ، ئەو دۆ کەسە واجبە وەك یەك کەس زەکاتی ئەو ماڵە دەربکەن ، بەو شەرتە لەو کاتەدا کە بەشی هەردوکیان دیارییە وەزعێکیوا نەیەتە پێشەوە کە ببێ بەهۆی جیایێ • مەسەلا لە حەیوانا جێگەی ئاو خواردن و مۆڵەڕان و جێگەی شەو و جێگەی دۆشین و شوان و فەحلیان جیا نەبێ • بەڵام شەرت نیە دۆشەریان یەك کەس بێ ، چونکە هەر خاوەن ماڵێك شیری حەیوانی خۆی ئەدۆشێ و لە ماڵی خۆیا ئەیژەنێ • پێویستە لە ماڵی بازرگانیدا دۆکان و پاسەوان و مەنپێو و ترازۆکێش یەکێك بێ • لە کشتوکاڵیشدا پێویستە ئاودێر و دروێنەکەر و خەرمان یەکێك بێ • لە میوەشدا ئەبێ دیوار یا پەرژینی باخ و جێگەی وشككردنەوەی میوە یەکێك بێ • لە نەختیشدا کیسە و صندوقی پارە و شوێنی هەڵگرتنی یەکێك بێ • ئەبێ لە هەردۆ جۆرەکەدا ماڵەکان لە ڕادەی زەکات واجبۆن کەمتر نەبن • ئەگەر کەمتر بۆن ئەبێ یەکێ لە

شەریکەکان ئەوەندە ماڵی ببێ کە بەتەنیا یا لەگەڵ بەشەکەی خـۆی لە ماڵی شەریکەکەیا ، بگاتە ڕادەی زەکات واجببۆن •

هەروەها شەرتە هەردۆ شەریکەکە ئەهلی زەکات بن • کـەواتە ئەگەر یەکێکیان کافرێکی (ئەهلی ذمە) یاخود منداڵێك بۆ لە سـکی دایکیا ئەوە قیمەتی نیە و تەنیا تەماشای بەشی ئەویانە ئەکرێ کە ئەهلی زەکاتە • لە هەر ماڵێکا کە پێویست بێ ساڵی بەسەرا بێتەوە ، ئەبێ شەریکییەکەیان لـە ساڵ کەمتر نەبێ • بۆ کشتوکاڵیش پێویستە لە سەرەتای سـاڵی کشتوکاڵەوە تا دوایی شەریك بن • بۆ میوەش ئەبێ لە سەرەتای پێگەیشـتنی میوەکەدا شەریك بن • بۆ حەیوانیش پێویستە لە یەك جۆر بن ، یا لە دۆ جۆری وا بن بدرێنە دەم یەك وەك مەڕ و بزن •

(بێداری) مەبەس لە یەکیەتی فەحل ئەوەیە ئەگەر حەیوانەکان یەكجۆر بۆن هەر کام لە شەریکەکان فەحلی تایبەتی نەبێ بۆ حەیوانەکانی • ئەگینا لەکاتێکا بەشی یەکێکیان مـەڕ و بەشـی ئـەویان بزن بێ ، قەیدی نیە هەر یەکێکیان فەحلێکی تایبەتی بۆ حەیوانەکانی ڕاگرتبێ •

(بزانن) شەراکەت جاروبار ئەبێ بـە مایەی بـار گرانی بـۆ هەردۆ شەریکەکە ، وەکو ئەوە کە بەهەردولایان چل مەڕیان ببێ • جاروباریش ئەبێ بە مایەی بارسۆکی بۆیان وەك ئەوە کە هەردوکیان هەشتا مەڕیان بە نیوەیی ببێ • جاری وایش هەیە ئەبێ بە مایەی بارسـۆکی یەکێکیان و بارقورسی ئەولایان وەك ئەوە کە شەصت مەڕیان هـەبێ ، چلی هی یەکێکیان و بیستی هی ئەو یەکەکەیان •

باسی هەندێك لە ئادابی زەکات

شەرتی واجببۆنی زەکات ئەوەیە خاوەن ماڵەکە موسوڵمان بێ و ئەبێ مەعلۆم بێ کە خاوەنی ئەو ماڵەیـە زەکاتەکەی لێئەدرێ • کـەواتە ئەگەر

کەسێك خانوییەکی‌دا بە کرێ بۆ ماوەی چوار ساڵ بە هەشتا دینار، ئەوە لەپاش تەواوبوونی ساڵی یەکەم واجبە زەکاتی تەنها بیست دیناری بدا ، چونکە تەنیا کرێی ساڵێك دامەزراوە • لەپاش ساڵی دوەمیش واجبە زەکاتی بیست دینارەکەی پێشو بدا بۆ ساڵێك و زەکاتی بیست دیناریتریش بدا بۆ دو ساڵ چونکە دەرکەوتوە دو ساڵە خاوەنی ئەم بیست دینارەشە • لەپاش ساڵی سێهەمیش زەکاتی چل دیناری کرێی ساڵی یەکەم و دوەهەم بدا بۆ ساڵێك و زکاتی چل دیناری کرێی ساڵی یەکەم و دوەهەم بدا بۆ ساڵێك و زەکاتی بیست دیناری کرێی ساڵی سێهەم بدا بۆ سێ ساڵ • لە ساڵی چوارەمیشا زەکاتی شەصت دیناری کرێی ساڵی یەکەم و دوەهەم و سێهەم بدا بۆ ساڵێك و زەکاتی بیست دیناری کرێی ساڵی چوارەم بدا بۆ چوار ساڵ • ئەم صورەتە ئەکرێ بەنمونە بۆ هەمو صورەتێکی لەم چەشنە •

زەکات نیە لە ماڵێکا وەقف کرابێ لەسەر جیهەتێکی چاکە وەك مزگەوت و ئیمامەت و دەرس وتنەوە و خوێندەوارێ و خەستەخانە و پرد و شتیوا ، خوا ئەو ماڵە نەخت بێ یا نەخت نەبێ • هەروا زەکات نیە لەماڵێکا کە وەقف کرابێ لەسەر منالێك کە لە سکی دایکیا بێ • بەڵێ ئەگەر ماڵێك وەقف کرا لەسەر کەسێك یا لەسەر چەند کەسێك و بەشی هەمویان بەسەر یەکەوە ئەگەیشتە ڕادەی زەکات ، ئەوە واجبە زەکاتی لێ دەربکرێ ، یاخود ئەگەر کەسێك موستەحەقی نەقدێکی وەقف بو بەرامبەر بە ئیشێك ساڵی بەسەرا ڕابورد ، ئەوە زەکاتەکەی واجبە •

ئەگەر ژنێك چل سەر حەیوانی دیارێ کراوی پێدرا لە مارەییا ، ئەوە لەپاش بەسەراهاتنەوەی ساڵێك لەکاتی پێدانەکەیەوە ، واجبە لەسەری زەکاتی بدا • بەڵام ئەگەر حەیوانەکان لە ئەستۆ (ذمە)ی مێردەکەیدا بون ، ئەوە زەکاتیان واجب نیە لەسەر ژنەکە چونکە هێشتا لە ئەستۆی مێردەکەیدان و دیارێ نەکراون بۆی کامەن •

بۆ زەکات‌دان لە ماڵی منداڵ و شێت و کەسێکا بە سەفیهێ باڵغ بۆبێ ، (ولی امر) سەرپەرشتێ کەرەکەیان مەسئوولە ئەو زەکاتە بدا بە خاوەن حەق •

فەرمۆدەی ڕاستتر لەنــاو فەرمۆدەکانی ئیمـامی شـافیعیدا ئەوەیە پەیوەندی زەکات بەو ماڵەوە کە زەکاتی تیایــە ، وەك پەیوەنـدی کۆمەڵە هاوبەشێك وایە بەوماڵەوە کە هاوبەشن تیایدا • کەواتە هەمۆ دەنکە گەنمێکی ئەو خەرمانەی کە زەکاتی تیایە ، دەیەکێکی خـاوەن حـەقی پێوەیە • ئەم فەرمۆدەیە هەرچەند وائەگەیەنێ کە ئەبێ زەکات لە عەینی ماڵەکەی دەربکرێ، بەڵام شەرع لەبەر ئاسان کاریێ ڕێگای داوە کەوا خاوەن ماڵ زەکاتی ماڵەکەی لە غەیری خودی ئەو ماڵەش دەربکا • فەرمۆدەی دۆهەمی شـافیعێ ئەوەیە پەیوەندی زەکات بە ماڵەوە وەك پەیوەندی خـاوەن قەرزە بــە ماڵی ڕەهن کراوەوە • کەواتە تا بەشێك لەو زکاتە مابێ بیدا ، دروست نیە تەصەڕڕوف لەو ماڵەدا بکا • بەڵام ئەگەر زەکاتەکە لە غەیری ئەو ماڵە دەربکا قەیدی نیە و دروستە • لە فەرمۆدەی سێهەمیا شافیعێ فەرمۆیەتی زەکات لەئەستۆی خاوەن ماڵدایە و پەیوەندی بە ماڵەکەوە نیە • لەسەر تەقلیدی ئەم فەرمۆدەیە بەر لە دەرکردنی زەکـات دروستـە خاوەن‌ماڵ تەصەڕڕوف لــە مالــەکەدا بکا وەك لەپێشەوە بەیانمان کرد •

(بزانن) بینا لەسەر پەیوەندێ زەکات بە ماڵەوە ، ئەو حەقی زەکاتە ناگاتە شیری حەیوانی زەکات و ئەو بەچــکەی لەپاش واجب‌بۆنی زەکات لەدایك بۆبێ و ، ئەو خورییەی لەپاش واجب‌بۆنی زەکات دەرچۆبێ • ئەمانە هێ خاوەن‌ماڵەکە خۆینی و مەگەر بەئارەزۆی خۆی بیانبەخشێ بە کابرای زەکات وەرگر •

واجبە ئەوکەسەی زەکات وەرئەگرێ باڵغ و عاقڵ بێ • کەواتە ئەگەر یەکێك ویستی زەکات بدا بە هەتیـو و شێت ، ئەبێ بیدا بە (ولی امر)یان

بەنیازی ئەوان • لەسەر فەرموودەی کۆنی ئیمامی شافیعی ئەگەر منداڵ و شێت باوك و باپیریان نەبوو ، دایکیان ئەتوانێ زەکاتیان بۆ وەربگرێ • لەسەر ئەم فەرموودەیە ئەتوانرێ زەکات بدرێتە دەستی دایکیان • ئەگەر دایکیشیان نەبوو (قاضی) سەرپەرشتیکەرێکیان بۆ دابنێ • ئەگەر ئەویش نەبوو شارەزایانی ئەو شوێنە یەکێك بکەن بە سەرپەرشتیکەریان و ئەو سەرپەرشتیکەرە زەکاتیان بۆ وەربگرێ •

واجبە لەسەر خاوەنماڵ هەر کە وادەی زەکاتدانەکەی هات ، دەس بەجێ زەکاتی ماڵەکەی دەربکا ، بەوشەرتە کە ماڵەکەی لە بەردەستا بێ و خاوەن حەقەکانیش حازر بن • دروستە بۆ خاوەنماڵ بە دەستی خۆی زەکاتی ماڵی بدا بە خاوەن حەق • دروستیشە وەکیل بگرێ ، بەڵام لەوە باشتر ئەوەیە بیداتە دەستی فەرمانڕەوای موسوڵمانان لەو شوێنەدا بۆئەوە ئەو دابەشی بکا ، بەوشەرتە ئەو فەرمانڕەوایە پیاوێکی دادپەروەر (عادل) بێ • خاوەن حەقیش ئەتوانێ خۆی زەکاتەکە وەربگرێ و ، دروستیشە وەکیل بگرێ بۆ وەرگرتنی ، بەڵام لەمصورەتەدا پێویستە خاوەنماڵ بەنیازی خاوەن حەقەکە زەکاتەکە بداتە دەستی وەکیلەکەی و وەکیلەکەش بەنیازی ئەو وەری بگرێ •

واجبە لەسەر خاوەنماڵ نییەتی زەکاتدان بهێنێ • مەسەلا بە زمان یا بە دڵ بڵێ ئەمە فەرزی زەکاتی ماڵی خۆمە ، یا ئەمە فەرزی صەدەقەی ماڵی خۆمە ئەیدەم • ئیتر دیاریکردنی ماڵەکە پێویست نیە • ئەگەر هاتو دیاری کرد ، ئەوە ئەو زەکاتە هەر لەباتی ئەو ماڵە ئەبێ و ناتوانێ بیکا بە زەکاتی ماڵێکیتر • لەکاتی جیا کردنەوەی ئەندازەی زەکاتی ماڵەکەشیەوە تا کاتی بڵاوکردنەوەی بەسەر خاوەن حەقدا ، ئەتوانێ ئەم نییەتە بهێنێ • هەروەها دروستە لەوکاتەشا نییەت بهێنێ کە ئەیداتە دەستی وەکیل • ئەگەر وەکیل زەکاتەکەی ئەدا بە خاوەن حەق و لەوکاتەدا خاوەن ماڵ نییەتی ئەهێنا ، ئەوە باشترە • هەروەها واجبە (ولی‌امر)ی منداڵ و شێت لەکاتی دەرکردنی

زەکاتی ماڵیانا نیبەت بهێنن • ئەگەر خاوەن‌ماڵ زەکاتەکەی دایە دەستی فەرمانڕەوای موسوڵمانان و لەوکاتەدا نییەتی هێنا ، ئەوە دروستە • ئەگینا دانامەزرێ هەرچەند فەرمانڕەوایش نییەت بهێنێ • بەڵێ ئەگەر بە زۆر زەکاتەکەیان لێ وەرگرت ، ئەوە ئەبێ فەرمانڕەوا نییەت بهێنێ و نییەتەکەی ئەو لەجیاتی خاوەن ماڵەکەیە • جا لەبەرئەوە کە نییەت پێویستە لە زەکاتا ، دروست نیە خاوەن حەق کە هەلی بۆ هەڵکەوت ، ماڵی دەوڵەمەند لەجیاتی زەکات داگیر بکا ، بەڵکو ئەبێ فەرمانڕەوای موسوڵمانان وەری‌بگرێ و بیبەخشێتەوە بەسەر موستەحەقەکاندا •

باسی زەکاتی فیطر (سەرفیترە)

سەرفیترە واجب ئەبێ بە ئاوابوونی خۆری دوازۆژی ڕەمەزان • کەواتە سەرفیترە واجبە بدرێ بۆ کەسێك کە لەپاش مەغریبی شەوی جەژن بمرێ و واجب نیە بۆکەسێك لەوکاتە بەدواوە لەدایك‌ببێ • سوننەتە سەرفیترە لە بەیانیی ڕۆژی جەژنا پێش نوێژی جەژن بدرێ و حەرامە دوابخرێ لە ڕۆژی جەژن ، چونکە پاش ئەوڕۆژە وەختەکەی بەسەرئەچێ و ئەبێ بە قەزا • دیاریشە حەرامە بە بێ‌عوزر ئینسان فەرزێك لە وەختی خۆیدا جێ‌بەجێ نەکا •

شەرتی واجب‌بوونی سەرفیترە ئەوەیە کابرا زیادی هەبێ لە مەسرەف و نەفەقەی پێویستی شەو و ڕۆژی جەژنی خۆی و هەرکەس کە گوزەرانی لەسەریەتی وەك ژن و باوك و دایك و کوڕ و کچی فەقیری و خزمەتکاری خۆی و کارەکەری ژنەکەی ئەگەر بە نانەسکی خزمەتیان بکەن • هەروەها ژنی تەڵاق‌دراو بە تەڵاقی (رجعي) یا بە تەڵاقی (بائن) بەوشەرتە ئەو ژنە (بائنە)یە دووگیان بێ • هەروەها شەرتە زیادی هەبێ لە ئەندازەی دەستەجلێکی موناسب بۆ خۆی و ژنەکەی و هەرکەسێکی‌تر کە مەسرەفی لەسەریەتی و ،

له کرێی خزمەتکارێ کە پێویستی پێ بێ و لە کرێی خانویەکی موناسب ئەگەر خۆی خانوی نەبوو • پێویستیشە زیادی هەبێ لە قەرزێ کە وادەی دانەوەی هاتبێ • ئەگەر پیاوێك خۆی لات و ژنەکەی دەوڵەمەند بوو ، ئەوە واجب نیە لەسەر ژنەکە سەرفیترەی خۆی بدا ، چونکە مەسرەفی ژن لەسەر مێردەکەیەتی و مێردەکەش لەم صورەتەدا لاتە • بەڵام دروستە ئەو ژنە سەرفیترەی خۆی بدا • لەمصورەتەدا واجبە لەسەر ئەو ژنە سەرفیترەی کارەکەرەکەشی بدا ئەگەر بە نانەسکێ ئیشی بۆ ئەکرد ، چونکە مێردەکەی لەبەرئەوە کە لاتە پێویست نیە لەسەری کارەکەری بۆ بگرێ تا مەسرەفی کارەکەرەکەی لەسەر ئەو بێ • هەروەها ئەگەر ئەو ژنە منداڵی فەقیریشی هەبوو ، ئەبێ سەرفیترەی ئەوانیش بدا • هەرکەس کە خۆی دەوڵەمەند بوو و منداڵی دەوڵەمەندیشی هەبوو ، واجب نیە لەسەری سەرفیترەی ئەو منداڵە دەوڵەمەندەی بدا ، بەڵکو سەرفیترەی ئەو منداڵە لە ماڵەکەی خۆی دەرئەکرێ ، بەڵێ ئەگەر باوکی لە ماڵی خۆی دای ، دائەمەزرێ • بەڵام سەرفیترەی کوڕ و کچی بالغ و دەوڵەمەند لەسەر خۆیانە و دروست نیە بێ ئیجازەی ئەوان باوکیان یا دایکیان سەرفیترەیان دەربکا ، هەروەك چۆن دروست نیە کەس بە بێ ئیجازە سەرفیترەی یەکێکی بێگانە بدا •

واجب نیە لەسەر باوك سەرفیترەی ژنی کوڕی فەقیری بدا • هەروا واجب نیە لەسەر کوڕێ کە دەوڵەمەند بێ سەرفیترەی ژنی باوکی فەقیری بدا ، ئەگەر ئەمانە سەرفیترەی ئەوانەیان دا ئەبێ ئیجازەیان لێ وەرگرن • واجب نیە لەسەر برا سەرفیترەی خوشکی فەقیری خۆی بدا و ئەگەر ویستی بیدا ئەبێ ئیجازەی لێ وەربگرێ • حوکمی سەرفیترەدانی خوشکیش لەجیاتێ برا هەر وایە • ئەگەر هاتو فەقیرێك قەرزی کرد و سەرفیترەی دا ، ئەوە سەرفیترەکەی دائەمەزرێ هەرچەند پێویست نیە لەسەری ئەو قەرزە بکا • ئەگەر کەسێك کوڕێکی فەقیری بۆ سەری خۆی هەڵگرتبوو و ڕۆیشتبوو

بێ سەروشوێن مابێ ، ئەوە واجبە سەرفیترەی بۆ بدا ، چونکە ظاهیر وایە هێشتا هەر فەقیر بێ و مابێتیش •

ئەندازەی واجبی سەرفیترە بۆ هەر ئینسانێك یەك (صاع)ە لە قوتی غالبی ئەو شوێنە کە سەرفیترەکەی تیا واجب بوە • سەنگی (صاع) ئەکاتە شەش‌صەد و هەشتا و نۆ درەم و پێنج حەوت‌یەکە درەم و بە مثقاڵ چوارصەد و هەشتا و چوار مثقاڵە • بە حیسابی تەنەکەی نەوتیش تەنەکەیەك و شەش مشت بۆ سەرفیترەی شەش کەس بەش ئەکات •

(...انن) ئەو فەرمودەیەی لە صاعدا جێی ئیعتیبارە ئەوەیە بەحیسابی ...ەنگ بەپێی قورسێ و سوکێ دەغڵەکە ئەگۆڕێت • جا ... صلی الله علیه وسلم دەس کەوت ئەوە باشە ، ...ری کەین •

... لاتی نەبێ سەرفیترەی هەمێ ئەوانە بدا کە ... لەپێشا سەرفیترەی خۆی ، ئەوجا هێ ژنەکەی ، ... ، ئەوجا هێ باوکی ، ئەوجا هێ دایکی ، ئەوجا هێ ...بکا • دروستە کەسێك سەرفیترەی خۆی لە جۆرە ... ژنەکەی لە جۆرە قوتێکی‌تر بدا ، ئەگەر ولاتەکە چەند ... هەمێ وەك یەك ئەخوران • ئەگەر خۆی لە شوێنێك و ژن و منا... ...ە شوێنێکی‌تر بێن ، بۆ هەرکام لە قوتی غالبی ئەو شوێنە بدا کە تیایەتی •

باسی زەکات‌دان بەر لە واجب‌بێنی

دروست نیە بەرلەوەی ماڵ بگاتە ڕادەی زەکات ، زەکاتی لێ دەربکرێ • پاش گەیشتنیشی بەوڕادەیە ، دروست نیە پێشەکێ زەکاتی دێ ساڵی لێ‌بدرێ • بەلام دروستە زەکاتی ساڵێك بدرێ بەرلەوەی ساڵەکە تەواو ببێ •

هەروەها دروستە هەر لە سەرەتای مانـگی ڕەمەزانەوە سەرفیترە بدرێ بە موستەحەق • دروست نیە زەکاتی میوە بدرێ بەرلەوەی پێ بگا ، یا زەکاتی دەغڵودان بدرێ بەرلەوەی دەنکەکەی ڕەق ببێ •

شەرتی جێ گرتنی ئەو زەکاتـەی لەپێشا بدرێ ئەوەیە خاوەنماڵ لە ئاخری ساڵدا زەکاتی لەسەر واجب بێ و خاوەنحەقیش زەکاتی پێ بشێ • ئەگەر یەکێك لـەم شەرتانە نەهاتەدێ ، خاوەنماڵ ئەتوانێ ئـەو زەکاتە وەربگرێتەوە لە موستەحەق ، ئەگەر وەختی خـۆی پێی وتبێ ئەم زەکاتە زەکاتی واجبی ئاخری ساڵە ، یا پێی وتبێ ئەگـەر لە ئاخری ساڵا مانیعێك پەیدا بوو لە واجببوونی زەکات لەسەرم لێت ئەسێنمەوە • ئەگینا ناتوانێ لێی وەربگرێتەوە •

ئەگەر خاوەنماڵ و موستەحەقی زەکات قسەیان یەکی نەگرت لەوەدا کە ئەبێ بەهۆی وەرگرتنەوەی زەکاتەکە ، ئەوە موستەحەقی زەکاتەکە سوێند ئەدرێ • لە هەر صوورەتێکا کە وەرگرتنـەوەی زەکات دروست بێ ، ئەبێ عەینی زەکاتەکەی لێ وەربگرێتەوە ئەگەر مابێ ، ئەگینا پێی ئەبژێرێ ، ئەگەر وێنەی هەبوو وێنەی ، ئەگینا قیمەتەکەی وەرئەگرێتەوە •

ئەگەر ئەو ماڵە کە زەکاتی تیا ئەکەوێ ، بەرلەوەی خاوەنماڵ بتوانێ زەکاتەکەی دەرکا فەوتا ، ئەوە خاوەنماڵ قەرزار نابێ • ئەگەر پاش ئەوەش فەوتا کە ئەیتوانی بیدا ، واجبە بیبژێرێ • ئەگەر هەندێکی فەوتا ، پێویستە بەشی ئەو هەندەی بژێرێ • ئەگەر خۆی لەپاش تەواوبوونی ساڵ ماڵەکەی فەوتاند ئەوە دیارە واجبە زەکاتەکەی بژێرێ ، هەرچەند پێش ئەوەش بێ کە مەجاڵی تەسلیم کردنی ببێ بە خاوەنحەق •

باسی ئەوانەی موستەحەقی زەکاتن

زەکات ئـەدرێ بە لات و گەدا و زەکات کۆکـەرەوەی حوکومەتی

ئیسلام و قەرزار و بەندەی کاغەز پیٚدراو و ئەوانەی لەبەر تۆموسولمانی دلیان ڕائەگیرێ و ئەوانەی لە ڕێگەی خوادا غەزا ئەکــەن • مەبەس لە لات ئەوەیە هیچی نەبێ و ، گەدا ئەوەیە شتێکی هەبێ و بەشی نەکا • لات و گەدا لە لاتێ و گــەدایێ ناکەون بەوە کە خانۆیەکیان هەبێ تیا دانیشــن ئەگەر خانوەکە لەپایەی شانی خۆیان بێ ، هەرچەند عادەتیشیان گرتبێ بەوەوە کە لە خانۆی کرێدا دانیشن • یا ئەگەر دەستێك یا چەند دەست جلوبەرگیان هەبێ بەوشەرتە کە ئەو جلانەیان بۆ کەسێکی وەك خۆیان دەست بدەن • یا ئەگەر کتێبی عیلم و شەرع و شتیوایان هەبێ هەرچەند زۆریش بن ، هەر بەوشەرتە لەوانە بن کە لە سالا جارێك پێویســتیان پێ ببێ • یا ئەگەر مالێکیوایان هەبێ تا دۆ مەنزڵ دوور بێ و دەستیان پێنەگا • یا قەرزێکیان هەبێ بەسەر خەلکەوە و وادەی وەرگرتنەوەی نەهاتبێ • یا کاسبییەکیوا بزانن کە ئیستە نەتوانن بیکەن ، یا بتوانن بیکەن بەلام لایەقی شانیان نەبێ • فەقێیەکیش کە کاسبییەك بــزانێ و پێیبکرێ بیکا ، بەلام کردنی ئەو کاســبییە ڕێگەی خوێندنی لێبگرێ ، ئەوە زەکاتی ئەدرێتێ و داوای لێناکرێ کاسبێ بکا و پەکی خوێندنەکەی بخا • هەروەها عالمێــکیوا بەخۆڕایێ دەرس بلێتەوە و کاروباری ئایین فێری موسولمانان بکا و ولاتەکەش پێویستی بەو ئیشەی ئەو هەبێ ، ئەوە زەکاتی ئەدرێتێ و داوای کاسبێ کردنی لێناکرێ • بەلام ئەگەر کەسێك ئەیتوانێ کاسبێ بکا و لەبــەر خەریكبۆن بە نوێژکردن و قورئان خوێندنەوە کاسبێ پێنەئەکرا ، ئەوە زەکاتی نادرێتێ و ناچاری کاسبێ کردن ئەکــرێ ، چونکە ئەوە لە شەرعا بە بەتاڵ ئەناســرێ و ، بەتالیش کە بەئارەزۆی خۆی بەتاڵ بێ زەکاتی پێ ناشێ •

کەسێك کە گوزەرانی لەسەر کەسێکیتر بێ و ئەو نەفەقەیە کە ئەیدرایە بەشی ئەکرد ، وەکو ژن کە مێردەکەی ئەیژیێنێ و باوك و دایك کە کوڕیان بیاتژیێنێ ، ئەوە بەو نەفەقەیە لە لاتێ و گەدایێ دەرئەچێ و زەکاتی پێناشێ •

ئەگەر ئەو نەفەقەیەش بەشی نەئەکرد ، یا کەسێك ئەیدایە کە گوزەرانی واجب نەبو لەسەر ئـەو ، وەکو ئەوە کە برا خوشك و خوشکەزا و بـرا و برازا بژیێنێ ، ئەوە زەکاتی پێ ئەشێ • کەواتە دروستە برایەك کە خوشکێکی خۆی بژیێنێ ، زەکاتی ماڵی خۆی بدا بەو خوشکەی ، هەرچەند ئەویش خەرجی بکا بۆ شتی زیادەی وەك خشڵی حەڵاڵ بەوشەرتە کە زیادەڕەوێ تیا نەکا •
هەروەها دروستە بۆ باوك زەکاتی ماڵی خۆی بدا بە کوڕی بۆئەوەی خەرجی بکا بۆ مەسرەفی ژنەکەی ، چونکە مەسرەفی ئەو ژنە واجب نیە لەسەر ئەم و ئەو گوزەرانەش کە باوکی ئەیداتێ بەشی خۆی و ژنەکەی ناکا • هەروەها دروستە باوك ، زیاد لە نەفەقەی واجب ، زەکاتی ماڵی خۆی بدا بە کوڕێکی کە خەریکی خوێنـدەوارێ بێ و موحتاج بێ بە پارە بۆ کڕیـنی کتێب و شتیوا • دروستیشە باوك زەکات بـدا بـە کوڕی خۆی نـەك لەبەر ئەوە کە لات یا گەدایـە ، بەڵکو لەبەرئەوە کە قەرزارە یا لەبەر هۆیـەکیتر لەو هۆیانە کە زەکات بە ئینسان حەڵاڵ ئەکـەن ، وەك (ابن‌حجر) لە (تحفه)دا فەرمویەتی •

مەبەست لە زەکات کۆکـەرەوەی حوکومەتی ئیسلام ئەو کەسەیە کە فەرمانڕەوای ئیسلام ئەینێرێ زەکات لە خاوەن‌ماڵەکان وەربگرێ بۆ خەزێنە (بیت‌المال)ی موسوڵمانان • ئەمجۆرە ئەمڕۆ نەماوە •

قەرزاریش ئەگەر قەرزی بۆ خۆی کردبێ و لە ڕێگای حەراما خەرجی نەکردبێ ، یاخود لە ڕێگای حەراما خەرجی کردبێ ، بەڵام ئیسـتا پەشیمان بۆبێتەوە ، ئەوە زەکاتی ئەدرێتێ بەوشەرتە خۆی نەیبێ قەرزەکەی بداتەوە و وەعدەشی هاتبێ • یا ئەگەر بۆ قازانـجی موسوڵمانان قەرزار بۆبێ وەك ئاشت کردنەوەی دۆ کۆمەڵ یا دۆ کەس کە شەڕ و ئاژاوەیان لـەبەینا بێ ، یا قەرزی کردبێ بۆ کردنەوەی مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆش‌خانە و پرد لە شوێنی پێویستا ، یا بۆ میوانداریێ و نان‌دان بە خەڵك ، ئەوە دروستە ئەوەندە

زەکاتی بدرێتێ کە قەرزەکانی پێبداتەوە با خۆیشی پارەی هەبێ • مەبەس لەم جۆرە زەکاتدانە هاندانی موسوڵمانانە بۆ چاکە کردن •

مەبەست لە ڕێبواریش ئەوکەسەیە ڕێی بکەوێتە ئەو وڵاتە کە زەکاتەکەی تیا ئەدەن ، یا خۆی خەڵکی ئەوێ بێ و بڕوا بۆ سەفەرێکی حەڵاڵ ، خوا سەفەرەکەی فەرزی عەین بێ وەك سەفەر بۆ فێربوونی عەقیدە و ئادابی دینی خۆی ، یا فەرزی کیفایە بێ وەك سەفەر بۆ فێربوونی پیشەیەك کە پێویست بێ بۆ موسوڵمانان ، یا سوننەت بێ وەك سەفەر بۆ بەسەر کردنەوەی خزم و کەس وکار ، یا مەباح بێ وەك بۆ دیتنی دۆستان ، یا لەبەر بێتاقەتێ بەوشەرتە کە نیازێکی نادروستی لەدڵا نەبێ ، خوای ئەو سەفەرە کەمتر بێ لە دوو قۆناغ یا زیاتر بێ•دروستە ئەوەندە زەکات بدرێ بەم ڕێبوارە کە بەشی سەفەرەکەی بکا • بەڵام ئەگەر کابرای ڕێبوار بە بێمەبەست ئەسوڕایەوە ، ئەوە زەکاتی نادرێتێ چونکە ئەبێ بە یارمەتێ دانی گوناه •

مەبەستیش لە بەندەی کاغەز پێدراو ئەوکەسەیە کە خاوەنەکەی بۆی نووسیبێ ئەگەر ئەوەندە دیناری بەوەندە جار بۆ بهێنێ ئازاد بێ • ئەمجۆرەش زەکاتی ئەدرێتێ بۆئەوەی ڕزگار ببێ لە کۆیلەیێ ، چونکە ئایینی ئیسلام زۆر ئارەزوی لە ئازادکردنی بەندەیە و گەلێ شتی داناوە بۆئەوەی ببێ بەهۆی ئازادکردنی بەندە • ئەمجۆرە ئەمڕۆ لە وڵاتانی ئیسلاما نایابە و بەتایبەتێ لە وڵاتی ئیمەدا نیە •

مەبەستیش لە نوموسوڵمانی دڵ ڕاگیرکراو ئەوکەسەیە کە موسوڵمان بووبێ و هێشتا تەواو دڵی لەسەر ئیسلامەتێ دانەمەزرابێ • یا موسوڵمان بووبێ و کەس وکاری خۆی دەس بەرداری بووبن و ، ئەگەر لەناو موسوڵمانانا یارمەتێ نەدرێ ، پەکی بکەوێ یا باوەڕی زەدە ببێ • هەروا ئەوکەسەیە کە بەهۆی زەکات پێدانیەوە هیوای ئەوەمان ببێ خەڵکیتریش موسوڵمان ببن •

ئەوانەشن کە زەکات نەدەر ئەترسێنن ، یا سنوری وڵات ئەپارێزن و دوژمن ئەترسێنن ، یا بەرپەرچی کەللەڕەقانی ناوخۆ ئەدەنەوە و نایەڵن سەرکێشی بکەن • بەپێی پەیڕەوی ئیمامی شافیعی ئەمانە هەمویان زەکاتیان ئەدرێتێ •

مەبەست لە غەزاکەری ڕێگای خودایش ئەوانەن کە لەبەر ڕەزامەندی خوا غەزا ئەکەن بێ ئەوەی موچەیەکیان بۆ بڕابێتەوە لە (بیت المال)ی موسوڵمانان • ئەمانە ئەوەندەیان زەکات ئەدرێتێ کە بەشی گوزەرانی خۆیان و ماڵ و خێزانیان بکا تا ئەڕۆن بۆ سەفەری غەزا و ئەگەڕێنەوە •

لەسەر چ ئەساسێ زەکات ئەدرێ بە خاوەن‌حەق ؟

ئەگەر کەسێ داوای زەکاتی کرد و فەرمانڕەوای ئیسلام یا خاوەن‌ماڵ ئەیزانێ پێی ئەشێ ، پێویستە بەپێی زانستەکەی خۆی زەکاتی بداتێ • ئەگەر کابرایەك ئیدیعای لاتی یا گەدایی ئەکرد و مەعلوم نەبۆ ڕاست ئەکا یا نە ، ئەوە داوای شاهیدی لێ ناکرێ • ئەگەر کەسێك کە لەناو خەڵکا بە خاوەن‌ماڵ ناسرابۆ ئیدیعای فەوتانی ماڵەکەی کرد ، ئەبێ بە شاهید ئیسپاتی بکا کە ماڵەکەی فەوتاوە ، یا ئەگەر ئیدیعای کرد کە مناڵ و خێزانی زۆرە ، ئەمیش ئەبێ ئیسپاتی بکا کە ئیدیعاکەی ڕاستە • لات و گەدا ئەوەندەیان زەکات ئەدرێتێ کە بەشی عومری غالبیان بکا کە بریتییە لە ٦٠ ــ ٧٠ ساڵ • بەم‌جۆرە ئەگەر توانای کاسبی کردنیان هەبۆ سەرمایەیان ئەدرێتێ کە کاسبی پێوە بکەن ، ئەگینا باغێك یا دوکانێك یا چەند سەر حەیوانیان بۆ ئەکڕێ تا بە بەرهەمەکەی بژین •

ئەم هەشت تاقمە کە باسمان کردن ، ئیستا چواریان هەن : لات و گەدا و ڕێبوار و قەرزار • جا ئەگەر فەرمانڕەوای موسوڵمانان یا خاوەن‌ماڵ زەکاتیان دابەش‌کرد ئەبێ بەشی هەر چوار تاقمەکە بدەن ئەوەندەی یەك ،

هەرچەند پێویست ناکا بەشی یەکەیەکەی هەر تاقمێکیان ئەوەندەی یەك بێ • بەڵام ئەگەر خاوەنماڵ زەکاتی دابەش ئەکرد و ماڵەکە بەشی هەمۆی نەئەکرد، پێویستە لە هەرجۆرێ بەشی سێ‌کەس بدا • ئەگەر بەشی ئەوەندەشی نەئەکرد، ئەوە ئەبێ بەپێی توانا دابەشی بکا بەسەریانا و تا ئەم تاقمانە لەو وڵاتەدا بین کە زەکاتەکەی تیا ئەدرێ ، دروست نیە خاوەنماڵ زەکاتی خۆی بنێرێ بۆ وڵاتێکی‌تر •

شەرتی زەکات وەرگر ئەوەیە موسوڵمان بێ و لە ئەولادی (هاشم) و (مطلب) نەبێ،چونکە ئەمانە حەقیان لە بیست‌وپێنج‌یەکی (فییء) و (غنیمه)دایە• تا ئێرە ئەصڵی مەذهەبی ئیمامی شافیعییە خوای لێ ڕازێ بێ • بەڵام بۆ ئەم زەمانە کە (بیت المال) وەك جاران نەماوە و ئەم (هاشمی) و (مطلبی)یانە (خمس الخمس) پێنج‌یەکی پێنج‌یەکیان نادرێتێ و زەحمەتیشە بۆ خاوەنماڵ بەپێی ئەصڵی مەذهەبی شافیعێ بجوڵێتەوە و زۆر داماوی بێ‌دەس هەیە لە شوێنی‌ترا جگە لەو شوێنەی کە زەکاتەکە هێ ئەوێیە ، چاكوایە ئینسان تەقلیدی ئەو ئیمامانە بکا کە فەرموێانە دروستە زەکات بدرێ بەتەنیا تاقمێك لەم‌تاقمانە ، بەڵکو بە تاقەکەسێك لە تاقمێك لەو تاقمانە و دروستە زەکات بگوێزرێتەوە بۆ شوێنێکی‌تر و دروستە لەکاتی نەمانی پێنج‌یەکدا زەکات بدرێ بەوانە کە لە ئەولادی (هاشم) و (مطلب)ن کە (سید) بەعزێکیانن • ئەمە فەرموێدەی ئیمامی (ابو حنیفه)یە ، هەروەها فەرموێدەی گەلێکیشە لە زانایانی شافیعێ مەذهەب وەك ئیمامی (اصطخری) و (اذرعی) و (سبکی) و (اسنوی) و غەیری ئەمانەیش • ئەم تەقلیدە یەك‌جار بکرێ بەسە بۆ هەمۆ ماوەی ژیان و پێویست نیە ئینسان لە تەقلید کردنا ناوی ئیمامەکان بزانێ ، ئەوەندە بەسە باوەڕی بێ کەوا ئەم فەرموێدەیە فەرموێدەی ئیمامێکە لە ئیمامە باوەڕپێ‌کراوەکانی ئیسلام و ڕازێ بێ بە فەرموێدەکەی • ئەم باسە لە حاشیەی

(شیروانی) و له (اعانه) و له حاشیەی (شرح منهج) و (نهایه) و گەلێ کتێبی‌تری گەورەی شەرعا نوسراوە •

باسی صەدەقەی سوننەت

صەدەقەکردن سوننەتە و حەلاڵە بدرێ بە فەقیر و بە دەوڵەمەند ، هەتاوەکو بە کافرێکیش کە لە (اهلی ذمه) بێ • ئەمجۆرە صەدەقەیە ، بە پەنامەکی بدرێ و ، لە مانگی ڕەمەزاندا و بۆ خزم و دراوسێ ، گەلێ خێری زۆرترە • ئەگەر کەسێك قەرزار بێ یا نەفەقەی واجبی خۆی و ماڵ و منداڵ و باوك و دایکی لەسەر بێ سوننەتە لەپێشا واجبەکەی خۆی جێ‌بەجێ بکا ، ئەوسا خێر و خێرات بکا • بەڵکو ئەگەر قەرزار بێ یاخود مەسرەفێکی واجبی لەسەر بێ ، حەرامە صەدەقە بکا تا ئەمانە جێ‌بەجێ ئەکا مادەم ئومێدی ئەوەی نەبێ لەلایەکی‌ترەوە ماڵی دەس بکەوێ و صەرفی بکا لەو قەزر و نەفەقە واجبەدا •

پاش لێ‌قەوماو ، ئەبێ ئینسان سرنجی قازانج بدا • مەسەلا هەر خێرێ ببێ بەهۆی ئاسایش و نەهێشتنی فیتنە ، ثەوابی زۆرترە • خێرکردن بە پیاوی بەحورمەتی لێ‌قەوماو و بەتایبەتی بە پیر و خاوەن خێزان ، ئیحسانی گەلێك زۆرە • هەروا بۆ ئەوکەسانە کە بۆنیان بۆ دین قازانج بێ وەك خوێندەواری دین و ئەوانەی بێ‌چاون و قورئان لەبەرئەکەن و ئەوکەسانە کە ئامۆژگاری موسوڵمانان ئەکەن و دەرسی عولومی دین ئەڵێنەوە ، چونکە ئەگەر ئەمانە نەمێنن ئادابی دین لەناو ئەچێ • صەدەقەی نەبڕاوە گەلێك سودی هەیە وەك دروستکردنی مزگەوت و قوتابخانە ، پاش ئەمە نان‌دان بە خەڵك و ، بە فریاد گەیشتنی کەسێ کە چارەی بڕابێ • پێویستە ئینسانی موسوڵمان لەکاتی صەدەقە کردنا هەمیشە ئەم بەراوردە بکا و خێری بەپەنامەکی بێ • بەڵێ ئەگەر

پیاوێکیوا بێ خەڵك چاوی لێبکەن ، ئەوە تا بەئاشـــکراتر حەســەنات بکا چــاکترە •

باسی ڕۆژوی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز

ڕۆژوی مانگی ڕەمەزان واجب ئەبێ بە تەواوبونی سێ ڕۆژەی مــانگی شەعبان ، یا بە چاوپێکەوتنی مانگی یەكشەوەی ڕەمەزان ، لەلایەن پیاوێکی عادڵەوە با (مستور العداله)یش بێ • فەرقی نیە ئەو چاوپێکەوتنە بە چــاوی ڕوت بێ یا بەهۆی دوربینەوە ، بەپێچەوانەی ئەوەوە کە (شیروانی) ئەڵێت• بەڵێ ئەگەر بەهۆی ئاوێنە یا ئاوەوە ببینێ ، ئەوە لای (ابن حجر) ئیعتیباری نیە ، بەڵام گەلێکیتر لە زانایان ئیعتیباری ئەکەن و ئەڵێن ئەوەی لەئــاوا یــا بەهۆی ئاوێنەوە بینراوە عەکسی مانگە و ئەگەر مانگ بەئاسمانەوە نەبوایە ، بە ئاوێنە یا لەنــاو ئاوا نەئەبینــرا • ئەم فەرمودەیــە فەرمودەیەکی جوان و عەقڵ گیرە •

ڕەمەزان ثابت نابێ بە چــاوپێکەوتنی مانگ لەلایــەن پیاوی فاســق و ژنەوە و بە قسە و حیسابی حیساب گەر و ئەستێرە ژمێر ، بەڵام لەسەر خۆیان واجب ئەبێ بەڕۆژو بن،هەروەها لەسەر هەر کەس کە باوەڕیان پێ بکا•واجبە ئینسان پشت بەو نیشانە و عەلامەتانە ببەستێ کە لەو ناوچەیەدا بوە بە عادەت لە یەکەم شەوی ڕەمەزانا پیشان ئەدرێن ، وەك ئاگەر کردنەوە لەسەر لوتکەی کێو و ، چرا داگیرساندن لەسەر منارە و ، تۆپ تەقاندنی ئێوارە و ، تەپڵ لێدانی پارشێو • هەروەها بۆ داهاتنی شەوی جەژنیش ئەبێ پشت بەمنیشانانە ببەسترێ •

ثابتبونی ڕەمەزان تێکڕا بەوە ئەبێ یا ئەو پیاوە عادڵە خۆی بڕوا بۆلای قــاضی شەهادەت بدا کەوا مانگی یەکشەوەی ڕەمەزانی ئەوســاڵەی دیوە ،

یا لای دوو کەسی عادڵ شەهادەت بدا و ئەوانیش بچنە لای قاضی لەسەر شەهادەتەکەی ئەو شەهادەت بدەن و قاضییش لەسەر ئەم شەهادەتە حوکم بدا بە داهاتنی مانگی ڕەمەزان •

دروست نیە بۆ ئینسان لەسەر شۆرەت و لەسەر بیستن لە ژن و منداڵ و گوناهبار بڕوا شەهادەت بدا لای قاضی • پێویستیش نیە شاهید لە شەهادەتەکەیا بەیانی صیفەتی مانگەکە بکا کە ڕووی لەکوێ بوە ، یا دووری و نزیکی لە قەراخی ئاسمانەوە چەند بوە ، چونکە ڕاگرتنی ئەمە شتێکی گرانە •

جا هەرکاتێ کە قاضی حوکمیدا بە ثابتبوونی مانگی ڕەمەزان ، ئەوکاتە ڕۆژوو واجب ئەبێ لەسەر هەموو ئەهلی ئەو شوێنە لەوانە کە ڕۆژوویان لەسەر واجبە و لەسەر خەڵکی هەر وڵاتێکیش کە هاومەطڵەع بێ لەگەڵ ئەو شارەدا کە قاضی حوکمی تیا داوە • مەعنای هاومەطڵەعییش ئەوەیە کاتێ مانگ یا ئەستێرەیەك لە یەکێکیانا بینرا لەویشیانا ببینرێ • جیاوازی مەطڵەعیش بەپێچەوانەی ئەمەوەیە • دوو شار کە لەسەر یەك (خط الطول) بن مەطڵەعیان جیا نابێ • بەمیسال شاری بەغدا و سولەیمانی لەبەرئەوە کە خەطی طوولیان لەیەك ئەچێ ، لە هەرکامیانا مانگ ببینرێ ، لەویشیانا ئەبینرێ • هەروەها هەرکاتێ لە وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتیدا مانگ ببینرێ ، لە ڕۆژاواییەکەشدا ئەبینرێ و مانگ لەوێ بەرزتر ئەبێ تا لە وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکە • بەڵام پێویست ناکا ئەگەر مانگ لە ڕۆژئاواییەکەدا بینرا ، لە ڕۆژهەڵاتییەکەشدا ببینرێ • بۆیە زۆر وا هەڵئەکەوێ لە دیمەشقا مانگ ئەبینرێ کەچی لە سولەیمانیدا نابینرێ چونکە مەطڵەعیان جیایە • ئەمە فەرموودەی ئیمامی (سبکی)یە • (ابو مخرمە) ئەگێڕێتەوە لە ئیمامی (نووی) کەوا هەر دوو شارێکی لەیەك جیا لە ڕۆژهەڵاتیەت و ڕۆژئاواییدا کە بەینیان هەشت دەرەجەی فەلەکی یا کەمتر بێ ئەوە هاومەطڵەعن و مانگ لە هەرکامیانا بینرا ، لەویشیانا ئەبینرێ • بەڵام ئەگەر بەینیان لە هەشت دەرەجە زیاتر بوو ، ئەوە یا مەطڵەعیان

بەڕاستی جیایە ، یاخود گومان ئەکرێ کە مەطلەعیان جیا بێ •

(بزانن) ئاسمـــان کراوە بە سێصـــەد و شـــەصت دەرەجـەوە ، هەر دەرەجەیەکی ڕۆژ بە چوار دەقیقە ئەبڕێ • کەواتە هەر دوو شارێ مابەینیان هەشت دەرەجە بێ ، مەعنـــای وایە وەختی بانگیـــان لەیـــەك جیـــا ئەبێتەوە بەئەندازەی ســـێ ودوو دەقیقە و تـــا ئەم ئەندازە بە هاومەطلەع دائەنـــرێن • ئەگەر زیادیشی کرد مەطلەعیان جیا ئەبێتەوە •

جا هەروەختێ بە بڕیاری قاضی ڕۆژوومـــان گرت و بەو حیســـابە سی ڕۆژمان تەواو کرد لەو ولاتەدا ، ئەوە بە قەطعی جەژن ئەکەین هەرچەند مانگی شەشەلاّن (شوال)یش نەبینین لە سایەقەی سافا • بەلاّم ئەگەر ڕۆژووەکەمـــان لەسەر بنچینەی باوەڕ کردن بوو بە قســـەی ژن و منـــاڵ و پیـــاوی فاسق و حیسابگەر و ئەستێرە ژمێر ، یا لەسەر قســـەی دەمبەدەم بوو ، ئـــەوە ئەبێ ڕۆژوو نەشکێنین تا مانگ ئەبینین ، چونکە بیناغەی ڕۆژوو گرتنەکەمان قایم نیە•

ئەگەر لە ئەووەڵی ڕەمەزانا بینینی مانگ ثابت نەبوو بە یەکێ لەو نەوعانە کە وتمان ، ئەوە دروست نیە ئەو ڕۆژە بەڕۆژوو بین ، چونکە (یوم الشك)ە و حەزرەتی پێغەمبەر فەرموویەتی « هەرکەس لە (یوم الشك)دا بەڕۆژوو بێ ، ئەوە باوەڕی بە پێغەمبەر نیە » • هەروەها ئەگەر سەرەتای مانگی قوربانیش ثابت نەبوو ، ڕۆژی عەرەفە ئەبێ بە (یوم الشك) و حـــەرام ئەبێ تیا بەڕۆژوو بـــین ، چونکە هەڵئەگرێ ئەوڕۆژە ڕۆژی جەژن بێ ، وەك لە (شیروانی)دا نووسراوە• بەڵێ شك لە ئاخری ڕەمەزانا زەرەری نیە و دروستە ئینسان بڵێ نییەتم هەیە سبەینێ بەڕۆژوو بم ئەگەر لە مانگی ڕەمەزان بوو ، چونکە مادەم بیستونۆ ڕۆژ لە ڕەمەزان گیراوە ، وادیـــارە ئەم ڕۆژی سیـــهەمەش هەر لە ڕەمەزان بێ و مانگەکە تەواو بێ ، وەك لە (تحفە)دا وتراوە •

لەسەر ئەساسی پێشوو ، ئەگەر مانگ لە شاری ئیمەدا ثابت بوو و بە سەفەر

چوین بۆ شارێ که مەطلەعی لەگەڵ شارەکەی ئێمە جیا بێ و لەپاش ئێمە بەڕۆژو بوبون ، پێویستە لە ئاخری مانگا لەبەر حورمەتی ڕەمەزان لەگەڵ خەلکی ئەو شارە بەڕۆژو بین • ئەگەر چوینە شارێ کە خەلکی ئەوێ لەپێش شاری ئێمەدا جەژنیان ئەکرد ، جەژنیان لەگەڵ ئەکەین و لەپاشا ڕۆژێ قەزا ئەکەینەوە و ئەگەر خۆمان جەژنمان کرد و بە فڕۆکە (طیارە) چوین بۆ شارێ کە لەوێ دوارۆژی ڕەمەزان بێ ، پێویستە لەبەر حورمەتی ڕەمەزان لەوێ هیچ نەخۆین •

شەرتی ئەوکەسە کە ڕۆژوی لەسەر واجب ئەبێ ئەوەیە موسولمان و عاقڵ و بالغ و پاك بێ لە خوێنی حەیض و زەیسانێ لە هەمو سەعاتەکانی ڕۆژا • ئەگەر واش ڕێکەوت بەدرێژایی ڕۆژ نوست ڕۆژوەکەی دائەمەزرێ • هەروەها ئەگەر بەدرێژایی ڕۆژ هۆشی لەخۆی نەبێ تەنها یەك دەقیقە نەبێ ، ڕۆژوەکەی دائەمەزرێ • شەرتە بۆ دامەزرانی ڕۆژو ، هەمو شەوێ ڕۆژوەوانەکە بە دڵ نییەتی فەرزی ڕۆژوی سبەینێی ڕەمەزانی ئەو ساڵە بهێنێ، ئیتر ئەم نییەتە لە هەرکاتێکی شەوا بێ لەپاش مەغریبەوە تا بەرەبەیان فەرقی نیە • ئەگەر لەپاش نییەتەکەی شتی خوارد ، یا چوە لای ژنەکەی ، نییەتەکەی بەتاڵ نابێتەوە • ئەگەر تا ڕۆژیش ئەبێتەوە لەشی پیس بێ و لە ڕۆژا خۆی بشۆرێ قەیدی نیە ، بەلام سوننەتە هەر لەشەوا خۆی بشوا بۆئەوە کە لە ڕۆژا بەهۆی خۆشۆردنەوە ئاو نەچێتە قوڕگ و ئەندامەکانی تری لەشی • بەڵێ نییەتی ڕۆژوی سوننەت واجب نیە لە شەوا بێ ، ئەگەر لە ڕۆژا شتی نەخواردبێ تا پێش نیوەڕۆ ، دروستە نییەتی ڕۆژوی سوننەت بهێنێ و بۆی حیساب ئەکرێ بە ڕۆژو •

ئەوشتانە کە ڕۆژو بەتاڵ ئەکەنەوە

ڕۆژو بەتاڵ ئەبێتەوە بە (جماع) لە ڕۆژی ڕەمەزانا ئەگەر بەئارەزوی

خۆی بێ و بزانێ ڕۆژوی پێ ئەشکێ و لەبیریشی بێ ، خوا ئاوی بێتەوە یا نه • بەڵام ئەگەر بەزۆری کەسێ بۆ ، یاخود نەیئەزانێ ڕۆژوی پێ ئەشکێ و لەم نەزانینەشا عوزری هەبۆ بەوڕەنگە کە تازە موسوڵمان بۆبۆ یاخود لە وڵاتێکی دۆر لە مەلا بۆ ، یا لە بیری نەبۆ کە ڕۆژو بە جیماع ئەشکێ ، ئەوە ڕۆژوەکەی بەتاڵ نابێتەوە •

هەروەها ڕۆژو بەتاڵ ئەبێتەوە بە (استمناء) هێنانەوەی ئاوی خۆی ، چ بە صورەتێکی حەڵاڵ بێ وەك بە دەستی ژنەکەی ، یا بە صورەتێکی حەرام بێ وەك بە دەستی خۆی ، بە ڕۆتی بە دەستی پیا بهێنرێ ، یاخود بەسەر جلێکەوە ، بەوشەرتە کابرا بزانێ ڕۆژوی پێ ئەشکێ و لەبیری بێ کە بەڕۆژوە و بە زۆری کەس نەبێ • بەڵام ئەگەر ذەکەری خوراند لەبەر نەخۆشییەکی وەك سەودا و ئاوی هاتەوە ڕۆژوی ناشکێ ، مەگەر هەمیشە عادەتی وابێ هەر کە ذەکەری بخورێنێ ئاوی بێتەوە ، لە حاڵی‌وادا ڕۆژوەکەی ئەشکێ ، مەگەر ناچار بێ وەك ئەوە کە نەتوانێ نەیخورێنێ ، ئەوە عەفوی لێ ئەدرێ •

هەروەها ڕۆژو بەتاڵ ئەبێتەوە بە دەرچونی مەنێ بەهۆی دەستدان لە زەکەرێك یا لە فەرجێکەوە ، یا لە پێستی ژنێکی نامەحرەمەوە ، یا بەهۆی ماچ کردنیەوە ، یا بەهۆی ڕاکشان لەگەڵیا بەجۆرێ کە لەشی بدا لە لەشی ژنەکە بەڕوتی • ڕۆژو بەتاڵ نابێتەوە بە دەرچونی مەنێ بەهۆی ڕاکشان لەگەڵ ژنێکی نامەحرەما بە جلەوە ، یا بەهۆی دەستدانەوە لە پێستی ژنێکی مەحرەم وەك دایك و خوشك و خەسوی ، یا بەهۆی دەستدانەوە لە منداڵێکی بێ‌مو یا ماچ کردنی یا باوەش پیاکردنی ئەگەر بەنیازی دەرچونی مەنێ ئەوەی نەکردبێ و لە حاڵی خۆیشیا عادەتی‌وا نەبێ بەمجۆرە وەزعانە ئاوی بێتەوە ، ئەگینا ڕۆژوەکەی ئەشکێ • هەروەها ڕۆژو ناشکێ بە دەرچونی مەنێ بەهۆی بیرکردنەوەوە لە وێنەی ئافرەتێك ، یا بەهۆی ڕوانینەوە بۆی ، یا بەهۆی

دەستدانەوە لە فەرجی حەیوانێك ، ئەگەر عادەتی وانەبێ بەمجۆرە ئیشانە ئاوی بێتەوە . ئەگینا ڕۆژوەکەی ئەشکێ ، چونکە شتەکە ئەبێ بە عەمدێ .

دروستە بۆ ڕۆژوەوان ژنی خۆی ماچ بکا و دەست بکاتە ملی ، ئەگەر ترسی ئارەزوێ هەڵسانی نەبێ ، بەڵام باشتر ئەوەیە شتیوا نەکا . ئەگەر ترسی هەبێ کە ئارەزوێی هەڵسێ و ئاوی بێتەوە ، ئەوە مەکروهە بە کەراهەتی تەحریمێ .

ڕۆژو بەتاڵ ئەبێتەوە بەوە کە ڕۆژوەوان بە ئارەزو خۆی بڕشێنێتەوە ، هەرچەند هیچ لەو ڕشانەوەیەی نەڕواتەوە ناو سکی . بەڵام ئەگەر بەناچاری ڕشایەوە ، ئەوە زیانی نیە ، مادەم ڕشانەوەکەی قوت نەدات ، بەڵکو ئەگەر کەمێکیشی بەناچاری قوت بدا ، ئەوە عەفوی لێ ئەدرێ و ڕۆژوەکەی ناشکێ . ڕۆژو ناشکێ بەوە کە ئینسان لۆکەیەك بخاتە کونی گوێی یا کونی لوتی ، یا بیخاتە پاشی لەترسی خوێنی مایەسیری ، یا ئافرەت لەترسی خوێنی ناساغی بیخاتە کونی فەرجی و بە ڕۆژا دەری کێشێ و فڕێی بدا . ئەگەر ڕۆژوەوان پارچە بەڵغەمێکی هەڵکەندو فڕێیدا ، ئەوە بۆ ڕۆژوەکەی زیانی نیە . ئەگەر لەدەمیشیا هێشتیەوە و لەپاشا قوتیدا ڕۆژوەکەی ئەشکێ . ئەگەر پارچە بەڵغەمێك لە دەماغیەوە هاتە خوارەوە ، یا لە سنگی هاتە دەرەوە ، یاخود بەهۆی کۆکەوە گەیشتە سنوری دەرەوە (کە مەخرەجی «ح»ی بێ نوختەیە) و فڕێیدا ، ئەوە عەیبی نیە . ئەگەر قوتیدایەوە ، یا موبالاتی نەکرد بە فڕێدانی تا خۆی ڕۆیشتە خوارەوە ، ئەوە بەقەطعێ ڕۆژوەکەی ئەشکێ . بەڵام ئەگەر ئینسانەکە گیرۆدەی دەردی کۆکە بێ و بەڵغەمی زۆر بێ ئەوە عەفوی لێ ئەدرێ ئەگەر جار جار لەبەر ناچاری بەڵغەمەکەی قوت بداتەوە .

ڕۆژو بەتاڵ ئەبێتەوە بە گەیشتنی شتێ کە بەپێی عورف ماددەی هەبێ ، بۆ هەر شوێنێ کە بە پێی عورف پێی بڵێن بۆشایی ، خوا ئەو شوێنە هێزێکی

وای ببێ کە خواردەمەنیی یا دەرمان بگۆڕێ ، یا نە • کەواتە ڕۆژوو ئەشکێ بە گەیشتنی بڕنوتی بۆ بڕناخ و ، نان و ئاو و خواردەمەنیی و هەر شتێك بۆ ناو قوڕگ و سنگ و مەعدە و ڕیخۆڵە • هەروا بە شاف هەڵگرتن و دەرمانکردنە ناو میزەڵدان بە ترومپا و شتیوا •• بە دەرمان تکاندنە ناو گوێیش • هەروەها ئەگەر کەسێك سەری بشکێ و دەرمانی بکەن و ئەو دەرمانە بچێتە خوارەوە بۆ ناو دەماخی ، یا خەنجەرێکی لێ بدرێ و دەرمانی بکەن و دەرمانەکە بگاتە ناو سکی ، ڕۆژووەکەی ئەشکێ •• بەڵام ڕۆژوو ناشکێ بەوە کە چاوی بڕێژێ و وردەی ئەو کلەیە کە چاوی پێ ڕشتوە داپەڕێ بۆ ناو قوڕگی ، چونکە ئەوە ڕێگەی عادەتیی نیە • هەروەها ڕۆژوو ناشکێ بەوە کە مەڵهەمێ بدا لە لەشی و لە بنی موەکانیەوە چەوریی ئەو مەڵهەمە بڕواتە ناولەشیەوە ، یاخود شرنقەیەك بدا لە خۆی و دەرمانی شرنقەکە بڕواتە ناو ڕەگەکانیەوە و تێکەڵی خوێنی ببێ ، با تەئثیریش لە دڵ و جگەر و ناوسك و ئەندامانیتری لەشی بکا لەناوەوە ، بەڵێ ئەگەر دەرزیەکی کرد بە پێستی سکیا و دەرزیەکە گەیشتنە ناوسکی ، ئەوە ڕۆژووەکەی ئەشکێ ••

ڕۆژوو ناشکێ بە بۆن کردنی گوڵ و شتی بۆندار و بە وەرگرتنی بۆنی بخوور ، چونکە بۆن لە عورفا بە ماددە دانانرێ • بەڵام ئەشکێ بە هەڵمژینی دوکەڵی جگەرە و قلیان و سەبیل مادەم بگاتە دەماغ یا بگاتە قوڕگ ، چونکە ئەم دوکەڵە عەینێکی ڕاستییە و ، عورفیش ئیعتیباری ئەکا و ، نیشانەی دوکەڵەکەیش لەناو قلیان و سەبیل و دەمنە جگەرەدا دیارە و توێژ ئەبەستێ بەجۆرێ کە پێویستی بە پاك کردنەوەیە • (مع العلم) ئەوەی کە ئەلکێ بە قلیان و سەبیل و دەمنە جگەرەکەوە کەمترە لەوەی کە ئەڕواتە دەماخ و قوڕگی جگەرەکێشەکە • هەر کەسێ پارچەیەك کەتان بخاتە سەر دەمنە جگەرەیەك و هەناسەی لێوەبکێشێ ، ئەزانێ ئەو کەتانە چی بەسەر دێت • بەڵێ ئینسانێ کە لە سەر تەنور نان و چێشت بکا ، هەرچەند دوکەڵی زۆر

بڕوا بە قوڕگیا ئەوە عەفوی لێئەدرێ ، چونکە ناچارییە •

(بزانن) شەرتی ڕۆژوو بەتاڵەوە بوون بەمانە ئەوەیە بەئارەزوو بێ و کابرا بزانێ ڕۆژوی پێ ئەشکێ و لەبیری بێ • کەواتە ئەگەر بەزۆر خواردەمەنێ دەرخوارد درا ، یا ئاو و شتیوای کرا بە قوڕگا ، یا کابرا دوور بوو لە عالمانی دین و نەیئەزانێ ئەم خواردەمەنییانە ڕۆژوو ئەشکێنن ، یاخود لەسەر خەیاڵ نەبوو کە بەڕۆژوە تا نان و ئاوەکەی خوارد ، ئەوە ڕۆژوەکەی ناشکێ • هەروەها ڕۆژوو ناشکێ بەوە کە مێشێ بچێ بە قوڕگی ڕۆژوەوانا ، یا تۆزی ئارد لەکاتی ئارد بێژانا بچێتە قوڕگی ، یا پاشماوەی خواردەمەنێ لە بەینی دانەکانیا مابێتەوە و لەگەڵ تفا قووتی دابێ ، بەوشەرتە نەتوانێ بەتەواوێ دانەکانی پاك بکاتەوە • هەروەها ئەگەر تفی دەمی خۆی کۆکاتەوە و قووتی بدا ڕۆژوەکەی ناشکێ •

ئەگەر دەزوویەکی بە تف تەڕ کرد و دەزوەکەی هێنایە دەرەوە ، ئەمجار خستیەوە ناودەمی و هەڵیمژێ و تەڕایێ لەو دەزوە جیابوەوە و قووتیدا ، ئەوە ڕۆژوەکەی ئەشکێ • هەروەها ئەگەر خوێنی بنی دانەکانی تێکەڵی تف بوو و قووتیدا ڕۆژوەکەی ئەشکێ ، مەگەر گیرۆدەی خوێن ڕۆیشتنی پووکی بووبێ ، ئەوە عەفوی لێئەدرێ • هەروەها ڕۆژوو ئەشکێ بە بنێشت جوین ئەگەر هیچی لێ جیا ببێتەوە و قووت بچێ • ئەگەر ڕۆژوەوان موبالەغەی کرد لە ئاوڕادانا لە دەم و لووتی و ئاو پەڕییە قوڕگی ، ئەوە ڕۆژوەکەی ئەشکێ • ئەگەر بە ڕێکەوت ئاو پەڕییە قوڕگی ، ئەوە قەیدی نیە • ئەگەر کەسێك خۆی کرد بە ئاوێکا و ئاو ڕۆیشتە ناو لووتی یا ناو گوێچکەیەوە ، ئەمە ئەگەر ماوەی بووبوو بە بێ خۆکردن بەئاوا خۆی بشۆرێ و ، ئەیشیزانێ ئاو ئەڕواتە لووت و گوێیەوە ، ئەوە ڕۆژوەکەی ئەشکێ ، ئەگینا ناشکێ • هەر وەکو ناشکێ بە خوێنگرتن و کەڵەشاخ گرتن •

سوننەتە بۆ ڕۆژوەوان لە هەموو دەسنوێژێکیا ، چ پێش نیوەڕۆ و چ

پاش نیوەڕۆ ، بێ موبالەغە ئاو لــە دەم و لوتی ڕابــدا • هەروەها سیواك کردنیش سوننەتە بۆی تا خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان لائەدا ، لەوەلا کەراهەتی هەیە •

لە شەوا دروستە ئینسان شت بخوا مادەم باوەڕی وابێ هێشتا شەوە • ئەگەر لە ئاخری شەوا شتی خوارد بە خەیاڵی ئەوە کە شــەو ماوە ، کەچی دەرکەوت ڕۆژ بوەتەوە ، ئەوە ڕۆژوەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە • هەروەها ئەگەر لە ئاخری ڕۆژا شتی خوارد بە خەیاڵی ئەوە کە ڕۆژ ئاوا بوە کەچی دەرکەوت بەهەڵەدا چوە و هێشتا ڕۆژە ، ئــەوە ڕۆژوەکەی بەتــاڵ ئەبێتەوە • ئەگەر تیکەیەك لەدەمیا بۆ و طولوعی دا ، ئەویش گورج تیکەکەی فڕێدا ، ئەوە ڕۆژوەکەی دامەزراوە • ئەگەر خەریــکی جیماع بۆ و هەر کــە طولوعیدا گورج هاتە لاوە ، ئەوە ڕۆژوەکەی دروستە ، ئەگینا دانامەزرێ •

ئەگەر ژنێکی خاوەن حەیز نیەتی هێنا سبەینێ بەڕۆژۆ بێ و هەر لەو شەوەدا خوێنی وەستایەوە ، ئەوە دروستە سبەینێ بەڕۆژۆ بێ ، بەو شەرتە ئەو شەوە کە نییەتەکەی تیا هێناوە ، شەوی لای ژۆرۆی ماوەی حەیزی بێ ، یاخود لەسەر عادەتی پێشوی وەختی تەواو بونی حــەیزەکە شەوی مابێ و دوبارە نییەتی هێنابێتەوە •

(بزانن) ڕۆژۆ دروست نیە لە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان و قوربان و سێ ڕۆژەی پاش جەژنی قوربان‌دا کە مەشهورن بە (ایام التشریق) یــەعنی سێ ڕۆژەی حەیوان سەربڕین بۆ قوربــانێ • هەروەها دروســت نیــە ڕۆژۆی ڕەمەزان لە (یوم الشك)دا وەك وتمان • ڕۆژۆی سوننەتیشی تیا دروست نیە مادەم سەبەبێك نەبێ بۆ ئەو ڕۆژوە وەك قەزا کردنەوەی ڕۆژۆ ، یا وەفا کردن بە نەذرێ کە نەذری کردبێ لەسەر خۆی ، یــا وەك ڕێکەوتن لەگەڵ عادەتی ڕۆژۆی سوننەتی خۆیا ، مەسەلا عادەتی وابۆبێ هــەمو دو شەممە و

پێنج شەممەیەك بەڕۆژو بێ و یەکێك لەم ڕۆژانە ڕێکەوتی ڕۆژی (یوم الشك) بکا •

واجبە لەسەر باوك کە منداڵەکەی بۆ بە حەوت ساڵان ، فەرمانی بداتێ ڕۆژو بگرێ ئەگەر لەتوانایا بێ و ، ئەبێ لە دە ساڵانا لێی بدا ئەگەر ڕۆژوی نەگرت • دروستە ڕۆژو نەگرتن بۆ نەخۆشێ کە بەهۆی ڕۆژو گرتنەوە توشی نازەحەتێ ببێ بە جۆرێ کە تیمم کردنی بۆ حەڵاڵ بێ •واجبیشە لەسەری تەرکی بکا ئەگەر ترسی لە گیانی بۆ بەهـۆی ڕۆژوەوە ، یـاخود ترسی بۆ توشی ئازارێکیوا ببێ کە پێی هەڵنەگیرێ • ئەمە عەقیدەی گەلێکە لە عالمانی مەذهەبی شافیعێ • لەگەڵ ئەمەیشـا ئەگەر هاتو بـەڕۆژو بـۆ ڕۆژوەکەی دائەمەزرێ • جا ئەم نەخۆشە ئەگەر نەخۆشییەکەی لە شەو و ڕۆژا دەوامی بۆ ئەوە دیارە • ئەگەر هەنـدێ وەخت هەبۆ و هەنـدێ وەخت نەبۆ ، لەم صۆرەتەدا ئەگەر لەپێش بەرەبەیانا ساغ بۆ ، ئەوە پێویستە نییەت بهێنێ ، جا هەر کاتێ کە نەخۆشییەکەی تـوش بوەوە ، ڕۆژوەکەی بشـکێنێ • ئەگەر لەپێش بەرەبەیانا نەخۆش بۆ ، ئەوە پێویست ناکا نییەت بهێنێ •

هەروەها دروستە بۆ کەسێ کە لە سەفەرێکی درێژیوادا بێ لە دۆ قۆناغ کەمتر نەبێ ، تەرکی ڕۆژو بکا • بەڵێ شەرتی بەڕۆژو نەبۆن لە یەکەم ڕۆژی سەفەرەکەیا ئەوەیە لە پێش بەرەبەیانا لە قەراغی ئەو شارە یا ئەو دێیە دەربچێ کە تیایەتی • ئەگینا پێویستە ئەوڕۆژە بەڕۆژو بێ • ڕێبوار ئـەگەر بەهۆی ڕۆژوەوە زەرەری پێبگا ، باشتر ئەوەیە بەڕۆژو نەبێ ، ئەگینـا بەڕۆژو بێ باشترە •

ئەگەر ڕێبوار و نەخۆش نییەتیان هێنا و بە ڕۆژوەوە ڕۆژیان کردەوە ، بەڵام لەپاشا ویستیان بیشکێنن ، ئەوە بۆیان دروستە • ئەگـەر ئینسانێکی ساغ نییەتی هێنا و بەڕۆژو بۆ و لەپاشا نەخۆش کەوت و بەهۆی ڕۆژوەکەیەوە ئازاری زیاتر ئەبۆ ، دروستە بیشکێنێ و ئەبێ لەم ڕۆژو شکاندنەیا ئەوەی

له دڵا بێ که ڕوخسه‌تێکی شه‌رعیٰ جێ‌به‌جێ ئه‌کا • ئه‌گه‌ر یه‌کێکی نیشته‌جێ به‌ڕۆژو بو و چو بۆ سه‌فه‌ر ، ئه‌وه نابێ ڕۆژوه‌که‌ی بشکێنێ تا به‌هۆی ڕۆژوه‌که‌یه‌وه ناڕه‌حه‌ت ئه‌بێ ، چونکه له ئه‌ووه‌ڵی ڕۆژه‌وه له سه‌فه‌را نه‌بوه • هه‌روه‌ها هه‌رکه‌سێ که به‌هۆی ڕۆژوه‌وه ترسی گیانی ، یا ئه‌ندامێکی له‌شی ببێ ، یا بترسێ توشی ئازارێکی نابار ببێ ، ئه‌وه دروسته ، به‌ڵکو واجبه ئه‌وڕۆژه ڕۆژوه‌که‌ی بشکێنێ • ئه‌گه‌ر ڕێبوارێ که نییه‌تی ڕۆژوی هێنابو بو به نیشته‌جێ ، ئه‌وه ئه‌بێ درێژه به ڕۆژوه‌که‌ی بدا • هه‌روه‌ها نه‌خۆشێ که نییه‌تی هێنابێ و پاشان چاك بوبێته‌وه ، ئه‌وه ئه‌ویش ئه‌بێ ده‌وام بدا به ڕۆژوه‌که‌ی • ئافره‌تی دوگیان که ترسی له‌بارچونی منداڵه‌که‌ی ببێ به‌هۆی ڕۆژوه‌وه ، دروسته به‌ڵکو واجبه به‌ڕۆژو نه‌بێ • هه‌روه‌ها ئافره‌تی منداڵ‌به‌به‌ر که ترسی ئه‌وه‌ی هه‌بێ به‌هۆی ڕۆژو گرتنه‌وه مه‌مکی وشك ببێته‌وه یا شیری ئه‌وه‌نده تیا نه‌مێنێ که به‌شی منداڵه‌که‌ی بکا ، ئه‌ویش واجبه ڕۆژو نه‌گرێ له‌به‌ر خاتری منداڵه‌که‌ی • شێخی (ابن‌حجر) له (تحفه)دا فه‌رموێه دروسته بۆ ئه‌و که‌سانه که ئیشه‌که‌یان گرانه وه‌ك دره‌وی ده‌غڵ و گێره و کێشه و ئاسنگه‌ریٰ و به‌نایی ڕۆژو نه‌گرن به سێ شه‌رت • یه‌که‌م ئه‌وه‌یه ئه‌و ئیشه نه‌توانرێ به شه‌و بکرێ ، یا بکرێ به‌ڵام باش ده‌رنه‌چێ • دوهه‌م ئه‌وه‌یه ئه‌گه‌ر له‌وه‌ختا ئه‌و ئیشه نه‌کا توشی زیانی ماڵیٰ ببێ به‌جۆرێ که به‌عاده‌ت ته‌حه‌ممول نه‌کرێ • سێهه‌م ، وه‌کو له قسه‌ی عالمانی ئوسوڵ ده‌رئه‌که‌وێ ئه‌وه‌یه که ئه‌و ئیشه دوانزه مانگه نه‌بێ و ، قابیل بێ له وه‌ختێکی‌ترا ڕۆژوه‌که به‌قه‌زا بگێڕرێته‌وه • به‌ڵام ئیمامی (اذرعی) فه‌رموێه‌تی واجبه له‌سه‌ر ئه‌وانه که دره‌وی ده‌غڵ ئه‌که‌ن به شه‌و نییه‌ت بێنن و به ڕۆژ به‌ڕۆژو بن تا ناڕه‌حه‌ت ئه‌بن • که ناڕه‌حه‌ت بون ، ئه‌وسا ڕۆژوه‌که‌یان بشکێنن • دیاره ئه‌م قسه زیاتر له ئیحتیاطه‌وه نزیکه • ئه‌گه‌ر هاتو قوتی ڕۆژانه‌ی نه‌بو به بێ‌کاسبیٰ کردن ، ئه‌وه ڕۆژو شکاندنی باشتر بۆ دروسته ، به‌ڵام ئه‌وه‌نده‌ی ناچاریٰ • ئینسانی

موسوڵمان بۆی دروسته بەپێی فەرموودەی ئەم ئیمامانه بجوڵێتەوه ، بەڵام لەخوا بترسێ و نیازی ئەوەی ببێ کە پاش ئەو ماوەیه ڕۆژووەکەی بە قەزا بگێڕێتەوه و هەرکاتێ کە بۆی ڕێکەوت قەزای بکاتەوه •

هەر کاتێ ڕێبوار و نەخۆش ڕۆژوویان نەگرت ، پێویست ئەبێ لەسەریان قەزای بکەنەوه • هەروەها ئافرەتی خاوەن حەیز و زەیسان و هەرکەس بەهۆی ئیشێکی گرانەوه تەرکی ڕۆژووی کردبێ ، هەرکەس لەبەر عوزرێك ڕۆژووی شکاندبێ یـا نەیگرتبێ وەك ئافرەتی دووگیان و منداڵبەبەر • هـەروەها هەرکەسێك کـه بەبێ‌عوزر و بەئارەزوو ڕۆژووی نەگرتبێ یـا شکاندبێتی • ئەوەندە هەیە ئەوانەی لەبەر عوزرێك بەڕۆژوو نەبوون ، یاڕۆژوویان شکاندوه ، واجب نیه دەس‌بەجێ قەزای بکەنەوه ، بـەڵام ئەوانه کە بەبێ‌عوزر وایان کردوه ، ئەبێ دەس‌بەجێ قەزای بکەنەوه و بە دواخستنی گوناهبار ئەبن •

هەروەها واجبـه قەزای ڕۆژوو لەسەر ئەوکەسـەی ڕۆژووی فەوتابێ بەهۆی بێ‌هۆش بوونەوه یا بەهۆی ئەوەوه کە لە دین وەرگەڕابێ، بەڵام واجب نیه لەسەر منداڵ و شێت و کافری ئەسڵی لەپاش ئەوەی کە موسوڵمان ببێ •

ئەگەر منداڵێکی بە ڕۆژوو لەکاتی ڕۆژووەکەیدا باڵغ بوو ، ئەوه ڕۆژووەکەی بۆ حیساب ئەکرێ و قەزای لەسەر نیـه • خۆگرتن لە خواردن واجب نیه لەسەر ڕێبوار و نەخۆشێك کە پـاش ڕۆژوو نەگرتن عوزرەکەیان نەمێنێ • هەروەها ئەگەر لەپێش شت خواردنا عوزرەکەیان لاچووبێ ، بەوشەرتە شەو نییەتی ڕۆژوویان نەهێنابێ • بەڵام هەرکەسێ کە بەناحەق ڕۆژووی شکاندبێ ، یاخود شەو لەبیری چووبێ نییەت بهێنێ ، واجبە لەسەری بەڕۆژا خۆی بگرێ لە خواردن و خواردنەوه و هەرچێ کە حەرام بێ لەسەر ڕۆژووەوان • هەروەها کەسێکیش لە ڕۆژی (یوم‌الشك)دا شتی خواردبێ و ، لەپاش شت‌خواردنەکە ثابت بووبێ کە ڕەمەزانه ، واجبە لەسـەری لە پاشمـاوەی ئەوڕۆژەدا خۆی

بگرێ لە هەرچێ کە ڕۆژوی پێ بشکێ •

(بزانن) هەرکەسێ لەبەر پیرێ نەتوانێ بەڕۆژو بێ ، یا ئەگەر بەڕۆژو بێ ئازارێکیوای پێ بگا کە پێی تەحەممول نەکرێ ، واجبە لەجیاتێ ڕۆژوی هەر ڕۆژێ (مدّ)ێك یەعنی مشتێك قوت بدا بە فەقیرێك • هەروەها نەخۆشێکیش کە ئومێدی چاكبونەوەی لێ نەکرێ •

ئەوەی سوننەتە لە ڕۆژوی ڕەمەزانا و ئادابی شەوەکانی

ئیمامی غەزالێ فەرموێەتی ڕۆژو لەسەر سێ بەشە : ڕۆژوی گشتێ و ، ڕۆژوی تایبەتێ و، ڕۆژوی تایبەتێ لە تایبەتێ• یەکەم ئەوەیە کە واجباتەکەی جێبەجێ بکرێ و بپارێزرێ لەوشتانە کە ڕۆژو بەتاڵ ئەکەنەوە و باقێ ئادابە سوننەتەکانی بەجێ بهێنرێن • دوهەم ئەوەیە کە ئینسانی بەڕۆژو مەنعی هەمو حەواس و ئەندامانی لەشی خۆی بکا لە هەمو گوناهێك • مەسەلا بەچاو تەماشای حەرام نەکا و نەڕوانێ بۆ شتێ کە غافڵی بکا لە یادی خوای تەعالا و بەگوێچکە گوێ نەگرێ بۆ هیچ گوناهێ و زمانی بپارێزێ لە هەمو قسەیەکی ناشەرعێ وەك غەیبەت و فیتنەیێ لەناو خەڵکا و وەك درۆ و بوختان و جنێو و شەڕەدەم و قسەی هیچوپوچ ، هەتاوەکو ئەگەر کەسێك جنێوی دایە ئەم لە بەرابەریا بڵێ (من بەڕۆژوم) • بەشەویش ئەوەندە نەخوا کە ئیسراحەتی لێ ببڕێ بۆئەوەی بتوانێ بەئاسانێ خەریکی عیبادەت و قورئان خوێندن و ذیکری خوا بێ • هەروا ئەبێ لەپاش هەمو ڕۆژویەك دڵی لەنێوانی ترس و ئومێدا بێ ، چونکە نازانێ ئاخۆ خوای گەورە بەمیهرەبانێ ئەو رۆژوەی لێ وەرئەگرێ ، یاخود لەبەر لەکەدارێ ئەیداتەوە بەسەریا ، هەروەك لە هەمو عیبادەتێکا ئەبێ موسوڵمان دڵی وەها بێ ، بەڵام لای ئومێدی زۆرتر بێ •• سێهەم ئەوەیە لەماوەی ڕۆژوی ڕۆژ و عیبادەتی شەوا هەمیشە بە دڵ یادی خوا بکا و خوا بە حازر بزانێ و بیر بکاتەوە لە صیفاتی بێباکێ و میهرەبانێ

ئەو و مەنعی نەفسی خۆی بکا لە فکر و بیری پەست و ، ڕۆ بکاتە خەیالی بەرزی پیاوانە بەهۆی بە گەورە زانینی خوا و لادانەوە لە غەیری خوا •

ئەمە بەکورتی ئادابی ئەهلی ڕۆژو بۆ • ئەو سونەتانەش کە ئەهلی شەرع فەرمۆیانە زۆرن • لەو سونەتانەیە خەریك‌بۆن بە قورئان خوێندن و ذیکری خوداوە بەپێی توانا ، بەتایبەتی لە دە شەوی ئاخریا کە (ليلة القدر)یان تێ ئەکەوێ ، بەڵکو پایەی پیرۆزی ئەو شەوەی بەنصیب ببێ • هەروا لەو سونەتانەیە نوێژی تەراویح هەمۆ شەوێك پاش نوێژی عیشا و نوێژی وەتر بە جەماعەت لەپاش نوێژی تەراویح وەك باسمان‌کرد •

سونەتە ئەگەر ئینسان لەش‌پیسی بەسەرا هات هەر شەو خۆی بشوا بۆئەوە کە بگا بە جەماعەتی بەیانیدا و پارێزگاری خۆی بکا لەوە کە لە خۆشۆردنی ڕۆژا ئاو بچێتە کونەلۆت و کونە گوێیەوە و بە ڕۆژ خۆی بپارێزێ لە بۆن‌کردنی گوڵ و تام‌کردنی چێشت و خواردەمەنی‌تر ، مەگەر ناچار بێ لەبەر چێشت لێنان • هەروا بنێشت نەجوێ هەرچەند دڵنیاش بێ لەوە کە هیچی لێ جیا نابێتەوە • ئەبێ خوێنی خۆی بەرنەدا و کەڵەشاخ نەگرێ ، نەوەك ئەوەندە بێ‌هێز ببێ ڕۆژوەکەی پێ‌نەگیرێ • ئەبێ خۆی بپارێزێ لە ماچ‌کردنی ژنی خۆی و لە هەرچێ کە ئارەزۆی نەفسی هەڵسێنێ • کە بەڕاستییش بۆی دەرکەوت شەو داهاتوە بەپەلە ڕۆژوەکەی بشکێنێ ، جا ئەگەر خورما هەبۆ بە خورما ، ئەگینا بە ئاو بەربانگ بکاتەوە و لەوکاتەدا بڵێت (اللهم لك صُمتُ ، وبك آمنتُ، وعلى رزقكَ افطرتُ)• سونەتە هەمۆ شەوێ پارشێو بکا و پارشێوەکەی بخاتە نزیکی بەیانییەوە بەو شەرتە کە دڵنیا بێ شەوی ماوە • سونەتە بەپێی توانای خۆی خواردەمەنی بدا بە موسوڵمانان ، بەتایبەتی بە هەژاران بۆئەوەی ڕۆژوی پێ بشکێنن و پارشێوی پێ‌بکەن • خێرکردن لە مانگی ڕەمەزانا و بەتایبەتی لە دە ڕۆژی ئاخریا

سونه‌تێكی گه‌وره‌یـــه • هه‌روه‌ها سونه‌ته له‌م‌مانگه‌دا زۆر بمێنێتـــه‌وه له مزگه‌وتا بۆئه‌وه‌ی خۆی له كرده‌وه‌ی بێ‌سوود و قسه‌ی پڕوپووچ بپارێزێ •

باسی فیدیه و كه‌فاره‌تی ڕۆژوو

هه‌ركه‌س ڕۆژووی ڕۆژێـــك یا زیاتری له مانگی ڕه‌مه‌زان له‌بـــه‌ر عوزر فه‌وتاند و به‌رله‌وه‌ی بۆی ڕێكه‌وێ قه‌زای بكاته‌وه ، مرد ، ئه‌وه نه گوناهبار ئه‌بێ و نه فیدیه[(١)] و قه‌زای له‌سه‌ره • به‌ڵام ئه‌گه‌ر به بێ‌عوزر فه‌وتاندنی ، یاخود مه‌جاڵی بوو قه‌زای بكاته‌وه و به‌ئاره‌زوو قه‌زای نه‌كرده‌وه ، ئه‌وه گوناهبار ئه‌بێ • له‌سه‌ر ڕۆشنترین فه‌رمووده‌یه‌كی ئیمامی شافیعی دروسته خزم و كه‌سی ئه‌و مردوه له‌جیاتی ئه‌و ڕۆژووه‌كه‌ی بۆ به‌قه‌زا بگێڕنه‌وه ، یاخود له‌بریتی هه‌ر ڕۆژه ڕۆژوویه‌ك مشتێ ده‌غڵ بده‌ن به لاتێك له كه‌فاره‌تدا ، یا یه‌كێكی بۆ به‌كرێ بگرن ڕۆژووه‌كه‌ی بۆ بگێڕێتـــه‌وه • جا ئه‌گه‌ر كابرای مردوو ماڵێكی له‌پاش به‌جێ‌مابوو ، واجبه یه‌كێ له‌م دوو شته‌ی بۆ بكه‌ن كه وتمان • ئه‌گه‌ر میراتیشی نه‌بوو ، ئه‌وه ، به‌سراوه به ئـــاره‌زووی خۆیانه‌وه یا ڕۆژووه‌كه‌ی بۆ بگێڕنه‌وه ، یا له ماڵی خۆیان كه‌فاره‌تی بۆ بده‌ن ، یا هیچیان نه‌كه‌ن و گوێی نه‌ده‌نێ • ئه‌گه‌ر كه‌سێكی بێگانه به ئیزنی مردوه‌كه خۆی ، یا له‌سه‌ر وه‌صیه‌تی ئه‌و ، یا به ئیـــزنی كه‌س‌وكاره‌كه‌ی ڕۆژووه‌كه‌ی بۆ بگێڕێتـــه‌وه ، ئه‌وه‌ش دروسته ، ئه‌گینا دروست نیه ، به‌ڵام بێگانه ئه‌توانێ به بێ‌ئیزن وه‌رگرتن له كه‌س‌وكاری مردوه‌كه ، له ماڵی خۆی كه‌فاره‌تی ڕۆژووه‌كه‌ی بۆ بدا ، چونكه ماڵ صه‌رف كردن عیباده‌تی به‌ده‌نی نیه و دروسته بێگانه جێ‌به‌جێی بكا ••

---

(١) فیدیه : به‌رامبه‌ر به‌و ڕۆژوه‌یـــه كه به عوزر فه‌وتـــابێ و كابرا مه‌جـــاڵی نه‌بوبێ قه‌زای بكـــاته‌وه . به‌ڵام كه‌فـــاره‌ت به‌رامبـــه‌ر به‌و ڕۆژوه‌یه كه به بێ‌عوزر فه‌وتابێ ، ئیتر مه‌جاڵی بوبێ قه‌زای بكاته‌وه و دوای‌خستبێ ، یا هه‌ر مه‌جاڵی نه‌بوبێ ، یا به عوزر فه‌وتابێ و مه‌جاڵی بوبێ قه‌زای بكاته‌وه به‌ڵام دوای‌خستبێ .

له صورەتێکیشا کە کابرای مردۆ میراثی لێ بەجێبمێنێ و میراثگرەکان نە ڕۆژوەکەی بۆ بگرنەوە و نە کەفارەتی بۆ بدەن ، واجب ئەبێ لەسەر حاکمی شەرع بەزۆر یەکێك لەم دۆشتەیان پێبکا •

ئەگەر کەسێك مرد و نوێژی قەزای لەسەر بۆ ، ئەوە لەسەر ئەصڵی مەزهەبی شافیعی نە دروستە کەس قەزای نوێژەکەی بۆ بکاتەوە و نە کەفارەتی بۆ ئەدرێ • هەروەها ئیعتیکافێکیش کە نەذری کردبێ لەسەرخۆی و فەوتابێ • بەڵام گەلێك لە عالمانی مەزهەبی شافیعی فتوایان داوە کەوا دروستە خزم و کەسی مردوەکە نوێژە فەوتاوەکانی بۆ بگێڕنەوە • (امامی سبکی) خۆی نوێژی لەجیاتی هەندێ خزم و کەسی مردۆی قەزا کردوەتەوە • گەلێکیش لە زانایانی شافیعی مەزهەب لەسەر ئەو باوەڕەن کەوا دروستە خزم و کەسی مردۆ کەفارەتی نوێژە فەوتاوەکانی بۆ بدەن و لەجیاتی هەر نوێژێك مشتێ دەغڵ بدەن بە لاتێك • هەروەها دروستە بێگانەیش بە بێ ئیزنی کەس کەفارەتی نوێژی فەوتاوی ئەو مردوە دەرکا •

جا لەسەر ئەم ئەساسە لە مەزهەبی شافیعیدا کەفارەت[1] دان بۆ ڕۆژۆ و ، لەسەر فەرمۆدەی هەندێ لە عالمانی شافیعی بۆ نوێژیش دروستە • هەروەك لەسەر فەرمۆدەی هەڵبژاردەی زانایانی مەزهەبی حەنەفییش دروستە • بەڵام بۆیە ئیستە لەسەر مەزهەبی حەنەفی ئەکرێ ، چونکە لەم مەزهەبەدا دروستە کەفارەتەکە لەجیاتی دەغڵ بە پارە بێ ، کەچی لای شافیعییەکان وایە ئەبێ هەر دەغڵ بێ • دیارە دانی پارەکە ئاسانترە لە دانی دەغڵ •

ئافرەتی دۆگیان و منداڵبەبەر ئەگەر لەترسی گیانی خۆیان یا لەترسی نەخۆشکەوتنیان ڕۆژۆیان نەگرت ، واجبە قەزای ڕۆژوەکە بکەنەوە و

---

(١) ئەم کەفارەتە ئیستا لە وڵاتی ئێمەدا بە ئیسقات (اسقاط) مەشهورە .

فیدیەیان لەسەر نیە • ئەگەر لە ترسی منداڵەکەیان ڕۆژویان نەگرت ، قەزای ڕۆژوەکە و فیدیەیشیان لەسەرە • هەروەها کەسێکیش کە بۆ ڕزگاربونی یەکێك لە ئاو ڕۆژوەکەی بشکێنێ ، قەزای ڕۆژوەکە و فیدیەیشی لەسەرە • بەڵام یەکێك هەر بە دەستی قەصد ڕۆژو نەگرێ هەر قەزای لەسەرە ، چونکە تۆڵەی تاوانیوا لای خوایە و بە کەفارەت چار ناکرێ • هەرکەس قەزای ڕۆژوی ڕەمەزانی بەئارەزو دواخست تا ڕەمەزانێکیتر داهات ، واجبە لەسەری لەگەڵ قەزای ڕۆژوەکەدا بۆ هەر ڕۆژێ مشتێ قوت بدا لە کەفارەتا • فەرمودەی ڕاستتر ئەوەیە ئەم مشتە قوتە دوبارە ئەبێتەوە بەپێی دوبارە بونەوەی ساڵ تا ئەیگرێ و لە کوڵی ئەکەوێ • ئەگەر لەپاش ساڵی یەکەم کابرا مرد ، ئەوە بەرامبەر بە هەر ڕۆژێ دو مشتی لەسەرە • مشتێ لەبەر فەوتاندنی ڕۆژوەکە و مشتێ لەبەر دواخستنی قەزاکەی •

(بزانن) فیدیە و کەفارەت هەر بە لات و گەدا ئەدرێن • دروستیشە چەند مشت بدرێ بە تاقە لاتێك • جینسی فیدیە و کەفارەتیش هەر جینسی سەرفیترەیە ، یەعنێ لەو قوتەیە کە لە هەر قوتێکیتر زیاتر ئەخورێ لەو وڵاتەدا •

باسی کەفارەتی جیماع لە ڕەمەزانا

هەرکەسێ بەڕۆژو بێ لە مانگی ڕەمەزانا ، بە ڕۆژوی ڕەمەزان و ڕۆژوەکەی بشکێنێ بە جیماع ، بەجۆرێ کە گوناهی پێبگا بەهۆی شکاندنی ڕۆژوەکەوە ، ئەوە واجبە لەسەری لەگەڵ قەزای ڕۆژوەکەدا کەفارەتی ئەو جیماعە بدا ، خوا جیماعەکەی لەگەڵ ئادەمیزادا بێ ، یا لەگەڵ حەیوانا ، لەپێشەوە بێ یا لەپاشەوە ••

کەواتە کەفارەت نیە لەسەر کەسێ کە بەڕۆژو نەبێ و جیماع بکا ، یاخود بەڕۆژو بێ ، بەڵام ڕۆژوەکەی ڕۆژوی ڕەمەزان نەبێ ، مەسەلا ئەو

ڕۆژە بە ڕەمەزان نەزانێ و ڕۆژوی سوننەتی تیا بگرێ ، یا قەزای ڕۆژویەکی فەوتاوی تیا بکاتەوە • کەفارەت نیە لەسەر ڕێبوارێك یا نەخۆشێك کە ڕۆژوی لەسەر واجب نەبێ و ڕۆژوەکەی بە جیماع بشکێنێ ، یا لەسەر یەکێ کە لە پێشا ڕۆژوەکەی بشکێنێ ئەوسا جیماع بکا ، یا کەسێ کە وەخت بە شەو بزانێ و جیماع بکا ، ئەوسا دەربکەوێ ئەوکاتە کە جیماعەکەی تیا کردوە ڕۆژ بوە • هەروەها کەفارەت واجب نیە لەسەر کەسێ نەوموسوڵمان بێ یا لە وڵاتێکیوادا بێ دوور بێ لە زانایانی دین ، یا بەزۆر ناچاری جیماع کردنی بکەن ، یاخود بزانێ کە حەرامە و بە ئارەزوی نەفس بیکا ، بەڵام لەیادی نەبێ کە بەڕۆژوە •

دیسان کەفارەت واجب نیە لەسەر کەسێك ڕۆژوی سوننەت یا ڕۆژوی فەرزی غەیری ڕەمەزان وەك ڕۆژوی نەذر ــ بشکێنێ بە جیماع • یاخود ڕۆژوی ڕەمەزان بشکێنێ ، بەڵام لە وەختی قەزا کردنەوەیدا بێ • واجبیش نیە لەسەر کەسێ ڕۆژوی ڕەمەزان بە غەیری جیماع بشکێنێ •

فەرمودەی ڕاستتر ئەوەیە ئەم کەفارەتــە تەنها لەسەر کابرا واجبە و بەس ، خوا ژنەکەی نوستو یا بەخەبەر بوبێ ، ڕازی بوبێ یا نە • ئەگەر کەسێك ڕۆژوی بە جیماع شکاند و لەپاش ئەوە لە هەمان ڕۆژا نەخۆش کەوت ، یا چو بۆ سەفەر ، ئەوە هەر واجبە لەسەری کەفارەتەکە بدا ، چونکە ڕۆژوەکەی بە ناشەرعی شکاندوە •

ئەگەر کەسێك لە ڕۆژی ڕەمەزانا چەنــد جار جیماع بکا ، هەر یەك کەفارەتی لەسەرە • ئەگەر چەند ڕۆژیش جیماعی کرد ، ئەبێ بەپێی ڕۆژەکان کەفارەت بدا ، چونکە ڕۆژوی هەر ڕۆژێك عیبادەتێکی سەربەخۆیە •

کەفارەتی ڕۆژو یەکێکە لەم سێ شتە بەتەرتیب • یەکەم : ئازاد کردنی بەندەیەکی ساغی بێعەیب • دوهەم : ئەگەر بەنــدە دەس نەکەوت وەکو

لەم‌چەرخەی ئێمەدا ، بەڕۆژوبونی دوومانگ یەك‌لەسەریەك • سێهەم : ئەگەر بە قسەی دوکتۆرێکی باوەڕ پێ‌کراو قابیلی ئەوە نەبو دوومانگ یەك‌لەسەریەك بەڕۆژو بێ ، نانی شەصت هەژار بدا ، هەریەکە مشتێك قوتی ئەغلەبی ئەو ولاتەیان بداتێ • ئەگەر ئەمەشی پێ‌نەکرا کەفارەتەکە قەرز ئەبێ بەسەریەوە ئەمێنێتەوە تا هەرکاتێ کە دەستی ئەڕوا ، ئەوکاتە جێ‌بەجێی ئەکا • فەرمودەی ڕاستتر ئەوەیە ئەگەر کابرا زۆر خاوەن شەهوەت بو و نەیئەتوانی دوو مانگ یەك‌لەسەریەك بەڕۆژو بێ و بە ڕۆژا خۆی بگرێ جیماع نەکا ، ئەوە ئەتوانێ شەصت مشتە دەغلەکە بدا بە هەژاران • دروست نیە کابرا ئەم کەفارەتە بدا بە خێزان و منالی خۆی •

باسی ڕۆژوی سونەت

ڕۆژوی سونەت خێری گەلێك زۆرە • حەزرەت صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی : هەرکەسێ لەبەر ڕەزامەندیِ خوای تەعالا ڕۆژێ بەڕۆژو بێ ، خوا ڕێگای حەفتا پایز لە دۆزەخ دوری ئەخاتەوە • ڕۆژوی سونەت سێ جۆرە • یەکەم : دوبارە ئەبێتەوە بە داهاتنی ساڵ • ئەمە بریتییە لە ڕۆژوی نۆ ڕۆژی یەکەمی مانگی قوربان و بەتایبەتیِ ڕۆژی نۆهەمی کە ڕۆژی عەرەفەیە ، بەوشەرتە کابرا لە سەفەرا نەبێ و خەریکی ئادابی حەج نەبێ و نەخۆش نەبێ • هەروا ڕۆژوی نۆهەم و دەهەم و یازدەهەمی مانگی موحەڕڕەم و ڕۆژوی شەش ڕۆژەی شەشەلان لەپاش ڕۆژی جەژنەوە • سونەتە ئەم شەش ڕۆژە بەیەکەوە بگیرێن و لەپاش ڕۆژی جەژن دوانەخرێن ، هەرچەند بە یەکەیەکە و لە ناوەڕاست و ئاخری مانگیشا هەر دروستە • هەروا ڕۆژی پازدەهەمی شەعبانیش •

جۆری دووهەم : دوبارە ئەبێتەوە بە دوبارە بونەوەی مانگ • ئەمەش

بریتییە لە (ایام البیض) واتە ئەو ڕۆژانەی بەشەو مانگیان تیا ئاوا نابێ کە سیازدە و چواردە و پازدەهەمی مانگن و ، (ایام السود) واتە ئەو ڕۆژانەی شەویان هەمۆی تاریکە و مانگیان تیا دیار نیە کە بیست‌وهەشت و بیست‌ونۆ و سیهەمی مانگن • ئەگەر مانگ کەم‌یەك بۆ ، ڕۆژی یەکەمی مانگی تازەشیان بخاتەسەر • ئەگەر ئەمانەی بۆ نەئەگیرا لە هەر مانگێکا سێ ڕۆژ بەڕۆژو بێ •

سوننەتە ڕۆژۆی مانگی (ذی القعدة) و (ذی الحجة) و (محرم) و (رجب) و (شعبان) جگە لە ڕۆژی جەژن و سێ ڕۆژەی (ایام التشریق) • ئەگەر ئەمانەی هەمۆ بۆ نەگیرا ، لە هەر مانگێکا سێ ڕۆژ بەڕۆژو بێ • کەراهەتی هەیە بەتایبەتێ ڕۆژەکانی جومعە بەڕۆژو بێ •• هەروەها کەراهەتی هەیە بەتایبەتێ ڕۆژەکانی شەممە و یەکشەممە بەڕۆژو بێ •

کەراهەتی هەیە بەڕۆژوبۆنی تەواوی ساڵ بۆ کەسێ کە ترسی فەوتانی حەقێکی شەرعی لەسەر خۆی ببێ • ئەگـەر ئەو حەقە شەرعییە فەوتا ئەوە ڕۆژوەکەی حەرامـە • ئەگەر ترسیشی نەبۆ بفەوتێ سـوننەتە • باشترین شێوەی بەڕۆژوبۆن ئەوەیە ڕۆژێ بەڕۆژوبێ و ڕۆژێ بەڕۆژو نەبێ ، بۆئەوە لەلایەکەوە لە عیبادەت دۆر نەکەوێتەوە و لەلایەکی‌ترەوە حەقی گیانی خۆی و ماڵ و خێزانیشی بەجێ‌هێنابێ •

هەرکەس بەڕۆژو بێ بە ڕۆژۆی سوننەت ، دروستە بۆی بیشکێنێ ، بەڵام کەراهەتی هەیە ، مەگەر لەبەر میوان یا لەبەرئەوە کە کەسێك دەعوەتی کردبێ و نەتوانێ خۆی بگرێ هیچ نەخوا • ئەو وەختە کەراهەتی نیە ، بەڵکو سوننەتە بیشـکێنێ • هەروەهایە حوکمی نوێژی سـوننەتیش ، دروستە بیبڕێ و کەراهەتیشی هەیە • قەزای ئەم ڕۆژو و نوێژی سوننەتەیش پێویست نیە ، بەڵکو سوننەتە • هەرکەسێ خەریکی قەزا کردنەوەی ڕۆژو یا نوێژی فەرز بێ ، حەرامە یەکیان‌بخا ، خوای وەختی خـۆی بە بێ‌عوزر ئەو نوێژ و

ڕۆژوەی فەوتاندبێ یا بە عوزر • حەرامە لەسەر ژنی مێردداو لە غەیری عەرەفە و عاشوورادا ڕۆژوی سوننەت بگرێ ، مەگەر مێردەکەی ڕێگای بدا ، یاخود بزانێ کەوا ڕازییەتی •

گەورەترین ڕۆژو بەپێی مانگ ، ڕۆژوی مانگی ڕەمەزانە ، جا هی مانگی موحەڕڕەم ، جا هی مانگی ڕەجەب ، جا هی ذو الحجة ، جا هی ذو القعدة ، جا هی شەعبان • گەورەترین ڕۆژویش بەپێی ڕۆژ ، ڕۆژوی ڕۆژی عەرەفە ، جا هی عاشوورا ، جا هی تاسوعایە •

باسی ئیعتیکاف

(اعتکاف) لای ئەهلی شەرع واتە مانەوە لە مزگەوتا بەنیازی خواپەرستی • ئیعتیکاف سوننەتێکی گەورەیە و شەرتەکانی شەشن : نییەت و ئیسلامەتی و عەقڵ و پاکی لە لەشپیسی و مانەوە بەئارامی ، ئەوەندەی ئینسان لە ڕکوعدا ئەمێنێتەوە • شەرتە ئەم مانەوەیەش لە مزگەوتا بێ خوای ناو حەرەمی مزگەوت ، یا سەربانی ، یا بەرهەیوانی ، یا هۆدەی بانگدەر و مجێوری مزگەوت ، یا حوجرەی فەقێ • هەروا پاکییش لە حەیز و لە زەیسانی بەنیسبەت ژنەوە شەرتە •

ئیعتیکاف لە هەمو وەختێکا سوننەتە ، بەتایبەتی لە دەی ئاخری مانگی ڕەمەزانا ، بەهیوای دەسگیربونی فەضڵی (لیلة القدر) کە بەپێی عەقیدەی ئیمامی شافیعی بریتییە لە شەوی بیستویەك یا بیستوسێی ڕەمەزان • ئەگەر شوێنی ئیعتیکافەکە مزگەوتێك بێ جومعەی تیا بکرێ ، ئەوە باشترە • فەرموودەی ڕاستتر ئەوەیە دروست نیە ژن ئیعتیکاف لە هۆدەیەکدا بکا کە جیای کردبێتەوە لە ماڵی خۆی بۆ نوێژ تیا کردن • ئەگەر کەسێك بەتایبەتی نەذری کرد لەسەر خۆی کە ئیعتیکاف لە (مکەی مکرمە)دا بکا ، ئەوە واجب ئەبێ لەسەری • هەروا مزگەوتی حەزرەت (صلی الله علیه وسلم)یش لە

(مدینەی منورە) و مزگەوتی (المسجد الاقصی) لە قودس • ئەگەر کەسێك نەذری کرد لەسەر خۆی کە ئیعتیکاف بکا لە مزگەوتی مەدینە یا قودسدا ، ئەتوانێ لە مزگەوتی مەککەدا دانیشێ لەجیاتی ئەوان • بەڵام بەپێچەوانەوە دروست نیە • ئەگەر نەذریشی کرد لەسەر خۆی کە ئیعتیکاف بکا لە مزگەوتی قودسدا ، ئەوە ئەتوانێ لە مزگەوتی مەدینەدا ئیعتیکاف بکا لەجیاتی ئەو و بەپێچەوانەوە دروست نیە •

نیەت هێنان شەرتە بۆ ئیعتیکاف ، بەڵام شەرت نیە لەگەڵ ڕۆژۆدا بێ• ئەگەر ئەوکەسە نیەتی ئیعتیکافی شەوی هێنا دروستە • ئەگەر نەذریشی کرد بەڕۆژۆ بێ بە ئیعتیکافەوە ، یا ئیعتیکاف بکا بەڕۆژووەوە ئەوە هەردوکیان واجب ئەبن لەسەری و لەمصورەتەدا واجبە نیەتی فەرزی ئیعتیکاف بێنێ • ئەگەر موددەی قەرار نەدا بۆ ئیعتیکافەکەی ، نیەتی ئیعتیکاف بێنێ و هەرچەند بمێنێتەوە لە مزگەوتەکەدا دروستە • بەڵام هەرکاتێ چوە دەرەوە و لەپاش ئەوە هاتەوە ژوورەوە ، پێویستە نیەتی ئیعتیکاف بهێنێتەوە • ئەگەر نیەتی ئیعتیکافی موددەتێکی هێنا و لەو موددەتەدا ڕۆیشتە درەوە و هاتەوە ، ئەوە ئەگەر بۆ پێویستییەکی وەك دەس نوێژ گرتن دەرچوبۆ نیەت هێنانەوەی ناوێ ، ئەگینا ئەبێ دوبارە نیەت بهێنێتەوە •

ئەگەر نەذری کرد لەسەر خۆی موددەتێك لەسەریەك ئیعتیکاف بکا و پاش ئەوە ڕۆیشتە دەرەوە لەبەر عوزرێك ، ئەوە ئەگەر عوزرەکەی لەوانە نەبۆ کە دو ماوەکەی ئیعتیکافەکەی لەیەك ببڕێ ، تازەکردنەوەی نیەتی ناوێ• ئەگەر بە بێعوزر چوە دەرەوە ، یا بە عوزر چوە دەرەوە ، بەڵام عوزرەکەی لەوانە بۆ ماوەی پێش درچون و پاش دەرچونەکەی لەیەك جیا ئەکردەوە وەکو سەفەر ، ئەوە ئەبێ دوبارە نیەت بهێنێ و ماوەی پێشویشی بۆ ناژمێرێ •

ئەگەر نەذری کرد لەسەر خۆی ڕۆژێك ئیعتیکاف بکا ، ئەوە دروست نیە سەعاتەکانی ئەو ڕۆژە پارچە پارچە بکا بەسەر چەند ڕۆژێکا • ئەگەر

ماوەیەکی دیاریٚ کرد و بڕیاریدا کە ئەو ماوەیە هەموٚی پێکەوە بێ ، ئەوە پێویست ئەبێ پارچە پارچەی نەکا. ئەگەر پارچە پارچەی کرد ئەبێ قەزای بکاتەوە . ئەگەر نەذری کرد لەسەر خوٚی لە فلاٚن ڕوٚژەوە تا فلاٚن ڕوٚژ ئیعتیکاف بکا و لە نەذرەکەیدا وتی ئەگەر مانیعیك ڕوٚیدا ئەڕوٚمە دەرەوە ، ئەوە شەرتەکەی دائەمەزرێ و هەروەختیٚ هوٚیەك پەیدابوٚ بوٚ چوٚنە دەرەوەی ، ئەتوانیٚ بڕواتە دەرەوە و قەزای ئەو موددەتەی لەسەر نیە. بەلاٚم ئەگەر ماوەکەی دیاریٚ نەکردبوٚ ، مەسەلا وتبوٚی مانگێك ، ئەوە پێویستە قەزای ماوەی دەرچوٚنەکەی بکاتەوە و بەینی ئەو ماوەی قەزا کردنەوەیەش نەخا .

لە هەرکاتێکا کە نەذری کردبوٚ لەسەرخوٚی ڕوٚژەکانی ئیعتیکافەکەی پێکەوە بن ، نابێ بە بێعوزر بڕواتە دەرەوە . ئەگەر دەرچوٚ ئیعتیکافەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە و ئەبێ دوٚبارە بیکاتەوە . بەلاٚم زەرەری نیە ئەگەر سەری یا دەستی یا قاچێکی لە دەرگا یا پەنجەرەی مزگەوت بکاتە دەرەوە ، بەوشەرتە هەر هێز نەداتە سەر ئەو تەنیا قاچە .

چوٚنە دەرەوە بوٚ دەس بە ئاو گەیاندن و شتیوا زەرەری نیە و پێویست نیە لەسەری ئەم دەس بە ئاو گەیاندنەی لە ئاودەس خانەی مزگەوتا بێ ، بەڵکو ئەتوانیٚ بڕواتەوە بوٚ ماڵی خوٚی ، مەگەر ماڵەکەی زوٚر دوٚر بێ . ئەگەر بەسەر ڕێگەی چوٚن بوٚ قەزای حاجەتەوە سەری لە نەخوٚشێك دا ، ئەوە قەیدی نیە مەگەر زوٚری پیٚبچیٚ ، واتە زیاتری پیٚبچیٚ لەوەندە کە نوێژێکی جەنازەی تیا بکریٚ ، ئەگینا ئیعتیکافەکەی پچڕ پچڕ ئەبێ .

ئیعتیکاف ناپچڕیٚ بە دەرچوٚن لە مزگەوت لەبەر نەخوٚشییەکیوا ناچاری بکا بوٚ دەرچوٚن ، یا لەبەر حەیز بەسەراهاتن بەنیسبەت ژنەوە ئەگەر ماوەی ئیعتیکافەکەی لە پازدە ڕوٚژ زیاتر بێ . بەلاٚم ئەگەر کەمتر بوٚ ئەوە زنجیرەی ئیعتیکافەکەی ئەپچڕیٚ . هەروەها ئیعتیکاف ناپچڕیٚ بەوە کە لەبیری نەبێ و

بچێتە دەرەوە لە مزگەوت ، یا دەرچێ بۆ بانگدان ئەگەر بانگدان ئیشی ئەو بێ • پێویستە لەسەر ئەوەی کە لە ئیعتیکافایە ئەو ماوەیە بەقەزا بگێڕێتەوە کە تیایا ئەچێتە دەرەوە بە عوزر ، مەگەر بۆ دەس بە ئاوگەیاندن و شتیوا دەرچێ • بەڵام ئەگەر وەختی خۆی بڕیاریدابێ کەوا بە عوزر ئەچێتە دەرەوە، ئەوە قەزای لەسەر نیە وەك پێشان وتمان •

ئیعتیکاف بە چی بەتاڵ ئەبێتەوە ؟

ئیعتیکاف بەتاڵ ئەبێتەوە بە جیماع ئەگەر لەبیری بێ کە لە ئیعتیکافایە و بە عەمدێ بێ و بە ئارەزوی خۆی • هەروا بە تێکەڵبون لەگەڵ ئافرەتا بە ڕوتی ئەگەر ئاوی هاتەوە ، بەوجۆرە کە لەڕۆژوودا باسمان کرد • هەروا بە شێتبون و لەهۆشیخۆچونیش ئەگەر بەهۆی ناشەرعییەکەوە لە هۆشی خۆی چو • بە دەرچونیش لە مزگەوت بە عەمدێ بە بێ پێویستییەکی شەرعێ مەگەر بۆ دەس بە ئاو گەیاندن و شتیوا • ئەگەر ــ پەنا بە خوا ــ کابرا کوفری بەسەرا هات ، یا بەهۆی ناشەرعییەوە سەرخۆش بو، ئەوە دیارە ئیعتیکافەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە و ماوە پێشوەکەشی لەدەس دەرئەچێ ئەگەر نیەتی ئیعتیکافی یەك پارچەی هێنابو • بەڵام ئەگەر شێت بو یاخود بە بێ خەتای خۆی لە هۆشی خۆی چو ، ئیعتیکافەکەی بەتاڵ نابێتەوە مادەم نەچوبێتە دەرەوە لە مزگەوتەکە • ماوەی بێهۆشییەکەیشی بۆ حیساب ئەکرێ، بەڵام ماوەی شێتی بۆ حیساب ناکرێ •

ئەگەر ئافرەتی ئیعتیکاف کردو کەوتە حەیزەوە ، پێویستە دەسبەجێ بڕواتە دەرەوە لە مزگەوتەکە • هەروەها ئەگەر پیاو یا ژن لەشی پیس بو و نەیتوانی لەناو مزگەوتەکەدا خۆی بشوا و ماوەی حەیز و لەشپیسییەکەشیان بۆ حیساب ناکرێ •

باسی حەج و عەمرە

حەج ڕوکنێکە لە ڕوکنەکانی دینی ئیسلام و فەرزە لەسەر موسوڵمان بەوشەرتانەی کە باسیان ئەکەین • هەروەها عەمرەیش • هەرچی پێویست بێ بۆ حەج ، بۆ عەمرەیش پێویستە ، ڕاوەستانی عەرەفات و وەختی تایبەتی نەبێ، چونکە عەمرە لە هەمو کاتێکا دروستە ، بەڵام حەج هەر لە چەند ڕۆژێکی مانگی قوربانا ئەکرێ •

شەرتی دامەزرانی حەج تەنها ئیسلامیەتە • کەواتە دروستە بۆ باوکی منداڵ لەجیاتی منداڵەکەی ئیحرام دابەستێ، یاخود نیەتی ئیحرامی منداڵەکەی بهێنێ و بەرگی ئیحرامی پێوە بپێچێ و ، لەگەڵ خۆی بیبا حەجی پێ بکا و هەرکام لە ئەرکانەکانی حەجی پێ‌بکرێ پێی بکا •

شەرتی دامەزرانی خەریك‌بونی(1) حەج ئەوەیە ئەوکەسە وەك موسوڵمانە ، تەمیز و شوعوریشی هەبێ • بەڵێ ، ئیحرامی منداڵی خاوەن تەمیز بەوە دائەمەزرێ باوکەکەی ڕێگای بدا نیەتی ئیحرام بێنێ و ئیحرامی بۆ دابەستێ • هەر خوێنێ کە واجب بێ لەسەر منداڵەکە بیرێژێ ، ئەبێ باوکی بۆی برێژێ لە پارەی خۆی ، چونکە ئەو ڕێگای منداڵەکەی داوە بچێ بۆ حەج و ئەم مەسرەفەی بەهۆی ئەوەوە هاتوەتە ئەستۆ •

شەرتی ئەوەش کە ئەو حەجەی ئینسان ئەیکا جێگەی حەجی واجب (حجة الاسلام) بگرێتەوە ئەوەیە ئەوکەسە حەجەکە ئەکا ، بالغ و عاقڵ و ئازاد بێ • کەواتە ئەگەر فەقیرێك ڕێی کەوتە مەککە و حەجی کرد ئەوە کافیە لەباتی حەجی واجب • بەڵام بۆ منداڵ و بەندە کافی نیە و ئەبێ ئەگەر توانییان پاش باڵغ‌بون یا ئازادبون ، حەجێکی‌تر بکەن •

---

(1) مەبەس لە خەریك‌بون ئەوەیە ئەوکەسە خۆی خەریکی ئادابی حەجەکە بێ .

شەرتی واجب‌بونی حەج ئیسلامیەتە و بـالغ‌بون و عەقـڵ و ئازادیَ و توانین • توانین دوَ بەشە • (یەکەم) ئەوەیە بتوانیَ بە نەفسی خوَی حەج بکا • ئەمەش چەند شەرتیَکی هەیە •

(شەرتی یەکەم) ئەوەیە مەسرەفی چوَن و گەڕانەوەی ببیَ • کەواتە ئەگەر کابرا کاسبیَکیوا بوَ هەر ڕوَژیَ مەسرەفی چەند ڕوَژیَکی پەیدا ئەکرد ، ئەوە ئەگەر سـەفەرەکەی کەمتر بـوَ لە دوَ قوَنـاغ واجبـە بڕوا • ئەگـەر دوَ قوَنـاغ یا زیاتریش بوَ واجب نیە ، چونکە قابیلە لە ڕیَگەدا نەخوَش بکەویَ و کاسبیَ پیَ نەکریَ و پەکی بکەویَ ، یاخود مەجالَی ئەو کاسبییەی نەمیَنیَ •

(شەرتی دوَهەم) ئەوەیە بوَ کەسیَ کە مەسـافەی بەینی مـالَی ئەو و مەککە دوَ مەنزڵ زیاتر بیَ هوَی سواریَ دەس‌بکەویَ • ئەگەر مەسافەکە لـە دوَ مەنزڵ کەمتر بوَ ، بەلاَم کابرا بیَ‌هیَز بوَ و نەیئـەتوانـیَ بەتەنهـا بڕوا و پیَویستی بە هاوڕیَیەك بوَ ، ئەبیَ ئەو هاوڕیَیەشی لەگەڵ بیَ •

ئەبیَ ئەم مەسرەفی ڕیَگەیە زیاد بیَ لە قەرزیَ کە لەسەریەتی هەرچەنـد وادەی قەرزەکەیش نەهاتبیَ ، یا خاوەن قەرزەکە پەلەی لیَ نەکا ، یا قەرزەکە قەرزی خوای تەعالا بیَ وەکو ئەوە کە شـتیَکی نەذر کردبیَ لەسـەر خوَی ، چونکە لەوانەیە لە ڕیَگەدا بمریَ و حەقەکە لەئەستوَیا بمیَنیَتەوە • هەروەهـا ئەبیَ ئەو مەسرەفە زیاد بیَ لە دەسـتە جلیَکی لایق بوَ خـوَی و لە مەسرەفی ئەوانە کە مەسرەفیان لەسەر شانیەتی لە ماوەی چوَن و گەڕانەوەیا • نـابیَ بیشکەویَتەڕیَ تا یەکیَك نەکا بە وەکیل بوَ مەسرەف کردن بوَ ئەوانە • هەروا پیَویستە مەسرەفی ڕیَگەکەی زیاد بیَ لە خانوَیەکی لایق بوَ دانیشتنی خـوَی و خیَزانی ، هەرچەند ئەوکەسە عادەتیشی وابیَ لە خـانوی کریَدا دابنیشـیَ ، مەگەر خانوَیەکی لەسەر وەقف کرابیَ یـا وەسیەتی بوَ کرابیَ تیا دانیشـیَ • پیَویستە زیادیش بیَ لە کریَی خزمەتکاریَ کە پیَویست بیَ بوَ خزمەت کردنی•

فەرمودەی ڕاستتر ئەوەیە واجبە لەسەر ئینسان ئەو دەسمایەی بازرگانییەی بەدەستیەوەیە ، خەرجی بکا بۆ تویشوی خۆی و کرێی هۆی سواربونی لەم سەفەرەدا • هەروەها ئەبێ باخ و زەوییەکی کە بەرهەمیان بەشی مەسرەفی ساڵێکی بکا ، بیانفرۆشێ بۆ سەفەری حەج ، چونکە حەج واجبی ئیستەیە و مەسرەفی ساڵ پێویستی پاشەڕۆژە •

(شەرتی سێهەم) ئەوەیە ڕێگا ئەمین بێ • کەواتە ئەگەر ترسی بو لەوە کە زیانێك توشی گیانی خۆی یا توشی ئەندامێکی ببێ لە لایەن دوژمنەوە ، یا جەردە و ڕێگر یا دڕندە لە ڕێگەدا هەبو ، لەمصورەتانەدا حەج واجب نیە• بەلام ئەگەر حوکومەت باجێکی وەرئەگرت بەرامبەر بە پاراستنی گیان و ماڵی حاجییەکان لە ڕێگەدا و ئەو پارەیە زیاتر نەبو لەئەندازەی پێویستی پارێزگاری ، واجبە بدرێ و حەجەکە واجب ئەبێ ، چونکە حەقی پارێزگاریش وەك تویشوی ڕێگا وایە • واجبە ئینسان سواری پاپۆڕ و تەیارە و شتیوا ببێ ئەگەر سوار بونیان زیاتر وابو سەلامەت بێ و ڕۆژەکەی ڕۆژێکی مەترسیدار نەبێ •

بەشەرت گیراوە ئاو و نان و هەمو پێویستییەکیتر لە ڕێگەدا دەست بکەوێ لەو شوێنانەدا کە هەلگرتنی نان و ئاو لەوێوە کراوە بە عادەت • ئەبێ قیمەتەکەشیان لە قیمەتی موناسبی ئەو کات و شوێنە زیاتر نەبێ • شەرتە ئەگەر بەسواری ولاخ چو ئالفی دەس بکەوێ بۆ ولاخەکەی • ئەگەر حەجکەرەکە ئافرەت بو ، ئەبێ یا مەحرەمێکی وەك مێرد و برا و برازای لەگەلا بێ ، یاخود کۆمەلە ژنێکی باوەڕ پێکراو بن هەرچەند مەحرەمیشیان لەگەل نەبێ • ئەگەر ئەو مەحرەمە بە بێ کرێ نەئەچو لەگەلی ، ئەبێ کرێی ئەویشی هەبێ •

(شەرتی چوارەم) ئەوەیە حەجکەرەکە خۆی بگرێ بەسەر ولاخەوە یا لەناو ئۆتۆمۆبیل و تەیارەدا بە بێ ناڕەحەت بونێکی نابار • حەج واجبە لەسەر

کوێر ئەگەر کەسێکی هەبێ دەستی ڕابکێشێ بەرامبەر بە کرێیەکی عادەتی و دەسیشی بڕوا ئەو کرێیە بدا • حەج واجبە لەسەر سەفیهێ کە مەنعی مەسرەف کردنی لێ کرابێ ، بەڵام مەسرەفی حەجەکەی نادرێتە دەستی خۆی ، بەڵکو ئەبێ یا باوکی لەگەڵی بڕوا یا کەسێکی لەگەڵدا بنێرن کە لە ڕێگەدا مەسرەفی بۆ بکا • ئەگەر ئەمکەسە کرێی ئەویست ئەبێ کرێی بدرێتێ •

بەشی دوەمی توانین ئەوەیە یەکێکی‌تر حەج بکا بۆ ئینسان • کەواتە ئەگەر کەسێك مرد و حەجی لە ئەستۆدا بێ ، واجبە لەو میراتەی بەجێی‌هێشتوە حەجی بۆ بکرێ ، ئەگەر میراتەکەی زیاد بێ لەو حەقانەی بەسراون بە خۆیەوە وەك زەکات و حەقی مەسکەنی ژنەکەی بۆ ماوەی (عدّه) بەسەرچۆن و زیاد بێ لە حەقی شۆردن و کفن و دفن‌کردنی و ، ئەوکەسەش حەجەکەی بۆ ئەکا زیاتر لە کرێی عادەتی داوا نەکا • ئەگەر میراتی لێ بەجێ نەمابێ واجب نیە لەسەر میراث‌گرەکانی حەجی بۆ بکەن یا یەکێك بنێرن حەجی بۆ بکا ، بەڵام سوننەتە بۆ میراث گر وبۆ بێگانەیش هەرچەند میراث‌گریش ئیزنی نەدابێ و مردوەکە خۆیشی وەسیەتی نەکردبێ ، چونکە ئەم حەجە فەرز بوە لەسەر مردوەکە • هەروەها دروستە بۆ هەمو موسوڵمانێ حەج بکا لەجیاتی هەر موسوڵمانێ کە حەجی لەسەر بوبێ و بۆی نەکرابێ بیکا • بەڵام بۆ حەجی سوننەت نابێ کەس لەجیاتی کەس حەج بکا مەگەر کابرا خۆی وەصیەتی کردبێ حەجی بۆ بکەن •

باسی حەجی زیندوی پەککەوتو

هەرکەس پەکی‌کەوتبێ و توانای نەمابێ بڕوا بۆ حەج ، چ لەبەر پیری بێ و چ لەبەر نەخۆشی و دوکتۆرێکی باوەڕ پێ‌کراو بڕیاری دابێ پەکی کەوتوە ، واجبە لەسەری یەکێك بنێرێ لەجیاتی ئەو حەجی بۆ بکا ئەگەر پارەی زیاد لەو پێویستیانەی هەبێ کە باسمان کردن • بەڵام پێویست نیە

ئەوەندەی هەبێ بۆ مەسرەفی ماڵ و منداڵی تا کابرا دێتەوە •

ئەگەر کابرای پەکەوتو ماڵی نەبێ بیدا بە کرێدا و کوڕی خۆی یا بێگانەیەک بۆی ئەدا ، واجب نیە لەسەری وەری بگرێ • بەڵام ئەگەر کوڕەکەی یا بێگانەکە خۆیان چون حەجیان لەجیاتی ئەو کرد واجبە قوبوڵی بکا •

شەرتە ئەوکەسە کە حەجی فەرز ئەکا لەجیاتی مردو یا ئینسانی پەکەوتو ، موسوڵمان و باڵغ و عاقڵ و ئازاد و باوەڕ پێکراو بێ بەوڕەنگە یا ئینسانێکی عادڵ یا (مستور العدالة) بێ یەعنی بەدیمەن بە عادڵ ناسرابێ • بەڵێ بەعضێ لە عالمەکان فتوایان داوە ئەگەر ئینسانی پەکەوتو متمانەی بە فاسقێك هەبێ و کرێی دایە و ناردی حەجی لەجیاتی بکا ، یاخود بەر لە مردنی وەسیەتی کرد کە فلانکەس حەجی لەجیاتی بکا و ئەوکەسەیش فاسق بێ ، ئەوە دروستە ئەوکەسە بڕوا حەجی لەجیاتی بکا چونکە جێگای بڕوای بوە • ئەم فتوایە بۆ ئەم چەرخی ئێمە زۆر لەبارە ، چونکە ئینسانی عادڵ نایابە •

هەروەها شەرتە ئەوکەسەی لەجیاتی یەکێکی‌تر ئەچێ بۆ حەج خۆی حەجی کردبێ و حەجی نەذریشی لەسەر نەبێ • ئەم کابرا ئەگەر بەرلەوەی بچێتە ئیحرامەوە مرد کرێکەی ناکەوێ • ئەگەر لەپاش ئیحرامیش مرد ، ئەوە ئەگەر حەجەکەی تەواو کردبێ هەمو کرێکەی ئەکەوێ ، ئەگینا بەشی ئەوەی ئەکەوێ کە جێبەجێی کردوە • ئەگەر هەمویشی وەرگرتبێ ، ئەبێ میراتگرەکانی زیادەکەی بدەنەوە بە کابرا کە بەکرێی گرتوە حەجی لەجیاتی بکا •

ئەرکانی حەج و عەمرە

ئەرکانی حەج پێنجە : ئیحرام و ، وەستان لە عەرەفات و ، سوڕانەوە بەدەوری کەعبەدا و ، ڕاکردن لە بەینی صەفا و مەروەدا و ، تاشینی یا کورت

کردنەوەی مۆوی سەر • ئەم پێنج ڕوکنە هەمۆویان ڕوکنی عەمرەیشن بێجگـە لە وەستان لە عەرەفاتدا •

کاتی ئیحرام دابەستن بۆ حەج مانگی شەشەڵاڵن و ناوجەژنان و دە شەوی یەکەمی مانگی قوربانە • کەواتە ئەگەر لە غەیری ئەم دۆ مانگ و دە شەوەدا ئیحرامی بۆ حەج دابەست ، بە ئیحرامی عەمرە دائەمەزرێ بۆی • بەدرێژایی ساڵ ئیحرام بۆ عەمرە دائەبەسرێ• ئەمە لەبارەی وەختی ئیحرامەوە • لەبارەی (میقات) شوێنی ئیحرامیشەوە ، بۆ ئەو کەسەی لە مەدینەی منورەوە هاتبێ (ذو الحلیفه)یە• بۆ ئەوکەسەش لە شام و میصر و مەغریبەوە هاتبێ (جحفه)یە• بۆ ئەو کەسەش لە (تهامه)ی یەمەنەوە هاتبێ (یلملم)ە • بـۆ ئەو کەسەش لە (نجد)ی یەمەن و (نجد)ی حیجازەوە هاتبێ (قرن)ە و بـۆ ئەوەی لە خۆرهەڵاتەوە هاتبێ (ذات عرقه)یە •

ئیحرام دابەستن لە ئەووەڵی شوێنی ئیحـرام دابەستنەوە چاترە تا لە ئاخریەوە و لە ماڵی حاجییەکە خۆیەوە ، ئەگەر ماڵەکەی دۆرتر بێ لە سەرەتای شوێنی ئیحرام دابەستن • ئەگەر کەسێك لە ڕێگەیەکەوە بڕوا نەگاتە یەکێك لەو شوێنانەی باسمان کردن ، ئەوە لەو شوێنەوە ئیحرام دابەستێ کە ئەکەوێتە شانی شوێنی ئیحـرام دابەستنی ئەو وڵاتـەوە • ئەگەر کەوتە نێـوان دۆ شوێنەوە ، ئەوە لەبەرابەری دۆرەکەیانـەوە ئیحرام دابەستێ • ئەگەر لە بەرابەری هیـچ شوێنێکی ئیحرام دابەستنەوە نەبۆ ، ئەوە لـە ماوەی دۆ قۆناغەوە بۆ مەککە ئیحرام دابەستێ • ئەگەر کەسێك ماڵی بکەوێتە نێوان مەککە و شوێنی ئیحرام دابەستنەوە ، لە ماڵی خۆیەوە ئیحرام دابەستێ • هەر کەسێ گەیشتە شوێنی ئیحرام دابەستن و ئارەزۆی لە حەج نەبۆ تا لای‌دا لەو شوێنە ، ئەوە لەو شوێنەدا ئیحرام دابەستێ کە ئارەزۆی حەج کردنی تێدا پەیدا کردوە • ئەگەر بە ئارەزۆی حەج کردنەوە گەیشتە ئەو شوێنە دروست نیە بێ‌ئەوەی ئیحرام دابەستێ لابدا • ئەگەر لای‌دا ئەبێ بگەڕێتەوە دواوە

بۆ ئیحرام دابەستن • ئەگەر بۆی ڕێ نەکەوت بگەڕێتەوە لەبەرئەوە کە ئەترسا یا سواری ئۆتۆمۆبیل و تەیارە و شتیوا بێ ، ئەوە دروستە لە دەرەوەی ئەو شوێنەوە ئیحرام دابەستێ ، بەڵام ئـەبێ بەرامبەر بەو لادانەی حەیوانێك سەربڕێ بۆ کەفـارەت • ئەگەر لەپاش لادان لە شوێنی ئیحـرام دابەسـتن گەڕایەوە بۆ ئەو شوێنە ، ئەبێ حەیوانێك بـۆ کەفارەت سەرببڕێ ئەگەر گەڕانەوەکەی پاش دەس کردن بێ بە ئادابی حەج ، ئەگینا پێویست نیە •

ئیحرام دابەسـتن دروسـتە ، پێش گەیشتـن بەو شوێنە کـە بۆی دیاری کراوە ، بەڵام پێش داهاتنی مانگی شەشەڵان دروست نیە • شوێنی ئیحرام دابەستن بۆ عەمرەیش بۆ ئەوکەسـانەی لەدەرەوەی مەککەوە دێن هەر شوێنەکەی ئیحرام دابەستنی حەجە و بـۆ ئەوکەسانەش لە مەککەدان نزیکترین شوێنێکە لە دەرەوەی حەرەمی مەککەوە ، هەرچەند یەك هەنگاویش لە حەرەم دەرچێ • ئەگەر نەڕۆیشتە دەرەوە و ئیحرامی دابەست ئیحرامەکەی دائەمەزرێ ، بەڵام ئەبێ حەیوانێك سەرببڕێ • باشترین شوێن بۆ ئیحرامی عەمرە لـە دەرەوەی حەرەمەوە (جعرّانە)یە ، ئەوجا (تنعیـم) و پاشان (حدیبیە)یە •

چۆنیەتی نییەت هێنان بۆ ئیحرام

ئیحرام دائەمـەزرێ لەگەڵ دیاری کردنی ئەوەدا کە بۆ حەجـە یا بۆ عەمرەیە ، بەمڕەنگە نییەتی حەج یا عەمرە یا هەردوکیان بێنێ • ئیحرام بە بێ دیاری کردنیش دائەمەزرێ بەوجۆرە کە هەر بڵێ نییەتمە ئیحرام دائەبەستم ، بەڵام لەگەڵ دیاری کردنا خێری زۆرترە • جا ئەگەر ئیحرامی بێ دیاری کردن لە مانگی ئیحرامی حەجدا بێ ، ئەوە بەئـارەزوی ئەوکەسە خۆیەتی بەسەر حەجیا ئەبـڕێ یا بەسەر عەمـرەدا یا بەسەر هـەردوکیانا و دەس بکا بە جێبەجێ کردنی ئادابەکەی •• ئەگەر لە مانگی ئیحرامی حەجیشدا نەبێ ، بە

عەمرە دائەمەزرێ ••

بۆ ئینسان دروستە بڵێ نییەتم هەیە ئیحرام دائەبەستم وەك ئیحرامی فلانەکەس • جا ئەگەر ئەو فلانەکەسە لەوکاتەدا ئیحرامی دانەبەستبێ ، ئیحرامەکەی ئەم حوکمی ئیحرامی دیاری نەکراو وەرئەگرێ و بەئارەزوی خۆیەتی بەسەر چیدا ئەبڕێ ببڕێ• ئەگەر ئیحرامیشی دابەستبێ ، وەك ئیحرامەکەی ئەو ئەبێ • ئەگەر کابراش مردبێ و نەئەزانرا ئیحرامی بۆ چی دابەستوە ، ئەوە وا دائەنرێ کە ئیحرامی بۆ حەج و عەمرە پێکەوە دابەستوە و ئادابی حەج و عەمرە پێکەوە بەجێئەهێنێ •

واجبە لەسەر ئەوکەسەی ئەیەوێ ئیحرام دابەستێ ، بە دڵ نییەتی ئیحرام بهێنێ ، یەعنی بە دڵ بڵێ نییەتم هەیە دەس ئەکەم بە بەجێهێنانی ئادابی حەج یا عەمرە یا هەردوکیان و لەگەڵ نییەتەکەیدا (لبَّیكَ لبَّیكَ)یش بکا • ئەگەر بە بێ نییەت (لبیك)ەی کرد ئەوە ئیحرامەکەی دانامەزرێ • بەڵام ئەگەر نییەتی هێنا و (لبیك)ەی نەکرد ، ئەوە ئیحرامەکەی دائەمەزرێ • سوننەتە لەپێش ئیحرام دابەستندا بەنیازی سوننەتی ئیحرام خۆی بشۆرێ و دو ڕکات نوێژ بکا بەنیازی سوننەتی پێش ئیحرام • لە ڕکاتی یەکەمدا سورەتی (الکافرون) و لە دوهەمدا (الاخلاص) بخوێنێ • سوننەتە ئیحرام بەستنەکەی لەوکاتەدا بێ کە کاروانی حاجییەکان لە میقاتەوە بار ئەکا و ئەڕوا • ئەبێ لەپێش ئیحرام دابەستندا خۆی ڕوت بکاتەوە لە هەمو جل و بەرگێکی دوراو و لە هەرشتێ کە دەوری ئەندامی لەشی بدا وەك پێڵاو و گۆرەوی و دەسکێش و کراس و کەوا و ئەم جۆرەشتانە • ئەوجا بۆنی خۆش بکا بەگیانیەوە و دو پارچە بەرگی تایبەتی (ازار) و (رداء) بپێچێ بەخۆیەوە ، بە یەکێکیان نێوانی ناوك و ئەژنۆی و بەویان ناوشان و سنگی داپۆشێ و ئەم دو پارچەیەش بۆنخۆش بکا • مانەوەی بۆنخۆشی بە لەشیەوە و بە جلەکانیەوە زیانی نیە ، بەڵام ئەگەر ئەو جلە بۆنخۆشەی داکەند و جارێکی تر

لەبەری کردەوە ئەبێ فیدیە بدا •

سوننەتە لەپاش نییەتی ئیحرام زۆر خەریکی (لبیک) کردن بێ ، بەتایبەتێ لەکاتی گۆڕانی وەزعدا وەك سواربون و دابەزین و سەرکەوتن بۆ شوێنی بەرز و داپەڕین لە شوێنی بەرزەوە و تێکەڵبون لەگەڵ کۆمەڵدا • سوننەتە دەنگیشی بەرز بکاتەوە • ئەمەش صیغەی دوعاکەیە : (لبَّيكَ اللهمَّ لبَّيكَ • لبَّيكَ لاشريكَ لكَ لبَّيكَ • اِنَّ الحمدَ والنعمةَ لكَ والملكَ لاشريكَ لكَ) • سوننەتیشە لە هەر کاتێکا شتێکی سەیری دیێ بڵێ (لبَّيكَ انَّ العيشَ عيشُ الآخِرَةَ)• کە (لبیك)ەی تەواوکرد صەڵەوات بدا لەسەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و لەسەر ئاڵ و ئەصحابی و داوای بەهەشت و ڕەزامەندیێ خودا بکا و پەنا بگرێ بەخودا لە ئاگری دۆزەخ •

ئەو شتانەی حەرامن بۆ ئەوکەسەی لە ئیحرامدا بێ

ئەوشتانەی حەرامن لەسەر ئینسان لە ئیحراما نۆ شتن • یەکەم : ئەوەیە پیاو هەموی سەری یا هەندێکی داپۆشێ بە شتێ کە لە عورفا بە داپۆشەر دابنرێ ، هەرچەند ئەوشتە قوڕ یا خەنە و شتیوا بێ و هەرچەند ئەو داپۆشەرە ئەوەندە ناسك بێ مەنعی دیتنی ڕەنگی سەر نەکا • کەواتە حەرامە داپۆشینی سەر بە کڵاو و مێزەر و دەستەسڕ و هەرچییەکیتر مەگەر لەبەر ناچاریێ وەك گەرما و سەرمای توند ، ئەوە لەوکاتەدا دروستە دایپۆشێ ، بەڵام ئەبێ فیدیەی بۆ بدا • هەروەها حەرامە پیاو هەموێ گیانی یا هەندێکی داپۆشێ بە پۆشاکێکی دوراویوا دەوری هەموێ گیانی یا هەندێکی بدا وەك عابا و کەوا و سەڵتە و سوخمە و کراس و دەرپێ و کەوش و گۆرەوێ • جلی هۆنراوەش لە حوکمی جلی دوراودایە وەك کراسی زرێ و بەرگی زەنگیانە • هەروەها جلی گرێدراو و پارچە جلێکیش کە لەگەڵ جلێکیترا گرێ درابێ و بیکاتە بەری• پارچەیەکیش کە بەهۆی ساوینەوەوە هەندێکی نوسابێ بە هەندێکیەوە وەك

لباد و فەرەنجیّ ، پۆشینی حەرامە • ئەبیّ ئیحرام دابەستوّ قەناعەت بکا بە تەنها ئەو دوّ خاولییە گەورەیە کە یەکێکیان نێوانی ناوك و خواری ئەژنۆی و ئەویان هەموّ ناوشان و سنگ و باڵی دائەپۆشیّ • زەرەری نیە بەندەخوێنێك دروست بکا بۆ ئەو خاولییەیان کە نێوانی ناوك و ئەژنۆی پیّ دائەپۆشیّ تا خاولییەکەی پیّ ببەستیّ بە قەدیەوە ، یاخود پشتێنێکی بەسەرا ببەستیّ ، یا سەرێکی ئەو خاولییە ببەستیّ بە خاولییەکەی ناوشانیەوە • بەڵام دروست نیە چمکێکی خاولییەکەی ناوشانی ببەستیّ بە چمکێکیتریەوە و گرێی بدا ، یا بیاندوریّ بەیەکا • ئەگەر وای‌کرد ئەبیّ فیدیە بدا بەڵام دروستە داوێنەی خاولییەکەی ناوشانی بخاتە ژێر خاولییەکەی بەینی ناوك و ئەژنۆیەوە و ئەمی بەسەرا توند بکا بە بەندەخوێنەکەی وەك لە (تحفه)دا باس‌کراوە • هەروەها دروستە ئەنگوستیلە بکاتە پەنجەی و قورئان بخاتە حەمایلێکەوە و بیکاتە ملی و ، شمشێر بکاتە ملی و ، کەمەربەندی پارەکەی ببەستێتە پشتی • دروستیشە پشتێن ببەستیّ بە گریّدان یا بە جۆرێکیتر •

واجبە لە جیاتیّ کەوش نەعل یا قاپقاپ بکاتە پێی • ئەگەر ئەمانەی دەس‌نەکەوت ئەبیّ شتێکیوا لە پیّ بکا کە هەموّ پەنجەکانی پێی نەشارێتەوە • دروستە لەم‌کاتەدا (خف) لە پیّ بکا بەوشەرتە کە پاژنەکەی بشکێنیّ یا بیدڕێنیّ بەجۆرێك کە پاژنەی پێی دەرکەویّ •

(بزانن) دروستە بۆ کەسێك کە لە ئیحراما بیّ ، کە توست ، وەك لێفە ، کەوا و کراس و جل‌وبەرگیتر بدا بەسەر خۆیا ، بەڵام ئەبیّ لای خواروّیان بخاتە سەرەوە بەجۆریّ کە هەستایەوە سەرپیّ ئەو جل‌وبەرگانە داکەون • هەروەها دروستە بەتانیە و لێفەش بدا بەخۆیا بەجۆریّ کە ڕاستەوە بوّ داخزێنە خوارەوە •

دوّهەم : ئەوەیە ئافرەت دەس‌کێش بکاتە دەستی و ڕوّی خۆی داپۆشیّ بە هەرچیّ کە حەرام بیّ پیاو سەری پیّ دابپۆشیّ • بەڵام دروستە

ئەندامەکانیتری لەشی بە هەمۆ جۆرە پوشاکێك دابپۆشێ لە دوراو و تەنراو و گرێدراو و غەیری ئەمانە • دروستە دەستەسرێ ببەستێ بە دەستیەوە و گرێیشی بدا و دروستە کەوش و گۆرەوێ لە پێ بکا •

سێهەم : بەکارهێنانی بۆنخۆشییە لە جل و بەرگ و هەمۆ ئەندامانی لەشدا بۆ پیاو و بۆ ژن ، لە هەرجۆرە بۆنخۆشێك کە بۆ بۆنخۆش کردن بەکار بهێنرێ • نەك ئەو بۆن خۆشانەی بۆ دەرمان یا بۆ خواردن بەکار ئەهێنرێن وەك نارنج و پرتەقاڵ و سێو و شتیوا• هەروەها زیانی نیە دەسدان لە بۆنخۆشی وشك و بۆنکردنی گوڵ و عەتر و ڕێحان و شتیوا بەوشەرتە نەلکێن بە لەتیەوە • هەروەها زیانی نیە هەلمژینی بۆنی بخوری سوتاو و سەرشۆردن بە صابونی بۆنخۆش و لە پەڕۆ پێچان و هەلگرتنی میسك ••

چوارەم : چەورکردنی مۆی ڕیش و سەرە بۆ پیاو و ژن ، هەرچەند ڕۆنەکەیش بۆنخۆش نەبێ • هەروەها چەورکردنی مۆی سمێڵ و زوڵف و برۆ و لاجانگ •

پێنجەم : بڕینی نینۆك و تاشینی مۆی سەر و ڕیش و سمێڵ و ئەندامانیتری لەشە بۆ پیاو و ژن • بەڵام لابردنی نینۆکی شکاو و بڕینی مۆیەك کە لە پیلۆی چاودا ڕوابێ زیانی نیە • ئەگەر کابرا زۆر نارەحەت ئەبۆ بە مۆ ئەتوانێ بیتاشێ و فیدیە بدا •

شەشەم : جیماعە لە بەر و لە دواوە لەگەڵ ئینسان یا لەگەڵ حەیوانا • حەرامە لەسەر ئافرەتێك کە لە ئیحراما نەبێ مەجالی مێردەکەی بدا کە لە ئیحراما بێ ، بۆ کردنی ئەم ئیشە • هەروەها حەرامە لەسەر پیاوێك کە لە ئیحراما نەبێ بەزۆر بچێتە لای ژنەکەی کە ئەو لە ئیحراما بێ • حەج و عەمرە بە جیماع بەتاڵ ئەبنەوە ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا واجبە کابرا ئەو حەج و عەمرە بەتاڵ بووەیە تەواو بکا و کەفارەتیش بدا ئەگەر بە عیلم و عەمد و ئیختیار

بۆبێ • هەروەها واجبە لە ساڵی دواییدا بە بێ‌تەفرە قەزای ئەم حەجە یا ئەم عەمرە فەوتاوە بکاتەوە هەرچەند سوننەتیش بن • هەروەها حەرامە هەرچی لەوانەبێ بکێشێتەوە بۆ جیماع وەك ماچ و دەس لێدان بە ڕۆتی و ڕوانین بۆ ئافرەت لەگەڵ ئارەزوّدا •

حەوتەم : ئەوەیە لە ماوەی ئیحراما ڕاوی حەیوانێکی دەرەکی‌وا بکا کە گوشتی بخورێ ، یاخود لە حەیوانێکی گوشت خوراو و یەکێکی گوشت نەخوراو پەیدا بۆبێ ، خوا ئەو حەیوانە لە خاکی حەرەمی مەککەدا بۆبێ یا لە دەرەوەی حەرەمدا • هەروەها حەرامە نێچیر گرتن لە خاکی حەرەمی مەککەدا لەسەر کەسێکیش کە لە ئیحراما نەبێ • ئەگەر حەیوانەکەی کوشت ، واجبە تۆڵەی بدا ، مەسەلا لەجیاتی وشترمورغێك وشترێك و لەجیاتی گاکێوییەك یا کەرەکێوییەك گایەك و لەجیاتی ئاسکێك بزنێك و لە جیاتی کەروێشکێك گیسکێك و لەجیاتی ڕزقێك کارژەلەیەك بدا • ئەگەر حەیوانێکی کوشت کە وێنەی دیاری نەکرابێ لە شەرعا ، ئەوە لەسەر بڕیاری دوکەسی دادپەروەر وێنەی بۆ دائەنرێ و ئەگەر وێنەی نەبو قیمەتی بۆ دائەنرێ و ، بە قیمەتەکەی خواردن ئەکڕێ و دابەشی ئەکا بەسەر هەژارانی دەور و پشتیا • فەرموّدەی ڕاستتر ئەوەیە نێچیر گرتن لە خاکی مەدینەی مونەووەرەشدا حەرامە ، بەڵام تۆڵەی واجب نیە •

هەشتەم : بڕینی دار و گیای حەرەمی مەککەیە ، چ لەخۆیەوە سەوز بۆبێ و چ بەدەس نێژرابێ • ئەگەر درەختێکی بڕی یا گیایەکی هەڵکەند ئەبێ تۆڵەی بدا • لەجیاتی دارێکی گەورە گایەك و لەجیاتی دارێکی بچوك مەڕێك ئەبێ سەرببڕێ • بەڵێ حەڵاڵە بڕینی گیای (اذخر) کە گیایەکی بۆن خۆشە و گیای دڕکاوی وەکو (عوسج) و گیا بۆ ئالفی حەیوان و بۆ دەرمان ••

نۆهەم : ژن بەشوّدان و ژن مارەبڕینە چ بە ئەصالەت و چ بە وەکالەت •

(بزانن) ئینسان لە تۆڵەدانی نەچیرکردنا بە ئـارەزوی خۆیەتی ، یا وێنەکەی سەر ببڕێ و بیدا بە داماوانی حەرەمی مەککـە ، یا بە پـارەی قیمەتەکەی قوتێکیوا بکڕێ کە بۆ سەرفیترە بشێ و بیدا بە داماوانی حـەرەم ، یا بزانێ پارەکە چەند مشت قوت ئەکا و بەرامبەر بە هەر مشتێك ڕۆژێ بەڕۆژو بێ • ئەگەر وێنەی نەبو یا پارەی قیمەتەکەی بدا بە قـوت و دابەشی بکـا بەسەر داماوانا ، یا بەرامبەر بە هەر مشتێ لەو قوتە ڕۆژێ بەڕۆژو بێ • ئەگەر لـە ئیحراما جلی کردە بەری ، یا خۆی بۆنخۆش کرد ، یا سـەری چەور کرد ، یا بەئارەزووەوە نزیکی ژنەکەی بووەوە و ئاوی هاتەوە ، یا سێ تەڵ مۆی بڕێ ، یا سێ نینۆکی کرد ، واجب ئەبێ لەسەری یا حەیوانێکیوا سەرببڕێ کە بـۆ قوربانێ بشێ یا سێ صاع قوت بدا بە شەش گەدا یەکی نیو صاع ، یا سـێ ڕۆژ بەڕۆژو بێ • ئەگەر بە عیلم و عەمد و ئیختیارەوە جیماعی کرد واجبـە لەسەری وشترێك سەرببڕێ بۆ گەدایانی حەرەمی مەککە • ئەگـەر ئەوەی نەتوانێ گایەك سەرببڕێ • ئەگەر دەستی نەکەوت حەوت سەر مەڕ سەرببڕێ• ئەگەر ئەوەشی بۆ نەکرا قیمەتی وشترەکە بدا بە قوت و دابەشیکا بەسـەر داماوانی حەرەمی مەککەدا • ئەگەر ئەوەشـی پێنەکرا لەجیاتێ هەر مشتێك قوت کە ئەبو بە پارەی قیمەتی وشترەکە بیکڕێ ، ڕۆژێ بەڕۆژو بێ • بـۆ نیو مشتیش هەر ڕۆژێ بە ڕۆژو بێ • ئەگەر لە شوێنی دابەستنی ئیحرامـا ئیحرامی دانەبەست ، ئەبێ حەیوانێکیوا سەرببڕێ کە بۆ قوربانێ بشـێ • ئەگەر بۆینەکرا ، قیمەتەکەیبدا بە قوت و دابەشـی بکا بەسـەر داماوانا ، ئەگەر ئەوەشی بۆ نەکرا لەجیاتێ هەر مشتێ لەو قـوتە ڕۆژێ بەڕۆژو بێ • ئەمە لەصورەتێکا کە بەتەنها حەج بکا کە پێی ئەڵێن (افراد) • لەصورەتێکیشا کە لەپێشا عەمرە بکا و ئەوجا حەج بکا کە پێی ئەڵێن (تمتع) یا هەردوکیـان پێکەوە بکا کە پێی ئەڵێن (قران) ، ئەوە کەفارەتەکەی بە جۆرێکیترە •

ئەو حەیوانەی سەربڕینی واجب بێ بەهۆی کردنی شتێکی حەرامەوە ،

یا بەهۆی نەکردنی شتێکی واجبەوە ، هەروەها ئەو حەیوانەیش کە سەربڕینی واجبە لەسەر ئەو حاجییەی (تمتع) یا (قران) ئەکا، ئەوکەسە ئەتوانێ هەرکاتێك خۆی ئارەزوی لێ بێ سەری ببرێ ، هەر بەوشەرتە کە لە حەرەمی مەککەدا سەری ببڕێ و ئەبێ گۆشتەکەشی دابەش بکرێ بەسەر هەژارانی مەککەدا • کەواتە ئەتوانێ خۆی بگەڕێتەوە و وەکیلێك لە مەککـە بگرێ حەیوانەکەی بۆ سەرببڕێ • باشترین شوێن بۆ سەربڕینی ئەو حەیوانە بۆ ئەو کەسەی حەج ئەکا خاکی (منی)یە و بۆ ئەوکەسەی عەمرە ئەکا خاکی (مروه)یە • هەروەهـا بەنیسبەت ئەو حەیوانەشـەوە کە حـاجی یا ئەهلی عەمرە هـاوردبێتیان بۆ سەربڕین بەدیاری کە پێی ئەڵێن (هدی) ، بەلام وەختی سەربڕینی ، وەختـی سەربڕینی قوربانییە کە بریتییە لە ڕۆژی جەژن و سێ ڕۆژەی پاش جەژن •

واجباتی حەج

لەپێشەوە وتمان ئەرکانی حەج پێنجن ، ئەگەر یەکێکیان فەوتـا تۆڵەی ناکرێتەوە و حەجەکە بەتاڵ ئەبێتەوە • واجبـاتی حەجیـش پێنجن • یەکەم ئیحرام دابەستنە لە میقاتەوە • دۆهەم ڕەجم کردنی شەیتانە لە ڕۆژی جەژن و سێ ڕۆژەی پاش جەژندا • سێهەم مانەوەی شەوە لە (مزدلفه)دا • چـوارەم مانەوەی شەوەکانی پاش جەژنە لە (منی)دا • پێنجەم خۆپاراستنە لەو شتانە کە بەهۆی ئیحرامەوە حەرام ئەبن لەسەر حاجی • ئەگەر یەکێ لەمانە فەوتـا تۆڵەی ئەکرێتەوە بە کەفارەتدان • ئەم واجباتە ناویش ئەبرێن بە (ابعاض) • غەیری ئەرکان و واجبات هەرچی‌تر لە حەجدا بکرێ هەموی سوننەتە ، ئەگەر فەوتایشن تۆڵەیان ناوێ و ناو ئەنرێن بە هەیئات •

حەج و عەمرە بە چەند جۆر ئەکرێن ؟

حەج و عەمرە بە سێ جۆر بەجێئەهێنرێن • یەکەم (افراد) یەعنی کردنیان

بە جیاجیا • شێوەی زۆر گەورەی ئەمجۆرە ئەوەیە حاجیۍ ئیحرام بۆ حەج دابەستێ و ئادابی حەج تەواو بکا و لەپاش ئەوە ئیحرام بۆ عەمرەیش دابەستێ وەکو خەڵکی مەککەی موکەڕڕەمە و ئادابی عەمرەکە بەجێبهێنێ • (افراد) بەوجۆرەیش ئەبێ کە لەساڵێکا تەنها حەج و لەساڵێکیترا تەنها عەمرە بکا ، یاخود هەر لە یەك ساڵا پێش داهاتنی مانگی شەشەڵان عەمرە بکا و کە کاتی ئیحرام دابەستنی حەجیش هات ئیحرامی بۆ دابەستێ لە میقاتەوە و جێبەجێی بکا •

جۆری دوەهەم (قران)ە یەعنی کردنی حەج و عەمرە بەیەکەوە ، بەوجۆرە کە لەمیقاتەوە ئیحرام دابەستێ بۆ هەردوکیان و تەنها ئادابی حەج بەجێبهێنی• بەمصورەتەیش هەردوکیان بەجێدێن • ئەگەر لە مانگەکانی حەجدا ئیحرامی بەنیازی عەمرە دابەست و لەپێش طەوافدا نیازی تێکەڵ کردنی حەجیشی لێ هێنا ، ئەوە ئەم صورەتەیش هەر بە (قران) دائەنرێ • بەڵام دروست نیە لە ئیحرامدا نییەتی حەج بهێنێ و لەپاشا عەمرەیشی تێبخا •

جۆری سێهەم (تمتع)ە یەعنی وەرگرتنی ڕەحەتێ و حەسانەوە • ئەمەش بەوجۆرە ئەبێ کە لەمیقاتی وڵاتی خۆیەوە ئیحرامی عەمرە دابەستێ و عەمرەکە تەواو بکا • پاش ئەوە هەر لە شاری مەککەوە حەج دابمەزرێنێ و ئیحرامی بۆ دابەستێ ، یاخود بڕوا بۆ میقاتی ئیحرامی عەمرەکەی و لەوێوە ئیحرام ببەستێ ، یاخود لە مەسافەیەکی ئەوەندەی مەسافەی میقاتەکەوە ، یا لە شوێنێکی نزیکتر لە میقاتی ئیحرامی عەمرەکەوە ئیحرام دابەستی بۆ حەج •

گەورەترینی ئەم سێ جۆرە (افراد) ە، ئەمجار (تمتع) لەبەرئەوە کە ئادابی حەجیش و عەمرەشی جێبەجێ کردوە و هەر ئەوەندەیە یەکێك لە میقاتەکانی بۆ گەڕاوەتەوە • واجبە لەسەرئەوەی بەشێوەی (تمتع) حەج و عەمرە بکا ، حەیوانێك سەربڕێ بۆ قوربانێ بشێ ، بە دوو شەرت • یەکەم لە ئەهلی (المسجد الحرام) نەبێ کە بریتین لەوکەسانەی ماڵیان لە مەککەدایە یا دوو قوناغ

کەمتر لە مەککەوە دوورە • دووهەم عەمرەکەی لە مانگی حەجدا بێ لەوساڵەدا کە حەجەکەی تیا ئەکا • هەروەها پێویستە لەسەر ئەوەی بەشێوەی (قران) حەج و عەمرە ئەکا حەیوانێك سەربیڕێ ئەگەر لە ئەهلی (المسجد الحرام) نەبێ • وەختی واجب بوونی سەربڕینی ئەو حەیوانە وەختی ئیحرام دابەستنە بۆ حەجەکە ، بەتەنها وەکو لە (تمتع)دا ، یا لەگەڵ عەمرەدا وەکو لە (قران)دا و گەورەتر ئەوەیە لە ڕۆژی جەژنی قوربانا سەری ببڕێ • ئەگەر لەوێ ئەمەی بۆ ڕێ نەئەکەوت ، دە ڕۆژ بەڕۆژوو بێ سێ ڕۆژیان بەر لە تەواوبوونی حەجەکەی کە سوننەتیشە بکەونە پێش ڕۆژی عەرەفەوە و ، حەوت ڕۆژیان پاش گەڕانەوەی بۆ ناو ماڵ و مناڵی خۆی • سوننەتە ئەو سێ ڕۆژە و ئەم حەوت ڕۆژە لەناو خۆیانا بەینیان نەکەوێ • ئەگەر ئەو سێ ڕۆژەی لەماوەی حەجەکەدا بۆ نەگیرا ، پێویستە کە لە ماڵدا ئەیانگرێت لەگەڵ حەوت ڕۆژەکەدا بەینیان بخات ••

باسی چوونە ناو شاری مەککەی موکەڕڕەمە

باشتر ئەوەیە حاجی لەپێش ڕاوەستانی عەرەفەدا بڕواتە شاری مەککەوە• جا ئەوکەسەی لە ڕێگەی مەدینەوە دێت ، سوننەتە کە گەیشتە (ذی‌طوی) خۆی بشوا و بڕواتە ناو شار لە دانەی (کدا)وە • هەرکەسێکیش لە غەیری ڕێگەی مەدینەوە بێت ، ئەگەر ویستی لە دانەی ژوورووەوە بڕواتە ناو شار ، ئەویش هەر لە (ذی‌طوی)دا خۆی بشوا • ئەگینا لەئەندازەی مەسافەی ئەوێدا خۆی بشوا و بڕواتە ناو شارەوە ••

سوننەتە کە چاوی بە (بیت‌الله) کەوت بڵێت (اللهم زدْ هذا البيتَ تشريفاً وتعظيماً وتَكْريماً ومَهابةً • وزِدْ من شرّفَهُ وعظّمَهُ مِمّنْ حجّهُ او اعتمرَهُ تشريفا وتعظيما وتكريما وبرّا • اللهمّ انتَ السلامُ ومنكَ السلامُ ، فحيّنا ربّنا بالسلامِ) • جا لە دەرگای (بنی شیبه)وە کە ئیستا

مەشهوره بە (باب السلام) ـ بڕواتە ناو مزگەوتەوە و دەست بکا بە (طواف القدوم) یەعنی سوڕانەوە بەدەوری کەعبەدا لە خۆشی گەیشتنیا بەوشوێنە پیرۆزە و حەوت جار هەڵسوڕێ بەدەوریا • کە ڕۆیشتیشە ناو حەوشی مزگەوتەوە گورج خەریکی طەواف ببێ ، مەگەر ترسی فەوتانی نوێژێکی فەرز ، یا جەماعەتی ببێ ، یا بترسێ لە فەوتانی سوننەتی ڕاتیبەی نوێژەکەی •• ئەوە لەوکاتەدا لەپێشا ئەمانە جێبەجێ بکا ، ئەوسا طەواف بکا • (طواف القدوم) سوننەتە ، بەڵام سوننەتێکی ئەوەندە گەورەیە گەلێ کەس بە واجبیان داناوە • ئەم طەوافە بۆ ئەوکەسە سوننەتە کە لەپێش ڕاوەستانی عەرەفاتا بڕواتە مزگەوتەوە • ئەگەر لەپاش ڕاوەستان چوە مزگەوتەوە ، واجبە دەسبەجێ طەوافی فەرز بکا ، چونکە کاتی طەوافی ڕوکن هاتوە• بەڵام ئەگەر پاش ڕاوەستانی عەرەفە و پێش نیوەشەو گەیشتە بەیت ، ئەوە لەم وەختەیشدا (طواف القدوم) هەر سوننەتە • سوننەتە لەپاش طەواف دوو ڕکات سوننەتی طەواف بکا لەپشتی مەقامی حەزرەتی ئیبراهیمەوە • جا پاش ئەوە کە گەیشتە بەیت و (طواف القدوم)ی کرد ، لەوێدا ئەمێنێتەوە خەریکی عیبادەت ئەبێ تا کاتی بەجێ هێنانی ئادابی حەج و بەقەدەر توانا سوننەتە بڕواتە ناوماڵی کەعبەوە و دوو ڕکات نوێژی تیا بکات ••

باسی دەرچوون لە مەککە بۆ خاکی عەرەفات

سوننەتە بۆ فەرمانڕەوای موسوڵمانان یا خۆی یا وەکیلەکەی بەسەر حاجییانەوە ، لە ڕۆژی حەوتەمی مانگی قوربانا ، لەپاش نوێژی نیوەڕۆ خوطبەیەك لەناو حاجییەکاندا بدا ، لەو خوطبەیەدا فەرمانیان بداتێ کە سبەینێ لە مەککە دەرچن بۆ خاکی (منى) و ئەو ئادابانەی لەپێشیانە پیشانیان بدا • بۆ سبەینێیش کە هەشتی مانگە لەگەڵیان دەرچێ بۆ خاکی (منى) و شەوی نۆی مانگ لەوێ بمێننەوە و ڕۆژی دوایی کە ڕۆژ هەڵات بڕۆن بۆ عەرەفات،

بەلاّم نەڕۆنە خاکی عەرەفاتەوە ، بەڵکو تا نیوەڕۆ لە (نمرە)دا بمێننەوە کە نزیکی عەرەفاتە ، جا خۆیان بشۆن بۆ وەستانی عەرەفات • فەرمانڕەوای موسوڵمانانیش یا جێنشینەکەی دوو خوطبەی کورتیان بۆ بخوێنێتەوە ، لە خوطبەی یەکەمیانا ئەو ئادابەیان پیشان بدا کە لەپێشیانە وەك ڕاوەستانی عەرەفات و ذیکر و (لبیك) کردن و دوعا خوێندن و دەرچوون لە عەرەفات • لەپاش خوطبەی یەکەم ئەوەندەی خوێندنێکی سورەتی (الاخلاص) دانیشێ ، جا ڕاست بێتەوە بۆ خوطبەی دووهەم • لەمکاتەدا بانگدەر دەست بکا بە بانگدان بەجۆرێ تا ئەم بانگەکەی تەواو ئەکات ، خەطیبیش لە خوطبەی دووهەم بیبێتەوە • جا قامەت بکا و ئیمام نوێژی نیوەڕۆ و عەصریان بە (جمع التقدیم) پێ بکا ، بەلاّم حالّییان بکا لەوە کەوا تەنها ئەوکەسانە حەقی کورتکردنەوەی نوێژی چوار ڕکاتی و کۆکردنەوەی دوو نوێژیان هەیە ، کەوا لە چوار ڕۆژ پێش ئەوڕۆژەوە لە مەککە نەبوبن و ئیستەش نیازیان نەبێ لەپاش تەواوکردنی ئادابی حەج لە مەککە بمێننەوە• هەروەها ئەوانەیش کە بەنیازی مانەوە چوار ڕۆژ لە مەککە دانیشتبن، بەلاّم نیازیان وابێ پاش حەج لە مەککە دەرچن• نەك ئەوکەسانە کە بەنیازی مانەوە چوار ڕۆژ لە مەککە دانیشتبن و ئیستەش بیانەوێ پاش ئادابی حەج چوار ڕۆژ یا زیاتر بمێننەوە لە مەککەدا • ئەوانە حەقی کورتکردنەوە و کۆکردنەوەی نوێژیان نیە • ئەبێ لەپاش سەلامدانەوەی ئیمامیش لە دوو ڕکاتەکەی نوێژی نیوەڕۆ ڕاست بنەوە دوو ڕکاتەکەی تری نوێژەکەیان بکەن و بۆیشیان نیە نوێژی عەصر لەگەڵ نوێژی نیوەڕۆیاندا پێکەوە بکەن •

(بزانن) ئەم خوطبە خوێندنەوە و نوێژی نیوەڕۆ و عەصرە لە مزگەوتی حەضرەتی ئیبراهیمدا جێبەجێ ئەکرێت (علی نبینا وعلیه السلام) • سنوری سەرێکی ئەم مزگەوتە (عرنە)یە کە هەزار گەز لە حەرەمەوە دورە • سنوری

ئەوپەڕیشی ئاخری خاکی (عرفات)ە لەوشوێنەدا کە چەند بەردێکی گەورە فەرش کراوە •

پاش ئەمە هەمو بڕۆن بۆ عەرەفات و لەوێ بمێننەوە تا مەغریب ذیکری خوا بکەن و (لا اله الا الله) بکەن و دوعا بۆ خۆیان و بۆ هەمو موسوڵمانان بکەن لە مردو و زیندو• ئەو ذیکر و دوعایانەی کە لە پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم بیسراون خێریان زۆرترە لە دوعای تر • لەم دوعایانەیە (اللهم اغفر للحاجِّ ولِمَن استغفرَ لهُ الحاجُّ) • ڕیوایەت کراوە هەرکەس لە ڕۆژی عەرەفەدا هەزار جار سورەتی (قل هوالله احد) بخوێنێ دوعای قوبوڵ ئەکرێ • سونەتە سورەتی (الحشر) بخوێنێ و (لا اله الا الله وحده لاشريكَ له ، له الملكُ وله الحمدُ ، يُحيِي ويُميتُ ، بِيدِهِ الخيرُ ، وهُوَ علَى كلِّ شيءٍ قدير") بخوێنێ • هەروەها ئایەتی (ربَّنا آتِنا في الدنيا حسنةً ، وفي الآخرةِ حسنةً ، وقِنا عذابَ النارِ) بخوێنێ • (لبيك لبيك) کردن و صەڵاواتدانیش لەسەر حەزرەت صلی‌الله علیه وسلم سونەتە •

(بزانن) واجبی ڕاوەستانی عەرەفات ئەوەندەیە ئینسان لە لایەکی خاکی عەرەفاتا حازر ببێ هەرچەند بۆ ڕابواردنیش هاتبێ یا بەدوای برادەرێکیا بگەڕێ ، بەوشەرتە ئەهلی عیبادەت بێ و لە ئیحراما بێ و شێت و بێهۆش و سەرخۆش نەبێ •

وەختی ڕاوەستان لە عەرەفاتدا دەس پێ ئەکا لە نیوەڕۆی ڕۆژی نۆهەمی (ذی الحجه)وە تا بەرەبەیانی ڕۆژی جەژن و هەرچەند لەویادا بمێنێتەوە واجبەکەی پێ جێبەجێ ئەبێ • بەڵام ئەگەر لە ڕۆژی نۆهەمدا ڕۆیشتە ئەوێ سونەتە بمێنێتەوە تا ڕۆژ ئاوا ئەبێ و زەردەی کەناری ئاسمان ون ئەبێ • ئەمەش بۆ دەرچون لە خیلافی ئەو ئیمامانە کە فەرمویانە واجبە لەسەر حاجی شەو و ڕۆژ یەك بخا لە عەرەفاتا • کەواتە ئەگەر پێش ڕۆژ ئاوابون عەرەفاتی

بەجێ‌هێشت و شەو نەگەڕایەوە ، یاخود هەر شەو هاتە عەرەفاتەوە سوننەتە حەیوانێك سەرببڕێ • ئەگەر لە ڕۆژی دەهەمدا کە ڕۆژی جەژنە بە هەڵە لە عەرەفاتدا ڕاوەستان ، ئەوە کافییـــە و بەکاردێت چونکە بەهیچ دەرکردنی حەجی هەزاران کەس شتێکی زەحمەتە • کەواتە ڕۆژی جەژن و سێ ڕۆژەی (ایام‌التشریق)یان ئەکەوێتە دواوە • بـــەڵام ئەگەر ژمارەی حاجییەکان زۆر کەمتر بوو لە عادەتی ساڵانە ، ئەو ڕاوەستانە نادروستەیان بۆ دانامەزرێ و ، ئەبێ لە ساڵی دواییدا قەزای حەجەکەیان بکەنەوە • ئەگەر بە غەڵەت لە ڕۆژی هەشتەمدا ڕاوەستان لە عەرەفاتدا ، ئەمـــە ئەگەر بۆ سبەینێ بەم غەڵەتەیان زانی ، جارێکی‌تریش بچنەوە بۆ عـــەرەفات • ئەگەر تا ڕۆژی جەژن پێیان نەزانی ، ئـــەوە ئەبێ حەجەکەیان قەزا بکەنەوە • کە مەغریب داهـــات ئەبێ ئەوانەی لە عەرەفاتدان و حـــەقی (جمع التاخیر)یان هەیە ، نوێژی مەغریب نەکەن و نوێـــژەکەیان دواخەن لەگەڵ نوێژی عیشا لە (مزدلفـــە)دا پێکەوە بیبیانکەن• ئەوانەشیان کە حەقی (جمع التاخیر)یان نیە هەر لە عەرەفاتدا نوێژی مەغریب بکەن و ئەوجا بڕۆن بۆ (مزدلفه) •

(بزانن) سوننەتە بۆ ئەوانەی لە عەرەفاتا دوعای خێر ئەکەن ، ڕوو لە قیبلە بن و لەشیان پیس نەبێ و بێ‌دەس‌نوێژ نەبن و لەپاڵ (جبل الرحمة)دا بوەستن •

باسی دەرچوون لە (عرفات)ەوە بۆ (مزدلفه)

لەپاش ڕۆژ ئاوا بوون لە عەرەفاتەوە داپەڕن بۆ موزدەلیفە کە مەسافەکەی بەدرێژی حەوت هەزار و هەشتا گەزە • کە گەیشتنە ئەوێ ئەگەر نوێژی عیشا بووبوو ئەوانەیان کە نوێژی مەغریبیان نەکردوە بە (جمع‌التاخیر) لەگەڵ نوێژی عیشـــادا پێکەوە بیـــانکەن ، ئەوانەشیان کە نوێـــژی مەغریبیـــان لە عەرەفاتدا کردوە نوێژی عیشاکەیان بکەن • مانەوەی شەو لە موزدەلیفەدا

واجبە • ئەگــەر کەسێك شەو لە موزدەلیفەدا نەمایەوە واجبــە حەیوانێك سەرببڕێ • بەڵام ئەگەر لە پێش نیوەشەوا لەوێ دەرچوو و لەپێش بەرەبەیانا هاتەوە حەیوانی لەسەر نیە •

جا سوننەتە پێش ئەوە کە ڕۆژ ببێتەوە ئەوەی پیر و لاوازە و هەموو ژنان بڕۆن بۆ خاکی (منی) بۆئەوە زوو لەوێ نوێژی بەیانی بکەن و بەر لە کۆبوونەوەی قەرەباڵغ ڕەجمی شەیتان بکەن ئەگەر ئەیانویست زوو ڕەجمی بکەن ، ئەگینا بیخەنە دوای هەتاو کەوتن • پیاوە بەهێزەکانیش لە موزدەلیفەدا بمێننەوە تا ڕۆژ ئەبێتەوە ، لە تاریکی بەرەبەیانا نوێژی بەیانی بکەن • جا ئەوانیش دەرچن بۆ مینا و هەر لە خاکی موزدەلیفەوە وردە بەرد هەڵگرن بۆ ڕەجمی شەیتان و بڕۆن تا ئەگەنە (المشعر الحرام) کە بینایەکە ئێستاش ماوە و لە سنووری موزدەلیفەدایە • کە گەیشتنە ئــەوێ ڕاوەستن و دوعا بکەن تا بەری ڕۆژ زەرد ئەبێتەوە ، جا بڕۆن بــۆ مینا • لەپاش هەتاو کەوتن ئەگەنە مینا ، لەوێ هەر یەکی حەوت بەرد فڕێ بدەن بۆ کۆگا بەردی (جمرةالعقبة) • ئەم بەردانە وەکو بەردی پەلەپیتکە وان و یەکە یەکە فڕێ ئەدرێن • لەگەڵ هەر بەردێکیشا (اللّٰه‌اکبر) بکەن •

جا ئەوەی حەیوانی (هدی)ی پێیە کــە ئەوەتە هێنرابێ بۆ هەژارانی مەککە ، چ نــەذری کردبێ لەسەر خۆی و چ بە ئارەزوو هێنــابێتی ، لەویا حەیوانەکەی سەرببڕێ • هەروەها هەرکەس ئارەزووی قوربانی کردنی هەیە ئەویش لەویادا حەیوانەکەی سەرببڕێ • پاش ئەمە یا سەری بتاشێ یا کورتی بکاتەوە ، بەڵام سەرتاشینەکە خێرترە بۆ پیــاو • بۆ ژنیش کورت‌کردنەوە خێری زۆرترە • لای کەمی کورت‌کردنەوە هەڵپاچینی سێ موە • ئەوکەسەش کە سەری مــوی پێوە نەبێ هەر ســوننەتە چەقۆ بهێنێ بەســەریا • ئەم سەرتاشین یا کورت‌کردنەوەیە ڕوکنێکە لە ئەرکانی حەج ، ئەگەر نەکرێ حەجەکە دانامەزرێ •

حاجی ، پاش لێبوونەوە لە سەرتاشین یا کورتکردنەوەی مو ئەڕواتە ناو شاری مەککەوە و طەوافی ڕوکن بەجێدێنێ • پاش طەوافیش سەعی ئەکا لەنێوان صەفا و مەروەدا ، جا ئەگەڕێتەوە بۆ مینا بۆ ڕەجمی شەیتان وەکو بەدرێژی باسی ئەکەین • سوننەتە ئەم ڕەجمی شەیتان و سەربڕینی حەیوان و لابردنی مو و طەوافی ڕوکنە بەو تەرتیبە جێبەجێ بکرێن کە باسمانکردن • وەختی ئەمانە لە نیوەشەوی شەوی جەژنەوە دەسپێئەکا • وەختی ڕەجمی (جمرة العقبة)یش تا ئاخری ڕۆژی جەژن ئەمێنێ • وەختی سەربڕینی حەیوانیش[1] وەختی قوربانیکردنە و ئەم وەختە بە تەواوبوونی (ایام التشریق) ئەفەوتێ • بەڵام سەرتاشین و طەوافی ڕوکن و ڕاکردنی بەینی صەفا و مەروە وەختیان نابڕێتەوە،ئەوەندە هەیە کەراهەتی هەیە دوایان بخا لە ڕۆژی جەژن و کەراهەتی زۆرترە دوایانبخا لە (ایام التشریق) • مادەم بڵێین سەرتاشین یەکێکە لە ئادابی حەج ، ئەوە ئەگەر دوو شتی لەم سێ شتە (ڕەجم و سەرتاشین و طەواف) کرد ، نەجاتبوونی یەکەمی بۆ دێتەدێ لە ئیحرام و بۆی حەڵاڵ ئەبێ جل لەبەربکا و مو بەخۆیەوە لابەرێ و نینۆکی بکا و ڕاو بکا • کە سێهەمەکەشیانی کرد عەقدی نیکاح و ئەو شتەکانیتری بۆ حەڵاڵ ئەبێ کە بەهۆی ئیحرامەوە لێی حەرام بووبوون •

طەوافی فەرز

واجباتی طەواف حەوتن • یەکەم : داپۆشینی هەر شوێنێکە کە لە نوێژا بە عەورەت دابنرێ • دووهەم : پاکییە لە پیسی لەش و بەرگ و لە بێدەسنوێژی و لەشپیسی • جا ئەگەر لەناو طەوافا دەسنوێژەکەی شکا پێویستە گورج دەسنوێژ بگرێ و لەسەر ژمارەی پێشوو طەوافەکانی تەواو بکا • سێهەم : سوڕانەوەیە حەوت جار بەدەوری کەعبەدا بەوشەرتە کە

(١) مەبەست حەیوانی (هدی)ە واتە دیاری ، نەكحەیوانیتر .

طەوافەکانی لە بەرابەری (حجر الاسود)ەوە دەس پێبکا • ئەگەر لەولاوە دەسی پێکرد بۆی حیساب ناکرێ تا ئەگاتـە بەرابەری (حجر الاسود) و لەوێوە بۆی ئەژمێررێ • چوارەم • ئەوەیە لەم طەوافانەدا کەعبە بخاتە لای چەپیەوە • پێنجەم : ئەوەیە لە هەمۆ طەوافێکدا ، لای چەپی هەمۆ لەشی بخاتە بەرامبـەری (حجـر الاسود)ەوە • شـەشەم : ئەوەیە لـە ئەووەڵی طەوافەکانەوە نییەتی طەوافی ڕوکنی ببێ و نییەتەکەی نەگۆڕێ •

ئەگەر کەسێ بەسەر ئەو زیادە دیوارەدا ڕابوٚرد کە لە زەمانی (عبدالله ابن الزبیر)دا لە دیواری کەعبە دزراوەتەوە ، ئەوە طەوافەکەی دانامەزرێ ، چونکە ئەو زیادە دیوارەیش بەشێکە لە کەعبە و ئەوەی بەسەریا بڕوا بەدەوری هەمۆ کەعبـەدا نەگەڕاوە • هەروەها ئەگەر دەستی درێژکـرد و دای لەو دیوارەی بەیت کە وا لەعاستی ئەو زیادە دیوارەوە ، لەمصوٚرەتەیشدا دیسان طەوافەکەی بەتاڵە لەبەرئەوە کە ئەو ئەندازەیەی دەستی کە درێژی کردوە و داویە لـە دیوارەکە ، نەکەوتوەتە پشتـی هەمۆ دیواری بەیتـەوە • ئەگەر کەسێکیش بە یەکێ لە کونەکانی (حجر اسماعیل)دا ڕۆیێ و لەو کونەکەوە دەرچۆ ، هەر طەوافەکەی بەتاڵە چونکە لـەمحاڵەدا ئەڵێن طەوافی لە بەیتا کردوە ، نەك بەدەوری بەیتا ، چونکە ئەو شوێنە ناو بەیتە •

حەوتەم : ئەوەیە طەوافەکانی لەناو حەوشی مزگەوتەوە بێ • کەواتـە ئەگەر یەکێك لە دەرەوەی ئەو حەوشەوە بسوڕێتەوە بەدەوری بەیتدا ، ئەوە ئەو سوڕانـەوەیەی بۆ حیساب ناکـرێ ، چونکە لە عورفدا بـە طەواف دانانرێ •

سوننەتەکانی طەوافیش نۆ سوننەتن • یەکەم : ئەوەیە بە پیادە طەواف بکا • دوهەم : ئەوەیە لە ئەووەڵی هەر طەوافێکەوە دەست بە (حجرالاسود)دا بێنێ و ماچی بکا و تەوێڵی بنێتە سەر • ئەگەر بۆی نەکرا ، هەر دەستی پیا

بهێنێ • ئەگەر ئەوەشی بۆ نەکرا ، ئیشارەتی بۆ بکا • بەڵام ڕوکنە شامییەکان دەستیان پیا نەهێنێ و ماچیان نەکا • ڕوکنی یەمانییش دەستی پیا بهێنێ بەڵام ماچی نەکا • سێهەم : لە ئەووەڵی هەر طەوافێکەوە بڵێت (بسم اللهِ واللهُ اکبر ، اللهم ایماناً بكَ ، وتصديقا بكتابِكَ ، ووفاءً بعهدِكَ ، واتّباعاً لِسُنَّةِ نبيِّكَ محمد صلى الله عليه وسلم)• چوارەم : ئەوەیە کە بەرەوڕوی دەرگای بەیت بڵێت : (اللهم انّ هذا البيتَ بيتُكَ ، والحرَمَ حرمُكَ ، والامنَ امنُكَ ، وهذا مقامُ العائِذِ بِكَ من النـارِ) • پێنجەم : ئەوەیە لەبەینی هەردو ڕوکنی یەمانیدا بڵێت (اللهم آتِنا في الدنيـا حسَنَةً وفي الآخِرَةِ حسَنَةً ، وقِنا عذابَ النارِ) • جا هەر دوعایەك کە ئارەزوی لێیە بیکـا ، بەڵام دوعایەك کە لە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم نەقل کرابێ چاکترە بۆ ئەو شوێنە لە خوێندنی قورئان و قورئان باشترە لە دوعایەك کە لە پێغەمبەرەوە نەقل نەکرابێ • شەشەم ئەوەیە لە سێ طەوافەکەی ئەووەڵدا پەلە بکـا لە ڕۆیشتندا و هەنگاوەکـانی لەیەکەوە نزیك بن ، کە ئـەوەش پێی ئـەوترێ (رمل) و لە چوار طەوافەکەیتردا بە عادەتی بڕوا بەڕێدا • ئەم سوننەتە لە طەوافێکایە کە ڕاکردنی بەینی صەفـا و مەروەی لەپاشـەوە بێ • سوننەتە لەکاتی ئـەم بەپەلە ڕۆیشتنەدا بڵێت (اللهم اجعَلْهُ حجاً مبـروراً وذَنْباً مغفوراً وسعياً مشكوراً) • سوننەتیشە لە هەر طەوافێکا کە ئەم ڕۆیشتنی بەپەلەیەی تێدا سوننەت بێ (اضطباع) بکا یەعنی وا ڕاوەستێ خاولێ ناوشانی بخاتە ژێر باڵی ڕاستی و هەردو چمکەکەی بخاتە سەر باڵی چەپی • هەروەها لەکاتی ڕاکردنی بەینی صەفا و مەروەدا ئەمـە بکا • ئەم بەپەلە ڕۆیشتن و شێوەی دانانی خاولێ سەرشانە سـوننەت نیـە بۆ ژن • حەوتەم : ئەوەیـە لەکاتی طەواف‌کردندا نزیك ببێتەوە لە بەیت • ئەگەر لەنزیکـەوە نەیئەتوانێ پەلە بکا لە ڕۆیشتندا دور بکەوێتەوە و بەپەلە بڕوا چاکترە ، مەگەر ترسی ئەوەی بێ کە ئازاری ژن و نەخۆش و لاواز بـدا • لەمحاڵەدا لەنزیکەوە

طەوافەکەی بکا و بەئارام بڕوا بەڕێوە چاکترە • هەشتەم : ئەوەیە بەینی طەوافەکان نەخا • نۆهەم : ئەوەیە لەپاش طەوافەکان لەپشتی مەقامی حەزرەتی ئیبراهیمەوە (علی نبینا وعلیه الصلاة والسلام) دوو ڕکات نوێژ بکا ، لە ڕکاتی یەکەمیانا سوورەتی (الکافرون) و لە دووهەمیانا (الاخلاص) بخوێنێ • ئەگەر ئەم نوێژەی بە شەو کرد، ئەو سوورەتانە و فاتیحە بەئاشکرا بخوێنێ • ئەم دوو ڕکاتە پێیان ئەوترێ سوونەتی طەواف • ئەگەر ئینسانێکی بێئیحرام یەکێکی ئیحرامداری هەڵگرت و طەوافی پێ‌کرد ، ئەوە حیساب ئەکرێ بۆ هەڵگیراوەکە • هەروەها ئەگەر ئیحرامدارێکیش هەڵیبگرێ کە طەوافی خۆی کردبێ • ئەگینا ئەگەر نیازی هەڵگیراوەکەی هەبوو بەتەنها ، ئەوە بۆ ئەو حیساب ئەکرێ • ئەگەر نیازی خۆی یا نیازی هەردوکیشیانی هەبوو تەنها بۆ خۆی حیساب ئەکرێ •

باسی (سعی) لە بەینی صەفا و مەروەدا

کە لە حەوت طەوافەکە و دوو ڕکاتە نوێژەکە بووەوە بڕوا دەست بێنێ بە (حجر الاسود)دا و لە دەرگای (باب الصفا)وە دەرچێ بۆ سەعی یەعنی ڕاکردن لەبەینی صەفا و مەروەدا • شەرتی ئەم ڕاکردنە دوو شتە • یەکەم : ئەوەیە لە صەفاوە دەست پێ‌بکا و حەوت جار لەبەینی صەفا و مەروەدا هاتوچۆ بکا ، ڕۆیشتنەکەی جارێك و گەڕانەوەکەی جارێك • دووهەم : ئەوەیە ئەو ڕاکردنە لەپاش طەوافی فەرز بێ ، یا لەپاش طەوافی هاتن (طواف القدوم) بێ بۆئەوە کە ڕاوەستانی عەرەفات نەکەوێتە بەینی طەواف و ڕاکردنەکەوە • ئەگەر کەسێك پاش (طواف القدوم) ڕاکردنەکەی کرد ، لەپاش طەوافی فەرز دووبارەی نەکاتەوە •

سوونەتە ئەوەندەی بالا پیاوێك بەسەر صەفا و مەروەدا سەرکەوێ• کە سەریش کەوت بڵێت (الله اکبرُ • الله اکبرُ • الله اکبرُ • ولله ِ الحمدُ •

اللهاكبرُ على ما هَدانا ، والحمدُلله على ما اوْلينا • لا اله الله وحده لاشريكَ له ، لهُ الملكُ وله الحمدُ ، يُحيي ويُميتُ بيدهِ الخيرُ ، وهو على كلّ شيئٍ قدير") • پاش ئەمە هەر دوعایەکی دینی یا دنیایی ئەکا مەیلی خۆیەتی • سوننەتە ئەم ذیکر و دوعایە تا سێ جار دوبارە بکاتەوە • لە ئەووەڵ و ئاخری ڕاکردنەکەشەوە بە ڕۆیشتنی عادەتی بڕوا بە ڕێدا و لە ناوەڕاستا ڕاکات • شوێنی ئەمانەش دیارییە •

ڕۆیشتن بۆ (منى)

هەروەختێ حاجی لە مەککەوە ڕۆیشتەوە بۆ مینا ، یا ئەگەر هەر لەپێش طەوافا لە مینا مایەوە ، واجبە لەسەری شەوی یەکەم و دوهەمی (ایامالتشریق) لە مینا بمێنێتەوە و هەر سێ ڕۆژەکەی بەرد فڕێبداتە سەر هەر سێ کۆمەڵە بەردەکە (الجمرة الکبرى) و (الجمرة الوسطى) و (جمرة الخیف) • بۆ سەر هەر یەکێکیان حەوت بەرد • جا ئەگەر لە ڕۆژی دوهەما ڕەجمی شەیتانیان کرد و ویستیان لەپێش خۆر ئاوا بونا لە خاکی مینا دەرچن ، ئەوە دروستە و مانەوەی شەوی سێهەمیان لەکۆڵ ئەکەوێ ، هەروەها ڕەجمی ڕۆژەکەیشی • ئەگەر مایشنەوە تا خۆر ئاوا بو ، ئەوە واجبە شەوی سێهەمیش لەوێ بمێننەوە و لە ڕۆژەکەیشیا ڕەجمی شەیتان بکەن ، ئەوجا بڕۆنە دەرەوە •

هەرکەس عوزرێکی بێ و نەتوانێ لە شەوێ یەکەم و دوهەمدا لە مینادا بمێنێتەوە ، وەك ئەوکەسانە کە ئیشوکاری حاجییەکانیتریان پێ سپێرراوە ، ئەتوانێ بەر لە ڕۆژ ئاوا بون و داهاتنی شەوی یەکەم لە مینا دەرچێ و سبەینێ بێتەوە و ڕەجمی شەیتان بکا • هەروەها ئەتوانێ بەر لە داهاتنی شەوی دوهەمیش دەرچێ و سبەینێ بێتەوە بۆ ڕەجم کردنەکە •

وەختی ڕەجمی شەیتان لە لادانی خۆرەوەیە لە ناوەڕاستی ئاسمان تا خۆر ئاوا بونی هەر سێ ڕۆژەکەی پاش جەژن • شەرتە ئەو حەوت بەردە کە

فڕێ ئەدرێنە سەر کۆگا بەردەکان یەکە یەکە فڕێ بدرێن و نابێ لەجیاتی بەرد شتێکیتر فـڕێ بدرێ • ئەبێ وەزعی هاویشتنەکەیش بەجۆرێـك بێ پێی بوترێ فڕێدان • شەرتیشە بەردەکان بەتەرتیب فڕێ بدا ، یەعنی لەپێشا بۆ ئەو کۆمەڵەی وا لەلای مزگـەوتی (خیف)ەوە ، ئەوجا بۆ ئەو کۆمەڵەکەی ناوەڕاستیان ، پاشان بۆ کۆمەڵەکـەی (جمرة العقبة) • سوننەتە بەردەکان ئەوەندەی بەردی پەلەپیتکە بن • شەرت نیە کابرای بەرد هاوێژ لە دەرەوەی کۆگا بەردەکانـا بێ ، هەروەها شـەرت نیە بەردەکان لەنـاو کۆمەڵەکانا بمێننەوە • هەرکەس خۆی نەیتوانێ ڕەجمی شەیتان بکا ئەبێ وەکیل بگرێ • ئەگەر یەکێك ڕۆژێك بەردی نەهاویشت ئـەبێ سبەینێ لەپێش هاویشتنی بەردی ئەو ڕۆژەدا بیهاوێژێ • لەمصورەتەدا پێویست نابێ لەسەری حەیوان سەرببڕێ • ئەگەر نەشیهاویشت ئەبێ حەیوانێك سەرببڕێ • ئەم حەیوان سەربڕینە کاتێك واجب ئەبێ کە سێ بەرد یا زیاتر لە حەوت بەردەکە فڕێ نەدا ، کەواتە فڕێنەدانی بەردێك یا دوو بەرد هیچ زیانی نیە •

کاتێك کە حاجی ویستی مەککە بەجێبهێڵێ (طواف الوداع) زیـارەتی ماڵئاوایی بـکا بە دەوری کەعبەدا کە بریتییە لە حەوت جـار سوڕانەوە بەدەوریا بە دەسنوێژەوە و ئەبێ عەورەتیشی داپۆشـیبێ • هەروا ئەبێ لەم طەوافەدا هەموو ئادابەکانی طەوافی فەرز بەجێبێنێ جگە لە بەپەلە ڕۆیشـتن و شێوەی دانانی خاولییەکەی سەرشانی • پاش ئەوە دوعای خێر بکا بۆخۆی و بۆ هەموو موسوڵمانان و کە لێبووەوە لە حەوشی بەیت دەرچێ •

ئەم طەوافی ماڵئاواییە واجبە • ئەگەر کەسێك نەیکرد ئەبێ حەیوانێك سەرببڕێ • هەندێکیش لە زانایانی دین فەرموویانە سوننەتە و تۆڵەی نیە • جا لەسەر ئەو فەرموودەیە کە ئەڵێ واجبە ، ئەگەر کەسێك تەرکی کرد و مەککەی بەجێهێشت ، بەڵام پێش ئەوەی مەسافەی نوێژ کورتکردنـەوە ببڕێ ، گەڕایەوە و طەوافەکەی کرد ، هیچی لەسەر نامێنێ ، ئەگەر پاش لادان لـەو

مەسافەیە گەڕایەوە تۆڵەکەی لەسەر لانـاچێ • بەڵێ ، ژنی خـاوەن حەیز و زەیسان ئەبێ بە بێ‌طەواف کردن مەککە بەجێ‌بهێڵن •

(بزانن) دوعا کردن لە مەککەدا ، لە پازدە شوێنا نزیکـە لە قوبوڵەوە : لەکاتی طەوافدا ، لە (ملتزم)دا ، لەژێر (میزاب الرحمة)دا ، لەنـاو کەعبەدا ، بەسەر صەفا و بەسەر مەروەوە ، لەکاتی ڕاکردنی بەینی صەفـا و مەروەدا ، لەپشتی مەقامی ئیبراهیمەوە ، لە عەرەفاتا ، لە موزدەلیفەدا ، لەکاتی هەر سێ جارەکەی ڕەجم‌کردنی شەیتانا • فەرقیشی نیە ئەو کەسە دوعاکە ئەکا خەریکی ئادابی حەج و عەمرە بێ یا نە ؟

زیارەتی ناوخانوی کەعبەی شەریفە

سوننەتە بۆ حاجێ بڕواتە ناوخانوی کەعبەوە و بەئەدەب ڕاوەستێ و دوو ڕکات نوێژی تیا بکا لە شوێنێ نوێژی حەزرەتدا صلی الله علیه وسلم ، بەم‌جۆرە کە لە دەرگا ڕۆیشتە ژوورەوە هەروا ڕوو بە دیواری بەرانبەری بڕوا تا نزیکی سێ گەزی ئەمێنێ بۆ دیوارەکە ، جا لەویادا ڕاوەستێ نوێژەکەی بکا بە نیازی سوننەتی حەزرەت کە لەویـادا نوێژی کردوە • تـا زۆرتریش بڕواتە کەعبەوە باشترە • ئەگەر ڕێ نەکەوت بڕواتە مـاڵی کەعبـەوە ، بڕواتە (حجر اسماعیل)ەوە چونکە ئەویش بەشێکە لە بەیت •

سوننەتە لە ئاوی زەمزەم بخواتەوە بۆ بەرەکەت و بەنیازی شـیفای لە ئازار ، بەتایبەتی لە نەخۆشی ئەخلاقی ناشیرین • هەروا سوننەتە لە ئاوەکەی بهێنێتەوە بۆ ماڵی خۆی •

زیارەتی مەرقەدی حەزرەت صلی‌الله‌علیه‌وسلم

سوننەتە پاش دەرچوون لە مەککە بڕوا بۆ (مدینەی منورە) بۆ زیارەتی مەرقەدی حەزرەتی فەخری عالەم صلی الله علیه وسلم • سوننەتە ئەو کەسەی

بەنیازی زیارەت ئەڕوا بۆ مەدینە ، لەڕێگەدا صەلاوات زۆر بدا لەدیداری پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم • لە پیش ئەوەشدا کە بگاتە مەدینە خۆی بشوا و بەرگی پاك لەبەرکا • کە گەیشتە مزگەوتی حەزرەت ڕۆبکاتە (روضة) کە بەینی مەرقەدی موبارەك و مینبەرە و دوو ڕکات نوێژی (تحیة المسجد) بکا لەتەنیشتی مینبەرەوە • جا بێت بۆ نزیکی مەرقەدی موبارەك و ڕۆ بکاتە سەری موبارەکی پێغەمبەر و پشت بکاتە قیبلە و ماوەی چوار گەز دوور ڕاوەستێ و بەئەدەب سەلام بکا و بڵێ (السلام علیك یا رسول الله) و بەئارەزووی خۆی لەویادا صەلاوات بدا و لە خوا بپاڕێتەوە بۆ خۆی و بۆ باقی موسوڵمانان • جا بگەڕێتە دواوە بۆ لای ڕاستی ئەوەندەی گەزێك و لەویادا سەلام بکا لە حەزرەتی ابوبکری صدیق خوای لێ ڕازی بێ ، جا ئەوەندەی گەزێکی‌تر بێتە دواوە و سەلام بکا لە حەزرەتی عمر خوای لێ ڕازی بێ • جا بگەڕێتەوە بۆ شوێنی یەکەمجاری و لە بەرەوڕووی حەزرەتدا ڕاوەستێ و لەویادا لەخوا بپاڕێتەوە بڵێ : « خوایە بۆ خاتری بەرەکەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و بۆ خاتری خۆشەویستی ئەو بە لای تۆوە ، ڕەحمم پێ بفەرموو» • پاش ئەوە ڕۆبکاتە قیبلە و دوعای خێر بکا بۆخۆی و بۆ موسوڵمانانی‌تر •

زور مەقصەدە ئینسان ئاگای لەوەبێ کە مەسافەی ئەصڵی مزگەوتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کامەیە ، بۆ نوێژ تیا کردن • چونکە نوێژێك لەویا ئەوەندەی هەزار نوێژی ئەوبەشەی کە زیاد کراوە لەسەر مزگەوتە ئەصڵییەکە، خێری هەیە • پێویستە زیارەتکەر زۆر بەئەدەب بێ و پشت و سکی نەلکێنێ بە پەنجەرەی مەرقەدی پیرۆزەوە و لە دوورەوە ڕاوەستێ و لەو ماوەیەدا کە وا لە مەدینەی مونەووەرەدا خێر زۆر بکا بە غەریبان و داماوانی ئەوێ و دڵیان عاجز نەکا و کە ویستی لە مەدینە دەرچێ بڕوا خوا حافیظی بکا لە مزگەوت بە دوو ڕکات نوێژ ، ئەوجا بێت بۆ لای مەرقەد و سەلامی تەقدیم بکا وەك ئەووەڵجار و لە خوا بپاڕێتەوە بۆ ئەوە کە چەند جاری‌تریش بۆی

ڕێ بکەوێ زیارەتی مەککە و مەدینە بکاتەوە ..

سوننەتە لەوماوەدا کە لە مەدینەیە بڕوا زیارەتی قەبرستانی (جنة البقیع)و زیارەتی قەبری ئەو ئەصحابە گەورانـە بکا کە لەوێ دفـن کراون و ، لای مەرقەدەکانیان لە خوا بپاڕێتەوە بۆ خۆی و بۆ موسوڵمانان ، لەبەرئەوە کـە ئەو قەبرستانە شوێنی ئەهلی طاعەت و خوا پەرستییە و شـوێنیوایش لـە ڕەحمەتی خواوە نزیکە و لەوانەیە خوا دوعای ئینسـانی تیدا قوبوڵ بکـا .

سوننەتە ئینسان زیارەتی مزگەوتی (قبا) بکا و بڕواتە سەر ئەو بـیرە ئاوانە کە حەزرەت صلی الله علیه وسلم چوەتە سەریـان ، بەتـایبەتی بیری (أریس) و دەس نوێژیان لێ بگرێ و ئاویان لێ بخواتـەوە . خوا بە لوطفی خۆی ئەم زیارەتانە بکا بە نصیبمان و ئەنجاممان خێر بکا و تەوفیقمـان بدا و ئاخرمان بەچاکە بهێنێ .

باسی مەنع کردنی حاجی و عەمرەکەر لە حەج و عەمرە و باسی فەوتانی حەج و عەمرە

هەرکەس مەنـع کرا لە تەواوکردنی حەج یـا عەمرە ، بۆی دروسـتە ئیحرامەکەی هەڵوەشێنێتەوە خوای حاجی بێ یا عەمرەکەر بێ یا هەردوکیان پێکەوە بکا ، چونکە کاتێك کە کافرەکانی مەککە مەنعی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و ئەصحابەکانیان کرد لەوە کە بچنە ناو شاری مەککەوە و عەمرە بکەن ، خوا ئەم ئایەتەی نـارد (فان اُحْصِرْتُمْ ، فمـا استیسَرَ مـنَ الهَدْيِ) . یەعنی ئەگەر مەنع کران لە تەواوکردنی عیبادەتەکەتان ، ئەوە ئەو حەیوانانە سەرببڕن کە بەدیـاری هێنـاوتانن لەگەڵ خۆتـان . بەڵێ ئەگەر لە صورەتی حەجا ئەیانزانی دوژمن دەرئەچێ و مەجاڵی حەج کردنیـان ئەبێ و لە صورەتیعەمرەدا ئەیانزانی دوژمن پێش سێ ڕۆژ دورئەکەوێتەوە ، ئـەوە

دروست نیه ئیحرامەکەیان بشکێنن چونکە قەزا کردنەوەی حەج و عەمرە ئەرکی زۆرە و لەبەر ناچاری نەبێ دروست نیە •

هەڵوەشاندنەوەی ئیحرام دروست نیە بەهۆی نەخۆشییەوە مەگەر کابرا لە وەختی ئیحرام دابەستنەکەیدا بەشەرتی گرتبێ و وتبێتی نییەتم هەیە ئیحرام دائەبەستم بۆ حەج یا بۆ عەمرە و ئەگەر نەخۆش کەوتم هەڵیئەوەشێنمەوە • لەمحاڵەدا دروستە ئەگەر نەخۆش کەوت ئیحرامەکەی تێك بدا •

جا هەرکەس (تحلل)ی کرد یەعنی ئیحرامەکەی تێکدا ، واجبە لەسەری حەیوانێك سەرببڕێ لەو شوێنەدا کە مەنعی تیا کراوە لە تەواو کردنی حەج یا نەخۆش کەوتوە تیایا ، خوا ئەوشوێنە ئەرزی حەرەم بێ یا نە • بەڵێ ئەگەر ئەیتوانی بەئاسانی حەیوانەکە ڕەوانە بکا بۆ مەککە ، ئەوە سونەتە ڕەوانەی بکا بۆ ئەوێ •

ئەم ئیحرام تێکدانە دێتەدی بە سەربڕینی حەیوانەکە لەگەڵ نییەتی کردنەوەی ئیحرامەکەیدا • هەروا دێتەدی بە سەرتاشین و مو کورتکردنەوە لەگەڵ نییەتی باسکراودا • ئەگەر بۆیشی ڕێ نەکەوت حەیوان بکڕێ ، بە قیمەتی ئەو حەیوانە قوت بکڕێ و بیدا بە هەژاران • ئەگەر دەستی بەسەر ئەمەیشا نەڕۆیشت لەجیاتی هەر مشتێك لەو قوتە ڕۆژێ بەڕۆژو بێ ، لە هەر وڵاتێکدا کە خۆی ئارەزوی لێیە • لەم صورەتەدا بۆی هەیە تەنها بە نییەت هێنان ئیحرامەکەی تێك بدا و لەپاش مانگێ بەڕۆژو بێ •

دروستە بۆ مێردی ژن ئیحرامی ژنەکەی بکاتەوە لە حەجی یا عەمرەی سونەت ئەگەر لەکاتی ئیحرام دابەستنەکەدا ئیجازەی نەدابێ • هەروەها لە حەج و عەمرەی فەرزیشدا ئەگەر ئیزنی نەدابێ ، چونکە حەقی ڕابواردن و لەزەت وەرگرتنی پیاو فەورییە و حەج و عەمرەی فەرز لەسەر مۆڵەتە • بەڵێ

ئەگەر دوکتۆرێکی ئەمینی شارەزا وتی ئەو ژنە ناتوانێ ساڵێکی‌تر حەج یا عەمرە بکا ، ئەوە مێردەکەی حەقی ئەوەی نیە ئیحرامەکەی پێ‌هەڵوەشێنێتەوە. هەروەها مێرد حەقی ئیحرام تێکدانی بە ژنەکەی نیە ئەگەر خۆی ئیزنی ئیحرام دابەستنەکەی دابێ ، یا ژنەکە بچووك بێ و بۆ ئەوە دەس نەدا مێردەکەی بچێتە لای ، یا خۆی نەدابێ بەدەستەوە بۆئەوە مارەیێ حازر وەربگرێ ، یا کابرا خۆی لەگەڵ ژنەکەیدا ئیحرامی دابەستبێ .. هەروا لە گەڵێ صوورەتی تریشدا .

ئەو حەج و عەمرەیە کە بە زۆر مەنعی جێبەجێ‌کردنیان بکرێ ، قەزاکردنەوەیان واجب نیە مەگەر لەسەر کەسێك کە پێشان لەئەستۆیدا بووبێ یا کەسێ کە زووتر دەسەڵاتی بووبێ بیانکا و دوای‌خستبێ ، یا نەذری کردبێ لەسەر خۆی . جا ئەگەر فەرزەکە فەرزی کۆن بوو ئەوە لەئەستۆیا ئەمێنێ و ئەبێ بیگێڕێتەوە. ئەگەر هەر ئەو ساڵە واجب بووبوو لەسەری ، ئەبێ جارێکی‌تر توانای ببێ ..

ئەگەر کەسێك ڕاوەستانی عەرەفەی لە دەس دەرچوو ، واجبە گورج ئیحرامەکەی بکاتەوە چونکە ڕاوەستانی عەرەفە گەورەترین پایەیەکی حەجە ، کە لە دەستی دەرچوو و ئیحرامەکەی تێك‌نەدا ، ئەبێ بە ئیحرام لە غەیری وەختی حەجدا . ئەم هەڵوەشاندنەوەی ئیحرامە بە سێ شت ئەبێ . یەکەم طەوافی ماڵی کەعبە . دووهەم ڕاکردنی بەینی صەفا و مەروە . سێهەم سەرتاشین یا موو قرتاندن . واجبە لەسەر ئەوکەسەی کە ڕاوەستانی عەرەفەی لە دەس دەرچوە حەیوانێك سەربڕێ و حەجەکەش قەزا بکاتەوە . جا ئەگەر حەجە فەوتاوەکە سوننەت بوو ، ئەبێ دەس‌بەجێ قەزای بکاتەوە . ئەگەر فەرز بوو ، ئەوە بەپێی وەزعی پێش حەجەکەیە ئاخۆ بێ‌موڵەتە یا موڵەتی هەیە . وەك وتمان قەزای ئەم حەجە فەوتاوە بەو شەرتە پێویستە کە بەزۆر مەنعی نەکرابێ لە وەستانی عەرەفە ، لەم‌حاڵەدا قەزای لەسەر نیە چونکە بە ئارەزووی خۆی

تەركی نەكردوە و حەجە ناتەواوەكە جێگای حەجێكی تەواوی بۆ ئەگرێتەوە •

(بزانن) ئەم خوێنە كە لە مەسئەلەی فەوتانی وەستانی عەرەفەدایە خوێنی تەرتیبە ، وەك خوێنی (تمتع) و (قران) و ، تەركی ئیحرام دابەستن لە میقاتدا و تەركی ڕەجم كردنی شەیتان و تەركی شەومانەوە لە موزدەلیفە و مینادا و تەركی طەوافی مالآوایی لەسەر ئەوە كە بە واجبی دابنێین • یەعنی ئەگەر كابرا دەستی بڕوا ئەبێ مەڕێك سەرببڕێ • ئەگەر دەستیشی نەڕوا ئەبێ دە ڕۆژ بەڕۆژو بێ ، سێ ڕۆژی لە خاكی مەككەدا ، ئەگەر ئەو وەختە قابیلی ڕۆژو تیا گرتن بێ بەوڕەنگە كە كابرا لەپاش (ایام التشریق) لە مەككەدا بمێنێتەوە و ، حەوت ڕۆژیشی لەپاش گەڕانەوەی بۆ ولآتی خۆی • ئەگەر لەوێ بۆی ڕێ نەكەوت هەمو دە ڕۆژەكە لە ولآتی خۆیدا بەڕۆژو بێ •

باسی قوربانی

قوربانی كردن سوننەتە بۆ هەمو موسوڵمانێكی باڵغ و عاقڵ و خاوەن ڕوشد و ماڵدار كە ئەو حەیوانی قوربانییە زیاد بێ لە مەصرەفی خۆی و ئەوانەی كە مەصرەفیان لەسەریەتی ، بۆ شەو و ڕۆژی جەژن و سێ ڕۆژەكەی پاش جەژن و زیاد بێ لە پۆشاكی ئەو وەرزەی كە قوربانییەكەی تیا ئەكرێ •

قوربانی كەر ئەگەر تەنها بو ، ئەوە قوربانییەكەی سوننەتی عەینە • ئەگەر خاوەن خیزانیش بو ، ئەوە سوننەتی كیفایەیە • كەواتە ئەگەر كەسێكی خاوەن خێزان قوربانی كرد ، ئیتر داوای قوربانی لەوان ناكرێ ، لەگەڵ ئەوەشدا كە خێرەكەی هەر بۆ خۆیەتی ، مەگەر نیازی ببێ ئەوانیش بكا بە شەریك لەخێرەكەیدا • هەركامیش لە ئەندامانی ئەو خێزانە قوربانی بۆ خۆی بكا دروستە •

قوربانی لە مەذهەبی ئێمەدا سوننەتە و واجب نابێ مەگەر بەوە كە كابرا بە دەم پێویستی بكا لەسەر خۆی ، وەك ئەوە كە بڵێت « لەسەرم بێ ئەم

حەیوانە بکەم بە قوربانیـ» یا «لەسەرم بێ حەیوانێك بکەم بەقوربـانیـ» یـا «ئەم حەیوانە قوربانییە» و مەبەستی واجب‌کردنی بێت • نەك هەر خەبەر بدا لەنیازی دڵی و بڵێ ئەمەوێ ئەم حەیوانە بکەم بەقوربانیـ • قوربانیـ بەوجۆرە واجب نابێ لەسەر ئینسان ، هەروا بەوەش واجب نابێ کە بە دڵ فەرزی بکا لەسەر خۆی •

هەر حەیوانێ کە واجب کرابێ بکرێ بەقوربانیـ ، تەصەڕڕوف تیاکردنی دروست نیە بە فرۆشتن و بەخشین و گۆڕینەوە • سوننەتە بۆ ئەوکەسـەی ئەیەوێ قوربانیـ بکا لە دە ڕۆژەی مانگی قوربانا تا قوربـانییەکە ئەکا مۆی سەر و سمێڵ و ڕیش و ئەندامانیـتری لەشی لانەبا و نینۆك نەکا • مەبەسـت لەمە ئەوەیە ڕەحمەتی خوا بگا بە هەمو لەشیا •

کاتی سەربڕینی قوربانیـ دەست پێ‌ئەکا بە هەتاوکەوتنی ڕۆژی جەژن و تێپەڕبونی ماوەی دو ڕکات نوێژ و دو خوطبە • ئەشمێنێتەوە تا ڕۆژ ئاوابونی ڕۆژی سێهەمی (ایام التشریق) ، کە تێکڕا ئەکاتە چوار ڕۆژ : ڕۆژی جەژن و سێ ڕۆژی پاش جەژن • سوننەتیشە ئەگەر بزانێ و بتوانێ ، خۆی حەیوانەکە سەرببڕێ ، ئەگینا بیداتە دەستی وەکیل و خۆی حـازر بێ لەسـەری • جا ئەگەر قوربـانییەکەی سـوننەت بو و خۆی سـەری‌بڕیـ ، واجبـە لەکاتی سەربڕینەکەیا نییەتی قوربانیـ لێ بهێنێ • ئەگەر وەکیل سەری‌بڕیـ ، ئەبـێ خاوەن‌ماڵەکە لەوکاتەدا کە ئەیدا بە وەکیلەکە ، یا لەوکـاتەدا کە وەکیلەکەی سەری‌ئەبڕێ ، نییەت بهێنێ • هەروەها بۆیشی دروستە نییەتەکە بداتە دەستی وەکیلەکە و ئەو نییەت بهێنێ ئەگەر منداڵی بێ تەمیز و شێت و سـەرخۆش نەبێ • ئەگەر قوربانییەکە واجب بو ، یەعنی وەختی خۆی حەیوانێکی دیاریـ نەذر کردبو سەری ببڕێ بۆ قوربانیـ ، یـاخود حەیوانێکی نامەعلومی نەذر کردبو ، بەڵام لەپاشا مەعلومی کردبو ، یا بە دەست جیـای کردبوەوە ، ئەوە لەوەختی سەربڕیندا نییەتی قوربانیـ سوننەتە و واجب نیە لەبەر قەناعەت بەوە

که زۆ نەذری کردوە و جیای کردوەتەوە یا دیاریێ کردوە• بە هەرحاڵ سوننەتە لەکاتی سەربڕینی حەیوانەکەدا (بسم الله) بکا و بیربکاتەوە لە گەورەییێ خوا کە ئەم عیبادەتەی داناوە •

ئەو حەیوانەی بۆ قوربانیێ دەس ئەدا وشترە و گــایە و بزنە و مەڕە • وشتری قوربانیێ ئەبێ پێنج ساڵی تەواو کردبێ و کەوتبێتە ساڵی شەشەمەوە• گا و بزنیش ئەبێ دوساڵیان تەواو کردبێ و کەوتبنە ساڵی سێهەمەوە• مەڕیش ئەبێ ساڵێکی تەواو کردبێ و کەوتبێتــە ســاڵی دوهەمەوە ، یــاخود بەر لە تەواوبونی ساڵی دانی کەوتبێ • فەرقی نیە لە حەیوانی قوربانیدا نێر بێ یــا مێ ، خەسراو بێ یا نە • وشتر و گا بۆ حەوت کەس بەکار دێن ، خوای هەمو بەشەکان قوربانیێ بن ، یــاخود بەعزێکیــان قوربــانیێ و ئەو بەعزەکەیــان کەفارەت و فیدیەی حەج بێ یا دیــاریێ مەککــە (هدی) بێ یا حــەوتم بێ • کەواتە ئەگەر بە حەوت کەس گایەکیان کڕێ و بەشێکییان دانا بۆ قوربانیێ و بەشێکی بۆ دیاریێ مەککە و ، بەشــێکی بۆ فیدیەی (تمتع) لە حــەجدا و ، بەشێکی بۆ فیدیەی تەرکی ئیحرام دابەستن لە میقاتدا و ، بەشێکی بۆ فیدیەی سەرتاشین و ، بەشێکی بۆ حەوتم و وەکیلێك لەجیاتیێ هەمویان بەم نییەتــانە سەری بڕێ ، ئەوە دروستە •

مەڕ و بزن بۆ یەك کەس بەکاردێن • حەیوانی بەحەسەنات تر بۆ سەربڕین وشترە ، جا گا ، جا مەڕ ، جــا بزن • بەڵێ حەوت مەڕ خێــری زۆرترە لــە بەشێکی گایەك یا وشترێك • شەرتی ئەم حەیوانــانە ئەوەیــە عەیبیوایــان پێوەنەبێ کە گۆشتیان کەم بکاتەوە • کەواتە دروست نیە سەربڕینی حەیوانی کوێر ، یا یەك چاو ، یا شــەلێکی دیاریێ ، یــا لەڕ و لاواز ، یا نەخــۆش ، یا گەڕۆڵ ، یا شێت ، یا حەیوانێك کە پارچەیەکی گوێچکەی ، یا دوگی ، یــا ڕانی بڕابێ ، یا حەیوانێــك کە برین بە لەشیەوە بێ ، یا بــالۆکەیەکی زۆری دەرکردبێ • ئەم حەیوانانە بۆ قوربانیێ دەس نادەن •

دروستە سەربڕینی حەیوانی کوڵ و شاخ شکاو ئەگەر زەرەری لەگۆشتی نەدابێ ، یا حەیوانێ کە دانی شکابێ یا دانی کەوتبێ ، مەگەر دانی ئەوەندە کەوتبێ کە لەوەڕ و ژیانی زەرەری پێ گەیشتبێ • هەروەها زەرەری نیە قلەشانی گوێچکە و کونبونی ئەگەر گۆشتی لانەبردبێ و بڕینی کەمێك لە ئەترافی دوگی وکو عادەتە بۆ ئەوە کە دوگەکەی زل ببێ ، یا کەمێك لە ڕانی بەوشەرتە زۆر کەم بێ • هەروەها عەیبی نیە ئەگەر حەیوانەکە بە بێ گوان یا بە بێ کلك لەدایك بوبێ • یا مەڕێ کە هەر لە ئەساسا دوگی نەبوبێ• حەیوانی ئاوس بۆ قوربانێ ناشێ ، بەڵام لای (ابو مخرمه) و (سمهودی) و هەندێکی‌تر دروستە بەوشەرتە بەو ئاوس‌بونە لاواز نەبوبێ • تەقلیدی ئەمانەش دروستە• ئەگەر حەیوانێکی نەذر کردبو بۆ قوربانێ ، واجبە لەسەری لە وەختی قوربانێ‌کردنا سەری‌ببڕێ• ئەگەر لەپێش داهاتنی ئەو وەختەدا حەیوانەکە فەوتا ، هیچ واجب نابێ لەسەری • بەڵام ئەگەر خۆی فەوتاندێ ، یاخود لەپاش داهاتنی وەخت و توانای سەربڕین فەوتا ، ئەوە واجبە بە قیمەتەکەی حەیوانێك بکڕێ وەك ئەو حەیوانە و لە وەختا سەری‌ببڕێ • ئەگەر واجبەکە واجبی (ذمّە) بو و لەپاشا دیاریێ کرد و لە پێش وەختا فەوتا ، ئەوە ئەصڵی واجبەکەی لەسەر ئەمێنێ و فەرزە لەسەری حەیوانێکی وەك ئەو حەیوانە بکڕێ کە نەذری کردوە و لەوەختا سەری‌ببڕێ • ئەگەر کەسێك حەیوانێکی عەیب‌داری فەرز کردبو بۆ سەربڕین بۆ قوربانێ ، ئەوە واجبە لە وەختی قوربانیدا سەری‌ببڕێ و گۆشتەکەی بدا بە خەڵك ، لەگەڵ‌ئەوەش کە لەجیاتێ قوربانێ دانانیشێ ، چونکە قوربانێ ئەبێ بێ‌عەیب بێ • ئەگەر ئەم حەیوانە عەیبدارە بەر لە داهاتنی وەخت فەوتا ، ئەوە هیچی لەسەر نیە • ئەگەر لەپاش هاتنی وەختەکەی و توانای سەربڕینی ، فەوتا ، واجبە قیمەتەکەی بدا بە حەیوانێك و سەری ببڕێ • جا ئەگەر بێ‌عەیب بو ، ئەوە بۆ قوربانییش باشە • ئەگینا هەر واجبە گۆشتەکەی بدا بە فەقیران •

هەر قوربانییەك کە سوننەت بێ دروستە خاوەنەکەی تا دوبەشی بەڵکو زیاتریشی لێ بخوا ، بەڵام باشتر ئەوەیە هەموی بکا بە خێر ، چەند پارویەکی نەبێ بۆ بەرەکەت بیخوات • هەروا پێستەکەشی بەخێر بدا بە فەقیر • دروستە خۆیشی بیکا بە شتێك سودی لێ وەربگرێ • دروستە لە گۆشتی قوربانیِ سوننەت بدا بە پیاوی دەوڵەمەندیش • بەڵام دروست نیە لێی بفرۆشێ • هەروەها دروست نیە پێستی قوربانییەکە بدا بە کرێی سەربڕینیا یا بیفرۆشێ بە یەکێك • هەر قوربانییەك کە واجب بێ ، دروست نیە نە خۆی و نە یەکێ کە نەفەقەی لەسەریەتی لێی بخۆن• دروست نیە بەشی دەوڵەمەندیشی لێ بدا ، بەڵکو ئەبێ بیدا بەو فەقیر و مسکینانە کە زەکاتیان پێ ئەشێ• بەڵێ بەچکەی قوربانیِ واجب ، دروستە خۆی هەمو گۆشتەکەی بخوا ، هەروەها دروستە شیر و رۆنی دایکەکەشی بخوا تا ئەوساتە کە سەری ئەبڕێ •

دروست نیە یەکێ لە ماڵی خۆی قوربانیِ بکا بۆ کەسێکی زیندو ، با بە ئیجازەی ئەوکەسەش بێ • بەڵام دروستە بە وەکالەت قوربانیِ بۆ بکا بەئیجازەی ئەوکەسە و لە ماڵی ئەوکەسە • هەروەها دروستە کەسێك لە ماڵی خۆی قوربانیِ بکا بۆ خۆی و خەڵکیش بکا بە شەریکی خێرەکەی ، وەك دروستە باوك قوربانیِ بکا و منداڵەکانی یا ژنەکەی بکا بە شەریکی خێری • دروست نیە قوربانیِ کردن بۆ مردو بێ‌ئەوەی کە خۆی وەصیەتی کردبێ • بەڵێ ئەگەر وەصیەتی کردبو بۆ قوربانیِ و ماڵی هەبو ، واجبە لە ماڵی ئەو مردوە قوربانیِ بۆ بکرێ • ئەگەر ماڵی نەبو ، یا ماڵی بو ، بەڵام کەسێك ویستی لە ماڵی خۆی قوربانیِ بۆ بکا ، ئەوە دروستە چونکە وەصیەتی کردوە • لەمصورەتەدا کە ئەوکەسە لە ماڵی خۆی قوربانیِ کرد بۆ مردوەکە ، دروست نیە خۆی لە گۆشتی قوربانییەکە بخوا ، یا بیدا بە دەوڵەمەند و بەوکەسانە کە نەفەقەیان لەسەر ئەم قوربانیِ کەرەیە • هەندێ لە عالمانی دین لایانوایە قوربانیِ کردن بۆ مردو دروستە با خۆیشی وەصیەتی

نەكردبێ • دروستە ئینسان بەپێی ئەم فەرمودەیە بجوڵێتەوە • هیچ شوبهە نیە لەوەدا كە دروستە ئینسان قوربانێ بكا بۆ خۆی و ، هەمو موسوڵمانانی زیندو و مردو لە خێرەكەیدا بكا بە شەریك • هەر لەسەر ئەساسی قوربانێكردن بۆ مردو بوە ئیمام (محمدی كوری اسحاق) مامۆستای شێخی (بخاری) خوایان لێ ڕازێ بێ قوربانییەكی زۆری كردوە بۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و خەتمی قورئانیشی بۆ كردوە • هەروەها عالمانی پێشو گەلێ قوربانێ و خەتمی قورئان و حەسەناتیان كردوە بۆ مردوی خۆیان و بۆ ئال و ئەصحابەی پێغەمبەر و موسوڵمانانی مردو • هیوا وایە ئەمانە هەمو قوبوڵ بن ، چونكە خوا لە پێغەمبەران ئەگێڕێتەوە كە داوای لێبوردنی گوناهی خۆیان و باوك و دایكیان و باقێ موسوڵمانانیان كردوە لە خوای تەعالا • هەروەها خوا تەعریفی ئەو موسوڵمانانە ئەكا كە دوعای عەفوی گوناە ئەكەن بۆ برا مردوەكانیان • ئەمە هەمو لەبابەتی ڕەحم و فەضڵی خودایە و ئایەتی «وانْ لیسَ للانسانِ الا ما سَعی» باسی ئیستیحقاقی شەرعێ ئینسان ئەكا لەسەر ئوسوڵی عەدالەت • خوای گەورە بە عەدالەت لەگەڵمان نەجوڵێتەوە ، بەڵكو بە چاوی فەضڵ و ڕەحمەتی خۆی تەماشامان بكا •

باسی ئەو حەیوان وباڵدارانەی گۆشتیان ئەخورێ

هەر حەیوانێ لەئاوا بژێ وەكو ماسێ ، گۆشتی حەلاڵە و سەربڕینی ناوێ ، خوا لەسەر صورەتی ماسێ بێ یا نە و زیندو بێ یا مردو ، هەر بەوشەرتە كە بۆگەنی نەكردبێ • هەر حەیوانێكیش كە هەر لە وشكیدا بژێ ، یا لە وشكێ و لە ئاویشا بژێ ، ئەوە یەكێكە لەم شەش جۆرە •

یەكەم ـ ئەوەی فەرمان دراوە بە كوشتنی وەك دوپشك و مار و قەلەباچكە و كۆلارە بە هەمو صنفێكیانەوە • ئەمانە حەرامن و گۆشتیان ناخورێ •

دوهەم ــ هەر گیانلەبەرێ کە بە قسەی دوکتۆری باوەڕپێکراو زەهری بێ ، ئەوانەش حەرامن و گۆشتیان ناخورێ •

سێهەم ــ هەرچی وردە جانەوەری زەوییە وەك قۆلانچە و پەپـولە و مێرولە و گلخۆرکە و کرم و تەتەڵەمـیران و زەردەواڵـە و هەنگمێـش • ئەمانەش هەمو صنفێکیان حەرامن •

چوارەم ــ هەرچی دانقولاپ (کەڵبە)ی بێ و هێزی شکاندنی نەچیری بێ وەك شێر و بەور و پڵەنگ و بەراز و گورگ و سەگ و چەقەڵ و پشیلە • ئەمانەش هەمویان بە هەر ڕەنگێ بن حەرامن و گوشتیان ناخۆرێ • هەروەها ورچ و مەیمون و کەرگەدەنگ و وێنەی ئەمانە •

پێنجەم ــ هەر باڵدارێ کە چنگی تیژ و نینۆکی قولاپی و دەنوکی لاری بێ و ڕاوی پەلەوەر بکا وەك باز و شاهێن و هەڵۆ •• ئەمـانەش حەرامن •

شەشەم ــ هەر حەیوانێ کە بەعادەت بۆ سواری بەکـاری بهێنن وەك هێستر و کەر و فیل و دوڕەگی ئەمـانە • ئەمـانەش هەمو حەرامـن و تەنها وشتر و ئەسپ و ماینیان لێ جوێ کراوەتەوە •

حەیوان و باڵـداری حەڵاڵ ئەوانەن کە لە قورئان و حـەدیثا وترابێ گۆشتیان حەڵاڵە ، یا عالمانی دین بە قیاس لەسەر حەیوان و باڵداری حەڵاڵ وتبێتیان حەڵاڵە و گۆشتی ئەخورێ وەك وشتر و گا و بزن و مەڕ چ ماڵی و چ کێوی • هەروەها کەمتیار و کەرەکێوی و ئاسك و کەروێشك و ڕێوی و دەڵەك و چالەکە و سمۆرە و ژیژك و کەڵەشێر و مریشك و عەلیشیش و قاز و قوڵەنگ و سۆنە و مراوی و پۆڕ و کەو و مێشەسی و ماسیگرە و ، هەرچی چینە بکا وەك کۆتر و قومری و بیبیسو بە هەمو جۆرەکانیانەوە و ، چۆلەکە بە هەمو تەرحێکیەوە و سوچەڕ و قەلەڕەشەی ناو کشتوکاڵ و ڕیشۆڵە و عەینەمەل ، ئەمانە هەمو حەڵاڵن •

هەر حەیوانێك و هەر باڵدارێك كە لە ئایەت و حەدیثا ناوی نەهاتبێ و زانایانی دینیش باسیان نەكردبێ ، حوكمی وەك ئەو حەیوان و باڵدارە وایە كە لە وێنەی خۆی بێ و ناوی هاتبێ یا باسی كرابێ • ئەگەر وێنەشی نەبۆ ئەوە ئەگەر كەسانی طەبیعەت بەرز و دەسڕۆیشتۆ بەباشیان ئەزانێ ، حەڵاڵە ، ئەگینا حەرامە • هەر حەیوانێك و هەر باڵدارێك كە پەیدا ببێ لە دۆجۆر یەكێكیان گۆشتی بخورێ و ئەویان گۆشتی نەخورێ ، ئەویش هەر حەرامە • مردارەوە بۆ حەرامە ، كوللە و ماسێ نەبێ • هەروەها هەر پارچەیەك كە لە حەیوانێكی زیندۆی حەڵاڵ جیاكرابێتەوە حەرامە • هەمۆ خوێنێكیش حەرامە مەگەر لەبەر ناچارێ وەك دەرمان یا ترسی گیان دەرچۆن •

شەرتی حەیوان سەربڕ و چۆنیەتێ حەیوان سەربڕین

شەرتی حەیوان سەربڕ ئەوەیە موسوڵمان بێ ، یا لەو (كتابی)یانە بێ كە ژن لێ خواستنیان حەڵاڵە وەك جۆلەكە و گاور بەوشەرتانە كە بەیانكراون • عالمە گەورەكان فەرمۆیانە جۆلەكە و گاوری ئەم زەمانە ئەو شەرتانەیان تیا نیە و خواردنی گۆشتی سەربڕاوی دەستی ئەوان حەڵاڵ نیە • كەواتە حەرامە خواردنی گۆشتی حەیوانێ كە بتپەرست و حەیوان پەرست و ئاگرپەرست و كەسێكی لە دین هەڵگەڕاو سەریان بڕیبێ •

لە موسوڵمانانا دروستە منداڵ و شێت و سەرخۆش و ژن حەیوان سەرببڕن ، بەڵام كەراهەتێ هەیە كوێر سەری ببڕێ •

حەیوانی حەڵاڵ دۆ بەشە • یەكەم : ئەوەیە لە بەردەستا بێ • دۆهەم : ئەوەیە لە بەردەستا نەبێ وەك حەیوانێ كە كەوتبێتە بیرەوە ، یا ڕای كردبێتە جێگەیەك كە دەستی ئینسانی پێنەگا • سەربڕینی بەشی یەكەم بەوە ئەبێ بە شتێكی تیژ ، غەیری نینۆك و ددان ، خوای چەقۆ بێ یا پارچە شۆشەیەك یا

بەردێکی تیژ یا قامیش و شتیوا ، هەمو قوڕقوڕاچکەی کە هەناسەی پیا دێت و ئەچێ و هەمو سوڕێچکەی کە ئاو و خواردەمەنی پیا دێت و ئەچێ ، ببڕرێن • ئەگەر یەکێك لەم دو شوێنە بەتەواوی نەبڕرا ، ئەوە حەیوانەکە مردار بوەتەوە • بەڵێ هەندێ لە عالمانی دین فەرمویانە ئەو گرێ خڕەش کە لە نزیکی بنیزمانەوەیە بەشێکە لە قوڕقوڕاچکە و ئەگەر حەیوان لەویایشا سەربڕرێ هەر دروستە وەك لە (تحفە)دا بەیان کراوە • شەرتی ئەو حەیوانە کە سەر ئەبڕرێ ئەوەیە لەکاتی سەربڕینیا گیانی تیابێ • جا ئەگەر حەیوانەکە نەخۆش بو هەر ئەوەندە پێویستە کە گیانی تیابێ • ئەگەر ساغیش بو ئەبێ گیانێکی جێگرتوی تیابێ کە نیشانەکەی ئەوەیە جموجوڵ و پەلەپەلێکی بەهێزی ببێ ، یا خوێنی بازرەقە ببەستێ ، یا لەکاتی سەربڕینیا دەنگ لە قوڕگیەوە بێت و خوێنەکەی بەعادەتی بێت و بڕوات : کەواتە دروستە سەربڕینی حەیوانێك کە گورگ سکی دڕیبێ ، هەرچەند ڕیخۆڵەشی دەرهاتبێ و لەوانەبێ لەپاش چەند دەقیقەیەکیتر بمرێ • دروستە لەکاتی سەربڕینا چەقۆ لەسەر ملی حەیوانەکە لابەیت و گورج بیخەیتەوە سەری ، بەڵام ئەگەر دەستی لە سەربڕین هەڵگرت تا حەیوانەکە سارد بوەوە ، ئەوجا چەقۆکەی نایەوە لە ملی و قوڕگی بڕی ، ئەوە حەرامە •

سوننەتە لەکاتی سەربڕینا گا و مەڕ و بزن ڕاکێشرێن ڕوەو قیبلە بەسەر لایچەپدا و پێی ڕاستیان بەرەڵڵا بکرێ • هەروەها سوننەتە ئەوکەسە کە حەیوانەکە سەرئەبڕێ چەقۆکەی تیژ بکا و پیشانی حەیوانەکەی نەدا و لەکاتی سەربڕینا (بسم الله الرحمن الرحيم) بکا • ئەگەر وشتری سەربڕی لە خوار قوڕقوڕاچکەیەوە چەقۆی لێ بنێ • بۆ گا و مەڕ و بزنیش لەسەر قوڕقوڕاچکەیان دایبنێ • بەڵێ باشوایە کەمێك بەلای لاشەکەیانەوە بێ بۆئەوە کە باش سەر ببڕرێن • هەروەها بۆ مریشك و پەلەوەر سوننەتە زمانیان دەرکێشێ و بیخاتە بەر دەنوکیان بۆئەوەی زمانیان نەگەڕێتەوە

دواوه و قوڕقوڕاچـکەیان دانـەپەڕێ ، کـە ئـەوەش ئەبێ بەهـۆی مرداربونەوەیان • کەواتە هەر حەیوانێك بە شەڕەقۆچ یا بە هەڵدێران یا بە کەوتنە ناوچاڵ مرد ، یا بەردێکی زلی پیا درا و مرد ، ئەوە مردار بوەتەوە و خواردنی حەرامە • هەروەها هەر پەلەوەرێك کە ملی هەڵبکێشرێ •

بەشی دوەهەم کە ئەوەیە لەبەردەسـتا نەبێ ، ئەوە لەجیاتی سەربڕینی ئەوەندە بەسە بریندار بکرێ بە شتێکی تیـژیوا کە ئەندامی ببڕێ ، خوا لەعاستی قوڕگیا بێ یا لە شوێنێکیتریا • کە لەپاش ئەم بریندار کردنە مرد ، وەك حەیوانی سەربڕاو وایە و گۆشتی حەڵاڵە ، لەبەرئەوە کە لەوە زیاتر مەیدان و مەجاڵ نیە • هەر لە حوکمی سەربڕیندایە ئەمە کە کەسێك بازێك یا سەگێکی تەعلیمدراوی ببێ و بینێرێتە سـەر نەچیرێکی وەك بزنەکێوێ و کەروێشك و کۆتر و شتیوا و بیگرێ ، بەوشەرتە کە ئەوەندە مەشقی کردبێ بە قسەی خاوەنەکەی بڕوا و بگەڕێتەوە و بوەستێ و ئینسان لەو باوەڕەدا بێ کە هەرگیز لە فەرمانی خاوەنەکەی دەرناچێ • کە نەچیرەکەشی گرت هیچی لێ نەخوا تا ئەیگەیەنێتە بەردەستی کابرای ڕاوچێ یا ئەو پێی ئەگات • جا ئەگەر ڕاوچییـەکە بەزیندوێتی پیـا گەیشت ئەبێ سەری ببـڕێ ، ئەگینا گرتنەکەی لە جێی سەربڕینەکەیەتی و خواردنی حەڵاڵە • ئەوەندە هەیە ئەگەر بە سەگ گیرابێ ئەبێ جێگەدەمی سەگەکە گلاو بکرێ •

حەرامە ڕاوکردن بە تفەنگ و گوللە چونکە حەیوانەکە ئەسوتێنێ و زیاتر وایە تا کابرای ڕاوچێ پێی ئەگا گیانی دەرئەچێ • هەروەها عەزابدانی گیانلەبەر بـە ئاگر دروست نیە • هەر نەچیرێك بە زەبـری گوللە مردبێ خواردنی حەرامە هەرچەند نوکی گوللەکەیش تیژ بێ ، چونکە تەنها بە تیژێ گوللەکە نەمردوە ، بەڵکو هێزی ئاگرەکەشی لەگەڵە ، بە دەلیلی ئەوە کە ئەگەر زمەیەکی تیژ بکەی بە سـەردڵی حەیوانێکا یا بە سەریا ئەوەندە زۆ نامرێ کە بە گوللە ئەمرێ • بەڵام ئەگەر ئەو نەچیرەی کە بە گوللە ڕاوکراوە

نەمرد تا ڕاوچییەکە گەیشتە سەری و سەری بڕێ ، ئەوە خواردنی حەڵاڵە ٠٠

(بزانن) هەرچێ بە تاقیکردنەوە یا بە قسەی دۆ دوکتۆری باوەڕ پێکراو زیانی ببێ بۆ لەشی ئینسان ، ئەوە خواردنی حەرامە وەك گڵ و خۆڵەمێش و دار و بەرد و گژوگیای زیانبەخش • هەروەها حەرامە خواردنی هەرچێ کە ئینسان گێژ و سەرخۆش بکا وەك بەنگ و تریاك و هەمۆ جۆرە عەرەقێك ٠٠ ئەوانەیان کە تەڕ بن پیسیشن • هەرچێ کە زیانی بۆ دین و گیان و نامۆس و عەقڵ و ماڵ ببێ حەرامە •

هەندێ بابەتی جیاجیا لەبارەی منالەوە

منالٚ کە لەدایكبۆ ، سوننەتە پاشئەوەی کە پێچرایەوە ، بانگ بدرێ بە گوێی ڕاستیا و قامەت بخوێنرێ بە گوێی چەپیا و سۆرەتی (قل هو الله) و (اِنا انزَلناهُ في لَيلةِ القَدْرِ) و ئایەتی (انّی اعیذُها بكَ وذُرِّیّتَها منَ الشیطانِ الرجیم) بەسەریا بخوێنرێتەوە ، خوای نێر بێ یا مێ • بەخورمایش یا بەشیرینییەکیتر مەلاشۆی شیرین بکرێ • لە ڕۆژی حەوتەمی لەدایكبۆنیشیا مۆی سەری بتاشرێ و بکێشرێ بە ئاڵتۆن یا بە زیودا و ئەو ئاڵتۆنە یا ئەو زیوە بدرێ بە فەقیر و هەژار و لەپاشا ناوێکی باشی لێ بنرێ • گەورەترین ناو ئەوەیە باسی بەندەیێ خوای تیابێ وەکو (عبدالله ، عبدالرحمن ، عبدالقادر) یا حەمد و ثەنای تیا بێ وەك (محمد ، احمد ، محمود) • هەر لەم ڕۆژی حەوتەمەیدا (عقیقە) حەوتمی بۆ بکرێ • حەوتم بریتییە لە دۆ مەڕ یا مەڕێك یا بزنێك کە لە ئاداب و شەرتا وەك حەیوانی قوربانێ وابێ • هەروەها دروستە بە حەوتیەکی وشترێك یا گایەك حەوتمی بۆبکرێ • سوننەتە ئەم حەیوانی حەوتمە بە کوڵاوێ بدرێ بە خەڵك و لەکاتی کوڵاندنەکەیا شیرینێ تێکەڵ بکەن و ئێسقانەکانی نەشکێنن • ڕاتێکیش لەو حەیوانی حەوتمە

بدرێ بەو ژنە یا ئەو ژنانە کە مامانیَ منالەکەیان کردوە • وەختی دروست بوٚنی ئەم حەوتمە لەرٚوٚژی لەدایك بوٚنیەوەیەتی تا کاتی بالغ بوٚنی • تا ئەو وەختە حەوتم لەسەر باوکە ، ئەگەر ئەو دەستی نەرٚوٚیشت لەسەر دایکە بەوشەرتە کە دەستی برٚوا •

ئەگەر منالێك حەوتمی بوٚ نەکرا و مرد ، سوننەتەکە نافەوتیَ و لەپاش مردنیش هەر سوننەتە بوٚی بکەن ، چونکە بەیانی صەبر و شوکری خوای تیایە کە لەپاش مردنیش ئەو خێرە نافەوتێنن • لە حەدیثی پیرٚوٚزا هەیە هەر منالیَ حەوتمی بوٚ بکریَ لە رٚوٚژی قیامەتا تکا ئەکا بوٚ باوك و دایکی و ئاویان بوٚ ئەهێنیَ • دروستە خاوەن مالٚ و منالٚ و میوان لەم گوٚشتی حەوتمە بخوٚن ، وەك لە قوربانیَ سوننەت ئەخوٚن •

ئەگەر منالەکە لەتوانایا بوٚ سوننەتە لە رٚوٚژی حەوتەمی پاش لەدایك بوٚنیا خەتەنەی بکەن • ئەگەر لاواز و بیَ تاقەتیش بوٚ ئەبیَ دوایبخەن تا خوٚی ئەگریَ • خەتەنەکردنی نێرینە واجبە و ئەبیَ ئەو چەرمەی کە وەك بەرگ وایە بەسەر ذەکەریەوە ببرٚن • هەروەها خەتەنە کردنی مێیینەش واجبە و ئەبیَ ئەو گوٚشتە زیادەیەی کە بەمبەر و ئەوبەری فەرجیەوە بەرزبوەتەوە ببرٚن • هەندیَ لە زانایانی ئایینیَ فەرموٚیانە خەتەنەکردنی ئافرەت سوننەتە • خەتەنەکردن پەیرٚەوێکە لە دینی حەزرەتی ئیبراهیمەوە بەجیَماوە و ئیسلامیش لەسەری رٚوٚیشتوە و یەکێکە لەو دە رٚەوشتەی کە حەزرەتی ئیبراهیم دایناون • ئەو رٚەوشتەکانیتریش ئەمانەن : لادانی موٚی سەر بەملاو بەولادا ، قرتاندنی موٚی سمێلٚ ، سیواك‌کردن ، ئاو رٚادان لە دەم و لوت ، نینوٚك‌کردن ، لابردنی موٚی بەر و بن‌بالٚ ، خوٚ پاك‌کردنەوە لە پیسیَ •

لەبارەی دەعوەت‌کردنەوە

سوننەتە چێشت لیَنان و بانگ‌کردنی موسولٚمانان لە چەند حالەتا •

یەکەم : لەدایكبوونی منداڵ • دووهەم : حەوتە بەسەرچوونی • سێهەم : خەتەنەکردنی کوڕ ، بەڵام بۆ خەتەنە کردنی کچ تەنها دەعوەت کردنی ژنان سوننەتە • چوارەم : تەواوکردنی خوێندنی قورئانی پیرۆز یا کتێبی دین • پێنجەم : هاتنەوە لە سەفەری دوور • شەشەم : ژن مارەکردن و بەشوودان • حەوتەم : گواستنەوەی ژن • هەشتەم تەواوکردنی کردنەوەی خانوو • نۆهەم : لەبەر دۆستایەتی ، یا بۆ ڕەزامەندیی خوای تەعالا •

هەرکەس بانگ‌کرا بۆ نان‌خواردن لە یەکێ لەم موناسەبەتانەدا سوننەتە بڕوا ، تەنها لە مەسەلەی ژن‌گواستنەوەدا نەبێ کە واجبە بە چەند شەرت • یەکەم : بانگ‌کەر و بانگ‌کراو موسوڵمان بن • ئەگەر بانگ‌کەرەکە کافر بێ ، یا بانگ‌کراوەکان کافریان تیا بێ ، ئەوە بۆ بانگ‌کراوی موسوڵمان نە واجبە و نەسوننەتە بڕوا بۆسەر ئەو دەعوەتە ، هەرچەند دروستە بەڵکو سوننەتە موسوڵمان دەعوەتی کافری (اهلی ذمّە) بکا ئەگەر ئومێدی ئەوەی بێ کە موسوڵمان ببێ یاخود دراوسێی بێ ، یا خزمایەتی لەگەڵیا هەبێ ، یا مەسڵەحەتێکی شەرعی لە بانگ‌کردنەکەیا بێ •

دووهەم : کابرای بانگ‌کەر تەصەڕوفی لەو خۆراکەدا دروست بێ ، بەمڕەنگە خاوەن ماڵ بێ و منداڵ و شێت و سەفیە نەبێ • سێهەم : ئەوەیە کابرا فاسقێکی‌وا نەبێ ئەم دەعوەتەی هەر بۆ شۆرەت و بەرچاوی بێ • چوارەم : ئەوەیە قوبووڵ‌کردنی ئەو دەعوەتە نەبێ بەهۆی شتێکی حەرام وەك خەلوەت کردن لەگەڵ ژنێکی نامەحرەم • پێنجەم : ئەوەیە دەعوەتەکەی گشتی بێ ، یەعنی تایبەتی نەبێ بۆ دەوڵەمەندان • شەشەم : ئەوەیە لە دەعوەتەکەدا ئەم بانگ‌کراوە دیاری کرابێ بە قسە یا بە ناردنی کاغەزێك یا پیاوێك یا منداڵێکی خاوەن تەمیزیی‌وا کە درۆی نەکردبێ لای ئەم شەخسە بەجۆرێ کە قەدر و ئیعتیباری فەوتابێ • حەوتەم : ئەوەیە پێشان کەسێکی‌تری‌وا بانگی نەکردبێ کە قوبووڵ‌کردنی دەعوەتەکەی پێویست

بێ • هەشتەم : ئەوەیە دەعوەتەکەی لەبەر ترس یا لەبەر مەبەستێکی ناشەرعی نەبێ • نۆهەم : ئەوەیە لەو مەجلیسەدا کەسێکی‌وا نەبێ کە ئەم شەخصە پێی ناڕەحەت ببێ ، یا هاوڕێیەتی کردنی شتێکی ناشیرین بێ • دەهەم : ئەوەیە لەو مەجلیسەدا ئیشێکی حەرام یا وەزعێکی حەرامی‌وا نەبێ کە بە ڕۆیشتنی ئەم لانەچێ • یازدەهەم : ئەوەیە کە دەعوەتی شایی ژن گواستنەوە لە ڕۆژی یەکەمدا بێ و دەعوەتی غەیری شایی یا ڕۆژی یەکەم یا ڕۆژی دۆهەم بێ • ئەگەر یەکێ لەم مانیعانە هەبوو ، نە قوبوڵی بۆ دەعوەتی ژن‌گواستنەوە واجبە و نە بۆ ئەم و شێوەکانی‌تر سوننەتە • لەصورەتێکیشا ئەم شەرتانە هاتنەدی ، ئەوە بەهۆی ڕۆژووەوە قەبوڵی دەعوەتەکە پەکی ناکەوێ ، بەڵکو بڕوا و هیچ نەخوا • بەڵێ ئەگەر شت نەخواردن لەسەر دڵی کابرای بانگ‌کەر گران بوو ، ئەوە شکاندنی ڕۆژووەکە خێری زۆرترە ئەگەر ڕۆژوی سوننەت بێ •

لەبارەی شایی و میوانییەوە

لە شایی ژن‌هێنان و خەتەنە سوڕانا دروستە ئینسان شەکر و نوقڵ و پارە و شتی‌وا هەڵدا بەسەر خەڵکا و چنینەوەیشی حەڵاڵە ، بەڵام تەرک‌کردنی باشترە • کەراهەتی هەیە کەسێك بە داوێن ئەو شتە بگرێتەوە کە هەڵئەدرێ بە ئاسمانا • بەڵام هەرکەس گرتیەوە ، یا شتێکی ڕاخست و هەڵدراوەکەی کەوتەسەر ، ئەبێ بە موڵکی • ئەگەر کەوتە کۆشی بێ‌ئەوەی خۆی کۆشی بۆ گرتبێتەوە ، نابێ بەماڵی ، بەڵام بۆ ئەم ڕەواترە لە یەکێکی‌تر • کەواتە ئەگەر کەسێك لە باوەشی هەڵگرت دروستە و حەڵاڵە بۆی • بەم پێیە ئەگەر ئەم کەسە هەڵسا و شتەکە لە کۆشی داکەوت و کەسێکی‌تر هەڵی‌گرت ، ئەبێ بە ماڵی ئەو •

دروستە بۆ کەسێك کە میوان بێ و نانی بۆ بهێنن ، بە بێ‌قسەی خاوەن‌ماڵ ئەو نانە بخوا ، مەگەر لەکاتێکا کە خاوەن‌ماڵەکە چاوەڕوانی

یەکێکی‌تر بێ ، ئەوە لەم‌کاتەدا ئەبێ ئەم میوانە خۆی بگرێ تا ئەوکەسەیش دێت ، یا خاوەن‌ماڵ ئیجازەی نان‌خواردنی بدا • دروست نیە میوان تەصەڕوف بکا لەو طەعامەدا کە دانراوە لە بەردەمیا بە غەیری خواردنی خۆی • کەواتە دروست نیە بەشی سواڵکەری لێ بدا ، یا لێی بکاتە بەردەمی پشیلە ، مەگەر لای‌وابێ خاوەن‌ماڵەکە ڕازییە • بەڵام دروستە بۆ میوان پارو بگرێ بۆ هاوڕێکانی ، مەگەر نەوعی خواردنەکان جیاجیا بن ، ئەوە لەوحاڵەدا بۆی دروست نیە • ئەگەر بیشزانێ خاوەن‌ماڵ ڕازییە ، هەر پێویستە عەدالەت و ئینسافی ببێ لەگەڵ برادەرەکانی و ئەوەندە هەڵبگرێ کە بەشی خۆیەتی ، یا برادەرەکانی پێی ڕازێ بن •

سوننەتە هەرکەس لە بەردەمی خۆیەوە بخوا ، مەگەر لە میوەدا ، ئەوە دروستە بە عادەت دەست بەرێ بۆ بەردەمی یەکێکی‌تر • حەرامە ئینسان بکەوێتە دوای میوانی خەڵك و بە بێ‌بانگ‌کردن بچێ بۆسەر دەعوەتی خەڵك، مەگەر دڵنیا بێ لەوە کە خاوەن‌ماڵەکە ڕازییە بە چونەکەی • هەروەها دروست نیە ئینسان شتی کەس بخوا یا تەصەڕوف لە کەم و زۆری ماڵی خەڵکا بکا مەگەر لەوباوەڕەدا بێ کەوا ئەو کەسە ڕازییە • حەرامە ئینسان بە بێ‌پرس بچێتە ماڵی خەڵکەوە مادەم لای وانەبێ ئەوکەسە ڕازییە • کەواتە ئەگەر ویستی بچێتە ماڵێکەوە ، ئەبێ لەپێشا بدا لە دەرگا و داوای ئیجازە بکا ، بەتایبەتی لەوکاتانەدا کە کاتی حەسانەوەی خێزانن •

لەبارەی مەجلیسی مەولودنامە و میعراج‌نامە خوێندنەوەوە

مەجلیس گرتن بۆ خوێندنەوەی مەولودنامە و میعراج‌نامە بە موناسەبەتی یادی لەدایك‌بونی حەزرەت صلی الله علیە وسلم و چونیەوە بۆ میعراج ، لە بیدعەتی حەسەنەیە • یەعنی سوننەت نیە و پاش زەمانی حەزرەت دامەزراوە بۆ یادکردنەوەی ئەوزاعی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم • جا ئەگەر ئەم

مەجلیسانە بەئەدەب بوّن و بیٚشەرعییان تیا نەبوّ وەك تیٚکەڵبوّنی ژن و پیاوی نامەحرەم ، ئەوە دروستە و خیٚری زۆرە ، بەتایبەتیٚ ئەگەر خواردەمەنیٚ تیابیٚ بۆ فەقیران • ئەمجۆرە مەجلیسانە تا بەئەدەبتر ڕاگیریٚن هیٚشتا کەمە • باشوایە لەو مەجلیسانەدا بەپیٚی ڕۆژ و وەزعی ئەوانەی کۆبوّنەتەوە ، قسە بکریٚ لەبارەی کردار و گوفتاری پیٚغەمبەرەوە صلی اللە علیە وسلم • ئەگەر چەند خەطیبیٚك هەڵسنەوە قسە بکەن ئەوە قازانجی زۆرترە لەوە کە هەموّ ساڵیٚك قسەکانی ساڵانی پیشوّ دوّبارە بکریٚنەوە • ئەمجۆرە مەجلیسانە فرسەتن بۆئەوەی قسەی باشیان تیا بکریٚ بۆ موسوڵمانان چ لەبارەی دین و چ لەبارەی مەسڵەحەتی دنیایٚ موسوڵمانانەوە •

لەبارەی چۆنیەتیٚ ڕاگرتنی لەش و جلوبەرگەوە

سوننەتە ئینسان ئەوەندەی پیٚویست بیٚ موّی سەری چەور بکا بۆئەوەی سەری بە پاکیٚ ڕابگریٚ • لەکاتی نوّستنیشا چاوی بە کل بڕیٚژیٚ و موّی سپیٚ سەر و ڕیشی بە ڕەنگیٚکی سوّر یا زەرد ڕەنگ بکا بۆ تازەبوّنەوەیان ، بەڵام حەرامە بە ڕەنگی ڕەش ڕەنگیان بکا مەگەر لەکاتی شەڕدا لەگەڵ دوژمنان ، ئەوە لەوکاتەدا دروستە • کەراهەتی هەیە تاشینی موّی ڕیش لەسەر فەرموّدەی ئیمامی غەزالیٚ و (شیخ الاسلام قاضی زکریـا) و (ابن حجر) لە (تحفـە)دا • لەسەر فەرموّدەی غەیری ئەمانیش حەرامە • بەڵام سوننەتە بەرسمیٚڵ کردن ئەوەندە کە سوّرایٚ لیٚوی پیاو بەتەواویٚ دەربکەویٚ • هەروەها دروستە قرتاندنی موّی سمیٚڵ ، هەتاوەکو ئەگەر ئەوەندەش کەمی بکاتەوە یەکیٚك وابزانیٚ تاشراوە • دروستە موّی سەر نەتاشیٚ و بەشی بکا بەملا و بەولای سەریا • دروستیشە بیتاشیٚ • حەزرەت صلی اللە علیە وسلم جار بە جار سەری تاشیوە و جار جاریش هیٚشتویەتیەوە • کەواتە تاشین و نەتاشین هەردوکیان سوننەتن • بەڵیٚ ئەگەر بەهۆی نەتاشینەوە ڕشك و مۆریان بداتە

سەری کەسێك و مەنعی تەڕبوونی بنی‌موەکان بکات لەکاتی خۆشۆردنا ، ئەوە واجبە چارەیەکی بکا خوا بە دەرمان یا بە تاشین ، ئەگینا غوسڵی دانامەزرێ و هەمیشە ئەو ئینسانە بە لەش‌پیسییەوە ئەمێنێتەوە و نوێژی دانامەزرێ •

سوننەتە ژن هەمو ئەسبابێکی جوانی و پاکی بەکاربهێنێ بۆ گیانی و بۆ جل‌وبەرگی و ، خەنە و وسمە و دەرمانی‌تر بەکاربهێنێ مەگەر لەکاتێکا کە مێردی مردبێ و هێشتا (عدّە)ی بەسەرنەچوبێ بە منداڵبون ئەگەر دوگیان بێ ، یا بە تێپەڕبونی چوار مانگ و دە شەو ئەگەر سکی خاڵی بێ • لەم‌ماوەیەدا هەمو ئەسبابێکی خۆ جوان‌کردن حەرامە بۆ ژن مەگەر لەبەر نەخۆشی و ناچاری •

واجبە هەمو ئینسانێکی باڵغ و عاقڵ تەماشای پاکی جل‌وبەرگ و لەش و نوێن و قاپ و قاچاغ و خواردەمەنی خۆی بکا و لە هەمو وەختێکا سەری ئاو و قاپی خواردەمەنی وا داپۆشێ کە پیس نەبن • زۆر قیمەتیش دابنێ بۆ ڕاگرتنی پاکی خۆی و ئیشێکی‌وا نەکا کە هاوڕێ و هاو کاسەی دڵیان لێی بیەشێت •

هەندێك ئادابی کۆمەڵایەتی

سوننەتێکی گەورەیە ئینسان هەمیشە ڕوخۆش و قسەخۆش بێ بەرامبەر بە خەڵك ، بەتایبەتی ئەگەر ئەو ئینسانە گەورەی کۆمەڵێك ، یا مامۆستای چەند قوتابییەك بێ ، بۆ ئەوە کە سودی زۆر بێ بۆیان و تەرێزی لێ نەکەن • هەروەها سوننەتە ئینسان قەدر و پایەی هەرکەس بەقەدەر خۆی ڕابگرێ و قسە لەگەڵ هەرکەس بەگوێرەی عەقڵی ئەو کەسە بکا و هەروەکو قسە ئەکا قسەیش وەربگرێ و دەمەقاڵە و موجادەلە نەکا هەرچەند حەقیش لای ئەم بێ • سوننەتە سەلام بکا لە گەورە و بچوك ، ناسراو و نەناسراو • سەلام‌کردن بۆیەك‌کەس سوننەتی عەینە و بۆ کۆمەڵ سوننەتی کیفایەیە • جوابدانەوەکەشی بۆ یەك‌کەس فەرزی عەینە و بۆ کۆمەڵێك فەرزی کیفایەیە ، هەرچەند

ئەوکەسەش کە سەلامەکە ئەکا کافری ئەهلی (ذمّه) بێ • جوابی سەلام پێویستە کەلیمەی (علیك)ەی تیابێ • سەلامکردن لە کافر سوننەت نیە ، هەروەها لە پیاوی خراپ ، مادەم ترسی فیتنەی ئەو پیاو خراپەمان نەبێ • سەلامکردن سوننەت نیە لە ژنی جوان ئەگەر بەتەنها بێ ، هەروا لە کەسێك لە نوێژا بێ ، یا خەریکی خواردن یا بانگدان یا قامەتکردن یا خوطبە خویندنەوە بێ • جوابیشیان واجب نیە • سوننەتە ئەوکەسە کە جواب ئەداتەوە جوابەکەی لە سەلامەکە جوانتر بێ ، یاخود ئەوەندەی ئەو بێ • هەروەها سوننەتە ئینسان کاتێك کە مەجلیسێك بەجێئەهێلێ سەلام لە دانیشتوەکان بکاتەوە •

سوننەتە لەکاتی بەیەك گەیشتن‌دا بچوك سەلام بکا لە گەورە و ، سوار لە پیادە و ، ڕێبوار لە ڕاوەستاو و دانیشتو و ڕاکشاو و ، کەم لە زۆر • پێچەوانەی ئەمانەش کەراهەتی نیە • ئەگەر یەکێ کەسێکی کرد بە وەکیل بۆ گەیاندنی سەلامێك و لەفظی سەلامەکەشی پێ وت و ئەویش قوبوڵی کرد، واجبە بیگەیەنێ • کابرای سەلام بۆ نێراویش واجبە جوابی بداتەوە و باشترین جوملەی جواب ئەوەیە کە بڵێ (علینا وعلیكَ وعلیهِ السلام) • هەرکاتێك کەسێك چوە شوێنێکی چۆڵەوە سوننەتە بڵێت (السلام علینا وعلی عبادِ الله الصالحین) و ، لەپاش هەستان لە مەجلیس سوننەتە بڵێت (سُبحانَ رَبِّكَ رَبِّ العزّةِ عما یصفونَ • وسلامٌ علی المرسَلینَ ، والحمدُ لله رَبِّ العالَمین)•

(الحمدلله) لێبوومەوە لە دانانی بەرگی یەکەمی کتێبی (شەریعەتی ئیسلام بەپێی پەیڕەوی ئیمامی شافیعی خوای لێ ڕازیێ بێ) لە عەصری ڕۆژی دوشەممە ڕێکەوتی ڕۆژی عەرەفە (٩ی ذی الحجة)ی ساڵی ١٣٧٨ی هیجری بەرامبەری ١٤ی حوزەیرانی ١٩٥٩ لە حوجرەی دەرس‌وتنەوەی خۆمدا لە تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوك • خوا یارمەتیم بدا بۆ تەواوکردنی بەرگەکانی‌تریشی بەنیازی خزمەت کردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و کۆمەڵی موسوڵمانان •

نــاواخن

لاپەڕە	بـــابەت
٨	صیفاتی زاتی خودا
١٠	چۆنیەتی صیفاتی خودا
١١	ئیمان بە (مەلائیکە) فریشتە
١٤	ئیمان بەو کتێبانە کە خوا ناردوونی بۆ پێغەمبەران
١٥	ئیمان بە پێغەمبەران
١٧	دین پێویستە
١٨	پێغەمبەران پیاوی بەرزی جیهانین
٢٠	موعجیزەی پێغەمبەران
٢٢	لە هەموو موعجیزەیەك گەورەتر موعجیزەی ئەخلاقە
٢٣	ئەو موسوڵمانانە کە پایەیان لە دنیادا بەرزە
٢٥	ئیمان بە ڕۆژی ئاخیرەت
٢٨	ئیمان بە قەزا و قەدەر
٣١	بەندی یەکەم : دوو کەلیمەی شەهادەت
٣١	بەندی دووهەم : نوێژ
٣٧	باسی ئەسبابی بێدەسنوێژی
٣٩	ئوسوڵی چوونە سەر ئــاو
٤١	باسی دەسنوێژ
٤٥	باسی دەسهێنان بە تەڕی بەسەر خوفدا لەباتی شۆردنی پێ
٤٦	باسی غوسڵ
٤٩	باسی ئەو شتانە کە پیسن
٥٢	باسی چاوپۆشی شەرع لە هەندێ پیسی
٥٦	باسی تیمم
٥٩	تیمم بە چی ئەکرێ ؟
٥٩	پێویستی تیمم
٦٢	ئەو نوێژانەی بە تیمم ئەکرێن ، کامەیان قەزای ئەوێ ؟
٦٣	باسی حەیز
٦٥	باسی بەشبەشی وەزعی ژنی حەیزدار
٧٢	زەیســانی
٧٥	باسی نوێژ
٧٩	نوێژ لەسەر کێ واجبە و لەسەر کێ واجب نیە ؟

لاپەڕە	بـــابەت
٨٠	باسی بانگ و قامەت
٨٤	باسی شەرتی نوێژ
٨٨	درێژەی باسی قیبلە
٩٢	باسی چۆنیەتی نوێژ
١١٠	ئەو شتانەی نوێژ بەتاڵ ئەکەنەوە
١١٣	سوجدەی سەهو
١١٩	سوجدەی تیلاوەت
١٢٠	سوجدەی شوکر
١٢١	باسی نوێژی جەماعەت
١٢٣	باسی صیفەتەکانی ئیمام (پێشنوێژ)
١٢٦	شەرتەکانی ئیقتیدا
١٣٠	شەرتەکانی ئیقتیدا بە ئیمام
١٣٢	هەندێ لە واجباتی مەئموم لە ئیقتیدادا
١٣٤	باسی بڕینی ئیقتیدا بە ئیمام
١٣٦	باسی کورتکردنەوەی نوێژ
١٣٧	شەرتەکانی کورتکردنەوەی نوێژ
١٤١	باسی کۆکردنەوەی دوو نوێژ لەکاتی یەکێکیانا
١٤٤	کۆکردنەوەی دوو نوێژ لەبەر بارشت و لەبەر نەخۆشی
١٤٥	باسی نوێژی جومعە
١٥٣	باسی هەندێ سونەتی جومعە لەگەڵ ئەو غوسلانە کە سونەتن
١٥٥	باسی گەیشتن بە نوێژی جومعەدا
١٥٩	باسی نوێژیترس
١٦٢	باسی نوێژنەکەر
١٦٣	باسی نوێژی سونەت
١٧٠	نوێژی تەراویح
١٧٢	باسی نوێژی جەژنەکان
١٧٣	باسی هەندێ لە ئادابی جەژن
١٧٥	باسی نوێژی ڕۆژ و مانگ گیران
١٧٧	باسی نوێژی داواکردنی باران بارین (نوێژە بارانە)
١٨٠	باسی وەزعی نەخۆش و شۆردنی مردوو
١٨٥	باسی کفن کردنی مردوو
١٨٧	نوێژی مردوو

لاپەڕە	بــابەت
١٩٣	باسی قەبر و ئادابی دفن
١٩٥	هەندێ لە ئادابی قەبر
١٩٦	باسی تەعزیە
١٩٨	زیارەتی قەبر
١٩٩	باسی زەکــات
٢٠٠	زەکاتی نەقد (ئاڵتوون و زیو)
٢٠١	زەکاتی کان (معدن)
٢٠٢	زەکاتی ئاڵتوون و زیوی شاراوەی کۆن
٢٠٣	زەکاتی ماڵی بازرگانی
٢٠٨	باسی زەکاتی حەیوان
٢١١	زەکاتی ڕەشەوڵاخ
٢١١	زەکاتی مەڕ و بزن
٢١٣	زەکاتی دەغڵودان و میوە
٢١٧	زەکاتی ماڵی موشتەرەك
٢١٨	باسی هەندێك لە ئادابی زەکات
٢٢٢	باسی زەکاتی فیطر (سەرفیترە)
٢٢٤	باسی زەکاتدان بەر لە واجببوونی
٢٢٥	باسی ئەوانەی موستەحەقی زەکاتن
٢٢٩	لەسەر چ ئەساسێ زەکات ئەدرێ بە خاوەنحەق ؟
٢٣١	باسی صەدەقەی سوننەت
٢٣٢	باسی ڕۆژوی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز
٢٣٥	ئەوشتانە کە ڕۆژو بەتاڵ ئەکەنەوە
٢٤٤	ئەوەی سوننەتە لە ڕۆژوی ڕەمەزانا و ئادابی شەوەکانی
٢٤٦	باسی فیدیە و کەفارەتی ڕۆژو
٢٤٨	باسی کەفارەتی جیماع لە ڕەمەزانا
٢٥٠	باسی ڕۆژوی سوننەت
٢٥٢	باسی ئیعتیکاف
٢٥٥	ئیعتیکاف بە چی بەتاڵ ئەبێتەوە ؟
٢٥٦	باسی حەج و عەمرە
٢٥٩	باسی حەجی زیندوی پەككەوتو
٢٦٠	ئەرکانی حەج و عەمرە
٢٦٢	چۆنیەتی نییەتهێنان بۆ ئیحرام
٢٦٤	ئەوشتانەی حەرامن بۆ ئەوکەسەی لە ئیحرامدا بێ

لاپەڕە	بـــابەت
٢٦٩	واجبـــاتی حەج
٢٦٩	حەج و عەمرە بە چەند جۆر ئەکرێن ؟
٢٧١	باسی چۆنە ناو شاری مەککەی موکەڕڕەمە
٢٧٢	باسی دەرچوّن لە مەککە بۆ خاکی عەرەفات
٢٧٥	باسی دەرچوّن لە (عرفات)ەوە بۆ (مزدلفە)
٢٧٧	طەوافی فەرز
٢٨٠	باسی (سعی) لەبەینی صەفا و مەروەدا
٢٨١	ڕۆیشتن بۆ (منی)
٢٨٣	زیارەتی ناو خانوی کەعبەی شەریفە
٢٨٣	زیارەتی مەرقەدی حەزرەت صلی الله علیە وسلم
٢٨٥	باسی مەنع کردنی حەج و عەمرەکەر لە حەج و عەمرە و باسی فەوتانی حەج و عەمرە
٢٨٨	باسی قوربانی
٢٩٣	باسی ئەو حەیوان و باڵدارانەی گۆشتیان ئەخورێ
٢٩٥	شەرتی حەیوان سەربڕ و چۆنیەتی حەیوان سەربڕین
٢٩٨	هەندێ بابەتی جیاجیا لەبارەی مناڵەوە
٢٩٩	لەبارەی دەعوەت کردنەوە
٣٠١	لەبارەی شایی و میوانییەوە
٣٠٢	لەبارەی مەجلیسی مەولوودنامە و میعراجنامە خوێندنەوەوە
٣٠٣	لەبارەی چۆنیەتی ڕاگرتنی لەش و جلوبەرگەوە
٣٠٤	هەندێك ئادابی کۆمەڵایەتی

سەرچاوەکانی ئەم کتێبە

(١) تحفة المحتاج ، في شرح المنهاج ، لابن حجر الهيتمي
(٢) فتح الوهاب ، في شرح منهج الطلاب ، للقاضي زكريا الانصاري
(٣) حاشية الشيخ سليمان الجمل على شرح المنهج
(٤) الحواشي المدنية ، للشيخ سليمان الكردي المدني
(٥) اعانة الطالبين ، للشيخ ابي بكر شطا البكري
(٦) بغية الطالبين ، لمفتي الديار الحضرمية

هەرکەس شوبهە لە بابەتێکی ئەم کتێبە بکا ، بگەڕێتەوە سەر ئەم کتێبانەی ناومان نوسیون . جا ئەگەر هەڵەیەکی ئێمەی بۆ دەرکەوت ، ئاگادارمان بکا و لێمان ببوڕێ ، چونکە کەس لە سەهو خاڵی نیە .

ڕاست‌کردنه‌وه‌ی هه‌ڵه‌کانی چاپ

هه‌ڵه‌کان	لاپه‌ڕه	دێڕ	ڕاست‌کردنه‌وه‌یان
ئازه‌ۆی	٢٤	٢٢	ئاره‌زۆی
لابچێ	٦١	٩	لانه‌چێ
قه‌رز	٢٥١	٢٣	فه‌رز
ـــــ	٢٩٠	نێوان ١٨ و ١٩	وشترێك و مه‌ڕێك خێری زۆرتره له

٤٠٠٠ دانه لەم کتێبە لەچاپدراوە

لە کتێبخانەی نیشتمانیدا
ژمارە ١٣٢٣ی ساڵی ١٩٧٦ی دراوەتێ